بەشی یەکـەم

* سوپای ئیسلام تەقە لە سنووری کوردستان دەدات
* ســـــەرەتای ڕووداوەکان
* جەنگی جەلـــــەولا
* هەڵوێستی سوپای ئیسلام
* ڕزگارکردنی خانەقین و حەلوان و قەسری شیرین لە دەست فارس

ســوپای ئیسلام تــەقــە لە سنووری کوردستان دەدات

سەرەتای ڕووداوەکان:

کە سوپای ئیسلام تەقە لە دەرگای سنووری هەرێمی چیا (کوردستان) دەدات، ئەوەی کە بە دەم دەرگاوە دێت کورد نیە. هەرچەند کورد لە ماڵەوەیە. بەڵکو ئەوەی دەرگا دەکاتەوە سوپای فارسە، کە بە زۆر و زۆرداری و، بەبێ پرس و مۆڵەت ماڵی کوردی داگیر کردوە.

مێژوو لە نێوان کورد و ئیسلام دا هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەکی تۆمار نەکردوە، کە سوپای ئیسلام دەگەنە جەلەولا (گولاڵە) و، لەو جەنگەدا سەردەکەون، نوێنەری خەڵکی شارەزوور دەگەنە جەلەولا و ڕێکەوتنێك مۆر دەکەن. ئەو کاتە کوردستان خاڵی کرا بوو لە سەربازی فارسی و، هەموو کێش کرابویەوە بۆ بەرەی جەنگی جەلەولا و حلوان و خانەقین، کورد ئەو فرسەتە دەقۆسنەوە، بە نهێنی لەگەڵ سوپای ئازادی بەخشی ئیسلامیدا ڕێك کەوتن.

پێشتر بینیمان – لە کتێبی پێش فتوحات–دا کە چۆن عەرەبی باشوری عێراق دەچن بەگژ ئیسلامدا و جاسوسی بۆ فارس دەکەن و یارمەتیان دەدەن، ئەوە بوو بە خەسارەتێکی گەورە بۆ خۆیان و فارس و موسوڵمانان. بەڵام دواتر دەبینی کە کورد لە یەك جێدا فارس بانگ ناکەن و، جاسوسیان بۆ ناکەن و، هانیان نادەن لە دژی ئیسلام، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سێ کاری گرنگ دەکەن کە هیچ میللەتێکی تر لەسەر زەوی وای نەکردوە.

جەنگی جەلەولا (گولاڵە)

لە بەشەکانی پێشوی ئەم کتێبە باسی کەوتنەڕێی سوپای ئیسلام لە مەدینەی پایتەختی ئیسلام بۆ (مەدائن) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانی کرا. دوای گیرانی(مەدائن) ئەوە بوو (یەزدگورد) پاشای فارس، (کۆشکی سپی) ناو مەدائنی جێهێشت و، خۆی گەیاندە (حەلوان) لەناو هەرێمی چیا (کوردستان)دا، شاری حەلوانی کردە پایتەخت کە دووسەد کیلۆمەتر لە باکوری مەدائنەوە دوور بوو، ئەلسەعالیبی دەڵێت:

(یەزد گورد هەزاران چێشتکەر و گۆرانی بێژوو مۆسیقاژەن و نوکتەباز و ولاخ داری نارد بۆ حەلوان، بە سواری چوار هەزار ئەسپ و عەرەبانەی شاهنشاهی.)[1].

شیت خەتاب دەڵێت: (گەنجینە و سامان و ژن و دەستە و دائیرە و ماقوڵانی گواستەوە بۆ حەلوان[2])[3] .

دەسکەوتی موسوڵمانەکان لە مدائن (12) هەزار ماین و، ئەمبارێکی زۆر لە ئاڵتون و مجەوهەرات و چەك و

---

[1]. غرر سیر ملوك الفرس – ابومنصور الثعالیبي – باریس /1900.

[2]. حەلوان: ناوچەیەکی ستراتیجیە دەڕوانێ بەسەر هەموو دەشتی عێراق دا، دەکەوێتە نێوان هەرێمی عەرەبی عێراق و، هەرێمی چیا (کوردستان)ەوە. شاری حلوان سێ هەزار ساڵ پێش زاین لە سەردەمی کاسیەکاندا هەبوە، دەکەوێتە داوێنی چیای زاگرۆس، لە لای سەروی ڕوباری سیروان (دیالە)وە. حەلوان ناوەکەی کوردی پەتیە و لە بنەڕەتا (هەڵمان) بووە، کە لەگەڵ (هەڵاوان) هەر یەك واتایان هەیە و لەوێوە پەیدا بوە، ئەم شوێنە لە چاو چیای سەربەرزی زاگرۆس دا گەرمیانە و کانیاوە گەڕاوە گۆگردیەکانی زستانان هەڵم و هاڵاویان لێ هەڵ دەستێ، شوێنەواری کۆنی شارەکە نزیك سەرپێلی زەهاوی ئێستەیە و (ابن حوقل و یاقوتی حەمەوی) ئەم ڕایە پشتیوانی دەکەن و نووسیویانە: (حەلەوان شارێکە بە لاپاڵی چیاوە، بەسەر عێراق دا دەڕوانێ و لە نەخشەدا سەر بە عێراقە، لە کۆندا کە ئەوترا (الجبل) مەبەست لە چیای زاگرۆس بوو بە هەموو لق و پەلەکانیەوە، هەر لە ئەسفەهانەوە هەتا هەکاری و هەر لە دەماوەند و ئەلبورزەوە هەتا زنجیرە چیاکانی بەمۆ و سەگرمە و قەرەداغ و پیرەمەگرون. حەلوان بەر لە ئیسلام ناوەندی ئوستانی شاد فەیروز هەرێمی چیا (الجبل) بوە، کە لەم ناوچە و شارانە پێك هاتبوو (حەلوان – فەیرو قوباد –

تفاقێکی زۆر بوو. هەتا گیرانی مەدائن موسوڵمانەکان ئەو هەموو ساڵە نوێژی سەفەریان دەکرد – قەسرو جەمع – (سەعد کوڕی ئەبی وەقاس) سەرکردەی سوپای ئیسلام لە عێراق، نیەتی ئیقامە و نیشتەجێ بوونی لە مەدائن هێنا و، یەکەم نوێژی جومعەی بۆ کردن لە مانگی سەفەری ساڵی 16ی کۆچی دا. عومەر نامەی نووسی کە ئیتر مەڕۆن ئەوەندەمان بەسە، دەقی نامەکە (ان قف مکانك ولا تطلبوا غیر ذلك.)[4] هەر بۆیە سەعد نیەتی ئیقامەی هێنا بەڵام یەزگورد نەیهێشت و خۆی ساز دەدایەوە.

گیرانی مەدائن هەموو هیوایەکی یەزدگوردی بڕی. پەیوەندی بە هەرێمەکانی ترەوە بڕا. خۆی لە حەلوان نیشتەجێ بوو، داوای لە هەموو هێزەکانی کرد لە شاری جەلەولا کۆببنەوە، چونکە جەلەولا چوارڕیانی ڕێگەی هاتوچۆ بوو بۆ هەرێمەکان. ئەلکوفی دەڵێت: (هەشتا هەزار لە فارسەکان لە جەلەولا کۆبونەوە، نیەتیان هێنا بچن بەرەو سەعد کوڕی ئەبی وەقاس لە مدائن – واتە بۆ گرتنەوەی مدائن – ئەم هەواڵە گەیەنرا بە سەعد، سەعد سەرکردەکانی کۆکردەوەو راوێژی پێ کردن، هەندێ وتیان با بچین بۆیان. سەعد وتی منیش حەز دەکەم، بەڵام سەربازم کەمە، ئەوان زۆرن و من لە ئێوە دەترسێم. یەکیان وتی: ئەی سەعد مەترسە. ئەوەی دوێنێ سەری خستین بەسەریاندا هەر ئەوە ئەمڕۆش سەرمان دەخات. ئێمە دەزانین ئەگەر خوا کوژرانی لەسەر یەکێك نووسی بێ هەر دەبێ ببێ. وە ئەگەر مردنی (سەرجێگە)ی لەسەر کەسێك نووسی بێ هەر وا ئەڕوات. ئێمەش گومانمان لەوە نیە کە کوژران لە پێناو خوادا باشترە لە مردنی سەرجێگە، کەواتە مژدە بۆ ئەوانەی کە لە پێناوی خوادا دەکوژرێن، تەنها پاداشتی خوایشیان بەسە.)[5].

موسڵمانەکان هێشتا لە مەدائن نەحەوابونەوە، کە هەواڵ هات، سوپایەکی زۆری فارس لە جەلەولا کۆبونەتەوە بە سەرکردایەتی (مەهرانی رازی) (مەهران داد) (مەهرانی کوڕی یەزد گورد).

(یەزدگورد)، حەلوانی شاری کوردی کردە پایتەخت و شەڕی ئاڵاندە (جەلەولا) شارێکی تری کورد. یەزدگورد دەیویست لە حەلوانەوە دیفاع لە خۆی و پاشماوەی وڵاتەکەی بکات. نەخشەی شەڕ لە وڵاتی کوردانەوە لەبەر دوو هۆ بوو:

یەکەم: چونکە کوردستان (هەرێمی چیا) قەڵایەکی شاخاوی سەخت و چڕو قایم و پەناگەیەکی بەهێز بوو خۆی تیا حەشار بدات. هەروەکو (دارا) پاشای کۆنی ئێران کە لە ساڵی(332)ی پێش زایینداا لەبەردەم (ئەسکەندەری مەکدۆنی) پاشای رۆم دا شکا، خۆی ئاڵاندە کوردستان.[6]

دووەم: یەزدگورد دەیویست کورد ناچار بکات پشتی بگرن و داکۆکی لە خاکی داگیرکراویان بکەن و، بە گژی موسوڵماناندا بچن. یەزدگورد دەیزانی ئەگەر کورد لەسەر رایەك یەك بگرن و کۆببنەوە، هیچ هێزێك نیە بەریان بگرێت. عومەریش ئەوەی دەزانی، هەر بۆیە بە سەعدی وت لە حەلوانەوە نەچێتە ناو هەرێمی چیا. یەزدگورد بەو کارە دەیویست سوپای ئیسلام رابکێشێتە ناو کوردستان و گیانی دیفاع لە خاك و لە کوردیان تیا ببزوێنێ و خوێن بۆ خاکیان بڕێژن. یەزدگورد دەیزانی کوردەکان زۆر بە دڵ پشتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ناگرن، دەیویست لەو ڕێگەیەوە بیان جوڵێنێ. یەزدگورد دەیویست وەك عەرەبی لە دەست چوو، کوردی لە دەست نەچێت! بەڵام لەوە دەچێت کورد لە پێش یەزدگوردەوە لەو هاوکێشەیە حاڵی بوو بن! دۆست و دوژمنی خۆیان

کوهستان – تامەرا – شاریل – خانەقین). ساڵی 16ی کۆچی کە یەزدگورد لە مدائن رای کرد حەلوانی کردە پایتەخت، پاشان بەرەو هەرێمی سپاهان (ئەسفەهان) رای کرد.

[3]. الفتوح – للعلامة ابن محمد احمد بن اعثم الکوفي – المتوفی سنة 314هـ، ج2. ص272 – بیروت 1968.

[4]. رسائل الفاروق، عمر بن الخطاب: عبداللطیف اسماعیل الجبوري– ص79، رسالة رقم (106)، بغداد 1989.

[5]. الفتوح: للعلامة ابن محمد احمد بن اعثم الکوفي – المتوفی سنة 314هـ، ج2. ص272 – بیروت 1968.

[6]. شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی: پلوتارك. ل33، راپەڕین/ 1973 سلێمانی.

جویَ کردبێتەوە! خاکی کوردان زۆر و فراوانە، خۆشیان گەلێکی کۆن و قەرەباڵغن، هەزار ساڵ بوو دەکرانە فارس و رۆم و ئەرمەن و تورك، دەگوازرانەوە و راپێچیان دەکردن. بە زۆر مەجوسی و ئاگرپەرستی و ئاینی گاوریان بەسەردا دەسەپاندن. لە شەڕی هەزار ساڵەی فارس و رۆم دا پسا بوون، خەسارەتێکی قورسیان دا بوو. مەیدانی جەنگەکە کوردستان بوو، کورد هەمیشە چاوی لە پەیدابوونی هێزی سێیەم بووە، کە پەیدا ببێ و ئەو دوو زلهێزە بێ وێنە جیهانیەیان لەسەر لا بەرێ، ئەوەتا سێهەمێکی ئازا و پاك و دادپەروەر پەیدا بوە، هەڵیان سەنگاندوە، دەرکەوتوە کە دەتوانێ ریش سپێتی بکات و، لە گۆڕی فارس و رۆم بێت. کورد شتی بینی بوو، بۆیە نیەتی هێنا پەیوەندی بە ئیسلامەوە بکات، فارس و رۆمی بینی بوو، ئیسلامیشی هەڵسەنگاند بوو! یەزدگورد دەیەوێت شەڕەکە بئاڵێنێتە کوردستان، قوڵایی هەرێمی فارس و ئیمپراتۆریەتە شپرزەبوەکەی پێ بپارێزێ. دەیەوێ شەڕ لە ماڵی کەسێکی تردا بکات. بەم کارە چەند مەبەستێکی پێ دەپێکێت، دەیەوێ وەك پشیلەی سوتاو (کلکە نەوتینە)، خۆی لە وڵاتی کوردان و، هەرێمی چیا بئاڵێنێت. نوێنەرانی فارس و رۆم بە بەردەوامی لە هات وچۆدا بوون لە نێوان قوستەنتنیەو مەدائنی کۆن، قوستەنتنیەو حلوانی تازەدا، بۆ راگۆڕینەوە و پرس وڕا لەسەر رووداوەکانی ناو عێراق. پێشتر لە جەنگی(ئەلفیراز)دا [7]، بینیمان کە چۆن فارس و رۆم و عەرەبە لادەرەکان لە یەك بەرەی جەنگیدا بەرامبەر بە موسوڵمانەکان شکستیان خوارد، لە رێکەوتنێکی نێوان فارس و رۆم دا بڕیاردرا کە فارسەکان هەموو هێزەکانیان لەسەر سنووری رۆم بکێشننەوە بۆ بەرەی جەنگی جەلەولا و خانەقین. لەسەر ئەو رێکەوتنە فارسەکان کوردستان و ئەرمینیایان لە هێزەکان خاڵی کردەوە بۆ بەردەم بەرەی جەنگی موسوڵمانەکان[8] .

جێی سەیرە. ئەو فارس و رۆمەی کە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو لە جەنگدا بوون، وازیان هێنا و بەرامبەر ئیسلام بوون بە یەك.

یەزدگورد دەیویست بە پەلە هێزێکی زۆر کۆ بکاتەوە و بەری موسوڵمانەکانی پێ بگرێت، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری رەشبگیر (نەفیری عام)ی دەرکرد. لە گۆڤاری (العربي) دا هاتووە: (. یەزدگورد نەفیری عامی دەرکرد بۆ هەموو ناوچەکان، کە هەرچی دەستی چەك دەگرێ لە – جەلەولا – ئامادە بێ)[9] (رۆژبەیانی) دەڵێت: (یەزدگورد دەستوری بە هێزەکانی هەرێمی چیا کوردستان و ئازربایجان و شیروان – کەلار و گەرمیان و بەدرە و جەسان – دا کە بچنە کۆمەك و یارمەتی مەهران)[10]

یەزدگورد پاشای فارس (مەهرانی کوڕی) کە بە (مەهران رازی) یان (مەهران داد) ناسرا بوو، کرد بە سەرکردەی هێزێك و ناردنی بۆ شاری جەلەولا و، داوای لێ کردن کە خەندەقێکی گەورە هەڵکەنن و خۆیان لە ناویدا قایم بکەن.

ئیبن ئەسیر دەڵێت: (پاشای فارس نامەی نووسی بۆ خەڵکی ئازربایجان و باب[11] و هەرێمی چیا کوردستان[12] و هەرێمی فارس[13]، داوای لێ کردن کە دەمەودەست بێن بەدەم بانگەوازەوە و لەبەردەم لەشکری

---

7. لە مەدینەوە بۆ مدائن: حسن محمود حمە کریم. ل42. سلێمانی. 1997/4.
8. شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی – ل44.
9. مجلة (العربي) الکویتي: العدد 264 – یزدجرد الثالث – احمد عادل کمال. ص149. 1980.
10. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری: محمد جمیل رۆژبەیانی. ل154 – دارالحریة 1996.
11. باب: مەبەست وڵاتی تورکمنستانە لە پشتی (باب الابواب)ەوە کە ناسراوە بە(دەربەند).
12. هەرێمی چیا لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە سێ هەرێم پێك هاتبوو کە ئەمانەن:
(هەرێمی چیا، هەرێمی جزیرە، هەرێمی شارەزوور)

عەرەبەکان بوەستن. ئەگەر ناکۆك بن و خۆتان بە جیا بزانن و گوێ رایەڵ نەبن، ئیتر ئاوا کۆنابنەوە، ئێستە ئەو کاتەیە کە دەیانەوێت جیامان بکەنەوە و لە یەکمان بپچڕن، خێرا کەن، هەر هەموتان کۆ ببنەوە بۆ دژایەتی عەرەب، ئەگەر سەرکەوتین، ئەوە ئەوەیە کە دڵمان پێی خۆشە و هەوڵمان بۆ داوە، ئەگەر واش نەبوو، ئەوا کاری سەرشانمان ئەنجام داوە، نکوڵیمان نەکردوە، عوزرمان لەسەر نامێنێ).

پاشایەك، کاتی خۆی گوێی بۆ رۆستەمی سەرکردەی نەدەگرت، ئەمرۆ لەبەردەم میللەتدا دەپاڕێتەوە کە بێن بە دەمیەوەو، بە تەنها جێی نەهێڵن. ئەوە لە نامە و بڕیاری کەسێك دەچێت کە لە ناخدا رووخاو و لەسەر زەوی واقعدا شکاو بێت.

هەر کەس بە دەمیەوە دێت، رەوانەی جەلەولای دەکات. سەد هەزار سەربازی جۆراوجۆر لەو خەندەقەدا کۆبویەوە. وەك لە نامەکەیدا بۆ (مەهران)ی سەرکردەی بەرەی جەلەولا هاتووە: (چاڵێك لێ بدەن و هەر هەموتانی تیا کۆ ببنەوە بە سەرکردایەتی مەهران رازی.) تەنانەت زۆر لە کوڕ و کوڕەزا و کچانی کسراکان بەشداری ئەو شەڕەیان کرد، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران و پاراستنی وڵاتی لە دەست چویان. داوا دەکات کە زریسکی دڕکاوی ئاسن و تەل لە تەختە ببەستن و دەوری خۆیانی پێ بگرن و لە رێگەی عەرەبەکاندا بڵاوی بکەنەوە. تەنها یەك رێگەی هاتووچۆیان لە پشتەوە بۆ خۆیان هێشتبویەوە. ژمارەیان لە سەد هەزار گوزەراند، یەزدگورد بە بەردەوام لە حەلوانەوە پارە و خواردن و سەرباز و زریسك و چەکی دەنارد بۆ بەرەی جەلەولا. لە کوردستانەوە دەنگێکی یاریدەدەر هەبوو بۆ هەڵهاتنی کوردەکان لە سوپای فارس، لە شاخە سەختەکانی کوردستاندا راکردوویەکی زۆر کۆبووبویەوە.

کارل بروکلمان دەڵێت: (کە مەدائن گیرا فارسەکان خۆیان کێشایەوە بۆ حەلوان و، لاپاڵی زنجیرە چیای شاهۆ. یەزدگورد پارچە پارچەی سوپاکەی کۆکردەوەو گوڕی تێخستنەوە و لەشکری تازەی بۆ هێنان. وردە وردە پێشی خستن بۆ دۆڵی روباری جەلەولا کە دەڕژێتە ناو روباری دجلە لە باکوری مەدائن. ئەم سوپایە خۆی دامەزراند لە لێواری لای راستی روباری دیالە، لە لای رۆژهەڵاتی ئەو گەروەی کە شاخی حەمرین دەبڕێت، لەسەرە رێی کاروانی کۆنی نێوان عێراق و ئێران.)[14]، بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)

یەزدگورد جەلەولای زۆر قایم کرد، چونکە سنوور بوو لە نێوان ناوچەی کورد و عەرەب دا، لە نێوان هەرێمی چیا و سەواد دا، ئەگەر لە جەلەولا بشکێن، ئەوا خانەقین و حەلوان هەر زوو چۆڵ بوەو، عەرەبی لە دەست چوە، ئیتر سنوریان نامێنێ بە ناوچەی عەرەبەوە بۆ یارمەتی. بە پێچەوانەشەوە عومەر دەیویست لە جەلەولاش راویان بنێن، هەتا دەستیان لە عەرەبەکانی ناوچەی سەواد (رەشەخاك)ی باشوری عێراق ببڕێ و کوردیشیان لێ بسێنن، ئەم دوو میللەتە(کورد و عەرەب) لە بەهێزترین پاڵپشتی ساسانیەکان بوون.

خزری بەگ دەڵێت: (کۆتایی فارسەکان بە جەلەولا هات، جەلەولا چوارڕیانە بۆ ئازربایجان و باب و شاخ و فارس، تیامان و دۆش دامان، وتیان ئەگەر ناجۆر بین، جارێکی تر ناتوانین لە دەوری یەك کۆببینەوە، جەلەولا جێیەکە، جێی جیاوازیمانە، با لێرەدا یەکبگرین بۆ عەرەب، خەندەقەکەیان دەوردا بە دڕکی حسك کە لە تەختەیان بەستبوو، وەك تەلی‌دڕکاوی)[15]، (یەزدگورد دەستوری بە هێزەکانی دا بگەنە مەهران.)[16] (هێشتا

---

[13]. هەرێمی فارس: ئەوسا هەرێمی فارس کەمترین روبەری هەبوو لە حەوت هەرێمەکەی کە ئیمپراتۆریەتی ساسانی لێ دروست بووو بوو، دەکەوتە بەشی خوارووی لە لێوارەکانی کەنداوی عومان. بەڵام لە ماوەی هەزار ساڵ حوکمڕانی ساسانی دا توانیان هەرێمەکە فراوان بکەن و زۆر لە خاکی هەرێمی چیا(کوردستان) بە زۆر دابڕن و بیخەنەسەر هەرێمی فارس، دەنا سنوری کوردستان پێش ساسانی هەتا تاران و خوار ئەصفەهان درێژ بوویویەوە !.

[14]. تأريخ الشعوب الاسلامية: کارل بروکلمان – ج1 ص116. بيروت 1948 ط1.

[15]. تأريخ الامم الاسلامية: محمد خضرى بەگ – ج1–2. ص215. 1969 مصر.

موسوڵمانەکان لە مەدائن دانەمەزرا بوون، هەواڵ هات کە سوپای فارس لە جەلەولا سەنگەریان گرتوە، جەلەولا جێیەکە لە سەر روباری دیالە لە نێوان خانەقین و بەعقوبەدا[17]) خەتاب دەڵێت: (جەلەولا شارێکە لەسەر رێگەی خۆراسان لە باکوری مەدائن.)[18]

(یەزدگورد پاش ئەوەی ماڵ و خێزانی خۆی و هەموو گەنجینەی وڵاتی و سوکباری بەرێخست، سواری تەختەرِوانێکی زەمبیل ئاسا بوو، کۆشکی سپی جێ هێشت، بە سوارە و پیاو ماقوڵانەوە روی کردە حەلوان، یەکێ لە فەرماندەکانی کەناوی مهران کوری بەهرام بوو، بە سوپایێکی پر چەکەوە لە جەلەولای بەجێ هێشت و دەستوری بە هێزەکانی چیاو ئازەربایجان و شیروان دا، بچنە کۆمەك و یاریدەی مەهران. سوپای ئیسلام زوو بەرەو نەهرەوان جولاَ، لەو ناوەدا سوکە بەرەنگاریی روی داوە، فارسەکان لە جەلەولا بنەوبار و ماڵ و منداڵەکانیشیان بەرەو خانەقین خستەرِێ)[19].

هەڵوێستی سوپای ئیسلام

سەعد سەرکردەی سوپای عێراق، لە مەدائنەوە نامەی نووسی بۆ عومەر کە سوپایەکی زۆری فارس لە جەلەولا کۆبونەتەوە. عومەر ترسا ئەوە خۆئامادەکردن بێت بۆ گرتنەوەی مەدائن. بۆیە نامەیەکی خێرای بۆ سەعد نووسی کە بە پەلە (هاشم کوری عوتبە کوری ئەبی وەقاسی برازای بە 12هەزار چەکدارەوە بۆ جەلەولا رەوانە بکات)[20]، ئەلکوفی دەڵێت: (لە جەلەولا موسوڵمانەکان ژمارەیان بوو بە 24 هەزار کەس)[21]. عومەر لە نامەکەدا نەخشەی هێرشەکەی ئاوا دارێژا بوو، (لە پێشەوە قەعقاع دابنێ، لە لای راستەوە موسەعید کوری مالیك، لای چەپ بدە بە عەمری کوری عوتبە، لە پاشەوە عەمری کوری مورەی جەهنی)[22].

سوپای ئیسلام بەرەو جەلەولا کەوتەرِێ لە مانگی سەفەری ساڵی 16ی کۆچی، بەرامبەر مانگی مارسی ساڵی 637زاینی. لەناو سوپاکەدا ناودارانی مهاجر و ئەنصار و پیاوماقوڵانی عەرەبی تیا بوو. لە رێگە لەگەڵ هەندێ خێڵ و عەشیرەتی ناوچەکەدا رێکەوتنیان مۆر کرد (رەنگە وەفد و نوێنەری کوردەکان کە (ئەمین زەکی) باسی دەکات لەم کاتەدا بە موسوڵمانەکان گەیشتبن و رێك کەوتبن!، بەردەوام سەعد یارمەتی بۆ دەناردن.

---

16. فتوح البلدان: البلاذری – ص63–65.

17. معجم البلدان: ج3. ص129.

18. قادة فتح العراق والجزيرة: ص325.

19. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری: محمد جمیل رۆژبەیانی، ل155.

20. الاصابة في تميز الصحابة: ج6، ص275، القاهرة، 1325هـ

(هاشم) ناوی (ئەبو عەمرو هاشم کوری عوتبەی کوری ئەبی وقاص)ە لە بەنی زەهریە، کوری برای سەعدی کوری ئەبی وەقاصە، رۆژی فەتحی مەککە موسوڵمان بوو، لە غەزای (حنين) و (هەڵگەراوەکان)دا بەشداری کرد، لەگەڵ خالید چوو بۆ عێراق و شام و لە هەموو جەنگەکاندا بەشداری کرد، یەکێك بوو لەوانەی کە خالید هەڵی بژارد لەگەڵی بچێت بۆ شام، یەکێك بوو لەو (سەد) فیدائیەی کە خالید بۆ کارێکی گرنگ و تایبەت هەڵی بژارد بۆ جەنگی(یەرموك)، هەر لەو جەنگەدا چاوێکی لە دەست دا و بوو بە سەرکردەی هێزی پیادە، پاشان گەرِایەوە عێراق و لە جەنگی قادسیەدا بەشدار بوو، دوای جەنگی جەلەولاو حلوان هاشم گەرِایەوە بۆ (کوفە) و لەگەڵ مامی مایەوە و لە بەرِێوەبردنی ئیش و کارو سەربازیدا یارمەتی دەدا، عومەر سەعدی لابرد ساڵی (20)ی کۆچی، دوای عومەر (عوسمان) لە ساڵی(24)ی کۆچی دا سەعدی گێرِایەوە بۆ ئەمیری کاروباری کوفە، دوبارە هاشم یارمەتی دایەوە هەتا عوسمان ساڵی(26)ی کۆچی لای برد. هاشم دەستی نەبوو لە جەنگ و فیتنەکانی سەردەمی عوسمان و عەلی دا. بەڵام کە عوسمان شەهید بوو هاشم بوو بە سەرکردەی هێزی پیادەی (عەلی) لە جەنگی (صفين) دا. هەتا(هاشم و عەماری کوری یاسر) بە یەك رۆژ لە جەنگی صفین دا شەهیدبوون، ساڵی 27ی کۆچی. الاستعاب، ج4 ص1547.

21. الفتوح – ابن اعثم، ج2ص272. بیروت 1968.

22. رسائل الفاروق عمر: عبدالطيف اسماعيل الجبوري، ص91، رسالة عدد1990/143 " کتێبێکە 435 نامەی تیایە.

سوپای ئیسلام بەرەو (نەهرەوان) جولا، لەو ناوەدا سوکە بەرەنگاریەك روی داوە، پاشان هێزێکی تریشی بۆ ناردن بە فەرماندەیی (جریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجلی). سەعد سێ هەزار کەسی تریشی لە هێزەکانی خۆی بۆ نارد.[23]

هاشم بە ڕێی (بابل مهروز) دا رۆیشت، کوێخای (مەهروز) پێشوازی لێ کرد، بە ئاشتی و رێکەوتن کە لە یەك نەدەن[24].

یەزدگورد هێزی زۆری لە جەلەولا کۆکردەوە، مەبەستی ئەوە بوو، روگەی سوپای ئیسلام لەسەر حەلوان و ناوچە فارسیەکان لا بدەن و، رویان بکەنە ناوچە کوردیەکان. سوپای ئیسلام گەیشتە جەلەولا، هەشتا رۆژ گەمارۆیان دا، فارسەکان هەر کات بیان ویستایە دەهاتنەدەرەوە بۆ موسوڵمانەکان و گاڵتەیان دەکرد و ئاهەنگی بێزارکردنیان دەگێڕا. هەندێ جار پەلاماریان دەدا و دەگەڕانەوە خەنەقەکانیان. لە هێرشێکی کتوپڕدا فارسەکان لە چاڵ هاتنە دەرەوەو رژانە ناو موسوڵمانەکان و، شەڕێکی سەخت روی دا، بەردەوام لە حەلوان و مەدائنەوە یارمەتی بۆ هەردوولا دەهات. هاشم چوە جێیەکی بەرزو وتارێکی ئاگرینی دا. دەیگوت: (ابلوا في الله بلاءً حسناً يتم عليكم الاجر والمغنم، واعملوا لله.)[25] جەنگێکی وا کرا مەگەر شەوی (هەریر) شتی وا کرا بێت، کە توندترین کاتەکانی جەنگی قادسیە بوو! موسوڵمانەکان خۆیان لەو تێك هەڵپرژانە رزگار کرد و دوو هێرشی توندیان کردە سەر فارسەکان. قەعقاع خۆی جوێ کردەوەو لە دوی فێڵێکی جەنگی دەگەڕا. فارسەکان شپرزە بوون و لە هەردولا زیانی گەورە کەوت، لەم نرکەو ناڵەیەدا قەعقاع توانی بەهێزە تایبەتیەکەیەوە لە پشتەوە دزە بکاتە ناو ئەو رێگەیەی کە دەچووە ناو خەنەقەکە لە ماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەر لایەکی خەندەقەکەدا گرت. پاشان هاواری کرد (يا معشر المسلمين هذا اميركم قد دخل الخندق و اخذ به، فأقبلوا اليه، ولا يمنعكم من بينكم و بينه من دخوله.) مەبەست گیرانی(هاشم) بوو، کە بەو جۆرەش نەبوو، ئەمە هەر بۆ تاودانی موسوڵمانەکان بوو بۆ تۆڵەسەندنەوە. جەنگ تەواو گەرم بوو، هەموو ناو خەندەقەکە گیرا و فارسێکی یەکجار زۆر کوژرا. لاشە ناوچە و خەنەق و شوراکانی داپۆشی بوو، لەبەرئەوە ناونرا جەلەولا. زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەوەن کە جگە لە کەمێك، کەسیان دەرنەچوو. ئەوانیش بەرەو خانەقین رایان کرد. ئەو فێڵەی قەعقاع نەبوایە (الحرب خدعة) خەریك بوو موسوڵمانەکان ورە بەر بدەن و وەك جەنگی (جسر)یان بەسەر بێت، هاشم داوای لە قەعقاع کرد دوایان بکەوێت. ئەویش راوی نان و خانەقینیشی پێوە ئازاد کرد[26].

خزری بەگ دەڵێت: کە فارسەکان زانیان توانای خۆاگرییان نیە و لەسەریان توند بوە، راست و چەپیان دروست کردو بە فێڵێك جەلەولایان جێهێشت و بە پەلە پرۆزە و شکاویەوە کشانەوە[27]. تەواوی میحوەری دۆڵی دیالە پاك کرایەوە.

لەو جەنگەدا (مەهران)ی سەرکردە کوژرا، کە پشت و پەنای یەزدگورد بوو[28]، زۆر لە دەست و پێوەندی پاشا و خزمانی کسراکان کوژرابوون. کچی یەکێك لە کسراکان (شابانوی کچی یەزدگورد) بە دیل گیرا[29]. ئەم سەرکەوتنە لە مانگی (زیلقەعدە)ی ساڵی 16ی کۆچی بوو.

---

23. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری: محمد جمیل رۆژبەیانی، ل155.
24. تأريخ الامم والملوك (تأريخ الطبري): الامام الطبري، ج3، ص133.
25. قادة فتح العراق والجزيرة، ص325.
26. تأريخ الامم الاسلامية: محمد خضری بەگ. ص214.
27. مجلة العربي الكويتي: العدد264. ص150، احمد عادل كمال.
28. تأريخ الاسلام: حسن ابراهيم حسن، ج1، ص221.

دوای گرتنی جەلەولا (هاشم) سوپایەکی سوارەی خستە تەك (جریر)[30] کە لە نێوان سوپای ئیسلام و فارسەکان دا بوەستێ و ماوەی هەڵمەتی دوژمن نەدات. دوای جەلەولاش سەعد جریری کوڕی عەبدوڵڵا ی بەجلی نارد بۆ یاریدەی و دەستوری پێدا کە هێڵێك دروست بکات لە نێوان سوپای ئیسلام و فارسەکان دا بوەستێ و وەك شورای پۆلا بێخ و ریشە داکوتێ. لە نامەیەکی عومەر بۆ سەعد دەفەرموێ: (ان فتح الله علیکم جلولاء، فسرح القةعقاع بن عمروا فی اثار القوم حتی ینزل بحلوان فیکون رداً للمسلمین و لیحرز الله لکم سوادکم)[31] .

رزگارکردنی خانەقین و حەلوان و قەسری شیرین لە دەست فارس

نێوانی جەلەولا و حەلوان نزیکەی سەد کیلۆمەتر دەبوو، هەر کە هەواڵی شکانی فارس و کوژرانی مەهران گەیشتە یەزدگورد، بێ ئەوەی بە دیار هێزە شکاوەکەیەوە بوەستێ تا دەگاتە لای، هەڵهات، نەی توانی بە رێگەی تەختانیدا بڕوات کەچی هەڵزنا بە شاخی کوردستاندا. تەبەری دەڵێت: (خۆی خزانە شاخ). بەلاّم ئیبن ئەعسەم دەڵێت: (هەڵهات بەرەو نەهاوەند)[32] .ئیبن ئەسیر دەڵێت: (یەزدگورد لە حەلوانەوە هەڵهات بەرەو شاری رەی)[33] پێغەمبەر دەفەرموێ: (خوا پێنج شتی داوە بە من و میللەتەکەم کە بە هیچ پێغەمبەرێکی تری نەداوە هەموو زەویم بۆ کراوەتە مزگەوت. خوا بەوە سەری خستوم کە مانگێك رێگە لە دوژمنەوە دوربم، ئەو دەترسێ و دەتۆقێ.[34]

(ئارسەر کرستنسن) دەڵێت: (فارس راهێنانی زۆریان دەکرد لەسەر تیر هاویشتن لە کاتی هەڵهاتن دا، چونکە فارسەکان لە کاتی شەڕدا چەند سەعاتێك زیاتر خۆیان نەدەگرت)[35]

وتەی مێژوونووسەکان راستە، ئەگەر سەیری نەخشەی پێشوو بکەیت (یەزدگورد)، رای کردووە بەرەو شاخ، پاشان چوەتە (رەی)، لەوێوە بۆ هەمەدان و نەهاوەند و ئەصفهان. بۆ کۆکردنەوەی هێزو سەربازە هەلاّتووەکان و دامەزراندنیان لە نەهاوەند. بە شاخدا رای کرد، هەر بۆیە زۆربەی شتی بۆ نەڕۆیشت و لە حلوان جێما و کەوتە دەست سوپای ئیسلام. هەروەك پێشتر لە مەدائینیش جێیهێشت.

هەر مێژوونووسێك رایەکی هەیە لەسەر بەرە و کوێ راکردنی یەزگورد، بەلاّم هەموویان لە کۆتایدا لە جەنگی نەهاوەندا یەك دەگرنەوەو هەموویان راست دەکەن، چونکە بە شارەکاندا گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی سوپا و

---

[29].فتوح الشام: الواقيدي، ج1 ص120.

[30]. (جریر کوڕی عەبدوڵلا کوڕی جابر) لە (بەنی ئەنماری بەجلی) ساڵی (نۆ)ی کۆچی موسوڵمان بوو واتە ساڵی(الوفود)، پێغەمبەر زۆری خۆش دەویست، ناردی بۆ روخاندنی بتی (ذي الخلصة) لە نێوان مەککە و یەمەندا، بە (150)کەسەوە چوون و بتەکەیان شکاند و خانوەکەیان سوتاند، لە سەردەمی ئەبوبەکردا بەشداری جەنگی هەڵگەڕاوەکانی کرد، پاشان لەگەڵ خالید چوو بۆ عێراق، پاشان بۆ شام. بەشداری جەنگی حیرە و الجسرو البويب و ساباط و ذیقارو قادسیەو مدائن و جەلەولا و حلوان و ئەسفەهان و قرمسین خوزستان و نەهاوەند و هەمەدانی کرد. پاشان لە کوفە نیشتە جێ بوو، عوسمان کردی بە والی (قرقیسیا) هەتا عوسمان مرد.عەلی بە وەفد ناردی بۆ لای معاویە کە گوێ رایەڵی عەلی بکات، معاویە گوێی بۆ گرت بەلاّم بە گوێی نەکرد، بەلاّم ئیمامی عەلی و کۆمەڵەکەی سەفیریەکەی جریریان بە دڵ نەبوو، عاجزیان کرد، ئەویش چویەوە بۆ (قرقیسیا)و اعتزالی کرد، بەلاّم خێڵی بەجلی هەموویان لەگەڵ عەلی بوون، هەتا ساڵی (51)ی کۆچی (671)ی زاینی وەفاتی کرد. جارێك جریر هات بۆ لای عومەر بە وانەی دەوری وت: (اذا اتاکم کریم قوم فاکرموه) اسد الغابة، ج1 ص279 یان لە جێیەکی تردا پێی وت: (ما زلت شريفا في الجاهلية والاسلام) شذرات الذهب، ج1 ص58.

[31]. طبري، ج4 ص185. رسائل الفاروق، عبداللطيف الجبوري، ص87.

[32]. الفتوح: ابن الاعثم، ج1، ص279.

[33]. الكامل في التأريخ: ابن الاثير، ج2، ص145 – بيروت 1989، حققه على شيري، ماجستير في التأريخ الاسلامي.

[34]. حديث نبوي:

[35].ايران في عهد الساسانيين: آرثر كرستنسن، ترجمة: يحى خشاب، ص90 – بيروت 1982.

راکێشانی بیروڕای خەڵکی بەلای خۆی دا. یەکێك لە فەرماندەکانی تری سوپای عەجەم لە جەلەولا (خورەزادی) برای رۆستەمی وەزیری جەنگی پێشووی فارسی بوو کە لە جەنگی قادسیە کوژرا. هاشم (جریری کوڕی عەبدوڵلای بەجلی) بەهێزێکی زۆرەوە لە جەلەولا بەجێ هێشت کە ببێتە پارێزەری سنوور لە نێوان خۆیان و سوپای عەجەم دا، قەعقاعی کوڕی عەمریش لەولاوە کەوتە دوای دوژمن تا گەیشتنە خانەقین، هەرچی هێزێکی پەرتەوازەی فارس هەبوو لەو ناوەدا لەناوی بردن و خانەقینی بە ئاشتی گرت. پاشان هاشم، (جریری) لە جەلەولا بانگ کردو کردی بە سەرداری خانەقین. خۆیان کەوتنەڕێ بۆ حەلوان، ئەوێشی بەبێ شەڕ گرت[36].

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: (ئەنجا موسوڵمانەکان کەوتنەڕێ بەرەو خانەقین. کە فارسەکان بەمەیان زانی بەرەو دوا کشانەوەو شاریان جێ هێشت و چونە قەسری شیرین. لەوێش نەوەستان هەتا حەلوان. یەزدگورد حەلوانی بەجێ هێشتبوو، (مەنوچەر کوڕی هورمزان)ی لە جێی خۆی دانا بوو، یەزدگورد خۆی گەیاندە شاری (رەی). بەلام هەندێ لە ولاخ و بار و کەل وپەل و خەزێنەکانی نارده هەمەدان. هەر ئەو رۆژە موسوڵمانەکان چونە خانەقین بەبێ شەڕ، پاشان چونە قەسری شیرین بەبێ شەڕ، ئەنجا داوایان لە سەعد کرد رێگەیان بدات بچنە حەلوان و بیکەنە بنکەی جێنشین و بارەگای گشتییان، ئەو کاتە کە نامەکە هات سەعد نەخۆش بوو، درەنگ وەلامی دانەوە، سەربازەکان بێ تاقەت بوون، چونکە گەرم بوو بوون لە شەڕ و سەرکەوتن، پاشان داوای لێ کردن بچنە حەلوان. موسڵمانەکان رەخنەیان گرت لە سەعد بۆ دواخستنی وەلامەکە، یەکێکیان شیعرێکی پیا هەڵداوە کە ئەمە دوو بەیتێتی:

أما بال سعد خام عن نصر جيشه　　قد جئت يا سعد ابن زهرة منكراً

وأقسم بالله العلى مكـــــــــــــــانه　　لـــو ان المثنى كان حيا لا حمـــرا

ئەو شیعرە گەیشتەوە بە سەعد، بەو نەخۆشیەوە هەڵساو کەوتەڕێ گەیشتە قەسری شیرین کە موسوڵمانەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ حەلوان. کە ئەم هەواڵە گەیشتە (مەنوچەر)، خۆی نەگرت حەلوانی چۆڵکردو گەڕایەوە هەتا گەیشتە لای یەزدگورد، سوپای ئیسلام بێ شەڕ چووە حەلوان[37]

قەعقاع پەلەی کرد گەیشتە حەلوان، خۆی تیا دامەزراند، چونکە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگی سەربازی بوو، حەلوان گەرویەك بوو کەوتبوە نێوانی ناوچەی شاخ و رەشەخاك، نێوانی چیاکانی کوردستان و دەشتەکانی عەرەبستان، نێوان کورد وعەرەب. قەلاکانی حەلوانی کردە بنکە و خێرا مزگەوتێکی تێدا دروست کرد، کە مەبەست مانەوەو دامەزراندن و بەردەوامی دانە بە هێرش[38] ، حەلوان نزیکی (سەرپێلی زەهاو)ە بە لاپاڵی چیاوە بەسەر عێراق دا دەڕوانێت.[39]

حەلوان واتە پارێزگەری پێدەشت. (رۆژبەیانی) دەڵێت: (حەلوان پارێزەری سنووری پێ دەشت بوو.)[40] قەعقاع لە حەلوان مایەوە هەتا سەعد بە داوای عومەر چوو بۆ کوفە، قەعقاع ناوچەکەی دامەزراند و دەسکەوتە زۆرەکانی کۆکردەوە، پاشان قەعقاع چوو بۆ لای سەعد بۆ کوفە و کەسێکی تری بەسەر حەلوانەوە دانا.

لە حەلوان ئاڵتون و زێڕ و ماین و کەلوپەلێکی زۆر جێما بوو کۆیان کردەوە، (خمس)یان لێ نارد بۆ مەدینە، کە عومەر ئەوەی بینی گریا، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف وتی: بۆچی دەگریت، ئەمە سوپاس گوزاری خوای دەوێت. عومەر وتی ئەوە نامگرێنێت، بەڵکو غەمی ئەوەمە هەر کات خوا لەمەی دابێ بە هەر گەلێك، تووشی

---

[36]. بروانە: خانەقین لە مێژوودا: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە18–19، ل341، بغداد.

[37]. كتاب الفتوح: للعلامة ابي محمد احمد بن اعثم الكوفي، ج1، ص280. بيروت 1968.

[38]. تأريخ الشعوب الاسلامية: كارل بروكلمان، ط7،ص98. بيروت 1977.

[39]. معجم البلدان: ج5، ص290.

[40]. مێژووی حەسنەویە و عەیاری: محمد جميل رۆژبەیانی، ل149.

دوژمنایەتی و حەسەد و رق و کینە بوون. ماوەیەك ئەو شتانەی بەند کرد دابەشی نەکرد و نەیخستنە بەیتولمال. رازی نەبوو کەس پارچەیەك زەوی سەواد بفرۆشێ، (جریر) پارچەیەك زەوی قەراغ فوراتی کڕی، عومەر رازی نەبوو.[41]

ئەنجا سەعد نامەی سەرکەوتنی (جەلەولا و خانقین و قەسری شیرین و حەلوان) ی نارد بۆ عومەر. داوای لە عومەر کرد کە رازی ببێت سوپای ئیسلام بنێرنە ناوەوەی ولاتی فارس.(لە نامەکەدا هاتبوو کە جەلەولا گیراوە، قەعقاع لە حلوان دابەزیوە، رێگەمان بدە با دوایان بکەوین)[42] .

کە فارس لە جەلەولا دەشکێن، یەزدگورد لە حەلوانەوە دەتۆقێ و بە شاخدا بەرەو شاری (رەی) هەڵدێت، کەژاوەیەکی لەسەر پشتی حوشتر کە پێشتر بۆی ئامادە کرابوو سواری بوو، هێندە پەلەی راکردن و دوورکەوتنەوەی دەبێت، نایەڵێ لە هیچ جێیەك لابدەن و لە رێگا هەر دەخەوێت، گەیشتنە جۆگەیەك، دەبوو حوشترەکە باز بدات، ترسان یەزدگورد راچڵەکێ و بتۆقێ، خەبەریان کردەوە، ئەویش پیایاندا هەڵشاخاو تورە بوو، وتی: خراپتان کرد هەڵتان ساندم، ئەگەر لێم بگەڕانایە دەمزانی موسوڵمانەکان چەند ساڵ لە ولاتمان دا دەمێننەوە. لە خەودا بینیم من و محمد لە خودا دەپاڕاینەوە، خودا بە محمدی فەرموو: موڵکداری سەد ساڵی ئەمانە بکە، محمد وتی: کەمە بۆم زیاد بکە. بۆی کرد بە سەدو بیست ساڵ، محمد وتی: کەمە و خەبەرتان کردمەوە، ئەگەر هەڵتان نەساندمایە، دەمزانی ماوەی مانەوەی ئەمانە لە ولاتی ئێمە چەندە دەبێ؟ یەزدگورد لە چنگیسوپای ئیسلام رای دەکرد، حەلوانی جێهێشت و (خوسرەو شنوم)ی خستە جێی خۆی و، سەرکردەی سەربازی ناوچەی حەلوانی دایە.[43]

بەلازەری دەڵێت: (هاشم هەڵی کوتایە سەر حەلوان و بە ئاشتی گرتی. یەزدگورد لە نەهاوەند نەشاوەر یش خۆی نەگرت و هەڵهات بۆ ئەسفەهان. هاشم جریر و عزرە ی لە جێی خۆی دانا لە حەلوان، خۆی شالاوی بردەسەر دینەوەر و لەوێوە چوو بۆ قرماسین –کرماشان و بە ئاشتی رێك کەوتن[44] . جەریریش چوو بۆ شەڕی ئەهواز و ئەسفەهان و عوزرەی لە جێی خۆی دانا لە حەلوان). رۆژبەیانی دەڵێت: (وا دیارە کوردەکان کە لە ستەمی ساسانی بە تەنگ هاتبوون، ئەوان بوون بە رێ نومای سوپای ئیسلام و، شەڕیان بۆ شاهەنشاهی نەکردوە، هەموو شارەکانیان هەر بەبێ شەڕ و بە ئاشتی داوە بە دەستەوە).

لە جێیەکی تردا دەڵێت: (لێرەدا دەبێ ئەوە دیاری بکەین، یەکەم: سوپای ساسانی بە بێ یارمەتی هێزی کورد هەرگیز توانای شەڕیان نەبووە و، لە هەر کوێ کوردەکان بە ئاشتی لەگەڵ هێزە موسوڵمانەکان رێك کەوتون، فارسەکان خۆیان بۆی دەرچوون)، وەکو دەبینی کە زەینەبی کوژراوە خوسرەو شنومی فارسی بە سوپاکەیەوە هەڵهاتوە، وا دیارە هەندێ لە کوردەکان هاوکاریان لەگەڵ سوپای ئیسلام کردووە، ئەوەتا سەعد کوردێکی قوباد ناو دائەنێ بە سەرداری حەلوان لە باتی قەعقاع، هەروەها کە دلێری کوردی حەلوان زەینەبی کوژراوە، شوێنەکەی بوەتە زیارەت گاە و ناوەکەی گۆڕاوە بە زەینەڵە کۆسە " لەم دواییەدا بەعسیەکان ئەویشیان تەعریب کرد و ناویان نا(زەین لقەوس)[45] .

---

[41]. قادة العراق والجزيرة: ص341.

[42]. رسائل الفاروق عمر: ص82، نامەی ژمارە (114).

[43]. مجلة العربي الكويتي: العدد264، ص153، (الباشس يزدجورد)، احمد عادل كمال، سنة1980.

[44]. فتوح البلدان: بلاذری، ص111.

[45]. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری، ل156–157.

یەزدگورد لە حەلوان رای کرد، فەرماندەیەکی فارسی لە جێی خۆی دانا بە ناوی (خوسرەو شنوم) بۆ بەرەنگاری سوپای ئیسلام، ئەویش راوەستا هەتا یەزدگورد دوورکەوتەوە، پاشان نوخشەجار (زەینەبی) کوێخای حەلوانی بە سوپاوە ناردە دەرەوەی شاری حەلوان، بۆ پێش گرتنی موسوڵمانان، خۆیشی لە پشتی شارەوە لە شاخەکان چاودێری سوپای ئیسلامی دەکرد. زەینەبی ئەم جەنگەی بە دڵ نەبوو، فارس خۆیان ڕا بکەن و کورد بچێتە بەردەم شەڕەوە، زەینەبی مەیلی لەگەڵ موسوڵمانەکان و ئەو کوردانەدا هەبوو کە لەگەڵ سوپای ئیسلام دا بوون. لەولاشەوە لە ترسی خوسرەوشنوم نەیدەوێرا بڕیارێکی ئازایانە بدات و بگەڕێتەوە دواوە، بە تایبەت خوسرەوشنوم خەڵکەکەی بە زۆر و بە خۆشی هان دا بوو شار چۆڵ بکەن و ماڵ و منداڵەکانیان لە شاخەکان بشارنەوە، چونکە هەستی بەوە کردبوو کە زەینەبی دڵی لەگەڵ موسوڵمان و کوردەکانی پاڵ موسوڵمانانن، خوسرەو شنوم بەوە ترساندبونی کە سوپای ئیسلام دڕندەیە و چەکدار و بێ چەك ناناسێ!، زەینەبیش ترسی خێزانی خۆی و کەسوکاری کوردەکانی شاری بوو، ناچار بووە بچێتە ئەو شەڕە نا بە دڵەوە، لە کەمترین بەرەنگاری‌دا خۆی و سوپاکەی تیا چوون و سوپای ئیسلام هاتنە حەلوان. کوردەکانی ناوچەکە و موسوڵمانەکانیش بەو رووداوە دڵگیر بوون، شەڕەکە کۆتایی نەهاتبوو کە خوسرەوشنوم هەڵهات و هەتا لای یەزدگورد نەوەستا. قەعقاع لە حەلوان مایەوە هەتا سەعد گەیشت، سەعد کوردێکی بەناوی (قوباد) بەسەر حەلوانەوە دانا و لەگەڵ خەڵکە هەڵهاتووەکەی رێك کەوتن کە سەروماڵیان پارێزراوە و ناردیان بە شوێن هەڵهاتووەکانیان دا و هەر هەموویان گەڕانەوە، کە خوسرەو شنوم ترساندبوونی. کوردەکان زانیان فارس بە کوشتیان دەدەن بۆ خۆیان، ئەوەندەی تر دڵیان لە فارس کرمێ بوو، دەبوایە زەینەڵ کۆسە وای بە خۆی و هاوڕێکانی نەکردایە و لە هەڵێك دا بیدایەتە پاڵ موسوڵمانەکان، هەرچەندە ترسی خاو وخێزانی بووبێت.

ئەم خۆپەرستیەی فارس کاری زۆری لە کوردەکان کرد، کە زیاتر بچن بە دەم داوای زانایانی زەردەشتی (پیر)یەوە، ئەوەتا زانایەکی زەردەشتی لە نووسراوێکی کۆندا دەڵێت: (هۆشت لە فەرموودەکانی پیرشالیار بێ و، گوێشت لە نێرراوی خوا محمد بێت، کە دوای زەردەشت دێ و ئاینی ئیسلام دەهێنێ)[46] ، زەردەشت دەڵێت: (موڵکی ساسان لەناو دەچێت بە دەست هاوڕێکانی پێغەمبەری عەرەبی.) لە جێیە تردا دەڵێت: (دوای وەسیەتەکانم بکەون و گوێڕایەڵی بن هەتا خاوەنی ووشترەسوورەکە دێت لە ووڵاتی عەرەبەوە).[47]

پیرشالیار کە زانایەکی زەردەشتی بووە لە کتێبەکەیدا (ماریفەت)، 150ساڵ پێش ئیسلام وتوویەتی: (وەروێ وارۆنە وەروە وەرێنە) واتە بەفرێك دەبارێ و هەموو بەفرەکانی تر دادەپۆشێ، واتە ئیسلام دێت و هەموو ئاینەکانی تر پوچەڵ دەکاتەوە).[48]

جریر بێ شەڕ هەر بە ئاشتی چووە حەلوان و بە خەڵکەکەی راگەیاند کە (سەروماڵتان ئازادە). قەعقاع لە حەلوان مایەوە تا سەعد گەیشت و کابرایێکی کورد بەناوی (قوباد) لەجێی قەعقاع دانا. ئەنجا نامەی مژدەی حەلوانی بۆ حەزرەتی عومەر نارد، داوای لێ کرد رێی بدات سوپای ئیسلام لەسەر ولاتگیری (فتوحات) بڕوات بەلاّم عومەر رازی نەبوو لە وەلاّمی نامەکەی‌دا نووسی: (حەزم ئەکرد لە نێوانی رەشە خاکی عێراق – سەواد– و هەرێمی چیا – اقلیم الجبال–دا شورەیەکی ئەستوور ببوایە یا شورەیەکی ئاگر، نە ئەوان رێیان ببوایە بەرەو لای ئێمە، نە ئێمە رێمان ببوایە بەرەو لای ئەوان بڕۆین، ئێمە دێهاتەکانی رەشە خاکی عێراق مان بەسە و من

[46]. ئاینی کورد: حسن محمود کریم، چاپی سێیەم، ل31، 1998 زنجیرەی ژمارە دوو.

[47]. صلح الحديبية. عبدالحميد جودة السمار، ص152. فجر الاسلام، احمد امين، ج1 ص130

[48]. رۆژنامەی یەکگرتوو: ژمارە83، مایسی 1996.

سەر سەلامەتی سوپای موسوڵمانم پێ باشترە لە غەنیمەو دەسکەوت)[49] ناڵێ لە نێوان ئێمە وفارس دا، دەفەرموێ لە نێوان ئێمە و چیادا، واتە (هەرێمی چیا) کە کوردستان دەگرێتەوە، چونکە ئازایەتی کوردەکانی بۆ دەرکەوتبوو، حەزی نەدەکرد بە شەڕ بڕواتە ناو کوردەکان چونکە دەبووە زەرەری زۆر بۆ سوپای ئیسلام. نەخشەیان بۆ کوردەکان گۆڕی و سەریش کەوتن. کوردستان و شارەکانی بە ئاشتی رزگاربون و کەس شەڕی بۆ فارس نەدەکرد.

---

[49]. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری: محمد جمیل رۆژبەیانی، ل152 –159.

بەشی دووەم

* وەستانی جەنگ، دەستپێ کردنی دایەلۆگی میللەتان
* هەڵوێستی کورد و رای مێژوونووسان
* راپەڕینی خەڵکی شارەزوور
* دروستکردنی شاری کوفە
* پێکهێنانی سێ بنکەی سەربازی
* فارس و رۆم خۆیان ساز دەکەنەوە

وەستاندنی جەنگ، دەستپێ کردنی دایەلۆگی میللەتـــان

وەستان لە حەلوان دا بە داوای عومەر، بڕیارێکی گرنگ بوو، دەیویست عێراق بکاتە بنکەیەکی ئەمین و ئەمان کە پشتی پێ ببەستێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بە ئاشتی و دوور لە شەڕ، عومەر دەیویست ئیتر شەڕ بەس بێت، مەگەر دوژمن رازی نەبێت، دەیویست بە رێیەکی تر خەڵکی لە ئیسلام حاڵی بکات، ئەم نامەیەی عومەر موسوڵمانانی خستە دۆخێکی تر، بیریان بۆ دامەزراندن و خۆ دروستکردنەوە دەچووەوە.

عومەر لە زۆر نامەدا راسپاردەی کردوە کە موسوڵمانان لەو ئاستەدا بوەستن و نەچنە نەك کوردستان و هەرێمی چیا، بەڵکو هیچ بەشێکی وڵاتی فارس. ئەمە سێیەم جارە عومەر بڕیاری وا دەردەکات، حەزی دەکرد لەگەڵ فارس رێك بکەوێت. جاری یەکەم پێش گیرانی (مەدائن) داوای رێکەوتنی کرد لەگەڵ فارس. ماوەیەك شەڕ وەستا، بەڵام فارسەکانی ناوچەی ئەهواز هەر کات هەلیان دەست بکەوتایە، پەلاماری سوپای ئیسلامیان دەداو دەستی خۆیان دەوەشاند و رێکەوتنەکەیان دەشکاند. جاری دووەم لە گیرانی مەدائین دا ئەوەبوو وازیان لە نوێژی قەسرو جەمع هێنا واتە سەفەر نەما! بەڵام کە فارسەکان لە جەلەولا کۆبوبونەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرش بۆ سەر مەدائین، ئەو وەستانەش شکا. سێیەم جار دوای گرتنی حەلوان، عومەر هەمان داوای سێبارە کردەوە، بەڵام فارسەکان ئەو زەینەیان نەبوو ئەو هەلانە بقۆسنەوە و پارێزگاری لە خۆیان و دەسەڵات و پاشماوەی خاکەکەیان بکەن و خۆیان دروست بکەنەوە!

خەلیفە عومەر خوا لێی رازی بێت لە جێیەکی تردا دەفەرموێت: (لو ان بیننا و بین فارس جبلا من نار.) لە جێیە تردا دەفەرموێ بە سەعد: (ان قف مکانك ولا تطلبوا غیر ذالك)[50].

عومەر حەزی نەدەکرد یەك موسوڵمان زەرەر بهێنێ، لە جێیەکدا دەیگوت: (إِن رجلاً من المسلمین احبُّ الیَّ من مائة الف دینار.).

عومەر مەبەستی نەبوو لەوە زیاتر بڕۆن، نامەی نارد کە بە هیچ شێوەیەك نابێ شاخ بڕن، دەیویست خەڵکانی ئەو ناوچانەی گیراوە لە خواو لە ئاین تێبگەن. ئەوی تریش بۆ قۆناغەکانی داهاتوو بۆ شێوازێکی تر جگە شەڕ![51]. عومەر زانی کە مەدائینی پایتەخت گیرا مانای گیرانی دڵی ئیمپراتۆرە و ئەوەی ماوە لاشەی نەخۆش و لاواز و بێ دڵە و ئاسان لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. دەیویست وازی لێبهێنرێ تا بۆ خۆی دەمرێ، ئەوە قازانج ترو سەلامەت ترە.

هەڵوێستی کوردو رای مێژوونووسا ن

ئەم بڕیارو وەستانە هەرچەندە لە ساڵ تێپەڕی و ماوەی کەم بوو، بەڵام بەرهەمی هەبوو، خێڵ و عەشیرەت و میللەتەکان بە خۆیاندا چوونەوە و، هەواڵی گەرم و گوڕی موسوڵمانەکان و دادپەروەری و راستی عەقیدەکەیانیان دەگەیشتێ، بە گەرم بە دوای باس و خواسیان دا دەگەڕان. لە مێژووی هەموو فتوحاتەکانی گەلانی جیهاندا وێنەیەك نییە شان بدات لە شانی هەڵوێستی گەلی کورد لە کاتی پرۆسەی بە ئیسلامبوونیدا، لە مێژووی هیچ میللەتێکی سەر گۆی زەویدا هەڵوێستێکی وەك کورد نابینرێ. کە بەرامبەر ئیسلام و سوپاکەی نواندبێتیان، بە عەرەبەکانی سەرەتای ئیسلامیشەوە:

[50]. رسائل الفاروق. ص79، رسالة رقم (106).

[51]. مختصر تأریخ العرب: سید امیر علي، ص37.

1- هێشتا بانگەواز لە قۆناغی مەککەدا دەبێ کە کورد جابانی کوردی (کابانی کوردی) بە نوێنەر دەنێرێ بۆ مەککە و مدینە و هەواڵی کورد دەگەیەنێ بە ئیسلام و هەواڵی پێغەمبەر و ئیسلام بۆ کورد دەهێننەوە، ئەمە جگە لە نوێنەری ناوچەی جزیرەو بازرگانەکانی هۆزی باجن[52].

2- کە سوپای ئیسلام دەگاتە جەلەولا پێش دەست پێکردنی شەڕ، وەفدی کورد لە شارەزوورەوە دەگاتە لای سوپای ئیسلام و پێش ئەوەی قاچ بخەنە ناو کوردستان چەند خاڵێك مۆر دەکەن بە نهێنی فارسەکانەوە وەك مامۆستا ئەمین زەکی باسی دەکات:(لە دەرکەوتنی ئیسلامەتیدا و هەر لە یەکەم پەیوەندیان لەگەڵ ئیسلامەکاندا تێ‌فکرین و دییان کە ئەم ئایینە تازەیە بە تەواوی موافقی طبع و ویژدانیانە، لەبەرئەمە وەکو سێرمارك سایکس دەڵێت: بە ئاسانی و بەرەبەرە وەریان گرت بە پلەیەك کە مەگەر بەربەرەکانی ئەفریقا و تورکەکانی تورکستان بەو جۆرە بە دڵ و بە شەوق وەریان گرتبێ. گەلی کورد هەروەکو مێژوونووسە باوەڕپێکراوەکانی عەرەب دەڵێن لە شانزەهەمین ساڵی کۆچی دا و لە دوای فەتحی حەلوان و تکریت دا لەگەڵ ئوردوی ئیسلامدا پەیوەندیان کردوە. قعقاع حەلوانی زەوت کرد، بەم جۆرە یەکەم پەیوەندی کورد و گەلی کورد لەگەڵ سوپای ئیسلامدا رووی‌دا.)[53]

3- ئەو رێکەوتنە بوو بە هۆی بەرپاکردنی شۆڕشێك لە شارەزوور، کە زۆر لە مێژوونووسان چاویان لێ قوچاندوەو باسی ناکەن، چونکە جێی فەخرو شانازی کوردە: بە نزیك بوونەوەی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان لەسەر رێکەوتنی پێشوو، لە شارەزوور و هەورامان و شارباژێڕ، راپەڕینێکی جەماوەری لە دژی دام و دەزگا و مەخفەر و سەربازگەکانی فارس روو دەدات و ناوچەکە پاك دەکەنەوە. ئەوکاتە کوردستان لە سێ هەرێم پێك هاتبوو، هەرێمی چیا – هەرێمی جزیرە – هەرێمی شارەزوور. ئەمین زەکی و رۆژبەیانی ئەو رێکەوتنەیان بە تەواوی تۆمار کردووە و مەردۆخی و رۆژبەیانیش باسی راپەڕینەکەیان کردوە، رۆژبەیانی دەڵێت: (وا دیارە هەندێ لە کوردەکان هاوکاریان لەگەڵ سوپای ئیسلام دا کردووە)[54]، لە جێیەکی تردا دەڵێت: (وا دیارە کوردەکان کە لە ستەمی ساسانی بە تەنگ هاتبون، ئەوان بوون بە رێنومای سوپای ئیسلام و شەڕیان بۆ شاهەنشاه نەکردووەو هەموو شارەکانیان هەر بەبێ شەڕ و بە ئاشتی داوەتە دەستەوە)[55]. مسعود محمد دەڵێت: (کورد خۆش حاڵ بووە بە هاتنی ئیسلام، هەتا فارس و رۆمیان لە کۆڵ بکاتەوە.). سێر مارك سایکس دەڵێت: (کورد بە ئیسلامەوە چەسپان و پەیوەست بوون کە هیچ میللەتێکی تر وا بە ئاسانی و سەربەست قبوڵیان نەکرد.) محمد مەردۆخی دەڵێت: (کورد بە رەزامەندی خۆی ئاینی ئیسلامیان پەسەند کرد و موسوڵمان بوون.)[56]. ئەمین زەکی دەڵێت: (کوردەکان بینیان و تێفکرین کە ئەم ئاینە تازەیە بە تەواوی موافقی طبع و وجدانیانە، لەبەرئەوە بە ئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد.)[57]. مامۆستا هەژار دەڵێت: (ئاینی پاك و بێ گەردی ئیسلامەتی کە لە سەرەتاوە پەیدابوە، تیشکی برایەتی و یەکسانی وە چیاکانی کوردستانیش کەوتوە، تاریکایی و ئاگرپەرستی لەسەر رەواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشوو تێیان گەیاندوین کە موسوڵمانان هەموو پێکەوە بران و رەش و بۆر و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیەك لە ئارادا نیە. ئەگەر جاران کەمێکی بی‌کەس بوون، وا ئێستە لە سایەی ئاینی تازەوە بونەتە زۆر و کەس زۆریان لێ ناکات.[58]) (زۆرجار کوردە موسوڵمانەکان

---

[52]. کابان کوردی: حسن محمود کریم: چاپی یەکەم 1997، ل10و13، زنجیرەی سێیەم.

[53]. کوردوکوردستان: محمد امین زەکی، ج1-2-3، ل122-124.

[54]. مێژووی حەسنەوەیە ی و عەیاری: ل152-157.

[55]. مێژووی حەسنەوەیهی و عەیاری : ل156.

[56] پێشەکی کوردوکوردستان : محمد مەردۆخی، ل7.

[57]. کوردوکوردستان: محمد زەکی، ل123

[58]. شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی: وەرگێڕی مامۆستا هەژار، پێشەکی، ل31

لەشکری گەورەیان ساز دەدا و دژ بە فارس و رۆم و عەرەبە لادەرەکان جەنگاون بۆ تەمێکردنیان. چەندین دەوڵەت و ئەمارەتی سەربەخۆیان دروست کردووەو شەرعی خوایان تیا بەرپا کردوەو سەر بە دەوڵەتی گەورەی ئیسلامی بوون.)[59]

راپەڕینی خەڵکی شارەزوور

با بزانین چیرۆکی راپەڕینی شارەزوور چۆنە. دوای ئەوەی تەقوتۆقی شیرو قەڵغانی ناوچەی حەلوان هێوردەبێتەوە، عومەر رێگە بە سەعد نادات بەرەو پێشەوە بچن و دەڵێت ئەوەندەمان بەسە. پەیوەندی لەگەڵ کورد و گەل و خێڵەکانی تردا دروست دەکەن، هەتا ئەوەی کە ماوە، بە ئاشتی بە ئەنجامی بگەیەنن، نزیکترین ناوچە لە حەلوان و خانەقین و جەلەولاوە شارەزوور دەبێت و سنووریان بەیەکەوەیە، مەیلی خەڵکی زەردەشتی شارەزوور بەلای موسوڵمانەکاندایە و بە تایبەتی کە لە ئاوێستای زەردەشت[60] و ماریفەتی پیرشالیاردا[61] هێمای بۆ ئیسلام و محمد و دوا ئاینی خودا لەسەر زەوی کردوەو هەموو سیفەتەکانیان ناسیوە، وە لە کاتی خۆی دا لە قۆناغی بانگەوازی مەککەدا نوێنەری ئەم ناوچەیە لە حەلوان و جوانرۆ و شارەزوورەوە بە ناوی (کابانی کوردی)[62] گەیشتوەتە حیجاز و هەواڵی راست و دروستی محمد و ئاینەکەی بۆ خەڵکەکە هێناوەتەوە، وە (ئەبو یەحیا) مەهدی کوڕی مەیمونی کوڕی جابان، یەکێك بوە لە زانا و پارێزەرانی وتەکانی پەیامبەر گەڕاوەتەوە کوردستان ولە ساڵی 172ی کۆچی وەفاتی کردوە.[63] ئێستا حەڤدە فەرموودە دیاری کراوە کە لە جابانەوە گێردراوەتەوە.

ئەمانە هەموویان کاریان لەسەر ئەوە هەبوو کە راپەڕینێکی جەماوەری لە کوردستاندا بە گشتی و لە شارەزوور بە تایبەتی بەرپا ببێ. ئەم هەواڵە گەیشتە یەزدگورد، یەزدگورد پاشاش ئەمەی لە هێرشی سوپای ئیسلام پێ ناڕەحەت تر بوو، شۆڕشی جەماوەر لە هێرشی دەرەوەی سەر سنوورەکان خەتەرترە، چونکە دەسەڵات لەسەر میللەت دادەمەزرێ، ئەگەر میللەت شۆڕش بکات پاشا بۆ کوێ رابکات، پشت بە کێ ببەستێ.؟، بۆیە دنیای لێ هاتەوە یەك بە پەلە سەرکردەیەکی نزیك و ئازای بە دوو هەزار سەربازی تایبەتی خۆی بەرێ دەخاو، دەیان نێرێ بۆ سەرکوت کردنی راپەڕینی شارەزوور، بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر ئاینی زەردەشتی و مەجوسی، یەزدگورد کە ئەو کاتە لە حەلوانەوە رای کردبوو لە پشتی کرماشانەوە کە (نەهاوەند) دەگرێتەوە چاوەڕوانی ئەنجامی هەردوو بەرە جیاوازەکەی جەنگ دەکات، بەرەی جەنگی حەلوان لەگەڵ سوپای ئیسلام و، بەرەی جەنگی شارەزوور کە راپەڕینی خەڵکی ناوچەکەیە، ئەوەتە خەریکە سوپا لە نەهاوەند کۆ دەکاتەوە بۆ سوپای ئیسلام و نەفیری عامی راگەیاندووە، زۆر پێویستی هەیە بۆ ناوچەی خانەقین! لەولاشەوە سەرکردەیەکی فارس، بە دوو هەزار چەکدارەوە بە هەموو کەلوپەلێکی جەنگیەوە روەو شارەزوور بەرێ دەکات لەژێر چاودێری (پاو)دا کە کوڕی شاپوور کوڕی کیوس برای نەوشیروان کوڕی قوباد پاشای ئێران بوە. ئەم سەرکردە دڵسۆزە لە پاشازادەکانی کسراکان بوو، دەیویست خەڵکی ناوچەی شارەزوور بگێڕێتەوە ژێر چاودێری فەرمانڕەوایەتی یەزدگورد، (پاو) کە لە رێگەی جوانڕۆوە هاتبوو گەیشتبوە (پاوە)ی ئەمڕۆ و، بە نیاز بوو بەرەو دەشتی شارەزوور شۆڕبێتەوە، ماوەیەك لە شوێنی پاوەی ئەمڕۆ دەمێنێتەوە، لەو کاتەدا هەواڵی پەلاماری سوپای ئیسلام دێت، کە دەستی پێ کردووە بۆ ناوچەی کرماشان و، راکردنی یەزدگوردی پاشا بەرەو (ئەسفەهان و رەی)، (پاو) زۆر دڵ گران دەبێت، ناچار دەبێت بگەڕێتەوە و نیازەکەی بۆ نەهاتەدی، لەبەر خەتەری بارودۆخ نەیوێرا بێتە خوارەوە بۆ شارەزوور

[59]. کۆمەڵاسی کوردەواری : د.حسین خەلیقی، بەرگی2 ل212-214
[60]. ئاینی کورد: حسن محمود حمە کریم، چاپی یەکەم، ل17.
[61]. ئاینی کورد: حسن محمود حمە کریم، چاپی یەکەم، ل29.
[62]. کابانی کوردی: حسن محمود حمە کریم، چاپی یەکەم ل13، 1997.
[63]. هەمان سەرچاوە، چاپی یەکەم، ل16، 1997. کۆمەڵاسی کوردەواری، د .الخلیقی، ل283، ج2.

بۆیە نامەیەك بۆ خەڵکی شارەزوور دەنێرێ و هەڵهاتنی پاشایان بۆ بپۆشێ بەم شێوەیە: (لەبەر ئەوەی شەهریار یەزدگورد فەرمانڕەوای ئێران لەسەر داخوازی و دۆستایەتی خاکانی چین روەو وڵاتی رۆژهەڵات رۆیشتوە، بۆ چاك کردنی سنووری خۆراسان (ماهوی سوور) لەبەر ئەوە ئێوەش لە شوێن و جێگای خۆتان بمێننەوە تاوەکو خاوەن شکۆ روەو نیشتمان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە لە فەرمانەکانی خاوەن شکۆ ئاگادارتان ئەکەمەوە.

ئیمزا.......... پاو شاپوورزاد.

پاش ناردنی نامەکەی (پاو) بۆ خەڵکی شارەزوور لەوبەری (رووباری سیروان)ەوە مەنزڵ و کۆچ بار ئەخەن لە داوێنی چیایەك نزیکی دێیەکی گەورە چادر هەڵ دەدەن، بارگەوبنە ئەخەن، خەڵکی دێ کە لە ترسان دێن بە پیریانەوە و پێشوازی گەرمیان لێ دەکەن، (پاو) ئەم میواندارییە گەرمە بە هەل دەزانێ، سوودی لێ وەردەگرێ، دەکەوێتە گفتوگۆکردن لە گەڵیاندا و پەیمانیان لێ وەردەگرێ کە سەر بە فەرمانڕەوایی ئێران و ئاینی زەردەشتی بن، لە داوێنی ئەو چیایەدا پەرستگایەکی گەورەیان بۆ دروست دەکات و کورەیەکی ئاگرپەرستیان بۆ ئەکاتەوە، ئێستە ئەو چیایە ناوی (ئاتەشگایە) و دێیەکەش ناو دەنێن (پاوە)، بەناوی ئەو سەرکردەیەوە، کە ئێستە شارێکی گەورەیە لەسەر سنوور، پاو دوو مانگ لەم ناوە دەمێنێتەوە، بۆ خۆخڵەفاندن و دووركەوتنەوە لە شەڕی ناوچەی حەلوان و موسوڵمانەکان. بەڵام کە دەبیستێ فارسەکان شکاون و یەزدگورد بەرەو ناوەڕاستی ئێران هەڵهاتووە، ئەویش بەرەو کرماشان و هەمەدان و ئەسفەهان دەکەوێتە رێگا. بەهەر شوێنێکدا تێدەپەڕێ دەیان گێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران (بەمەدا دیارە راپەڕینەکە زۆر جێی گرتوەتەوە.) بەڵام مێژوو چونکە شێوێنراوە، بە تایبەتی مێژووی کورد! ئەو راپەڕینە مێژووییە کوژێنراوەتەوە، تەنانەت لە هەندێ جێدا کردویانە بە راپەڕینی بوون بە مەسیحی، کە بە مەرجێ کە حەلوان دەگیرێ، لەولاشەوە شام قودس و بیروت و دمشق و حومص و حەڵەب گیراوەو یەك سەربازی رۆمی و مەسیحی لە شام دا نەماوە هەر هەموو شام چونەتە ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانەکان، بەڵکو کوردەکان تەواو لە دەسەڵاتی فارس و رۆم بێزار بون و بە تەمای سێهەمێك بوون ئەوا ئیسلام پەیدا بوە و لە گەشە و بڵاوبونەوەدایە، گاورەکان کتێبێکیان نووسیوە بە ناوی (مێژووی کڵێسای کۆن) زۆر دەسکاری کراوەو هەموو میللەتەکانیان بە گاور لە قەڵەم داوە و مێژووی میللەتەکانیان بەلای خۆیاندا شێواندوە، ئێرە جێگەی ئەوە نیە هەندێ نمونە بهێنمەوە!

(پاو) لە نزیك (ئەسفەهان و رەی) لەگەڵ یەزدگورد دەگەنە یەك، پاو لەبەرئەوەی لەگەڵ ماهوی سوردا لە خۆراسان ناکۆکیان هەبوە بە یەزدگورد دەڵێت: با نەچینە خۆراسان، بەڵام یەزدگورد لەسەر ئەو قسەیەی عاجز دەبێ و کینەی لێدەکێشێ، کە هەواڵی نزیك بوونەوەی سوپای ئیسلام دەبیستن، یەزدگورد بەرەو خۆراسان را دەکات و شاری ئەسفەهان جێدەهێڵێ، پاویش سەرپێچی لە فەرمانی یەزدگورد دەکات و بەرەو مازندەران و وڵاتی خۆی ئەکەوێتە رێگا.[64]

رۆژبەیانیش بە کورتەیەك باسی ئەو راپەڕین و شۆڕشە جەماوەریە دەکات: (ئەم جمانەی سوپای ئیسلام بۆ وڵاتێکی شاخاوی سەخت، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوەی کوردی ژێردەستی ساسانی چەوساوە بە هەلی زانیوە، شۆڕشی بەرپاکردوە و سوپای ئیسلامی هان داوە بۆ پێشکەوتن و هاوکاری لەگەڵ کردوون و رێ بە رێی کردون بەرەو ئەو هەرێمە هەزار بە هەزارانە کە هەرگیز لە گرتنی نەدەهاتن.)[65]

خەلیفە عومەر بڕیاری دابوو لە حەلواندا بوەستێ و، هێزەکانی بەرەو پێش نەبات، نیازی بوو ئەوەندەی کە بە دەستی هێناوە و رزگاری کردوە، لە ئیسلامیان حاڵی بکات و سنوری حەڵاڵ و حەرام و عەقیدەو بیروباوەڕیان

64. مێژووی کوردستان و کورد : مەردۆخی، ل182–186.

65. خانەقین لە مێژوودا : گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە18–19، ل341، بغداد 1988.

تیا دا بمەزرێنێ. ئەوەی تری کە ماوە لە خاکی میللەتان، بە شێوازێکی تر و ڕێگەی حیوار و گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو قەناعەت، حاڵیان بکات، عومەر نیازی بوو لە وەندەی کە بە دەستی هێناوە، حکومەتێکی نموونەیی دروست بکات و بیخاتە پێش چاوی گەلانی دنیا.

نیازی بوو بڵاوکردنەوەی ئیسلام بۆ پارچەکانی تری جیهان، بە جۆرێ تر بکات و شێوازی شەڕ بگۆڕێت. چونکە دەیزانی کە جەنگ ئاسەواری خراپ لە ناو میللەتاندا بەجێ دەهێڵێ، ڕەنگە ئەو شەڕە بەر چاویان بگرێ لەوەی حەقیقەتی ئیسلام و مەبەستی دین تێ بگەن. ئەگەر هەموو شت بە زۆر بێت، عقیدە و بیروباوەڕ بە زۆر وەرناگیرێ، ڕەنگە بە سەرزارەکی و لە ترسان بڕوا بهێنن، بەڵام ئەوەیە کە نیفاق دروست دەکات و ڕەواج بە فتنە دەدات و ناو کرۆکی میللەتان دەخوات! فەتحی دڵەکان لە فەتحی وڵاتان گرنگترە. عومەر دەیزانی کە ئیسلام کاڵایەکی جوان و دروستە، ئەگەر بە ڕێگەی غەیری جەنگ نیشان بدرێ چاکتر وەردەگیرێ، هەر گەلێك بیناسێ، ناتوانێ خۆی لێ بێ بەش بکاو دەست بەرداری ببێت. بە تایبەت لەو کاتەدا کە زوڵم و زۆر وستەم سەراپای زەوی داگیر کردبوو، میللەتە چەوساوەکان لە دوی هێزێکی سێیەم دەگەران بەڵای فارس و ڕۆمیان لە کۆڵ بکاتەوە.

ئەمە هەر ڕای عومەر نەبوو بە تەنها. پێشتر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)لە ڕێکەوتنی حودەیبیەدا ویستی دەعوە لە چەك جیا بکاتەوە، نامە و نێنەری زۆری نارد و حیواری میللەتان بەبێ چەك دەستی پێ کرد. بەرهەمی چاکیشی هەبووە، بەڵام عەقلیەتی عەرەب نەگەیشتبوە ئەو ئاستەی بڕوای تەواو بەو شێوازە بهێنن، هەر بۆیە جەنگ ڕوی دایەوە. ئەوە بوو یارانی پێغەمبەر دروودی خوایان لەسەر بێ هەموو ماڵ و گەڕەك و باخ و باخات و دەشت و شاخ و لادێیەکیان پڕکردبوو خەریکی دەعوە و حاڵی کردنیان لە حەڵاڵ و حەرام و بیرو باوەڕ بوون، لە ماوەکی کەم دا موسوڵمانان بونە چەند قات. بەڵام مەخابن جەنگ زاڵ بوو بەسەر حیواردا. دواتریش ئەبوبەکر کە خالید و سەرکردەکانیان نارد، پێیان وتن کە قسەی یەکەمتان حاڵی کردنی ئیسلامە و پاشان جزیە، ئەگەر هیچیان قبوڵ نەکرد، ئەوسا مۆڵەتیان دەدەن و پاشتر کە هیچ چارێك سودی نەبوو جەنگ دەکەن، بۆ لابردنی دڕك و داڵ لە ڕێی گەیاندنی دینی خوادا. ئەوە بوو وایان کرد. پاشتر عومەر کە (مەدائینی) گرت جەنگی وەستاند و ویستی دەرگای حیوار بکاتەوە، لە سەرەتادا هورمزان و یەزگورد ڕازی بوون، بەڵام فێڵ بوو، بۆ خۆسازدانەوەبوو، سەد هەزار سەربازیان لە (جەلەولا) کۆکردەوە و ویستیان بچنەسەر (مەدائین) بەڵام عومەر خێراتر بوو، جەلەولای کردە گۆڕستان و خانەقین و حەلوانیشی‌لێ پاك کردنەوە، لە حلوانیش هەمان بڕیاری جەنگ ڕاگرتنی دەرکردەوە. هەرچەندە سەعد داوای کرد ڕێگەیان بدات بچنە ناوەوەی وڵاتی فارس بەڵام عومەر کۆمەڵێك نامەو بڕیاری دەرکرد بۆ سەعد بەم جۆرە:

(ان قف مكانك ولاتطلبوا غير ذلك)[66].

(ان قف مكانك ولاتتبعهم، واتخذ للمسلمين دار هجرة و منزل جهاد، ولا تجعل بيني وبين المسلمين بحراً.)[67]، یان لە وەڵامی نامەیەکدا کە سەعد داوا دەکات ڕێگەمان بدە با دوایان بکەوین دەفەرموێ (وددت ان بين السواد وبين الجبل سداً لايخلصون الينا ولانخلص اليهم و حسبنا من الريف، اني اثرت سلامة المسلمين على الانفال).[68]

ئەمە بوو بڕیاری یەکەمی سەرکردە ئیسلامیەکان، بەڵام هێزی شەڕ لە بەرژەوەندیان نەبوو جگە شەڕ، کە بە مەرجێ کوفر بە شەڕ زوتر دەفەوتێ!

---

66. رسائل الفاروق. ص79، رساله رقم (106).

67. رسائل الفاروق، رسالة (107). تأريخ الطبري، ج4 ص141.

68. رسائل الفاروق، ص82، رسالة (114).

دروستکردنی شاری کوفە

عومەر بیری کردەوە، ئەگەر سوپای ئیسلامی هەروا لە پێشڕەوی دا بێت، گەلان و میللەتانی زۆر دێنە ناو (دار الاسلام) ەوە، ئەمەش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان گران دەکەوێ، جگە لەوەی گرفت و کۆسپ و تەگەرەیان زیاد دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەرەی جەنگی ڕۆژهەلات (فارس) زۆر فراوان بوە و ئەگەر چار نەکرێت شیرزەیی لە ئیدارە کردن دا ڕودەدات. واتە یەك بنکە کە (مەدائین) ەو یەك سەرکردە کە (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس)ە بەو هەموو ئیش و کارانە و، بەو بەرە جەنگیە فراوانەدا راناگات لە لایەکی ترەوە ئەو سەرباز و فەرماندانەی کە لە عێراقەوە دەگەڕانەوە مەککە و مەدینە، دەم و چاو و شێوەیان گۆڕابوو، عومەر بەوە ناڕەحەت دەبوو یارانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، ئاوایان بەسەر بێت ئەو زەحمەتە بچێژن. بۆیە جارێك وتی: (سوێند بە خوا ئەمە ئەو دەم و چاو و شێوانە نیە کە من ناردمن.) ئەوانیش وتیان: (ئەوە هالاو و بۆقە و گەرماوی هۆڕ و زەلکاوەکانی باشوری عێراق گۆڕیونی). جارێکی تر(سەعد) نامەیەکی بۆ خەلیفە عومەر نووسی: (ان العرب خددهم و کفی الوانهم و خومة المدائین و دجلة) ئەمە لە وەلامی نامەیەکی عەمەر دا بوو، بۆی نووسی: (انبئنی ما الذی غیر الوان العرب و لحومهم.)[69] لە جێیەکی تر نووسی (انه لاتصلح العرب، الا حیث یصلح البعیر والشاة في منابت العشب، فأنظر فلات في جنب البحر، فأرتد للمسلمین بها منزلاً.)[70] عومەر لە نامەیەکدا فەرموی چار هەر ئەوەیە (اجمع للناس موضعاً واحداً ولاتفرقهم.)[71] یان (قف مکانك ولا تتبعهم، واقنع بهذا، واتخذ للمسلمین دار هجرة و مدینة یسکنونها و لا تجعل بینی و بینکم بحراً) [4] جارێکی تر عومەر نووسیەوە: (ان العرب لا یوافقها الا ما وافقت ابلها من البلدان، فابعث سلمان و حذیفة فیرتادا منزلاً بریاً وبحریاً، لیس بینی و بینکم فیه بحر ولا جسر.)[72] عومەر داوای کرد لە سەعد وەفدێك دروست بکات بە سەرکردایەتی (سەلمان و حزیفە) و بچن جێیەکی چاك بدۆزنەوە وە بیکەنە شار و سەربازگە، شوێنێك بێت کە حوشتر بتوانێ بە تەواوی گوزەرانی تیا بکات، جێیەك بێت کە لە نێوان عومەر و سەعد و سوپادا ئاو و پرد نەبێت. بە گەیشتنی نامەکە (سەلمان و حزیفە) بنێرە بۆ جێیەکی گونجاو دوور لە گۆم و زەلکاو. کە هەموو سیفەتێکی شاری تیا بێت، وەفدە کە دروست کراو نێردران بەرەو خوارووی عێراق جێیەکی زۆر چاکیان دۆزیەوە لە پشتی فوراتەوە. لە لێوارە لمەکانی فورات و هەموو مەرجەکانی عومەری تیا بوو. نوێژیان تیا کرد کە شوێنی (کوفە)ی ئەمڕۆیە. پاشان نامەیان بۆ سەعد نووسی. سەعدیش نامەی بۆ هەموو سەرکردەکان نووسی: (هەریەکەتان جێگرێك بۆ خۆی دابنێ و بگەنە شاری (مەدائین). هەر هەموو ئامادە بوون. لە نێوان گیرانی (مەدائن) و دابەزین لە (کوفە) دا سالێك و دوو مانگ بوو. واتە گیرانی (مەدائن و جەلەولا و خانەقین و حلوان) لەو ماوەیە دا بوو، سەعد هەر هەموو سەرکردەکانی دوای خۆی خست و لە موحەڕەمی سالی 17ی کۆچی، بەرامبەر ینایر 628ی زاینی شاری کوفەیان دەست پێ کرد. عومەر داوای لێ کردن هەر لە قامیش و زەلی هۆرەکان خانوەکان دروست بکەن. زۆر بە ئاسانی وخێرا شار تەواو دروست کرا، بەلام ڕۆژێك لە ئاگرێکی خێرادا لە کەمترین ماوەدا. هەموو شار ئاگری گرت و کەف و کۆلی دامرایەوە. پاشان نامەی بۆ نووسینەوە کە لە خشتی قوڕ دروستی بکەن. ئەمجارە نەخشەیەکی تریان بۆ شار داڕێژا و زەویەکەیان بە ڕێك وپێکی دابەش کردو لە ماوەیەکدا هەموو شاریان

69. رسائل الفاروق، ص91، رسالة (145).
70. رسائل الفاروق، رسالة (108).
71. طبري ج4 ص149، رسائل الفاروق، رسالة رقم (113).
4 فتوح البلدان، بلاذري، ص261.
72. رسائل الفاروق، رسالة رقم (112).

هەڵساندەوە. لە ناوەڕاستدا مزگەوتێکیان دروست کرد، پاشان مەیدانێکی فراوانیان بۆ ڕاهێنانی سەربازی دروست کرد، لەو مەیدانەوە بە هەر چوار دەوردا ڕمیان هەڵدا، لە کوێیا کەوتن لە پشتی ئەوانەوەیان کردە خانوو، پاشان ماڵی سەعد و بازاڕ دروست کرا. ناوچەکە ئاوەدان و قەرەباڵغ بویەوە، ئەوەندە شارێکی ناوەزە و جوان بوو، لە سەر هەمان نەخشە شاری بەسرەشیان دروست کردەوە، سەعد سەربازگەیەکی لە (مەدائین) جێ هێشت بۆ ئەوانەی کە خۆیان ڕازی بوون لەوێ بمێننەوە، عومەر داوای کرد لە کوفەدا دوو سەربازگە هەبێت، بەڵام لە خەیمە داین[73]. مەدائن هەوایەکی شێداری هەبوو بڵقی گەرما و هاڵاوی ئاو دەم و چاوی سەحابەکانی برژاندبوو لە ڕووبڕابوون، هەر بۆیە بە داوای عومەر گەڕان بۆ بنیادنانی شارێکی تر کە هەوای پاك و دوور لە هەوای شێدار بێ و، کوفەیان هەڵبژارد، سەعد بە چل هەزار سەربازەوە هات لەوێ لە خێمەدا هەڵیان دا، جادە و شەقامیان لێ داڕشت مزگەوتیان خستە ناوەڕاست، پاشان خانو لە ڕوخام دروست کرا کۆڵان و جادەکان دەرکەوتن، لە کۆتایی یەکێك لە شەقامەکاندا ماڵی سەعد دروست کرا، دوو سەد باڵ لە مزگەوتەوە دوور بوو، ئەنجا (بیت المال و دارالامارة) دروست کران، وەستایان لە فارسەوە هێنا، لەسەر شێوەی فارسی دروستیان کرد جادەی فراوان بوو هەتا هەوای بادیەیان لێ نەگرێت.[74]

پێکهێنانی سێ بنکەی سەربازیی

سەردەمی خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لە سەر بێت)، سەردەمی زێڕین بوو لە هەموو ڕویەکەوە، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە، سەرکەوتنی زۆری بە دەست هێنا، لە هەموو سەردەمەکان زیاتر وڵاتی فراوان کرد، ئەو سەرکەوتن و فەتحانەی عومەر لە دوو سیفەتیەوە بوو:

1- توانایەکی بە هێزی هەبوو لە هەڵبژاردنی فەرماندە و سەرکردەکانی دا، سەر ناس بوو، کەسی دەخستە جێگەی مناسب و پڕ بە پێستی.

2- توانایەکی گەورەی هەبوو لە سەرکردایەتی کردنی میللەت دا، ئەو توانایە بە ژێری خۆی بە دەستی هێنابوو چی بویستایە دەیکرد، چەندی سەرباز بویستایە بە نامەیەکی بچوك لە کەمترین ماوەدا، بۆ دورترین جێگە دەینارد، کەس نەیدەتوانی سەرپێچی بکات، بەبێ ئەوەی عقوبەش بدات هەموو کەس وای دەزانی عومەر لە گەڵیایە و لە ماڵیایە.

خەلیفە عومەر وای بە باش زانی بەرەی جەنگی عێراق بکات بە سێ بنکەی سەربازیەوە، بەرەی جەنگی باکور و ڕۆژهەڵاتی عێراقی دابەش کرد، زانی کە سنوور فراوان بوە و، یەك بنکە ناتوانێ بەو هەموو بەرە جەنگیە جۆراوجۆرە دا بگات، بۆ ئەوەی هەڵە ڕونەدات و تێکەڵبونی کار نەبێت، هەموو کەس سنوری کاری خۆی بزانێت و، منافەسەیەکیش دروست بکات و کارەکان بە سەر زۆرترین فەرماندە دا دابەش ببێ، نەوەك خەتورەی دڵ و بۆڵە و گلەیی لە نهێنی دا پەیدا ببێ. بەو کارە ئیدارە کردنی ئەو بەرە جەنگیە ئاسانتر دەبێت، بەر چاو ڕۆشن دەبێ. ئەو سێ بنکەیەی دروست کرد، بەرەی جەنگی بەسەردا دابەش کردن، بۆ هەریەکەیان سەرکردە و فەرماندە و سوپا و بەرەی تایبەتی دیاری کرد بەم جۆرە:

1- بنکەی سەربازی کوفە: شاری کوفە کە تازە بە تازە دروست کرا بوو کرا بە بنکەی یەکەم. (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) لە مەدائینەوە گوێزرایەوە کوفە و کرایە (ئەمیری کوفە). لێپرسراو بوو لە بەرەکانی جەنگی

73. تأريخ الامم الاسلامية. محمد خضری بەگ، ص217.

74. تأريخ الاسلام. حسن ابراهيم حسن، ج4 ص148.

حلوان – ماسبزان (كرمانشاه) – مووسڵ – هەرێمی چیا –ڕەی ئازربایجان – ئەرمینیا –تەبەرستان – جرجان – هەرێمی جزیرە.[75]

2– بنکەی سەربازی بەسرە: سەرەتا (بەسرە) لادێیەك بوو، كە ڕزگار كرا مزگەوتێكی گەورەیان تیا دروست كرد لە خشتی قوڕو سەرەكەی لە قامیش وزەل، دوای كوفە ئەویش بە هەمان شێوە فراوان كراو بینایەك دروست كرا بۆ (ئەمارەت)، سەرەتا ئەم خانوانە لە قامیش و حەسیر و پەل و پۆپی دار خورما دەكرا، بەڵام چونكە عەمەلی نەبوو، ڕوداوی ئاگر زۆر ڕوی دەدا، گۆڕا بە خشت و قوڕ و بەرد. پاشتر بو بە گەورەترین شاری بازرگانی ناوچەكە، لە نێوان هیندو چین و ئەوپەڕی بیابانی گەورە بۆ ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا، بازرگانی تیا ئاڵ و گۆڕ دەكرا، بەندەرێكی گرنگ بوو. سەرەتا خێڵی ڕەبیعەو موزر لە بەسرە دابەزین، دواتر خەڵكی لە چین و هیند و سەندەوە بۆی هاتن و قەرەباڵغیان كرد.

خەلیفە عومەر (ئەبوموسای ئەشعەری) كردە (ئەمیری بەسرە) و لێپرسراو بوو لە بەرەكانی جەنگی ئەهواز و خوزستان و تستر و رامهرمز و سوس و جندیسابور و خۆراسان.[76]، یەكەم كەس نامەی بۆ عومەر نووسی و ووشەی ئەمیرولموئمنینی داهێنا ئەبو مووسا بوو! نووسی: (بۆ عەبدوڵڵا ئەمیری مؤمنین، لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە.) كە عومەر نامەكەی خوێندەوە وتی بەڵێ من عەبدوڵلام، من عومەرم، من ئەمیری مؤمنینم. سوپاس بۆ خوا. دوای ئەو نامەیە وشەی ئەمیرولموئمنین داهات.[77]

3– بنكەی سەربازی بەحرەین لەسەر كەنداوی عەرەب: خەلیفە عومەر (عەلای كوڕی حەزرەمی) كردە ئەمیری بەحرەین و سەركردەی سوپای ئەو ناوچەیە. ئەم بنكەیە لێپرسراو بوو لە كەنارەكانی ئەوبەری كەنداوی عەرەب و، هەرێمی فارس و ئەستەخر و، سجستان.[78] (عەلا) ناوی لە جەنگی (ڕەدە) هەڵگەڕاوەكاندا زڕا. بویە فەرماندەی سوپا و ئازایانە كاری خۆی دەكرد. بەڵام كە بوو بە ئەمیری بەحرین. دەیویست منافەسەی (سەعد) ئەمیری كوفە بكات! ئەو كاتە سەعد ناوی زۆر زڕا بوو، باس هەر باسی سەعد بوو، سەركەوتنی زۆری بەدەست هێنا، زۆر ناوچەی ئازاد كرد، بە تایبەت سەركەوتنی بەسەر ڕۆستەم دا كە گەورەترین سەركردەی فارس و وەزیری جەنگی بوو، لە جەنگی قادسیەدا، ڕۆستەمی كوشت. ئێستەش حلوان و جەلەولای تەواو كردوەو بەرەو هەرێمی چیا لە پێشڕەوی دایە، (عەلا) هات بە دڵی دا ئەویش كارێك بكات بێ ئەوەی پرس بە عومەر بكات. ویستی دوای ئەوەی سەركەوتنی گەورەی بە دەست هێنا ئەوسا عالەم سەرسام بكات و نامە بۆ عومەر بنوسێ. بەڵام گەورەیی سەعد لەوەدا بوو كە دەستی ذەئەكرد بە ئاودا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە عومەر، هەر كارێكی دەكرد، پرسی دەكرد، نامەی دەنووسی، هەتا بەشی ناخ و دەروونی خۆی تێكەڵ نەكات. بەڵام (عەلا) ویستی بێ مۆڵەت هێرشێك ساز بكات و، لە پڕ خەڵكی بیبیستن و سەریان سوڕ بمێنێ، نیازی بوو دوای سەركەوتن، نامە بنووسێ. سوپای لە بنكەی بەحرین كۆكردەوە و ئامادەی كردن و بە ئاوی كەنداوی عەرەبدا پەڕینەوە ئەوبەر، بە مەرجێ عومەر نامەی نووسی بوو بۆ هەموو لایەك كە نابێ لە ئاوو ڕووبار و دەریا بدەن و بپەڕنەوە، مەهێڵن لە نێوانی من و ئێوەدا ئاو و دەریا هەبێت – وەك پێشتر باس كرا –.

(عەلا) چووە ئەوبەری كەنداوی عەرەب، خۆی گەیاندە شاری (ئەستەخڕ) كە بنكەیەكی گەورەی سوپای فارس لەوێ بوو، كە فارسەكان لە پڕ پێیان زانی شڵەژان، خۆیان كۆكردەوەو بڕیاریان دا پێشەكی

---

75. فتوح البلدان. بلاذری، ص 317.
76. هەمان سەرچاوە، ص378.
77. رسائل الفاروق، ص155، رسالة رقم (279).
78. طبقات ابن سعد. ج4 ص782.

کەشتیەکانیان بسوتێنن و دەستیان لە هەموولا ببڕن، ئەوسا چارێك بۆ ئەمان بدۆزنەوە. کەشتیەکان لەناو بران، پاشان گەڕانەوە بۆ موسوڵمانە گەمارۆدراوەکان شیرزەیان کردن، موسوڵمانەکانیش پارچە دابڕاوەکانیان کۆکردەوەو بڕیاریان دا شەڕی مان و نەمان بکەن. لە یەك هێرش دا، دایان لەو سوپا زۆرەی کە لە نێوان ئەمان و کەشتیەکاندا هەبوو، زۆربەیان لەناوبرد، کە نزیك بوونەوە دەبینن کەشتیەکان نەماوە. بە پەلە بەرەو ژوور بەرەو بەسرە هاتن، دووبارە لە نزیك (شەهرەك) گەمارۆیان دانەوەو لێیان دان، هەواڵ گەیشتە (خەلیفە عومەر). زۆر توڕە بوو، بڕیاری دا سزایەکی خراپی (عەلا) بدات. عومەر نامەی بۆ ئەمیری بەسرە کە ئەو کاتە (عوتبەی کوڕی غوزوان) بوو نووسی، کە هەر خێرا سوپایەك رێك بخاو بچێت بۆ رزگارکردنی سوپاکەی (عەلا)، (عوتبە) (12) هەزاری کۆکردەوە بە فەرماندەیی (ئەبوسبرە کوڕی ئەبی ڕهەم) ناردی، لە رێگەیەکی نهێنییەوە. گەیشتنە (شەهرەك)، لەپڕ پەلاماری سوپای فارسیان دا و (عەلا)یان رزگار کرد و هێنایانەوە بۆ بەسرە و لەوێوە رۆیشتنەوە بۆ (بەحرین). بەم جۆرە ناوی شکستیەکەی زڕا! سزاکەی عومەر ئەوە بوو، بنکەی (بەحرین)ی هەڵوەشاندەوەو داوای لە (عەلا) کرد کە بچێتە سوپاکەی (سەعد) و لەژێر فەرمانی ئەودا بێ، چونکە ئەو بە خیلی بە سەعد برد بوو.[79]

هەر یەکە لەم بنکە سەربازیانە سەربەخۆیی خۆی بوە، ئەمیر و سەربازی تایبەتی خۆی بووە، سنوری جەنگی و کارتیاکردنی جیاواز بوە، بەڵام بە هەموویانەوە یەك مەبەستیان پێکاوە و لەیەك نەپچڕاون، پەیوەندی توند وتۆڵ و هاوبەشیان هەبوە، یارمەتی سەربازیو سیاسیو تەکتیکی یەکیان داوە، ئەگەر خەلیفە عومەر مۆڵەتی بداتایە بنکەی بەسرە یارمەتی کوفە و بەحرەینی دەداو بە پێچەوانەشەوە. عێراق بە هەردوو مەڵبەندە سەربازیەکەیەوە، بەسرە و کوفە، بوو بوونە بنکەی فکری و سەربازی و دەعەوی بۆ وڵاتی فارس و خێڵەکانی ناو عێراق، چونە ناوەوە بۆ وڵاتی فارس کارێکی ئاسان نەبوو، موسڵمانەکان کە لە عێراق شەڕیان دەکرد، لە وڵاتێکدا بوون کە بە خاك و زمانیان شارەزا بوون و زۆر لەوەی نیوە دورگەی عەرەبی دەکرد، لە یەك حاڵی دەبوون، ئەمە کار ئاسانی بۆ کردبوون، بەڵام کە چوونە ناوەوەی وڵاتی فارس، توشی زمان و عادات و تەقالید و جل و بەرگی جیاواز بوون، خاك و شاخ و داخ و ئاووهەوای سارد و شیرین، کە نەیان دیبوو پێی رانەهاتبوون، چونە ناوەوە بۆیان، قورس و گران بوو، وڵات و خاك و خەڵکێکی نامۆ بەمان. زۆرجار بەفر دەباری و زوقم و کرێوە و رەشەباو لافاو دای دەکرد و ئەمان نەیان دیبوو، خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو، فارس ئاری بوون، عەرەب سامی بوون، فارس مەجوسی و ئاگر و بت پەرست بوون، عەرەب خوا پەرست و موسوڵمان بوون، چوونە ناوەوە ئاستەنگ بوو، لەگەڵ ئەوەدا توانیان بیابان و شاخ، سارد و گەرم، عەرەب و عەجەم، سامی و ئاری پێکەوە گرێ بدەن و بیروباوەڕ و عەقیدەیان پێ بگۆڕن.

فارس و رۆم خۆیان ساز دەکەنەوە

شاری حەلوان کەوتبوە نێوان (سەواد) و (هەرێمی چیا)، کەوتبوە نێوان دەشتی عەرەب و شاخی کورد، کەوتبوە نێوان عەرەب و عەجەم. عومەر دەیویست لەو نێوانەدا بوەستێ، نامەی بۆ سەعد نووسی: لەویا بوەستن. خۆزگە لە نێوانی ئێمەو چیادا شاخێك یان شورەیەك هەبوایە لە ئاگر. نە ئەوان بیانتوانیایە بێنە سەر ئێمە، نە ئێمە بچینە سەر ئەوان!

بەڵام یەزدگورد پاشای فارس، هەروەکو لە (مەدائین) پەیمانی شکاند. ئەم بۆچونەی خەلیفە عومەریشی بە هیچ زانی و لە چەند لایەکەوە سوپای کۆکردەوە. نامەیشی بۆ هەموو هەرێمە کان نووسی کە خۆیان کۆبکەنەوە و سوپای بۆ بنێرن.

---

79. تأريخ الامم الاسلامية. محمد خضری بەگ، ص220.

موسوڵمانەکان ماوەیەکی باش حەوانەوە، ئیش وکاریان جێبەجێ دەکرد، شاری (کوفە)یان دروست کرد و شاری بەسرەیان فراوان کرد. سێ بنکەی سەربازیان دروست کردوو، سنوری کاریان بۆ دیاری کردن. تەشکیلاتی تازەیان کرد و سوپای نوێی زۆریان دروست کرد، عومەر بڕیاری دابوو کاروباری ئیداری و کۆمەلایەتی ریك بخات، بۆ ئەو مەبەستە زۆر بڕیاری دەرکرد. نامەی بۆ هەموو کارگێڕەکانی نووسی: (ئەوەی زەویەکی مردو زیندو بکاتەوە بۆ خۆی دەبێ. ئەوەی زەویەکی بەجێ هێشتووە و رای کردوەو سێ ساڵی بەسەردا چووە نەگەڕاوەتەوە. مافی بەسەریەوە نامێنێ.)[80] بەم جۆرە خاك و ئاوی بە پیتی هەموو ئەمیر و ئاغا فارسە هەڵهاتووەکان دابەش کرا بەسەر جوتیارانی ناوچەکاندا. لە نامەیەکی تردا دەڵێت: (هەر کەسێك پارچە زەویەکی هەیە و، سێ ساڵە جێی هێشتوەو ئاوەدانی نەکردۆتەوە و، خەڵکانێکی تر کێڵاویانە و ئاوەدانیان کردوەتەوە، مافی ئەمانەیە.) لە نامەیەکی تردا لەبارەی ئەو زەویانەوە دەڵێت: (ئەو زەویە بەجێهێڵراوانە مافی خەڵکی ترە، ئەگەر هی من یان ئەبوبەکریش بێت.)[81]

عومەر نیازی نەبوو زیاتر لەمە بڕوات، سنوری خۆی دامەزراند، فەرماندەکانی گێڕایەوە بۆ کوفە و بەسرە و بحرین، نەیهێشت لە نێوان خۆی و مەدینەدا و، یارەکانی پێغەمبەردا روبار و پرد هەبێت، نیەتی هێنا، کاروباری حکومەتداری لەو هەرێمە رزگارکراوانەدا دابمەزرێنێ و مزگەوت و بانگەوازی ئیسلامی بگەیەنێتە شارو دێهات و دورترین خەڵکانی سەر سنورەکان، ئەوانە لە خواو پێغەمبەر و قورئان و ئیسلام حاڵی بکات. بەردەوام نامەی دەنارد کە لەگەڵ جوتیاراندا باش بن، ئەرکیان لەسەر سوك بکەن، کاریان بۆ ئاسان بکەن، هانیان بدەن هەموو خاکە مردوەکان زیندوو بکەنەوە. یاسای (الارض لمن یزرعها)ی داهێنا، زەوی و زاری زۆر و بە پیت و بەراو و باخ و باخاتی ئەمیر و ئاغا و دەرەبەگە فارسەکانی دابەش کرد بەسەر هەژاران و جوتیاران و بێکاراندا، سەربەستی کردن لە کێڵان و بەرهەم هێنان. جوتیارەکانی عێراق زۆر شانازیان بە عومەرەوە دەکرد، بە باوکی هەژارو نەدار و جوتیارانیان دەزانی. بەردەوام نامەی دەنارد کە لەگەڵ (ئەهلی زیممە) دا نەرم و نیان بن و ستەمیان لێ مەکەن، بیان پارێزن، ئەو پەیمانەی کەپێتان داون مەیشکێنن. گاورەکان پێیان خۆش بوو موسوڵمانەکان حوکمیان بکەن، هەتا رۆمە گاورەکانی براو هاودینیان. بە بەردەوامی لێیان موسوڵمان دەبوو، جزیەیان لەسەر خۆیان هەڵدەگرت.

ئەمە زیاتر لە ساڵی خایاند. چاکسازی زۆر کرا. عومەر نامەی بۆ سەعد نووسی: ئاگاداری جوتیارەکان بکە. ماڵیان لێ تێك مەدە، چیت بۆ جوتیارەکانی پێشوو کردوە، بۆ ئەمانیشی بکە.) بەلام لە پڕ هەواڵ هات بۆ(سەعد) کە فارس و رۆم هەردوکیان قەرەباڵغێکی زۆریان لە (ماسبزان) و (تکریت) کۆکردۆتەوەو بە تەمای هێرشن. سەعد نامەی بۆ خەلیفە عومەر نووسی. خەلیفە عومەریش ناچار بوو رای پێشووی بگۆڕێ و خۆی کۆ بکاتەوە لەبەر ئەم هۆیانە:

1- لەبەر پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتووە.

2- بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ولاتی ئیسلامیی.

3- پاراستنی گیانی سەرباز و خەڵکی شارەکان لە هێرشی دوژمن.

4- لێدانی ئەو هێزە پەرتەوازە کۆکراوەیە، هەتا جارێکی تر زاتی ئەوە نەکات خۆی بە پێوە بگرێت.[82]

---

80. رسائل الفاروق. رسالة رقم (280).

81. رسائل الفاروق. ص156.

82. تأريخ ايران، د.فاروق عمر، ص23، بغداد 1989.

بەشی سێیەم

* دەستپێکردنەوەی جەنگ
* جەنگی ماسبزان
* جەنگی تکریت
* رزگارکردنی موسڵ و نەینەوا
* جەنگی هیت و قرقیسیا

دەستپێکرنەوەی جـــەنـگ

جەنگی ماسبزان

کە (هاشم) گەیشتە کوفە بە سەعدی وت کە فارسەکان سوپایەکی زۆریان لە ماسبزان[83] کۆکردۆتەوە[84] ، هەواڵ گەیشتە سەعد کە (هورمزان) سەرکردەی فارس و ئەمیری ناوچەی ئەهواز، هێزێکی لە دەشتی (ماهیشت) کۆکردۆتەوە، ئەویش خەلیفە عومەری لێ ئاگادار کرد، عومەر نامەی بۆ سەعد نووسی: هێزێکی بە فەرماندەی (زرار کوڕی خەتاب) بۆ بنێرن، با لە پێشەوەی (هەزیل ئەسەدی) بێ و، لای راست و چەپی بدە بە (عەبدوڵڵا کوڕی وەهب) و (مەزاری کوڕی فلاناس عەجلی)[85] .

فارسەکان خەڵکیان تۆقاندبوو، شاریان چۆڵ کردبوو. زرار بەو نەخشەیەوە کەوتەرێ، هەر کە گەیشتەجێ دەستی کردە جەنگ، لە پلانێکدا (هورمزان) گیراو ئەوەی مابوو لە سوپاکە رایان کرد بۆ شاخەکانی کوردستان. زرار خەڵکی شاری ماسبزان و سوپای هەڵهاتوی بانگ کردەوە لەگەڵیاندا رێکەوتن، زرار پەیمانی دانێ کە لەگەڵیان چاك بێ و هەموو یارمەتیەکیان بدات، پاش ماوەیەك دیسان سوپایەکی زۆری فارس لە ناوچەکەدا کۆبونەوەو بە تەمای هێرش بوون.(سەعد) عومەری لێ ئاگادار کرد، ئەویش (زرار)ی بۆ ناردن لە نزیك ماسبزان و ئەریوجان بە شەڕ هاتن، سەرکردەی فارسەکان (ئازین کوڕی هورمزان) بوو، ئازین قاچی شکا و گیرا. زرار لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیەش رێکەوت.[86] بەم جۆرە هەموو دەشتی (ماهیشت) کە دەکەوێتە نێوان دەشتی شارەزوور و کرماشان و حەلوانەوە بە ئاسانی گیرا.

جارێکی تر سوپایەکی زۆری فارس بەرەو دوو جێگە کەوتنەرێ. یەکیان چوە نزیك (ماسبزان) و ئەوی تریان بەرەو دەشتی شارەزوور کشا. (سەعد) دوو سوپای بۆ ناردن (مەکشوح ئەلمورادی) بە (10) هەزارەوە نارد بۆ(ماسبزان) و (عروە کوڕی زەید)یشی بە (10) هەزارەوە نارد بۆ شارەزوور، هەردوو سوپاکەی فارسیان راونا.[87]

جارێکی تریش فارسەکان بەرەو شارەزوور هاتنەوە بۆ سەرکوت کردنی ئەو کوردە راپەڕیوانەی کە دژی دام و دەزگای فارس جەنگا بون و مەیلیان بۆ سوپای ئیسلام هەبوو، فارسەکان یەکجار زۆر بوون. خەلیفە عومەر (عزرە کوڕی قەیسی) بۆ ناردن لە حەلوانەوە، بەڵام شکان و گەڕانەوە، پاشان سوپایەکی یارمەتی نارد بۆیان بە فەرماندەیی (عوتبە کوڕی فەرقەد) ئەمانە گەیشتنە شارەزوور و بە هەموویانەوە فارسەکانیان راونا. کوردەکان یارمەتی زۆری موسوڵمانەکانیان دا و بە یەکجاری دەستی فارسیان لە سنووری شارەزوور کۆتا کرد.[88]

جەنگی تکریت

هەواڵ گەیشتە سەعد کە سوپایەکی زۆری رۆم، بە یارمەتی عەرەبەکانی (ئیاد و تەغلب و نەمر) کە لە جزیرەی ئیبن عومەری کوردستان دادەنیشن. لە تکریت کۆبونەتەوە، سەعد ئەم هەواڵەی گەیاند بە خەلیفە عومەر. ئەویش نامەیەکی وەڵامی بۆ نووسیەوە، کە سوپایەك رێك بخات بە سەرکردایەتی (عەبدوڵڵا کوڕی

---

83. ماسبزان: دەشتێکە چەند شارێکی تیایە، دەکەوێتە لای راستی شاری (حەلوان) لە رێگەی هەمەدان.
84. معجم البلدان، ج7 ص363.
85. قادة فتح العراق والجزيرة، ص91. اللواء الركن محمود شيت خطاب.
86. تأريخ الامم الاسلامية. محمد خضری بەگ، ص216. ابن اثير. ج2 ص149.
87. كتاب الفتوح. ابن اعثم الكوفي، ج2 ص281.
88. تأريخ الامم الاسلامية. خضری بەگ، ج1. امين زەكی: كوردو كوردستان، ل125.

موعتەم). لە پێشەوە هێزێك بنێرێ بە فەرماندەیی (روبعی كوڕی ئەكفەل) و راست بداتە (حارس كوڕی حسانی زوهلی) و چەپ بداتە (فورات كوڕی حەییانی عجلی) با (عرفجە كوڕی هەرتمە فەرماندەی سوارەكان بێت لە پێشەوە.)[89]

ئەم كۆبوونەوەیەی سوپای رۆم لە (تكریت) هاو زەمان بوو لەگەڵ كۆبوونەوەی سوپای فارس لە (ماسبزان) هەروەك بڵێی بڕیار و رێكەوتنێكی دولایەنی هەردوو ئیمپراتۆریەت بوە لە دژی ئیسلام، كە لەیەك كاتدا هێرش بكەنەسەر ناوچەی حەلوان و جەلولا، بەڵام سەركردایەتی ئیسلامی دەست رۆیشتوتر و خێراتر و بە تواناتر هاتەدەست. ئەوە هەموو هێرشی فارسەكان بوو كە جار دوای جار شكان بەشیان بوو! با ئێستە بزانین سوپای رۆم لە تكریت چی بەسەر دێت.؟

تكریت لە بنەڕەتدا شارێكی كوردنشین بوو، خۆی خۆی تەیار و چەكدار نەكردبوو، بەڵكو سوپای رۆم بە عەرەبەكانی جزیرەوە لە باكورەوە بۆی هاتبون و شەڕیان تێ ئاڵاند بوو!

كە سوپای ئیسلام گەیشت دەبینێ رۆم و ئەنتاق و عەرەبەكان خەنەقێكی گەورەیان بە چوار دەوری شاردا لێ داوە و خۆیان لە پشتیەوە دامەزراندووە. موسوڵمانەكان چل رۆژ گەمارۆی شاریان داو، بیست و چوار هێرشیان كرد، بەڵام هیچی وایان نەكرد.

بە راستی ئەو عەرەبانە سەیرن. هیچیان بە فارس و رۆم ناخوات كەچی بە دڵ و بە گیان یارمەتیان دەدەن لە دژی برا عەرەبەكانیان. بە مەرجێ كە فارس و رۆم زۆر بە نزم سەیریان دەكردن و، تەنها بە شەڕیان دەدان، وە چەندین حكومەتیان رووخاندوون. بەڵام موسوڵمانەكان خێریان بۆ هێناون، دەیانتوانی سودی زۆریان لێ ببینن، چونكە هاوزمان و هاوڕەگەز و هاو خاكن، كەچی شەیتانیان ئەوەندە زاڵە، چونەتە پاڵ فارس و رۆم، كە هیچیان بە وان ناخوات.

نامەكەی عومەر بۆ سەعد بەم جۆرە بوو: (ان سرح الى الانطاق، عەبدوڵڵا بن المعتم و استعمل على مقدمته، ربعي بن الاكفل العنزي، وعلى ميمنته الحارث بن حسان الذهلي، وعلى ميسرته فرات بن حيان العجلي، و على ساقته هاني بن قيس، وعلى الخيل عرفجة بن هرتمة)[90] كە سەعد بیستی سوپای رۆم خەڵكێكی زۆری عەرەبی بە زۆر هێناوە بۆ تكریت و سەنگەریان لێ داوەو خۆیان قایم كردوە بە یارمەتی خێڵە عەرەبەكانی (ئیاد و تغلب و نەمر)، سەعد (عەبدوڵڵا)ی بۆ ناردن بە (5) هەزار كەسەوە، كە بە چوار قۆناغ، واتە چوار رۆژ [91] گەیشتنە تكریت. چل شەو و رۆژ ئەو خەندەقەیان گەمارۆ داو، دەیان هێرشی گەورە و بچوكیان كرد بۆیان نەگیرا. (عەبدوڵڵا) ویستی فێڵێك بكات، تاكتیكێك بەكاربهێنێ (الحرب خدعة). بە نهێنی كەسێكی نارد بۆلای عەرەبە بەگیرهاتووەكانی ناو قەڵاكە بۆ رێكەوتن. ئەوانیش رازی بوون، بە نهێنی نوێنەریان ناردە دەرەوەی خەنەقەكە، دوای وتووێژێك و عەهدوپەیمان مۆر كردن، موسوڵمان بوون. عەبدوڵڵا پێی وتن: شایەتومان بهێنن، شایەتی بدەن كە هیچ پەرستشێك نیە جگە الله، وە محمد پێغەمبەری خوایە. بڕوا بكەن بەوەی كە لە لای خواوە هاتووەو ئەنجا رای خۆتان بڵێن.، عەرەبی ناو خەندەقەكە رازی بوون. ئەنجا نەخشەیەكیان داڕێژا و پێیان وتن: ئێمە لە دەرگای پشتەوە نزیك دەبینەوە، هەوڵ دەدەین بچینە ژوورەوە، ئەگەر چوین و گوێتان لە (الله اكبر)مان بوو، ئەوا بزانن سەركەوتوین و چووینەتە ناو شوراكە، ئەوسا ئێوەش دەرگای لای روباری دجلە بگرن و هەتا ئەتوانن لێیان بدەن).

[89]. الكامل في التأريخ. ابن اثير، ج2 ص149.

[90]. تأريخ الطبري. الامام الطبري، ج4 ص186. رسالة رقم (120) في كتاب رسائل الفاروق.

[91]. قادة فتح العراق والجزيرة. اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص377.

موسوڵمانەکان لە هەڵمەتێکدا چونە ناو شوراو شاری تکریت و (الله اکبر) یان دەست پێ کرد، عەرەبەکانی ناو شوراکەش وەڵامیان دانەوە. ڕۆم شپرزە بوو، هەوڵیان دا لە دەرگای دیجلەوە ڕابکەن. بەڵام شمشێری هەڵکێشراوی پێش و پاشیان گەمارۆی دان و کەسیان لێ دەرنەچوو![92] هەموو شار ئازاد بوو.

رزگارکردنی موسـڵ و نەینـەوا

ئایا عەبدوڵڵا بەوەندە رازی بوو.؟ نەخێر. عومەر دەیزانی کە لە کاتی شکستی بەرامبەردا، چەندەت سەرکەوتن بوێت دەتوانی بەدەستی بهێنی. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت کە سەرکەوتنی ئاوا ئیدامە و ئیدارەکردن و بەخێوکردنی دەوێت!

عومەر نامەیەکی بۆ سەعد نووسی بەم جۆرە: بۆ سەعد. دوای رزگارکردنی (تکریت)، با (عەبدوڵڵا کوڕی موعتەم)[93] و روبعی کوڕی ئەکفەلی عەنزی بە هێزێکی سوارەوە بنێری بۆ سەر دوو قەڵاکە.[94] واتە قەڵای موسڵ و نەینەوا.

پاشان کە تکریت گیرا.(عەبدوڵڵا) ئەم بڕیارەی بۆ (ربعی) دەرکرد: (پێش هەواڵ بکەوەو بە نهێنی شەودا بڕۆ و، ڕۆژ ئیسراحەت بکە هەتا دوای نیوەڕۆ. پاشان هەندێکی تر بڕۆ هەتا دەگەیتە قەڵاکان. لەوێ خۆتان ئاشکرا بکەن.)، پاشان پێی وت: بگەرە ئەو دوو قەڵایە پێش ئەوەی هەواڵی هاتنی ئێمە و روداوی تکریتیان پێ بگات. لەگەڵ خۆت پیاوانی هەرسێ هۆزی (ئیاد و تغلب و نەمر) کە تازە موسوڵمان بوو بوون. ببە بۆ چاوساغی و یارمەتی.

(روبعی) لە جەنگی تکریت دا فەرماندەی پێشەنگ و هێزی سوارە بوو، بۆ موسڵیش هەر سوارە پێویستە، چونکە ئەو خێراییە دوورە بە هێزی پیادە نابڕێ.

عەبدوڵڵا هێزێکی سوارەی خێرای بۆ (روبعی کوڕی ئەکفەل) پێك هێنا، ناردی بۆ ئەو دوو قەڵایەی کە هێزی ڕۆم و عەرەبی ناو تکریتی لێوە هێنرابوو بۆ تەمێ کردنیان! موسڵ و نەینەوا دوو شارن لە لێواری ئەمبەر و ئەوبەری روباری دیجلە لە باکوری تکریت، نەینەوا مەرقەدی (نەبی یونس) و کەلاوەکانی ئاشوریەکانی لێ بوو، سەردەمێك پایتەختی دەوڵەتی ئاشوری بوو، (900) ساڵ پێش زاین.[95].

روبعی پێش هەواڵ کەوت. هەر لە رێی راستەوە کەوتنەڕێ، ئەوەندە خێرا ڕۆیشتن، گەیشتنە مەبەست پێش ئەوەی هەواڵی تکریت و لەناوچوونی سوپاکەیان زانیبێ. هەر ئەوەندەیان زانی چوار دەوری قەڵاکەیان گیرا. بەرگری کەرانی ئەو دوو قەڵایە، سەرەتا سەنگەریان گرت و خۆیان ڕاگرت. بەڵام کە زانیان تکریت گیراوەو، سوپاکەیان تیاچووە، ورەیان بەرداو زۆربەیان داوای رێکەوتنیان کرد. ئەوانەی رازی بوون لە شار مانەوە، ئەوانی تریش شاریان جێ هێشت، کە (عەبدوڵڵا) گەیشتە موسڵ، داوای لە هەڵهاتوان کرد بگەڕێنەوە، پەیمانی

---

92. الكامل في التأريخ. ابن اثير، ج2 ص203.

93. عەبدوڵڵا کوڕی معتەمی عەبەسی: ڕزگارکەری محوەری دجلە لە مدائنەوە هەتا موسڵ. لە سەردەمی پێغەمبەر دا موسوڵمان بوو، یەکێك بوو لەو (نۆ) کەسەی کە بوو بوونە نوێنەری هۆزی (عەبەسی) بۆ لای پێغەمبەر و موسوڵمان بوون. داوای دوعای خێریان کرد، پێغەمبەر ئەم نۆ کەسەی کردە سریەیەك و ئاڵایەکی سپی دانێ و ناردنیە رێی کاروانێکی قوڕەیش. بەشداری جەنگەکانی سەعدی کرد لە عێراق، بەشداری جلولا و تکریت و موسڵی کرد و هەتا مرد هەر لە جیهاددا بوو بۆ خوا.

94. الكامل في التأريخ. ابن اثير، ج1 ص202.

95. معجم البلدان: ج8 ص268.

دانێ کە مافیان دەپارێزێ و هەموو سەربەست و ئازادن لە ژیان و بیروباوەڕیاندا. ئەوانیش گەڕانەوە و ڕێکەوتنیان مۆر کرد.[96]

(ڕوبعی کوڕی ئەکفەلی عەنزی)[97] وشە بە وشەی بڕیارەکانی سەرکردەکەی جێبەجی کرد، چونکە سەربازی چاك دەبێ پەیوەست بێ بە بڕیارەکانی سەرکردایەتیەوە دەنا وەکو (عەلا)ی لێ بەسەر دێ کە پێشتر باسمان کرد، سەرباز نابێ سەرکردایەتی نەبێت، نابێ پەیوەست نەبێ بە غورفەی عەمەلیاتی خۆیەوە، دەنا ئەوەی ڕوو دەدات، وەك خۆی لێ نایەتەوە، سەرکردایەتیش دەبێ زۆبتی خوارەوە بکات و، سەرکردایەتی عومەر چاکترین ئیدارەو ڕێکخستن و بڕیاری بوە. کە دەکرێ بکرێتە قوتابخانەی جەنگی و زانیاری بەڵێ، ڕوبعی بە یارمەتی عەرەبەکانی ئەو خێڵە تازە موسوڵمان بوانە هەدەفەکەیان پڕ پڕ پێکا، بەبێ شەڕو ناو زڕان و هاڵە و گاڵە گەیشتنە دەرگای هەردوو قەڵاکە، بە بێ ئەوەی پێیان بزانن، پێش هەواڵ کەوتن.

ڕوبعی هێزەکەی سوارە بوو، خۆی پێشەنگ بوو، تا دەرگای مەبەستی دیاری کراو. عومەر هیچ کەسی لێوەربگرێ.

لەبیر نەدەکرد، سودی لە توانای هەر هەموو وەردەگرت، لە کات وسات و شوێنی خۆی دا بەکاری دەهێنان.

جێبەجێکردنی هونەری (مباغتە) یەکێکە لە جەنگە خێرا سەرکەوتوەکان. کە پێش هەواڵ بگەیتە مەبەست.

یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی سەرکەوتن و وڕە بەردان و تۆقاندنی دوژمن، موسوڵمانەکان پێش هەواڵ کەوتن، سەرکەوتن، ماوەی نێوان تکریت و موسڵیان لە کەمترین کاتدا بڕی. بەڵام سوپای (حولەفا) ئەو ماوەیەی بە (یەك ساڵ و نیو) بڕی لە جەنگی جیهانی یەکەم دا.[98] هاوپەیمانان دوو جار لەبەردەم موسڵ شکان و گەڕانەوە کەرکوك، هەرچەندە بەهێزترین و نوێنرین چەکیان پێبووو، ئەوەش سوپای ئیسلام بوو بە سادەترین چەك و بەهێزترین باوەڕەوە. کات و شوێن، سەرکردەی لێزان دەیگونجێنێ. تاکتیك و لێدانی موسوڵمانەکان، لەو هێزە لێدەرەی (قوة ضاربة)ی موسڵ کە لە خەندەقی تکریت دا خۆیان دامەزراند بوو، بە جۆرێك لێیان دان یەك کەسیان دەرنەچوو هەواڵ بباتەوە بۆ موسڵ، موسڵیش هێزێکی وای تیا نەما بوو بیپارێزێ. زەرەری ڕۆمەکان لەو جەنگە دا زۆر بوو، هەموو هێزەکانیان فەوتا، تکریت و موسڵ گیرا، عەرەبەکانیان لە دەست چوو و دایانە پاڵ موسوڵمانەکان. خۆسازدانەوەی سوپای ڕۆم لە موسڵ کات و هەواڵی تکریتی دەویست، بەڵام (ڕوبعی) پێش کات و هەواڵ کەوت. شەووڕۆژی نایە سەر یەك هەتا نەخشەی عومەر لە مەدینەوە و لە دوری (1500) کیلومەترەوە جێبەجێ بکات و نکولی نەکات!

ئەوەیە بیرباوەڕ و ئەوەیە گوێ ڕایەڵی سەرکردە و بەجێهێنانی بڕیاری سەرەوە، سەرکردە ئیسلامییەکان بە ئاگابوون لەوەی سوپای موسڵ گەیشتوەتە تکریت و نەخشەکەیان لە سەر ئەوە داڕێژا بوو. عومەر نامەی نووسی کە (ڕوبعی) بەسەر موسڵەوە دابنێ و، (عرفچەی کوڕی هەرسومە)[99] بەسەر نەینەواوە دابنێ. (عرفچە) لە موسڵ مزگەوتێکی دروست کرد، هەتا سەردەمی خەلیفە عوسمان والی موسڵ بوو.

---

[96]. اسد الغابة، ج3 ص264.

[97]. ربعی کوڕی ئەکفەلی عەنزی : لە سەردەمی پێغەمبەردا موسوڵمان بوو، بەشداری جەنگی رە دەو هەڵگەڕاوەکانی کرد، پاشان چووە عێراق بەشداری جەنگەکانی کرد، دوای فەتحی مدائن ناوی دەرکرد، بو بە فەرماندەی پێشەنگی سوپای (عبدالله) بۆ گرتنی (تکریت). پاش ئەوە بوو بە سەرکردە بۆ رتنی دوو قەڵای نەینەوا و موسڵ، پاشان خەلیفە عومەر داینا بەسەر حو کمڕانی موسڵەوە، کاری ئاسان کرد بۆ فەتح کردنی هەرێمی جزیرەی ابن عمر (بۆتان).

[98]. قادة فتح العراق والجزيرة. اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص384.

[99]. عرفچە کوڕی هەرسومەی بارقی : یەکەم فەرماندەی ئیسلام بوو سواری دەریا بوو لە بحرین پەڕیەوە، وە یەکەم کەس بووە چوە موسڵ، لە سەردەمی پێغەمبەردا موسوڵمان بوو لە ساڵی نۆی کۆچی دا، ابوبکر عرفچەی نارد بە فەرماندە بۆ سەر هەڵگەڕاوەکانی مهرة) لە یەمەن، پاشان

عەبدوڵڵای سەرکردە لە موسڵ مایەوە هەتا (سەعد)ی سەرکردەی بانگی کردەوە کە بە هێزەکەیەوە بگاتەوە مدائن و پێکەوە چوون بۆ شاری کوفە.[100]

لەم باسانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە عومەر ئاگاداری نەخشەی هەموو ناوچەکان بوە، شار و قەڵاو شاخ و چەم و دۆڵ و سەربازگە و فەرماندە و سەرکردەکانی فارس و رۆمی لەبەر دەستدا بووە، دەیزانی چی دەکا و بۆ کوێ دەچێت. ئەم زانیاریانە چۆنی دەست کەوتوە، مێژوو بۆمانی باس ناکات، (یان هێشتا من رێم لێی نەکەوتوە. نووسەر)، عومەر سوپایەك دەنێرێ. دەزانێ کێ لە فەرماندەکانی بۆ ئەو ناوچەیە و سروشتی خەڵکی ئەو ناوە و سروشتی پێك هاتویی خاکی ئەو ناوچەیە چاکە. هیچ کارێکی بە هەرەمەکی نەکردووە و لە خۆیەوە ملی نەناوە. هەموو ئیحتیاتێکی ئەو جێگە و ئەو جەنگ و هێرشانەی دەزانی و زەخیرەی بۆ ئامادە دەکرد، شوێنەکەشی بە نەخشەی پێشوو زانیوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (2)

جەنگی هیت و قرقیسیا

زۆر بەسەر جەنگی تکریت و موسڵدا نەڕۆیشتبوو، کە رۆم ویستی تۆڵەی ئەو زیانە گەورەیەی بکاتەوە کە بەسەری هاتبوو لەو ناوچانەدا. بە یارمەتی خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە سوپایەکی زۆری کۆکردەوە، هەواڵ گەیشتە (سەعد) لە (کوفە) کە عەرەبەکانی هەرێمی جزیرەی ئیبن عومەر (کوردستان) یارمەتی هەرقلیان داوە بە دوو سوپا. یەکێکیان ناردوە بۆ شاری (هیت) لە نزیك (رومادی). بە تەمان هێزی‌دوەم بنێرن بۆ گرتنەوەی شاری (حومص) کە زۆر نیە سوپای ئیسلامی شام رزگاریان کردوە، هەتا ئێرەش عومەر نیەتی نەهێناوە بە تایبەت سنووری کوردستان ببەزێنی. بەڵام ئەم یارمەتیانەی خێڵە عەرەبەکانی (نەمر و ئیاد و بەنی تەغلوب و.) وای کرد کە عومەر داوا بکات مشوری کپ کردنی سەرچاوەی ئەم هێزانە بخورێت. دەنا هەتا ئێستا هەر بە لێواری سەر سنووری کوردستاندا هاتوە، لە جلولاوە بۆ تکریت و موسڵ یان بۆ خانەقین و حەلوان. هێزێکی عەرەبەکانی ناو خاکی کوردستان کە روون نەبووەتەوە ئەو عەرەبانە چۆن لە خاکی جزیرەی کوردستاندا جێگیر بوون، بەرەو خوار هاتووە بۆ (هیت و قرقیسیا)، عاریان نەناوە لەوەی بەسەریان هات لە تکریت و موسڵ و نەینەوا.

(سەعد) نامەی بۆ عومەر نووسی کە خەڵکی جزیرە هێزیان ناردووە بۆ شاری هیت بۆ یارمەتی سوپای رۆم، عومەر وەڵامی نامەی نووسیەوە:

(ان ابعث اليهم عمر بن مالك بن عتبة بن نوفل بن عبد مناف، في جند، و ابعث على مقدمته الحارث بن يزيد العامري، وعلى مجنبته ربعي بن عامر و مالك ابن حبيب)[101] .

(عومەر کوڕی مالك) بەرەو (هیت) جوڵا، (حارسی کوڕی یەزید)ی لە پێشەوە نارد هەتا نزیك بوونەوە، دەبینێ خەنەقێکی قوڵ و گەورەیان بە دەوری خۆیان و شاردا لێ داوە، کە عومەر گەیشت و ئەوەی بینی، زانی زۆر بەهێزە و گەمارۆی درێژە دەکێشێ " سوپاکەی کردە دوو بەشەوە، بەشێکی دانا بۆ بەردەوامی گەمارۆکە، نیوەکەی تر خۆی بردی بۆ سەر شاری (قرقیسیا)[102] ، تەنانەت خێمەکانی خۆی تێك نەدا وتی با خەڵکی هیت نەزانن کە نیوەی سوپاکەمان بردوە. زۆر بە ئاسان (قرقیسیا)ی تەواو کرد، لەگەڵ خەڵکەکەی رێکەوتن کە جزیە بدەن و لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە، بەڵام هیت هەر سوور بوون لەسەر خۆ قایم کردن.

نەهاتە عێراق و لە جەنگی جسر و بویب و قادسیە و مدائن و ئەهواز و تستر و تکریت و رامهرمزدا بەشداری کرد، هەتا بو و بو والی موسڵ پاشان عوسمان لای برد و کردی بە مجاهد و ناردی بۆ وڵاتی فارس.

[100]. تأريخ الطبري. الامام الطبري، ج3 ص147.

[101]. رسائل الفاروق. عبداللطيف اسماعيل، رسالة رقم (121).

[102]. قرقیسیا: شارێکە لەویا کە سێ‌گۆشەی ئاوی خابور دەڕژێتە رووباری فورات .

سوپایەك خۆی بە شت بزانێ و لەو دوورەوە بێت، هەق وایە لە مەیداندا بەرامبەر دوژمنەکەی سنگ دەرپەڕێنێ. نەك خەنەقێك بکەنە قەبر و بچنە ناوی، ئەم ترس و لەرزە ئازایەتی نیە، خۆ بە کوشت دانە و ورە روخانە.

عومەر[103] زانی خەڵکی هیت سوورن لەسەر خۆ حەشاردان. لە قرقیسیاوە نامەیەکی بۆ (حارس) نووسی: (ئەگەر خەڵکی هیت وەڵامیان دایتەوە، ئەوا وازیان لێ بێنە با ئازاد بن و دەرچنە دەرەوە. دەنا خەنەقێك لێ بدە بە دەوری خەنەقەکەی ئەواندا و، با دەرگاکەی لای خۆتەوە بێت، هەتا بزانە چی دەکەن.)[104] حارس نوێنەری نارد بۆ لای خەڵکی هیت و پێی وتن: (نیازمان وایە کە هەتا مردن نەهێڵین دەربچن. ئەگەر واز نەهێنن و هەر سوور بن لەسەر خۆ حەشاردان، ئەوا فرسەتێکی چاکتان لە کیس دەچێت کە رزگار بون و نەکوژران و ئەسیر نەبوونە.) لە نامەیەکی تردا حارس دەڵێت: (خەنەقێك بە دەوری خەنەقەکەتاندا هەڵدەکەنم و ناهێڵم بجوڵێن هەتا هەموو دەمرن و هیت تەسلیم دەبێت. ئەوەشی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری لە چەکداران، دەتوانن بە سەلامەتی بڕۆن.) کە چەکدارەکان زانیان ئەمە گەمارۆی مردنە، خێڵە عەرەبەکان وەڵامیان دانەوەو شاریان چۆڵ کرد و گەڕانەوە بۆ جزیرە.[105] ، حارس و سوپاکەی بێ شەڕ چونە ناو شاری (هیت).

خەلیفە عومەر لە خۆیەوە ئەم فەرماندە سوپاییانەی دەستنیشان نەکردووە، ئەو فەرماندەیەش هەر بۆ گاڵتە و لە تەمەڵیدا نیە خێمەکانی جێ دەهێڵێ. ئەمە بیرۆکەی سەرکردەیە کە بە نامەیەك یان هەڕەشەیەك شارێك تەسلیم دەبێت، ئەوە هونەری جەنگییە.

لەم جەنگە بێ هودانەی خێڵە عەرەبەکاندا ئەوە روون دەبێتەوە، کە ئەم خێڵە عەرەبانەی کە لە خاکی کوردا دەژین هار و دڕندەن و رۆمەکان هەڵیان دەنێن، خاکی بیابانی خۆیانیان پێ جێهێشتوون و بە زۆر خاکی بە پیت و بەراوی هەرێمی جزیرەی بەسەردا دابەش کردون و ئەوانیش دیفاع لە رۆم دەکەن. خاڵێکی تریش ئەوەیە کە لەوە دەچێت کوردەکان نەهاتبن بە دەم رۆمەکانەوەو یارمەتیان نەدابن. رۆمیش عەرەبی خێڵەکی بەسەردا فەرز کردون. جگە لەوە لە جێیەکی تردا باسم کرد کە ئەم خێڵە عەرەبانە پێشتر لە ناوچەی بەسرە دەژیان و هەمان کاریان بۆ فارسەکان دەکرد. ئەمانە لەوە دەچێت کرێگرتە بن و سیخوڕو شەڕانی بن و کاریان تەنها جاشایەتی بووبێت.

سەرکردایەتی عومەر وەها بوو، هیچ فەرماندە و جابی و سەربازێکی لە بیر نەدەکرد، ناوی هەموویانی لە تۆمارگەیەکدا نووسیبوو. هەر ئەوە بوو وای کردبوو کە لای هەموان گەورە و بەرز و رەمز دەبینرا و، زۆر بە ئاسانی داواکاریەکانی جێبەجێ دەبوو!.

---

103. عومەری کوڕی مالکی زوهدی : خێڵی زوهدی زۆر دوژمنی ئیسلام بوون، بەڵام ئەم پیاوەشیان تیا هەڵکەوت،الاصابة في تميز الصحابة، ج4 ص282). لەگەڵ خالید دا لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا بەشدار بوە، پاشان لەگەڵیدا چوو بۆ عێراق و شام و لە هەموو جەنگەکاندا بەشدار بوە، پاشان لەژێر سەرکردایەتی (هاشم) دا چوو بۆ جەنگی جلولا، هاشم گەڕایەوە مدائن " بەڵام ئەم هەر خۆی دا بە دەم شاڵاوی جهادی دژی کافرانەوە اسد الغابة،ج4 ص81).

104. حارس کوڕی یەزیدی عامری .

105. قادة فتح العراق والجزيرة. اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص405.

بەشی چـــوارەم

* هەرێمی جزیرە و کلکــــــە نەوتینەی خێڵە عەرەبەکان
* بۆچی سوپای ئیسلام رویکردە هەرێمی جزیـــرە
* رزگارکردنی هەموو شارە کوردییەکان بە ئاشتی
* شاری رقــــــــە
* شاری رەهـــا و حــەڕان
* شاری رەئس عیون
* شاری قرقیسیا
* شاری نوسێبین
* ئە نجامی ڕووداوەکان
* بارودۆخی شام دوای ڕووداوەکانی جزیرە
* خولی دەرچوونی ئەفسەر و فەرماندەی سەربازی
* حاکمی شاری رەی پێشوازی لە یەزدگورد دەکات

هـەرێمی جزیرە

کوردستانی گەورە لە پێش ئیسلامدا کرابوو بە سێ بەشەوە:

1- هەرێمی چیـــــا

2- هەرێمی شارەزور

3- هەرێمی جزیرە

هەرێمی جزیرە کەوتبوە باکوری رۆژئاوای کوردستانەوە، دییار (خزر) و دییاری (رەبیعە) و، دییاری (ئیاد) و، دییار بکر و، (بەنی تەغلوب) و شارەکانی ئورفە و نوسێبین و رەها و رقە و ماردین و ئامێدی و میافارقین و رەئس عیون و جزیرەی (ئیبن عومەر)ی دەگرتەوە.[106]

ئەم ناوچەیە بۆیە پێیان دەگوت (هەرێمی جزیرە)، چونکە دەکەوێتە نێوان سەرەتای دەستپێکردنیهەردوو رووباری دجلە و فوراتەوە[107]. ئەم ناوچەیە ئەمرۆ بە جزیرەی (ئیبن عومەر) و جزیرەی (بۆتان) ناودارە، هەوای پاك و ژیان و گوزەرانی خۆش و پڕ خێراتە، شارو قەڵاو شورای زۆری تێدایە، ناوچەیەکی شاخاوی و چڕە، کەشتیەکەی نوح لە سەر شاخی (جودی) لەم هەرێمەدا نیشتۆتەوە، لەبەرئەوە ناوچەکە بوەتە (لانکی دووەمی مرۆڤایەتی) واتە قوناغی دووەمی ژیانی سەر زەوی دوای تۆفان، لێرە وە دەستی پێ کردوە و بە هەموو جیهاندا بڵاوەیان کردووە.[108]

مێژوونووسان دەڵێن: حەوت هەزار ساڵ پێش زایین، یەکەم جموجۆڵی ژیان و چاندنی گەنم و، ئاسەواری کێڵان و هارین لەم ناوچەیەدا هەبوە.[109]

لە سەرەتای ئیسلامەوە، کە هێشتا سنوری ئیسلامەتی لە شاری مەککە و مەدینە تێنەپەری بوو، خەڵکی ئەم ناوچەیە کە لە زووەوە چاوەڕوانی هاتنی پێغەمبەری چاوەڕوان کراویان دەکرد، هەر کە هەواڵی دەرکەوتنیان پێ گەیشت، دەم ودەست وەفدێکی دوانزە کەسی پێك دەهێنن و بە نهێنی و بە ناوی بازرگانیەوە دەینێرن بۆ مەدینە، بۆ زانینی هەواڵ و، ناسینی پێغەمبەر و، راگەیاندنی پشتگیری خۆیان بۆ ئاینە نوێیەکە، ئەو وەفدە ناونرا (بازرگانانی هۆزی باجن)، بەم نمونەیەدا دەردەکەوێت کە کورد پێش هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، بەپێی خۆیان چوون و ئیسلام بونی خۆیان راگەیاندوە، کە هێشتا ئیسلامەتی لە سنوری تەسکی مەککە و مدینە و نیوە دورگەی عەرەب تێنەپەری بوو.[110]

ئەمین زەکی ئەمە دەسەلمێنێ و دەڵێ: (گەلی کورد وەکو مێژوونوسانی بروا پێ کراو دەڵێن، لە شانزەهەمین ساڵی هجرەتدا لە دوای فەتحی (حلوان و تکریت) لەگەڵ سوپای ئیسلامدا پەیوەندیان کردوە، بەڵام پێویستە بزانین کە لە پێش ئەم مێژوەش دا، هەندێ تەماس و ئهتدای تری کورد بوە، کە (روح المعاني ئالوسی) و(الاصابة في تميز الصحابەی ئیبن حجر) باسیان کردوە.[111] هەرێمی جزیرە کوردنشینە و ولاتی کۆنی کوردە، بەلام چەند خێڵێکی عەرەبیش، لەگەڵ کوردەکان دا دەژین، کە لە نیوە دورگەی عەرەب و شامەوە کۆچیان کردوە، هۆی کۆچ

---

[106]. معجم البلدان، ياقوت الحموي. ج2 ص138.

[107]. العقد الفريد، ابن عبد ربه. ج7 ص243.

[108]. ئاینی کورد، حسن محمود حمه کريم. ل7. 1997.

[109]. گۆڤاری (هەزارمێرد). ژ3. ل188. سلێمانی 1998.

[110]. کابانی کوردی، حسن محمود حمه کريم. ل10 0 بازرگانانی هۆزی باجن

[111]. کوردو کوردستان، محمد امین زکی. ل123. مهاباد، چاپخانەی سیدیان.

کردنەکەیان رون نیە وەك خێڵی (ربیعە) و (ئیاد) و (بکر) و (بني تغلب). ئەم عەرەبانە چونکە خاکی خۆیان نەبوو بۆ پشتگیری لە خۆیان و، مانەوەیان بە گوێرەی رۆژگار، دەیانداپە پاڵ (فارس) یان (رۆم).

ئەم عەرەبانە پێشتر لەگەڵ فارس بوون و، بە یارمەتی ئەوان دەژیان، بەڵام دوای گیرانی (مەدائن) پایتەختی فارس، لەلایەن سوپای ئیسلامەوە و، دوورکەوتنەوەی فارس لە سنووری ئەمان، دایانە پاڵ ڕۆم و سەربازیان دەدایە سوپای ڕۆم وەك کرێ گرتە.

(کارل بروکلمان) دەڵێ: (خەڵکی ئەسڵی جزیرە کە کوردن سەرشۆڕو چەوساوەبوون لەلایەن کەنیسەی ئەرسوزۆکس کە بە زۆر لەو ناوچەیەدا بڵاوەیان بە ئاینەکەیان کردبوو، دەیانوسیت یەك سروشت بۆ مەسیح دابنێن.)[112]

(ئەمین زەکی) بۆ هاتنی ئاینی عیسەوی بۆ کوردستان دەڵێ: ئاینی عیسەوی ساڵی (33)زاینی هاتە ئەرمەنستان بەڵام ڕەغبەتی نەبوو، هەتا سەرەتای سەدەی چوارەمی زاینی، کە بە یارمەتی و زۆری حکومەتی رۆما، لە سوریەوە گاورێتی هێنرایە ئەرمینیە و کوردستان، قراڵی ئەرمەنیە قبوڵی کرد، بەڵام کوردەکانی کوردستان گوێ یان نەدایە، لەسەر ئاینی زەردەشتی مانەوە، هەوڵ و هاندانی قەشەکان کاری لێ نەکردن.)[113]

بەڵام مامۆستا ئەمین زەکی بۆ هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان دەڵێ: (هەر لە دەرکەوتنی ئیسلامەتیدا و هەر لە یەکەم پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامەکاندا کوردەکان، تێفکرین و دیان، ئەم ئاینە نوێیە بە تەواوی موافقی تەبع و وجدانیانە، لەبەر ئەوە وەکو (سور مارك سایکس) دەڵێ: بەئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد بە شێوەیەك کە (بەربەر)ە کانی ئەفریقا و (تورك)ە کانی تورکستان بەو جۆرە بەدڵ و شەوق قبوڵیان نەکرد....[114]

بۆچی ســوپــای ئیسلام رووی کردە هەرێمی جزیرە؟

بنکەی سەربازگەی عێراق بە سەرکردایەتی (سەعد)، جلولاو خانەقین و حەلوانیان رزگار کرد لە چنگی فارس.

بنکەی سەربازی شام بەسەرکردایەتی (ئەبو عوبەیدە) زۆربەی فەلەستین لوبنان و سوریەیان رزگار کرد لە چنگی رۆم و کەوتنە رێ بەرەو شاری (حومس). کە(هەرقل) ئەو هەواڵەی زانی، شاری (حومس) یان چۆڵ کردو کشانەوە بۆ شاری (ئەنتاکیە)، پاشان چوو بۆ شاری (ڕەها) لە جزیرە، بۆ هاندانی هۆزە عەرەبەکانی ناو عێراق بۆ جەنگ و کۆکردنەوەیان بۆ چونە سەر (حومس) و گێڕانەوەی ئەو شارە لە چنگی موسوڵمانان.

ئێستە هێزی (رۆم)[115] لە سوریە و شام نەماوە. هەموویان بەرەو ژوور هەڵهاتوون. جگە کەمێك لە خێڵە عەرەبەکان، هەموو شام بە حوکمی موسوڵمانان رازی بوون، هەندێ لە خێڵە عەرەبەکانی جزیرە لەناو عێراقەوە،

---

[112]. تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ص98، الطبعة السابعة، بيروت 1977.

[113]. کوردو کوردستان، محمد امین زکی. ج3، 2، 1. ل122. مهابات.

[114]. هەمان سەرچاوە، ل123.

[115]. حکومەتی رۆم: دووەم ئیمپراتۆریەتی گەورەی سەر زەوی بوو کە فارس و رۆم زەویان لە نێوان خۆیاندا بەش کردبوو، . پایتەختی رۆم شاری (رومیە) بوو، کە دەسەڵاتی بە سەر هەموو ئەوروپا و بە شێك لە ئاسیا و باکوری ئەفریقا دا دەڕۆیشت . بەو فراوانیە مایەوە هەتا سەردەمی قەیسەر (تیود قیوس). ئەم پاشایە لە ساڵی 395 ی زایینی دا بیری کردەوە کە ئەم حکومەتە فراوانە ناوڵات بەۆە، وای بە چاك زانی لە نێوان دوو کوڕەکەی دا بیکات بە دوو بەشەوە، بەشی ئەوروپا کە پایتەختی (رومیە) بوو دای بە کوڕە بچووکەکەی . بەشی رۆژهەڵات و خواروو کە بەشی ئاسیاو باکوری ئەفریقا و ئەورووپای رۆژهەڵات بوو دای بە کوڕە گەورەکەی کە ناوی (رقادیوس) بوو، وە شاری (قسطنطینیة)ی بۆ کردە پایتەخت، ئەم پاشایە هەتا ساڵی (408)ی زاینی حوکمی کرد. ئەم دوو کەرت کردنە لە بەرژەوەندی ئەو ئیسلامە بوو کە (250) سڵێ تر نێ و رۆم دەبێە رێگر لە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا. پاشا دوای پاشا هاتن، هەتا سەرەهاتەسەر (هەرقل) کە ئەمۆ دەیەوێ بە یارمەتی عەرەبەکانی هەرێمی جزیرە (حومس) بگرێتەوە لە شام.

نامەیان بۆ پاشای ڕۆم نووسی، داوایان لێ کردن خۆیان کۆ بکەنەوە و، بگەڕێنەوە بۆ دوژمنایەتی موسوڵمانان، بەتایبەتی هۆزی (بەنی تەغلوب) کە لە ساڵی (13) ی کۆچییەوە بەردەوام فارس و ڕۆم هانی دەدان لە دژی ئیسلام. ئەم عەرەبانە پێشتر لەگەڵ فارس بوون، بەڵام دوای گیرانی (مەدائن) پایتەختی فارس لە لایەن سوپای ئیسلامەوە و دورکەوتنەوەی سوپای فارس، چونە پاڵ ڕۆمەکان.!

ئەم خێڵە عەرەبانە زۆر دەجولێن، بەڵام لە هیچ مێژوییەکدا نابینی، کوردەکانی ئەم هەرێمە ڕێکەوتنێك لەگەڵ فارس و ڕۆم مۆر بکەن و دژایەتی سوپای ئیسلام بکەن.[116]

خێڵ و هۆزە عەرەبەکانی جزیرە، نامەیان نووسی بۆ هەرقل و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ دوژمنایەتی ئیسلام، بەردەوام نامەیان دەگۆڕییەوە و دڵسۆزی خۆیان ڕادەگەیاند بۆ ڕۆم. کارێکی وایان کرد کە هەرقل رای بگۆڕێ و نیەت بهێنێ و هەوڵ بدات کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ شام. دەنا دەستی لە شام شۆرد بوو. هەرقل چووە سەر ئەقڵی ئەوان، نامەی نووسی بۆ خێڵە عێراقی و شامیەکان و هانی دان، یارمەتی و پارەی بۆ ناردن، بۆی نووسین کە کەشتیە دەریاییەکانی سەلامەتن، سوپای بێشوماری ئامادەیە کە سواری دەریا ببن و لە وشکانیەکانی سوریا دابەزن. بۆی نووسین کە لەسەر خێڵە عەرەبەکان پێویستە خۆیان ئامادە بکەن و بگەنە شاری حومس. خێڵە عەرەبەکانی جزیرەش بە تەنها ئامادەیی خۆیان دەربڕی و وەڵامی هەرقلیان دایەوە کە (هەر هەمووومان لە ماڵەکانمانەوە ئامادەین و لە جوڵەداین بەرەوحومس بە هێزێکەوە کە 30 هەزار کەس دەبین) پاشان هەرقل نامەو نوێنەری نهێنی نارد بۆ خەڵکی سوریە و هانی دان پەیمان لەگەڵ موسوڵمانەکان بشکێنن و ڕاپەڕن لە دژی موسوڵمانەکان. نامەی نهێنی گەیشتە (حومس)، کە (هەرقل) بەڕێوەیە بەرەو لاتان و نیازیەتی حومس و سوریە پاك بکاتەوە لە سوپای ئیسلام.![117]

شارەکانی(ئەنتاکیە) و (حەڵەب) و (قلنسرین) وەڵامی نامەکەی هەرقلیان دایەوە و لای خۆیانەوە پەیمان شکێنیان کرد، بەڵام خەڵکی (حومس) وەڵامیان نەدایەوە و پەیمانیان لەگەڵ موسوڵمانەکان نەشکاند، بڕوایان بەو جموجوڵە و سەرکەوتنی ڕۆم نەبوو، بە ئاشکرا لە نامەکەدا بۆ هەرقلیان نووسی (ئێمە حوکمی ڕۆممان ناوێ و ڕازین بە حوکمی ئیسلام.) (لیوا شاکر) دەڵێت: (زۆربەی خەڵکی شام داواکەی هەرقلیان ڕەت کردەوە، تەنانەت کەمێك لەو سێ شارەی کە ناومان بردن، پەیمانیان شکاند. هەر زوو پەشیمان بوونەوە).

هەواڵ گەیشتە (سەعد کوڕی ئەبی وقاس) سەرکردەی بنکەی سەربازی عێراق و ئەمیری کوفە. کە سوپایەکی زۆری ڕۆم لە سوارەو پیادە لە (هەرێمی جزیرە) کۆبونەتەوە و چەك و جبەخانەیەکی زۆریان پێیە. (سەعد) نامەی بۆ (خەلیفە عومەر) نووسی و هەموو شتی تیا باس کرد، لەوانە: (ئەگەر جزیرە نەگیرێ، وڵاتی شام هەر لە خەتەر دا دەبێ، مادام جزیرەمان بە دەستەوە نیە، وڵاتی شام ئارام نابێت و هیچمان بۆ ناکرێت، ڕۆمەکان شەڕی (هیت و تکریت و موسڵ) یان بە عەرەبەکانی جزیرە کرد.)[118]

هەمان هەواڵ گەیشتە (ئەبو عوبەیدە کوڕی جەراح) سەرکردەی سوپا و ئەمیری شام کە سوپایەکی زۆری (ڕۆم) لە جزیرە کۆبونەتەوە، دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر شاری (حومس) و لە موسوڵمانەکانی بسێننەوە، ئەبو عوبەیدەش لای خۆیەوە نامەی بۆ خەلیفە (عومەر) نووسی!

عومەر لە شاری (مەدینە) وە هەردوو نامەکەی هەڵسەنگاند و بۆ موسوڵمانەکانی خوێندەوە. لە بیری ئەوە دابوو نەخشەیەك دابڕێژێ، بۆ ئەو مەبەستە چەند دانیشتن و ڕاگۆڕینەوەیەکی کرد.

[116]. بوانە القرآن الکریم – سورة (التوبة) – الآیة (97)

[117]. یرموك وتحریر دیار الشام، اللواء الرکن المتقاعد شاکر محمود راضی، ص182 بغداد 1986.

[118]. کتاب الفتوح، ابن اعثم الکوفي. ج1 ص325. دار الندوة. بیروت 1926

ڕۆمەکان نیەتیان هێنابوو، کە خاکی شام بگێڕنەوە، بە چەند قۆناغێك، قۆناغی یەکەم شاری (حومس) بوو، بەڵام ڕۆم هیچ هێزێکی لە بەرەی پێشەوەی جەنگی حومس نەبوو، چەند هێزێکی کەمی لە نزیك شارەکانی (قلنسرین و حەڵەب و ئەنتاکیە) هەبوو بەشی پارێزگاری ئەو شارانەشی نەدەکرد، هیچ هێزێکی ئامادە و لێدەر (قوة ضاربة)ی نەبوو، لەبەرئەوە کاتێکی زۆری دەویست هەتا سوپایەکی باش کۆبکاتەوە.

عومەر پێشەکی نامەیەکی خۆ ئامادە کردنی بەم جۆرە بۆ (سەعد) نووسی لە(کوفە):

(بۆ سەعد لەلایەن خۆتەوە هێزێك بنێرە بۆ جزیرە و یەکێك لەم سیانە بکە بە فەرماندەیان. خالید کوڕی عرفتە، یان هاشم کوڕی عوتبە، یان عیاز کوری غەنەم.)[119]

بارودۆخ لە ئەردەن و فەلەستین زۆر باش بوو، دەتوانرا هێزێکی ئحتیاتی لێوە بهێنرێ بۆ ناوچەی (حومس). بارودۆخی عێراقیش زۆر باش بوو، تازە بە تازە سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێنا بوو لە (حەلوان و جەلەولا)، دەیان توانی یارمەتی بنێرن بۆ شام، هیچ نەبێت خێڵە عەرەبەکانی جزیرە لە کۆڵ شام بکەنەوە، بەرەی جەنگی عێراق بڕیاری‌دا چەند خۆدەرخستنێکی سەربازی، بەرەو باکور بکات هەتا عەرەبە خێڵەکیەکانی جزیرە بترسێنێ و بیان وەستێنێ و نەجوڵێن بەرەو سوریە. پەیوەندی کرا لەگەڵ سوپای شام، بۆ تەنسیق کردن و ڕێکخستنی جموجۆڵەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستە هەردوولایان نامەیان بۆ خەلیفە نووسی، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر بوو، کاتیش ئەوەی دەخواست. بەرەی جەنگی عێراق، جگە نەخشەو نامەکەی عومەر سێ ڕەتڵی تریشی ئامادە کرد، لە ناوچەی جۆراوجۆرەوە و، بەرەو شوێنی جیاواز، بۆ جزیرە و سنوری سوریا ناردنی کە تەنها هەر بۆ خۆنیشان دان و سەرلێشێوان بوون کە ئەمانەن:

1- عەبدوڵڵا کوڕی موعتەم....... لە موسڵەوە بکەونە ڕێ.

2- عەمرو کوڕی مالك.......... لە کوفەوە بەرەو باکور بۆ قرقیسیا.

3- وەلید کوڕی عوقبە.......... بەرەو جزیرە بڕوات.

وا ڕێك خرابوون، کە هەرسێکیان بە شێوەیەکی سێ گۆشە بڕۆن، دوو ڕەتڵ لە پێشەوە، ڕەتڵی سێهەم لە پشتیانەوە، بە ناوەڕاستیاندا، وەکو ئیحتیات.

هەواڵی ئەم سوپایە گەیشتە جزیرە. عەرەبەکانی ئەو ناوە نەیان وێرا بجوڵێن و بەرەو سوریە بکەونەڕێ هەتا بزانن ڕوی ئەو سێ سوپایە لە کوێیە.؟

ئەم جموجۆڵە و نامانەی عومەر، هەر بۆ ترساندنی عەرەبەکانی جزیرە بوو، هەتا بیان وەستێنێ و، هێرش نەکەنە سەر (حومس)، هەتا لە نیازی تەواوی هەرقل تێ بگا، ئەوسا بڕیار بدات. ئەوەی تا ئێستە عومەر کردویەتی بۆ مشاغەلەی ڕۆم و عەرەبەکانی جزیرە بووە.

گواستنەوەی سوپای میسر بۆ سوریە

هەرقل داوای کرد، کەشتیەکان ئامادە بکەن، فەرماندەی کەشتیەکانی دایە (قەستەنتین)ی کوڕی نامەی نووسی بۆ (میسر)، هەرچی سوپای ڕۆم هەیە لە (ئەسکەندەریە) ئامادەی بکەن بۆ گواستنەوەیان بۆ سوریە. کەشتیەکان کەوتنە ڕێ واتە گەیشتنە ئەسکندریە لە میسر، و باریان کردن، کەوتنەڕێ بەرەو هەردوو بەندەری (ئەنتاکیا) و (قلنسرین) لە سوریە، لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست. نەخشەی ڕۆم هەتا ئێستا گواستنەوەی دوو سوپایە، یەکیان لە وشکانیەوە لە جزیرەوە بۆ حومس، ئەویان لە دەریاوە لە ئەسکندریەی میسرەوە، بۆ لێوارەکانی سوریا. دەست پێکردن بەم دوو کارە، بوو بە هۆی هەڵگیرساندنی هەندێ شۆڕش و ڕاپەڕین لە

---

[119]. رسائل الفاروق، عبداللطيف اسماعيل جبوري. ص91. رسالة رقم (144) – بغداد 1990

شارەکانی سوریا وە، لە دژی سوپای ئیسلام. ئەم کارە سوپای ئیسلامی مەشغوڵ کرد بە وازهێنان لە ڕۆم و کپ کردنەوەی شۆڕشەکان.

لەم کاتەدا سوپای ڕۆم دابەزینە وشکانیەکانی دەریای سوریا، کەمێك بەرەو ناوەوەی سوریا پێش کەوتن، لەگەڵ هەندێك لە خێڵە عەرەبییەکاندا یەکیان گرتەوە و لە هەندێ شوێندا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. هەرقل گومانی کردبوو کە دەتوانێ زیاتر بڕوات و سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بهێنێ و سوریا بگرێتەوە. ئەم سوپا زۆرە دابەزێنرایە ناو خاکی سوریاوە، بەڵام سوپایەکی قورسی وا پێویست بە پشت بەستن بە هێزێکی بەهێزی دامەزراوی سەزەمین دەکات لە وشکانی دا، گەیشتن بە هێزی خێڵە عەرەبەکانی عێراقیش، بڕینی مەسافەیەکی زۆری دەوێت، کە ئەستەمە بیان گاتێ و ڕوباری فوڕات بڕێت. لەولاوە سوپای ئیسلامی لە عێراق دەتوانێ بگاتە جزیرە و ئەو خێڵە عەرەبانە لە سوپای ڕۆم بکاو ئەو پاڵ پشتەیان بشکێنێ، چونکە نزیکە لێ یانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆم ناتوانێ بەو نێوانە دورەدا یارمەتی بگەیەنێتە خێڵە عەرەبەکانی جزیرە، تەنانەت شۆڕشەکان وانەبوون، زۆر بۆ سوپای ئیسلام بهێنن، چونکە زۆربەی ناوچەکان مەیلیان بۆ ئیسلام بوو تا ڕۆم، هەرقل لەویدا بۆی دەرکەوت وا دەرنەچوو، سوپایەکی غەریب بێ پشت و پەنا هیچی پێ ناکرێ، چونکە زەمینەیان بۆ ساز نەکردوە، ڕۆم دەترسا ئەگەر سوپا هەموی دابەزێنێ گەمارۆ بدرێ و لەناو بچێ.

بڕیاری عومەر

ئێستە کاتی ئەوە هاتوە عومەر بڕیاری تەواو بدات و، نەخشەی ڕێك و پێك دابڕێژێ و وەڵامی تەواوی نامەکان بداتەوە. بێ گومان وەك پێغەمبەر دەفەرموێ (اتقوا فراسة المؤمن فانه ينظر بنور الله)[120] سەرکردە ئیسلامیەکان هەر لەوانەی مەدینەوە، هەتا ئەوانەی بەرەی جەنگیەکان، یەك کوتلەی ڕۆحین و ئیمان و بڕواو و عقیدە دەیان جوڵێنێ، عومەر بە نوری خوا دەڕوانێ زۆر وردو دوور دەبینێ، پێش و پاشی ڕوداوەکانی لەبەرچاوە، هەر شام نابینێ وەکو (ئەبو عوبەیدە) وای بۆ دەچوو، ئەوەندەی شام بیر ناکاتەوە، هەموو بەرە جەنگیەکان لای عومەر یەك پارچەن، یەك لاشەن، بۆ یەك مەبەست دەیان جوڵێنن، عومەر دەیەوێ بە کەمترین زیان لەو تەڵەیە دەربچێ. شەرەکە لە شام بوو، بەڵام عومەر لە عێراقەوە دەستی پێ کرد، یەکەم هەنگاوی عومەر لێدانی خێڵە عەرەبەکانی جزیرە بوو لە عێراق، پاشان چووە سەر سوپای ڕۆم لە شام.

عومەر نامەیەکی بە پەلەی بۆ (سەعد) نووسی، وای نووسی کە تەنها سەعد بەرپرسیارە لە پەلە نەکردن و جێبەجێ نەکردنی بەم جۆرە.

(بۆ سەعد کوڕی ئەبی وەقاس. ئەبا عوبەیدە چوار دەوری گیراوە، پەنای بردۆتەبەر قەڵاکان. تۆش موسوڵمانەکان بنێرە و بڵاویان بکەرەوە لە جزیرە، خێڵە عەرەبەکان مەشغوڵ بکە با نەچنە سەرحومس بۆ یارمەتی سوپای ڕۆم) نامەکە زۆر کورت بوو.

بڕیارێکی خێرای ئاوا کاری خێرای دەوێت و هەموو مەبەستێکی تیا بوو. نامەکە تەنها (سەعد)ی سەرکردەی دەدواند، بەتەنها ناوی سەعدی بردبوو، ماناى وایە هەر خۆی بەر پرسە لە هەر نکوڵیەك و دواکەوتنێك کە ڕوبدات. پاشان وەسیەتی بە جوڵانەکە کرد، کەبە گەیشتنی نامە ئەم سوپایە ڕێك دەخەیت و دەینێری.

عومەر نەخشەیەکی سەربازی گرنگی دانا تەنانەت لە بیری سەرکردەکانی شامیشدا نەبوو بەم جۆرە: بۆ سەعدی کوری ئەبی وەقاس.

---

[120]. حديث النبوي.

1. ڕەتڵی یەکەم: یارمەتی بۆ وڵاتی شام. خەڵکێك ڕێك بخە و لەگەڵ (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) و هەر لەو ڕۆژەی کە نامەکەت پێ دەگات، بینێرە بۆ(حومس) چونکە ئەبوعوبەیدە گەمارۆ دراوە.

2. ڕەتڵی دووەم: (سوهەیلی کوڕی عودەی) بنێرە بۆ شاری (ڕقە)، چونکە خەڵکی جزیرە بوون ڕۆمیان هاندا کە بچنە سەر (حومس).

3. ڕەتڵی سێیەم: (عەبدوڵلا کوڕی عوتبان) بنێرە بۆ شاری (نوسێبین) دوای ئەو بۆ (حەڕان) و (ڕەها – ئورفە).

4. ڕەتڵی چوارەم: (وەلیدی کوڕی عوقبە) بنێرە سەر خێڵی (ڕەبیعە و تنوخ) لەعەرەبی جزیرە.

5. سەرکردایەتی ڕەتڵەکان: (عیاز کوڕی غەنەم) بنێرە لەگەڵیان هەتا دەگەنە شەڕ، ئەوسا با (عیان) سەرپەرشتیان بکات و سەرکردە بێت.[121]

ئەم سوپا (5) هەزار کەسیەی (عیان)، لە مانگی شەعبان ساڵی 18 کۆچی دا کەوتە ڕێ (واقیدی) مێژوونووس لێرەدا وەکو زۆر جێی تری کەوتۆتە هەڵەوە، وای نووسیوە کە (ئەبو عوبەیدە) لە شاری تەبەریەی فەلەستینەوە (عیان) ی نارد بۆ جزیرە، ئەگەر تەواوی باسەکەی واقدی بخوێنیتەوە یەك پارچە هەموی هەڵەیە.[122] بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سەعد لە عێراقەوە ناردی! بڕوانە نەخشەی ژمارە (3)

نەخشەی هەرێمی جزیرە و ڕێڕەوی ر ەتڵەکان

سەعد سودی وەرگرت لەو (4) هەزار ماینەی کە عومەر لە (بەسرە و کوفە) دایناِبون بۆ کاتی تەنگانە و خێرا. ڕەتڵەکان کەوتنەڕێ ڕوەو مەبەستی دیاری کراوی خۆیان بە جۆرێك کە لە ماوەیەکی کەمدا چوار دەوری هەموو هەرێمی جزیرەیان دا. هەموو ڕێگا سەرەکیەکانیان بەست، کە جزیرەی دەبەستەوە بە دەرەوەی هەرێم. (5) هەزاری بە تەرتیب و بە باوەڕ سەر دەکەوێ بەسەر (30) هەزار کاسە لێسی بێ باوەڕی خێڵەکی‌دا، کەمی چاك و مرەتەب چاکتر و بەهێزترە لە زۆری بۆری شەخەڵ.

لە کاتێکدا (30) هەزار چەکدار لە خێڵە عەرەبەکانی جزیرە، خۆیان ئامادە کردوە، نیازیانە ڕۆم لە (حومس) نزیك بێتەوە، ئەوانیش لە جزیرە وە هێرش بهێنن. ڕوباری فورات بپڕن، بچنە کۆمەکیان، پێش ئەوەی لە ڕوباری فورات بپەڕنەوە بڵاوەیان لێ کرد و گەڕابوونەوە ناو خێڵ و ماڵ و منداڵی خۆیان و چەکەکانیان شاردبویەوە، دەرگایان لەسەر خۆیان داخستبوو. بەم کارە بەڵایەکی گەورە لە کۆڵ سوپای ئیسلامی ناو شاری حومس کەوت. جگە لەوە یارمەتیدەرێکی گەورەی لە سوپای ڕۆم کرد، بوو بە هۆی هەڵوەشانەوەی نەخشەکەی هەرقل، کە دەیوست سوریە بگرێتەوە و حومس داگیر بکات!

عومەر بڕیاری بۆ ئەبوعوبەیدە دەرکرد کە لە (حومس) بمێنێتەوە و نەجوڵێ، داوای کرد کە داوا لە خێڵەکانی شام بکات بێن بە دەمیەوە، ئەو زستانە ئەبوعوبەیدە لە حومس مایەوە هەتا ناوەڕاستی بەهاری 18 کۆچی، لەو کاتەدا عومەر لە (قودس) بوو چوو بوو بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنی موسوڵمانان لەگەڵ گاورەکاندا.

ئەبوعوبەیدە بەردەوام کۆبونەوەی دەکرد بۆ وەرگرتنی ڕاو هەواڵ و هەڵوێست زانینی ڕوداوەکانی جزیرە و ناو عێراق.

سوپای ئیسلام چووە ناو جزیرە، ئەوەی بەرامبەری سوپای ئیسلام وەستا سوپای ڕۆم بوو، کە ساڵەهایە ئەو بەشەی کوردستانیان لە ژێر چنگدا بوو، لە هیچ شوێنێکی مێژووە نووسراوەکاندا نیە کە کورد بەرەنگاری سوپای ئیسلامیان کرد بێ، هەروەکو چۆن لە بەرەی جەنگی فارسەکاندا، لە جلولاو خانەقین و حلوان، کە

[121]. يرموك، ليوا شاكر، ص186.

[122]. فتوح الشام. محمد بن عمر الواقدي، ج2 ص63.

سوپای ئیسلام هاته باشوری کوردستان، سوپای فارس بەرەنگاری وەستا نەك کورد. لە جزیرەش خێڵە عەرەبەکان ناردیان بە شوێن سوپای ڕۆمدا و یارمەتیان دان، کورد لە هیچ جێیەك دا نیە یارمەتی ڕۆمی دابێ، بەڵکو کوردەکان لە شارەکانیاندا نەك هەر بە (جزیە) دان ڕازی نەبوون، بەڵکو موسوڵمان دەبوون، چونکە وەکو لە پێشتر[123] ڕوونم کردوەتەوە کە لە سەرەتای ئیسلامەوە وەفدی کوردی ناوچەی جزیرە لە (هۆزی باجن) بە نهێنی بە ناوی بازرگانیەوە (دوانزە) کەس دەنێرنە مەدینەو، لە پێغەمبەری نوێ و ئیسلام ورد دەبنەوە و، ئیسلام بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن، وە بە دیاریش ئاینی ئیسلام بۆ گەلەکەیان دەهێننەوە و، لەو ڕۆژەوە چاوەڕوان دەکەن، کەی بێت ئیسلام نزیك بێتەوە و، پڕ بە دڵیان ئەوەی نهێنیە لایان ئاشکرای بکەن، ئەو ڕێگەیە بەخێو دەکەن، ها کەی بێت سوپای ئیسلام سەرکەوێ و ئەو کابوسە ڕەشەی ڕۆم لەسەر گەلی کوردی باکور لابەرێ.

ئەو کاتە عیاز لە بەشی باکوری کوردستان (هەرێمی جزیرە) نزیك دەبێتەوە، کورد ژێردەستەیە، نە خاوەنی خۆی و میللەتیەتی، نە خاوەنی خاك و ئاو و نیشتمانیەتی، بەڵکو کوردستان داگیر کراوە، ڕۆمەکان گەنجە کوردەکانیان دەکردە سەرباز و، دەیان دان بە کوشت لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان دا، سەرانە و باج و خەرجیان دانا بوو لەسەر خەڵك و زەوی وزار و مەڕومالاتی کورد، کورد کرا بوو بە کۆیلە وەك کالایەك بازرگانی پێوە دەکرا، شەڕیان پێ گەرم دەکردن، یەك هەزار ساڵە ئەوە حاڵی کوردە، فارس و ڕۆم لە شەڕی هەزار ساڵەی خۆیاندا دەیان هاڕن، بەڵام لە جەنگی (فارس و ئیسلام) و (ڕۆم و ئیسلام) دا، لە هەردوو بەرەی جەنگیدا، کورد خۆی حەشاردا، لە خزمەتی سەربازی هەڵهاتن، چاوەڕوانی نزیك بونەوەی سوپای ئیسلامیان دەکرد، هەتا پەیمانە نهێنییەکانیان بهێننە دی. وەکو لە باشوری کوردستان خەڵکی شارەزوور بەنزیك بونەوەی سوپای ئیسلام، ڕاپەڕینیان لە دژی دام و دەزگای فارس کرد و، ئیسلام بونی خۆیان ڕاگەیاند. ئێستە دەبینی کە گەلی کورد لە باکوری کوردستان و هەرێمی جزیرە، هەر بە وێنەی باشوری کوردستان و هونەرێکی تر وەڵامی سوپای ئیسلام دەدەنەوە!

کە (عیان)[124] و سوپای ئیسلام تەقەیان لە دەرگای سەرەوەی ئەو بەشەی هەرێمی کوردستان دا، ئەوەی هات بە دەم دەرگاوە، سوپای ڕۆم بوو، نەك کورد، کورد لە ماڵ بوو، بەڵام بۆی نەبوو بە دەم تەقەی دەرگای ماڵی خۆشییەوە بچێت، هیچ مێژوونوسێکی کۆن و نوێ باسی ئەوەیان نەکردوە، کە کورد هاتبن بە دەم تەقەی دەرگایانەوە. دڵیان لای ئەو کەسە بوە کە تەقەی لە دەرگایان دەدا، بەڵام لە پەنجەرەشەوە نەیان دەهێشت بیان بینن و مەرحەباییان بکەن. بەڵام کە ڕۆم شکا، ئیتر وردە وردە کورد تەعبیری لە نیازەکانی ناو دڵیان کرد بەچاکی وەڵامی سوپای ئیسلام دەدەنەوە.

---

123. کابانی کوردی: حسن محمود حمە کریم – ل10، 1997.

124. عیاز کوڕی غەنەمی فەهری : پێش (حودەیبیە) موسوڵمان بوو، بەشداری حودەیبیەی کرد، ئەبوبەکر خالیدی نارد بۆ عێراق لە باشورەوە (عیاض)یشی نارد لە لای سەرەوە بە سوپایەکەوە، فەرمووی هەر کەس زوتر گەیشتە (حیرە) ئەوەتان دەکەمە ئەمیری (عێراق)، خالید زوتر گەیشت، پاشان لەگەڵ خالید چوو بۆ شام، لە جەنگی (یەرموك) بەشداری کرد،عیاض هاتەوە عێراق و لە جەنگی مدائن و جلولادا بەشداری کرد، پاشان عومەر لەبەرئەوەی سوارچاکێکی خاوەن ئیختیار و خواپەرستە کردیە سەرکردەی پێنج سوپا و ناردیە سەر جزیرە و باکوری عێراق و ڕزگاری کرد، دەرب و ئازەربایجان و ئەرمینیای ڕزگار کرد، پاشان بوو بە ئەمیری شام و حومس، دوای ئەبوعبیدە، (ام حکم) ی کچی ئەبوسفیان خێزانی بوو، لە تەمەنی (60) ساڵیدا مرد و لە شام بە خاك سپێردرا الاستعاب، القرطبي. ج3 ص304، بیروت 1995.

رزگارکردنی هەموو شارە کوردییەکان بە ئاشتی

شاری رقــە

(سوهەیلی کوڕی عودەی) کە رەتڵی دووەم بوو، بە فەرمانی (عیاز) کە سەرکردەی سوپا بوو، وە (عومەر) لە نامەکەیدا (سوهەیلی) بۆ شاری (ڕقە) دانا بوو، کەوتەڕێ.

کە سوپای ئیسلام لەو شارە کوردە نزیك بویەوە دەبینێ ڕۆمەکان دەوری شاریان داوە، سەنگەریان گرتوە و ئامادەی شەڕن. هەندێ وردە شەڕیان لەگەڵ کردن، (عیاز) و سێ سەد سوار چونە بەر دەرگای شورای (جردان) ی شاری (ڕقە)، لەگەڵ حەرەسەکاندا شەڕێکی کورت قەوما و دەرگاکەیان گرت. زانا گەورەکانی ناو شار داوایان لە سوپای ڕۆم کرد، (خۆیان لادەن با ئێمە لەگەڵیان رێك بکەوین.) هەر ئەو شەڕە بوو، (بەتریارکی شاری ڕقە) نوێنەری نارد بۆ لای (سوهەیل و عیاز) وتبوی: (ئەگەر حەز بکەن و، رێگە بدەن، دەمەوێ چەند وتوێژێك پێکەوە بکەین.) عیاز وەڵامی بۆ ناردبویەوە (تۆ سەلامەت دەبیت، هەتا دەگەڕێیتەوە جێی ئەمینی خۆت.)

بەتریارك نوێنەری ناردەوە وتبوی: دەترسم هەتا دەگەرێمەوە بمکوژن. ئەمانێك بنووسن بۆ خۆم و (دە) کەس کە لەگەڵمدا دێن. عیاز لاپەرەیەکی بۆ نووسی و بۆی مۆرکرد و بۆی نارد.، بەتریارکی(ڕقە) لەگەڵ (دە) کەس لە بطریقانی تر، دابەزینە خوارەوە بۆ بارەگای فەرماندەیی سوپای ئیسلام. حریر و دیبا جیان لە بەردا بوو، بە ئاڵتون و مجوهرات ڕازابویەوە. هەتا نزیك بونەوە عیاز هەر لێیان ورد دەبویەوە، لە گەورەکەیانی پرسی: ناوت چی‌یە؟ وتی: (بنتس). بەڵام (واقیدی) لە (فتوح الشام) دا دەڵێت ناوی (یوحنا)یە[125] رەنگە هەردوکیان راست بێ و ناوی (یوحنا بنتس) بوو بێ!

عیاز وتی: فەرموو چیت دەوێ.؟ بە کەیفی خۆت قسە بکە؟

بەتریارك وتی: ئەی ئەمیر تۆ ناوت چی‌یە؟

وتی: عیاز. وتی کوڕی کێیت؟ وتی: (غەنەم)

بەتریارك سەری راوەشاند و سەیری هاوڕێکانی کرد و بزە گرتی، وتی: ئەی تۆ چیت هێناوە بۆمان.؟

عیاز وتی: ووشەی – لااله الا الله وحده لا شريك له، وان محمداً عبده و رسوله – ئەگەر ئەوەتان وت و، بڕواتان پێ‌ی بوو، نوێژتان کرد، رۆژوتان گرت، زەکاتی پارەتان دا، ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە کردتان و، لە حەرامەکان خۆتان لادا، ئەوا سەروماڵتان لە ئێمە حەرامە و سەلامەت دەبن، وەك ئێمەتان لێ دێت!

بنتس وتی: ئەی ئەگەر نەمان وت.؟

عیاز وتی: جزیە بدەن، لێتان وەردەگرین ئەوسا لە ذمەی ئێمەدا دەبن و، ئەمانەت دەبن لامان و، ئەوسا سەروماڵتان دەپارێزین و لە ماڵەکانتان دا بمێننەوە، لە سەر ئاینی خۆتان بن، ئێمەش لە دوژمن دەتان پارێزین.

بنتس وتی: ئەی ئەمیر لە سەر ئاینی خۆم دەمێنمەوە و، چۆنت دەوێ ئاوا لەگەڵتا رێك دەکەوم.

عیاز لەگەڵی‌دا رێك کەوت لەسەر (20) هەزار دینار، کە هەر ئێستە بیدەن، هەموو سەرێکی باڵقیش ساڵانە چوار دینار بدات، بەوە سەر و ماڵیان پارێزراوە و ئاینی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەمەیان مۆر کرد.

پاشان عیاز بە (بنتس)ی وت: پرسیارێکم هەیە.

وتی: فەرموو.

عیاز وتی: کە پرسیاری ناوت لێ کردم بۆچی لات کردەوە بەلای هاوڕێکانتدا و پێکەنیت.؟

بنتس وتی: راستی لە هەموو شتێکی تر خۆشترە، پاشان وتی: ئەی ئەمیر، من بەتریارکی ئەم شارەم، باوك وباپیرم لە زۆر کۆنەوە بەتریارکی ئەم شارەبوون، بەڵام فارسەکان لە شەڕێکدا زاڵ بوون بەسەرماندا، شاریان

---

[125]. فتوح الشام – الواقدي، ج2 ص63.

داگیر کردین، شار بەدەریان کردین، لەسەر ئەمە هەرقل لێمان زویر بوو، قیبتیەکانی بۆ ناردین. خراپیان پێ کردین، سزایان داین، ئێمە دەزانین خاك و ئاو وولاتمان، هەروەك چۆن کتێب و ئاینەکەمان بۆی داناوین، هەروا دەبێت. خەڵکی ئەم شارە گوێ رایەڵی بۆ کەس ناکەن، جگە پیاوێکی عەرەبی ناوی (غەنەم)ە یان (کوڕی غەنەم)ە کە پرسیارم لیّ کردی زانیم ئەو کەسە تۆی، هەر بۆیە ئیشارەتم بۆ هاوڕێکانم کرد.

عیاز وتی: بەخوا داماو دیارن ئێوەی خاوەن کتاب و پەیامی خوایی، لە کتێبەکەتاندا باسی پێغەمبەری کردوە، ئەی بۆچی دوای ناکەون.؟

بنتس وتی: سوێند بە مەسیحی کوڕی مریەم، لە ئنجیلدا مژدەی هاتنی محمدی تیایە، دەڵێت عەرەبیە و لە چاکترین پێغەمبەرانە، میللەتەکەی لە چاکترین میللەتانە، ڕۆژێ سواری کەر دەبێ، و داوای چاکە دەکات، ئێمە وامان دەزانی لە نەوەی بەنی ئیسرائیل پەیدا دەبێ.

عیاز وتی: ئەی تۆ ناڵێی لە کتێبەکەماندا هاتووە عەرەبیە.

بنتس وتی: وامان زانیوە عەرەبی قسە دەکات و خۆی عەرەب نیە. چاك بزانە ئەی ئەمیر، من بە خەڵکی ڕۆمم وتوە: با هەموومان موسوڵمان بین. ڕۆمەکانی ناو شاری (ڕقە) نەیان هێشت. تورە بوون، وتیان شتی وا بڵێی ئەت کوژین، منیش لە خۆم ترسام.

عیاز سەری سوڕما لە ڕاستی ئەم بەترياركە. چەند ڕۆژێك لە شاری (ڕقە) مانەوە پاشان ڕۆیشتن.[126]

واقیدی دەڵیّ: پاشان عیاز (سوهەیل کوڕی عودەی)[127] نارد بۆ (ڕقە) کە بەتریاركێك فەرمانڕەوایی دەکردن. کوردەکان لە خەڵکی شار کۆبونەوە، پێیان وت: ئێوەی گاور و ڕۆم لە نێوان عێراق و شام دا چیتان پێ دەکرێ، هەر ئێوە ماون نەچوبنە ژێر دەسەلاتی موسوڵمانانەوە، جێتان نابێتەوە لەم بەینەدا. هەر بۆیە وەفدێکیان نارد بۆ لای عیاز و زۆر بە ئاسانی ڕێك کەوتن.[128] موسوڵمانەکان و خەڵکی شاری (ڕقە) بە ئاشتی ڕێك کەوتن بەم جۆرە هەرێمی جزیرە ئاسانترین ولات بووە کە بە ئاشتی فەتح بووە.[129]

بەلازەری دەڵێت: سوپاکەی سوهەیل بۆ شاری ڕقە بەم شێوەیە دروست بوو بوو، لای پێشەوە (میسرە کوڕی مسروق)، لای ڕاست (سەعید کوری عامر)، لای چەپ (عەبدوڵڵا کوڕی سەعید) بوو، چوون هەتا گەیشتنە شاری ڕقە.[130]

مەحمود شیت خەتاب دەڵێت: (عیاز سوپایەکی بەرەو جزیرە جولآن، هەر ئەمیرێك بەرەو ئەو شارەی بۆی دیاری کرابوو کەوتەڕێ، سوهەیلی کوڕی عودەی بەرەو شاری ڕقە کەوتەڕێ و گەمارۆی داو، خەڵکی شار داوای ئاشتیان کرد، سوهەیل لەگەڵیان ڕێك کەوتن. لە جێیەکی تردا دەڵێت: (عیاز لەگەڵ فەرماندەکانیدا کەوتەڕێ، لە ڕێگای ئەلقیرازەوە سەهلی نارد بۆ ڕقە، کە سوپای ڕۆم و عەرەبەکان زانیان لە کوفەوە سوپای

---

[126] . کتاب الفتوح: ابن اعثم، ج1 ص327–329، للعلاقة ابي محمد بن اعثم الكوفي – المتوفى سنة 926 الميلادي.

[127] . سوهەیل کوڕی عدی خەزرەجی : لە جەنگی بدر و ئوحد و فەتحی مەککە و عێراق و شام دا بەشداری کرد، حارسی برای لە جەنگی (جسر) دا شەهید بوو، هەنگا و بە هەنگاو لەگەڵ (سەعد) بوو، لە فەتحی هەرێمی جزیرەدا شاری (رقە) ی رزگار کرد و بەشداری (رەها) و (حران) ی کرد، کە فەتحی جزیرە تەواو بوو، گەڕایەوە کوفە، عومەر ناردی بۆ رزگارکردنی کرمان و خەریکی مەشغوڵ کردنی سوپای فارس بوو لە ئەهواز هەتا نەچن بۆ (نەهاوەند) و پاشان کرمانی فەتح کرد، (قادة فتح العراق – محمود شيت خطاب –ص482)

[128] . فتوح الشام: الواقدي، ج2 ص65.

[129] . الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2 ص 153 حققه على شيري، بيروت، دار التراث العربي.

[130] . معجم البلدان: ج4 ص274.

ئیسلام بەرەو ئەوان کەوتوەتە ڕێ، ناچار بوون بکشێنەوە شارەکانیان، سەهل ڕقەی گەمارۆدا، پاشان بە ئاشتی لە گەڵیان ڕێکەوت.[131]

شاری ڕەهــا و حــەڕان

تەبەریو ئیبن ئەسیر دەگێڕنەوە کە (سوهەیل) ڕقەی ڕزگار کرد، کاری ڕێکخستن و ڕێکەوتنی ناوچەکەی تەواو کرد، چوو بۆ لای (عیاز) پێکەوە چون بۆ شاری (حران) و لەگەڵ خەڵکەکەی ڕێکەوتن. پاشان عیاز (سوهەیل) و (عەبدوڵلا کوری عوتبە)ی نارد بۆ شاری (ڕەها) لەوێش بە ئاشتی ڕێك کەوتن، بەم جۆرە جزیرە ئاسانترین وڵات بوو فەتح کرا[132]، بەڵام (خزری بەگ) دەڵێت: (عیاز) چوو بۆ (ڕەها) بە ئاشتی ر ێك کەوتن، پاشان چون بۆ (حەران) بەبێ شەر ڕێك کەوتن.[133]

ئیبن ئەعسەم دەگێڕێتەوە: (کە سوپای ڕۆم لە شاری ڕەها وە هەواڵی ڕێکەوتنەکەی عیاز و شاری ڕقە{یان بیست، ترسان. خواردن و خواردنەوە و مەڕومالاَتیان کۆکردەوە و دەرگای شوراکانیان داخست، عەرادات و مەنجەنیقیان لە سەر بورجەکانەوە دامەزراند، بەردێکی زۆریان کۆکردەوە بۆ هەڵدان، وایان گومان دەبرد موسوڵمانەکان دوور بن، بەڵام لە پرێکدا دەنگی (الله اکبر) رایچڵەکاندن و چواردەوری شار گیرا، پێشەنگی ولاخی موسوڵمانان نزیکی شار بویەوە، ئالاو لیواکان ڕێك خران، سوپای ڕۆم لە سەر شوراکانەوە لە سوپای ئیسلام ورد دەبونەوە، بە (20) هەزار کەس مەزەنەیان دەکردن، خەڵکی شار بە سەرکردەی سوپاییەکانی خۆیان گوت: (ئێمە تواناى ئەم هەمووەمان نیە)، داوایان لە باتریارکی شار (میتولس) کرد کە هەوڵ بدات وەك شاری (ڕقە) لەگەڵیان ڕێك بکەوێت، کە بەتریارك زانی میللەتەکە ئاوا ورەیان روخاوە، ئەویش داوای لە سوپا کرد خۆیان نەفەوتێنن و، نوێنەری نارد بۆ لای (عیاز) بەم جۆرە: (ئەگەر وەك خەڵکی ڕقە پێمان ڕازی دەبن، ئەوا ئێمە ئامادەی ڕێکەوتنین.) عیاز بە ڕەزامەندی وەڵامی دانەوە. عیاز داوای لە سوپا کرد: (خەڵکی شاری ڕەها لە زمە و عەهدی ئێمەدان، ئەزیەتیان مەدەن، مەچنەماڵیان بەبێ مۆڵەت) موسوڵمانەکان سەریان سوڕما لە خۆشی ئەو شارە کوردیە، چەند ڕۆژێك تیا مانەوە. (میتولس) لە خوار شارەوە خواردنێکی زۆری ئامادە کرد، پاشان هێنایە کەنیسەو بە عیازی وت: (خواردنێکی زۆرم ئامادە کردوە بۆ خۆت و کۆمەڵەکەت، حەز دەکەم بە هاتنتان ڕێزم لێ بنێن و، وەڵامم بدەنەوە.)

عیاز وتی: (ئەگەر بۆ هەر کەسی ترمان بکردایە بۆ جەنابتانمان دەکرد. بەڵام من خەلیفە عومەرم بینی، کە بەتریارکی قودس دەعوەتی کرد بۆ ناو کەنیسە. نەچوو! هەر بۆیە منیش حەز ناکەم ڕێچکەی خەلیفەم بشکێنم.) (میتولس) وتی: (ئەی ئەمیر داوا بکە، هاوڕێکانت بێن)

عیاز وتی: (ئەوە خۆیان دەزانن) میتولس واقی وڕما.

عیاز وتی: (وا ئەزانم تۆ لە ترسان ئەمە دەکەیت، چاك وایە ئەمە بۆ ئەوانە بکەیت کە دوای ئێمە دێن، ئێمە ئەوەتە وەفامان هەیە بۆ عەهدو پەیمانمان. لە ئێمە ئەمین بەو هیچ ترست نەبێت. چاك بزانە داوایەکیشت لێ ناکەین، کە توانات بە سەریدا نەشکێت.)

بەتریارك گەڕایەوە لای هاوڕێکانی وتی: (سوێند بە خوا ئەمە گەورەترین پیاوە کە هەتا ئێستا من ڕێم لێی کەوتبێ)[134]

---

[131]. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص473-481.

[132]. تأريخ الطبري: ج3 ص157، الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2 ص153، بيروت 1989.

[133]. محاضرات تأريخ الامم الاسلامية: الشيخ محمد خضري بەگ، ص218 ج1-2، مصر 1969.

[134]. كتاب الفتوح: ابن اعثم، ج1 ص331.

هەواڵ گەیشتە عیاز کە رۆمەکان لە (حەڕان) بە بیست هەزار سەربازەوە کۆبونەتەوە. سوپای ئیسلامی ئامادە کرد بە فەرماندەیی (عەبدوڵلا کوڕی عتبان) و رۆیشتن. هێشتا نەگەیشتبوون کە نوێنەری شاری (حەڕان) گەیشتە بەرەوە، وتیان: (سوپای رۆم ناوچەکەیانی چۆڵ کردوە و حەز دەکەین وەك شارەکانی تر لەگەڵ ئێمەش رێك بکەون.)، بە هەمان جۆری شاری (رەهاو رقە) رێك کەوتن و پەیمانیان مۆر کرد. (واقیدی) دەڵێ: هەڵهاتوانی ناوچەکان خۆیان گەیاندە شاری (حەڕان) و (رەئس عیون) و لەو ناوچانەدا مۆڵیان خوارد، چاوەڕوانی هەواڵ بوون، بزانن سوپای ئیسلام چی دەکەن. بەڵام پاشای (حەڕان) کە کورد بوو، هەڵهاتنی سوپای رۆم و عەرەبی پێ خۆش نەبوو، کە خۆیان ئالاند بووە شاری حەڕان.[135]

سوپای ئیسلام بە فەرماندەیی (عەبدوڵلا) رویان کردە شاری حەڕان، کە رۆم و عەرەبەکان زانیان پاشای حەڕان نیازی شەڕی نیە، بەڵکو خەڵکەکەی ئامادە کردوە پێشوازی لە سوپای ئیسلام بکەن و موسوڵمان ببن " هەڵهاتن و چوون بۆ شاری (رەئس عیون). شاری حەڕان بە ئاشتی و خۆشیەوە پاشا و گەدایان موسوڵمان بوون. هەموو کەنیسەکانیان کردە مزگەوت. ئەمە یەکەم شارە، گەورە و بچوکیان پێکەوە موسوڵمان بوون. لەم کارەدا (یوقەننا) زانای ئاینی ناوچەکە، دەورێکی گرنگی هەبوو لە موسوڵمان بوونی خەڵکی شاردا، کە دەمێك بوو خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. پاشان (یوقەننا) چەند دانیشن و کۆبونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ سەردارانی ئیسلامدا ئەنجام دا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە. یەکێك لە ئامۆژگاریەکانی (یوقەننا) بۆ سەرکردە ئیسلامیەکان ئەوە بوو (چاك بکەن و چاك بچێنن، با ئەوەش ماوە لە خەڵکی جزیرە چاومان لێ بکات!)[136] سوپای ئیسلام ناوچەکەی جێ هێشت، کاروباری بەڕێوەبردنی دایە دەست خەڵکی شار خۆیان.

شاری رەئس لعیون

هەڵهاتویەکی زۆر لە شاری رەئس عیون کۆبونەوە، لە ناویاندا چەند سەرکردەو حاکمانی هەڵهاتوی رۆم دەبینرا لەوانە پاشا (شهریان)، ئەم پاشایە نامەی نووسی بۆ پاشا و حاکمەکانی (شەقر) و (زەعفرە) و (حرفناس) و(ئەنطاق پاشای نینوا) و (جیبر گەورەی هەکاری)، کە بێن بە دەمیەوە و یەگ بگرن و کۆببنەوە لە دژی موسوڵمانەکان. موسوڵمانەکان بەمەیان زانی چوون بۆیان[137]. ئەمە لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی 17 کۆچیدا بوو. پاشان عەرەبەکانیش هەڵهاتن و خۆیان گەیاندە شاری (رەئس عیون) کە پاشایەکی رۆمیان بە سەرەوە بوو بە ناوی (شەهریاز کوڕی فرون)، عەرەبەکان بە پاشای گاوری ئەم شارەیان وت: (ئەوا موسوڵمانەکان هاتن تەنها مەبەستیان عەرەبەکانە نەك رۆمەکان، دەیانەوێ بە زۆر ئێمە موسوڵمان بکەن، ئێمە وا بە باشی دەزانین کە سوپا و هۆردوو بەرینە دەرەوەی شار و بچین بۆیان) پاشای گاوری وتی: (دەترسێم ئێوە بدەنە پاڵیان و پەیمان ببەستن و لە گەرمەی شەڕدا پشتمان بەر بدەن و بمان شکێنن.) رێکەوتن. خەندەقیدەوری شاریان تەواو فراوان کرد، سوپایان دامەزراند. ناردیان بۆ یارمەتی شارەکانی (جملین) و (کفرداران) و (ماردین) و (تەلی مەرزە) و چەند جێیەکی تر. موسوڵمانەکان بە رێگا دەهاتن، لەگەڵ دێهات و خێڵ و خەڵکی ناوچەکاندا رێکەوتنی ئاشتییان مۆرکرد، بەتاك و کۆمەڵ خەڵکیان بانگ دەکردو دەیان دواندن بۆ ئیسلام. بە پێچەوانەی

---

[135]. مێژوونووسە کۆنەکان پاش و پێشیان لە روداوەکاندا کردووە، ئەویش بە هۆی فراوانی بەرەی جەنگیەوە، سوپای ئیسلام لە یەك کاتدا پێنج سوپا دەنێری بۆ چوار ناوچە لە هەرێمی جزیرە، کە سوپایەك ناوچەی خۆی تەواو کردووە، چووە یارمەتی سوپایەکی تر، هەر مێژوونووسە ناوچەیەکی پێش خستووەو سەرکردەیەکی ناو بردووەو، بۆ هەموو بەرە جەنگیەکان بەو جۆرە . منیش کەسیان پشت گوێ ناخەم، هەتا رای مێژوونووسەکان لەبەرچاوی خوێنەردا بێ، رەنگە هەندێك پێی وابێت تێکەڵ بوون هەیە . بەلای منەوە ئاوا بەسوودترە، هەتا سەرنێکی چیرۆکی و بێ سەرچاوە. !

[136]. فتوح الشام: الواقدي، ج2 ص85–88.

[137]. هەمان سەرچاوە، ص102.

ناوچەکانی تر ئەم هەرێمە زۆر ئاسان رویان لە ئیسلام دەکرد، بە تایبەت گاور و زەردەشتیەکان. هەردوو قەڵای (زیباد) و (زلوبیا) بە ئاشتی رزگار بوو، لەم کاتانەدا زانای گاور و زەردەشتیەکان " لە موسوڵمانەکان و قورئان و باسەکانی خواو پێغەمبەر ورد دەبونەوە، ناوچەکە بوو بوو بە کۆڕی لێکۆڵینەوە و گۆڕینەوە و وتوێژ لە نێوان خۆیاندا، ئەمە یارمەتی زۆری دان بۆ ئاسان موسوڵمان بونی ناوچەکە، تەنها هەندێ لە حاکم و ئاغا و دەرەبەگ و سەرکردە گاورە رۆمەکان نەبێ، کە هەموو لە (بورج تیور) کۆبونەتەوە و دەیانەوێ بڕۆن و بگەن بە سەنگەرنشیناني شاری (رەئس عیون)کە شارێکی قەرەباڵغ و پڕ قەڵای ناوچەکەیە.

بەلازەری دەڵێت: (عومەر نامەی نووسی بۆ عیاز کە عومەیر کوڕی سەلەمی ئەنساری[138] بە هێزێکەوە بنێرێ بۆ شاری (عەین وەردە) کە مەبەست شاری (رەئس عیون)ە شارێکی ناودارە و پڕ لە کانیاوە[139] . بەلازەری دەڵێت: (عومەیر) لە پێشەوە هێزێکی نارد، رۆمەکان سەنگەریان لێگرتن و بە مەنجەنیق بەردیان بۆ هەڵدان و زەرەریان لە موسوڵمانەکان دا. عومەیر گەیشت و بەسەر رۆمەکاندا سەرکەوت و، ڕاوی نان و لەگەڵ خەڵکە ڕەش و ڕوت و ستەم لێکراوە کوردەکەیدا ڕێکەوت و خاکەکەی دایەوە بە خەڵکە رەسەنەکەی– کە کوردن – دەقی (بەلازەریو ئیبن ئەسیر) ئاوا دەڵێن: (فدفعت الارض الى اهليها الاصليين)[140] ئەی دەبێ خەڵکی رەسەنی ئەم شارانە کێ بووبن جگە لە کورد. واتە: (خاکەکەی لە رۆمەکان سەندەوەو دایەوە بە کوردەکان) و ماڵ و منداڵ و خێزانیانی بە سەلامەت پاراست.[141] .

واقیدی دەڵێ: (لەدەرەوەی شار شەڕێکی کورت قەوما و شهر یازی پاشای کوژراو ئەوانی تر رایان کرد بۆ (رەئس عیون) حاکمی ئەو شارە (ئەرسالوس) بە خۆی و ئەحبار و خەڵکێکی زۆری شارەوە موسوڵمان بوون،

---

[138] . عومەیر کوڕی سەلەمی ئەنساری ئەوسی : پیاو ێکی زاهید و هاوڕێیەکی نزیکی پێغەمبەر بوو،(اسد الغابة ج4 ص144). کە باوکی مرد، دایکی شوی کرد بە (جەلای کوڕی سوەیە) و عومەیر لە ماڵی ئەودا دەژیا، جەلای باوە پیارەی کە لە غەزای تەبوك دوا کەوت، وتی : (ئەگەر ئەم پیاوە راست بێ لنحن اشر من الحمر.) عومەیر وتی: ئەی جەلای سوێن بە خوا تۆ کەسێکی خۆشەویستی منی . قسەیەکت کردوە، ئەگەر بیگەیەنم، فەزح دەبیت، ئەگەر لێی بێدەنگ بم، ئیمانم سەلامەت نابێت، ئەنجا چوو بۆ لای پێغەمبەر و بۆی گێڕایەوە، جەلایش چوو بۆ لای پێغەمبەر و سوێندی بۆ خوارد، کە شتی وای نەوتوەو عومەیـر بۆی هەڵبەستوە . پاش ماوەیەك خوای گەورە لە ژووری حەوتەبەقەی ئاسمانەوە نامەی نارد: (يحلفون بالله ماقالوا، ولقد قالوا كلمة الكفر، و كفروا بعد اسلامهم، وهموا بما لن ينالوا. فأن يتوبوايك خيرا لهم.) التوبة 74/9 جەلای تەوبەی کرد و چاکیشی راگرت. (سيرة ابن هاشم ج2 ص 141، اسد الغابة ج4 ص144).

عومەیر یەکێك بوو لە فەرماندەکانی خەلیفە عومەر، زۆر پێی خۆش بوو، پێی دەوت (عمير نسيج وحده) ، عومەیر ئەمیری حومس بوو، جارێك عومەر بە عبدالرحمن کوڕی عومەیری وت : لە شام دا لە باوکت بەڕێزتری تیا نیە الاصابة ج5 ص 32) یان دەیگوت: (خۆزگە زۆری وەك عومەیرم هەبوایە و پشتم پێ ببەستنایە لە بەڕێوەبردنی کاروباری موسوڵماناندا). کرایە والی هەرێمی جزیرە، مزگەوتی لە ناوچەکانی مضر و ربيعة) کردەوە (بلاذري – ص182)، پاشان کردیە والی حومس (طبقات ابن سعد ج7 ص402) ، عومەر زۆر پێی خۆش بو و کە دەیبینێ کارگێڕەکانی خۆیان یەکلاکردۆتەوە بۆ خزمەتی رەعیەت، خەڵکی شام زۆریان خۆش دەویست . لەسەر منارەی (حومس)ەوە دەیگوت: (لايزال الاسلام منيعا، ما اشتد السلطان، و ليست شدة السلطان قتلا بالسيف و ضربا بالسوط، ولكن قضاء بالحق واخذ بالعدل.) (الفاروق عمر، د.هيكل ج2 ص224) لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا نەخۆش کەوت و داوای کرد عوسمان عەفوی کات و لە والیەتی حومس لای بەرێت، عوسمان رازی بوو، گەڕایەوە ناو کەس و کاری و لە ساڵی 31 کۆچی 651 زاین مردو لە شام ئەسپەردە کرا (الاستعاب – ج3 ص1217).

[139] . معجم البلدان: ياقوت الحموي، ج6 ص258.

[140] . الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2 ص208، بلاذري، ص 181.

[141] . قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص515.

هەر دوای ئەو، شارەکانی (دارا[142] و بیرحا و باعما) بە ئاشتی ڕێکەوتن و خەڵکەکەی موسوڵمان بوون – شاری (رەئس عیون)لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی 17 کۆچی دا رزگار بوو[143] .

یەکێك لە رەوشتە بەرزەکانی ئەم فەرماندەیە (عومەیر کوڕی سەعدی ئەنساری ئەوسی) کە شاری (رەئس عیون)ی کوردستانی لە رۆمە گاورەکان سەندەوە و دایەوە بە کوردەکان خۆیان: عومەیر کرایە والی (جزیرە)ی کوردستان و (حومس)ی سووریە، عومەری فاروق لە مەدینەوە نامەی نووسی داوای کرد ناوی هەژارەکانی ئەو ناوچانەم بۆ بنووسن بۆ یارمەتی، کە لیستەکە هاتە بەر دەستی عومەر دەبینێ ناوی (عومەیری ئەنساری) تیایە کە ئەمیر بوو، عومەر وتی ئەمە کێیە.؟ وتیان: ئەمیرەکەمانە. وتی ئەویش هەژارە، وتیان کەسمان نیە ئەوەندە هەژار بێت، عومەر (100) دیناری بۆ نارد، ئەویش هەمووی بەخشیەوە بەسەر هەژاران دا، ژنەکەی وتی با دینارێکت دانایە بۆ خۆمان. وتی ئەی بۆ بیرت نەخستمەوە[144] ،. والیەك ئاوا بۆ رەعیەتەکەی بژی، چۆن ستەمیان لێ دەکات؟

شاری قـرقـیـسـیـا

سوپای ئیسلام روی کردە (قرقیسیا) کە عەرەب و رۆمە هەڵهاتووەکان بەوەیان زانی، پەلاماری پردە ئاسنینیەکەی سەر ڕوباری (خابور)یان داو شکاندیان، پاشان چواردەوری شاریان قایم کرد، لەو شارەدا زانایەکی ئاینی ناودار هەبوو بەناوی (شەوجوان)، بە نهێنی موسوڵمان بوو بوو، کار ئاسانی زۆری کرد بۆ موسوڵمانەکان. کە موسوڵمانەکان نێزیك بوونەوە، رێیەکی تەنگیان نیشان دان، کە شەو داهات لە ئاوی خابور پەرینەوە، لەوبەر روبار لەگەڵ زۆر هۆز و خێڵی ناوچەکە رێکەوتنیان مۆر کرد، دانیشتن و وتووێژی زۆر رووی داو بە نەرمی وەڵامیان دەدانەوە، کە لە شار نزیك بوونەوە، عەرەب و رۆمەکان ماڵ و منداڵیان هێنابویە دەرەوەی شار لەگەڵ خۆیان هەتا راکەن، عیاز (وەلیدی کوری عەقەبە)[145]ی نارد بۆ لایان هەتا رێك بکەون " چونە لای سەرەك خێڵ و هۆزو ماقوڵانی عەرەبەکان. چەند دانیشتن و کۆبونەوەیەکیان کرد، لە ئەنجامدا پیێ وتن: (ئەوەی سەیری عاقبەت بکات ئەمین دەبێ لە خراپە، هیچ کاتێك ئێوە لەوانی پێش خۆتان زۆرتر و بەهێزتر نین، چاك وایە بگەڕێنەوە بۆ لامان و بۆناو حیزبەکەمان) بەم قسانە نەرمی کردن، هەموو عەرەبەکانی ئەو ناوە دایانە پاڵی،

---

[142]. شاری (دارا) لە کۆنا یەکەم پایتەختی (پارثەکان) بوو، ساڵی281پ.ز. ئێستا بە (ابوالورد) ناوی هەیە، پاشان بوو بە(هێکاتوبیپیلوس)..(مێژووی وڵاتی کوردەواری –جمال رشید احمد، ل519، بغداد 1988).

[143]. فتوح الشام – الواقدي – ج2 ص102.

[144]. (اخبار عمر: طنطاوی، ص197.

[145]. وەلید کوڕی عقبە کوڕی ئەبو مطیعی ئەمەوی: بەشداری فەتحی مەککە و جەنگی مەزار و دومە الجندل بوو، دوای لابردنی (سەعد) لە والی کوفە (وەلید) خرایە جێگەی (ئازربایجان و موقان و بیرطلیسان) ی رزگار کرد، پاشان لەگەڵ خەڵکی ئەرمینیا رێکەوت . کە لە ئەرمینیا گەڕایەوە خەلیفە عوسمان بۆی نووسی (معاویە) بۆی نوسیوم ژمارەیەکی زۆری رۆم بۆیان هاتون، وا بە باش دەزانم برایانی کوفە بنێری بۆ یارمەتیان) ئەو کاتە وەلید گەیشتبوە (موسڵ)، عوسمان نوویسبیووی: (هەر کە نامە گەیشتە دەستت یەکێکی ئازاو خێرا کە خۆت دەیناسی بە (8–9–10) هەزارەوە بنێرە بۆ یارمەتی ئەو شوێنەی کە نێراوەکە لوەی هاتووە) وەلید(8) هەزاری بە (سەلمان کوڕی رەبیعە)دا نارد و خۆی لە موسڵەوە گەڕایەوە بۆ کوفە . کە گەیشتە (کوفە) سەعد بە تەعلیقەوە پیێ وت: (نازانین دوای ئێمە ژیر بویت ـ یان ئێمە دوای تۆ تێك چووین .) وەلید وتی: ئەی سەعد زویر مەبە. ئەمە موڵکە، هەیە نیوەڕۆ لێی دەخوا، هەیە عیشا لێی دەخوا .) سەعد وتی: (یەعنی کردتان بە موڵك !) وەلید گەڕایەوە کوفە و لە جێی (سەعد) پێنج ساڵ والی کوفە بوو، خۆشەویست ترین کەس بوو لای خەڵك . مێژوونووسان قسەی زۆریان هەیە لە سەری و دوژمنان بوختانیان بۆ دەکرد و شکاتیان لێکرد لای عوسمان . رەش و روت خۆشی دەویست و دەست و پێوەند دژی بوون . ئەم پیاوە پێغەمبەر (ص) ناردیەلی مصطلق). ئەبوبەکر کردیە والی و مجاهد. عومەر دوو جار کردیەوالی جزیرە. عوسمان کردیە والی کوفە. کە عوسمان شەهید کرا. وەلید عەزل کراو چوو بۆ شاری (رقە) و لەوێ مرد و لەوێ ئەسپەردە کرا. وەلید یەکێك بوو لەو چەند کەسەی کە عوسمان لەسەر دۆشەکی خۆی دای ئەنان.!

جگە خێڵی (ئیاد)، کە کۆچیان کرد بۆ ناو جەرگەی ڕۆمەکان لە سەروی شام. ئەوانی تر زۆریان موسوڵمان بوون هەندێکیان بەبێ بڕوایی مانەوە، بەڵام بێ بڕواو موسوڵمان هەموو چونە ناو سوپای ئیسلام و دورکەوتنەوە لە گاورە خاچ پەرستە ڕۆمەکان. پاشان هەموو خەڵکەکەی کۆکردەوە و لەم قسانەی بۆ کردن: خوا مژدەی پێ داوین کە موڵکی کسرای فارس و هەرقلی ڕۆممان پێبەخشێ و لە بارەمانەوە فەرموویەتی: (ولقد کتبنا فی الزبور من بعد الذكر ان الارض يرثها عبادي الصالحون) پێش شەڕ زۆر لە خەڵکی ناوچەکە موسوڵمان بوون (جزیرە ئاساتترین وڵات بوو کە بە ئاشتی و ڕێکەوتن ڕزگار بوو)[146].

(وەلید) نامەی نووسی بۆ (عیاز)ی سەرکردەی کە (خێڵی ئیاد) هەموویان بە خاو و خێزانەوە ڕایان کردوە بۆ ناو ڕۆمەکان. (عیاز) نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەر و ئاگاداری کرد. عومەر نامەیەکی نووسی بۆ (هەرقل)ی پاشای ڕۆم بەم جۆرە: (پێم گەیشتوە کە ناوچەیەك لە خەڵکی عەرەب، ناوچەی ئێمەیان جێ هێشتووە و ڕایان کردووە بۆ لای تۆ. سوێند بە خوا دەیان نێریتەوە بۆ لامان، یان هەرچی گاوری لای من هەیە دەریان دەکەم بۆ لاتان.)

(هەرقل) هیچی بۆ نەکرا ئەوەندە نەبێت کە خێڵی ئیادی دەرکردو ناردیەوە بۆ ووڵاتی جزیرە. چوار هەزاریان گەڕانەوە ناو خاك وماڵیان و، ئەوانی تر بڵاوبونەوە بە شام دا. ئەم نامەیەی عومەر ئەوەندە توند و حەکیمانە بوو، هەڕەشەیەکی وابوو ئیتر عەرەبەکانی تر نەیان وێرا خاکی موسوڵمانان چۆڵ بکەن و بچنە ناو دوژمن، هەتا خاکی دوژمن نەکەنە بارەگا و بنکە بۆ تۆڵەسەندنەوە، هەتا هەموو عەرەب لەژێر ئاڵاکەیدا کۆبنەوە[147]، بەڵام واقیدی کە لە ئەسڵدا شیعەیە نامەکەی عومەر دەشێوێنێ و عومەر ناشیرین دەکات و ئاوا دەیگۆڕێ (عومەر لە نامەکەی دا نووسیبوی، بیان نێرەوە دەنا هەموو گاورەکانی ناو خاکی خۆم دەکوژم.)[148] عومەر ئەمانی دا بێ بە یەکێك و عەهدو پەیمانی دابێ بیان پارێزێ چۆن دەیان کوژێ." لەبەر ئەوە تەعبیری پێشو ڕاسترە. واقیدی لە هەندێ جێدا زۆرزانانە بۆ ئەوانەی خۆی بیەوێت و مەبەستی بێت دەیشێوێنێ." عومەر (وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیتی ئەمەوی) بەسەر عەرەبەکانەوە و (حەبیب کوڕی مەسلمە)ی بەسەر کوردەکانەوە دانا[149]

(وەلید) ڕازی نەبوو خێڵی (تەغلوب) جگە ئیسلام شتێکی تر وەربگرن. بۆ ئەمە نامەی بۆ عومەر نووسی عومەریش وەڵامی دایەوە: (ئەوانیش هەر لەنیوە دوورگەی عەرەبن جگە ئیسلام هیچی تریان لێ وەرناگیرێ، نابێ گاوریان لێ لە دایك ببێ.)

لەجێیەکی تردا ئاوای دەهێنن. وەلید نامەیەکی تری بۆ عومەر نووسی: (دەڵێی چی ئەوانەی ناوچەکەم بە زۆر بکەم بە موسوڵمان و نەهێڵم بێ بڕوا لەو ناوەدا بمێنێ.)

عومەر وەڵامی دایەوە (ئەوە هەر بۆ نیوە دوورگەی عەرەبە، کە نابێ بێبڕوای تیابێت. دەنا بۆ ئەو ناوچە دوورانە قەیدی نیە.) پاشان عومەر ترسا (وەلید) ستەمیان لێ بکات، بۆیە لای برد و (فوراتی کوڕی حەیانی) و (هیندی کوری عەوجەمەلی) لەسەر جزیرە دانا. موسوڵمانەکانی (بەنی تەغلوب) لەگەڵ هەندێك لە خزمانیا ن کە موسوڵمان نەبوو بوون، وەفدێکیان ڕێك خست بۆ (مەدینە) بۆلای (عومەر)، بۆ شکاتی حاڵی خۆیان، موسوڵمانەکانیان بە عومەریان وت: (ئێمە حەزدەکەین جزیە و سەرانە لەم خزمە گاورانەمان نەسێنن، با ڕانەکەن بۆ لای ڕۆم. لە باتی ئەوە بەناوی سەدەقەوە لێیان وەربگرە، نەك بەناوی (جزیە)وە، گاورەکانیان وتیان: (سوێند

---

[146]. قادة فتح العراق والجزيرة ص487، طبري ج3 ص156، ابن اثير ج2 ص205.

[147]. الفاروق عمر، د. محمد حسنين هيكل، ج1 ص269.

[148]. فتوح الشام، الواقدي. ج2 ص74.

[149]. الكامل في التأريخ، ابن اثير، ج2 ص153.

بەخوا ئەگەر بەناوی جزیە لێمانبسێنن، ئەوا دەچینە ناو ڕۆم و خۆمان سەرشۆڕی ناو عەرەبان دەکەین.) عومەر وتی: (خۆتان سەرشۆڕ دەکەن، ئێوە لە میللەتی خۆتان هەڵدەگەڕێنەوە. سوێند بەخوا مادام ئاوان، هەردەبێت بیدەن، چی دەکەن بیکەن. ئەگەر بچنە ناو ڕۆم، ئەوا لە سەرتان دەنووسم.) وتیان: (شتێکمان لێ بسێنە، ناوی مەنێ جزیە.) عومەر وتی: (ئێمە ناوی ئەنێین جزیە، ئێوە چی ناوئەنێن بینێن.) ئیمامی عەلی وتی: (ئەی عومەر خۆ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس بەناوی سەدەقەوە لێی وەرگرتن لە باتی ناوی جزیە؟ عومەر وتی: بەڵێ وابوو. ئەنجا عومەر ڕازی بوو بە سەدەقە وەرگرتن لە باتی جزیە، بەوە گەڕانەوە، پاشان عومەر بۆ ئەوەی چاکەیان لەگەڵ بکات بە زیممە حسێبی نەکردن و جزیەی لێ نەسەندن، سا بەڵکو بگەڕێنەوە، کە ئەوەیان بیست زۆری تریان موسوڵمان بوون[150].

عەرەبەکانی جزیرە خاوەنی سروشتێکی دەروونی توندو ڕەق بوون، بەردەوام واش بوون، عومەر ترسا پەیوەندی نێوان وەلید و خێڵی تغلب بتەقێتەوە، لەبەرئەوە وەلیدی عەزل کرد بۆ ئەوەی هێمنی و ئاسایش لە ناوچەی جزیرە دا زیاتر بەرپا بێت.[151]

شـــاری نوسێبین

ڕەتڵی سێیەم بە فەرماندەیی (عەبدوڵڵا کوری عوتبان)[152] بوو، بە داوای (عیاز)ی سەرکردە کەوتە ڕێ بەرەو شاری (نوسێبین)، کە لە شار نزیك بوونەوە دەبینن سوپای ڕۆم کە لە هەموو ناوچەکانی ترەوە هەڵ هاتبوون، لەم شارە کۆبونەتەوەو خۆیان قایم کردبوو. (عیاز) داوای کرد چوار دەروازەی شار بگرن، نەهێڵن کەس لێوەی هاتوچۆ بکات، گەمارۆی شاریان توند کرد، هەر چوار دەروازەی شار کە ناویان (دەروازەی شاخ) و (دەروازەی بازاڕ) و (دەروازەی سنجار) و (دەروازەی ڕۆم) بوو گرت، بۆ هەر دەروازەیەك تیپێکی سوپای دانا و، هەوڵیان دا بچنە ژوورەوە، بەڵام ڕۆمەکان بە گەرمی بەرگریان کرد، گەمارۆ درێژەی کێشا. (عیاز) سوپایەکی بە فەرماندەی (عەمرو کوڕی سەعدی ئەنساری) نارد بۆ شاری (سنجار) و بە ئاشتی ڕێك کەوتن[153]، هەر لەوێوە سوپایەکی تر بە فەرماندەیی (مالکی ئەشتەری کوڕی حارسی نەخەعی) نارد بۆ شاری (ئامێدی) و (میافارقین). خەڵکی ئامێدی خۆیان دامەزراندبوو، (مالك) وتی با هەموومان بەیەك دەنگی توند بڵێین (الله اکبر). خەڵکەکە ڕاچڵەکین و سەریان سوڕما لەو دەنگە، نوێنەریان نارد بۆلای (مالك). (مەرزبانی ئامێدی) کە زانای شار بوو زۆر بە ئاسانی ڕێکەوتن، مالك هەموویانی ڕازی کرد و شاری بۆ جێ هێشتن. هەر لەوێوە ڕویان کردە شارەکانی (نزول)[154] و بە ئاشتی ڕێك کەوتن. پاشان چون بۆ شاری (میافارقین). بەتریاکی شار کە ناوی (نیتوس) بوو، بەڵام واقیدی بە (ئەسلاغوس) ناوی بردووە.[155] کەسێکی نارد بۆ ڕێکەوتن. ناوچەکە بە ئاشتی و بێ شەڕ ئازاد بوو. هەموو سوپاکان گەڕانەوە بۆ(نوسێبین) بۆلای (عیاز)، چەندین مانگ بەردەوام گەمارۆی شاری داوەو خەریکە بێتاقەت

---

[150]. التأريخ الطبري: الامم والملوك، ج3 ص158.

[151]. فتوح البلدان، بلاذري ص185.

[152]. عەبدوڵڵا کوری عوتبانی ئەنساری: بەشداری جەنگی هەڵگەڕاوەکانی کرد (الردە) ، چو بۆ عێراق و لە زۆربەی جەنگەکاندا بەشداری کرد، پاشان لەگەڵ (عیاز) بە فەرماندەی ڕەتڵێك نێرا بۆ رزگار کردنی (نسیبین و سنجار) و میافارقین لە جزیرەی باکوری کوردستان و ئەو میللەتەی لە ستەمی ڕۆم رزگار کرد، پاشان عیاز ناردنیەوە (کوفە) و بو بە والی (کوفە)، پاشان سوپایەکی نارد بۆ نەهاوەند. بەفەرماندەی (عەبدوڵڵا و حذیفەی یەمانی) و سەرکەوتن، پاشان ناردی بۆ رزگاری ئەصفەهان و راونانی یەزدگورد و شهررازی حاکمی ئەسفەهانی کوشت پاشان لەگەڵپاشای (جی) زۆرانی گرت لە خواروی ئەسفەهان، پاشا وتی بە عەبدوڵڵا تۆ پیاوێکی تەواوی با رێکەوین بەم جۆرە ناوچەکەی تسلیم کرد (الاصابەج4 ص97). پاشان عومەر لەگەڵسوهەیلی هاوڕێی ناردنی بۆ فەتحی کرمان . (معجم البلدانج5ص241).

[153]. کتاب الفتوح: ابن اعثم، ج1 ص339.

[154]. (نزول) شارێکە لە نزیك زاخۆ لە پارێزگای دهۆك، ئەو جێگایە لە نزیك شاخی (جودی) کەشتیەکەی نوح لەویا نیشتەوە.

[155]. فتوح الشام: الواقدي، ج2 ص102

دەبێت، عیاز کۆبوونەوەی بە هەموو فەرماندەکان کرد هەتا چارێك بۆ ئەم شارە بدۆزنەوە، فەرماندەیەك کەلای (سەعد)ەوە هاتبوو لە عێراق، وتی فێڵێك هەیە" ئێمەش شتێکی ئاوامان توش هات وامان کرد، بنێرە لە شارەزوور کە ئێستا بە دەست موسوڵمانانەوەیە، گۆزە پڕبکەن لە خۆڵ، دووپشکی شارەزوری تیَبکەن، ژمارەیەکی زۆر بهێنن، ئەو گۆزانە بخەنە ناو مەنجەنیق و هەڵیان بدەنە ناو شوراکان، ئەوە چاری ئەم جۆرە کارانەیە، عیاز تیپێکی ئامادە کرد و هەر خێرا ناردنی بۆ شارەزوور، گۆزەیان پەیدا کرد و چەندین باریان لێ بارکردو بە یارمەتی سوپای ئیسلامی ئەو ناوە ڕێکخراو نێرا بۆ هەرێمی جزیرە، کە شەو داهات لە نیوە شەودا و لە خەودا، شار و شوورە و سەنگەر و خەندەق درایە بەر گۆزەی پڕ لە دووپشك، گۆزەکا ن شکان و دووپشك لە خۆڵەکانەوە بلاَوەبوونەوە، ئەو شەوە شاری شپرزە کرد، بوو بە قیژوقاو. بۆ سبەینێ خەڵکی شار زۆریان بۆ سوپای ڕۆم هێنا کە بە ئاشتی ڕێك بکەوێت، نوێنەری ڕۆم گەیشتە لای عیاز، بەڵام عیاز ڕەدی کردنەوەو وەلاَمی نەدانەوە، بۆ شەوی داهاتوو هەرچی مابوو لە گۆزەکان هەڵ درا، خەڵکی لە شار هەڵهاتن، ڕۆمەکان بە سەرشۆڕی هاتنە لای عیاز، عیاز هەرچی سەرکردەو فەرماندەی ڕۆم هەبوو جیای کردنەوەو دەستێکی باشی پیاهێنان.! حەقی چەند ساڵەی کوردی لێ کردنەوە، گەلی کوردی لە ژێر چەپۆکیان ڕزگار کرد. پاشان موسوڵمانەکان داوایان کرد هەموو خێزانە ڕۆمەکان، بەزوترین کات خاکی کوردستان و جزیرە جێ بهێڵن و، بچن بەرەو وولاَتی ڕۆم. بەم جۆرە ئەو ڕۆمە گاورانەیان لە ڕەگ و ڕیشەی خاکی کوردستان دەرهێنا)[156] ئەمە لە مێژووەکەی (ئیبن ئەعسەم کوفی)دا هەبوو، بەلاَم ئەوانی تر جۆرێکی تر دەگێڕنەوە: هەواڵ گەیشتە خەڵکی نوسێبین کەوا سوپای ئیسلام بەرەو ئەوان لە جموجوڵدایە، خەڵکی ئەو شارە کوردە، کە15 ساڵێك پێش ئەو سوپایە، وەفدیان بە نوێنەری شار ناردووە بۆ مەدینە و لە نزیکەوە بە (محمد) – درودی خوای لەسەر بێ – ئاشنابوون، ئیسلام بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە و مژدەیان بۆ شار و ناوچەکەیان هێناوەتەوە [157]. کە سوپای ئیسلام نزیك بۆتەوە، خەڵکی ئەو شارە لە ڕێ و ڕەسمێکیجوان و بەشکۆدا پێشوازیان کردو هاتن بە پیریانەوە و موسوڵمان بوون. پاشای شار (تەریاتس) لەگەڵ زانایان و ماقوڵانی شار کاریگەری زۆریان هەبوو لە موسوڵمان بوونی خەڵکی شاردا. هەموو کەنیسەکان کرانە مزگەوت. موسوڵمانەکان کاروباریان بۆ (تەریاتس) ڕێکخست و شاریان چۆڵ کرد، خۆیان حوکمی خۆیانیان کرد. (تەریاتس) هەر بە پاشای شار مایەوە، هەتا لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەفان)دا مرد. بەم جۆرە موسوڵمانەکان تەنها ئیسلام بونیان لەو گەلانە ویستووە و هیچی تر! پاشان سوپای ئیسلام، ڕێکەوت بەرەو (ئامێدی) ژنێك حوکمی دەکردن بەناوی (ماریەم) ئەم ژنە بەخۆی و کەسوکار و ماڵ و مندالیەوە موسوڵمان بوون، زۆر ئاسان شار ئازاد کرا [158]... خەڵکی ئامێدی بە ئاشتی ڕێك کەوتن و موسوڵمان بوون ئەوی مایەوە جزیەیان دا[159]. (ئیبن ئەسیرو شیت خەتتاب) دەڵێن: (عەبدوڵلا کوری عەبدوڵلا کوری عتبان) لە موسڵەوە سەرکەوت و گەیشتە نوسێبین بە ئاشتی چوە شار.[160]

ئەنجـــــامی ڕووداوەکــــــان

بەلازەری دەڵێ: (عیاز رقە و حەڕان و ڕەها و نوسێبین و میافارقەین و قرقیسیا و دیهاتەکانی فرات و شارەکانی تری بە سوڵح و ڕێکەوتن و ئاشتی ڕزگار کرد.)[161] (لەسەردەمی خەلیفە عومەردا هەمو جزیرە ئازاد

---

[156]. کتاب الفتوح، ابن اعثم، ج1ص361.

[157]. کابانی کوردی، حسن محمود حمە کریم، ل11، 1997.

[158]. فتوح الشام، الواقدي، ج2 ص103.

[159]. هەمان سەرچاوە.

[160]. الکامل في التأريخ، ج2 ص202. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص487.

[161]. فتوح البلدان، بلاذري، ج1 ص207.

بوو بستێکی نەمایەوە.)[162](ول وایریل دیورانت) دەڵێ: (ئیسلام ئاسانترینی ئاینەکانە و رونترینیانە.)[163]، بەم جۆرە هەرێمی جزیرە لە باکوری کوردستان بە ئاشتی رزگار بوو.

کە ئەبوعوبەیدە وردبینی و پاکی و ئازایەتی (عیاز)ی بە دڵدا چوو، داوای لە عومەر کرد لە سەرکردایەتی عێراقی بسێنێتەوە و، بیخاتەسەر سەرکردایەتی شام. عومەر ڕازی بوو. نامەیەکی بۆ عیاز نووسی بەم جۆرە: (سوپاسی خوا دەکەم کە ویلایەتی جزیرە کەوتۆتە دەستی موسوڵمانان. بە گەیشتنی ئەم نامەیە، جێنشینێك بۆ خۆت دابنێ لە جزیرە کە زانا بێت قسەو کردەوەی یەك بێت، بڕوا پێ کراوبێت، پاشان زووبە زوو خۆت بگەیەنەرە شام و بڕۆ و لە جزیرە نەمێنی).

عیاز پێش ئەوەی بڕوات، حسابی خۆی پاکردەوە، (عوتبەی کوری فەرقەدی سەلەمی) لە جیٚی خۆی داناو، چوار هەزار سەربازی بۆ بەجیٚ هێشت و ئەوی تری لەگەڵ خۆی برد، دووفەرماندەشی دایە. (حبیب کوری مسلمە)ی بەسەر کوردەکانەوە داناو (وەلید کوڕی عوقبە)ی بەسەر عەرەبەکانەوە دانا – پاشان (سەهل) و (عەبدوڵلا)ی فەرماندەی ناردەوە بۆ کوفە. کاتێك کە (عومەر) سەعدی بانگ کردەوە بۆ مەدینە، سەعد (عەبدوڵلا)ی لەجێی خۆی دانا بە (والی کوفە) و سەرکردەی هەموو هێزەکانی عێراق، عومەریش ڕازی بوو.[163]

(سەهل)یش بە فەرمانێك کرا بە فەرماندەو، لە (کوفەوە)نێررا بۆ (بەسرە) و، لەوێوە نێررا بۆ ڕزگارگردنی کرمان!

هەرێمی جزیرە لە هەموو وولاتەکان ئاسانتر فەتح بوو، چونکە فشاری ئاینی و ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆمەکانیان بەسەرەوە بوو،(کارل بروکلمان) دەڵێ (خەڵکی ئەسڵ و ڕەسەنی ناوچەی جزیرە – کە کوردن – سەرشۆڕی چەوسانەوە وستەم و زۆری کەنیسەی ئەرثوزوکسی بوون)[164] (سیر تۆماس ئەرنۆڵد) دەڵێ: (خەڵکی شارەکان بە تایبەتی سنعەتکار و دەست ڕەنگینەکان و کرێکار و جوتیارەکان، بە گەرمی پێشوازیان لە ئاینی ئیسلام کرد، لەبەر زۆری باج و خەراج و ستەمی فارس و ڕۆم و، قورسی و دەسکاری کراوی ئاینی زەردەشتی ومەسیحی، بەلام بە ئیسلام ئازاد بوون، یەکسان سەیر دەکران، ئیسلامیان بەلاوە ئاسان بوو وەریان گرت)[165]

مێژوونووسان هەموو باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان بە تایبەت هەرێمی جزیرە ئاسانترین وولات بوو بە کەیف و شەوق و زەوقی خۆیان موسوڵمان بوون، سوپای ئیسلام تەنها جەوروستەمی ڕۆمی لەسەر لابردن، ئیتر پڕ بەدڵیخۆیان ئازاد بوون و وەك گوڵ گەشانەوە و لە سایەی ئیسلام دا حەوانەوە.

واقیدی دەڵێ: (عیاز هەرێمی جزیرەی بە ئاشتی گرت.)[166]

یەعقوبی دەڵێت: (جزیرە بە ئاشتی ڕزگار کرا)[167]

بەلازەری دەڵێت: (جزیرە ئاسان ترین وولات بوو کە بە ئاشتی فەتح بوو)[168]

کوردەکانی جزیرە زۆر ژیر دیار بوون، یەکەم: خۆیان لە شەڕەکان هەڵ نە ئەقورتان. دووەم: پێشتر نوێنەریان ناردبوو بۆ مەدینە و لە ئاینی نوێ و پێغەمبەرەکەی حاڵی بوون و هەواڵیان هێنایەوە. سێهەم: پێشوازیەکی چاکیان لە ئیسلام کرد و وەکو عەرەبەکان بە شەڕو فیتنە ئاژاوەنانەوە وەلامیان نەدایەوە، لە ئیسلام و پیاوەکانی

---

[162]. الاستعاب في معرفة الاصحاب: ابن عبد ربه، ج3ص1243. فتوح البلدان: ج1ص179.

[163]. الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج3ص3

[164]. تأريخ الشعوب الاسلامية: كارل بروكلمان، ص117

[165]. الدعوة الى الاسلام: سير توماس ارنولد، ص238، ترجمة: حسن ابراهيم حسن

[166]. فتوح الشام: الواقدي. ج2ص87

[167]. تأريخ يعقوبي: احمد بن يعقوب، ج2ص150، نجف1358ه

[168]. فتوح البلدان: احمد بن يحى بلاذري. ج2ص204، قاهرة 1959.

وورد دەبوونەوە، بە عەقڵ باوەڕەکەیانیان وەردەگرت. ول دیورانت دەڵێ: (ئیسلام یەکەم ئاین و سیستەمە مرۆڤ لەنێوان سێ شتدا سەرپشك دەکات: ئیسلام بوون، جزیە دان، شەڕ. ئاینەکانی ترگەلانی فارس و ڕۆم، تەنها بە شەڕ بەرامبەرەکانیان دەترسان و سەرشۆڕیان دەکردن).

بارودۆخی شام دوای ڕووداوەکانی جزیــرە

لەشکرکێشی ناو جزیرە تەواو بوو، بە کەمترین خوێن ڕژان وولاتێکی فراوان ڕزگار کرا، ئازایەتی لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەلەی کە لەو خاکەدا دەژیان بێ زاربوون لە ڕۆمەکان، چاوەڕوانی سوپای ئیسلام بوون کە بێت و ئەو مۆتەکەیان لە کۆڵ بکاتەوە، ئەوا هەمووشت جێبەجێبوو، کۆتایی ڕووداو لە بەختی کوردان بوو، موسوڵمانەکان ناوچەکەیانیان جێ هێشت، ڕۆمەکانیش دەرکران. مایەوە کوردەکان، خۆیان حوکمی خۆیان کرد، مەگەر سەربازگەیەك مابێ بۆ پاراستنیان یان جزیە کۆکردنەوە لەوانەی موسوڵمان نەبوون.

بارودۆخی شام ناتەواو بوو، بە داوای عومەر هیچ جموجۆڵێکیان نەکرد بەرامبەر ڕۆم جگە خۆڕێك خستن، هەموو چاوەڕوانی ڕووداوەکانی ناو جزیرەیان دەکرد کە لە بەرژەوەندی حومس و شام تەواو بوو، جگە لەوەی ڕۆمەکان پاڵپشتێکی گەورەیان لە دەست چوو لە جزیرە.

ئەبو عوبەیدە فەرماندەکانی بۆ چەند جارە کۆکردەوە، پرس وڕا و لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی پێ کردن، باسی جزیرە کرا، لەو لایەنەوە ئەمین بوون، ئێستە یەکلابوونەتەوە بۆ ڕۆم و ئەو سوپایەی کە لە میسرەوە هێنراوە و لە لێوارەکانی سوریا دابەش بوون.

هەندێکیان وتیان: ڕوداوەکانی جزیرە تەواو بووە و، سوپای عەرەبەکان بڵاوەیان لێ کردوە و خەڵکی قلنسرین پەشیمان بۆنەتەوە و پەیمانیان شکاندووە. خالید وتی: ئەو سوپا زۆرەی کۆمان کردۆتەوە چاك، وایە بجوڵێنرێت، کاتی ئەوەیە تەمێی ئەوانە بکرێت کە پەشیمان بوونەتەوە، (ئەبوعوبەیدە) ڕازی بوو، هەموو سوپایان کۆکردەوە ئەبوعوبەیدە وتارێکی توندی بۆ خوێندنەوە، سوپاکەیان ڕێك خست (خالید) لای ڕاست، (عەباس) لای چەپ (قەعقاع) لە پێشەوە دەڕۆیشت، ئەم سوپایە بەرەو دوو مەبەست کەوتنە ڕێ یەکەم: تەمێکردن و گێڕانەوەی ئەو خێڵانەی پەیمانیان شکاند بوو، دووەم: بەرەو ئەو ڕۆمانەی لە کەشتییەکان دابەزیون و ناوێرن بێنە پێشەوە. خالید لای خۆیەوە دانرا بۆ سەر کوت کردنی هەڵگەڕاوە و ڕاپەڕیوو و پەیمان شکێنەکان.هەندێکیش نێرا بۆ ئەو عەرەبانەی لە جزیرەوە هەڵهاتبوون، ڕایان دەکرد بەرەو ڕۆم، کەشتییەکان لە ئەنتاکیا دابەزیون و لە نگەریان گرتووە، سەرکردایەتی حومس بڕیاری دابوو پێشەکی هەرقل مەشغوڵ بکرێت بە ئاڵوگۆڕی نامە، هەتا ڕوداوەکان درێژە بکێشێ و نەخشەی هەرقل ئاشکرا ببێت و بزانرێت بۆچی هاتووەو، کەی دەست پێ دەکات و ڕوی مەبەستی بەرەو کوێیە. ئەنجا نامەیەکی درێژی بۆ عومەر نووسی کە بڕیار و ڕای خۆی و ئامۆژگاری بنێرێ. عومەر بیری کردەوە لە نامەکەی ئەبوعوبەیدە و پرس وڕای بە سەرکردایەتی ناو مەدینە کرد، بڕیاری دا خۆی بکەوێتە ڕێ. چونکە ئەو نەخشەیەی هەرقل و ئەو سوپا زۆرە، ئەوە دەخوازێت سەرکردایەتی مەدینە خۆی سەرپەرشتی بکات. عومەر دەست بەجێ لە مەدینەوە دەرچوو گەیشتە ناوچەی جابیە. هەردوو بەرەی جەنگی عێراق و شام بەشداری ئەم جموجۆڵەیان کرد هەڵوێست لە خەتەر دەچوو. ئەوەی دەخواست کە سەرکردایەتی گشتی سوپای ئیسلام کە (حەزرەتی عومەر)ە، خۆی لە نزیکەوە سەرپەرشتی بکات، و نەخشەی بەڕێوەبەرێت، عومەر سوپایەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ناوچەی جابیەی هەڵبژارد بۆ بارەگای سەرکردایەتی خۆی، بڕیاری دەرکرد بۆ هەموو هێزەکانی شام، کە لە خۆئامادەکردن و جوڵانی خێرادابن بەرەو ئەو، ئەبوعوبەیدەش هێشتا لە (حومس) دەر نەچووە و داوای لە هەموو هێزەکانی کرد کە خۆی ناردبوونی دەست بەجێ بگەڕێنەوە بۆ حومس، خالید هەڵگەڕاوەکانی (قلنسرین)ی تەواو کرد و گەڕایەوە حومس. خەڵکی

جزیره ژیانی ئاسایی خۆیان دوور له رۆم و عەرەبە لادەرەکان دەست پێ کردۆتەوە. رۆم هەواڵی پێگەیشت کە سوپای ئیسلام لە شام کۆبونەتەوە، ئامادەن بۆ جوولان و یارمەتیشیان لە عێراقەوە بۆ هاتووە. رۆمەکان دەیان زانی عومەر ناجوڵێ بۆ فەتحی گەورە نەبێت، هەروەکو چۆن پار هات و قودس و فەلەستینی رزگار کرد و رێکەوتنەکەی مۆر کرد، دەیان زانی نەخشەی عومەر قوڵ و کاریگەرە، هەروا بە ئاسانی نەهاتووە، رۆمەکان بەمە پشتیان شکاو، لەولایەوە نەخشەکەیان هیچ دەرچوو، خۆ ئامادەکردنی عەرەبی جزیرە هەڵوەشایەوە، شۆرش و راپەرینی وا لە شام روی نەدا، کە جێی دڵ خۆشی رۆم بێت، ئەوا کەشتیە جەنگیە دەریایەکانی دابەزاندووە و نازانێ بۆ کوێیان بەرێت، چونکە پاڵ پشتیان نیە لەسەر زەوی و، زەوی ئامادەیان نیە تیا ئۆقرە بگرن و نەخشەیان پیادە بکەن. لەبەرئەوە هەرقل داوای کرد لە سەربازە دابەزیوەکان کۆببنەوەو بچنەوە ناو کەشتیەکانیان. لەولایەشەوە زیرەکی بوو بۆ هەرقل، چونکە دەیزانی ئەوەی کە هێناویێتی تیا دەچێ و، بێ پارێزەر دەمێنێتەوە، دوای تیاچونی ئەمانە کەشتی رەق و تەق چی لێ بکات، بەم جۆرە نەخشەکەی عومەری فاروق سەرکەوت، هەر بە جوڵەی خالید هەموو خێڵە عەرەبەکانی شام داوای رێکەوتنیان کرد، خالیدیش رازی کردن و لەگەڵیان رێکەوت، هەتا رانەکەن و پاڵپشت دروست نەبێ بۆ هەرقل. رەوشتی خالید ئاشتییە نەك شەر، ئەمەش حەکیمیەکی تری فەرماندەیەکە لەو کاتە گرنگەدا، دەنا ئەمە دووەم جاریان بوو ئەو خێڵانە هەڵگەرێنەوە و پەیمان شکێنی بکەن، پاشان لە کۆبونەوەیەکدا بە ماقوڵان و گەورەکانی خێڵەکانی وت: (کەم و زۆرتان لای من گرنگ نیە، ئەگەر راست دەکەن هەر ئێستا چەکەکانتان لابەن و بڵاوەی لێ بکەن و هەر یەکە بچێتەوە ماڵی خۆی.)[169] هەر هەموو بڵاوەیان لێ کرد. پاشان خالید چوو بۆ (قلنسرین) ئەوێشی رزگار کرد، هەندێ لە سوپای رۆم لە (قلنسرین) رایان کرد بۆ (حەلەب)، خالید چوو بۆ حەلەب و گەمارۆی دان و بە رێکەوتن ئەوێش تەسلیم بوو، کەچی (ئەبوعوبەیدە) کە حەلەبی لە خالید وەرگرتبوو، هەر لە خۆیەوە چۆڵی کرد، لەسەرئەوە عومەر لۆمەی کرد. رۆمەکان هاتنەوە حەلەب. پاشان خالید و عیاز یەکیان گرت و چونەوە حەلەب و رۆمەکان رایان کرد، (ئەبوعبیدە) روی کردە (لازقیە) و بە فێڵێك لە قەڵاکان دەریان هێنان و ناوچەکەیان رزگارکرد، ئەبوعوبەیدە رەتڵێکی نارد بۆ قەڵای (حەدەس) لە ئاسیای بچوك بە فەرماندەیی(حەبیب کوری مەسلمە)، لەوێشەوە ناردی بۆ (قلنسرین)، لەگەڵیان رێکەوت یان جزیە بدەن یان شار چۆڵ بکەن. ئەوانیش شاریان چۆڵ کرد و چون بۆ خاکی رۆم. عومەر لە(جبایە) ئاگاداری هەموو رووداوەکانە، ناوچەکە بەبێ شەر رزگار بوو، بەرەی جەنگی زۆر کرایەوە، شاری (ئەنتاکیا) گیرا، پاشان (مەیسەرەی کوری مەسروقی عەبەسی) لە ئەنتاکیاوە چووە خاکی رۆم. یەکەم کەس بوو ئەو خاکە ببرێ، لە رێییەکی تەنگەوە رۆیشت، دەبینێ عەرەبەکان ئەوانەی بە ئیسلام رازی نەبوون و هەڵهاتوون لە عەرەبی (غەسان و تنوغ و ئیاد) لە جزیرەوە رایان کردووە و دەیانەوێ بگەن بە سوپای رۆم لە ئەنتاکیا شکاون و دەگەرانەوە بەرەو(قوستەنتنیە) پایتەختی رۆم. لە پرێکا (مەیسەرە) پەلاماری دان و زەرەرێکی زۆری لێدان و بڵاوەی پێ کردن.

هەرقل هەروەکو کسرای لێ هات، لەم شار رای دەفرێنن بۆ ئەو شار. یەزدگورد پاشای فارس لە (مەدائن)ی پایتەختیەوە رایان فران بۆ جلولا و خانەقین وحلوان و رەی و ئەسفەهان، ئێستا لە ئەسفەهانەوە (150) هەزار سەربازی لە (نەهاوەند) کۆکردوەتەوە. (هەرقل) پاشای رۆمیش لە قودسەوە راویان نا بۆ دیمەشق و حومس حەلەب و ئەنتاکیا و ئێستا بەرەو (قوستەنتنیە)ی پایتەختی لە هەڵهاتن دایە. عومەر نایەڵێ لە هیچ جێیەك خۆیان ساز بکەنەوە و ئۆقرە بگرن.(هەرقل) ئەفسەرێکی خۆی بانگ کرد کە تازە لە ئەسیری هەڵ هاتبوو پێی وت:

[169]. اشهر مشاهير الاسلام والسياسة: رفيق بەگ العظيم، ص86، المطبعة الهندية، ط4.

- ئەریٚ پێم بڵێ ئەمانە چین؟
- سوار چاکن بە رۆژ، عابدو خوا پەرستن بەشەو، ستەم ناکەن لە (زیمە) شتیان ناخۆن بە پارە نەبێت. ناچنە ناویان زویریان بکەن بە خۆشی و بە ئاشتی نەبێت. بۆ دوژمنەکەیان دەوەستن هەتا دەیان شکێنن.
- هەرقل وتی: ئەگەر ڕاست بکەی ئەم جیٚ قاچەی من دەگرن!

دوو مانگی نەبرد ئەو جیٚ قاچەیان گرت و، بەرەو ناوەڕاستی وولاٚتی رۆم ڕای کرد. لە سەر گردێکەوە بە سواری ماینەکەیەوە لای کردەوە و، دەستی بەرزکردەوە و، هاواری کرد: خوا حافیز سوریا خواحافیز، جاریٚ تر ناتان بینینەوە. ئەنجا هەلٚ هات و هەتا قوستەنتنیەی پایتەختی رۆم نەوەستا. هەرقل ذکوڵی کرد لە ڕەشبگیرکردنی خەڵکی شام و ئامادەکردنیان، تەنانەت فەرماندە و سوپا و سەرکردەکانی شامی ڕێك نەخستبوو، کە لە شارێکەوە هەلٚ دەهات بۆ شارێکی تر، بۆ نەخشە و کۆکردنەوەی هێز نەبوو، بەڵکو یەئس و سەرلێشێوانی زیاتر پێوە دیار بوو، بەلاٚم عومەر بە هێزی عێراق، جزیرەی تەواو کرد، هەتا سوپای شام ماندو نەکا و سەری لیٚ نەشێویٚ و بۆ جەنگی گەورەتر ئامادەی کردبوو، کە جزیرە تەواو بوو، خۆی هات بۆ شام و، داوای کرد لەیەك کاتدا هەرهەموویان لە یەك جێگا کۆببنەوە، بە بەر چاو ڕۆشنی نەخشەکەی پیادە کرد.

جارێکی تر هەرقل لە کۆبوونەوەیەکی فەرماندەکاندا، پیٚی وتن: ئێمە بەم هەموو چەك و تفاق و سەرباز و سەرکردەیەوە، موسوڵمانەکان بەبیٚ چەك و سەرباز و سەرکردەوە، بۆ چی زالٚ دەبن بەسەر ئێوەدا.؟ یەکێك لە ئەفسەرەکان هەڵساو وتی:

- دەتوانم بەبیٚ ترس قسە بکەم؟
- فەرموو چیت هەیە بیڵیٚ.

وتی: ئەوان وەکو ئێمە نین، ئەوان هەر کە هێرش دەکەن، ئێمە ڕادەکەین. بەلاٚم کە ئێمە هێرش دەکەین ئەوان سەنگەریان چۆڵ ناکەن. هیچ کەس لەوان نیە، حەز دەکات خۆی پێش هاوڕێکەی بکوژریٚ. هیچ کەس لە ئێمە نیە حەز دەکات هاوڕێکەی پێش خۆی بکوژریٚ.

شەو بچۆ گویٚ لە خێمەکانی ئەوان بگرە، لە زکر و خواپەرستی و قورئان خوێندندان و دەنگێك لە خێمەکانیان دێت وەك دەنگی کورەی هەنگ وایە. بەلاٚم وەرە سەیری سەربازگە و خێمەکانی ئێمە بکە لە شەراب خواردن و سەرخۆشی و سەما و یاری بە ئافرەت و ڕابواردندان. تەنها ئا ئەوەیە جیاوازی ئێمە و ئەوان.

هەرقل وتی: ئەگەر ڕاست بکەی ئەم جیٚ قاچەی منیش دەگرن!

(عیاز) بە سوپاکەیەوە بە داوای عومەر کەوتە ڕیٚ بەرەو ژوور، چونە ناوچەی (دەرب) کە ڕێگایەکە لە نێوان (تەرتوس) و (وولاٚتی رۆم) دا، دۆڵێکی فراوان و تەسکە عیاز یەکەم کەس بوو ئەو دۆڵەی بری و ڕیٚی کردەوە لە جزیرەوە بۆ وولاٚتی رۆم و ئەرمینیا پاشان عیاز سەرکەوت بەرەو (بدلیس) و (ئەرمینیا) و (خیلات) لە ناوەڕاستی ئەرمینیا، ئەم ناوچانە هەموو گاور بوون و ڕێکەوتنیان مۆرکرد. دوا قۆناغی لەشکرکێشی‌یەکەی عیاز (عێین حامز) بوو. پاشان گەڕایەوە شاری (ڕقە)، ماوەیەك مایەوە، پاشان چوو بۆ(حومس)[170] و ماوەیەکی باش لەگەڵ (ئەبوعوبەیدە) ژیان. کە ئەبوعوبەیدە کاتی مردنی هات (عیاز)ی خستە جیٚی خۆی و عیاز بوو بە (ئەمیری شام). عومەریش ڕازی بوو فەرمووی: (من ئەمیرێك ناگۆڕم کە ئەبوعوبەیدە دای نابیٚ.) پاشان نامەی بۆ عیاز نوسی: (من ڕازی بووم لەسەر ئەوەی کە ئەبوعوبەیدە کردویٚتی بە والی، کاربکە بەوەی خوا لەسەری فەرز کردووی.)[171] عیاز والی شام بوو، هەتا ساڵی20ی کۆچی640 ی زاین، لە تەمەنی (60) ساڵیدا وەفاتی کرد و

[171]. طبقات الكبرى: ابن سعد البصري الزهري: ج7ص398، بيروت 1376ه.

هەر لە حومس نێژرا. عیاز یەك فلسی لە دوای خۆی جیّ نەهێشت.[172] هەرچی دەست دەکەوت لەپێناوی خوادا دەیبەخشی، ئەم سەرکردانە بۆ دەست کەوتنی دنیا جهادیان نەئەکرد، بۆ تالآنی کوردستانیان ڕزگار نەکرد، بەڵکو بە داوای خەلیفە بوو، بۆ لابردنی ستەمی ڕۆم لە سەر میللەتی خێر لەخۆ نەدیوی کورد. ئەم سەرکردەیە بوو باکوری کوردستانی گەورەی ڕزگار کرد، با یەکێك لە نمونە بەرزەکانتان بۆ بگێڕمەوە هەتا بزانن ئەوەی کوردستانی ڕزگار کرد چ پیاوێك بوو. وە بزانن بۆچییە وا کورد بۆ هەزارو چوارسەد ساڵە موسڵمان بوەو لەدڵیدا چەسپیوەو وازی لێنا هێنیّ لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی کە تا ئەمڕۆش لەسەریّتی هەر لەسەر ئایینەکەی سووره!! کە (عیاز) بوو بە والی شام. هەندیّ لە خزمەکانی ئەوەیان بە هەل زانی، لە نیوەدورگەی عەرەبەوە کەوتنە ڕیّ بۆ شاری (حومس) بەڵکو یارمەتییان بدات. عیاز زۆر بەخۆشییەوە پێشوازی لیّکردن، چەند ڕۆژ لای مانەوە باسی پلەو پایە و ئەجری خزمایەتیان بۆ کرد. وتیان خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش. باسیان کرد کە لە ڕێگە چەند زەحمەتیان تووش هاتووە هەتا گەیشتونەتە (حومس)و لای ئەم. ئەویش دەستی برد لە ماڵی خۆی یەکی (10) دیناری دانیّ، خۆیان (5) کەس بوون، خزمەکان سەریان سوڕما سەیری یەکیان کرد. نەیان وویست و دایانەوە و گلەییان لیّ کرد. عیاز پێی وتن: (کوڕانی مامەم سوێند بەخوا دەزانم خزمن و زەحمەتتان بووە و هەقتانە، بەڵام بۆ لای من نەهاتوون، ئەمە پارەی خادمەکەمە ئەوەم لێداوە بە ئێوە، بم بورن بەخوا هیچم نییە. وتیان: (نات بورین چونکە تۆ والی نیوەی شامی، دەبوایە هەر کرێی ڕێگاکەت بداینایە، هەتا پیّی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.) وتی: (ئەتانەویّ دزیتان بۆ بکەم لە ماڵی خوا.؟ سویند بیّ بەخوا، بە مشار بمبڕنەوە پێم خۆشترە، هەتا خیانەتی یەك فلس بکەم!) وتیان: باشە دەت بورین لەوەی پارەمان بدەیتی، بەڵام تەعینمان بکە بە لێپرسراو و فەرمانبەر، تۆ لێپرسراوی هەموو شامیت. دەتوانی بمان کەیت بە شتێکی باش، ئەوەی خەڵك بۆت دەکات، ئێمەی خزم چاکترو دڵسۆزانەتر بۆت دەکەین، ئەو خێرەی دەچێتە گیرفانی خەڵکی تر، بابێتە گیرفانی خزمەکانی خۆت. خۆ تۆ حاڵی ئێمە چاك دەزانیت چۆنە!) وتی: (من ئێوە دەناسم کە خاوەنی فەزڵَ و چاکەن، بەڵام ئەگەر عومەر بزانیّ من کەسێکی خزمی خۆم دامەزراندووە، لۆمەم دەکات.)

وتیان: (ئەی چۆن تۆ ئەبوعوبەیدەی بیّ پرسی عومەر لە جێی خۆی داینایت کە خزمت بوو، عومەریش پێی ڕازی بوو، تۆش بیکە عومەر ڕازی دەبێت.) وتی: (ئاخر من لای عومەر وەك ئەبوعوبەیدە نیم.) بە تورەیەوە پشتی تیّ کردن و ڕۆیشت.[173]

خولی دەرچوونی ئەفسەر و فەرماندەی سەربازیی

عومەر دەیزانی دەوڵەتی ئیسلام دوژمنی زۆرە. پیاوی گونجاوی دەخستە شوێنی گونجاوو دەگەڕا بە شوێنیان دا، لەبیری ئەوەدا بوو خولێك بکاتەوە بۆ دەرچونی فەرماندەو سەرکردەی سەربازی و بەڕێوەبردن، کاتیش مەجالی نە ئەدا چونکە سنووری فراوان بوو بوو، دوژمنی جۆراوجۆر پەیدا بوو بوو، لە فارس و ڕۆم لە زەردەشتی و گاور و جولەکە، لە بۆچون و باری کۆمەڵایەتی میللەتان. لەبەرئەوە دەیویست هەر لە بەرەی جەنگیەکاندا و هەرلە گەرمەی شەڕەکاندا خولی فێربوون و دەرچوونی کادری سەربازی و ئیداری بکاتەوە. عومەر سەلاحیەتی تەواوی هەبوو لە دانان و لابردنی سەرکردەکاندا بە بچوك و گەورەیانەوە، چونکە ئەو سەرکردەی گشتی هەموو هێزەکان بوو، بۆ هەر جەنگە و سەرکردەیەکی تازە و لیاقەت داری دا ئەنا، کە لەوەو پێش هیچ مارەسەیەکی سەرکردایەتی نەبووە، بۆ نمونە لە بەرەی جەنگی عێراق دا (موسەننای کوری حارسەی شەیبانی) دانا، لە جەنگی(جسر) دا گۆڕی بە (ئەبی عوبێدی سەقەفی) هەرچەندە (ئەبوعوبێد) ناجح نەبوو! دوای شەهیدبوونی (ئەبوعوبێد) (موسەننا)ی هێنایەوە، دوای شەهیدبوونی (موسەننا) (سەعدی کوڕی ئەبی

---

[172]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي، ج3ص342.

[173]. صفة الصفوة: الجوزي ابن فرج، ج7ص398.

وەقاس)ی دانا، دوای گرتنی (مەدائن و حەلوان) لای برد و(عبدللەی کوڕی عوتبان)ی کردە سەرکردەی جەنگی عێراق. بۆ هەموو جەنگێك ڕاست وچەپ و ناوەڕاست و پاشەوەی دادەناو یەکێکی دەکردە سەرکردەیان. لە جەنگێکی تردا پێنج کەسی تری دادەنا و نەخشەشی بۆ دادەڕشتن، کەمتر سەرکردەی دووبارە بکردایەتەوە، ئا بەوە هەڵیدەسەنگاندن، نامەی بۆ دەناردن بە بەردەوامی داواشی لێ دەکردن کە بە درێژی باسی شەڕوشوێن و دوژمن و تاکتیکەکانی جەنگی بۆ بکەن. بەو جۆرە خولی فێرکردن و دەرچونی فەرماندە و کادری جەنگی دەکردەوەو زۆر سەرکەوتووبوو، لە جەنگەکانی ئەهوازو کرمان و نەهاوەند و شارەزور و جزیرە و شام و هەرێمەکانی پشتی ئەمانەوە، بەردەوام سەرکردەی تازەی دروست دەکرد، بۆ جەنگی نەهاوەند، کە گەورەترین جەنگی موسوڵمانان بوو، یەکێکی لە گوندێکی دوورو وون دۆزیەوە و کردی بە سەرکردە و، نزیکەی (40) هەزار سەربازی دایە، بەرامبەر (150) هەزار فارس، زۆر ژیرانە سەرکەوت، دوای ئەو جەنگە فارس نەی توانی یەك بگرێتەوە، بۆیە ناونرا (فتح الفتوح).

بۆ لوبنان (معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان)، بۆ ئەردەن (شرحبیل کوڕی حەسەنە)، بۆ هەر جێیەك سەرکردەیەکی تازە و بە توانای هەڵدەبژارد. دەوڵەتی ئیسلامی دوژمنی زۆر بوو، هەتا فراوان بێتەوە سەرکردەی تازەی دەوێ، سوپای زۆر دەبێ و دوژمنی نوێی بۆ دروست دەبێ، بۆیە دەبێ کوڕانی ئازایان بۆ دروست بکرێ، هەتا لە کاتی تەنگانەدا پەکی نەکەوێ و لێی نەبڕێت، هەتا کییان و نیشتمان و ئومە و ئایین و بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان بپارێزێ، چونکە دوژمن لە هەر چوارلاوە دەوری داون، بەخیلن و بەو پێشڕەوی و دەستکەوتانە، حاقیدن بەوەی وایان بەسەر هاتووە...!! دەبێ لە خەزێنەیاندا کادر و کەسانی بەهێز و بە توانا و شارەزایان زۆر بێت، چونکە ڕەنگە دوژمنی ناهەموار و، شەڕی خوێناوی و نالەبار و قورسیان بێتە ڕێگە. عومەر بە تەنها ئەو بارەشی گرتبووە ئەستۆی خۆی. بەو جۆرە سەرکردەی نوێی دەخستەوە. یەکێك لە سەرکردایەتی بێ وێنەی عومەر ئەوە بوو ئەو خولەی لە هێمنی شاری مەدینە و مەککەدا نەکردەوە، بەڵکو لە مەیدانی جەنگ دا فێری دەکردن و بە نامە، وانەی تیۆری فێر دەکردن و، بە هێرش و پەلاماری دوژمنی ڕاستەقینە، نەك وەهمی،... وانە عەمەلیەکانی فێر دەکردن، دواییش داوای نەتیجەی لە خۆیان دەکرد، نەك خۆی تاقیان بکاتەوە! عومەر بەردەوام نامەی بۆ سەرکردەکان دەنارد و، هەمیشە چەندین تەتەری نامەبەر بەڕێوە بوون، نامەبەر و نامەهێنەری بە هەموو ناوچەکاندا بڵاوکردبویەوە. زوو زوو سەرکردەکانی دەگۆڕی و جێگەی بۆ سەرکردەی نوێ دەدۆزیەوە و، خەڵکی تازەی دەخستە جێیان، پێشتر کاری تازەی بۆ لابراوەکە ئامادە کردبوو.! ئەم کارانەی عومەر بۆ ئەوە بوو هەتا کادری جەنگی و ئیداری زۆر بن و سەرکردایەتی جەنگەکانی ئایندە بکەن. عومەر تێڕوانینێکی قوڵ و وردی هەبوو لە سروشتی مرۆڤایەتیدا، بۆ تاك و کۆمەڵ و گەلان. چونکە هەر گەلێك سروشتی تایبەتی خۆی هەیە. کە سوپای ئیسلام بەرامبەر ڕۆم وەستا، ڕۆم خاوەن ئایینی ئاسمانین، خاوەنی شارستانی و فەلسەفەن، ئەوان زانایانیان خستەوە بۆ جیهان، وەکو سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆو هی تر، عومەریش بۆ ئەو بەرە جەنگیە سەرکردەی باش و هێمن و زانا و دامەزراو و بە توانا و ئازای هەڵبژاردەی دادەنا وەك (ئەبوعوبەیدە) ئەمینی ئومەت، (یەزید) شارەزاو پسپۆڕی بەڕێوەبردن و سیاسەت، (عەمری کوڕی عاس) کە بە ناوبانگە بە بلیمەتی عەرەب، (خالید) پاڵەوان و ناوداری جەنگی و گەورەی سەقیف. (معاویە) حەکیم و بە ئارام. بەڵام بۆ فارسەکان کەسانێکی دانابوو کە بەو میللەتانە و ئاین و سروشتی ئەو گەلە ڕۆژهەڵاتیانەی دەخوارد. (سەلمانی فارس) لە جەنگەکانی فارس دا بەشدار بوو، هەتا (مەدائن) گیرا، کە پایتەختی فارسە، ئیتر لە (مەدائن) جێ نشین کراو، بوو بووە حاکمی شاری مەدائن و جێی فەخری فارسەکان. بەری جەنگی ڕۆژهەڵات بەزۆری سەرەك خێڵ و عەشیرەت وماقوڵانی عەرەبی بۆ دەناردن، چونکە خەڵکی فارس و عەجەم بە زۆری عەشایەر بوون و بەیەکیان دەخوارد و لەیەك تێدەگەیشت.

حاكمی شاری ڕەی پێشوازی لە یەزدگورد دەكات

بروكلمان دەگێڕێتەوە، كە یەزدگورد لە حەلوان هەڵكەندرا، بە خۆی و ماڵ و موڵك و خەزێنەو دەست وپێوەند و ماقوڵانیەوە، بە سواری چوار هەزار ئەسپ و ماین و عەرەبانە، ئەم شار و ئەو شاری دەكرد، هەتا لە شاری (ڕەی) ئۆقرەی گرت و ویستی تیا بمێنێتەوە، شاری ڕەی دەكەوێتە باكوری ناوەڕاستی ئێرانەوە، حاكمی شار ناوی (ئابان جازویە) بوو، پێشوازیەكی گەرمی لیٚ كرد، بەڵام بە ئاشكرا هەستی بە ماندوێتی و بێ قەراری و ڕاڕایی و داڕوخان و شكستی یەزدگورد دەكرد، لە ناو چەوانیدا دەیخوێندەوە. یەزدگورد كە هەڵهاتوە، لەبەردەم دوژمن دا شكاوە و ڕاونراوە و ئێستە پەنای هێناوەتە بەر حاكمێك و میوانە، كەچی پاشای موخلیس حاكمی شاری بانگ كردو داوای باج و خەراجی لێدەكرد.

حاكمی (ڕەی) زۆری پێ ناخۆش بوو، بە یەزدگوردی وت: تۆ ئەوەی كە هەت بوو، بە نرخ و گران بەها بوو لە ژێر دەستدا بوو، لە ترسان بە جێت هێشتوە، ئەنجا بیانوو بە من دەگری و بە تەمای من بۆت بنێرم! لەگەڵ حاشیەكەی خۆی دا چەند كۆبونەوەیەكی نهێنی كرد، پاشان پەلاماری یەزدگورد دەدەن و مستیلە مۆرەكەی لە پەنجەی دادەكەنن و، چەند ڕاپۆرت و چەك و لیستێكی پێ مۆر دەكەن، لەسەر ئەو شتە بەنرخانەی كە بە یەزدگورد بوو. ئەنجا بەرەڵای دەكەن. یەزدگورد هەستی بە هیچی و داڕوخانی خۆی كرد، زۆر بە مەئیوسی شاری (ڕەی) بەجێهێشت و چوو بۆ شاری ئەسفەهان.[174]

[174]. تأريخ الشعوب الاسلامية: بروكلمان. ص104، دارالعلم 1997.

بەشی پێنجەم

* جەنگی ئەهــواز و نەهاوەند
* رزگارکردنی هەرێمی خوزستان (ئەهـواز)
* دەستگیرکردنی هورمـزان پاشا و ناردنی بۆ مەدینە
* جەنگی نەهـاوەنـد (فتح الفتوح)
* خۆئامادەکردنی فارس
* هەڵوێستی سەرکردایەتی ئیسلام
* عومەر چۆن سەرکردەی شیاو دەست نیشان دەکات؟
* بەرەو نەهاوەند
* فە تحولفتوح
* جەنگی هەمـــــەدان
* نەخشەی دوای نەهاوەند
* رزگارکردنی شاری (رەی) و (دستەنبی)
* نهێنی سەرکردایەتی عومـــەر
* جولان بەرەو ئەسفەهــان
* بارەگای سەرکردایەتی و سێ یەم پایتەختی یەزدگورد
* یـەزدگورد لە نێوان ئەستەخـرو کرمان دا

جەنگی ئەهـواز و نەهـاوەند

رزگارکردنی هەرێمی خوزستان (ئەهواز)

یەزدگورد شاری ئەسفەهانی کردبوە بنکەی سەرکردایەتی خۆی و، لەوێوە بڕیاری دەردەکرد، بەردەوام خەڵکانی هان دەدا، نامەی نووسی بۆ حاکم و خەڵکی (فارس و ئەهواز) کە بەرەنگاری موسوڵمانەکان بکەن و بچن بە گژیاندا. داوای لێکردن هەموویان لە ئەهواز کۆببنەوە، ئەویش پارەو سەربازی بۆ دەناردن. سوپایەکی زۆریان لە ناوچەکە کۆ کردەوە، (هورمزان)ی حاکمی ئەهوازیان کردە سەرکردەیان.

ئەمیری بنکەی (بەسرە و کوفە)، یەکی نامەیەکیان بۆ خەلیفە عومەر نووسی و ئاگاداریان کرد، ئەویش دوو نامەی نووسی، یەکیان بۆ بنکەی سەربازی (کوفە)، (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) بەم جۆرە:

(ئەمیری کوفە سوپایەك کۆبکاتەوە بە فەرماندەیی نیعمانی کوڕی مقرن و بکەونەڕێ بۆ (ئەهواز).

نامەی دوەم بۆ بنکەی (بەسرە) بۆ (ئەبوموسای ئەشعەری) ئەمیری بەسرە، سوپایەك ریك بخات بە فەرماندەیی سەهل کوڕی عودەی. پاشان (ئەبو سەبرەی کوڕی ئەبقی رەهەمی) کرد بە سەرکردەی هەر دوو سوپای کوفە و بەسرە.

عومەر نامەیەکی تری بۆ (عەبدوڵلا کوڕی قەیس) ئەبوموسای ئەشعەری نارد بەم شێوەیە: (پێم گەیشتوە کە عەجەمەکان جوڵاون و لە خاکی ئەهواز و تستر و منازر خۆیان کۆکردۆتەوە، هەر کە ئەم نامەیەم گەیشتە دەستت، مەیمرێنە هەتا هاوڕێکانت کۆدەکەیتەوەو ئەوانەی تریش کە وەڵامت دەدەنەوە لە خەڵکی بەسرە. پاشان بە پشتی خوا بیانبە، ئەوەی وەڵامی دایتەوە، خوای گەورە بەسە بۆ ماڵ و منداڵیان، ئامۆژگاری خۆت و هاوڕێکانت بکە، بەردەوام جەنگیان پێ مەکە، مەگەر خۆیان داوات لیٚ بکەن. خۆتیان بۆ نەرم بکە. زۆر بە سۆزبەو ئاگاداریان بەو رێکیان بخە.)

کە نامەکە گەیشتە ئەبوموسا وتی: (رەحمەت لە عومەر، هەروەکو فریشتەیەك لە نێوان هەردوو چاوەکانیدا وەستابێ و ئەم قسانەی بۆ بگێڕێتەوەو بۆی رێك بخات.)

لە هەمان کاتدا عومەر حەزی بەم جەنگانە نەدەکرد، خۆزگەی دەخواست کە ئیتر بەس بوایە. بەڵام ئەوەتە پاشایانی فارس ئۆقرە ناگرن و گەلەکۆمە دەکەن و سوپا دەنێرن، عومەر دەیگوت: (خۆزگە بەسرە و ئەهواز و سەوادمان بە دەست دەبوو، خۆزگە لە نێوان ئێمە و فارس دا شاخێك لە ئاگر دەبوو، نە ئەوان بهاتنایە و نە ئێمە بچویندایە.)[175]

عومەر لە زۆر جێ دا ئەم ئاواتەی دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە. دەیویست سنوریکی دیاری کراو بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دیاری بکات و دەست بکاتە کاری دەوڵەتداری و رێکخستنی ناوماڵی کۆمەڵگەکەی، بەڵام دەرفەتی نادەن. ئیسلام لە ئاشتیدا تەشەنە و گەشە دەکات و دادەمەزرێ.

ئەبوموسا خەڵکی شاری بەسرەی کۆکردەوەو وتارێکی گەرمی بۆ خوێندنەوە، پاشان داواو نامەکەی عومەری بۆ خوێندنەوە و داوای لە خەڵکی کرد کە دەبێت (10) هەزار سەربازی بۆ کۆبکەنەوە. (عومرانی کوڕی حەسین)ی جێنشینی خۆی لە بەسرە و بە خۆی و سوپایەوە کەوتەڕێ. هەتا گەیشتە قەڵاکانی (منازیر)، بست بە بستی ناوچەکەی بەبێ شەڕ رزگار کرد، فارسەکان لە منازیر سەنگەریان گرتبوو، موسوڵمانەکان بەرۆژو بوون، ئەبوموسا پێی شکاندن و بە ماوەیەکی کەم مەنازیری پاك کردەوە.

پاشان سوپای کوفە کە لە رێی خۆیەوە دەهات، لە نێوان (زت) و (روباری تیری) دا دایان لە سوپایەکی (هورمزان) و شکاندیان، هەتا قەراغی (روباری دوجەیل) فڕاندنیان. هورمزان ترسا (ئەهواز) بگیرێ، نامەی

[175]. تأريخ الطبري: الامام الطبري. ج3ص176.

ڕێکەوتنی نووسی، ئەمەش ئەوەیە کە موسوڵمانەکان حەزی لێدەکەن، وەڵامیان دایەوە. بەڵام فێڵ بوو، ڕاست دەرنەچوو! پەیمانی شکاند. ئەمیری بەسرە، خەلیفە عومەری لەو ڕێکەوتن و پەیمان شکێنیە ئاگادار کرد، عومەر یارمەتی تری بۆ ناردن و ڕاویان نان تا نزیکی ئەهواز، دایان لە سوپایەکەی (هورمزان)، لەسەر (پردی بازاڕی ئەهواز) ڕاویان نانە ئەوبەر، هورمزان رای کرد بۆ (رام هورمز) و شاری ئەهوازی چۆڵ کرد. پاشان داوای ئاشتی کرد. موسوڵمانەکان رازی بوون. عومەریش زۆر دڵخوش بوو. بەڵام دوبارە پەیمانی شکاندەوە، ئەم جارە پشتیان بە کوردە (لوڕەکان) بەست و بە زۆر هێنانیە ژێر باری شەڕ! موسوڵمانەکان هێرشیان کرد. عومەر گومانی کرد کە هورمزان حەزی لە ئاشتی بێ و موسوڵمانەکان پەیمان بشکێنن! ترسا ستەم لە هورمزان کرابێ. بۆیە داوای لە ئەمیری کوفە کرد کە وەفدێکی (دە) کەسی لە ماقوڵانی کوفە بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوە. ئەمیری کوفە (دە) کەسی بۆ نارد کە (ئەحنەف کوڕی قەیسی) تیا بوو، کە گەیشتنە (مەدینە) عومەر بە (ئەحنەف)ی وت:

تۆ لای من ڕاست و بەرێز و پیاویت. پێم بڵێ ئایا (ئەهلی زیمە) ستەمیان لێ کراوە، وا پەیمانیان شکاند؟ یان شتی تر بوە.؟

ئەحنەف وتی:

نەخێر. بەڵکو زۆر چاك بوون لەگەڵیان، تۆ چۆنت حەز کردوە، ئاوا بوون لەگەڵیان.

عومەر وتی:

هەر چیت وت تەواوە! فەرموون بڕۆن بە دەم کارتانەوە.

ئەنجا عومەر نامەی نووسی بۆ هەرێمەکان:

(پەیمان شکێنی مەکەن، لە خوا بترسن، خۆتان بپارێزن، با غەدر و تاوانی خۆتان، خەڵکانی ترتان بەسەردا زاڵ نەکات.).

پاشان نامەیەکی بۆ سەعد و خەڵکی کوفە نارد ئەمە دەقەکەیەتی:

(اما بعد. فأني قد بعثت اليكم عمار بن ياسر امير، و عبدالله بن مسعود معلما و وزيرا، و هما من النجباء من اصحاب محمد من اهل بدر، فتعلموا منهما، و اقتدوا بهما، و اني قد اثرتكم بعبدالله على نفسي، وابعث عثمان بن حنيف على السواد، و رزقتهم كل يوم شاة، فأجعل شطرها و بطنها لعمار بن ياسر والشطر الثاني بين هؤلاء الثلاثة.).[176]

پاشان هێرشیان کردە سەر شاری (سوس) و ڕزگاریان کرد، لەو شەڕەدا (شەهریار) برای (هورمزان) کوژرا، ئەنجا ڕویان کردە (تستر) کە هورمزان لەوێ خۆی قایم کرد بوو، هورمزان نوێنەری نارد بۆ لای (یەزدگورد)ی پاشا لە ئەصفەهان بۆ یارمەتی. ئەویش بە چوار وەجبەدا و بە چوار وەزیردا (40) هەزاری بۆ نارد، هورمزانیش (25) هەزاری پێ بوو، ئەمە هەمووی لە شاری (تستر) کۆبونەوە.

ئێستە (سەعد) لە ئەمیری کوفە عەزل کراو (عەماری کوڕی یاسر) کراوەتە ئەمیری کوفە. عەمار (عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود)ی کردە جێنشینی خۆی و بە (شەش) هەزار چەکدارەوە چوو بۆ یارمەتی ئەبوموسای ئەشعەری لە (تستر).

ئەبوموسا داوای یارمەتی تری کرد لە (عومەر)، چونکە سوپای فارس یەکجار زۆر بوون، عومەر نامەی نووسی بۆ (حەلوان) کە (جریر کوڕی عەبدوڵڵای بەجلی) فەرمانداری بوو، بچێت بۆ یارمەتی ئەبوموسا. (جریر) (عروەی کوڕی قەیسی بەجلی) ئامۆزای بە هەزار کەسەوە لە حلوان جێهێشت و خۆی بە چوار هەزارەوە بەرەو شاری (تستر) کەوتەڕێ. سوپای کوفە بە فەرماندەیی (نیعمان کوڕی موقرین) و، سوپای بەسرە بە فەرماندەیی

[176]. كنز العمال: ج2ص314. رسائل الفاروق: عبداللطيف، ص92 رسالة رقم 147.

(ئەبوموسا) و سوپای حەلوان بە فەرماندەیی (جریر) کە دەکاتە (20) هەزار کەس لە دەشتی (تستر) هەڵیان دا. پێشەکی ئەبوموسا هەردوو فەرماندە (جەریر و نیعمان)ی بە سوپاکانیانەوە نارد بۆ شاری (رامهورمز) و هەر زوو گرتیان و هاتنەوە بۆ لای (ئەبو موسا). پاش وت ویژ و نەخشەیەك هەر هەموویان کەوتنەڕێ بۆ (تستر). هەر سێ سوپاکە گەمارۆیان دان. هەشتا هێرشیان کرد، موسوڵمانێکی زۆر کوژرا.

پێش گیرانی شاری (تستر) وەفدێك لە ماقوڵانی خەڵکی فارس هاتن بۆ لای (ئەبوموسا) بۆ ڕێکەوتن. سەرۆکی وەفدەکە وتی: (ئێمە حەزمان لە ئاینەکەتانە، موسوڵمان دەبین بە مەرجێك کە لەگەڵتاندا جەنگ لەگەڵ عەجەمان بکەین. بەڵام جەنگی عەرەب ناکەین. ئەگەر عەرەبەکان جەنگیان لەگەڵ کردین، ئێوە مەهێڵن. کوێمان پێخۆش بێ لەوێ دەبین و، لای کێتانیشمان پێ باش بێ، لای ئەوەتان دەبین. باشترین بەشیشمان دەوێ. دەبێ گەورەکەتان ئەوەمان بۆ مۆر بکات.).

ئەبوموسا رازی نەبوو، وتی: (دەبێ ئێوەش وەکو ئێمە بن لە هەموو شتێکدا)، وتیان رازی نابین. ئەبوموسا نامەی بۆ عومەر نووسی، عومەر وەڵامی دایەوە وتی: (چیت لێ داوا دەکەن بیان دەرێ).

ڕێکەوتن و موسوڵمان بوون. بەشداری گەرم وگوڕی گەمارۆی شاری تستریان کرد.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی موسوڵمان دەبن لە عەجەمەکان، لە بەرەی جەنگی موسوڵمانەکاندا شان بە شانیان دەجەنگن. چاکترین بەش دەبەنەوەو بەرزترین پلەوپایە وەردەگرن لە دەسەلاتی ناوچەکانی خۆیاندا. ڕەنگە ئەمانە هەر ئەو کوردانە بوبن کە هورمزان بە زۆر هێنابوونی بۆ شەڕ. یان ڕەنگە ئەمانە کوردە لوڕەکانی باکووری ئەهواز بووبن، چونکە سنووری (کوردستانی گەورە) پێش ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ئەهوازەوە بەرەو خوار چوو بوو بۆ نزیکی کەنداوی عەرەب!

خزری بەگ دەڵێت: (هورمزان بە دەست و پێوەند و زانا ئاینییەکانیەوە هاتنە دەرەوەی شار بۆ خۆنواندن، شەڕێکی خەست قەوما، فارسەکان شکان و کشانەوە ناو شار، خۆیان لە شوراو قەڵاکاندا قایم کرد. هورمزان لە زۆر جەنگی موسوڵمان و فارس دا بەشداری کردبوو، زۆر ڕقی لە موسوڵمانان بوو، لەم دواییەدا لە جەنگی جلولادا بە شکاوی هەڵهاتبوو، پێشتر برایەکیشی کوژرا بوو، کە داوای ئاشتی دەکات بۆ ئەوەیە پەنێك بە موسوڵمانەکان بدات، هەتا ئێستە پێنج جار داوای ئاشتی کردووە و جارێکیش موسوڵمان بووە بە فێڵ. بزانین چی تر لە هەگبەکەیدایە. جارێ تر هێرشی هێنایەوە بۆ دەرەوەی شار، شەڕێکی تر قەوما. ئەبوموسا بە جۆرە تاکتیکێکی تر سوپاکەی ڕێکخستەوە، هەندێ مناوەشات و شەڕە شیر و تیر و زۆرانبازی ڕووی دا. بەرەی جەنگی زۆر فراوان بوو، بەشی هەمووی دەکرد، بڕیار درا کە لای ڕاست و چەپ هێرش بکات، دەنگی الله اکبر و تەقەی شمشێر و قەڵغان و هاژەی تیر و ڕم و حیلەی ماین و شیعر و وتاری گەرم وگوڕ دنیای گرتەوە، لە لایەکی ترەوە مەفرەزەیەکی موسوڵمانەکان دزەیان کرد، لە کارێزێکی شارەوە بە نهێنی چوونە ژوورەوەی شار، سەر لە بەیانیەکی تاریك و روون و دەنگی تەکبیر و تیر و بگرە و بەردە ناو شاری خرۆشان. سوپای فارس سەریان لێ شێوا، هورمزان لە پشتەوە بەرەو قەڵایەکی تر لە دوری شارەوە رایان کرد. کوژراو و بریندار و ئەسیرێکی زۆریان جێ هێشت.).[177]

دەستگیرکردنی هورمزان پاشا

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: (بۆ شەوێ پیاوێکی شاری هات و کونێکی لە شاخەکانی پشتی شارەوە نیشان دان، کە بەسەر شوراکانەوە دەچونە ناو شار، ڕێ و جێی چاکیان بۆ دانا، بۆ شەوی داهاتوو حەفتا کەس خۆیان فیدا کرد و بە نهێنی چوونە ژوورەوە، هەتا پاڵ ئەو دەرگایەی کە موسوڵمانەکان خۆیان بۆ ئامادە کردبوو ڕۆیشتن،

[177]. تأريخ الامم الاسلامية: محمد خضری بەگ، ص210.

حەرەسەکانی دیوی ناوەوەیان کوشت و لە شەڕێکی خەست دا زۆربەیان شەهید بوون، بەڵام چەند دانەیەکیان توانیان دەرگای شوراکە بکەنەوە، موسوڵمانەکان هێرشیان بردە ناوەوە، ئەو چەند فیداکارەش بوون بە ژێر پێی لێشاوی ولاخی سوپای ئیسلامەوەو شەهید بوون، هورمزان سەری لێ شێوا، بە وانەی کە مابویەوە شاریان چۆڵ کرد و هەڵهاتن بەرەو ئەو قەڵایەی کە پێشتر لە دەرەوەی شار ئامادەی کرد بوو، کەس و کار و ماڵ و موڵکی تیا حەشار دابوو، سوپای ئیسلام گەیشتنە سەری و گەمارۆیان لەسەر توند کرد، کە هورمزان زانی حیسابی تەواو بوە، نارد ی بۆ لای ئەبوموسا کە دەیەوێت بیپارێزێ و بە سەلامەت و خۆی و خاوخێزان و دەست و پێوەندی بگەیەنێتە لای عومەر. ئەبو موسا رازی بوو، لەسەر ئەوە نووسراوێکی بۆ مۆر کرد.)[178]

خزری بەگ) دەڵێت: (هورمزان لەسەر قەڵاکەوە هاواری کردە موسوڵمانەکان: با رازی بین بە حوکمی عومەر، چیم پێ دەکات رازیم.

موسوڵمانەکان هێرشیان وەستاند، هورمزان تەسلیم بوو، شاری تستر و هەموو قەڵاو شوراکانی دەوروبەری پاك کرایەوە.).

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: (لە رێ و رەسمێکدا خۆی و ماڵ و منداڵی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە قەڵاکان دابەزین، تەسلیم بوون، ناردنیان بۆ لای خەلیفە عومەر.).

خزری بەگ دەڵێت: (ئەبوموسا هورمزانی لەگەڵ ئەبوسبرە کوڕی ئەبی رهەم ی نوێنەری دا نارد بۆ لای عومەر.).

مسکویەی رازی دەڵێت: (ئەبوموسا وەفدێکی رێکخست بە سەرۆکایەتی ئەبوسبرە کوڕی ئەبی رهەم کە لە ناویاندا ئەنەسی کوڕی مالك و ئەحنەفی کوڕی قەیس هەبوو، ئەبیموسی هەتا شاری بەسرە لەگەڵیان بوو، پاشان ئەوانی تر رێکەوتن بەرەو مدینە.).[179]

شاری مەدینە هەواڵەکەیان زانی، هاتنە دەرەوەی شار بۆ سەیری هورمزان، هورمزان خۆی گۆڕی و جلە پاشا و ئاڵتون و تاجەکەی لەبەر کرد. هەمووی بریسکەی دەدایەوە لە ئاڵتون و یاقوت دا. هەر لە رێوە چون بۆ ماڵی عومەر، لە ماڵ نەبوو، هورمزان وتی:

ئەوە بۆ کێ دەگەڕێن.؟

وتیان: بۆ خەلیفە عومەر.

وتی: ئەی کەس نییە کاروباری ماڵی بۆ جێبەجێ بکات.؟

وتیان: بەڵێ. بەڵام خۆی وا راهێناوە!

هورمزان سەری سوڕما.

وتیان: (لە مزگەوت دانیشتووە.) کەوتنەڕێ، لەوێ نەبوو، منداڵان یاریان دەکرد وتیان: (لە پشتی مزگەوتەوە خەوتوە.)

هورمزان وتی: ئەمە کێیە.؟

وتیان: خەلیفە عومەرە!

وتی: دادپەروەریت بڵاوکردەوە. ئەمین بووی لە میللەت. خەوتیت!

عومەر پێشتر لەگەڵ وەفدێکی (کوفە)دا دانیشتنی کردبوو لە پشتی مزگەوتەوە، کە لێ بووبوونەوە راکشابوو خەوی لێکەوتبوو.

---

178. کتاب الفتوح: ابن اعثم الکوفي. ج2ص23.

179. تجارب الامم: ابوعلي مسکویة الرازي. ج1ص230، طهران 1987.

هورمزان وتی: ئەی کوا پاسەوان و پرسگە؟

وتیان: ئەوانەی نییە.

وتی: رەنگە پێغەمبەر بێت.؟

وتیان: نەخێر. بەڵام کاری پێغەمبەران دەکات.

ئەمان لەم قسانەدا بوون، عومەر خەبەری بویەوە، هەڵسایەوەو دانیشت، سەیری کردن و فەرمووی: هورمزانە.

وتیان: بەڵێ.

لە هورمزان و ئەوانەی لەگەڵیدا بوو ووردبویەوە، سڵاویان لێ کرد، وەڵامی دانەوە، پاشان وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەمانەی کردۆتە دەسکەوتی موسڵمانان.[180]

پاشان وتی: پەنا بە خوا لە ئاگری دۆزەخ، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە ئیسلام ئەمانە و کۆمەڵی ئەمانەی سەرشۆڕ کرد. ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان، دەست بگرن بەم ئاینەوە، لە رێی پێغەمبەرەکەتانەوە برۆن، دنیا نەتان خەڵەتێنێ، چونکە خەڵکی چاك غەڕا دەکات![181]

ئەی عومەر، ئەمە پاشای ئەهوازە، قسەی لەگەڵدا بکە.

وتی: نەخێر، هەتا ئەوانەی لەبەریدایە دای نەکەنێ!

تاج و جلە حەریر و دیباج و ئاڵتونەکانی بەری داکەند و بەرگێکی سپی روت و سادەی لەبەر کرد.

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: پاشان عومەر چوە مزگەوت و بانگی کرد.

هورمزانیان بۆ هێنا. پیێ وت: ئەی هورمزان دەستی خوا چۆن دەبینی، کەچی پێ کردن.؟

هورمزان وەڵامی دایەوە: من یەکەم کەس نیم ئەم سەرشۆڕیەم بەسەردا هاتبێ. بەڵاو موسیبەت هەر تووشی پیاو دەبێت.

عومەر وتی: راست دەکەیت! بڵێ لا اله الا الله، محمد رسول الله.

هورمزان وتی: ئا بەم حاڵەوە نایڵێم.

عومەر وتی ئەت کوژم! هورمزان بە دەستی خۆی دوو سەحابەی کوشتووە. براو کوڕی مالك و مجزوە کوڕی سەور.

هورمزان زانی عومەر لێی تورەیە ویستی فێڵێك بکات، قسەیەك لە عومەر دەربهێنێ نەیکوژێ. بۆیە وتی: تینومە. پێش ئەوەی بمکوژی ئاوم بدەنێ.

عومەر وتی: ئاوی بدەنێ.

لە جامێکی هەروا دا ئاویان بۆ هێنا، هورمزان وتی: لە شتی وادا نایخۆم. جامی ئاڵتونم بۆ بهێنن.

عومەر وتی: ئێمە ئاو لە ئاڵتوندا ناخۆین.

ئیمامی عەلی وتی: پەرداخێکی قەواریری بۆ بهێنن. وەك ئاڵتون وایە. بۆیان هێنا. ماوەیەك رای گرت.

عومەر وتی: بیخۆرەوە.

هورمزان وتی: دەترسم بمکوژی پێش ئەوەی بیخۆمەوە.

عومەر وتی: خوا وەکیل هەتا نەیخۆیتەوە ناتکوژم!

هورمزان ئەوەی دەویست. بۆیە هەتا توانی جامەکەی دا بە زەویدا و شکاو ئاوەکەی رژا.

---

180. کتاب الفتوح. ج2ص24.

181. تجارب الامم: ابن مسکویة، ج1ص231.

عومەر وتی: ئەوە چیت کرد.؟

عەلی وتی: تۆ پەیمان و ئەمانت دایە و سوێندت بۆ خوارد کە هەتا نەیخواتەوە نەیکوژی، ئەوا نەیخواردەوە. کەواتە تۆ بۆت نیە بیکوژی. بەڵام جزیەی بخەرەسەر با لە مەدینە بمێنێتەوە.

هورمزان وتی: من جزیەم لەسەر نیە. چونکە من پاشای کوڕی پاشام، بەڵام هاتومەتە ناو ئاینی ئیسلام و ئێستە زۆری کەسم بەسەرەوە نیە و بە ئارەزووی خۆم دەڵێم: اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله.

هورمزان موسوڵمان بوو. هەرچیش لەگەڵی دا بوو موسوڵمان بوون، لە ماڵ و منداڵ و کەس و کارو دەست و پێوەند. عومەر ئازادی کردن و دڵخۆش بوو بە موسوڵمان بوونیان، تێکەڵی موسوڵمانان بوون.[182]

بەڵام (خزری بەگ)[183] و ئەبو عەلی مەسکویە رازی[184] جۆرێکی تری دەگێڕنەوە:

عومەر وتی: چۆن دەبینی ئەم غەدر و پەیمان شکێنیەی ئێوە کردتان و , عاقبەتی کاری خوا، کە ئێمەی سەرخست.

هورمزان وتی: ئەی عومەر، ئێمەو ئێوە لە نەفامیدا بوین. وەك بڵێی خوا وازی لە هەردوولامان هێنا بوو. ئەو کاتە بەهێز سەردەکەوێت کە ئێمە بووین. ئەو کاتە خوا لەگەڵ کەسمان نەبوو. بەڵام کە لەگەڵ ئێوەبوو، هەرچەند ئێمە بەهێز تر بووین. بەڵام ئەوەتا هەر ئێوە سەرکەوتن بەسەرماندا!.

عومەر وتی: ئێوە زاڵ بوون بەسەر ئێمەدا، چونکە ئێوە یەکیەتیتان هەبوو، ئێمە دووبەرەك و جیاواز و ناکۆك بوین!

لەگەڵ هورمزان وەفدێك هاتبوون، کە ئەحنەفیان لەگەڵ بوو. عومەر وتی: لەوانەیە موسڵمانەکان لەگەڵ ئەهلی زیممە خراپ بن، بۆیە ئەوانیش وازتان لێ ناهێنن.؟

ئەحنەف وتی: ئێمە هیچمان نەکردووە جگە وەفا و چاکە.

عومەر وتی: ئەی بۆچی ئاوان.؟

ئەحنەف وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، تۆ بڕیارت داوە نەچینە سەریان، داوات لە ئێمە کردوە خۆمان بگرین لەوەی کە بە دەستمانەوەیە، بەڵام پاشای فارس زیندووە و لەبەردەمتاندایە لێی بپرسە. ڕێمان پێ دەگرن و خەڵکمان لێ هان دەدەن، هەتا پاشاکەیان بمێنێ وازمان لێ ناهێنن، دوو پاشا پێکەوە کۆنابنەوە، هەتا یەکیان یەکیان دەردەکەن، بەردەوام خەڵکمان لێ هان دەدەن، هەتا مۆڵەتمان دەدەیت بچینە وڵاتیان و لەسەر وڵاتی فارس لای بەرین و دەری بکەین‌و لە گەل و میللەتەکەی بکەین. ئەوسا فارسەکان وازی لێ دەهێنن.

عومەر وتی: ڕاست دەکەیت، سوێند بەخوا قسەی ڕاستت کرد و تێت گەیاندم.

هەر لەو کاتانە دابوو، هەواڵ هات کە فارسێکی زۆرو بێ ژمارە لە(نەهاوەند) کۆبونەتەوە. ئیتر عومەر مۆڵەتی دان بچنەوە وڵاتیان.

عومەر (ئەبوموسای ئەشعەری)[185] لەسەر ئەمیری بەسرە لابرد و (عوتبەی کوڕی غزوان)ی خستە جێی. ساڵی پڕنە کردەوە (عوتبە) داوای کرد لە عومەر مۆڵەتی بدات بچێتە (حەج) ئەویش ڕێگەی دا. کە حەجی تەواو کرد، عومەر عەزلی کردو لای برد. هەرچەندە عتبە حەزی کردو داوای کرد بیگێڕێتەوە بۆ سەرکاری (بەسرە) بەڵام عومەر رازی نەبوو، ناچار گەڕایەوە بۆ (بەتنی نەخلە) بۆ ناو کەس وکاری و زۆری نەبرد مرد. کە هەواڵ گەیشتە

---

[182]. کتاب الفتوح: ج2ص25

[183]. تأریخ الامم الاسلامیة: محمد خضری بەگ. ج1–2 ص219، مصر 1969.

[184]. تجارب الامم: ابن مسکویة، حقیقه الدکتور ابوالقاسم، ج1ص232، طهران 1987.

[185]. ئەبوموسای ئەشعەری: ژیانەکەی لە سەرچاوەکاندایە بە درێژی.

عومەر. چوو بۆ زیارەتی گۆڕەکەی و وتی: (ئەگەر ئەجەلی نووسراوی خوا نەبوایە، من ئەم پیاوەم کوشتوە.). لای کەس و کاری وەسف و سەنایەکی زۆری عوتبەی کرد.

پاشان (مغیرەی کوڕی شوعبە)ی خستە جێگەی. ئەمە ساڵی(18)ی کۆچی بوو.[186]

عومەر راوێژی بە دۆست و دوژمن دەکرد. گەنجی بانگ دەکرد و پرسی پێ دەکردن و رای لێ وەردەگرتن و دەیگوت: ئێوە بیرتان تیژە قسە بکەن.

تەنانەت کە (هورمزان) حاکمی ئەهواز لە مەدینە گیرا بوو، فارسەکان لە نەهاوەند کۆ بوبونەوە بۆ هێرش کردن هورمزانی بانگ کردو لە بارەی سێ جێگەوە پرسیاری لێ کردو رای وەرگرت هەتا هەڵوێستی سەربازی وڵاتی فارس بزانێ. بزانێ هەرێمی فارس و ئەسفەهان و ئازربایجان کامیان گرنگترە هێرشی بۆ بکەن، هورمزان وتی: (ئەسفەهان) سەرە، فارس و ئازربایجان دوو باڵەکەیە. دەست بکە بەسەر لە پێشەوە[187] **عومەریش وای کرد و خۆی کۆکردەوە بۆ نەهاوەند کە سەر بە هەرێمی ئەسفەهانە!**

---

[186]. التأريخ الامم الاسلامية: خضری بەگ، ص220.

[187]. رسائل الفاروق: ص221.

جەنگی نەهاوەند (فتح الفتوح)

خۆئامادەکردنی فارس

جەنگی (نەهاوەند) لە ساڵی (21ك –641ز) دا روی دا. بە گەورەترین جەنگی مێژووی ئیسلام دەژمێردرێت، کلیلی سەرکەوتن و حەسم کردنی هەموو جەنگ و سەرکەوتنەکان بوو. تەواوی ماشێنی جەنگی و سەربازی فارس تێك شکا. دوای نەهاوەند فارس تواناى کۆکردنەوە و بەرەنگاری رێك و پێکیان نەما. یەکیەتیان هەڵوەشایەوە، راکانیان جیاواز بوو. پەرت و بلاو بوون، گوێ رایەڵیان بۆ یەك سەرکردایەتی نەما، دوای نەهاوەند، هەر ئەمیر و پاشایەك بۆ خۆی جەنگی دەکرد، تەنها بە تەنها دیفاعیان لە کورسی و ناوچە و هەرێمی خۆیان دەکرد، هەیان بوو شەڕی دەکرد و، هەیان بوو بە ئاشتی رێك دەکەوتن. هەر بۆیە، لەبەر ئەم هۆیانە، جەنگی نەهاوەند ناونرا(فتح الفتوح).[188]

نەهاوەند شارێکە دەکەوێتە لای قیبلەی شاری (هەمەدان)، بە کۆنترین شاری هەرێمی چیا دەژمێردرێت.

دوای ئەوەی کە سوپای ئیسلام، ئەهوازو شارەکانی هەرێمی فارسیان گرت، سەرکردە فارسەکان لە شاری (مروە)وە لە خۆراسانەوە کەوتنە نامە نووسین و هەواڵ گۆڕینەوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر شەڕ، یەزدگوردیش لای خۆیەوە لە (بارەگای گشتی سەرکردایەتی) لە شاری ئەسفەهانەوە نامەی نووسی بۆ پاشایانی (باب، سەند، خوراسان، حەلوان) کە ئامادەبن و بچن بۆ (نەهاوەند) و لەوێوە شالاو ببەنە سەر دوژمن.[189]

بەلام سالح قەفتان دەڵێت: (یەزگوردی سێیەم شای کلۆڵی ئێران بە تەمای گەلەکەی بوو کە تەخت و تاجەکەی بۆ بسێننەوە، ماوەیەکی باش بە کیشوەری ئێران دا سوڕایەوە، بە چاوی فرمێسك و گریانەوە چووەتە لای هۆزە فارسەکان، سکالای لا کردون، پاشان روی کردوەتە خێڵە کوردەکان، هاواری بۆ بردون، بە گریانەوە باسی ئابڕوچونی نەتەوەی ئاری تێگەیاندون، هەتا بزاوتونی و هۆشی هێناوەتەوە بە بەر ئێرانیەکاندا، ئەوانیش لەشکرێکی نوێی قورسیان بۆ پێکەوە ناوە، بەلام هەمویان تواناى جەنگیان نەمابوو، بە فەسادی ئیداری شیرازەی یەکیەتیان هەڵوەشابوو، بەرامبەر بە دوژمنی خاوەن عەزم گیانیان تیا نەما بوو، لەبەرئەوە هەرچەندە یەزدگورد لەشکرێکی موناسبی بەم هەوڵ و تەقەلایە کۆکردەوە، بەلام لەشکرێك بە هاوار و تکا کۆکرابێتەوە، خۆی پێ ناگیرێ، ساڵی642ی زاین لە شەڕێکی مەردانەی قورس دا خۆی پێ نەگیرا و شکستی خواردو، نەوەی نەوشیروان پاشای بەدبەختیان یەزدگورد لە مەیدانی شەڕدا بە تەمای مەرحەمەتی دوژمن بە جێ هێشتوە.)[190]

رۆژبەیانی دەڵێت: (ساڵی 19ك –640ز پاش ئەوەی یەزگورد لە حەلوان بە هەڵهاتن دەرچوو، لەگەڵ خەڵکی رەی، قومس، ئەسفەهان، هەمەدان، ماهین – واتە دینەوەر و نەهاوەند – نامەیان گۆڕیەوە و خۆیان خستە ژێر چەك و بونە سەربازی یەزدگورد، ئەویش مەردان شای بروزلی کردە سەرداریان، ئالای (درەخشی کاویانی) کە خۆی بە فێڵ دروستی کردبوو، چونکە (ئالاکەی کاوە) لە جەنگی قادسیەدا کەوتە دەستی موسوڵمانەکان.

عەجەمەکان جولان بەرەو خاکی نەهاوەند، نامە گۆڕینەوەیەکی چڕوپڕ بوو لە نێوان سەرکردەکاندا، کە لە نەهاوەند کۆببنەوە. لە ماوەیەکدا (150) هەزار کەس ئامادە بوون. لەوانە (20) هەزاری خەڵکی (ساوە و هەمەدان) بوو، (10) هەزاری خەڵکی (نەهاوەند)، (40) هەزاری هەرێمی (فارس و کرمان)، (30) هەزاری (ئازربایجان)، (20) هەزاری لە (رەی و سمنان و دامغان)، (20) هەزاری ئەسفەهان، (10) هەزاری (قوم وکاشان)، ئەوەی جێ سەرنجە ئەوەیە کە لە هیچ کام لە نەفیر و داواکاری و نامەکانی یەزدگورد و سەرکردە فارسەکان دا

---

188. فاروق عمر: طبيعة الدعوة الاسلامية، بيروت 1970. (مجلة المجمع العلمي العراقي).

189. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری، ل158.

190. مێژووی نەتەوەی کورد : صالح قەفتان، ل168، بغداد1969. مطبعة سلمان الاعظمي.

داوا لە خەڵکی شارەزوور و هەرێمی چیا (کوردستان) و هەرێمی جزیرە نەکراوە کە بە مەرجێ کوردستان ئەو کاتە ئەو سێ هەرێمە بوە. وا دیارە راپەرینەکەی شارەزوور کاری خۆی کردوە و مەجالی نەهێشتوەتەوە بۆ یەزدگورد و سەرکردەکانی کە بنێرێ بە شوێنیاندا و زۆریان لێ بکات و لەو کۆڕوکۆبونەوەیەی نەهاوەنددا بەشداریان پێ بکات. یاخود ناردویەتی بە شوێنیاندا و، نەهاتون بە دەمیەوە، هەر بۆیە ناویان لە لیستەکانی سەرەوەدا نیە.

بەڵێ. ئەو کۆڕوکۆبونەوەیەی نەهاوەند (150) هەزار کەس بوون، لە سوارە و پیادە و دەست و پێوەند و ماقوڵان و وەزیرو گزیر و زانا ئاینیەکان و پاڵەوان و سەرکردەی سوپای هەموو هەرێم و ناوچەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارس. جگە لەوەی فیلێکی زۆرو فێڵ و تاکتیکی گەورەو بێ وێنەیان هێنابوو.

یەزدگوردی پاشای فارس لە ئەسفەهانەوە هات بۆ سەیری سوپاکەی و بەرەی جەنگی نەهاوەند. هەموو سەرکردەو سوپاکانی کۆکردەوە و وتارێکی گرنگی بۆ خوێندنەوە و گەڕایەوە بارەگای سەرکردایەتی خۆی لە ئەسفەهان، لە وتارەکەی دا وتی: (خۆتان دەزانن، ئەو پاشایەی کە کتێبەکەی بۆ عەرەبەکان هێناوە مرد –واتە پێغەمبەری ئیسلام – دوای ئەو یەکێکی تر بو بە پاشایان ناوی ئەبوبەکر بوو، کەم ژیاو مرد، پاشان عومەر هات، ئەم تەمەنی درێژ بوو، دەسەڵاتی فراوان بوو، ئەوەتە ئێوە لە هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرەوە بۆی کۆبونەتەوە، لە هەموو چین و گەل و کەسێکتان تیایە جگە لەوانەی کە لە نیشانەپێکاندا ئازاو لێ زان بوون، شمشێریان کاریگەر بوو، وەك قەڵغان وا بون و شێر و رمیان دەگێڕایەوە. مەبەستی لەوە بوو هەموو گەلێك ئامادەن و بەشدارن جگە کوردە ئازاکان.[191] پاشان دەڵێت: دە وەرن با ئەو سوپا عەرەبیەی کە لێمانەوە نزیکە لە ناوی بەرین و بچینە وڵاتیان و ماڵەکانیان و، لەوێش هەڵیان کەنین و لە رەگ وریشە دەریان بهێنین. ئەگەر وا نەکەین، ئەوا دێن و ئێرەشمان لێ دەسێنن، لە وڵاتی خۆمان دەرمان دەکەن، سەرشۆڕ و نزممان دەکەن، هەر وەك پێیان کردین لە قادسیە و مدائن و جلولا و ئەهواز. دا)[192]

هەر لەوێ دا بە هەموو سەرکردەو ماقوڵان و سەرۆکی هەرێمەکانی مۆر کردو پەیمانی پێ پڕکردنەوە کە رانەکەن و دژایەتی موسوڵمانەکان بکەن.

هەڵوێستی سەرکردەکانی ئیسلام

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: ئەم هەواڵە گەیشتە (عەممار کوڕی یاسر) ئەمیری کوفە[193] بەڵام تەبەری[194] و ئیبن ئەسیر[195] دەڵێن: لەم کاتەدا ئەمیری کوفە سەعد بووا!

راستیەکەی لای ئیبن ئەعسەمە، هەر لە جەنگی پێشودا (ئەهواز)، سەعد عەزل کرا.

واتە: روداوی نەهاوەند لە نێوان عەزل کردنی سەعد و دەست بە کاربوونی (عەممار) دا بوو.

عەممار کە سەرکردەیەکی تازەیە لە هەڵوێستی وا گەورەدا، فەرماندەکانی دەوروپشتی کۆکردەوە و وتی: بە رای ئێوە چی بکەین.؟

وتیان: چاك وایە هەواڵ بدەینە خەلیفە عومەر لە تەواوی کۆبونەوەو مەبەستی فارسەکان ئاگادار بکەین، پێش ئەوەی بکەونە رێ بەرەو لامان.

عەممار نامەی بەم جۆرە نووسی: (... ئەوەی کە روی داوە ئەی ئەمیری بڕواداران ئەوەیە، کە خەڵکی رەی و سمنان و ساوە و هەمەدان و نەهاوەند و ئەسفەهان و قوم و کاشان و راوەند وفارس و کرمان و ئازربایجان.لە

---

[192]. تأريخ الطبري: الامام الطبري، ج4ص89.

[193]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي، ج2ص33.

خاکی نەهاوەند کۆبونەتەوە بە150 هەزار کەسەوە، چوار پاشای عەجەم سەرکردایەتیان دەکات کە ئەمانەن:خرزاد کوڕی هورمز، سنفاد کوڕی حەشر، خهانین کوڕی فیروز، شرومیا ن کوڕی ئەسفەندیار.).[196]

بەلازەری دەڵێت: (مردان شاە سەرپەرشتی هەموو سوپاکان دەکات).[197]

بەڵام ئیبن ئەسیر دەڵێت: (فیروزان سەرپەرشتیان دەکات.).[198]

رەنگە هەر یەك ناوبن بەم جۆرە: فیروزان مردان شاە.

لە جێیەکی تری نامەکەی عەمماردا دەڵێت: (ئەو فارسانە بڕیاریان داوەو، پەیمانیان مۆر کردوە و یەکیان گرتوە کە دەرمان بکەن لە خاکەکانماندا و، پاشان دوامان بکەون، ئەوانە کۆمەڵێکی توڕە و کۆن و بە ئێش و ئازار و خاوەن ولاخی چاك و زۆر بەهێز و چەکێکی قورس و تەلی دڕکاویان ئامادەکردووە. بەڵام دەستی خوا لە سەروی دەستی ئەوانەوەیە، وە ئاگادار بە کە هەرچی سەر بە ئێمەیە و لە شارەکانی نزیکی ئەوانە گرتویانە و کوشتویانە، هاتون و لێمان نزیك بونەتەوە. بڕیاریان داوە بەرەو مەدائن بێن، پاشان بچنە کوفە . ئەمە موسوڵمانانی ترساندوە، هەر بۆیە وا نامەم بۆ نووسیت، هەتا ڕێمان نیشان بدەیت. والسلام)

کە نامە گەیشتە عومەر، خوێندیەوە، راچڵەکی و تێك چوو، ئەوانەی دەوروبەری هەستیان پێ کرد. هەڵساو چوە مزگەوت و هاواری کرد: (کوان کۆچەری و پشتیوانەکان، رەحمەتتان لێ بێت کۆببنەوە. یارمەتیم بدەن، خوا یارمەتیتان بدات.) لە هەموو لایەکەوە خەڵکی بە دەم هاواری عومەرەوە هاتن، کۆبونەوە. عومەر چوە سەر مینبەری پێغەمبەر ع و بە پێوە وەستا، لە توڕەییدا بزیسکەی دەدا، لە رقی فارس، دەستی پێ کرد: (. ئەمڕۆ رۆژی غەم و پەژارەیە، گوێ بگرن بزانن چیم بۆ هاتوە لە عێر اقەوە.) وتیان چی‌یە ئەی ئەمیری بڕواداران!

وتی: (فارسەکان بە هەموو گەل‌و ناو و پاشا و ئارەزویەکیانەوە، شەیتان دنەی داون و فوی پیا کردون و کۆی کردونەتەوە لە دژمان، لە خاکی خۆیان کێیان لە ئێمە ناسیوە کوشتویانە بە ئەسیر و خەڵکەوە. ئەمە نامەی عەممار کوڕی یاسرە لە کوفەوە، هەواڵی پێ داوم کە لە نەهاوەند 150 هەزار فارس کۆبونەتەوە و نیازیانە بێنە حەلوان و خانەقین و جلولا، نیەتیانە بگەنە مەدائن و کوفە، ئەگەر بگەنە ئەوێ، ئەوا بەڵایەکی گەورە بەسەر ئیسلامدا دەڕژێ. رەحمەتتان لێ بێت قسە بکەن. من رایەکم هەیە جارێ نایڵێم، حەز دەکەم بە مشوەرەت بێت، چونکە ئێوەش شەریکمن لە چاك و خراپەدا.)

تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا وتی:(خۆت پیاوێکی ژیر و خاوەن ئەزمونی، هەرچی بڵێیت لە خۆتەوە نیە، بڵێ با بیکەین، بارمان کە با بڕۆین.)

زوبیر کوڕی عەوام وتی:(تۆ سەربەرزی ئاینیت.خوا تەمەن درێژت بکات بۆ موسوڵمانان، تۆ بیرت تیژە، ئێمە لەبەر دەستتاین چی باشە بیکە) عومەر وتی: (جگە ئەم دوو رایەم دەوێت.)

عەبدوڕڕەحمان کوڕی عەوفی زوهری وتی: (هەر کەس بە رای خۆی قسە دەکات، تۆ لە هەموومان باشتری، فەرموو بڕۆ و ئێمەش لە دواتەوەین.) عومەر وتی:

رایەکی تر. عوسمان بۆ قسە ناکەیت!، عوسمان وتی: خۆت دەزانی ئێمە لە لێواری ئاگردا بوین، خوا بە پێغەمبەر رزگاری کردین. ئێستەش تۆ بڕۆ بۆیان بە هەموو کۆچەری و پشتیوانەوە، هەتا لە رەگیان دەربهێنین و میکرۆبەکەیان بکوژین.

196. کتاب الفتوح: ابن اعثم، ج2ص33.

[197]. فتوح البلدان: بلاذري، ص310.

عومەر وتی: چۆن من دەربچم لە مەدینە، کە سوارە و پیادەی تیا نەماوە، خەڵکی لە هەموو پارچەکاندا بڵاوەیان کردوە، عوسمان وتی: ڕاست دەکەیت، دەڵێم بنووسە بۆ خەڵکی یەمەن و مەککە و میسر و بەسرە و کوفە، با هەموو ئامادەبن و ببنە سوپایەکی مەزن و زۆر گەورە، بە هەموو شت لە دوژمن بدەین.

عومەر وتی: ئەوەش ڕایەکە بە دڵ وەرناگیری. ڕایەکی ترم دەوێ. هەموو بێدەنگ بوون، عومەر لای کردەوە بەلای (عەلی) دا و وتی: ئەی تۆ بۆ قسەیەك ناکەیت.

عەلی وتی: ئەوەی ڕای وت لێت وەرنەگرتن، دڵت هیچی بە دڵ نەبوو، چونکە هەر کەس بە توانای عەقڵی خۆی قسەی کرد. منیش ڕایەکم هەیە، دەڵێم: ئەگەر بنووسی بۆ شام بە سوپاوە بێن، ئەوا هەرقل هەرچی گاور هەیە کۆی دەکاتەوەو دێت و هەموو مزگەوتەکانمان دەروخێنێ و هەرچی پیاومان هەیە دەیکوژن و ژنانمان دەبەن. ئەگەر خەڵکی یەمەن بێن، حەبەشیەکان دێنە سەرمان. ئەگەر خەڵکی مەککە و مەدینەش بچن بۆ بەسرە و کوفە، ئەوا ئەم ناوە بە چۆڵی جێ دەهێڵن بۆ هەموو خراپەیەك، کە ئێرە گرنگترە لەوەی بۆی دەچییت. ئەوسا موسوڵمانەکان نە ئەشکەوتیان هەیە پەنای بۆ بەرن و، نە پەناگایەکیان هەیە داڵدەیان بدات، دوای خۆت هیچ کەسێك نابێت بۆی بگەڕێنەوە، کە هەر خۆت غایە و پەناگا و ترسێنەری، تۆ لە مەدینە بمێنەرەوە، تیا نەجوڵێی، ئەمەت بە هەیبەت ترە بۆ دوژمن و ترسناك ترە بۆ دڵیان. ئەگەر خۆت بڕۆیت دەڵێن پاشای موسوڵمانان لەبەر بێ سەربازی خۆی هات. لە جێی خۆت بمێنەرەوە کێ دەنێری بنێرە.

عومەر وتی ئەی چی بکەین، ئەوەتە عەجەم هەموو هاتون و دەیانەوێ لە ڕەگمان دەربهێنن.

عەلی وتی: فێڵ هەر ئەوەیە، پیاوێکی بە شیددەت و توند و ئازایان بۆ بنێری کە خۆت سەربازەکانت باشتر دەناسی، پشت بە خوا ببەستە و داوای سەرکەوتن لەو بکە، یارمەتی و کۆمەکی ئەو لە کۆمەڵێکی زۆر باشترە.

عومەر وتی: باشترین ڕات وت. بەڵام حەز دەکەم خەڵکی کوفە و بەسرە خۆیان سەرپشکی ئەو شەڕە بکەم. چونکە فێری بون و چاکی لێ دەزانن!

عەلی وتی: ئەگەر ڕاکەی منت بە دڵ بوو، ئەوا بنێرە بۆ (بنکەی بەسرە) با ببنە سێ بەش، بەشێکیان لە بەسرە بمێنێ بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵ و شار، بەشێکی‌تر مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوە بە بانگ و نوێژ و دوعا، بەشی سێیەم با بچن بۆ یارمەتی خەڵکی کوفە، کوفەش وەك بەسرە لێ بکە و دابەشی بکە، ئەوسا بچن بۆ دوژمن.

عومەر بە خەڵکەکەی وت: (ئا ئەوەیە ڕاو بۆچوونی تەواو، سوێند بە خوا منیش هەر ئەو ڕایەم هەبوو). پاشان وتی: (ئەی عەلی هەر خۆت کەسێك دەست نیشان بکە بۆ سەرکردایەتی ئەو جەنگە، کەسێك کە چاك بێت بۆ گیانی فارسەکان.)

عەلی وتی: (نیعمان کوڕی موقرنی موزنی.)

عومەر وتی: پێکات ئەی باوکی حەسەن.[199]

عومەر چۆن سەرکردەی شیاو دەست نیشان دەکات؟

لە جێیەکی تردا ئاوا هاتووە:

عومەر وتی: (کەسێکم بۆ دیاری بکەن بیکەمە فەرماندەی ئەو سوپایە بە مەرجێ عێراقی بێت.)

مەبەستی لەوەیە یان خەڵکی عێراق بێت، یان سەر بە بنکەی سەربازی (کوفە) بێت.

وتیان: تۆ خۆت سەربازی خۆت باشتر دەناسی.

وتی: (والله لأولین امیرهم رجلا، یکون أول الآسنة اذا لقیها غداً هو النعمان بن المقرن.)

وتیان: بۆ ئەوە چاکە، هەر بۆ ئەوە تاشراوە.[200]

---

[199]. کتاب الفتوح. ج2ص40.

پێشتر کە سەعد ئەمیری کوفە بوو، نیعمانی کردبوە جابی و باجگر بەسەر خەڵکی (کسکر)ەوە[201]. بەڵام نیعمان بەو کارە رازی نەبوو کە دەستی لە پارە کۆکردنەوە دابێ. رقی لە ئیشەکەی بوو، هەر بۆیە نامەیەکی بۆ عومەر نووسی کە لای بەرێت لەسەر ئەو کارە و نووسیبوی: (حەز دەکەم ببمە مجاهد و تێکۆشەری دینی خوا و، پێم خۆشە لەناو تەپوتۆزی تێکۆشان دابم " نەك کۆکەرەوەی پارەو باج.)

پاشان عومەر نامەیەکی بۆ سەعد نووسی کە هەتا ئەو کاتە لەسەر کارەکانی نەچووبوو: (ان النعمان کتب الیَّ بذکر انك استعملته علی جبایة الخراج، وانه قد کره ذالك ورغب فی الجهاد، فابعث به الی اْهم وجوهك الی نهاوند.)[202] یان رەنگە زوتر ئەم نامەیەی بۆ نووسیبێ.

نامەیەکیشی بۆ نیعمانی کوڕی موقرنی موزنی نووسی لە (کسکر) بەم جۆرە: (نامەی خەڵکی کوفەم پێ گەیشت و خوێندمەوە و هەڵم سەنگاند و حاڵی بووم لە کاری فارس و، زانیم کە دەستی خوا لە سەروی دەستی ئەوانەوەیە. خوا سەربازی فریشتەیان بۆ دەنێرێ کە بدات لە پێش و پاشیان، ترس بخاتە دڵیانەوەو قاچیان زەلزەلە پێ بکات، هەتا لە ناویان دەبات، تۆ بچۆ بۆ کۆشکی سپی لە مەدائن و سەربازگە دروست بکە، هەتا سەربازانی کوفە و بەسرە لات کۆدەبنەوە. کە هاتن و کاری رێکخستنی خۆت تەواو کرد، بکەوە رێ بۆ جەنگی دوژمنانی خوا لە نەهاوەند، تۆم کردوە بە سەرکردەی ئەو سوپایە، چاك دەزانم کە خوا سەرت دەخات و، دوژمنت سەرشۆڕ دەکات، چونکە خۆی پەیمانی پێ داوین واخری لم تقدروا علیها قد احاط اللـه بها.[203] مەبەست لەوانە فارس و رۆمن. تۆش بڕوات بە پەیمانی خوا بەهێز بێت، ئەو لە پەیمان لانادات، گوێ بگرە ئەی نیعمان. ئەگەر گەیشتن بە دوژمن، با سەبرو ئارامی و خۆگری لە پێشتانەوە بێت، چونکە خوا مژدەی بە خۆڕاگران داوە بەبێ حیساب، جگە لەوەی کە عاقیبەت بۆ موتەقینە. کەواتە بکەونە ڕێ لەسەر بەرەکەتی خوا، منیش بە خواتان دەسپێرم، ئەو خوایەی کە سپاردە زایە ناکات و، سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێت.).

عومەر نامەیەکی زۆری بۆ هەموو ناوچە و هەرێمەکانی وڵات نارد و ئاگاداری کردن. نامەی بۆ بنکەی بەسرە و کوفە نووسی کە کاری خۆیان بکەن. نامەی نووسی بۆ فەرماندەکانی ناوچەی ئەهواز، کە فارسەکانی ئەو ناوچانە سەرقاڵ بکەن و ئەو رێگایانە بگرن کە سوپای لێوە دەنێرن بۆ نەهاوەند، هەتا یارمەتی فارسی ناوچەکە نەگاتە نەهاوەند.[204] پاشان نامەی نووسی بۆ ئەبوموسا لە بەسرە و، بۆ ئەهلی کوفە، کە یەکی سێ یەکی هێزەکانیان بنێرن. نیعمانی کوڕی موقرن گەیشتە کۆشکی سپی لە (مەدائن)، هەر زووبەزوو سوپای کوفە و بەسرە یارمەتی پێ گەیشت، چەکی دابەش کردو سوپای رێکخست و ژماردنی، هەمووی بریتی بوو لە (30) هەزار کەس.

ئەنجا عومەر نامەیەکی تری بۆ نووسی بەم جۆرە: (. بگەنە نەهاوەند بە کاری خوا، بە پشتی خوا بە سەرکەوتنی خوا، بە خۆت و ئەوانەی لەگەڵتدان، مەیان دە لە چاڵ و چۆڵ، ئەزیەتیان مەدە، مافیان مەفەوتێنە، مەیان دە لەچەم و چوخوڕ و قوڕ و لیتە و نشێو، چونکە یەك موسوڵمانم لە سەد هەزار دینار خۆشتر دەوێ.)[205]

بـەرەو نەهـاوەند

---

200. الکامل في التأریخ: ج3ص3
201. معجم البلدان: یاقوت حموي، ج7ص25 دەڵێ ..
202. رسائل الفاروق. رسالة رقم144 ص91.
203. القرآن الکریم: سورة رقم 48 الآیة رقم 41.
204. قادة فتح العراق والجزیرة: اللواء الرکن محمود شیت خطاب، ص103.
205. فتوح البلدان: بلاذري، ص300. طبري: ج4ص232. الکامل: ابن اثیر، ج3ص4.

نیعمان سوپاکەی دابەش کرد، (تەلیحەی کوڕی خویلدی ئەسەدی) بە چوار هەزار ماین سوارەوە کرد بە پێشەنگ و، پێش سوپاکەی خست و ناردی بۆ هەواڵ زانین.[206] جگە لەوە (نیعمان) بە چواردەوری سوپاکە و ریگەی رۆیشتن و بەرە جەنگیەکەدا سریە و کەمینی تری بڵاوکردەوە بۆ هێنان و کۆکردنەوەی هەواڵی دوژمن. بۆی دەرکەوت هەر لە (حەلوان) هەتا (نەهاوەند) هێزی دامەزراو و تایبەتی وای تیانیە کە شایانی هەڵوێست لێ وەرگرتن بێت.

بە دوای ئەواندا نیعمان پێش کەوت، لای راستی دایە (ئەشعەسی کوڕی قەیس)، لای چەپی دایە (موغیرە کوڕی شوعبە). گەیشتنە جلولا، پاشان حەلوان ، سەنگەریان گرت، چونکە هەواڵیان زانی کە سوپایەکی (دە) هەزار کەسی فارس بە فەرماندەیی (شادوە کوڕی ئازاد مەرد) خۆیان دامەزراندوە. کە هەواڵی گەیشتنی سوپای ئیسلامی زانی، بەپەلە خۆیان کۆکردەوە و کشانەوە بۆ شاری قرماسین (کرماشان)[207] . سوپای ئیسلام ماوەیەك لە حەلوان مانەوە و حەوانەوە، ئەنجا نیعمان بانگی کردە (قەیس کوڕی هیبرەی موراد) و وتی (تەلیحە) لە کوفەوە بۆ حەلوان پێشەنگ و چاوی سوپا بوە، دەمەوێ تۆیش لێرەوە بۆ (قرماسین) پێشەنگ بیت. چوار هەزار سوارەکەی ئەوی وەرگرت و، نیعمان چوار هەزار سوارەی تری دایە کە لە بەهێزترین سوپاکانی ئیسلام بوو. بەمە ژمارەی سوپای پێشەنگ بویە (هەشت) هەزار ماین سوار.(قەیس) گەیشتە (قرماسین).

ئێستە دوو سەرکردەی گەورەی فارس لەوێن و یەکی (دە) هەزار سەربازی فارسیان پێیە، یەکەم: شادوە کوڕی ئازاد مەرد کە لە حەلوان هەڵهات، دووەم: مهرویە کوڕی خسروان. بە هەردوکیانەوە (بیست) هەزار چەکداریان لە کرماشان (قرماسین) مۆڵ داوە.

هەر کە زانیان سوارەی ئیسلام بەرەو قرماسین بەرێوەن پاشەوپاش کشانەوە بۆ (مازران). موسەڵمانەکان بەبێ شەڕ چونە (قرماسین)، کە شوێنی هاوینە هەواری پاشایانی ساسانی بوو، یادگار و نوسراوەکانیان بە شاخی بێستونەوە هەتا ئەمرۆش ماوە. پێش و پاشی سوپای ئیسلام لە (کرماشان) قرماسین کۆبونەوە و یەکیان گرت و خۆیان کردەوە بۆ حەوانەوە. (نیعمان) نایەوێ سوپاکەی زۆر ماندو بکات و لەرێی راستیش لای نەدان و هەروەك سەیرانێکی دەهێنایە پێش چاویان، ئەمەش لەبەر نامەکەی عومەر کە فەرموبوی ماندویان مەکە و لە قوڕ و لیتەیان مەدە.

ئەم هەواڵە گەیشتە ئەو (150) هەزار سەربازەی فارس لە نەهاوەند، ترس و لەرزو حەشۆکە پەشۆکاوی روی لە ریزو دڵی سوپای فارس کرد، (150) هەزار دامەزراون و سەنگەریان گرتوە و دەترسن , بەڵام (30) هەزار بە عەزم و ئیرادە و هێزەوە، بەدەم زیکرو ویردو نوێژ و بڕوا بە خوا، بڕوا بە خۆ بڕوا بە سەرکردایەتیان لە پێشڕەوی دان بۆیان.

ئا لێرەدا ئەو فەرمودەیەم کەوتەوە بیر کە پێغەمبەری پێشەواو سەرکردەمان دەفەرموێت[208]: پێنج شتم پێ دراوە بە هیچ کەسێکی تری پێش خۆم نەدراوە. یەك مانگە رێ لە دوژمنەوە دووربم دوژمن دەتۆقێ و دەترسێ. دەسکەوتی جەنگی(الغنائم)م بۆ حەڵاڵ بوە کە پێش خۆم بۆ کەس حەڵاڵ نەبووە. واتە ئەگەر یەك مانگە رێ لە دوژمنەوە دووربم، ترس و لەرزو شپرزەیی روو دەکاتە دڵ و دەرون و ریزەکانیان.

ئەم هەواڵە گەیشتە نەهاوەند، بە پەلە هەموو سەرکردەو فەرماندەو ماقولان کۆبونەوە، سوێندیان خوارد و پەیمانیان تازە کردەوە کە هەرگیز ڕا نەکەن، هەتا دوا موسوڵمان لەناو دەبەن.

---

[206]. کتاب الفتوح: ابن اعثم، ج2ص43.

[207]. معجم البلدان: یاقوت حموي، ج7ص63، کرماشان (قرماسین): مەبەست لە (قرماسین) کرماشانە. کە لە بنەڕەتدا (کرماژن – کرمژن) بوو، پاشان بوەتە کرماژان، کرماجان، کرماشان. فارسەکان کە بەردەوام ناوە کوردیەکانیان گۆڕیوە، کردویانەتە (کرمانشاە) و بەر لە ساڵی550ك کرمانشاە لە (الکامل والمنتظم) دا بەکارنەهاتوە.

سوپای ئیسلام گەیشتە (مردان) یان (مەردومان) و تیا دامەزرا. دوو کەس (بەکیر کوڕی شەداخ) و (تەلیحەی کوڕی خویلدی)ی نارد بۆ نزیکی نەهاوەند بۆ چاودێری و پەیداکردنی هەواڵ و شوێن و حەجمی فارسەکان. هەواڵی چاکیان هێنایەوە. پاشان سوپا کەوتە ڕێ بەرەو نەهاوەند. فارسەکان ئاویان بەر دابویە ئەو دەشت و ڕێگەوبانە، هەتا زەوی بشڵەقێ و قوڕو لیتە ڕێ لە موسوڵمانەکان بگرێت، – هەر وەك وەسیەتەکەی حەزرەتی عومەریان بیستبێ – موسوڵمانەکان ئەو لیتە و قوڕەیان بڕی، دڕك و سیمی دڕکاوی و تەختەی بزماراویو تەلاوییان لەو ڕێگەو بانەدا بڵاوکردبویەوە، سنوری سەنگەرەکانی خۆیانیان بە تەلێکی فراوان داوچێن کرد بوو، جگە لای خۆیانەوە، هەموو ڕێگەوبانێکیان بە دەوری سەنگەر و سەربازگە و شاخ و شاری نەهاوەند دا، تەلاوی کردبوو.

نیعمان کەسێکی بانگ کرد ناوی (مەحمود زەکار) بوو، وتی حەز دەکەم لە شورای فارسەکان نزیك ببیتەوە و، بە نهێنی سەیری ناوەوەیان بکەیت، دەڵێن قەڵایەکیان هەیە لە هەوا، (مەحمود) ڕۆیشت، هەتا گەیشتە بەرەوە شەو داهات. گوێی لە دەنگی حەرەسی فارسەکان بوو قاچی ئەسپەکەی لە تەل و زریسکی دڕکاوی تێك ئاڵاو، بە زەحمەت ڕزگاری بوو، هاتەوە و هەواڵەکەی هێنایەوە و وتی: سەنگەریان قایمە، هەموو لایەکیان بە تەلی دڕکاوی تەنیوە، شەو زریسکی دڕکاوی رادەخەن و بە ڕۆژ بەرزی دەکەنەوە. سوپای ئیسلام لە نەهاوەند نزیك تر بویەوە، قۆناغێك بۆیان چونە پێشەوە هێرش و پەلاماری پچڕ پچڕ و سوك و بەهێز دەستی پێ کرد. ئیبن ئەعسەم دەڵێت: بە سرودو گۆرانی و تەپڵ لێدان شەڕ گەرم بوو، خەڵکێکی زۆر کوژرا ,, لەناو فارسەکاندا (جیرجان)ی وەزیر بەرکەوت. لە زۆر لاوە فارسەکانیان راونا. هەتا ناو سەربازگە و شوراکانیان بردنیان، شەو داهات، سوپای ئیسلام گەڕایەوە سەنگەرەکانیان، ماندو بون , بریندارێکی زۆریان پێ بڕا. (نیعمان) وتارێکی خوێندەوە (. فارسەکان خەتەری بۆ دروست کردون، ئەگەر شکاندتانن، ئەوا خۆشی و شادیە. ئەگەر ئێوە شکان، ئەوا نە بەسرە دەمێنێ، نە کوفە و نە مەدینە. ئێوە، ئێستە بونەتە شورا و دەرگایەك لە نێوان ئیسلام و شیرك دا. ئەگەر ئەو دەرگایە شکا. ئەوا بەڵاو موسیبەت روو دەکاتە ئیسلام. ئەڵڵا ئەڵڵا ئەی سەربەرزەکانی خوا، ئیسلام سەر شۆڕ مەکەن. ئێوە خوا پەرستن، ئەوان خۆر و مانگ دەپەرستن، خوشك و دایك و کچی خۆیان مارە دەکەن، ئێوە بۆ ئەوانە هاتون من سێ جار ئەم ئاڵایە بەرز دەکەمەوە و رای دەوەشێنم، لە دوەمدا رمەکان بخەنە سەر بەینی دوو گوێی ماینەکان و سەیری ناوچاوی دوژمن بکەن، لە سێیەمدا هێرش دەکەین و بڵێن لا حول ولاقوە الا بالله.)[209]

دوو ڕۆژ جەنگ گەرم بوو، موسوڵمانەکان ترسان جەنگ درێژە بکێشێ. خاوەن راو سەرکردەکان لای نیعمان کۆبونەوە، نیعمان پێی وتن: ئەوەتە بت پەرستەکان لە قەڵاو شورە و شارەکانیان دا خۆیان قایم کردوە، نایانەوێ دەربچن، ئێمەش توانامان نیە لە سەنگەرەکانیان دەریان پەڕێنین، خەریکە ماندو دەبین، راتان چی‌یە.؟ چار چی‌یە، چۆن دەتوانین هەڵیان کەنین.؟ هەر یەکە شتێکی وت.

[209]. کتاب الفتوح: ابن اعثم، ج2ص47.

خزری به‌گ ده‌ڵێت: نیعمان سه‌رکرده‌و و فه‌رمانده‌کانی سوپای کۆکرده‌وه‌ و پرس و رای پێ کردن، ئه‌مه چه‌ند رۆژی خایاند، به‌رده‌وام تاوتوێی بار و دۆخیان ده‌کرد، پێی وتن: خۆ چاك ده‌بینن خۆ په‌رست و مشرکه‌کان خۆیان دامه‌زراندوه‌، له‌ خه‌نه‌ق و قه‌ڵاکانیان نایه‌نه‌ ده‌ره‌وه‌، مه‌گه‌ر خۆیان بیانه‌وێت، موسوڵمانه‌کانیش له‌و ده‌شته‌ روته‌نه‌دا به‌ به‌ر چاوه‌وه‌ن، نوقسانی زۆرمان له‌ چاو فارسه‌کاندا له‌ هه‌موو پێوسیتیه‌ك هه‌یه‌. ئێوه‌ راتان چییه‌؟

عومه‌ر کوڕی نه‌بی که‌ پیاوێکی پیر بوو وتی: ئه‌م سه‌نگه‌رگرتن و خۆقایم کردنه‌ی ئه‌وان، له‌م درێژه‌ پێ دانه‌ی ئێوه‌ به‌هێزتره‌! ئیتر واز بێنن و په‌لاماری ئه‌و روخاوو په‌رته‌وازانه‌ بده‌ن. (عه‌مرو کوڕی موعید) وتی: ئه‌وان دیوار و شورایان هه‌یه‌ ئێمه‌ بێ دیوار و شوراین، به‌م جۆره‌ چی ده‌کرێت.؟ [210]

(توله‌یحه‌ی ئه‌سه‌دی) رایه‌کی تری هه‌بوو، وتی: (ئه‌گه‌ر ئه‌سپ سواره‌کان بنێرن په‌لاماریان بده‌ین هه‌تا ته‌ماع ده‌خه‌ینه‌ به‌ر فارس، که‌ ئه‌مانه‌ که‌من و بۆیان بێنه‌ ده‌ره‌وه‌ و سواره‌کانی ئێمه‌ خۆیان شل بکه‌ن ئه‌وان راویان بنێن و سه‌نگه‌ر و قه‌ڵاو شوره‌کانیان چۆڵ بکه‌ن، ئێمه‌ سوپایه‌ك له‌ به‌هێزه‌کان حه‌شار بده‌ین هه‌ر که‌ ئه‌وان قه‌ڵاکانیان چۆڵ کردو دوورکه‌وتنه‌وه‌، ئێمه‌ی خۆحه‌شار دراو خۆمان ئاشکرا بکه‌ین و په‌لاماری قه‌ڵاو شوراکانیان بده‌ین).

هه‌موو رازی بوون. نیعمان سوپایه‌کی تری له‌ جێیه‌کی په‌نهاندا دامه‌زراندو شاردیه‌وه‌ که‌ شه‌ڕ نه‌که‌ن هه‌تا مۆڵه‌تیان ده‌درێتێ. فێڵه‌که‌ ده‌ستی پێ کرد، نیعمان سواری ئه‌سپه‌که‌ی بوو دوو سه‌رکردایه‌تی دروست کرد یه‌کێکیان به‌ فه‌رمانده‌یی قه‌عقاع کوڕی عه‌مر بۆ سه‌رپه‌رشتی ئه‌و سوارانه‌ی که‌ هێرش ده‌که‌نه‌ سه‌ر قه‌ڵاو شوره‌کان و دوژمن راده‌کێشنه‌ ده‌ره‌وه‌ " دووه‌م نیعمان سه‌رکرده‌ی هه‌موو سوپاو هانده‌ر و رێکخه‌ری ئه‌وانه‌ی که‌ خۆیان حه‌شار داوه‌، ریزه‌کانی رێك خست ئاڵاکانی تاودا. ده‌یدا به‌لای هه‌ر ئاڵایه‌کدا، گه‌رمی ده‌کردن و نه‌خشه‌که‌ی بیر ده‌خستنه‌وه‌، قه‌عقاع سواره‌یه‌کی زۆری برد، به‌ مه‌رجی په‌لامار و خۆ شل کردن بۆ دوژمن.قعقاع کاری خۆی کرد و شه‌ڕی له‌ سه‌نگه‌ره‌کان گه‌رم کرد، فارس گه‌له‌کۆمه‌ی زۆریان بۆ قعقاع و سوپاکه‌ی هێنا، ته‌واو ته‌ماعی خسته‌ به‌ر فارسه‌کان که‌ هه‌ر هه‌موو بۆیان بێنه‌ ده‌ره‌وه‌، قه‌عقاع سوپاکه‌ی له‌به‌رده‌م زۆری فارسه‌کاندا هه‌ڵهاتن و شه‌ڕی پاشه‌کشه‌یان ده‌کردو دووری خستنه‌وه‌، نیعمان لای سوپاکه‌ی خۆی بوو نه‌خشه‌که‌ی فێر ده‌کردن: سێ ته‌کبیر (الله اکبر) ده‌که‌م، له‌ یه‌که‌مدا ئاماده‌بن، له‌ دووه‌مدا چه‌که‌کانتان ئاماده‌ بکه‌ن و رمه‌کانتان بخه‌نه‌ نێوان هه‌ردوو گوێی ماینه‌کانتان، له‌ سێهه‌مدا من هێرش ده‌که‌م و ئێوه‌ش به‌ دوامدا. هه‌واڵ گه‌یشته‌ نیعمان که‌ فارسه‌کان زۆر له‌ قه‌ڵاکانیان دوور که‌وتونه‌ته‌وه‌، نیعمان ته‌کبیره‌کانی کرد و له‌سێهه‌مدا وتی: (اللهم أعز دينك، وانصر عبادك، واجعل نعمان اول شهيد اليوم على اعزاز دينك و نصر عبادك). [211]

(خوایه‌ ئاینت سه‌ر به‌رز بکه‌، به‌نده‌کانت سه‌ر بخه‌، خوایه‌ نیعمان یه‌که‌م که‌س بێت که‌ ئه‌مڕۆ شه‌هید ببێ له‌ پێناوی سه‌ربه‌رزی ئاینت و سه‌رکه‌وتنی به‌نده‌کانتدا.) به‌م جۆره‌ نیعمان دوژمنه‌کانی راکێشایه‌ ده‌ره‌وه‌ی سه‌نگه‌ره‌کانیان، بۆ جێیه‌کی روت و بێ په‌ناگا که‌ زوتر موسوڵمانه‌کان گیریان پێوه‌ خوارد بوو، دور له‌ قه‌ڵاو شوراو شاره‌کانیان، هه‌تا کات ته‌واو پێگه‌یی، شه‌ڕی بێ وێنه‌ له‌ مێژووی ئیسلامدا به‌رپا بوو، شه‌ڕگه‌ و مه‌یدانی جه‌نگ پڕ بوو له‌ خوێن و لاشه‌. نیعمان به‌ هاوڕێکانی وت: ئه‌گه‌ر خوا شه‌هاده‌تی کرد به‌ نسیبم، دوای من (حوزه‌یفه‌ی یه‌مانی) ئه‌میرتان بێت، ئه‌گه‌ر ئه‌ویش به‌رکه‌وت (جه‌ریر کوڕی عه‌بدوڵڵا به‌جلی) ئه‌میرتان بێت، ئه‌گه‌ر

---

[210]. تأريخ الامم الاسلامية: خضري به‌گ، ص220.

[211]. مجلة (المورد): العدد،1997/2 ص59. الجهاد في خطابة صدر الاسلام: ناهي ابراهيم العبيدي. العراق.

ئەویش بەرکەت (ئەشعەسی کوڕی قەیسی کەندی)، دوای ئەو (موغیرەی کوڕی شوعبەی سەقەفی) بێت پاشان نیعمان سەری بەرزکردەوەو وتی: (اللهم انصر ابن مقرن، وارزقه الشهادة، انك على كل شئ قدير.).[212]

بەلازەری دەڵێت: لە نامەیەکی عومەردا هاتوە کە ئەگەر نیعمان پێکرا حوزەیفە، ئەگەر حوزەیفە پێکرا جەریر، ئەگەر جەریر پێکرا ئەشعەس. بچێتە جێگەی.[213]

ئیبن ئەعسەم دەڵیٚ: (فارسەکان لە سەنگەرەکانیان دەرچوون، فیلی زۆریان پێش خستبوو. ئەو موسڵمانانەی کە خۆیان حەشار دابوو دەستیان کردە هات و هاوار و زیکر و شیعر و هۆنراوە خوێندنەوە. یەکێك هاواری کرد: وازبێنن لەشیعر و هۆنراوە، دڵ بدەنە خواو سەیری ئاڵای ئەمیرتان بکەن. نیعمان سیٚ جار ئاڵاکەی شەکاندەوە. بوبە ڕۆژی حەشر و دەنگی الله اکبر، پرمەو حیلەی زیاتر لە بیست هەزار ماین، تەقەی شمشێر و شیروتیر و قەڵغان دەگەیشتە کەشکەشانی فەلەك، موسڵمانە تازە نەفەسەکان، تێکەڵ بەفارسە شەڕاویە قەڵاو شورا چۆڵ کردووەکان بوون. جەنگی بیٚ وێنە ئا لێرەدا روی دا، نیعمان ویستی هەڵبکوتێتە سەر سوارێکی فارس، بەڵام لە دواوە کەسێکی تر دای لەلا کەللەکەی و ناوکی کەرت کردو خوێن و ڕیخۆڵەی بەسەر پشتی ماینەکەدا هاتەخوارەوە و کەوت و شەهید بوو.).

تەبەری دەڵیٚ: (ماینی نیعمان شەلاڵی خوێن بوو بوو، نیعمان بە تیرێکی دوور پێکراو لە زینەکەی کەوتە خوارەوە، دەم ودەست مرد، کە نەعیمی برای بینی، هاتە لای، دای پۆشی هەتا نەزانن سەرکردەکەیان کوژراوە. ئاڵاکەی برد بۆ حوزیفەی یەمانی. بۆ شەویٚ فارسەکان شکان، نەیان هێشت فارسەکان بگەنەوە قەڵاکان.).

تەبەری دەڵیٚ: (شەڕ تاوی سەند. فارسەکان ویستیان بگەڕێنەوە بۆدواوە، بۆ ناو مۆڵگە و قەڵاو شوراکانیان، دەبینن ڕێیان نیە و بەردەم و پشتیان گیراوە، چەند سەرکردەی فارس لەو سەرلێشێوانەدا کوژرا، لەوانە (ئازەر کورد، مهربندان، ئەنوشجان، هورمزی کوڕی داران.) و دەیانی تر. موسوڵمانەکان زۆر ماندوو بوون، ئەو هەموو سوپایە بەوان تەواو نابیٚ، کاری زۆریشیان لەسەر کردبون و ورەیان پیٚ بەردابوون، لەوانەبون وازبهێنن و بگەڕێنەوە شوێنی سەنگەر و قەڵاکانی ئەوان، (جەریر) هاواری کرد: (موسوڵمانینە سوپای فارس زۆرن، ئێستە یەزگورد لە ئەسفەهانە، کیٚ دەڵێت سبەی دوو سبەی سوپایەکی تری بیٚ شومارتان بۆ ناهێنیٚ و ماندوتان بکات.؟ ئەوا خەریکە خۆریش دەنیشێت، با بڕیار بدەین، شەو دانەیەت خۆمان بگەیەنینە قەڵاکانی شاری نەهاوەند.) هەر ئەو بڕیارە بوو، لەسەر فارسەکانیان توند کرد، هێرش لەسەر هێرش و، دەنگی الله اکبر ئەژنۆی هێنا بوونە لەرزە و، نەیان دەزانی ئەمانە چین، نە شمشێر دەیان بڕیٚ و نە فیلەکان دەیانترسێنیٚ! سەنگەر بە سەنگەر و، قەڵاو شۆرەیان پیٚ چۆڵ کردن و، لە خەنەقەکان دەریان پەڕاندن، تەنانەت شاخ و چەم و دۆڵ خەبەریان لیٚ دەدان، لە هیچ جێیەك خۆیان بۆ نەدەگیراو هیچ شوێنیٚ لە خۆی نەدەگرتن.

خوا سەرکەوتنی دا بە (نیعمان)، بەڵام شەهید بوو نەی بینی. ئەمانە جۆرە پیاوێکن کاریان دەویٚ نەك بەرهەم، کاری قیامەتی وەك کشت وکاڵی دنیا نیە بەرهەم حسێب بێت ئەوسا قازانجت کردوە، بۆ قیامەت چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاودا، لە جێیەکی تر بەر دەگریٚ، جگە لەم جێیە کە یەزگوردێکت لیٚ پەیدا ببیٚ، نەهێڵیٚ ئاڵای خێر بەرز بکەیتەوە و تۆوی چاکە بلاو کەیتەوە، ئەوانە خوا فێری کردون و عومەر بۆی داڕشتون، لە نامەی (158) دا بە ئەبوموسای ئەشعەری کە لە جەنگی نەهاوەند دا بەشدارە دەڵێت: (فأن خيرتم بين امرين، احدهما للدنيا، والاخر للاخرة، فاختاروا امر الاخرة، فان الدنيا تفنى والاخرة تبقى، كونوا من الله على وجل، وتعلموا

[212]. كتاب الفتوح: ج2ص47.

[213]. معجم البلدان: ج8ص329. فتوح البلدان: بلاذري، ص300.

كتاب الله، فانه ينابيع العلوم و ربيع القلوب.)[214] يان له نامەی(92) دا بۆ سەعد دەفەرمویٚ، بەڵام چ سەرکردەیەك حەقیقەتی وای فەرمووە! چ سەرکردەیەك هەیە ئاوا خاکی دوژمنی ناسیبیٚ، دەرونی بەرامبەر هەڵسەنگاندبیٚ و، چاڵ و چۆڵی ناخ وشاخ و داخیانی زانیبیٚ و، پڕ بە پیٚستی نامە دابەزیٚنیٚ. هەر کەس ئاوا دوژمنی ناسیبیٚ، هەرچەندە گەورە بوبیٚ، پوچ سەنگی کردوە، دەفەرمویٚ: (فسر من شراف نحو فارس بمن معك من المسلمين، وتوكل على الله، واستعن به على امرك كله، واعلم فيما لديك، انك تقدم على اْمة عددهم كثير وعدتهم فاضله وباسهم شديد، وعلى بلد منيع وان كان سهلا كؤود لبحوره و فيوضه و دأدئه، الا ان توافقوا غيضا من فيض، واذا لقيتم القوم او احد منهم، فابدؤهم الشد والضرب، واياكم والمناظرة لجموعهم ولا يخدعنكم، فأنهم خدعة مكره امرهم غير امركم الا ان تجادوهم.)[215]

بەڵیٚ: نمونەی وەکو (نیعمان)، جۆرە پیاویٚکن، کە لە کەسی تر ناچن و، هیچ کەسیٚکی تریان لیٚ ناچیٚت، تاوانە بیان شوبهیٚنی بە کەسانی تر، ئای لەو شەهیدیە و ئای لەم شەهیدانە! ئەم مەردە خۆشی و حەوانەوەی ناو شاری (کسکر)ی بە دڵ نیە، حەز ناکات لە جیٚیەکدا کەوتبیٚ و پارەو خراج و جابیٚتی بە دەست بیٚت. نامەی بۆ خەلیفە عومەر نووسی کە لای ببات و بیکاتە مجاهد و سەرباز لە بەرەی جەنگی دا. حەزی لە دۆشەکی نەرم نیە، دڵی بە تەپوتۆز و بۆنی ولاٚخی ناو بەرەکانە. ئەو کاتە کە عومەر سجلەکەی هەڵدایەوە بگەریٚ بۆ یەکیٚك بیکاتە سەرکردە، لە نیٚوان لاپەڕەی تۆمارەکەیدا نامە کورتەکەی (نیعمان)ی بینی وەکو بە خویٚن نووسرابیٚ وابوو. نامەکەی دەرهیٚناو تۆمارەکەی لابردوو وتی دۆزیمەوە. ئەنجا فەرموی:

(والله لاولين اميرهم رجلا، يكون اْول الآسنة اذا لقيها غداً هو نعمان بن المقرن فقالوا: هو لها.).[216]

نیعمان بەتەمابوو سەربازیٚك بیٚت، بەڵام نیەتی پاکی کردیە سەرکردەی گەورەترین سوپا، کە هەتا ئەو کاتە موسوڵمانەکان ئامادەیان کردبیٚت، سەرکەوتنەکەش ناونرا (فتح الفتوح). ئەمانە ترازیٚکی ترن لە مرۆڤ، کە هەمیشە دەست ناکەون. نیعمان دوعای شەهیدبونی خۆی و سەرکەوتنی موسوڵمانانی کرد. خوا هەردوکیانی پیٚ بەخشی، خۆ تاواندنەوە لە پیٚناوی خواو خەڵكو ئایینو بڕوادا.

ساڵی 21 کۆچی شەهید بوو، (مەعقەل) ی برای دەڵیٚت: کە چومە سەری ئاوم پیٚ بوو، دەم و چاویم شۆرد. وتی تۆ کیٚیت.؟ وتم: مەعقەل. وتی موسوڵمانەکان چییان کرد؟ وتم: مژدەم بدەریٚ بە سەرکەوتنی خوا. وتی: سوپاس بۆ خوا. نامە بنووسن بۆ عومەر! پاشان (مەعقەل) نیعمانی برای نیشانی جەنگاوەران داو وتی: (هذا اميركم قد اقر الله عينه بالفتح وختم له بالشهادة.).[217]

شەڕەکە ئەوەندە گەورە بوو، چەند شەوو و ڕۆژ موسوڵمانەکان حەوانەوەیان نەبوو، وا شەکەت بوو بوون حەزیان دەکرد بەدزی فارسەوە لە جیٚیەکی پەنادا بحەویٚنەوە. (ساریەی کوڕی زەنیمی کەنانی) کە خۆی و سریەکەی زۆر ماندوبون. ویستیان بچنە دۆڵیٚك کەمیٚك بحەویٚنەوە. خەریك بوو خۆیان دەکردەوە، تومەز فارسەکان پیٚیان زانیبون. سوپایەك هات بۆیان ویستی بە چیاکەدا هەڵزنیٚ و سەرکەویٚ و گەمارۆیان بدات. کات گەرمەی نیوەڕۆیە. ئەمان لە دەشتی نەهاوەند ئەمە حاڵیانە، عومەر لە مەدینە لە هەمان کات و ساتدا لە گەرمەی وتاری هەینی دایە. تومەز لاشەی لە مەدینەیە و دڵی لای سەربازە برسی و تینوو ماندوەکانیەتی، خوای گەورە پەردەی تەنەکانی لە نیٚوان ئەوو مەیدانی جەنگەکەدا لابردوو شاشی دڵی تۆماری جەنگەکەی نیشانداو وای

---

[214]. رسائل الفاروق: رسالة رقم 158.

[215]. رسائل الفاروق: رسالة رقم 92 ص72.

[216]. قادة فتح بلاد فارس: اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص102. بيروت 1965.

[217]. فتوح البلدان: بلاذري، ص301.

بینی کە سوپایەکی فارس خەریکە بۆ (ساریەو کۆمەڵەکەی) سەردەکەوێ و گەمارۆیان دەدەن. نەیزانی چۆن فریایان بکەوێ و دوو هەزار کیلۆمەتر ببڕێ، هەر ئەوەندەی زانی دەمی هاتە گۆو هاواری کرد (یا سارية الجبل. الجبل) ئەوانەی لە مزگەوتی مەدینە دانیشتبون، سەریان سوڕما لەم تێکەڵیەی عومەر. ساریە و کۆمەڵەکەی لە دۆڵی نەهاوەند وتیان ئەوە دەنگی عومەر بوو گوێتان لێ بوو.؟ ساریە وتی: خۆتان کۆ بکەنەوە و بەو شاخەدا هەڵژنێن، ئەوە هاواری عومەرە و داوای شتێکمان لێ دەکات. کە سەر دەکەون دەبینن سوپایەکی فارس هەتا نیوەی شاخەکە هاتون. بە حەماسەیەکەوە عومەر ئاسا لێیان هاتنە دەست و سەرەو خوار دایان بڕین و لە ناویان بردن، هێشتا دەنگەکەی عومەر لە گوێیاندا دەزرنگایەوە،. ئەم هەواڵە هەموو مەفرەزە و لەشکر و سوپای موسوڵمانانی گرتەوە. بیریان لەوە دەکردەوە کە عومەر بە دڵ و گیان لە گەڵیاندایە و لە خەفەتی بێ هەواڵی ئەوان ئارامی نییە!

ئەو چەند شەوو رۆژە عومەر لە مەدینەوە خەو و خۆراکی نەبوو، بە تەمای هەواڵ بوو، دەچوە قەراغ شار و چاوەڕوانی بەرید و هەواڵنێر بوو.

(محمد حسنين هيكل) دەڵێت: لە نەهاوەندەوە (عروەی کوڕی زەید) یان نارد مژدەی سەرکەوتن بدات بە عومەر و خەڵکی مەدینە. هەر کە لە مدینە نزیك بویەوە حەزرەتی عومەر بینی ترسا، چونکە هەر عروە بوو پێشتر هەواڵی شکستی موسوڵمانەکان و شەهید بوونی ئەبوعوبیدەی سەرکردەی هێنا لە جەنگی (جسر) دا، عومەر جەنگی (جسر)ی بیرکەوتەوە، هەر کە عروەی بینی وتی (انا لله وانا اليه راجعون) بەڵام عروە وتی: نەخێر ئەی عومەر، بەڵکو سوپاس بۆ خوا کە سەری خستین، ئەنجا روداوەکەی بە درێژی بۆ گێڕانەوە .[218]

ئیبن ئەعسەم دەڵێت: کە عومەر (عروە)ی بینی ترسا، وتی: چیت پێیە.؟

عروە وتی: مژدە و سەرکەوتن!

عومەر وتی نیعمان چی کرد.؟[219]

وتی: ئەسپەکەی شەڵتانی خوێنی دوژمن بوەو خۆشی شەهید بوو!

عومەر زۆر خەفەتی خوارد. وتی: انا لله وانا اليه راجعون. نەیتوانی خۆی بگرێ و نەگری. وای دەزانی سەرکردەی هەموو سوپاکانی ئیسلامی لە دەست چووە. یەکیان وتی: (ئەو رۆی تۆی دەناسی.) عومەر وتی: (ئەوانە پاکانی خوا بوون، بە روی خۆیان، بە ماقوڵی خۆیان جەنگان، نەك بە ناسینی عومەر!).

ئەبو موسای ئەشعەری لە ژێر سەرکردایەتی نیعمان دا فەرماندەی سوپای بەسرەی دەکرد لە جەنگی نەهاوەند دا. دوای تەواو بونی نەهاوەند چوو بۆ دینەوەر و بە ئاشتی رزگاری کرد، پاشان چوو بۆ ماسبزان و سیروان و بە ئاشتی رزگاری کردن.[220] بەڵام لە جێیەکی تردا هاتوە کە (ماسبزان) زرار گرتی و دینەوەر

---

[218] . الفاروق عمر: د. محمد حسنين هيكل، ج2ص40. مطبعة مصر، القاهرة.

[219] . نعمان کوڕی مقرنی موزنی : عەبدوڵا کوڕی مسعود د ەڵێ : بڕوا ماڵی هەیە و نیفاقیش ماڵی هەیە، یەکێ لە ماڵە بڕوادارەکان ماڵی مقرنی موزنی‌یە، مقرن (دە) کوڕی هەبوو سنان و سويد و عبدالله و عبدالرحمن و عقيل و معقل و نعمان و نعيم و مرضى و ضرار. هەموویان هاوڕێی پێغەمبەر بوون، ئەو ئایەتە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە (و من الاعراب من يؤمن بالله واليوم الاخر.) الاصابة. ج6ص126. نعمان لە ساڵی پێنجەمی کۆچی دا لە مانگی رەجەب بە خۆی و براکانیەوە و (400) کەس لە خزمانی شاری مزنی) هاتنە خزمەت پێغەمبەر و موسوڵمان بوون، اسد الغابة ج5ص30. نعمان بە (120)کەسی خزمیەوە لە فەتحی مەککەدا بەشداریان کرد، نعمان سەرۆکی ئەو وەفدە بوو کە لە (18) کەس پێك هاتبوون (سەعد) ناردنی بۆ لای یەزدگورد لە جەنگی قادسیەدا. (الكامل، ج2ص175). دوای جەنگی قادسیە (سەعد) نعمانی نارد بۆ لای عمر بۆ مژدەی سەرکەوتن لە قادسیەدا. نعمان ساڵی 21ی کۆچی شەهید بز ز، گۆڕەکەی لە (ئەسفینديان)ە لای ئەصفەهان. شەش فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە ریوایەت کردووە .

[220] . قادة فتح بلاد فارس: محمود شيت خطاب، ص182، بلاذري: ص304.

(حوزەیفە) گرتی. دوای نەهاوەند حوزەیفە گەڕایەوە بۆ (کوفە)، عومەر کردی بە والی ئەو ناوچەیەی کە روباری دجلە ئاوی دەدا.[221]

221. طبري: ج3ص229. بلاذری: فتوح البلدان، ص321. لە معجم البلدان دا ئەو هەڵەیە کراوە کە حوزەیفە لە (باب الابواب) لە ئەرمینیە شەهید بووە، راستیەکەی ئەو حوزەیفەیە نیە" بەڵکو حوزەیفەی کوڕی ئەسیدی غەفاریە . بەڵکو حوزەیفەی یەمانی گۆڕەکەی لە شاری بغدادە .

جەنگی هەمەدان

(نەعیم) و (قەعقاع)[222] پارچە شکاوەکانی ماشێنی جەنگی فارسیان هەتا هەمەدان راونا، سەرکردەی فارسەکان کە زانی تواناى خۆڕاگریان نەماوە نوێنەریان نارد بۆ رێکەوتن و جزیە دان.

ئەوانیش نامەیان بۆ حوزەیفە نووسی کە تا ئێستا لە جێگەی نیعمانە و سەرکردایەتی هەموو بەرەکانی نەهاوەند دەکات. حوزەیفە رازی بوو، پەیمان نامەیەکیان مۆر کرد کە لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوەو جزیە بدەن.[223] سوپاکانی فارس وردە وردە ناوچەکانیان جێ دەهێشت و دەگەڕانەوە هەرێمەکانی خۆیان. فارسەکان لە شاری (رەی) خۆیان کۆکردەوە و بە نیاز بون بەر لە موسوڵمانەکان بگرن و نەهێڵن زیاتر بچنە ناوەوە. نوێنەریان نارد بۆ لای خەڵکی (هەمەدان) و هانیان دان کە پاشگەز ببنەوە و پەیمانیان بشکێنن هەتا یارمەتیان بۆ دێت، ئەوانیش پەشیمان بونەوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانیان دا. ئەم هەواڵە گەیشتە خەلیفە (عومەر). ئەویش داوای لە نەعیم کرد کە بە سوپایەکەوە بڕوات بۆیان و شاری هەمەدان بگرێتەوە و سزای ئەو پەیمان شکێنیە بدات، هەتا جارێکی تر لە کاتی ئاوا ناسك دا کاری وا نەکەن. پاشان بۆی نووسیەوە. ئەگەر خوا هەمەدانی بۆ رزگار کردی، مەوەستە هەتا دەگەیتە خۆراسان.[224]

ئەم هەواڵە گەیشتە خەڵکی هەمەدان، ترس و لەرز دایگرتن. نەعیم سوپای (دوانزە) هەزاری رێك خست و لە کەمترین ماوەدا گەمارۆی شارەکەیانیدا. خەڵکی هەمەدان دووبارە نوێنەریان ناردەوە و داوایان کرد کە ئیتر جارێ تر پەیمان شکێنی ناکەن و بە گوێی سوپای فارس ناکەن. هەمووﻻ رازی کران و جزیەیان لەسەر دانان. هێشتا نەعیم لە هەمەدان بوو کە هەواڵ هات هێزەکانی (دەیلەم و رەی و ئازربایجان) یەکیان گرتوە و لە (واج روز) کۆبونەتەوە بە سەرکردایەتی سێ سەردار، (موتا) سەرداری دەیلەم، زینەبی (ئەبو فەرخان) سەرداری سوپای رەی، (ئەسفەندیار) برای رۆستەم سەرداری سوپای ئازربایجان بوو.

نەعیم چوو بۆیان. هێشتا دانەمەزرابوون کە فارسەکان پەلاماریان دان. شەڕێکی خەست رووی دا. فارسەکان سودیان لە تاریکی شەو وەرگرت و هەریەکەیان خۆی گەیاندەوە هەرێمی خۆی!

خزری بەگ دەڵێت: (نەعیمی کوڕی موقریب) لە هەمەدان بوو، هەواڵ هات کە سوپایەکی زۆری فارس لە نزیك کەلاوەکانی نەهاوەند دامەزراون. چوو بۆیان، راوی نان، پاشان هەر لەوێوە کەوتە ڕێ بۆ شاری (ڕەی) لەگەڵ خەڵکەکەی رێکەوت، سەرکردەکەیان ناوی (زینەبی کوڕی قولە) بوو. نەعیم (سۆلە)ی برای نارد بۆ سەر شاری (قومس) و بە ئاشتی رێك کەوتن. پاشان نامەی پاشای (جرجان)ی بۆ هات لە نزیك (قەزوین) داوای ئاشتی کرد، شاری رەی و (دستەنبی) کە سەر بە وڵاتی چیا (هەرێمی چیا) بوو بە ئاشتی رێك کەوتن و خەڵکی (تەبەرستان) لە نزیك دەریاچەی قەزوین (خەزەر) بە ئاشتی رێك کەوتن.[225]

---

[222]. قعقاعی کوڕی عەمروی تمیمی : ئەبوبەکر ئاوا وەسفی دەکات لا یهزم جیش فیه مثل قعقاع) سڵی (نۆ) ی کۆچی وەفدێکی تمیم هاتنە لای پێغەمبەر، دوای غەزای تەبوك و لەو رۆژەوە ئەو خێڵە بونەتە موسوڵمان . قعقاع دەڵێ " پێغەمبەر فەرموی : چیت ئامادە کردوە بۆ جیهاد) وتم: تاعەتی خواو پێغەمبەر و ماینەکەم . پێغەمبەر فەرموی : تلك الغاية) (الاصابة: ج5ص244). قعقاع بەشداری جەنگی هەڵگەڕاوەکانی کرد، پاشان چوە شام، پاشان لەگەڵ خالید بەشداری جەنگەکانی کاظم و حیرە و ناوچەی سەواد و ئەنبار و عین التمر و دوقة الجندل و قادسیە و مدائن و جلولاو خانقین و نەهاوەندی کرد. ئەمە جگە لە جەنگەکانی وڵاتی شام زۆر هەوڵی دا فیتنەی سەردەمی عوسمان روو نەدات، ناچار چوە پاڵ ئیمامی عەلی و ویستی رێکەوتنێك لە نێوان عەلی و عائشة و طلحە بکات. بەشداری جەنگی جەمەل و صفین ی کرد لە بەرەی عەلی دا. هەر لە سەردەمی ئەو فیتنەیەدا مرد، سڵی 40ی کۆچی 660ی زاینی.

[223]. الكامل في التأريخ: ابن اثير. ج3ص6.

[224]. تأريخ الامم والملوك: الامام الطبري. ج3ص222.

[225]. تأريخ الامم الاسلامية. محمد خضري بەگ. ص225

نەخشەی دوای نەهاوەند

دوای جەنگی نەهاوەند کە ناونرا بە (فتح الفتوح) کە بوە هۆی تەفروتونا کردنی سوپای فارسو لەناوبردنی (ماشینی جەنگی ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارسی). ئەوە بوو (150) هەزار سەربازی فارسی کە لە بەهێزترین سوپاکانیان بوو بە ماوەی هەفتەیەك جەنگ شکستی خواردو لە مەیدانی جەنگدا هەڵهات. عومەر بۆی دەرکەوت ئەم کارە بەو جۆرە ناڕوات. قسەکەی (هورمزان) کە پرسی پێ کرد، لەو سێ هەرێمە، یەکەم جار پەلاماری کوێ بدرێ، هورمزان بە راست وەڵامی دایەوە و وتی (ئەسفەهان) سەرە، هەرێمی فارس و ئازربایجان دوو باڵن. واتە بدە لە (سەر) دوو باڵەکە لە پەل وپۆ دەکەون، هەرچەندە هەندێ مێژوونووس وتویانە بدە لە دوو باڵەکە، سەر شێرزە دەبێ " هورمزان راست وەڵامی دایەوە. ئەم قسەیەی هورمزان لە لایەك و وتەکەی ئەحنەف لە لایەکی ترەوە کە لەگەڵ هورمزان هات بۆ مدینە و بە عومەری وت: هەتا یەزدگورد لە ژیاندا بێ میللەتانمان لێ هان دەدا و حەوانەوەمان نابێت، رێگەمان بدە با بچینە ناوەوە بۆی.

عومەر فەرمووی راستت وت!

ئەم دوو قسەیە وای لە عومەر کرد نەخشەی دوای نەهاوەندی وەستان، بڕیاری دا بە توندی هێرش بکاتە سەر وڵاتی فارس و دوای یەزدگورد بکەوێ شار بە شار هەتا یان لە ناوی دەبات یان دەیکات بەو دیوی سنوری وڵاتی فارس دا. بۆ ئەو مەبەستە (حەوت) تەشکیلاتی تازەی پێکهێنا لە فەرماندەکانی کوفە و بەسرە بۆ ئەم شار و هەرێمانە:

ئەحنەفی کوڕی قەیسی تەمیمی	بۆ خۆراسان.
مجاشع کوڕی مسعودی سەلەفی	بۆ ئەردەشێر و خڕەسابور.
عوسمان کوڕی ئەبی وەقاسی سەقەفی	بۆ ئەستەخر.
ساریە کوڕی زەنیم کەنانی	بۆ فسا و درابجرد.
سوهەیل کوڕی عدی	بۆ کرمان.
عاسم کوڕی عەمرو	بۆ سجستان.
حەکەم کوڕی عومەیر	بۆ مکران.

بە نامە و ئامۆژگاریەوە هەموویانی خستەڕێ.[226]

دوای فەتحولفتوح (نەهاوەند) وڵاتگیری و بڵاوبوونەوەی ئیسلام قۆناغێکی تازەی وەرگرت، لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر موسوڵمانەکان حەزیان دەکرد لە بەرەی جەنگی شام دا بەشداری جیهاد بکەن، بەڵام ئێستە و دوای نەهاوەند مەیلیان گۆڕا و کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن بۆ بەشداری جیهادی وڵاتی عێراق و فارس، ژمارەیەکی زۆر گەیشتنە کوفە و بەسرە کە دوو ویستگەی کۆکردنەوەو ناردنی سوپا بوو بۆ ناوەوەی وڵاتی فارس بۆ بنبڕکردن و لە رەگ و ریشە دەرهێنانی سوپای زۆر و ستەمی فارس بەسەر میللەتانی ژێردەستیانەوەو، وەمەئیوس کردنی پاشای کلۆڵ (یەزدگورد) لەوەی کە ببێتە دڕك لەبەر پێی موسوڵماناندا.

رزگارکردنی شاری (رەی) و (دســـتەنبی)

لە جێیەکی تردا ئاوا هاتووە. کە نەهاوەند تەواو بوو، عومەر نامەی نووسی بۆ (عەمار کوڕی یاسر): (سوپاس بۆ خوا کە پەیمانی خۆی بەجێ هێناو بێ پرواکانی شکاند. دەستکەوتتان بوو، هەر کە نامەم گەیشتە

---

[226]. تأريخ الطبري: ج4ص221. تأريخ الامم الاسلامية، ص224. رسائل الفاروق، ص124 رسالة رقم 220.

دەستت، بۆ موسوڵمانەکانی بخوێنەرەوە، پاشان لە سوپای کوفە دە هەزار هەڵبژێرە و بیدە بە عروە کوڕی زەیدی تائی و پێی بڵێ بیان بات بەرەو شاری ـ رەی و دوستنبی ـ بەڵکو خوا سەریان بخات.)

سوپا کەوتە ڕێ، چوە حەلوان، جەریر لەوێ بوو، گەیشتە هەمەدان، کشا بەرەو شاری (ساوە)، کە (دە) هەزار فارس بە سەرکردایەتی (داور کوڕی ئەزدهان) لەوێ خۆیان دامەزراند بوو، هەر کە سوپای ئیسلام نزیک بویەوە. فارسەکان بەبێ دەرگیری هەڵهاتن. نەوەستان هەتا شاری (رەی). لەوێ هەموو کۆبونەوە. هەواڵ گەیشتە پاشای (رەی) کە ناوی (فرخنداد کوڕی یەزدا مەهری گەورە) بوو. ئەویش خۆی کۆکردەوە، بە هەڵهاتووەکانیشەوە بوونە (چل) هەزار کەس. هاتن بەرەو خواروی شار و بەرامبەر موسوڵمانەکان وەستان. پاش کورتە شەڕێك فارسەکان تێك شکان و داوای ئاشتیان کرد. لەگەڵیان ڕێك کەوتن. نامەی سەرکەوتن بۆ عومەر نێررا.

هێشتا نەعیم کوڕی موقرین هەر لە هەمەدان بوو. خەڵکی شاری (رەی) پەیمانیان شکاند و خۆیان کۆکردەوە بۆ هێرش. عومەر نامەی نووسی بەم جۆرە: (یەکێك لە جێی خۆت دابنێ لە هەمەدان، بڕۆ هەتا دەگەیتە شاری رەی، بگە ئەو کۆمەڵەی کە کۆبونەتەوە بۆتان. پاشان لە شاری رەی بمێنەرەوە، چونکە ناوەڕاستی ولاتیانە، هەر لەوێوە کۆدەبنەوە، کوێی تریشت بوێ، لەوێوە زوو دەیگەیتێ).

لە جەنگی هەمەداندا باسمان کرد کە سێ هێزی سێ هەرێمی ولاتی فارس لە شاری (واج روز) کۆبونەتەوە، سەرکردەی سوپای رەی ناوی زینەبی(ئەبو فەرحان) بوو، لەو شەڕەدا خراپ شکان. کاتێ کە زینەبی بە شکاوی دەگەڕێتەوە بۆ (رەی)، پاشای شار لە زینەبی تورە دەبێ و لەسەر کار لای دەبات. رەنگە زینەبی لە شەڕی واج روزدا درێغی کردبێ و سەرکردەی هەرێمەکانی تر شکاتیان لێ کردبێت " چونکە زینەبی وەسفی رەوشت و پابەندبوونی موسوڵمانەکانی دەکرد و، رەخنەی لە پەیمان شکێنیەکانی خۆیان گرتبوو، کە جارێك خەڵکی هەمەدانیان هان دا پەیمان بشکێنن و جارێکی تر خۆیان کردیان. زینەبی کەس وکاری زۆر بوو خاوەنی راوبۆچوون و کەسێتی‌یەکی ناوچەکە بوو، هەر کە سوپای موسوڵمانەکان لە شار نزیك دەبێتەوە، پەیوەندییان پێوە دەکات و موسوڵمان بونی خۆی و کۆمەڵەکەی رادەگەیەنێت. لە قەراغ شار پێشوازیەکی گەرم لە سوپای ئیسلام دەکات. ئێستە سیاوەحش کوڕی مهران بوەتە پاشای رەی. موسوڵمانەکان لەلاپاڵی شاخی رەی هەڵیان دا. ئەوانەی کە دژی پاشای فارس بوون لە کورد و لایەنگرانی زینەبی (ئەبو فەرخان)، چونە شاخ و پەیوەندیان بە سوپای ئیسلامەوە کرد. ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە شەڕ بوو. کە شەو داهات (زینەبی و نەعیم) کۆبونەوە.

زینەبی وتی:(ئەوان زۆرن، ئێوەش کەمن. ئەگەر سوارێکی باشم لەگەڵ بنێری، جێیەکی نهێنی شارەزام، هەر ئەمشەو دەچینە شار، ئێمە لە ناوەوە شاریان لێ دەشڵەقێنین و ئێوەش لە دەرەوە هێرش بهێنن. ئەوسا ناتوانن خۆیان بگرن.)[227]

نەعیم کۆمەڵە سوارەیەکی چاکی لەگەڵ ناردن بە فەرماندەیی (مونزر کوڕی عەمرو موزنی) و (عەمرو کوڕی نیعمان کوڕی موقرینی موزنی.) کە برازای خۆی بوو، خستیە ئەو مەوقفە خەتەرەوە[228]، نەعیم لە دەرەوە ئەو شەوە لەم لاو لاوە سوپای فارسی مەشغوڵ کردبوو. زینەبی لە جێیەکی نهێنی‌یەوە مەفرەزەکانی بردە ناو شار. لە هەڵمەتێکی خێرادا دەنگی الله اکبری ناوشار، شاری شڵەژاند. هێرشی سوپای دەرەوە بە توندی دەستی پێ کرد و فارسەکان لە دەرو ناوەوە گەمارۆ دران. هەتا شەبەقی بەیانی شەڕ بەردەوام بوو، فارسەکان سەنگەرەکانی خۆیان نەئەناسیەوە. لە تاریك و روونی بەیانی دا سوپای فارس هەڵهات و شاریان چۆڵ کرد. (نەعیم) هاتە ناو

227. الكامل في التأريخ: ابن اثير. ج3ص9.

228. الاصابة في تميز الصحابة: ج7ص21.

شار. ئەوەندەی شاری مەدائن دەسکەوتیان بوو. (نەعیم) زینەبی کوردی دانا بەسەر شاری (ڕەی)یەوەو، کۆمەڵێك چاك سازیان لە شاردا ئەنجام دا، یەکێك لەوانە شارە کۆنەکەی ڕوخاند و، لە جێیەکی چاکتردا بە یارمەتی سوپای ئیسلام، شارێکی ڕێك وپێکیان دروست کرد هەر لە نزیك شارە کۆنەکەوە.[229]

(ڕەی) پایتەختی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی چیا (کوردستان) بوو، کوردستانی ئەو کاتە سنوری هەتا (تاران)ی ئەمرۆ درێژ بوو بویەوە، دەوڵەتی ساسانی، خەڵکی فارسی لە هەرێمی فارسەوە لە باشورەوە دەگواستەوە ئەو ناوچانە و لە کوردی دادەڕنی! شاری (ڕەی) بت خانەیەکی زۆری تیا بوو. لە هەموو لایەکەوە خەڵکی دەهاتن بۆ پەرستگاکان.

پەرستگای گەورە (ماڵی ئاگر) لەم شارەدا دروست کرابوو، جگە لەوە شاری ڕەی ناوەڕاستی ڕێگای بازرگانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشوری هەرێمەکان بوو. لەبەرئەوە دەستکەوتێکی ئابوری گرنگ بوو بۆ موسوڵمانەکان و پشتی فارسەکانیشی پێ شکا. هەر بۆیە دوای ڕەی شارەکانی تر بە ئاسانی ڕزگار دەبوو. پێشبینیەکەی خەلیفە عومەر هاتەدی!.

پاشان خەلیفە عومەر نامەیەکی بۆ (نەعیمی کوڕی موقرین) نووسی بەم جۆرە: (ان قدم سويد بن مقرن الى قومس، و ابعث على مقدمته سماك بن مخرمة، و على مجذبته عتيبة بن النهاس و هند بن عمروا الجملي.)[230]

نەعیم (سوەیدی کوڕی موقرین)ی برای نارد بە سوپایەکەوە بۆ شاری (قومس) و بە ئاشتی ڕێك کەوتن.[231]

ئیبن ئەسیر دەڵێت: (عومەر نامەی نووسی بۆ نەعیم کە (سوەید)ی برات پێش بخە بۆ قومس. بە ئاشتی گرتیان.[232] عومەر نامەی نووسی بۆ (عروە کوڕی زەید) کە بە سوپایەکەوە بگاتە قوم و کاشان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری ئەسفەهانەوە، بە ئاشتی ڕزگاری کرد. پاشان نامەیەکی بۆ نوسیەوە و دەست خۆشی لێ کرد و پێی وت: (نەجوڵێی هەتا نامەت بۆ دەنووسمەوە.) نامەیەکیشی بۆ ئەبوموسای ئەشعەری نووسی لە بەسرە کە بە سوپایەکەوە بگاتە ئەسفەهان بۆ یارمەتی عەبدوڵڵا.

نهێنی سەرکردایەتی عوە ەر

لە ژیانی خەلیفە عومەردا نهێنی شاراوەی ورد هەیە، کە لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت. توانایەکی سەیری هەبوە لە سەرکردایەتی سوپا و حوکمداری میللەتدا. سەردەمی عومەر بە چەرخی زێڕین دەژمێردرێت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، لە دەسەڵاتی ئەودا سنوری دەوڵەت فراوان بوو بە جۆرێك کە بە چەندین سەدەی تر ئەوەندە فراوان نەبوو، نەدەبوو وە ئەوەندەش دەسکەوتی بە دەست نەهێناوە. ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتانەی خەلیفە عومەر – ڕەزای خوای لێ بێت – ئەو فەتحانە لە دوو سیفەتیەوە بەرهەم هات:

یەکەم: توانایەکی بەهێزی هەبوو لە هەڵبژاردن و دیاری کردنی سەرکردە و فەرماندە و ئەمیر و فەرمانبەرەکانی دا، کەسی مناسبی لە جێی مناسب و پڕ بە پێستدا دادەنا.

دووەم: توانایەکی کارامە و وورد و ئیداری بەهێزی هەبوو لە سەرکردایەتی کردنی میللەتی ئیسلامیدا. ئەو توانایە موکتەسەب بوو، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیان و هەڵس و کەوتی ڕۆژانە و ئەزمونی حوکمداریدا بە دەستی هێنابوو، بە توانا بوو لە دانان و دەست نیشان کردن و کۆکردنەوەو ناردن دا، چونکە قوتابیەکی بەردەستی پێغەمبەر و ئەبوبەکر بوو.

---

229. تأريخ الطبري: الامام الطبري، ج3ص231

230. رسائل الفاروق: رسالة رقم (190) ص111.

231. قادة فتح العراق والجزيرة: اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص127

232. الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج3ص10.

عومەر بۆ هەڵبژاردنی فەرماندە و سەرکردەکانی، کۆمەڵێك خاڵی هەبوو ڕەچاوی دەکرد کە دەبوو لە کەسی بەرامبەردا هەبێت.

1- دەبوو سەحابە بێت، نەیدەهێشت غەیری سەحابە ئەمیر بێت بەسەر سەحابەکانەوە چ لە کاری سەربازی یان مدنی دا.[234]

2- فەزڵی سەحابەی کۆنی دەدا بەسەر سەحابەی تازەدا، هەروا‌ش لە خۆیەوە کاری نەئەدا بەسەریاندا.

3- کەسێکی هەڵدەبژارد خۆگر بوایە، هەڵنەچوایە، لە دووی هەل بگەڕایە، بیقۆستایەتەوە، بیزانیبایە کەی کاتی شەڕ و هێرش و خۆگرتنەوەیە.

4- کەسێکی دادەنا بەهێز و زاڵ بوایە، هەر کات کەسێکی بەهێزتری دەست کەوتایە، هەر خێرا ئەوی تری دەگۆڕی، معاویەی خستە جێی شەرحەبیل، وتیان بۆ؟ وتی: (اني لم اعزله من سخط و لكن اريد رجلا اقوى من رجل.) شەرحەبیلیش وتی بۆ لات بردم؟ عەیبم چی بوو.؟ قسەکەی نەگۆڕی وتی: (اريد رجلا اقوى من رجل!)[234]

کە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی نارد بۆ سەرکردایەتی سوپای عێراق وتی: (انه رجل شجاع رام).[235]

5- کە سوپایەکی کۆکردایەتەوە، کەسێکی دەکردە ئەمیریان خاوەن فقهو زانست بوایە.

6- خەڵکی بیابان و لادێکانی نەدەکردە ئەمیر بەسەر خەڵکی شارەوە، جارێك (عوتبەی کوڕی غزوان) ئەمیری بەسرە هات بۆ مدینە، عومەر وتی کێت داناوە بەسەر خەڵکی بەسرەوە لە جێی خۆت، وتی: (مجاشع کوڕی مەسعود). عومەر زویر بوو، فەرموی: ئایا کەسێکی لادێیی دائەنێی بەسەر شاریەکانەوە.[236] چ سەرکردەیەکی ئەمڕۆ پابەندی ئەم ڕەوشتانە دەکات!

جوڵان بەرەو ئەسفەهان بارگای سەرکردایەتی‌و سێیەم پایتەختی یەزدگورد

یەزدگورد لە دوو پایتەخت (مەدائن) و (حەلوان) هەڵکەندرا، خۆی ئاڵاندە شاری (ڕەی)، پاشای شار ڕێگەی نەدا. ناچار هاتە خوارەوەو لە (ئەسفەهان) جێگیر بوو، کردیە پایتەختی سێیەم و بارەگای سەرکردایەتی هەموو هێزەکانی.

ئێستە سوپای ئیسلام لە سێ لاوە گەمارۆی ئەسفەهانی داوە و لە ئان و سات دایە هێرشی بۆ بکرێ. شاری ڕەی دەکەوێتە باکوری ئەسفەهانەوە، هەمەدان دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئەسفەهانەوە، (قومس) دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەسفەهانەوە، (قوم و کاشان) لە خواروی قومسەوەیە. (ئەهواز) دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ئەسفەهانەوە.

ئێستە سوپای ئیسلام ئەو شارانەی گرتووە کە ناومان بردن، یەزدگورد ڕێگەی نەماوە بۆ هیچ لایەك ڕا بکات، جگە ڕێگایەکی تەسك کە دەیگەیەنێت بە (هەرێمی فارس)، کە شوێنی لە دایك بوونی ڕەگەزی فارسەو لەوێوە بۆ هەرێمەکانی تر بڵاوبونەتەوە. پێشتر وتم کە عومەر زۆر بە مشوەرە بوو، پرس وڕای بە گەنجان دەکرد و دەیگوت ئێوە بیرتان تیژە گوێیی لە (ئەحنەف) دەگرت کە سەرکردە و پیر و پیاوماقوڵی کوفە بوو، وتی ئەحنەف ڕێگەمان بدە با بچینە ناو خاکی فارس و یەزدگورد دەر بکەین چونکە هەتا ئەو بمێنی خەڵکمان لێ هان دەدات. پرسی بە دوژمنیش دەکرد، بە هورمزانی وت: ئەسفەهان و هەرێمی فارس و ئازربایجان کامیان گرنگترە هێرشی

---

233. الاصابة في تميز الصحابة: ج1ص309.

234. الكامل في التأريخ: ج3ص6.

235. فتوح البلدان: بلاذري، ص255.

236. الرسول القائد: محمود شيت خطاب، ص427.

بۆ بکەین. هورمزان راستی وت: ئەسفەهان سەرە بۆ لاشە، فارس و ئازربایجان دوو باڵەکەیە.[237] عومەر تێگەیشت کە ئەگەر سەر پان بکاتەوە، دوو باڵەکە لە پەل و پۆ دەکەون، هەر بۆیە لەسەری توند کرد. هێرش لەسەر ئەو شوێنە گەرم بوو کە یەزدگورد خۆی تیا حەشار داوە.

نەخشەی هەموو هەرێمەکان لەبەردەستی عومەردا بوو، ناوی هەموو سەرکردە و فەرماندە و کارگێڕەکانی تۆمار کردبوو، لەسەر عیلم و زانست و بە بەرچاوی روونەوە کاری دەکرد. عومەر بڕیاری هێرشی دەرکرد، یەزدگورد زانی چاری ناچارە، سێ بارە خۆی کۆکردەوە و ئەمجارە بەرەو هەرێمی فارس، سەری خۆی هەڵگرت و کەسێکی کردە پاشای شار بە ناوی (مەزاربە فازوستان).

عەبدوڵڵا کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبە کرا بە سەرکردەی ئەو سوپایە. ئەو کاتە بنکەی سەربازی فارس لە شاری (جی) بوو لە نزیك ئەسفەهان. عەبدوڵڵا ئەمیری کوفە بوو، بەڵام بۆ سەرکردەی جەنگی باش بوو هەتا ئەمیری هەرێمێك " هەر بۆیە عومەر نامەی بۆ نووسی ببێتە سەرکردەی سوپایەك بۆ ئەسفەهان وە یارمەتی دا بە ئەبوموسای ئەشعەری والی بەسرە، کە سوپایەك ببات و ببێتە فەرماندە لەبەردەستی عەبدوڵڵادا، عەبدوڵڵا لە نەهاوەندەوە دەرچوو، هەموو سوپاکەی نیعمانی کوڕی مقرنی پێ بوو، شەڕێکی قورس قەوما، ناوچەی (رستاقی شێخ)یان گرت [238]. فارسەکان گەڕانەوە بۆ(جی) کە ئێستە پێی دەڵێن (شهرستان)[239]، بنکەی سەربازی فارس لەوێ بوو، شارێکە بە پیت ترین و ئاوەدارترین خاکی هەیە، جێیەکی فێنکە " پاشاکان کردبوویان بە جێگەی خۆیان.[240] شورایەکی گەورە دەوری شاری دابوو، قەڵای سەختی تیا دروست کرابوو.

ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شاریان دا فارسەکان هاتنە دەرەوە و بەرامبەر یەك وەستان. بەڵام سەرکردەی فارس کە نازناوی (فازوستان)[241] بوو، ناردی بۆ لای عەبدوڵڵا: (نە هاوڕێکانم بکوژە، نە هاوڕێکانت دەکوژم، با تەنها من و تۆ زۆران بگرین. گەر من تۆم کوشت، ئەوا بگەڕێنەوە، گەر تۆ منت کوشت سوپاکەم تەسلیمت دەبێ، کە بۆ هیچ کەسێك سەرشۆڕ ناکەن.) عەبدوڵڵا وتی باشە، زۆرانیان گرت، فازوستان سەرەی بوو، شمشێرێکی دا لە قایش و پاڵوی ماینەکەی عەبدوڵڵاو پچڕاو زینەکەی کەوتە خوار، عەبدوڵڵا کەوت و بە روتی سوار بویەوە، بەڵام زۆر رقی هەستا. شمشێرەکەی راوەشاند. سەرەی بوو پەلامار بدات، فازوستان ترسا و وتی: (بەسە. تۆ پیاوێکی تەواوی، حەز دەکەم رێك بکەوین. هەرچیتان گرتوە بۆ خۆتان، ئەمەولاشتان دەدەینێ، بەڵام با ئێمە بۆ خۆمان دانیشین و جزیە بدەین.) لەسەر ئەوە رێك کەوتن. بەم جۆرە هەموو هەرێمی ئەسفەهان ساڵی 643زایینی گیرا. پاش ماوەیەك (فازوستان) بە خۆی و سی سوارەوە هەڵهاتن و خۆیان گەیاندە لای یەزدگورد. میرزبانی (تەبەرستان) ناردی بە شوێن یەزدگوردا کە بچێتە لای، جێی ئەوان شاخاوی و قایم و سەختە. کارل بروکلمان دەڵێت: قبوڵی کرد[242]. بەڵام تەبەری دەڵێت: قبوڵی نەکر[243]. ئەوەی تەبەری راست ترە، چونکە یەزدگورد دەست بەجێ لە ئەسفەهان هەڵهات و چوو بۆ ئەستەخر لە هەرێمی فارس[244]. یەزدگورد شاری ئەستەخری (برسیبولس)ی هەڵبژارد چونکە شوێنی لە دایك بوونی (ئاریە) و لانکی ئاری نەژادە، شارێکی ئاینی بوو، پەرستگای زۆری تیا بوو، یەزدگورد پاشای فارس وای دەزانی خەڵکی لەبەر پیرۆزی ئەو شارە بەرگری و کۆمەك و پاڵپشتی لێدەکەن.

---

[237]. رسائل الفاروق: رقم الرسالة(411)ص221، جمع و تخريج عبداللطيف اسماعيل الجبوري، 1989.

[238]. الكامل في التأريخ: ج3ص7

[239]. معجم البلدان: ج3ص196

[240]. قادة فتح العراق والجزيرة: ص448

[241]. فازوستان: لەقەبێکە تەنها لە چوار حاکمی دەوڵەتی فارسی دەنرا .

[242]. تأريخ الشعوب الاسلامية: كارل بروكلمان، ص104، الطبعة السابعة، دارالعلم، بيروت1977.

[243]. تاریخ الطبري: ج4ص

[244]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي، ج2ص70.

یەزدگورد لە نێوان ئەستەخرو کرمان دا

یەزدگورد بە خاوخێزان و کەس وکار و دەست وپێوەند و پاشا و میرە هەڵهاتووەکانەوە لە شاری (ئەستەخر) نیشتەجێ بوو، ئەم هەواڵە گەیشتە عومەر.

کە (فازوستان) گەیشتە لای یەزدگورد و هەواڵی سەرکەوتنی موسوڵمانەکانی لە ئەسفەهان گێڕایەوە، یەزدگورد تێك چوو، یەکێك لە پیاوماقوڵانی شاری بانگ کردو پێی وت: (بۆم دەرکەوتوە و من دەزانم کە ئەم عەرەبانە تەنها دوای من کەوتون. من دەچم بۆ هەر شارێك، دێن بە دوامدا. لەبەرئەوە بەلای منەوە شاری کرمان لە هەموو جێیەك باشترە و دورترە. هەق وایە ئێوەش بەرگری لە شار وماڵتان بکەن.)

یەزدگورد (ئەستەخر)ی جێهێشت و چوو بۆ (کرمان) و لە کۆشکی (هەزارمێرد) دابەزی، سوپای ئەستەخر خۆیان کۆکردەوە و چونە دەرەوەی شار.[245] هەواڵ گەیشتە (عەبدوڵڵا)، ئەویش (ئەبوموسای ئەشعەری) بۆ ناردن بە (17) هەزار کەسەوە. لە ئەسفەهانەوە کەوتنەڕێ، بەرامبەر یەك وەستان. ئەبوموسا وتی: هەر هەموومان بەیەك دەنگ هاوار بکەین (الله اکبر). هەتا هێزیان تیابوو بەرەو رووی دوژمن هاواریان کرد. ئەم دەنگە ترس و لەرزی خستە دڵیانەوە، شتی وایان نەبیستبوو، لە ماوەیەکی کەم دا مەیدانی جەنگیان جێهێشت و شاریان چۆڵ کرد.

هەواڵ گەیشتە یەزدگورد کە فارسەکان بەبێ شەڕ شاریان چۆڵ کردووەو سوپای ئیسلام بەڕێوەیە، ئەو کاتە هەموو دەست و پێوەند و ماقوڵانی کرمان لای یەزدگورد دانیشتبون. کە ئەو هەواڵەیان بیست، تۆقین، وردە وردە کۆبوونەوەکەیان چۆڵ کرد. دەیانزانی نەگبەتی ئەم وڵاتە بەم پاشا کلۆڵەوەیە، خەفەت پاشای داگرتبوو، کەس وکار و پاشا و ئەمیر و کوڕانی پاشایانی پێشوو دۆش دامابوون. هیچ هەیبەتێکیان نەما بوو، لە جەنگی (حەلوان)ەوە خەڵکی باسی دەکەن و گلەیی لێ دەکەن، پاڵپشتی تەواو کەم بوو بوو، هیچ هەرێمێك حەزی نەدەکرد روویان تێ بکات، مەگەر بە تەماعی ئەو خەزێنە و مجەوهەرات و ماڵ و موڵکە بێ پاسەوانە کە لە سەدان وڵاخ بار کرابوو. یەکێك لە ماقوڵانی شاری کرمان کە پێشتر لای یەزدگوردی چۆڵ کرد بوو، لە دەرەوە هاواری کرد بوو، ئەم بەڵایە چییە تێمان ئاڵاوە! من وا دەبینم نەگبەتی ئێمە بەم پیاوەوەیە، هاتە ژوورەوە بۆ لای یەزدگوردو وتی: (ئەی پاشای کلۆڵ و نەگبەت، من قسەیەك دەکەم تۆ وەڵامم مەدەرەوە، ئێمە سەیرین نەك تۆ! ئێمە سەیرین کە شتی وەکو تۆمان کردوەتە پاشای خۆمان.) ئەنجا قاچی گرت و لەسەر تەختی پاشاییە بێ زەوقەکەی رایکێشایە خوارەوە و بە بۆڵە بۆڵ چووە دەرەوە. ئەم هەواڵە لە شاردا بڵاوبویەوە، زۆر لە هەیبەتی پاشای کەم کردەوە، ئەوەی لەگەڵی بوو لە خێزان و دەوروبەر دەستیان کرد بە گریان. بە خەفەت و مەئیوسیەوە داوای لە دەست وپێوەند کرد، وڵاخەکان ئامادە بکەن و بەرەو خۆراسان کەوتنە ڕێ![246]

[245]. تأريخ الامم والملوك: الطبري، ج3ص237.

[246]. كتاب الفتوح: ج2ص71-72.

بەشی شەشەم

* کوردستان لە نێوان نەخشەیەکی دوو سەرەدا
* موسوڵمانێتی کورد لە پێوسی مێژوونووسانەوە .
* شارە کوردییەکان بە ئاشتی رێک دەکەون.
* رزگارکردنی باب و ئەرمینیـــــا

جەنگی نەهاوەند سەرکەوتنی زۆری بە دەمەوە بوو، دوای ئەوە فارسەکان نەیان توانی لەسەر رایەك، یان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە، بەڵکو بە چاوێکی شوم و نەگبەتیەوە دەیان ڕوانیە یەزدگوردی پادشاو، وەك دومەڵێکی لێ هاتبوو لەبەرچاوی نەك میللەتە ژێردەستەکان، بەڵکو فارسەکان خۆشیان و بە ئاواتەوە بوون ئەو ملۆزم و مۆتەکەیان لە کۆڵ بێتەوەو شەڕ کۆتایی بێت!

عومەر دەیزانی، نە سوپای فارس و، نە یەزدگوردی پادشا، قورسی سەربازی و سیاسیان لە ئەرزی واقیعدا نەماوە، وەك تەنێکی نامۆ و بێزراویان لێ هاتوە و، مانەوەیان بە خراپ دەزانن. لەبەرئەوە بڕیاری دا بەرەیەکی جەنگی تر بکاتەوە و سوپایەکی تر بنێرێ. چونکە دەیزانی ئیمپراتۆرپەتی ساسانی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوەو بە کەمترین سوپاوە بۆ کوێیان بوێ بەرگریان نیە و دەتوانن بۆی بڕۆن.

ئەو کاتەی کە عومەر لە (هورمزان) پاشای دەستگیرکراوی ئەهوازی پرسی: رات چیە بەرامبەر ئەسفەهان و فارس و ئازربایجان. هورمزان وتی: (ئەسفەهان) وەك سەرە بۆ لاشە. ئازربایجان و فارس دوو باڵن. عومەر تێگەیشت دەبێ لە پێشەوە سەریان پان بکانەوە. ئەوسا دوو باڵەکە لە پەل وپۆ دەکەون، لەبەرئەوە سوپای نارد بۆ ئەسفەهان و گرتی و سەری تەواو کرد. هەر لە ئەسفەهانەوە سوپای نارد بۆ هەرێمی فارس و شاری (ئەستەخر) ی رزگار کرد، سوپای خستە دوای یەزدگورد هەتا نەهێڵێ بحەوێتەوە. دوای ئەوە بەرەیەکی تری جەنگی کردەوە، هەتا باڵەکەی تریش کە ئازربایجانە تەواو بکات و سەر و هەردوو باڵ لە بەردەم سوپای ئیسلامدا نەمێنێ و، کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارسی بهێنێ، کە بە درێژایی هەزار ساڵ زیاترە دەستی لە گەردنی میللەتە ژێردەستەکاندایە، کورد سەری بۆ هیچ داگیرکەرێك دانەنەواندوە، ئەگەر ئیسلامی بە داگیرکار بیزانیایە، بەرەنگاری دەوەستا، بەڵام لە هیچ جێیەکدا تاکە رمێکی بەرامبەر رانەگرتوە.! هەر بۆیە نە (عومەر) وە نە (هورمزان) باسی کوردستان و هەرێمی چیا و شارەزوور ناکەن و لەو سەر و دوو باڵەدا ناویان نیە.لە هیچ مێژوویەکی بڕواپێکراودا نیە کە کورد سوپای کۆکردبێتەوە یان خەڵکی هان دابێ دژی ئیسلام.بە گوێرەی هەموو مێژوونووسەکان، کوردستان ئاسانترین وڵات بوو کە لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا رزگار کرا.

جگە ئەو سوپایەی کە دوای یەزدگورد کەوتبوو، عومەر نەخشەیەکی تری دوو سەرەی داڕشت و بەرەو ئازربایجان ناردی، ئەم نەخشەیان بە هەردوو دیوی کوردستاندا دوو سوپا دەنێرێ و ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە بە رۆژهەڵات و رۆژئاوی کوردستاندا سەردەکەون، هیچ شەڕێك لەگەڵ کوردەکاندا روونادات، کورد رێیان لێ ناگرن، خەڵکیان لێ هان نادەن و کۆناکەنەوە. بەڵام هەر لەگەڵ خاکی کوردستان دەبڕن و دەگەنە ناو خاکی ئازربایجان و ئەرمینیا لە سەروی کوردستان، شەڕی خەست و گەورە روو دەدات کە پادشای ئەو دوو وڵاتەی تیا بەشدارە. هەموو مێژوونوسەکان ئەم دوو شەڕەیان بە وردی گێڕاوەتەوە، بەڵام بۆ کورد هیچیان تۆمار نەکردوە، بڵێی هۆی ئەمە چی بێت.؟ پێشتر لە جەنگی (حەلوان) دا باسم کرد کە پێش (5) ساڵ بەر لەم سوپا دوو سەرەیە، کوردەکانی شارەزوور لە موسڵەوە تا هەمەدان بە هەولێر و زاموا (شارەزوور)[247] و دەشتی هەولێر و ماهێشتی کرماشانەوە، بۆ پاڵپشتی لە سوپای ئیسلام و راگەیاندنی موسوڵمان بونی خۆیان، راپەڕینێکی جەماوەریان سازدا لە دژی دام و دەزگای فارسەکان و کوردستانیان لێ پاك کردنەوە. بۆ وەڵامی ئەوە یەزدگورد لە حەلوانەوە دوو هەزار چەکداری لە هێزی تایبەت بە سەرکردایەتی(پاو) بۆ ناردن بۆ سەرکوت

[247]. شارەزوور دەشتێکی فراوانە، دەکەوێتە نێوان هەمەدان و هەولێر لە هەرێمی چیا معجم البلدان. ج5ص312) (اثار البلاد واخبار العباد، القزويني. ص397). بەڵام (بلاذري، ص329) دەڵێت : بەردەوام شارەزوور و دەستگاکانی سەر بە موسڵ بوون، هەتا سەردەمی عەباسیەکا ن و کۆتایی خەلافەتی هارونە رەشید، ئیتر گۆڕانکاری تیا کرا .

کردنیان.[248] بەڵام سەرنەکەوت و نەیتوانی لە هەورامانەوە سوپا بەرێتە خوارەوە بۆیان. لەو رۆژەوە هەتا ئەمرۆ و، نەخشە دوو سەرەکەی خەلیفە عومەر، ئەم وڵاتە ئارامە و، خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن، نەخشەکەش بەم جۆرەیە:

بەلازەری دەڵێ: عوتبەی کوڕی فەرقەدی سەلەمی لە شارەزوورەوە کەوتە رێ بۆ رزگار کردنی ئازربایجان.[249]

مەحمود شیت خەتاب و بەلازەری دەڵێن: بکیر[250] کوڕی عەبدوڵلای لیسی لە حەلوانەوە نێررا بۆ رزگارکردنی ئازربایجان.[251]

بەڵام تەبەری دەڵێ: (کە عومەر مۆڵەتی دا بە سوپای ئیسلام بکەونە رێ و بلاو ببنەوە بە وڵاتی فارسدا، بکیر و عوتبەی نارد بۆ فەتحی ئازربایجان و عەقدی لەگەڵ کردن و هەریەکە رێیەکی بۆ دیاری کردن و ئامانجێکی بۆ دەست نیشان کردن، داوای لە عوتبە کرد کە لە حەلوانەوە پێش بکەوێت بەلای راستدا بەرەو باشوری ئازربایجان، بەڵام داوای کرد لە بکیر کە پێش کەوێت بەلای چەپ دا لە موسڵەوە و لەوێوە بۆ باکوری ئازربایجان.)[252]

پاشان یارمەتی بۆ (بکیر) نارد، عومەر داوای کرد لە (سەمماك کوڕی خرشەی ئەنساری) ئەم پیاوە ئەبو دجانە نیە. کە لە شاری (رەی)یەوە بکەونە رێ بەرەو (بکیر).

کە گەیشت دەبینێ (بکیر) تووشی دەرگیریەك بوە لەگەڵ سوپای فارس لە کێوی (جرمیزان) لە ناوچە شاخاویەکانی سەر سنوری ئازربایجان.[253]

بکیر لەحەلوانەوە بە ناو سنوری کوردستاندا دەڕوات هەتا دەگاتە ناو ئازربایجان، لەو هەموو رێگەیەدا شەڕێك لەگەڵ کورد روندادات، بەڵام کە دەگاتە خاکی ئازربایجان دەبینێ سوپایەکی فارسی بە سەر کردایەتی (ئەسفەندیار) کۆبونەتەوە، پەلاماریان دەدەن، فارسەکان دەشکێن و ئەسفەندیار دەگیرێ.[254]

---

248. مێژووی کوردو کوردستان : محمد مەردۆخی کوردستانی، ل184–185. مطبعة اسعد، بغداد1991.

249. فتوح البلدان: بلاذري. ص322.

250. بکیر کوڕی عبدالله لیسی : هەر بە منداڵی موسوڵمان بوو، لە نزیك پێغەمبەرەوە دروودی خوای لەسەر بێ گەورە بوو، هەر بە منداڵی خزمەتی پێغەمبەری دەکرد، کە باڵغ بوو بە پێغەمبەری وت : ئەی پێغەمبەری خوا من گەورە بووم، بومەتە پیاو، حەزدەکەم بێم بۆ ماڵی ئێوە . پێغەمبەر رازی بوو، فەرموی (اللهم صدق قوله ولقه الظفر) (اسد الغابة.ج1ص204). بکیر لە جەنگەکانی باشوری عێراق لە قادسیە و حیرەدا بەشدار بوو، یەکەم کەس بوو لە جەنگی (مدائن) لە ئاوی دجلە پەڕیەوەو بە ئەسپەکەی وت (ثبي اطلال وثباً) چوە ئاوەکەوەو خەڵکیش بە دوای دا . ئازربایجانی رزگار کرد، ویستی بچێتە (باب الابواب)، بەڵام (سوراقە) پێشی کەوت، پاشان سوراقە ناردی بۆ (موقان). ئەبوبەکر لەگەڵ سەعد ناردی بۆ عێراق کە بچێتە (حیرە) سی کەسی لەگەڵ بوو، لە رێگە دەبینێ خوشکی گەورەی حیرە لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەت رەقس و سەما دەکات بۆ ئاغایەکی فارس، پەلاماری دان گەورەکەیانی کوشت و ئافرەتەکانی رزگار کرد. (طبري: ج3ص13).

جارێك لە مەدینە لەسەردەمی عومەردا جولەکەیك کوژرا . عومەر لەسەر مینبەر وتی: خوا منی کردوەتە خەلیفە و کەسێك دەکوژرێ من پێی نازانم . پاشان وتی: (ئەوە کەسێك نیە پێم بڵێ کێ بووە ؟. بکیر هەڵسا وتی : من بووم. چونکە بینیم کە رای دەبوارد بە ژنی مجاهدێك . منیش خۆم بۆ نەگیرا. (اسد الغابة: ج1ص204).

251. قادة فتح العراق والجزيرة: اللواء الركن محمود شيت خطاب. ص461. دارالفكر، بيروت1977.

252. تأريخ الطبري: ج3ص224.

253. قادة بلاد فارس: الواء الركن محمود شيت خطاب. ص206. بيروت 1965.

254. طبري: ج3ص234، ابن اثير (الكامل)، ج3ص10–11. دکتور محمد حسنين هيكل لە کتێبی (الفاروق عمر) دا، ج2ص44 دا دەڵێ : خەلیفە عومەر (سەماك)ی نارد بۆ یارمەتی (بکیر و عوتبە)... بەڵام راستیەکەی تەنها ناردی بۆ یارمەتی (بکیر) چونکە سوپاکان خۆیان جیابون و رێیان جیا بوو، هەدەفیان جیاواز بووە.

شتێکی سەیرە، ئەو هەموو جموجۆڵە سەربازیە، کردنەوەی ئەو هەموو بەرە جەنگیە، ئەو کوردستانە فراوانە، کوردستان پڕە لەجیّ ی تەماع، شاری گەورە و دەشتی فراوانی کشت وکاڵ و وڵاتی پڕ بەراو و ڕووبار و ئاودار. شاری هەولێر ـ ئەربیل ـ ئەربائیللو کە کۆنترین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، جیّی تەماعی فارس و ڕۆم بوە. کەرکوك کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا پیّیان دەوت (گەرمەکان) واتە وڵاتی گەرم.[255] شاکر خەسباك وای بۆدەچیّ گوتیەکان دروستیان کردبیّ.[256] وە ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی330پ.ز تەماعی تیّ کردوە و پاشان پەلاماری ئەربیلی داوە، وە لە سەردەمی مادەکاندا ناوی (ئەڕیخ) بوە، وە کۆنترین هەواڵی کەرکوك ئەوەیە کە لە پاشماوەکانی تەقویمی جوگرافی سەرجۆنی ئەکەدی دا هاتووە ساڵی(2530–2473) پێش زاین کە ناوی کەرکوکی بردوە بە (ئەڕیخ).[257] ئەم شارە کۆن و پڕ قەڵاو شارستانیانە. کەچی سوپای ئیسلام ڕوویان تیّ ناکات. سوپای ئیسلام دەدات بەلای کەرکوك دا و دەچێت بۆ هیت و تکریت و موسڵ و قرقیسیا. ئەو هەموو لە شکرکێشی و جەنگانە بوە، دەستیان بۆ کەرکوك و هەولێر نەبردوە، ئەو هەموو سوپایەی فارس و ڕۆم لەو شارانەدا کۆبونەوە دژی ئیسلام. کەچی لە کەرکوك و هەولێرەوە خۆسازدان و خۆکۆکردنەوە نەبوو دژی ئیسلام. ئەمانە ئەگەر مانایەك ببەخشن، هەر ئەوەیە کە ئەو ڕاپەرینە سەرانسەریە جەماوەریە کوردیەی شارەزوور، لە هەمەدانەوە بۆ هەولێر و موسڵ دەوری خۆی بوە و کاریگەری لەسەر خەڵکی هەبوە، سقەی کوردی لای موسوڵمانەکان پتەو کردوە و ئازادی کردون. لە ئیسلامدا ئازادی تاك و کۆمەڵ پارێزراوە. لە مذتیقی ئیسلامدا هەموو میللەتێك لە هۆز و خێڵ و خێزان پێك هاتوە. (وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا)[258] یان لە بارەی زمان و ڕەنگەوە دەفەرمویّ: (ومن اياته خلق السماوات والارض واختلاف السنتكم والوانكم، ان في ذللك لآيات للعالمين)[259] لەبەرئەوە ئیسلام دان دەنیّ بە زمان و ڕەنگ و " مافی هەموو کەس و میللەت و هۆزێکی داوە. ماف لە بنەڕەتدا جەعلێکی خواییە، هەموو کەس و گەل و هۆز و میللەتێك دەبیّ داوای بکا و هەوڵی بۆ بدات. مینحەیەکی خواییە دەبیّ پارێزراو بێت. خوای گەورە خۆی ڕەنگ و زمانی کردوە بە ئایەتی خۆی: (ومن الناس و الدواب والانعام مختلف الوانه كذلك: سورة فاطر / 28) هەر کەس دەیەویّ ڕێز لە ئایەتی خوا بگرێت، با ئەو دوانە پێشێل نەکات. مافێك خوا دابێتی، مرۆڤ ئەگەر بڕوادار بێت بە خوا و بە قورئان، چۆن دەبیّ زەوتی بکات، لە ئیسلامدا لە قورئاندا تاك مافی هەیە، گشت (کۆ) مافی هەیە، زەوت کردنی یان خواردنی مافی یەك کەس، وەك خیانەت کردنە لە مافی کۆ، هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە خۆی دەربخات، خۆی نیشان بدات، چی باشە بۆ خۆی و زمان و خاك و ڕەنگ و ڕوی بیکات، نابیّ بهێڵیّ بیتاوێننەوە، زمانی یاساغ بکەن، بە جیاوازی لە کەسانی تر سەیری بکەن، یان بەشی بدەن، با بچوکەکان لە گەورەکاندا نەتاوێنەوە، خۆیان نەهێڵن بتاوێنەوە، خۆیان بە پاشکۆی گەورەکان نەزانن. وە بۆیان هەیە هەموو شێوازێکیش بەکاربهێنن، بە گوێرەی کات و سات و شوێنی گونجاو و لەبار، بۆ سەندنەوەی مافیان.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە وەك لیوا شاکر دەڵێت[260] کە ئیسلام شاریّ یان وڵاتێکی ڕزگار دەکرد، بەجیّی دەهێشت بۆ خەڵك و دانیشتوانی خۆی، مەگەر بیویستایە لە هێزێك بیان پارێزیّ حیمایەی بۆ دابنانایە، دەنا خۆیان ئازاد بوون بە هەموو مانای ئازادی. کورد هەستی بە هەموو ئەمانە کرد، هەر بۆیە وەری گرت، خۆیان لە

[255]. منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي: الدكتور نوري طالباني. ص9. لندن 1995.

[256]. الكرد والمسألة الكردية: الدكتور شاكر خصباك. ص14. بغداد1959.

[257]. منطقة كركوك. دكتور نوری طالباني. ص13.

[258]. القرآن الكريم. سورة الحجرات، آية 13.

[259]. القرآن الكريم. سورة الروم — آية 22.

[260]. يرموك. اللواء الركن شاكر محمود. ص139، 1986. بغداد

شەڕەکانەوە نەدەئالاند، دوریان دەگرت و خۆیان پسکە کردبوو هەتا بزانن بەچی دەگات، وەك بلێی چاوەڕوانیان دەکرد، هەتا بکەوێت بە بارێکی خێردا. ئەو بارەی کە ئەوان دەیانویست، ئەمەش لە خۆوە نەبوو، یان لە ترسان نەبوو، کێ هێندەی کورد ئازایە بە تایبەت ئەگەر بداتە لایەنی شەڕ هەر نایبرێنێتەوە.!، خۆی دەفەوتێنێ و واز ناهێنێ! کە ئاینی زەردەشتیان لە کورد داڕنی و، کرایە ئاینی فارس و ئیمپراتۆریەتی فارس، هەموو ناوە کوردی و پاشای کورد و خاکە کوردیەکانیان لە ئاوێستا گۆڕی، دەسکاری کراو زیاد و کەمی بۆ کرا، ئیتر کورد لە بۆشاییدا دەژیا، دەبوو ئەو بۆشاییە پڕ ببێتەوە، ئەوە یاسای سروشتە! ناچار بوو بگەڕێ بە دوای مژدەکانی زەردەشت و ئاوێستا[261] و ماریفەتی پیر شالیاردا[262]. لە دوی ئاینی نوێ و پێغەمبەری نوێ دەگەڕا، کە ئیسلام سەری هەڵدا، هەر خێرا لە چەند جێی کوردستانەوە بە نهێنی نوێنەریان نارد بۆ حیجاز، هەر کە ناسیان خۆیەتی. راوەستان، دەست بەرداری فارس و رۆم بوون، چاوەڕوانیان کرد هەتا سوپای ئیسلام گەیشتە سنورەکانی کوردستان، ئەوسا لە خاکی کوردا بەیەك شادبون و ئازاد بون و حەوانەوە. پڕ بەسیەکانیان هەناسەی بەختەوەریان هەڵمژی! زۆر سودیان لە ئاین وەرگرت، بەرهەمی زۆریشیان دابە ئیسلام، کاتی خۆی ئاینی زەردەشتیان کردە فاکتەری دروست کردنی دەوڵەتی میدیا ئەمە پێش ئیسلام. لە ژێر سایەی ئیسلامیشدا زیاد لە (60) دەوڵەت و میرنشینی کوردیان دروست کرد، کورد عەقڵیەتێکی بەهێزی هەیە بۆ حکومەتداری، ئەگەر هەمان هۆکانی کاتی خۆی بۆ بێتە پێش. کورد حەزی لە ئاینە، بۆی دەمرێ، هەر وەکو پێشوتر بۆی مردوە، مێژوونووسان ئاوا وەسفی کوردستانیان کردوە: (کوردستان لانەو لانکی ئاین بوە.)[263]

خەڵکی کورد ساتێك بێ ئاین نایانکرێ. هەر وەك پێشوتریش بەبێ عەقیدەو بیروباوەڕ نەیانکراوە. نموونە زۆرە. (پیروەت کوڕی بارام) کە زاناو عاقڵمەند و ژیرێکی کورد بوە لە ناوچەی (مەرجێن)[264] واتە (مەرگە) لە بۆسەدا بوە کە ئەو پێغەمبەرە سەرهەڵبدات کە ئاوێستا و زەردەشت و پیرشالیار مژدەیان پێداوە، کاتیشی دیار بوو، هەموو جار لە کوردستانەوە لە ناوچەی مەرگە لە پارێزگای (سلێمانی ئەمڕۆ) وە تویێشوی دەپێچایەوە دەکەوتە ڕێ بۆ شام بۆ لای راهیبە گاور و جولەکەکان بۆ هەواڵ زانینی پێغەمبەری نوێ و راگۆڕینەوە لەسەر مژدەکانی ئاوێستا و ئنجیل و تەورات بەرامبەر پێغەمبەری چاوەڕوان کراو. ئەو کاتەی ئەم سوپایە کە رەنگە(عوتبە) سەرکردەی بێت، دەچێت بۆ ئازربایجان. (پیروەت[265])ی زانای کوردی زەردەشتی کە بە ڕوداوەکەدا دیارە دەمڕاستی ناوچەکە بوە، بە خۆی و دوانزە کەس لە ماقوڵان و سەرۆکەکانی کورد دەچن بۆ بارەگاکەیان لە (سیناجیان)، ئەوانیش دەیانبەن بۆ لای سەرکردەی سوپاکە، پیروەت دەڵێ: (ئارەزوی ئیسلام بون دەکەین.) سەرکردەی سوپاکە زۆری پێ خۆش دەبێ. هەمویان موسوڵمان دەبن[266]. ئێستەش لە ناوچەی مەرگە باس وخواسی پیروەت هەر ماوە، چاك وایە کۆبکرێتەوەو کاری لەسەر بکرێت. ئەم راستیانە تێکەڵە بە کۆمەڵێك بوختان و هەڵبەسراوبوەوناشرین کراوە، هەندێ مێژوونوسی کورد ئەم هەڵوێستەی پیرۆت (ئەگەر راست بێ) تاوانبار دەکات و ناو وناتۆرەی ناشرین دەخەنە شوێنی کە دواتر لە جێی خۆی دا باسی دەکەین!

[261]. ئاینی کورد لە تۆفانی نوحەوە تا سەرەتای ئیسلام:حسن محمود حمە کریم. ل15–18، چاپی سێیەم، 1998.

[262]. پیرشالیاری زەردەشتی، ل18.

[263]. گۆڤاری رامان: ژمارە (21)، لاپەڕە (65).

[264]. کابانی کوردی: حسن محمود حمە کریم، ل7.

[265]. کوردستان و ئاینی ئیسلام: رؤوف سلیم حویزی: لاپەڕە 97. چاپخانەی جامعە 1970. ئەم کتیە تەرجەمەی دەست نوسێکی فارسی بوە و ئەم نووسەرە بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوەو لەم ماوەیەدا پێی زانراوە، هەندێ دەست تێوەرد انی تیا کردووە، زۆربەی بوختان و هەڵبەستە !

[266]. کابانی کوردی بە نۆێنەری کورد دەگاتە حیجاز : حسن محمود حمە کریم. ل7، چاپی سێیەم 1998.

بەڵێ. کە سوپای ئیسلام دەگاتە کوردستان. کورد دەستەوسان دانانیشن، وەڵامی ئیسلام دەدەنەوەو بە گیان و بەلاشە تێکەڵی دەبن. ژیانی دۆزەخیان بۆ دەبێتە بەهەشت، لە بەندایەتی خەڵك دەبنە بەندەی خوا، ئەو هەموو ئاینە جیاوازە لە زەردەشت و ئاگرپەرستی و مانی و مەزدەك و گاور و جولەکە بە لقەکانیانەوە گۆڕیان‌و کردیانە یەك ئاین، یەکیەتی و یەك ریزی و یەك دڵی بۆ کورد دروست کرد و، جیاوازی نێوانیانی نەهێشت. ئەو هەموو ئاغایەتی و میرایەتی و، هەر ناوچەیەك رای جیاواز و پیاوی لایەك بون، کۆی کردنەوە و کردنیە یەك مەبەست، جاران دوژمنی فارس و رۆم و عەرەب و ئازەر و ئەرمەن بون و ئەوانیش دەیان چەوساندنەوە، ئێستە بونەتە برا و لە ئاست و ریزی ئەواندا خۆیان دەبیننەوە. زوڵمی فارس و رۆمیان بە سەرەوە نەما. لە تەسکایی کوردستان خرانە ناو دەوڵەتێکی فراوان، هەتا خۆی و دەوروبەر بناسێت، ئێستە زۆری کەسیان بە سەرەوە نیە، خۆی خاوەنی خۆیەتی. ئەگەر جاران لە کاتی جەنگدا دەخرانە پێشەوەی سوپای فارس و رۆم و قەڵای دوژمنیان پێ دەڕوخاندن. وە لە ئاشتی دا کرابونە خزمەت کاری کۆشك و تەلار و ئاگردان و پەرستگاکانی فارس و رۆم. ئێستە بونەتە بەندەی یەك خوا و کێ لە خوا ترس تر بێ ئەوە لە پێشترە لای خوا. (لافرق لعربي على عجمي الا بالتقوى.)[267] (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا. ان اكرمكم عندالله اتقاكم.)[268]

بەڵێ دوو سوپا، بە دوو دیوی کوردستاندا بەلای راست و بەلای چەپ دا، لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوای کوردستانەوە، لە دوو خاڵەوە، بە بڕیاری خەلیفە عومەر لە مەدینەوە بەرەو ئازربایجان دەکشێن. هەردوکیان یەك مەبەستیان هەیە دەبێ بیپێکن:

یەکەم: لە خاڵی شارەزورەوە بە سەرکردایەتی عوتبەی کوڕی فەرقەدی سلەمی راستەوراست بەرەو ژور و بەلای راستدا بەرەو باشوری ئازربایجان کشان بەم نەخشەیە: شارەزور، مهابات، مەراغە، دەریاچەی ئورمیە، تەبریز پایتەختی هەرێمی ئازربایجان، لەم رێگەیەدا مێژوو هیچ بەرەنگاری و رێگریەکیان تۆمار نەکردوە، جگە پێشوازی کوردەکان بە تایبەت (پیرۆتی کوڕی بارام) زانای پایەبەرزی ناوچەی (مەرگە) کە بە خۆی و دوانزە کەس لە سەرکردەکانی کورد دەچن بۆ لایان و ئیسلام بونی خۆیان رادەگەیەنن، وەکو واقیدی گێڕاویەتەوە.

دووەم: لە خاڵی حەلوانەوە، بە سەرکردایەتی (بکیر کوڕی عەبدوڵلا لیسی) بە لای چەپ دا بەرەو ژوور بۆ باکوری ئازربایجان کشان بەم نەخشەیە: حەلوان، خانەقین، جەلولا، تکریت، موسڵ، عمادیە، ئورمیە (رەزائیە)، سلماس، خوی، مرند، تبریز. بروانە نەخشەی ژمارە (6).

پاڵپشتی ئەم سوپایە دەکات بە سوپایەك کە لە شاری (رەی) بەرەو باکوری رۆژئاوا بکشێن و بگاتە سوپاکەی (بکیر). ئەم سوپایەی شاری (رەی) بە سەرکردایەتی (سەمماك کوڕی خرشەی ئەنساری) بوو. کە (سەماك) گەیشتە لای (بکیر) دەبینێ لە ناو خاکی ئازربایجاندا توشی دەرگیریەك هاتوە لەگەڵ سوپای فارسدا بە سەرکردایەتی (ئەسفەندیار) لە کێوەکانی (جرمیزان) " بەڵام زۆری نەبرد چوار دەوریان دان و فارسەکانیان شپرزە کردو (ئەسفەندیار) و کۆمەڵێك گیران، (ئەسفەندیار کوڕی فرخزاد) تازە لە جەنگی سێ قۆڵی (واج روز) بە شکاوی گەڕابویەوە، ئەمەشی بەسەر هات.[269]

لە شاخی (جرمیزان) لە باکوری رۆژئاوای هەمەدان لە ناو خاکی ئازربایجان گەیشتن بەیەك، شەڕێکی (یانزە) رۆژی قەوما. (سەماك) یش بە سوپایەکەوە لە شاری (رەی)ەوە هاتبوو بۆ یارمەتی (بکیر) گەیشتن بەیەك و گەمارۆی فارسەکانیان دا، فارس شکاو ئەسفەندیار یەخسیر کرا.

267. حديث نبوي.

268. القرآن الكريم: سورة الحجرات الآية 13.

269. تجارب الامم: ابو مسكوية الرازي. ج1ص250. طهران 1987.

(ئەسفەندیار) بە (بكیر) ی وت: حەزت لە شەڕە یان لە ئاشتی.؟ بكیر وتی: ئاشتی. پاشای ئازربایجان وتی: (لای خۆت بمهێڵەرەوە، چونكە خەڵكی ئازربایجان جۆرێكن، ئەگەر من لەگەڵیان رێك نەكەوم و نەچم بۆ لایان و نەرمیان نەكەم، بۆتان ناوەستن، پەنا دەبەنە بەر شاخە بەرزەكان، خۆیان حەشار دەدەن و یارمەتی لە قەبەچ و رۆم وەردەگرن، ئیتر بە ئێوە چار ناكرێن.)

(بكیر) رازی بوو. ئەسفەندیاری نارد بۆلایان. هەموو هاتنەوە، رێكەوتنێكیان مۆر كرد، هەموو ئازربایجان ئازاد بوو، (بكیر) نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەر. ئەویش دەسخۆشكەری لێ كردن، داوای لێ كرد نەوەستێ هەتا دەگاتە ولاّتی (بابولئەبواب) كە بەندەرێكی گەورەیە لە سەروی رۆژئاوای دەریاچەی قەزوین (خەزەر) و باكوری ئازربایجان. ئەوێ‌ی رزگار كرد ئەوسا هاتە خوارەوە بۆ ناوچەی (موقان) و لەسەر ئەم خالاّنە رێك كەوتن: (ئەمە ئەو رێكەوتنەیە كەلە نێوان بكیر و خەڵكی موقاندا مۆر كرا لە شاخی قەبج، كە ئەمین بن لە ماڵ و نەفس و گەل و ئاینیان. لە پاداشتی ئەوەدا، لەسەر هەموو باڵقێك پێویستە ساڵانە یەك دینار بدات، لەسەر موسوڵمانەكانیش پێویستە وەفایان هەبێ و خوا كۆمەكی هەموو لایەك بكات. ئەگەر نكوڵێتان كرد، ئیتر ئەمین و ئەمان بۆ كەس نامێنێ، هەتا لادەران تەسلیم دەكەن.)[270]

تەبەری دەڵێ: (كە ئازربایجان رزگار كرا بكیر بۆ خەلیفە عومەری نووسی رێگەی بدات پێش بكەوێت. ئەویش رێگەی دا كە بچێت بەرەو بابولئەبواب و یەكێك لەجێ‌ی خۆی دابنێ. ئەویش عوتبەی دانا، بكیر پەلەی كرد بگاتە بابولئەبواب كە گەیشت، دەبینێ سوراقە پێش كەوتوە، پێكەوە گرتیان. پاشان سوراقەی نارد بۆ رزگار كردنی موقان [271].

بكیر گەیشتە جێی مەبەستی خۆی، بزانین (عوتبە)[272] بەچی دەگات: عوتبە زۆر پیاوێكی ئەمین و ئەمان بوو، هەر لە شارەزورەوە هەتا دهۆك و هەولێر و موسڵ ی سەرپەرشتی دەكرد، لە خالّی خۆیەوە كەوتەڕێ، چوە موسڵ، یارمەتیەكی زۆری لە كوردەكانی ئەو ناوچەیە وەرگرت، كەوتنە رێ بەرەو ناوەوەی ئازربایجان، كە (بەهرام كوری فرخزان) زانی براكەی ئەسیر كراوە، بە سوپاكەی خۆی و شكاوەكانی برایەوە، چوە ڕێگەی (عوتبە)، شەڕێكی توند روی دا فارسەكان شكان، هەرێمی ئازربایجان بە تەواوی یەكلا بویەوە، ئێستە زۆربەی

---

[270] . قادة فتح بلاد فارس. اللواء الركن خطاب. ص207.

[271] . ئازربایجان وشەیەكی فارسیە بە مانای (خاكی ئاگر) یان (پەرستگای ئاگر) ێت، ئەم ناوەی بۆ ئەوە لێنراوە چونكە پەرستگای ئاگری زۆری تیا بوە پێش ئیسلام، ولاّتێكی خۆش و مەملەكەتێكی گەورەیە و زۆربەی شاخە، بەناوباناگترین شاری (تبرێز)ەو گەورەترین شاری (ئەردەبیل)ە، جگە لە شارەكانی (مەراغە، ئورمیە، خوی، سلماس، مرند، موقان.) معجم البلدان، ج1ص159{، } اثار البلاد واخبار العباد، ص284 (موقان): موقانیش پارچەیەكە لە ئازربایجان، دۆڵ و شاخ و لەوەڕی زۆری تیایە، توركەكان ئەو كاتە داگیریان كردبوو بۆ لەوەڕگا (معجم البلدان: ج8ص199)

[272] . عتبەی كوڕی فەرقەدی سەلەمی، پێش جەنگی خەیبەر موسوڵمان بوو، لەگەڵ پێغەمبەر دا صلى الله عليه وسلم دوو غەزای بینیوە، بە داوای خەلیفە ئەبوبكر چوەتە سەر هەڵگەڕاوەكان، لە فەتحی عێراق و موسڵ دا بەشدا بو ساڵی 17 كۆچی كرایە والی موسڵ دوای (عرفجە). پاشان چوو بۆ فەتحی شارەزوور و سامغان و دار اباز، گەیشتە ئازربایجان و نامەی بۆ عومەر نووسی:(ان فتوحی قد بلغ آزربایجان) ئەویش كردیە والی ئازربایجان و (عرفجە) ی گێڕایەوە بۆ موسڵ . عتبە لەگەڵ سەرداری فارس لە ئازربایجان كە ناوی (بهرام) بوو كردیە شەڕ شكاندی و لەگەڵ خەڵكی ئازربایجان ئەم رێكەوتنەی مۆر كرد .(دەشت و شاخ و دۆڵ و سنور و خەڵك و نەفس ماڵ و موڵك و ئاینتان پارێزراو بێت بە مەرجێ جزیە بدەن بە گوێرەی تاقەت و تواناتان.) فتوحاتی عتبە گەیشتە ئەرمینیا. عتبە خۆشەویست بوو لای خەڵكی ئازربایجان، كە عتبە لا برا لە سەردەمی خەلیفە عوسمان دا، دەست بەجێ خەڵكی هەڵگەڕانەوە و پەیمانیان شكان . شیرینیەكی خۆش هەبوو لە ئازربایجان پێیان دەوت (خەبیس)، حەزی دەكرد خەلیفە عومەری خۆشەویستی لەوە بخوات، دوو پارچەی بەتایبەت لە ئازربایجانەوە بۆ نارد، بەڕای خۆی دڵسۆزی كردوە، كە عومەر لێ‌ی خوارد بەشی هەموو ئەوانەی مزگەوتی داو وتی زۆر خۆشە. بەلاّم كە زانی دیاریە و لەو رێ دورەوە كەسێكی بۆ زەحمەت دراوە، ئەوەی كە مابوو ناردیەوە و نامەیەكی گلەیی نارد بۆ عتبە بەم جۆرە (انه ليس من كدك ولاكد امك ولا كد ابيك، لاتاكل الا ما يشبع منه المسلمون فی رحالهم.) عتبە زۆری حەزی لە بۆن و عەتر بوو، (ام عاصم) ی خێزانی دەڵێ : ئێمە چوار ژن بوین لە دەوری عتبە زۆر خەریكی خۆمان دەبوین، بەلاّم ئەو لە هەموومان بۆن خۆشتر بوو .

خاکی کورد لە دەستی فارس و ئازەر و ڕۆم رزگار کراوە، تەنها کەمێکی ماوە لە ژێر دەستی ئەرمەنەکاندایە، ئەم کوردە داماوە، لە کوێ توانای ئەوەی هەیە، وەلاّمی هەر هەموو لە سوپاکانی فارس و رۆم و ئازەر و ئەرمەن و گورجی و خەزەر و قەبج و ئالانی و تورکی. هتد بداتەوە، خۆ رەنگە وەلاّمی هەموشیانی دابێتەوە هەتا لە پەل وپۆ کەوتوە و هێزی لێ براوە و، هەموو زالّ بوون بە سەریدا. وا ئێستە ئیسلام هاتوە، ئەو میللەتە چوار پەل بەستراوە دەکاتەوە، لە زیندانی زۆرداران دەری دەهێنێ و ئازادی دەکات و دەیکاتە خاوەنی خۆی. لەگەلّ ئەوەی کە سوپای ئیسلامی رزگارکەری میللەتان لە ناوچەی ئازربایجاندایە بە گەورەترین هێز و لەئاستێکی بەرزدا، کەچی خەزەرێکان شەرم ناکەن و پەلاماری کوردەکانی باکوری کوردستان دەدەن. وەکو سالّح قەفتان دەیگێڕێتەوە کوردەکان بە یارمەتی سوپای ئیسلام دەچن بەگژ خەزەرەکاندا: (کوردستانی باکور توشی هێرشی عەشایەری تورکیخەزەر بوە، کوردەکان لەگەلّ لەشکری عەرەبدا ئەم عەشایەرە کێویانەیان شکاند و دەریانکردن.)[273] ئەگەر ئیسلام زوتر فریا بکەوتایە، کورد هێجگار ئاوای بەسەر نەدەهات.!

جاریّ تر سالّح قەفتان چاکەیەکی زۆر گرنگی تری سوپای ئیسلام دەگێڕێتەوە. بەلاّم بە داخەوە لە باتی وەسف کردن زەمیان دەکات، کە بە مەرجێ جێگەکە وەسف و سەنای زۆر هەلّدەگرێ، کە ئەمەش بە ڕاستی بێ ئینسافی نیشان دەدات و دەلّیّ:

(لەدوای پەیدابوونی ئیسلامیەت ئەوە بوو سوپای ئیسلام دەستی کرد بە داگیرکردنی دنیا. لەشکری ئیسلام هات و ئازربایجانی داگیرکرد، وەك هەموو کوردەکانی تر، کوردەکانی ئێرەش موسلّمان بوون، سەرداری ئیسلام جاریّ بەرژەوەندی وەها بوو کە توخنی سەربەخۆیی نەتەوەکە نەکەوێت، بەلّکو لەبەر دووری وولاّتەکە لە ناوچەی خەلیفەی ئیسلامەوە، کە شای ئیسلام بە قازانجی زانی کە سەرۆکی کوردەکان خەلاّت بکات و دەسەلاّتیان زیاد بکات، بە مانە کوردەکان فریویان خوارد. ئارامی ولاّتەکەی پێش خست.)[274]

یەکەم: موسولّمانان چوبنە هەر ولاّتێك، ئەگەر موسولّمان بوبن، حوکمیان داوەتە دەست خۆیان، نەك هەر تەنها بۆ کورد بوبێ و خەلّەتاندبنیان. دووەم: کوردەکانی ئازربایجان لە ژێر دەستی ئازربایجان بون و دەیان چەوساندنەوە، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە کورد و ئازەر هەردوکیان لە ژێر چنگی فارسەکاندا بون، ئەسفەندیار و بهرامی برای، کە فارس بون، حوکمی هەردوکیانیان کردوە، ئازەر باشتر بون چونکە مل کەچی فارسەکان بون دژی موسولّمانەکان، بەلاّم کوردەکان مەیلیان بەلای موسولّمانەکانەوە بوە، هەتا لێیان نزیك بونەوە، ئەوسا بونە موسولّمان و چەکیان هەلّگرت بۆ سوپای ئیسلام لە دژی فارس و ئازەر و ئەرمەن و رۆم، کە بەردەوام قامچیان بەسەر کوردەکانەوە بوە، کوردەکانی ئازربایجان موسولّمان بون، حوکمیان دانێ، بەلاّم ئازەرەکان موسولّمان نەبون و جزیەیان قبولّ کرد...

هەرێمی ئازربایجان کە سەرکردەی فارس (ئەسفندیار) حاکمی بوو، بەشێکی چاك لە خاکی کورد ی لە سێ لاوە داگیر کردبوو و خستبویە سەر هەرێمی ئازربایجان بە تایبەت زۆرێکی لە هەرێمی چیاو هەرێمی شارەزوور داڕنی بوو، دیاریکردنی سنوری جوگرافیای کوردستان و ناوچە کوردیەکان لە کاتی پەیدابوونی سوپای ئیسلامدا کارێکی ئاسان نیە، ئەو کاتە کورد نە کیانی سیاسی هەبوە، نە سنوری دیاریکراو بە کورد، بەلّکو بە گوێرەی سیاسەتی ئەو کاتە دابەشیان کردبوو بەسەر هەرێمەکانی دراوسێ دا. هەرێمی ئازربایجان ئەو کاتە هەتا سنوری مهابات و سەردەشت و بانەی ئەمڕۆ هاتبو.

عومەر بڕیاری دا ئازربایجان نەجات بدات و، ئەو سوپا فارسیە بەهێزە تەواو بکات. چونکە ئاستەنگی بۆ بەرەیەکی جەنگی فراوانیان دروستکردبوو، کە لە ناوچەی مازیندەران و رەی و هەمەدان و شارەزوور تا موسلّ

---

[273]. مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ : صالح قەفتان، ل171.

[274]. مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ : صالح قەفتان، ل184.

دەسەلاتیان رۆیشتبوو. بە تایبەت سەرکردەی فارسی (ئەسفندیار کوڕی فرخزان) برای رۆستەم وەزیری بەرگری و سەرکردەی هەموو هێزەکانی ساسانی بوو، لە قادسیە کوژرا، وە (بەهرام) کە سەرکردەیەکی ناوداری قوە زاریبە لە ناوچەکەدا ئەمانە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی مازندرانن و پاڵەوانی گەورەیان بۆ ئیمپراتۆریەتی فارس ئەنجام داوە. ئێستا کە عومەر سەرپەرشتی دوو هێز دەکات بۆ رزگار کردنی ئازربایجان، سەرکردەی ئازربایجان ئەسفندیار، بە سوپایەکی ماندووەوە، لە جەنگێك کە لە نێوان شاری رەی و هەمەدان دا لە (واج روز) روی دا، شکستیان خواردوە و ئەوەتا بە شکاوی بۆ ئازربایجان دەگەڕێنەوە. پێش ئەوەی بگەنەوە ولاتیان، (عومەر) ئەو دوو سوپایەی لە دوو لای جیاوازەوە بۆ ناردن، هەتا پێش ئەوەی بحەوێنەوەو، خۆیان رێکبخەنەوە، چاری دەردیان بکەن، بەڕاستی ئەمە نەخشەیەکی بێ وێنەیە و قۆستنەوەی هەلێکی زێرینە، مەگەر هەر عومەر بۆی بچێ!

بکیر لە حەلوانەوە سەرکەوت، لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە لەناو خاکی نەهاوەندەوە چوە ناو خاکی ئازربایجان. ئەسفندیاری ماندوو کە ئەوەی بیست، هیچ چاری نەبوو جگە لەوەی سوپا بێ شومارە ماندووەکەی بهێنێتە رێی و بەریان بگرێ. بەلام سوپایەکی بێ نەخشەی ماندوو و شکاو با زۆریش بن، چییان پێ دەکرێت بەرامبەر سوپایەکی تازە نەفەسی ئامادە و بە نەخشە و کوردێکی زۆر لە سوپاکەدا هەبن. بە هەردوو دیوی کوردستاندا سەردەکەون و رێگەیان لێ ناگرن، بەڵکو یارمەتی هەردوو سوپاکەی بکیر و عوتبە دەدەن بۆ فەتحی ولاتانی پشت کوردستان و، ئەو دەستە رەشانەی لەسەر خۆشیان و میللەتانی ترە کۆتا دەکەن!

بکیر و سەماك کاری خۆیان تەواو کرد بێ ئەوەی لەگەڵ کورددا هیچ روو بەڕووو بوونەوەیەك روی دا بێ. عوتبەش سەرکەوت. عمر داوای کرد لە بکیر یەکێك لە جێی خۆی دابنێ، ئەویش عوتبەی دانا کە کارەکان تەواو بکات لە ئازربایجان. بەلام سەرکردەیەکی فارس لەو ناوچەیەدا بە ناوی (بەهرام) سوپایەکی کۆکردەوە بۆ لێدانی عوتبە، هەتا نەهێڵێ کاری تەواو بکات، جەنگێکی توند قەوما، فارسەکان کە هەر لە زوەوە ورەیان روخا بوو، بروایان بە شەڕ نەما بوو شکان و ناوچەکە کەوتە دەستی موسوڵمانەکان. پێشتر (عیاز کوڕی غەنەم) کە سەرکردەی هەرێمی جزیرە بوو (عوسمانی کوڕی ئەبی عاسی سەقەفی) نار بۆ ئەرمینیە، هەر کە قاچی نایە ناو خاکی ئەرمینیە جەنگی (تەست) روی داو سەحابەیەکی بەڕێز شەهید بوو بە ناوی (سەفوان کوڕی معتەل).[275]

بە ڕاستی سەیرە. ئەو هەموو سەرکردە فارسیانە لە ئازربایجان و ئەرمینیە و بابولئەبواب، ئەو هەموو جەنگە گەورە و بچوك و شەهیدبونی ئەو هەموو سەحابەیە لە خاکی تردا. کەچی ناوی سەحابەیەك نەهاتوە لە خاکی کورد و بە دەستی کورد کوژرابێ. بەلام کە بە کوردستانی ئەمرۆدا دەگەڕێیت، شار و دێ و ناوچە نیە گۆڕ و مەرقەد و قەبرستانی بە ناوی سەحابەوە تیا نەبێت، وەکو نوسەرێکی عیلمانی، راست دەڵێت: (دۆڵی سماقوڵی لە پارێزگای هەولێر بە درێژایی ئەو دۆڵە هەزاران گۆڕی لێیە وەکو دانیشتوانی ناوچەکە دەگێڕنەوە کە لەم دۆڵەدا شەڕێکی قورس لە نێوان ئەسحابەکان و کافران دا بوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسحابە کوژراوە، لەم ناوچانەدا نێژراون. بەلام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەم قسانە ناکات. رەنگە ئەفسانە بێت.)[276]

موس وڵمان بوونی کورد لە پێنوسی مێژوونووس انەوە

مێژوونووسان باسی شەڕیان نەکردوە لە نێوان کورد و ئیسلامدا، بەلام باسی رێکەوتن و ئاشتیان کردوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەڵێت یارمەتی سوپای ئیسلامیشیان داوەو دوژمنەکانیان بۆ شکاندون، رۆژبەیانی دەڵێ:

[275]. الاصابة في تميز الصحابة: الامام احمد العسقلاني. ج3ص251. اسد الغابة: ج3ص26 دەڵێ : صفوان کوڕی موعتەل غەزای مریسع و خەندەقی بینی، پیاوێکی ئازاو نەترس بوو، لە جەنگەکانی عێراق و شام دا بەشدار بوو، پاشان چووە هەرێمی جزیرە، لە یەکەم هەنگاویان بۆ ناو ئەرمینیە شەهید بوو.

[276]. پەنجەکان یەکتری دەشکێنن : نەوشیروانمصطفی. ل302.

(پارسی و ساسانی هەوڵی ئەوەیان دا کە کوردەکان زەبون و ژێر دەستە بکەن، کە سوپای ئیسلام، نا شارەزای وڵاتی چیای سەخت، لەگەڵ دەوڵەتی فارسی کەوتنە شەڕەوە و زانیان کورد دژی ساسانیە. بە رابەری و پێشەنگی کوردان توانیان بە چیا سەختەکاندا هەڵگژێن و بەسەر ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا زاڵ بن، هەرچەندە کورد لە ئەهواز و بەرازەروز و شارەزور و حەلوان و کرماشان و زۆر جێی تردا بە ئاشتی کوردستانیان دایە دەستەوە.)[277] لە جێیەکی تردا دەڵێ: (سوپای ساسانی بەبێ یارمەتی هێزی کورد، هەرگیز توانای شەڕیان نەبوەو لە هەر کوێ کوردەکان بە ئاشتی لەگەڵ هێزە موسوڵمانەکان رێك کەوتبن، ئەوان خۆیان رزگار کردوەو هەڵهاتون.)[278]، یان دەڵێ: (وا دیارە کوردەکان کە لە ستەمی ساسانی بە تەنگ هاتبون، بون بە رێ نومای سوپای ئیسلام و شەڕیان بۆ شاهەنشاە نەکردوە و، هەموو شارەکانیان هەر بە بێ شەڕ و بە ئاشتی داوە بە دەستەوە.)[279] مەسعود محمد دەڵێ: (کورد خۆشحاڵ بوە بە هاتنی ئیسلام، هەتا فارس و رۆمیان لە کۆڵ بکاتەوە.)[280] سیر مارك سایکس دەڵێ: (کورد وا بە ئیسلامەوە چەسپان و پەیوەست بوون، کە هیچ میللەتێکی تر وا بە ئاسانی و سەربەست قبوڵیان نەکرد...)[281]

موحەممەد مەردۆخی دەڵێ: (کورد بە رەزامەندی خۆی ئاینی ئیسلامیان پەسەند کردو موسوڵمان بوون)[282] محمد ئەمین زەکی دەڵێ: (کوردەکان بینیان و تێفکرین کە ئەم ئاینە تازەیە، بە تەواوی موافقی تەبع و وجدانیانە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد.)[283]

دکتور حسێن خەلیقی دەڵێ: (زۆر جار کوردە موسوڵمانەکان لەشکری گەورەیان ساز دەدا و دژ بە فارس و رۆم و عەرەبە لادەرەکان جەنگاون بۆ تەمێ کردنیان. چەندین دەوڵەت و ئەماراتی سەربەخۆیان دروست کردوە و شەرعی خوایان تیا بەرپا کردوە و سەر بە دەوڵەتی گەورەی ئیسلامی بوون.)[284]

مامۆستا هەژار دەڵێ: (ئاینی پاکی بێگەردی ئیسلامەتی کە لە سەرەتاوە پەیدا بوە، تیشکی برایەتی و یەکسانی وە چیاکانی کوردستانیش کەوتوە، تاریکایی و ئاگرپەرستی لەسەر رەواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشو تێیان گەیاندوین کە موسوڵمانان هەموو پێکەوە بران و رەش و بۆر و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیەك لە ئارادا نیە. ئەگەر جاران کەمێکی بێ کەس بوون، وا ئێستە لە سایەی ئاینی تازەوە بونەتە زۆر و کەس زۆریان لێ ناکات.)[285]

ساڵح قەفتان کە قەومیەکی توخ و خاوەنی رای تایبەتە، چاکی دەپێکێ کە دەڵێ: (بە زمان زەدی لەناو خەڵکی کوردستاندا شورەت وایە کە نەژادی ئەمرۆ بە زۆری شمشێر موسوڵمان بوە و، ئەم قسەیە پشتاوپشت بەجێ ماوە. بە مەدا وا دیارە باوك و باپیرانمان وایان زانیوە کاتی خۆی عەرەبەکان کە هاتوون کوردستانیان زەوت کردوە، دەستیان داوەتە شیر و هەرچی موسوڵمان نەبوە کوشتویانە بەو تەرحە موسوڵمانێتیان بە زۆر بڕیوە بەسەر کوردەکان دا، بگرە بەو جۆرە بەسەر گشت گەلەکانی تریشا. ئەگەر ئەمە راست بوایە، ئەبوو

---

[277]. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری : محمد جمیل رۆژبەیانی، ل6.

[278]. هەمان سەرچاوە، ل157.

[279]. هەمان سەرچاوە، ل156.

[280]. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد : بەرگ(5)، مەسعود محمد.

[281]. وارثانی خلفا: ل252.

[282]. کورد و کوردستان: محمد مەردۆخی کوردستانی، ل94.

[283]. کوردو کوردستان: محمد امین زەکی، ل123.

[284]. کۆمەڵناسی کوردەواری : د. حسین خەلیقی. چاپخانەی الحوادث، بغداد 1992.

[285]. شەرەفنامە: شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕ : عبدالرحمن هەژار، ل30.

عەرەبەکانی ئەو حەلە لە موسوڵمان بەو لاوە چ تایفەیەکی تریان لە وڵاتی ئیسلاما نەهێشتایە، ئەی جولەکە و عیساییەکان بۆ چ مانەوە تەشقەڵەیان پێ نەکراوە.)

(کوردەکان ئەو کاتە کە زەردەشتی و بت پەرستی بوە، بە موشریك دانراوە، عەرەبەکان بەبێ گومان تەقەلای لە ناوبردنی ئەم جۆرە ئاینەیان داوە، بەڵام نەك بە زۆری شمشێر، بەڵکو بە زۆرداری سیاسەت پێکیان هێناون بۆ نمونە: عەرەبەکان چونکە خۆیان هێشتا شارەزای کشت وکاڵ نەبوو بوون، هاتون موڵکی خاوەن ئەرزی ئەمیریان بەسەر خەڵکە کۆنەکەدا دابەش کردوە، دڵیان خۆش کردون و، لەسەر ئەوەشا، مۆڵکانە و زەکاتی سوکیان لێ سەندون، بەم کارانە، ئەو خەڵکانەیان بە تەبیعەتی حاڵ منەتباری خۆیان کردوە، چونکە لە چاو زوڵم و زۆرەکانی حکومەتی رابوردودا، ئەم زەریبەیە سوك و بە کەڵك بوە بۆ قەومەکە، عەرەبەکان لەگەڵ خوڵق قایمی خۆیان، چونکە ئیدارەکەشیان توند و تۆڵ و عادلانە بوە، تەنزیماتەکانیان خێرا سەری گرتوە و، بەوە لەگەڵ منەتباری خەڵکەکەدا وڵاتەکەش ئاوا بوەتەوە و، زۆربەی ئەهلەکە بە حکومەتەوە نووساوە. جا بەم سیاسەتە نەرم و رەنگینە لە ئێران و کوردستانا عەرەبەکان حاکمیەتی خۆیان خێرا ساغ کردوەتەوە و زۆر بە گورجی تیا دامەزراوە و موسوڵمانیشیان بڵاوکردوەتەوە.)[286]

جەواهێر لال نەهرۆش لە یاداشت نامەکەی دا راستیەکی پێویستی بەم شوێنە وتوە: (. ئیتر عەرەبەکان وڵات دوای وڵاتیان دەگرت، وە زۆر جار جەنگیان بەبێ کوشتار بردۆتەوە! وە دوای وەفاتی پێغەمبەر – درودی خوای لەسەر بێ – بە (25) ساڵ عەرەب هەموو وڵاتی فارس و سوریە و ئەرمینیا و بەشێك لە ناوەڕاستی ئاسیای رۆژهەڵات و میسر و بەشێك لە سەروی ئەفریقیایان بە ئاسانی گرت! چونکە –ئەو گەلانە –زۆر ستەمیان دیبوو بە دەست زۆرداری ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆمان و شەڕ و شۆڕی تایفەگەریەوە.)[287]

مامۆستا هەژار دەڵێ: (کوردەکان کە بینیان لە ئیسلامدا. هەموو رەگەز و تیرە و هۆز و نەتەوەیەك لە بەرامبەر بارەگای خودای بەرزا یەك جۆرن و یەك تەرزن. هەر رەنگێك و زمانێك لەبەر بەرۆچکەی خۆرەتاوی ئیسلامەتیدا بە سانایی دەحەوێتەوە. کوردیش کە چونەتە ژێر سێبەری ئالای پیرۆزی ئەم ئاینە پاکەوە، دیتویانە وەك بیستویانە وایە. موسوڵمان هەموو پێکەوە بران و بۆ یەکتر پشت و پەنان، ئەگەر جاران کەمێکی بێ کەس بوون، وا لە سایەی ئاینی تازەوە بونەتە زۆر و کەس زۆریان لێ ناکات.)[288]

پاشان هەژار وەك مێژوونووسێکی هەقبێژ و نزیك، نەك وەك رۆژهەڵاتناسێکی دوور و قسە هەڵبەست، تفەنگ بە تاریکیەوە بنێ و، هەرگیز کوردی نەبینیوە و نەیناسیوە، بۆ دژایەتی دین و مەبەستێکی ناباش وشە هەڵدەبەستێت، هەر بۆیە هەژاری موکریانی کوردناس و کوردپەروەر و لەناو ئازارەکانی کوردا تلاوەتەوە و پێگەیوە، لە ناخەوە دەڵێ کوردەکان: (ئاین و رەوشتی نوێیان بەلاوە زۆر لە رێ وشوێنی پێشێنی پڕ ئازاری ئاگر پەرستیەکە لەبارتر و چاکتر بوە و لە سایەی ئەو فرمانە ئاسمانیەدا کە قورئانە، ماوەیەکی زۆر باش حەسانەوە.)[289] هەر دوای ئەوە راستیەکی تر دەڵێ کە کەس ناتوانێ رەخنەی لێ بگرێ و شتێك بڵێ، هەژار غەم و خەفەتی خۆی هەم بۆ کورد و هەم بۆ ئیسلام هەڵدەرێژێ و دەڵێ: (بەڵام، سەد ئاخ وداخ و مەخابن، ئەم جەژنە

---

286 . مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ : صالح قەفتان، ل172، بغداد 1969.

287 . چاوپیاخشاندنێك بە مێژووی جیهاندا : جواهر لال نەهرۆ. وەرگێڕ یوسف محمد زوهدی، چ1 ل42.

288 . شەرەفنامە: میر شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕ مامۆستا هەژار . ل31.

289 . هەمان سەرچاوە: چاپخانەی نعمان، نەجەف 1972، ل31.

پیرۆزە، زۆری نەخایاندوە و لەشکری خەم و پەژارە دووبارە سەری لێ داونەوە و، بە سەربەستی نەماونەوە. دەسەڵاتدارە راست و دروستەکانی ئیسلام بەرە بەرە ئاسۆی ژیانیان ئاوا بوون.)[290]

دکتور حسینی خەلیقی کە خۆی چەپیە، بەڵام هاتنی ئیسلام بە وەرچەرخانێکی گرنگ و بەرەو پێش چونێکی نوێ دادەنێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە بێ گومان کوردیش گەلێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەر زەوی دا و دەڵێت: (لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە سەرهەڵدانی ئیسلام، چوارچێوەی رژێمە کۆیلەدارەکان تێك روخا و پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆڕا و، نەزمی نوێ و بۆچونی تازە لەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤ و نرخەکەی دامەزرا، بەم جۆرە ئیسلام لە قۆناغێکی بەرەو پێش چونی کۆمەڵدا دەوری بنەڕەتی و چالاکی هەبوو.)[291]

دوای روخانی حکومەتی میدیا ساڵی 550 پ.ز هەتا هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ساڵی 620 دوای زاین، واتە کورد (1100) ساڵێك بە دەم رەشەبای شەڕی نێوان فارس و رۆمەوە، پەت پەتێنی زۆری پێکراوە و، هەرچی لەو (150) ساڵەی حکومەتی میدیا بەرقەرار بوو، پێیان ڕشت و، کارێکیان پێ کرد، دەرونی روخا، بڕوای بە کەس نەما، دوژمنی هەموو لایەك بوو، لە حاڵەتێکی ئینتحاردا دەژیا، پێش و پاشی خۆی نەدەناسی، تەنها ئیسلام دەیتوانی تەداوی و چاری ئەم نەخۆشە کوشندە بکات، ژێرەکانی ئەو میللەتەش لە پیاوە ئاینیەکانی زەردەشتی (پیر)، بە دوای چارەی گەلەکەیاندا دەگەڕان، دەیانزانی لەو رموزانەدایە کە (گاتا و زەردەشت و ئاوێستا و ماریفەت) بە گەلەکەی داوە، ئیسلام، قورئان، پێغەمبەری چاوەڕوان کراو هات، ناسیان، باوەشیان پیا کرد، زانیان پڕ پێست و شیفای ناخ و، پڕ کەرەوەی بۆشاییانە، بۆی ژیان و بۆی مردن، هەموو لایەنی ژیانیان گۆڕا. بەڵام هەندێ خراپەی شاراوەی ناو پشتی ناخ و دەرونی هەر ماو نەیتوانی دەست بەرداری ببێت، لەگەڵ ئەو هەموو تێکەڵ بونە لەگەڵ ئیسلام و بیروباوەڕی دا، پاشماوەی نەخۆشی (خۆش باوەڕی) و (یەك نەگرتن) و (خۆفرۆشتن) و (پوازێتی) هەرماوە. شەڕ ئاوایە، هەر بۆیە دەوڵەتە زلهێزەکان، بە زۆر و بە فێڵ و تاکتیك، دەیفرۆشن , ئیستراتی دەکەن بۆ گەلە ژێردەست و بچوك و بەرامبەرەکانیان، شەڕ هەموی نەخۆشیە، چەند زەرەر لە لەشی میللەت و ئابوری دەوڵەت دەدات، (دە) ئەوەندە ناخ و شعور و دەرونی تاك و کۆمەڵی میللەت، ئاڵۆز و شێواو و بریندار و پڕ میکرۆب و نەخۆشی دەرونی دەکات...!! سەرکردەی ژیر ئەوەیە، هەموو شێوازێك بەکاربهێنێ بۆ سەرکوت کردنی شەڕ و خونساکردن و مەفعول نەهێشتنی، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە رێکەوتنی حودەیبیە دا ویستی کۆتایی بە شەڕ بهێنێ و شێوازی حیوار و پەیڤین و گوتار و نامە و نوێنەر بەکاربهێنێ. هەتا ماوەیەك سەرکەوتوو بوو، بەڵام شەیتانی شەڕ نەیهێشت.! حەزرەتی عومەر پێنج جار لە تەمەنی خەلافەتی دا هەوڵی دا کۆتایی بە وەیشومەی شەڕ بهێنێ، بەڵام یەزدگورد رازی نەبوو، وای دەزانی خێر لە شەڕدایە! هەر ئەو شەڕە درێژ ماوەیەی سەردەمی عومەر بوو، میکرۆبی عەبدوڵلا کوڕی سەبەئی جولەکە و، جوڵانی کرمی دوو ڕوەکان و شەهیدبونی عوسمان و جەنگی نێوان عەلی معاویەی تیا بە بەرهەم هات. ئەگەر بە شێوازێکی بەهێز ئاشتیان فەرز بکردایە، زەنگی خەتەری شەڕیان کز کردایە، تەمەنی حوکمی خولەفا درێژەی دەبوو، شارستانی ئیسلامی دامەزراوتر و جیهانێکی فراوان تر و پێشکەوتوتریان درێژە پێ دەدا. بەڵام هەزار مەخابن...!!!

شەڕ کۆمەڵێك نەخۆشی فەرز کرد بەسەر دەرونی کوردا کە هەتا ئەمڕۆش گەورەترین بەڵای رێگری میللەتەکەیە لەبەردەم سەربەخۆیی دا. ئیسلام زۆر شتی کوردی چاك کرد، پاك و بێ غەل و غەشی کرد، بەڵام کە

290. شەرەفنامە: ل31

291. کۆمەڵناسی کوردەواری : د. حسین خەلیقی. ل221 ب1.

شەڕی شەیتانەکان تێی ئالأنەوە، خۆیشی دەستی گەورەی تیایدا هەبو، نەخۆشیە کۆنەکان لە سپۆر جولأن و هاتنەوە مەیدانی چالاکی! (یەك نەگرتن) یەکێکە لەو نەخۆشیانە، (گاوا) مامۆستای سولْتان موراد لە هەق ئەوەی کە کورد هەرگیز یەکیان نەگرتوە دەلێ: (کورد لەوەتەی هەیە لە وتەی شاد و ئیماندا نەبێت یەکتریان نەگرتوە.)[292] واتە یەك پارچە خۆیان بۆ ئیسلام کردەوە، بەلأم وازیان لە نەخۆشی یەك نەگرتن نەهێناوە!

خاتو ڤاسیلیڤیا[293] وەسفێکی سەیری کورد و ئاین دەکات: (دلْسۆزی خەلْك بۆ سەرکردە ئاینییەکان ئەوەندە بەهێز بوو، کە دوای تیاچونی میرنشینەکانیش توانیان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیش بۆ سەربەخۆیی بگرنەوە دەست.)[294]

کورد ئازا بوە ناوی (کورد) بە مانای پالْەوان دێت، باوەڕی بە هەرچی نەبوایە سەری بۆ دانەئەنەواند، بەلأم کە ئیسلام هات بەو جۆرە بوو کە (سافراسیتاف) دەیگێڕێتەوە: (بەر لە ئیسلام هیچ کاتێك کورد سەری بۆ کەس نەچەماندوەتەوە.)[295] بەلأم کە ئیسلام هاتە بەردەمی، فترە پاکەکەی کورد لە ژێر تەپوتۆزی هەزار سالْەی جەنگی فارس و رۆمەوە جولأو، زوو بە زوو لەگەلْیدا گونجا.

خاتو ڤاسیلیڤیا دووبارەی دەکاتەوە: (هۆشیاری و کۆمەلأیەتی – کورد – سیمایەکی ئیسلامی هەیە. ئەوەش دەبێتە زەمینەیەك بۆ لێك جیابونەوەی پرۆسەکانی فکری و کۆمەلأیەتی و سیاسی. هەتا رۆژانی ئەمڕۆش ئیدۆلۆژیای ئیسلامی لە ناو کوردا زالْ و بەر کەمالْە.)

لە درێژەی باسەکەی خاتو ڤاسیلیڤیادا (ئەو رایانەش بە درۆ دەخاتەوە کە دەلْێن کوردەکان موسولْمانێکی خراپن، یان هەر بە ناو موسولْمانن، یان ئیسلامەتی کوردان جێگەی باوەڕ نییە.)[296]

ئیسلام کە هاتە کوردستان تەدبیری ماقولْیان بوە، بەلأم مامۆستا سالْح قەفتان جۆرێکی تر لێکی دەداتەوە: (زۆر ئەگونجێ حکومەتی عەرەبی ئیسلامی ئەو حەلە بۆ پێکهێنانی مەسلْەحەتی خۆی و قایم کردنی بناغەی دەولْەتەکەیان تەدبیری ماقولْ و سیاسەتی ئیداری زۆر جوانیان پێکەوە نابێت، لە کاتی فەتحی ئیسلاما عەرەبەکان وەك بە زۆری بازوو، پڕشتی چەك، خەریکی داگیرکردنی ولأتان بوون، لەگەلْ ئەوەشا وێلْی تەرتیباتێکی واش بوون کە نەیەلْێ جارێکی تر ئەو ولأتانەیان لە کیس بچێتەوە، بە راستی لە مێژوودا کەم نەتەوە هەیە لە ئیدارەی مولْك و بەڕێوەبردنی ئەقوامی بێگانەدا وەك عەرەبەکان بە رێك وپێکی سەرکەوتبێت. عەرەبی تازە موسولْمان وەك لە سوپاگەریدا هۆشیار بوە، بیری سیاسەت و ئیدارەی ولأتیشی تەواو بوە. ئەم نەتەوە زیرەکە زانیویە کە لە ولأتە داگیرکراوەکانا ئەگەر لە بناغەوە بابەتە ئیدارەیەکی نەرم و نیان نەخاتە کار، قەومەکانیان بۆ داگیر ناکرێت، بەلْکو ئەبێت هەمیشە لەگەلْیان لە جەنگدا بن. لەبەرئەوە لە لایەکەوە هاتون ئەرزیان داوە پێیان، دلْیان خۆش کردوون، لە لایەکی تریشەوە توخنی ئیشی قەومیان نەکەوتون و ئازاریان نەداون، لەبەر ئەم سیاسەتە نەرمە، کوردەکان وردە وردە تەسلیمیان بون و لەگەلْ ئیدارەی عەرەبدا رێك کەوتون.)[297]

---

[292]. شەرەفنامە: وەرگێڕ مامۆستا هەژار، ل36، نەجەف 1972.

[293]. خاتو ڤاسیلیڤا: ناوی یڤگینینا ئیلیچنا ڤاسیلیەڤا، ناوێکی پرشنگداری رۆژهەلأتناسی و کوردناسی ولأتی سۆڤیەتە، شەرەفنامەی کردووەتە روسی، چەندین وتار و لێکۆلْینەوەی لەسەر مێژووی کورد هەیە وەکو (چەمکەکانی تایفە و عەشیرەت و قەبیلە لە شەرەفنامەدا) (ژیان و بەرهەمەکانی ماه شەرەفخانم کوردستانی) (تایبەتمەندیەکانی ئیتێکیی کوردی) و زۆری تر.

[294]. گۆڤاری رووناکبیری. ژمارە (2) ل173.

[295]. شەرەفنامە: وەرگێڕ مامۆستا هەژار – وتەی یەحیا خەشاب – ل120.

[296]. گۆڤاری رووناکبیری. ژمارە (2) ل174.

[297]. مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ : صالح قەفتان، ل172. بغداد 1969.

سالْح قەفتان وشەی موسولْمان بە عەرەب ناو دەبا، کە ئەو سوپایانە هەرگیز بە ناوی عەرەبایەتیەوە نەهاتون، ئەوانە هەتا عەرەب بوون، داماو بون بە دەستی فارس و رۆم و حەبەشەوە، بەلاْم کە قەومایەتیان لابرد و بیروباوەڕی ئیسلامیان وەرگرت، ئەوەیان کرد کە کردیان، هیچ گەلیْکیان نەکردووە بە عەرەب، تەنها ئیمان و بڕوایان لە خەلْکی ویستوە. زۆرجاریش قەفتان بە داگیرکاریان ناو دەبات. کە بە مەرجێ داگیرکار ئەوە نیە کە خۆی وەسفی‌یان دەکات، ئەوە رەوشتی زۆردار نیە، بەلْکو ئەو موسولْمانانە هاتون تەنها بیروباوەڕی ئیسلامەتی بلاْوبکەنەوە و بەس، کوردیش وەکو سالْح قەفتان و میْژوونوسانی تر باسی دەکەن، زۆر بە هەرزان و بە ئاشتی لێیان وەرگرتوون و، وەك ئەمین زەکی دەفەرموێ: (تێفکرین کە ئەم ئاینە تازەیە بە تەواوی موافقی تەبع و ویجدانیانە. قبولْیان کرد.)

سالْح قەفتان لە جیْیەکی تردا دەلْێ: (عەرەبەکان ئەم سیاسەتە جوانە میللی‌یەیان وە نەبێ هەر لە کوردستان و ئیْران بەکارهیْنا بێ، بگرە هەر لە سنوری چین، هەتا قەراغ دەریای زولْومات ئەتلْەسی لە هەموو کیشوەرە داگیرکراوەکان بەجێ‌یان هیْناوە.) بەلاْم دوای ئەم وەسفە جوانانە دوبارە دەکەویْتەوە هەلْەوە و دەلْێ: (بۆیە لە میْژوودا ئەبینین لە دوای پیْغەمبەر(د.خ) بە سەد سالْیْك زۆربەی قەومە دانیشتوەکانی سەر زەمینی ئیمپراتۆریەتی عەرەب بوون بە موسولْمان و بووشن بە عەرەب و میللەتی خۆیان لە دەست داوە.) میللەت نیە و گەل نیە لە دنیادا بە هیچ زولْم و زۆر و ستەمیْکیش، واز لە زمان و خاك و نەتەوەی خۆی بهیْنیْت، یەك نمونەش لەبەردەستدا نەبووە، دەنا دەیهیْنایەوە. ئەوەتا ئیْمەی کورد لەگەلْ ئەو هەموو زولْم و زۆرەی ولاْتانی دەوروبەر، بە راگواستن و کوشتن و کیمیاوی بەسەراکردن و راپیْچ و رەو پیْکردن و ون کردنمان، هەر لە زیادبوون و چەسپاندنی مافی رەواماندایین. ئەوە مافی خوایە بۆ زمان و رەنگ و گەل و نەتەوەکان، نابێ بتاویْنەوە. بەلاْم نەگبەتی ئیْمە لەوەدایە، باسیْکی وا بەهیْز، بە قسەیەك بە دوو ووشە لاواز دەکەین و لە نرخی کەم دەکەینەوە. دەبوو مامۆستا قەفتان لە رەوتی جوانی خۆی دانەبەزاندایە و باسە بەهیْزەکەی تیْکەلْ نەکردایە!

شارە کوردی یەکان بە ئاشتی رێك کەوتوون

لە میْژووی سەردەمی خولەفای راشدین دا سێ جەنگی زۆر گەورە روی داوە، کە بە گەورەترین جەنگ دادەنریْت لە میْژووی ئیسلامدا. یەکیان لە خاکی عەرەبدا بوەو دوانیان لە خاکی کوردا.

جەنگی یەکەم (قادسیە) بوو لە خواروی کوفە، کە شکستی هەرە گەورەی بەسەر فارس هیْنا، (رۆستەم) وەزیری بەرگری و سەرکردەی هەموو هیْزەکانی فارسی ساسانی تیا کوژرا، ئالاْی ئیمپراتۆر کە ناوی (درەوشی کاویانی) بوو کە ئالاْکەی کاوەی ئاسنگەر بووە، کەوتە دەستی موسولْمانەکان، زیاد لە سەد هەزار سەربازی فارس کوژرا.

جەنگی دووەم (جەلەولا) بوو کە لە خاکی کوردا روی دا، بەلاْم دەستی کوردی تیا نەبوو، یەزدگوردیش نەفیری عامی دەرکرد زیاد لە سەد هەزار سەربازی لە هەموو هەریْمەکانەوە هیْنا، خەنەقیْکی زۆر گەورەی بۆ هەلْکەندن و سەنگەری بۆ بەستن و هەر هەمووی تێ‌کردن بە سەرکردایەتی مهرانی کوڕی یەزدگورد، لەو جەنگەدا مەهران‌و دەیان سەرکردەو سەد هەزار سەرباز کوژرا. (شابانو) کچی یەزدگورد ئەسیرکرا، لەتاو زۆری لاشەی کەوتوو ناوچەکە ناونرا جەلەولا.

جەنگی سیْیەم (نەهاوەند) بوو، یەزدگورد نەفیری عامی دەرکرد، پاشماوەی هیْزەکانی هەموو هەریْمەکانی کۆکردەوە و لە دەشتی (نەهاوەند)، بە سەرکردایەتی و سەرپەرشتیاری (فاروزان) و فەرماندەیی دەیان وەزیر و سەرکردە و زیاد لە (150) هەزار سەرباز. یەزدگورد خۆی لە ئەسفەهانەوە ئاگادار بوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا

سەرکردە و وەزیرەکان و فەرماندەی هەرێمەکان و زیاد لە سەد هەزار سەربازی فارسی کوژراو لەبەر گەورەیی سەرکەوتنەکەش ناونرا جەنگی (فتح الفتوح).

ئەم سێ جەنگە هەیبەتی ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانی شکاند، قڕی خستە ناو سەرکردەو لەشکرە تایبەتیەکانی دەرباری شاهەنشاهی، سەرنویشتی جەنگی یەکلا کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم دوو جەنگەی دوایی (جەلەولا و نەهاوەند) لە خاکی کوردا رویان دا، بەڵام بە هیچ کلۆجێ دەست و مەیل و ویستی کوردی لەسەر نەبوو، بەڵکو یەزدگورد بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆی خستنیە خاکی کوردانەوە. بەڵکو کە سوپای ئیسلام رووی کردە خاکی کوردستان، ئەگەر فارس شکابن و هەڵهاتبن، ئیتر شارە کوردەکان بە ئاشتی رێك کەوتون و هاتون بە دەم ئیسلامەوە و هیچ رووبەڕووبونەوەیەکی لەگەڵ ئیسلامدا تۆمار نەکردوە.

لە بڕگەی پێشودا قسەی مێژوونووسەکانم هێنا لەسەر ئیسلام بوونی کورد، کە هەمووی لە سەرچاوەکانەوە هەڵگۆزرا بوو هەتا بە ئاسانتر لەبەردەستی خوێنەردا بێت و سقەی بەهێزتر دروست بکات بۆ ناوەڕۆکی مەبەستی بابەتەکە، لێرەشدا بڕگەیەکی ترم هەڵبژاردوە لە سەرچاوەکانەوە کە باس لە شارە کوردیەکان دەکات کە بە ئاشتی و ئاسان لەگەڵ سوپای ئیسلامدا رێك کەوتون، هەتا رونتر و کۆیی تر و ئامادەتر مەبەستەکان بپێکێ: –

– رۆژبەیانی دەڵێت: (بەرازە روز – بلدروز) و (میهروز – مهروت) کە لەم دواییەدا کرایە (کەنعان)، (بەندەنیجین – مەندەلی) و حەلوان و شارەزوور، ئەمانە هەموو بە ئاشتی رزگار کراون.[298]

– ئیبن ئەعسەم دەڵێ: هەر لە جەلەولا هەتا نەهاوەند شارەکانی نێوانیان هەموو بە ئاشتی رزگار بوون، موسوڵمانەکان بەبێ شەڕ بە سەرکردایەتی نعمان کوڕی مقرن چونە (قرماسین – کرماشان)[399]

– بەلازەری دەڵێ: هاشم هەڵی کوتایە سەر (حەلوان) و بە ئاشتی گرتی، پاشان چوو بۆ (دینەوەر) و لەوێوە چوو بۆ (قرماسین – کرماشان) و بە ئاشتی رێك کەوتن.[300]

– رۆژبەیانی دەڵێ: دینەوەر (کرماشان–قرماسین) و(میهرەجان گجگ – قذق) و سیروان و صەیمەرە و ئیزە و شوش. ئەمانە هەموو بە ئاشتی رزگار کراون.[301]

– ئیبن ئەعسەم دەڵێ: (هەر ئەو رۆژە موسوڵمانەکان چونە خانەقین بەبێ شەڕ، پاشان چونە قەسری شیرین بەبی شەڕ. سوپای موسوڵمانان بەبێ شەڕ گەیشتە حلوان.)[302]

– ئیبن ئەسیر دەڵێ: (نەعیم و قەعقاع کەوتنەڕێ بۆ هەمەدان لەگەڵ حاکمی شار بە ئاشتی رێك کەوتن.)[303]

– رۆژبەیانی دەڵێت: (خانەقینی بە ئاشتی گرت. کەوتنە ڕێ بۆ حەلوان، ئەوێشی بەبێ شەڕ گرت.)[304]

– رۆژبەیانی دەڵێ: (وادیارە کوردەکان کە لە ستەمی ساسانی بە تەنگ هاتبوون ئەوان بوون بە ڕێ نومای سوپای ئیسلام و شەڕیان بۆ شاهەنشاهی نەکردوە، هەموو شارەکانیان هەر بەبێ شەڕو بە ئاشتی داوە بە دەستەوە.). لە جێیەکی تردا دەڵێ: (لێرەدا ئەبێ ئەوە دیاری بکەین یەکەم: سوپای ساسانی بەبێ یارمەتی

---

298. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل11، چاپی یەکەم، 1997 سلێمانی.
399. کتاب الفتوح: ابن اعثم الکوفي، ج2ص47.
300. فتوح البلدان: بلاذري، ص111.
301. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل11، چاپی یەکەم، 1997 سلێمانی.
302. کتاب الفتوح: ج2ص280، بیروت1968.
303. الکامل في التأریخ: ابن اثیر، ج3ص6.
304. خانەقین لە مێژوودا : گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە18–19، ل341، بغداد.

هێزی کورد هەرگیز توانای شەڕیان نەبوەو، لە هەر کوێ کوردەکان بە ئاشتی لەگەڵ هێزە موسوڵمانەکان ڕێك کەوتون، فارسەکان خۆیان بۆی دەرچوون. وا دیارە هەندێ لە کوردەکان هاوکاریان لەگەڵ سوپای ئیسلام کردوە، ئەوەتە سەعد کوردێکی (قوباد) ناو دائەنێ بە سەرداری حەلوان لە باتی قەعقاع)[305]

– خزری بەگ دەڵێ: (نەعیمی کوڕی مقرن لە هەمەدانەوە چوو بۆ رەی، بە ئاشتی ڕێك کەوتن، پاشان سوڵەی برای نارد بۆ شاری قومس و بە ئاشتی ڕێك کەوتن، پاشان نامەی پاشای جورجانی بۆ هات لە نزیك دەریاچەی قەزوێن کە داوای ئاشتی کرد بوو، شاری رەی و دستەنبی کە سەر بە وڵاتی چیا بوون (اقلیم الجبال) بە ئاشتی ڕێك کەوتن، خەڵکی تەبەرستان لە نزیك دەریاچەی خەزەر بە ئاشتی ڕێك کەوتن.)[306]

– ڕۆژبەیانی دەڵێ: هێزێکی ئیسلامی لای تکریتەوە روی کردوەتە کوردستان، لە چیای حەمرینەوە هاتوەتە (باوەزی – بوازیج) و لە وێوە بە کەناری شیوی خاصەی خوارودا کە تێکەڵ بە ڕوخانە دەبێت و (زەغەیتون) دێنێتە بەرهەم، کە پێیان ئەوت (عیث) رو ئەکەنە (رازانات – دەشتی ئیفتخار – عەلی سەرای) و لەوێوە روو ئەکەنە (خوێ لین – خوڵنجان – توزخورماتو) و (دێ کوك – دقوقاء)، ئنجا (کەرخینی – کەرکوك) و (کەرخ جدان – قەرەحەسەن) و (خاینجار – قەرەهەنجیر – هەزار کانی). ئەم ناوانە هەموو سەر بە ئوستانی (باجەرمی – بیس گەرمای – وڵاتی گەرمیان)ە. ئەو فەرماندانەی ئیسلام ئەم وڵاتانەیان هەموو بە ئاشتی گرتووە. ئەمانە لای خۆرهەڵاتی باشوری کوردستانە.) (لای باکور و خۆرئاوای کوردستانیشەوە، هەرێمەکانی جزیرە – ئامود – موسڵ – هەکاری – هەولێر.) ئەنجا بەرەو ژوور بۆ کوردستانی سەرو ئازربایجان و ئەرمینیە. هۆی ئەوەی کە کوردی ئەم ناوە بە ئاشتی خۆیان دایە دەستەوە، بۆ رزگاری بوو لە ستەم و بەد کرداری دەسەڵاتی ساسانی، هێزی عەرەبی ئیسلام بە رابەری و پشتیوانی کورد هەڵگژانە شاخەکان.)[307]

– لە (اسد الغابة)دا هاتووە (بەرگری کەرانی ناو قەڵای موسڵ داوای ڕێکەوتنیان کرد، عەبدوڵڵا گەیشتە موسڵ، داوای لە هەڵهاتوان کرد بگەڕێنەوە و پەیمانی دانێ کە مافیان دەپارێزێ و هەموو سەربەست و ئازادن لە ژیان و بیروباوەڕیاندا، ئەوانیش گەڕانەوەو ڕێکەوتنیان مۆر کرد.)[308]

– شیت خەتاب دەڵێ: (زۆر بە ئاسان شاری قرقیسیا رزگار بوو – شارێکە لە سێگۆشەی گەیشتنی روباری خابور بە روباری فورات – لەگەڵ خەڵکەکەی ڕێك کەوتن کە جزیە بدەن و لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە.)[309]

– واقیدی دەڵێ: (عیاز کوڕی غەنەم هەرێمی جزیرەی بە ئاشتی رزگار کرد.)[310]

– یەعقوبی دەڵێ: (جزیرە بە ئاشتی رزگار کرا.)[311]

– بەلازەری دەڵێ: (هەرێمی جزیرە – بۆتان – ئاسانترین وڵات بوو بە ئاشتی رزگار کرا.)[312]

– تەبەری و شیت خەتاب و ئیبن ئەسیر دەڵێن: (شاری قرقیسیا بە ئاسانی ڕێك کەوتن، زۆر لە خەڵکی ناوچەکە موسوڵمان بوون. جزیرە – بۆتان – ئاسانترین وڵات بوە کە بە ئاشتی و ڕێکەوتن رزگار بوون.)[313]

---

[305]. مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری : مەلا جمیل ڕۆژبەیانی، ل156–157.

[306]. تأريخ الامم الاسلامية: خضری بەگ، ص225. قادة فتح العراق والجزيرة: اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص127.

[307]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل ڕۆژبەیانی، ل11، چاپی یەکەم، 1997 سلێمانی .

[308]. اسد الغابة: ج3ص264.

[309]. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص404.

[310]. فتوح الشام: ابن عمر الواقدي.

[311]. كتاب الخراج: ابويوسف اليعقوبي.

[312]. فتوح البلدان: بلاذري.

[313]. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص487. طبري:ج3ص156. ابن اثير: ج2ص205.

- ئیبن ئەعسەم دەڵێ: عیاز کوڕی غەنەم سوپایەکی بە فەرماندەیی عەمر کوڕی سەعد نارد بۆ شاری سنجار و بە ئاشتی ڕێك کەوتن.)[314]

- واقیدی و ئیبن ئەعسەم دەڵێن: مالکی ئەشتەری کوڕی حارسی نەخەعی نارد بۆ شاری (ئامێدی) و (میافارقین)، لەگەڵ مەرزبانی ئامێدی بە ئاشتی ڕێك کەوتن. مالك هەموویانی رازی کرد، پاشان شاری بۆ بەجێ هێشتن، هەر لەوێ وە رویان کردە شاری نزول - نزیك شاخی جودی - بە ئاشتی ڕێك کەوتن، پاشان چون بۆ شاری میافارقین، بەتریارکی شار (نتوس)، کەسێکی نارد بۆ ڕێکەوتن، ناوچەکە بێ شەڕ ئازاد بوو.)[315]

- واقیدی دەڵێت: هەندێ مێژوونووس دەڵێن شەڕێکی قورس لە شاری نوسێبین روی داوە لە نێوان سوپای رۆم و ئیسلامدا، لە ئەنجامدا هەموو سەرکردە رۆمەکانیان کوشت و، ئەسیرەکانی تر بەرەڵا کران ئەوسا شار گیرا. بەڵام مێژوونووسەکانی تر ئاوای دەگێڕنەوە. خەڵکی ئەم شارە پێشتر نوێنەریان نارد بوو بۆ لای پێغەمبەر (ع)، کە سوپای ئیسلام لە سەردەمی خەلیفە عومەردا، لە شار نزیك بونەوە، خەڵکی شاری نوسێبین لە رێورەسمێکی جوان و بە شکۆدا پێشوازیان لێ کردن و، موسوڵمان بوون، پاشای شار (تریاتس) لەگەڵ زانایان و ماقوڵانی شار موسوڵمان بوون، کەنیسەکانیان کردە مزگەوت. موسوڵمانەکان کاروباریان بۆ تریاتس ڕێك خست و شاریان چۆڵ کرد، تریاتس بە پاشا مایەوە، هەتا سەردەمی خەلیفە عوسمان ئەوسا مرد.[316]

- خەتاب و ئیبن ئەسیر و واقیدی دەڵێن: پاشان سوپای ئیسلام ڕێکەوت بەرەو (ئامێدی)، ژنێك حوکمی دەکردن بە ناوی (ماریەم) ئەو ژنە بە خۆی و کەس و کار و ماڵ و منداڵیەوە موسوڵمان بوون، زۆر ئاسان شار ئازاد کرا.[317]

- بەلازەری دەڵێ: (عیاز شارەکانی - رقە و حەران و رەها و نوسێبین و میافارقین و قرقیسیا و دێهاتەکانی فورات و شارەکانی تری بە سوڵح و ڕێکەوتن و ئاشتی رزگار کرد.)[318]

- بەلازەری و ئیبن عەبدرەبە دەڵێن: (لە سەردەمی خەلیفە عومەردا، هەموو جزیرە بەئاشتی ئازاد بوو، بستێکی نەمایەوە.)[319]

- واقیدی دەڵێ: (خەڵکی شاری (رقە) وەفدێکیان نارد بۆ لای (عیازی کوڕی غەنەم) و زۆر بە ئاسانی ڕێك کەوتن.)[320]

- ئیبن ئەسیر دەڵێ: موسوڵمانەکان و خەڵکی شاری (رقە) بە ئاشتی ڕێك کەوتن، بەم جۆرە هەرێمی جزیرە ئاسانترین وڵات بوو کە بە ئاشتی فەتح بووە.)[321]

- مەحمود شیت خەتاب دەڵێ: سوهەیل کوڕی عودەی بەرەو شاری رقە کەوتەڕێ، خەڵکی شار داوای ئاشتیان کرد، سوهەیل لەگەڵیان ڕێك کەوت.)[322]

---

[314]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي، ج1 ص339.

[315]. فتوح الشام: الواقدي، ج2ص102. كتاب الفتوح: ابن اعثم، ج1ص339.

[316]. فتوح الشام: واقدی، ج2ص103.

[317]. الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2ص202. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص487. فتوح الشام: الواقدي، ج2ص103.

[318]. فتوح البلدان: بلاذري، ج1ص207.

[319]. الاستعاب في معرفة الاصحاب: ابن عبد ربه، ج3ص1243. فتوح البلدان: ج1ص179.

[320]. فتوح الشام: الواقدي، ج2ص65.

[321]. الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2ص153 حققه على شيري، بيروت - دارالتراث العربي.

[322]. قادة فتح العراق والجزيرة: محمود شيت خطاب، ص473-481.

- تەبەریو ئیبن ئەسیر دەڵێن: سوهەیل و عیاز پێکەوە چون بۆ شاری (حەران) و لەگەڵ خەڵکەکەی رێك کەوتن. پاشان عیاض (سوهەیل و عەبدوڵڵای کوڕی عوتبە)ی نارد بۆ شاری (ڕەهـا) لەوێش بە ئاشتی رێك کەوتن، بەم جۆرە جزیرە ئاسانترین ولات بوە فەتح کرا.[323]

- خزری بەگ دەڵێ: (عیاز) چوو بۆ (ڕەهـا) بە ئاشتی رێك کەوتن، پاشان چوون بۆ (حەران) بەبێ شەڕ رێك کەوتن.[324]

- ئیبن ئەعسەم دەڵێ: بەتریارکی شاری (ڕەهـا) نوێنەری نارد بۆ لای (عیاز) بەم جۆرە (ئەگەر وەك خەڵکی رقە پێمان رازی دەبن، ئەوا ئێمەش ئامادەی رێکەوتنین)،(عیاز) بە رەزامەندی وەڵامی دانەوە. عیاز داوای لە سوپاکەی کرد کە خەڵکی شاری رەها لە (زیمە و عەهدی) ئێمەدان، ئەزیەتیان مەدەن، مەچنە ماڵیان بەبێ مۆڵەت.[325]

- واقیدی دەڵێ: عەبدوڵڵا کوڕی عوتبان رۆیشت بەرەو شاری (حەران) هێشتا نەگەیشتبون کە نوێنەری شار پێشوازی لێکردن و وتیان سوپای رۆم ناوچەکەمانی چۆڵ کردوە، حەز دەکەین وەك شارەکانی تر لەگەڵ ئێمەش رێك بکەون. بەو جۆرە پەیمانیان مۆر کرد.

لە جێیەکی تردا دەڵێ: (پاشای حەڕان خەڵکەکەی ئامادە کرد و پێشوازیان لە سوپای ئیسلام کرد، شاری حەڕان بە ئاشتی و خۆشیەوە پاشاو گەدایان موسوڵمان بوون. هەموو کەنیسەکانیان کردە مزگەوت. سوپای ئیسلام شارەکەی بەجێهێشت بۆ خۆیان.)[326]

- ئیبن ئەسیر دەڵێ: (هەردوو قەڵای زیباد و زلوبیا نزیك بە شاری رەئسولعیون بە ئاشتی رزگار بوون. دوای ئەوەی رۆمەکان لە شاری رأس العیون راو نران)

- ئیبن ئەسیرو بەلازەریئاوا دەڵێن: (فدفعت الارض الی اهلیها الاصلیین) واتە خاکی وڵاتەکە درا بە خاوەنە رەسەنەکانیان کە کوردن.[327]

- واقیدی دەڵێ: دوای رەئسولعیون شارەکانی (دارا و بیرحا و باعما) بە ئاشتی رێك کەوتن و خەڵکەکەی موسوڵمان بوون.[328]

رزگارکردنی بابو ئەرمینیا

عوتبە بووە ئەمیری ئازربایجان. ئەوە بوو پەیمانێکی بەهێزی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە مۆر کرد، کە سەربەستی تاك و کۆمەڵ و، ئازادی بیروباوەڕ و ئاینی تیا بوو بۆ کورد و ئەرمەن و مەجوسی و گاورەکانی ناوچەکە، بڕیاری نووسی کە ماڵ و سامان و شەرەف و کەرامەتیان پارێزراو بێت.

داوایان لە خەلیفە عومەر کرد، کە پێش بکەون بەرەو ژوور، بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە هێرشەکانی تورك و خەزەر و ئازەر و گورجی و ئالانی و ئەرمەنە کێویەکانی قەوقاس، کە لە ئەفسانەکان دا بە (پشتی قولەی قاف) ناسراوە. جگە لەوە ناوچەیەکی ستراتیژی سەربازی گرنگ بوو بۆ سوپای ئیسلام و، کۆتاکردنی دەستی فارس و رۆم لەسەر ئەو ناوچە و گەلانە.

---

[323]. تأريخ الطبري: ج3ص157. الكامل في التأريخ: ج2ص153، بيروت1989.

[324]. محاضرات في تأريخ الامم الاسلامية: الشيخ محمد خضرى بقط، ج1-2 ص218، مصر 1969.

[325]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي، ج1ص331.

[326]. فتوح الشام: الواقدي، ج2ص85-88.

[327]. الكامل في التأريخ: ابن اثير، ج2ص208، بلاذري: ص181.

[328]. فتوح الشام: الواقدي، ج2ص102.

له لایەکی ترەوە مەترسیان دەخستە سەر ئەو ناوچانەی کە دەڕوانن بەسەر دەریای ڕەش (بنتس) کە شاری قوستەنتنیەی پایتەختی ڕۆمی بە سەرەوەیە. وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا هاتووە – درودی خوای لەسەر بێت –. (من فتح قسطنطينية فنعم امير اميرها، ونعم الجيش ذلك الجيش) واتە ئەوەی شاری قوستەنتنیە رزگار بکات، چاکترین ئەمیری ئەو لەشکرەیەو چاکترین سوپای ئەو سوپایەیە.

خەلیفە عومەر ڕێگەی دان، سوپایەکی چاك بەڕێ کەوت بەرەو (دوین) پایتەختی ئەرمینیای چوارەم، کە پارچەی چوارەمی ئەرمینیا بوو، شارێکی کوردی بوو، کە سوپای فارس بە پێشڕەوی موسوڵمانەکانی زانی، هەردوو پردی (جرازان) و (منیر ئاموریان)یان پچڕاند، ئەمە تەگەرە بوو لە ڕێی موسوڵمانەکاندا، بەڵام پاشایەکی کوردی لە شاری (مکس) بە ناوی (وارديك) چاوساغی بۆ سوپای ئیسلامی کرد، لە ڕێیەکی ترەوە بردنیو لە ئاوی (ئازات، ئازاد، ئاراس) پەڕاندنیەوە، پشتیان لە پایتەختی ناوچەکە (دوین) (نوین)[329] گرت، لە ماوەیەکی کەم دا ئازادیان کرد. بەم جۆرە بەشی چوارەمی هەرێمی ئەرمینیایان (ئەرمینیای چوارەم) ئازاد کرا، کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن! ئەرمەنیش ئەو بەشەی کوردستانی بۆ خۆی زەوت کرد بوو، بەشی ژیانی کوردی ئەو زەمانە، سەر بەشی ماڵان بوە، بەڵام سوپای ئیسلام ئەوەشی سەندەوە و خستیەوە سەر کوردستانی گەورە.[330]

عومەر (سوراقەی زولنور[331])ی کردبووە والی بەسرە، کە ئازایەتی تیا شك برد، بە نامەیەك لای برد و ناردی بۆ جەنگی نەهاوەند و و ڕەی و پاشان بۆ ناوچەی (باب)، ئەبوموسای ئەشعەری خستە جێی بۆ والی بەسرە. نامەکەی عومەر بەم جۆرە بوو:. سوپایەك ڕێك بخات، پێشەنگ بداتە عەبدوڕڕەحمان کوڕی ڕەبیعەی باهلی، لای راست بداتە (بکیر کوڕی عەبدوڵڵا) و لای چەپ بداتە (حوزەیفەی کوڕی ئەسیدی غەفاری) – ئەمە حذیفەی یەمانی نیە –. ئەم سوپایە کەوتەڕێ، پاشان خەلیفە عومەر نامەی نووسی بۆ (حەبیب کوڕی موسلیم) کە بە هێزێکەوە، لە جزیرەوە بکەوێتە ڕێ بۆ یارمەتی (سوراقە)، کە سوپا لە (باب) نزیك بویەوە، پاشاکەیان کە ناوی (شەهربران) بوو، داوای لە سوپای ئیسلام کرد کە بیپارێزن و بیبەن بۆ لای عەبدوڕڕەحمان کە پێشەنگی سوپاکە بوو، بردیان. دانیشتن. پاشا وتی: (من دراوسێی دوژمنێکی هارم، دراوسێی کۆمەڵێ میللەتی نەزانم کە هیچ لە دنیا نازانن، ناکرێ پشت بەوانە ببەسرێ، من نە قەبەجم، نە ئەرمەنم. ئێوە توانیتان وڵاتی من بگرن، ئێستە من لە ئێوەم و دەستم لەگەڵ دەستاندایە و سەرکەوتن بۆ ئێوەیە، چیتان پێ خۆشە وا دەکەم، بەڵام داوایەکم هەیە حەز ناکەم بە جزیە سەرشۆڕمان بکەن، با دوژمنەکانتان بە کەم باسمان نەکەن و گاڵتەمان پێ نەکەن.)[332]

بەڵام ئیبن ئەعسەم لە (الفتوح)دا بەم جۆرەی دەگێڕێتەوە: پاشاکەیان ناوی شەهریر ئەز بوو بە عەبدوڕڕەحمانی وت: (ئێوە وڵاتی ئێمەتان گرتوە، منیش ناچارم لەگەڵ ئێوە بم، ئێمە بەرامبەر دوژمنێك

---

329. هەندێك لە مێژوونوس و لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو رایەن کە سەلاحەددینی ئەیوبی خەڵکی ئەم شارەیە، بەڵام هێشتا روون نەبۆتەوە ، هەندێکی تر دەڵێن (دوین)ی نزیك رەواندز نزیکترە .

330. فتوح البلدان: بلاذري. ص327

331. سوراقەی ذوالنوری کوڕی عەمرو کوڕی لبنە، صحابەیەکی خۆشەویست بوو، لە سەردەمی پێغەمبەردا، گەنجێکی خوێن گەرم بوو لە سەردەمی ئەبوبەکردا، عومەر کردیە والی بەسرە، پاشان ئەبوموسای ئەشعەری خستە جێی و، سوراقەی نارد بۆ ناوچەی (باب) ، خەڵکی ناوچەی باب خۆیان هاتن لەگەڵ سوراقە رێك کەوتن، پاشان فەرماندەکانی بەردەستی خۆی نارد بەم جۆرە : (بکیر) بۆ (موقان). (حبیب) بۆ (تفلیس)، (حذیفە) بۆ (ئالانی) و (سەلمان) بۆ جێیەکی تر، پاشان نامەی سەرکەوتنەکانی بۆ عومەر نوسی. ئەمیش سەری سوڕما و پەشۆکا، چونکە عومەر نەیناردبون، لەبەرئەوەی ناوچەکە فراوانە و ژمارەی ئەمان کەمە. هەر بۆیە زۆری نەخایاند هەڵیان کەندنەوەو راویان نان، جگە لە (بکیر) لە (موقان). سوراقە لە هەرێمی (باب الابواب) مرد پێش ئەوەی بەرهەمی بەدەست هاتووی بە تەواوی ببینێ . عبدالرحمن کوڕی ربیعەی باهلی لە جێی خۆی دانا .

332. قادة فتح بلاد فارس: اللواء الركن محمود شيت خطاب. ص210.

وەستاوین کە فارس و ئەرمەنە، پێیان رازی نین، بەلاّم لەگەڵ ئێوە دەستمان لە دەستتان دایە، خوا بەرەکەت بخاتە ئێمە و ئێوەش، خوا پاداشتی ئەوەتان بداتەوە کە هاتن و لە جەنگی فارس رزگارتان کردین، ئێمە لە فارس بێزارین، ئێمەیان خوارد، سەرکەوتن هەر بۆ ئێوەیە بەلاّم حەز دەکەم بە جزیە سەرشۆڕمان نەکەن!)

عەبدورڕەحمان وتی: (پیاوێك لەوێ دایە، حەز دەکەم بچینە لای ئەو) کە چونە لای سوراقە و باسەکەیان بۆ گێڕایەوە، سوراقە وتی: (هەرچی دەیڵێی منیش قبوڵمە. بەلاّم جزیە بۆ ئەوانەیە کە دانیشتوون، ئەوەی دێتە پاڵ ئێمە و چەك هەڵدەگرێ با جزیە نەدات، پاشاش قبوڵی کرد.) سوراقە دەقی ئەم رێکەوتنەی نارد بۆ خەلیفە عومەر و داوای یارمەتی لێ کرد. عومەر ئەم خاڵەی زیاد کرد، کە دەتوانن پشت بە بێ دین ببەستن لە شەڕدا و، بەکاریان بهێنن بەرامبەر نەدانی جزیە.[333]

ئەبو یوسف دەڵێ: (شەهربراز پاشای وڵات چوو بۆ لای عەبدورڕەحمان و گلەیی کرد لە ئەرمەن و قەبچ کە رەقن بەرامبەری و قینیان لێیەتی و چیان بەسەر وڵاتەکەی هێناوە، پاشان داوای کرد لە جزیە عەفوی بکەن.)[334] عەبدورڕەحمان وتی: (دەبێ هەر جزیە بدەن مادام یارمەتیمان نادەن لە دژی دوژمنەکانمان، بەلاّم ئەوەی یارمەتیمان بدات، ئەوە جزیەی لەسەر هەڵدەگرین.) سوراقە نامەی ئەم رێکەوتنەی نووسی بۆ عومەر، عومەریش رازی بوو، هەر بەو جۆرەش لەگەڵ ئەرمەنەکان رێك کەوتن ئەمەش دەقی رێکەوتنەکەیە کە مانای زۆر بەرزی تیایە:

(بسم الله الرحمن الرحیم. هذا ما اعطى سراقة بن عمر، عامل امیر المؤمنین عمر بن الخطاب، شهربراز و سکان ارمنیة و الارض من الامان، اعطاهم امان لأنفسهم و اموالهم و ملتهم الاّ یضاروا ولا ینقصوا على اهل ارمینیة والابواب الطراء منهم والثناء ومن حولهم، فدخل معهم ان ینفروا لکل غارة و ینفذوا لکل امر ناب او لم ینب رأه الوالي صلاحا على ان توضع الجزاء على من اجاب الى ذلك الا الحشر والحشر عوض عن جزائهم ومن استغنى عنه منهم و قصد، فعلیه مثل ما على اهل ازربایجان من الجزاء والدلالة والنزل یوما کاملا. فأن حشروا وضع ذلك عنهم، و ان ترکوا اخذوا به.)[335]

مەحمود شیت خەتاب لێرەدا دەڵێ: مەرج و پەیمانی ئاوا، لە هیچ رێکەوتنێکی نێوان دوو هێز، یەکیان سەرکەوتوو، ئەوی تریان شکاو و ژێرکەوتوو، لە مێژوودا نیە و نەبووە! هەتا دوای دانانی یاسای جەنگ و بێلایەنی لە یاسای نێو دەوڵەتاندا، حەز دەکەی سەیری جیاوازی نێوان ئەم دوو دەقە بکە کە یەکیان لە سەدەی حەوتەمی زاینی دا نووسراوە کە ئەوەی سەرەوەیە و، ئەمی تریان دەقی رێکەوتنی (فرسای) نێوان ئەڵمانیا و وڵاتانی هاوپەیمانە (الحلفاء) کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا نووسراوە، بزانە چۆن ئەڵمانیا و عوسمانی شکاو دادەچۆڕن و پارچە پارچە و دابەشیان دەکەن و، ئەوە بۆ نزیکەی سەد ساڵێك دەبێ تا ئێستەش هەڵنەساونەتەوە. ئەو کەسە راستی کردووە کە وتویەتی: (جیهان هەرگیز رزگارکەری لەمانە عاتیفانە و بە سۆز و بە رەحم تر و لەخۆبوردە تری نەدیوە لە مێژوودا.)[336]

سوراقە مەبەستە سەرەکیەکانی هەموو پێکا، پاشان کۆبونەوەیەکی بە فەرماندەکانی کرد و بەم جۆرە دابەشی کردن:

[333]. کتاب الفتوح: ابن اعثم الکوفي. ص226.

[334]. کتاب الخراج: الیعقوبي بن ابراهیم ابویوسف. ص73، مصر.

[335]. تأریخ الطبري: الطبري، ج3ص236.

[336]. قادة فتح بلاد فارس: اللواء الرکن محمود شیت خطاب. ص210.

1- بكیر كوڕی عەبدوڵلای نارد بۆ (موقان)، پاشان ناردی بۆ ناو توركە خەزەریەكان كە دێهاتێكی زۆری تیا بوو، بۆ لەوەڕگا بە سوود بوو.

2- حەبیب كوڕی مسلمەی نارد بۆ تفلیس.

3- حوزەیفەی كوڕی ئەسیدی غەفاری نارد بۆ (ئالان) كە كۆمەڵێ شاخە لە وڵاتی شیشانی ئەمڕۆ.

4- سەلمان كوڕی ربیعەی باهلی نارد بۆ جێیەكی تر كە ناوی نەهاتوە.

سوراقە نامەی سەركەوتنەكانی بۆخەلیفە عومەر نوسی، ئەویش سوپاسی خوای كرد چونكە ئەو ناوچانە سوپا و چەك و جبەخانەی زۆری دەویست. بەڵام سوراقە بە شێوازی نەرمی و ئاشتی و ڕێك كەوتن و شەڕێكی كەم هەمووی تەواو كرد.

پاشان سوپایەكی تری بەرەو لایەكی تری ئەرمینیا و زنجیرە چیاكانی قۆقاز نارد، گەیشتنە ناوچەی (ئاران) كە پارچە پارچەكانی سوپای فارس خۆیان تیا حەشار دابوو. بكیر سەركەوت بەرەو (باب الابواب) واتە مەمەڕو ڕێگاو گوزەری چیای قەوقاز و دەریای خەزەرە. دەكەوێتە باكوری هەرێمی (ئاران).[337]

ئەم ناوچانە هەتا سەردەمی خەلیفە عوسمان هەر ما. خەلیفە عوسمان داوای كرد لە (سەلمان كوڕی رەبیعەی باهلی) كە بەرەو وڵاتی (ئاران) بكەوێتە ڕێ، شارەكانی بیلقان و بروكە و شمكو و شابران و شوران و ئەوانی تر رزگار كران.[338]

پاشان عوسمان داوای كرد لە والی شام (معاویەی كوڕی ئەبی سوفیان) كە (حەبیبی كوڕی مەسلمەی فەهری) بنێرێتە سەر بەشەكانی تری ئەرمینیا، ئەویش بە (هەشت) هەزارە وە لە شامەوە ناردی، دوای شەڕێكی كەم ئاشتی مۆركرا، ڕۆمەكان لەم سەركەوتنانە ترسان لە هەموو میللەت و گەل و هۆزەكانی ئەو ناوە سوپایەكی زۆریان كۆكردەوە بۆ سەر موسوڵمانەكان.(حبیب) خەلیفە عوسمانی ئاگادار كرد، ئەویش داوای لە (معاویە) كرد سوپایەكی بۆ یارمەتی بۆ بنێرێ، هەروەها خەلیفە عوسمان داوای لە والی كوفە (سەعیدی كوڕی عاس)ی كرد كە یارمەتی بۆ بنێرێ چونكە حبیب پێ گیراوە. ئەویش سەلمان كوڕی رەبیعەی باهلی بە (شەش) هەزارەوە بۆ نارد.[339] سوپای ڕۆم بە سەركردایەتی (بەتریارك بندار منیاف) لە نزیك شاری (شمتات) كۆبونەوە، شەڕ قەوما. ڕۆم هەڵهات و شكا. (حەبیب) چوە شاری (مربالا) و بەتریاركی شاری (خەلات) پێشوازی لێ كرد، پەیمانە ئاشتیەكەی كاتی خۆی و (عیازی كوڕی غەنەم)ی نیشان دا، كە پێشتر مۆریان كرد بوو، هەمو شارەكانی ئەو ناوە كە كورد بوون پەیمانی ئاشتیان مۆركرد، بەم جۆرە فەتحی ئەرمینیا و ئاران و موقان و باب الابواب، بە ئاسانی تەواو بوو. هیچ خاكێكی كورد نەما لە ژێر دەستی هیچ لایەكدا بێت، هەر هەموی كەوتە دەستی موسوڵمانەكان و كوردەكان خۆیان یەك لا كردەوە بۆ ئاینی ئیسلام.

ئەوەی لێرەدا جێی بناشت و گلەییە ئەوەیە:

یەكەم: رزگاربوونی كوردستان بە ئاشتی، سەروەریەكی گەورەیە، خۆلادان لە شەڕی فارس و ڕۆم ژیریە، دژایەتی نەكردنی سوپای ئیسلام كارێكی حەكیمانە بوو بۆ كورد. بەڵام سەد حەیف كە ڕێكەوتنێكی تۆمار كراوی نێوان كورد و سوپای ئیسلام دیار نیە، باسێكی روونی دانیشتنێكی نێوان سەردارێكی كورد و سەردارە ئیسلامیەكان باسی نیە.بە مەرجێ كە دەنگ و باسی ئیسلام لەگەڵ گەلە بچوكەكانی وەك ئەرمەن و نیتاق و ئازەر

337. الكامل في التأريخ: ابن اثير. ج3ص28.

338. فتوح البلدان: بلاذري. ج1ص240.

339. هەمان سەرچاوە، ص234.

و قەبەج و تەبرستان و ئاران و موقان و باب و ئەوانی تر هەیە و هەر هەمووی نووسراوە، کە بە مەرجێ کورد لە روی خاکەوەو لە روی دانیشتوانەوە چەند قاتی هەموو ئەو گەلە بچوکانە دەبێت.

دووەم: ناوی کورد بە هیچ جۆرێك نەهاتوە، نە بە کورد یان گورد یان کوردۆ یان کاردۆخی یان کاردا کە مێژووی پێش ئیسلام ناوی بردون. ئەی نەدەبوو سەردارێکی کورد بهاتبایە خۆی بناساناایە و خۆی و گەلەکەی و ویست و داواکاریانی ببردایە و شتێکی لە شێوەی نامە یان رێکەوتن یان دانیشتن تۆمار بکردایە، وەك ئەو هەموو گەلە بچوکانەی تر کە پێشتر باسکران یان دواتر باسیان دێت. ئۆباڵی ئەم گلەییانە بە رای من هەر هەمووی لە ئۆباڵ و ئەستۆی سەردارە کوردیەکانی ئەو کاتانەدان و، لەوان ناترازێ، ئەگەر بهاتنایەتە پێشەوە و ناوی خۆیان‌و گەل و داواکاریەکانیان ببردایە ئێستە عەقڵیەتی ئەو کاتە و ناوی چەند شار و پاشا و سەردارمان دەزانی و هەندێ لە باری کۆمەلایەتی و ئایدۆلۆژی و سیاسیان حاڵی دەبووین. بەلاّم سەد حەیف و داخ و ئۆف. یان دەبێ کورد سەردار و دەم راستی نەبوبێ و، خاوەنی هیچ نەبوبن و، بە هەڵهاتنی فارس و رۆم شیرازەی ناوچە کوردیەکان شێوا بێت، یان کورد هەر ویستویانە فارس و رۆم و شەڕی هەزار ساڵەیان لە خاکی کوردستاندا یان لە کۆڵ ببێتەوە و هیچی تریان نەویستوە کە ئەمەش هەر لاوازی دەردەخات، یان دەیان ئەگەری تر کە هەر هەمووی ئەو بۆشاییە پڕ ناکەنەوە کە شتێکیان بۆ کوردی دوای خۆیان و مێژوو جێ نەهێشتوە!

بەشی حەوتــەم

* (کوردستان و ئاینی ئیسلام) کتێبێکی هەڵبەسراوە !
* ژیان نامەی واقــیــدی
* واقــیـ ـدی لە ترازوی لێکۆڵەرەواندا
* هەردوو کتێبی (فتوح سواد العراق) و (کوردستان و ئاینی ئیسلام) راستن، یان هەڵبەستراو ؟
* پەتــی درۆ کورتــە
* بانەیی ئەسحابەکـــوژ لە چییەوە هاتووە؟

(کوردستان و ئاینی ئیسلام) کتێبێکی هەڵبەستراوە !

لە بەشەکانی پێشودا ئەوە سەلما کە کوردستان بە ئاشتی رزگار بووە، وە شەڕێکی وای شایانی باس لە کوردستاندا روی نەداوە، بە تایبەت مێژووەکان هیچ شەڕێکی نێوان کورد و سوپای ئیسلامیان تۆمار نەکردووە، ئەگەر شتێکیش روی دا بێ، ئەوە لە نێوان سوپای فارس و رۆم، لەگەڵ سوپای ئیسلام دا بوە، تەنها هەر ئەوەندە بوە کە لەسەر خاکی کوردستان بوە، کە لە لایەن فارس و رۆمەوە داگیرکراوە.

بەڵام پێچەوانەی ئەوەی باسکرا کتێبێکە بە ناوی (کوردستان و ئاینی ئیسلام) لە نووسینی (مەلا رەئوف سلیم حوێزی) کە لە ساڵی 1970دا لە بەغداد چاپ کراوە و بە زمانی کوردیيە، باس لەوە دەکات کە سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی خالید کە خەلیفە عومەر مۆڵەتی داوە، بە فەرماندەیی قەعقاع و زرار و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و وائلە و عەبدوڕڕەحمان کوڕی ئەبوبەکر و ئەنەسی کوڕی مالیك و زوبێری کوڕی عەوام و میقداد و فەزل کوڕی عەباس و سالم و عەبدولقادرو.هتد. ئەمانە بە سوپایەکی چوار هەزار کەسی، کە زیاد و کەمی دەکرد، لە روی شامەوە هاتنە کوردستان، پاشان چوونە هەولێر و ئەنجا بەرەو ناوچەی مەرگە و پشدەر و ئەزمڕ و قەڵاچوالان و سابلاغ و بانە رۆیشتون و، شەڕێکی توند و خوێناوی لە نێوان کوردەکان و سوپای ئیسلامدا روی داوە، هەتا لە دوایی دا کورد قەتڵ و عام کراوەو ن ژن و منداڵ و سامان و ماڵی بە تاڵان براوەو، بە زەبری شمشێر موسوڵمان کراوە. لەو شەڕانەدا، جگە خالید، هەر هەموو فەرماندەکان دەکوژرێن و، کوردستان دەبێتە گۆڕستانی ئەسحابان.

زۆر لەو نوسەرە کوردانەی ئەمڕۆ کە بۆ خاڵی لاواز و هەڵوێستی نزم لە ئیسلام دەگەڕێن و، ئەوانەی دەیانەوێ کورد موسوڵمان نەبێ. لەم کتێبە زۆر سودیان وەرگرتوەو، نمونەیان لێ هێناوەتەوەو کردویانەتە چەکی دەستیان هەتا کورد لەبەرچاوی موسوڵمانانی جیهان و، ئیسلام لەبەرچاوی کورد بخەن.

ئەم کتێبە پێچەوانەی باسەکەی منە، ئەگەر ئەم نوسراوە راست بێت، سەرچاوە مێژووییەکان پشتی بگرن، ئەوا لێکۆڵینەوەکەی من هەڵدەوەشێنێتەوە و، دەکەوێتە بەر سەرنج و توانج و پوچەڵ دەبێتەوە.

لە زووەوە بە تەمام شتێك لەسەر ئەم کتێبە بنووسم، زۆر هەوڵم داوە سەرچاوەی هێنانی ناوەرۆکی ئەم کتێبە بدۆزمەوە، هەردوو بەرگەکەی فتوح شامی واقیدیم خوێندەوە، باسی نەکرد، فتوح بولدانی بەلازەریم ئەم دیو دیو کرد، تیا نەبوو، من گومانم هەر بۆ ئەو دوانە دەچوو. گەڕام بە دوای (تجارب الامم)ی ئیبن مەسکویەدا، ئەویش لە شێوەی واقدیە دەستم نەکەوت، ئەوە پێشتر تەبەری‌و ئیبن ئەسیرو ئیبن کەسیرو خزری بەگم خوێندبویەوە، کە گرنگترین سەرچاوەی مێژووی ئیسلامن، زۆر بە کەمی باسی ناوچە کوردیەکانیان کردوە نەك کورد! نەمتوانی هیچ لەسەر ئەو کتێبە بنووسم، کە بە مەرجێ لە حەفتاکاندا چەند جارم خوێندوەتەوەو لەزەتم لەوە دەبینی کە کورد هەبوەو بەرگریان لە ناوچەی خۆیان کردوە و، زانا و دانشمەند و پاشا و حکومەت و ئافرەتی وایان هەبوە، حوکمی کوردان بکات.

لە دوای هەشتاکانەوە کە مێژووم دەخوێندەوە روناکاییەکم بۆ دەرکەوت کە ساسانی نەیهێشتوە کورد دەسەڵات و کیانی هەبێ، ئیسلامیش ئاوایان بە هیچ گەل و میللەتێك نەکردوە کە ئەم کتێبەی مەلا حوێزی باسی دەکات. چەند خاڵێکی لاوازی کتێبەکەم بۆ دەرکەوت و هەندێ لام بچوك بویەوە. کە دەستم کردە نووسینی شتێك کە هەندێك پێیان وایە مێژووە. زۆر رقم لەو کتێبە هەڵسا و هەمیشە لە خەیاڵم دا بوو چۆن چۆنی وەڵامی بدەمەوە. لە هەندێ جێدا کتێبەکە ناوی واقدی دەبات، زۆر هەوڵم دا کتێبەکانی واقیدی پەیدا بکەم، جگە فتوحی شام هیچم دەست نەکەوت، پاشان بە مەبەستی پەیداکردنی سەرچاوەی مێژوویی چومە بەغداد و هەواڵی کتێبەکانی واقیدیم پرسی، کتێبی زۆرم هێنا، هی واقیدی تیا نەبوو، لە کەسی شارەزام دەپرسی، کە مەلا رەئوف ئەم سیپارەیەی لە کوێوە هێنابێ، باسی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر بەو وردیە، دەبێ لە

سەرچاوەوە هێنابێتی، نەیان دەزانی. ناوی سەحابەی زۆری بردوە، ناوی شار و دێهاتی زۆری ناو کوردستانی تیایە، قابیلە هەڵبەستراو بێت! لێکۆڵینەوەم لەوە کرد بوو کە تەمەنی ئەو شارانەی کوردستان یان سەد ساڵ یان هەندێ لەوە زیاترە، جگە هەولێر و کەرکووك مێژوو هیچ کام لەوانی تری ناو نەبردوە، ئەم ناوی سابلاغی بردوە بەلام لە کۆندا بە مهابات بە ناوبانگ بووە، ئەو سەحابانەی کە ئەو باسی کردوون یان نەهاتونەتە کوردستان کە ئەو هێناونی، یان نەکوژراون و کە ئەو کوشتونی، یان پێش سالی (21–25)ی کۆچی مردون یان پاش ئەو مێژووە بە ماوەیەکی زۆر. جگە لەوە ئەم ناوی هیچ سەرچاوەیەکی نەبردوە، جگە لەوە لە هەندێ جیێدا ناوی واقیدی هێناوە کە دەزانم واقیدی لای مێژوونوسان و فەرمووددەناسان جێی متمانە نیەو لەو (30) هەزار فەرمودەیەی کە هێناویەتی جگە (ئیبن ماجە) دانەیەکیان لێ وەرنەگرتوە، زۆر کەس بەوە تاوانباریان کردوە کە دەیان کتێبی دزیوەو بە ناوی خۆیەوە بلاوی کردونەتەوە، یان هەڵیبەستوون.

پاشتر لە تاران پێشانگای کتێبی جیهانی کرایەوە، عەزمم لێ جەزم کرد کە فریای بکەوم، من نیازم نەبوو لە مەریوان لابدەم، بەلام نامەی کەسێکم پێ بوو لە سلێمانیەوە بۆ کابرایەکی مەریوانی کە کتێبخانەیەکی هەبوو. ناچار مامەوە هەتا نامەکەم گەیاندێ.دانیشتبوم لە لای، چاوم هەڵتۆقی بە کتێبی فتوح سوادی عیراق دا کە رێك بەرامبەرم دانرا بوو، کە چاوم بۆ تیژکرد، دەبینم هی واقیدیە و دامگرت. هەتا سنە (سنندج) هەر سەیرم دەکرد، دەبینم هەموو باسەکانی کتێبی (کوردستان و ئاینی ئیسلامی) مەلا رەئوفی تیایە. جگە لە پەراوێزێکی سەد لاپەرەیی بەهێزی لەسەر کتێبەکە تیا بوو، پەراوێزەکەم هێندەی بابەتەکە پێخۆش بوو.

ئەم کتێبە هەر لە رێوە گەورەترین دەسکەوتی سەفەرەکەم بووە، کتێبەکە لە لایەن مەلا عەبدولعەزیز واعیزی سەردەشتیەوە، لە عەرەبیەوە وەرگێڕا بوو بۆ فارسی. عەرەبیەکەشی لە دنیادا تەنها یەك نوسخەی هەیە، ئەویش دەست نووسە و، نازانن چۆن کەوتوەتە مالی مەلا عەبدولسەمەد خەڵکی مەرگە، لە دیوی کوردستانی عێراق دا، ئەو نوسخەیە یەك بەرگە، کۆمەلێك خەتی (311)لاپەرەیی تیایە، لەسەر ئاگاداری شێخ موحەممەد رەئوف نەقشبەندی نەوەی شێخ ئەمین بێژەیی لەبەری گیراوەتەوە و، دوای چەند لەبەرگرتنەوەو دەستاودەستێك، محمد رؤوف تەوەکولی داوا لە مەلا عەبدولعەزیز واعیزی دەکات هەموی وەردەگێڕێتە فارسی، ئێستە نوسخە ئەسلیەکەی لای نەوەی شێخ محمد ئەمینە. وە مێژووی نوسینی بە گوێرەی نوسخە لەبەر نووسراوەکە کە لە لایەن حاجی قادر رحیم پورەوە نوسراوە، سالی 1318 کۆچی نووسراوە، کە بەم جۆرە دەستی پێ کردووە (الحمد للـه الولي الموفق والصلاة على النبي المدقق و آله و اصحابه الطاهرين الظافرين بالتوفيق، قال الروايات باسانيد صحيحة عن حضر الفتوح من اصحاب السير والتواريخ مثل الواقدي و محمد بن اسحاق و غيرهم، قالوا سمعنا و حدثنا انباء الصحابة.) کۆتاییەکەشی بەم جۆرە هاتوە: (تمت الجزء الثالث من فتوحات العراق للامام المهام والمدقق الفهام عمر ابن مفتي البغداد سنة 1318هجري قمري.)

نوسینی ئەم دەست نووسە حاجی قادر رحیم پور (خەڵکی سردەشت)ە.

لە کۆتایی نوسخەکەدا بە فارسی نووسراوە: (تمام شد فتوحات قسمتی از خاك عراق مربوط بە جنگ اصحاب بە اکراد، جزء سوم از فتوحات عراق قسمت عربی ان، کە مرحوم حاجی ملا عبدالعزیزواعظی با زحمات زیاد از فتوحات عراق کە در مرگە عراق پیش ملا عبدالصمد بودە، استخراج و بعد هم بە فارسی ترجمە فرمودە و اینجانب حاجی قادر رحیم پور هم با خط خودم کە از جناب حاجی شیخ رؤوف نقشبندی نسخە مزبور را گرفتە و پاك نویسی نمودە در تأریخ 25/آذر ماە یکهزار و سیصد و شصت وهشت هجری شمسی اتمام رسید بعون اللـه الملك المنان.)[340]

[340]. فتوح سواد العراق، واقدی، وەرگێڕ بۆ فارسی، ملا عبدالعزیز واع یزی، ل127 تهران 1374.

مامۆستا نادر كريميان كە پێشەكی و راست كردنەوەو تەعليقاتی بۆ فارسيەكە نووسيوە، دەڵێ: فەهرەستی چاپی دەستنوسەكانی كتێبخانە گرنگ و ناودارەكانی دنيا گەڕام ناوی ئەم كتێبە نيە، هەروەها نسخە عەرەبييەكەی ئەو كتێبەم لە هيچ فەهرەستێكی عەرەبيدا نەبينی. وە لای هيچ كەس، لای هيچ دەزگا و فەهرەستێكی عمومی ولاَتانی عەرەبی‌دا باس نەكراوە، هەروەها لە (تأريخ الادب العربی) كارل واريل بروكلمان بە ناوی (فتوح سواد العراق) نەهاتوە.وە لە كتێبی (المعجم المطبوعات العربية والمعربة)ی اپر يوسف اليان (سركيس) كە فەهرەستی تەواوی كتێبە چاپكراوە عەرەبييەكانە، كە هەر لە سەرەتاوە هەتا ساڵی 1919 ناوی هەموو كتێبە چاپكراوەكانی تيايە، ناوی ئەو نەهاتوە.[341] لەبەرئەوە گومان لەسەر ئەو كتێبە لە زيادبونداية.

لە سنە لە كتێبخانەيەكدا گۆڤارەكانم روپەڕ دەكرد، لە لاپەڕەيەكی يەكێكياندا چاوم كەوت بە وێنەی بەرگی هەردوو كتێبی (كوردستان و ئاينی ئيسلام)ی مەلا رەئوف‌و، كتێبی (فتوح سواد العراق)ی واقيدی كە مەلا واعيزی وەريگێڕا بوو بۆ فارسی، كابرايەك بە فارسی بابەتێكی جوانی نوسيبوو بەراوردكاريەكی چاكی لە نێوانياندا كرد بوو. هەر زۆر بە پەلە ئەوەشم كڕی، زۆر گۆڤاری ترم هەڵدايەوە هيچم نەبينی. بەم جۆرە كارەكەی من زۆر ئاسان بوو، پياو كە سەرچاوەو شايەتی لە پاڵدا هەبوو، بە گوڕتر و بەهێزتر لێ دەنەوێ.

كە گەڕامەوە عێراق، دەبينم كتێبێك لە بازاڕدا دەرچووە بە ناوی (ولاَت گيری رەشەخاكی عێراق) كە رێك و پێك (فتوح سواد العراق)ەكەی واعيزييە و رۆژبەيانی لە فارسيەوە وەريگێڕاوەتە سەر كوردی، ئەمەی مامۆستا رۆژبەيانی وەكو باسی كردووە، لە ناوەڕاستی شەستەكاندا لە تاران وەری گێڕاوە بۆ كوردی، لەبەر نەبونی مەيدانێك بۆ چاپ، لە كتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی دايناوە، هەتا ئەم دواييە، كە وەزارەتی رۆشنبيری زانيويە بە كەڵكە، لە كۆتايی ساڵی 1997دا چاپی كردوە. ئەم چوار سەرچاوەيە يارمەتيدەر و پاڵنەر بوو، هاندەرێكی چاك بوون، ئەو وەرزەيان بۆ هێنامە كايەوە، كە هەندێ لەسەر راستی روداوەكان و سقەی ئەو سەرچاوەيەی (واقيدی) بدوێم كە ئەو كتێبەی تيا هاتوەتە بەرهەم.

پێش ئەوەی بچينە سەر روداوەكانی كتێبەكە و لێكۆڵينەوە لە ناوەرۆكی، چاك وايە ئەو كەسە بناسين كە لە كوردی‌يەكەدا جار جارە ناوی هاتوەو دەڵێ (واقيدی دەگێڕێتەوە) يان لەسەر بەرگی فارسيەكەدا نووسراوە (بەروايت محمد بن عمر واقدی). كەواتە واقيدی كێيە.؟

ژيانـنامەی واقـيـدی

ناوی (موحەممەد كوڕی عومەری واقيدی)يە، لە ساڵی (130)كۆچی دا لە شاری (مەدينە) لە دايك بوە.[342] بەلاَم رۆژبەيانی بە هەڵە دەڵێ لە شاری (مەككە) لە دايك بوە.[343] سەرەتا خەريكی بازرگانی گەنم بوە، وەك خۆی دەگێڕێتەوە: لە مەدينە گەنمم دەفرۆشت، سەد هەزار درهەمی خەڵكم هێنا بوو بۆ گەنم، بەلاَم لە وەجبەيەكدا هەمويم لە دەست چوو، روم لە عێراق كرد.[344] لە كارێكدا كە لە سەفەرێكی حەجی هارونە رەشيددا بۆی كرد، (دە) هەزار درهەمی بەخشش دايە، ئەويش قەرزەكانی لێ دايەوە و لە چەند حسابێكی تردا گوزەرانی ژيايەوە، لە چەند چالاكی و هەڵس وكەوتێكدا دەركەوت كرايە قازی بەشی رۆژهەلاَتی بغداد. هەر لەوێش لە سەردەمی مەئمون دا مرد. مردنەكەی رێكەوتی (207)ی كۆچی بوو.[345]

---

[341]. فتوح سواد العراق، واقدی، وەرگێڕی بۆ فارسی، ملا عبدالعزيز واع يزی، ل127 تهران 1374.

[342]. فتوح سواد العراق واقدی، وەرگێڕی بۆ فارسی، ملا عبدالعزيز واعظی، ل77، تهران 1374.

[343]. ولاَتگيری رەشەخاكی عێراق : مەلا جميل رۆژبەيانی، ل1 ، سليمانی 1977.

[344]. تأريخ بغداد: احمد بن علی خطيب بغدادی، ج3ص4، قاهرة، مطبعة السعادة.

[345]. . فتوح سواد العراق، واقدی، ص97.

واقیدی خاوەنی زیاتر لە (53) بەرهەمی گەورەیە. لە فەرمودەو تەفسیر و ئەدەب و فقە و سیرە و فتوحات و مەغازی دا بەرهەمی هەیە.خەتیبی بغدادی دەڵێ: کە واقیدی لە بەشی رۆژهەڵات باری کرد بۆ بەشی رۆژئاوا، کتێبەکانی (120) بار بوو.[346] یان دەڵێن واقیدی(600) سندوق کتێبی هەبوە، لەو هەموەی دا تەنها کەمێکی بەدەستی ئێمە گەیشتوە، کە ئەویش بە زۆری فتوحات و غەزاواتە. وەکو (فتح منف والاسکندریة) (الفتوحات) (فتح ارمینیة) (بلاد مابین النهرین) (فتوح الاسلام) (فتوح الاسلام لبلاد العجم و خراسان) (فتوح افریقیة) (فتوح الامصار) (فتوح البهنساء) (فتوح الجزیرة) (فتوح سواد العراق) (فتوح الشام) (فتوح العراق) و زۆری تر.

واقیدی لە تە رازوی لێکۆڵەرەواندا

مێژوونوسان و لێکۆڵەرەوان دەڵێن، دوای تەحقیق و بەدواداچون دەرکەوتوە کە ئەم کتێبانە هیچی هی خۆی نیە. بەڵکو بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوەتەوە. یان خەڵکانی تر بە ناوی ئەوەوە بڵاویان کردوەتەوە، باسەکان، ناوەرۆکی کتێبەکان، گوماناوین و هەڵەی زۆریان تێدایە. (فتوح الشام)ەکەی واقیدیم خوێندەوە، چاپی (1954)ە، بە دوای هەندێ روداوی دا چووم، لە روداوە مێژووییەکاندا، لە ساڵەکاندا، لە بەشداری فەرماندەکاندا هەڵەی زۆر زۆری تیایە. کتێبێکی هەیە کە (30)هەزار فەرمودەی تیایە. هیچ کام لەوانەی فەرموودەیان کۆکردوەتەوە، دانەیەکیان لێ وەرنەگرتوە، جگە (ئیبن ماجە). زۆر بە خراپ وەسفیان کردوەو تاوانباریان کردوە. بە هەمان شێوە لە فتوحات و مەغازیەکاندا قسەی زۆری لەسەرە:

1- ژان سواژە دەڵێ: گێرانەوەی زۆر لە بارەی فتوحاتەکانەوە کە بەناوی واقیدیەوە بڵاوکراونەتەوە، هەڵبەسراوە، بەڵکو ئەو نووسراوانە هی دوای واقیدین.[347]

2- فوئاد سزگین دەڵێ: هەندێ لە روداوە گێرراوە مێژوییەکان، کە بە ناوی واقیدییەوەیە، جگە لەوانەش کە نوسخە دەست نووسەکانیان هەتا ئێستەش ماون و لەبەر دەستان، یان هەندێ لەوانە بە ناوی واقیدییەوە چاپ کراوە، ئەوانە لە رۆژگاری دواتردا نووسراون.[348] واتە دوای واقیدی نووسراون.

3- ئەحمەد کوێر عەلی نەجاشی دەڵێ: (هەموو کتێبەکانی واقیدی، نووسراوی ئیبراهیم کوڕی محمد کوڕی یەحیایە و، واقدی بە ناوی خۆیەوە نقڵی کردوە.)[349]

4- شێخ توسی دەڵێ: (ان الواقدي سرق مصنفاً لابراهیم بن محمد بن یحی بن اسحاق المدني المتوفي سنة 184هجري.) هەمان قسە لە (الرجال، ص12، نجاشي) دا هاتوە، وە لە (فهرست کتب الشیعة و أسماء المصنفین، ص3، طبع الثاني)دا هەمان وتە چەند بارە دەکاتەوە.[350]

ئەوە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە، ئەوانەی فەرمودەیان کۆکردۆتەوە و، لە زانستەکانی فەرمودەدا شارەزاییان هەیە، گلەیی زۆر لە واقدی دەکەن، کە بەبێ سەرچاوە، ئەو هەموو فەرمودانەی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی ناوی زنجیرەی گێرانەوەکانی هێنا بێ.

دەستەیەکی تر لە زانایانی فەرمودە، واقیدیان بە لاواز وەسف کردوە و، بە (مەجروح) ناویان بردوە. بە قسەی (زەهەبی) کە دەڵێ:(و استقر الاجماع علی وهن الواقدي.)[351] واتە هەمویان واقیدیان بە سست باس کردوە

346. تأریخ بغداد: ج3ص5.

347. مدخل تأریخ شرق اسلامی: ژان سواژە، ص210، ترجمة وتحقیق نوش افرین انصاري.

348. تأریخ التراث العربي: فؤاد سزگین، ص294، ترجمة محمودفهمي حجازي.

349. کتاب الرجال: احمد بن علي النجاش، ص372، تهران – مرکز نشر کتاب، (بی تا)

350. فتوح سواد العراق، بروایت محمد بن عمر واقدی، ترجمة وتحشیة: الاستاذ عبدالعزیز واعظی سردشتی، ص86، مقدمة و تصحیح و تعلیقات: نادر کریمیان – تهران 1374 ئیرانی.

351. میزان الاعتدال: ذهبي، ج2ص110.

له زانستی فەرمودەدا. وە واقیدیان لەوانەدا ژمارە کردوە کە فەرمودەی لاوازیان گێڕاوەتەوە وەکو:

1- ئیمامی بوخاری دەڵێ: موحەممەد کوڕی عومەری واقیدی قازی بغداد (متروك الحديث) ساڵی 209 مرد.[352] تێبینی بکە بوخاری بە (متروك الحديث) ناوی بردوە.

2- یاقوتی حەمەوی لە ئیمامی بوخاریەوە هێناویەتی بەم دەربڕینە (سكتوا عنه)[353] واتە شارەزایانی فەرمودە کە پرسیاریان لێ کراوە لە بارەی واقیدیەوە، بێدەنگ بون و سقەیان نەداوەتێ.

3- ئیمامی نەسائی لە کتێبی (الضعفاء والمتروكون) دا لە بارەی واقدیەوە وتویەتی: محمد کوڕی عومەری واقدی (متروك الحديث)ە[354].

4- ئیبن عەماد لە نەسائیەوە دەگێڕێتەوە (نەسائی دەڵێ: واقیدی فەرمودەی دروست کردوە)[355]

5- دار قوتنی لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: شوێنەواری لاوازی (ضعف) لەو فەرمودانەدا دیارە کە واقدی هێناویەتی.

6- ئیبن ناسرەدین دەڵێ: (ئیمامەکان لەسەر ئەوەی کۆکن کە هیچ لە حدیثەکانی واقیدی وەرنەگرن، جگە (ئیبن ماجە)، (ئیمام زەوهەبی) لە (شذرات) دا هەمان قسە دەکات.

7- (ئیبن عدی) و (یاقوتی حەموی) و (ئیبن راهويه) و (دارقوتنی) و (ئیبن مەعین) و (ئەبی حاتەم) و (نەسائی)وهەر هەموویان فەرمودەکان کە واقیدی ریوایەتی کردون، بە (لاواز) دایان ناوە.

8- خاوەنی (معجم المطبوعات) ج2 ص1907 لە قسەی زانایانی فەرمودەوە دەڵێ: (وقيل فيه هو كذاب ليس بثقه ولا يكتب حديثه.)[356]

ئەگەر بچینە سەر بابەتەکانی تری، وەکو سیرە و تەفسیر و ئەحکام و فیقهو ئەوانی تر. ئەوەندەی تر قسەی لەسەر هەیە. جا کەسێك زانایان لێی رازی نەبن و، متمانەیان پێی نەبێ، یان کەسێك ئەو هەموو فەرمودەیەی گواستبێتەوە، بێ لێ وردبونەوەو تحقیق کردن، دەبێ چی کردبێت لەناو روداوەکانی مێژودا، ژیان نامەکانی چۆن نوسیبێتەوە، ئەگەر ئەو نەترسا لە فەرمودەکەی کە پێغەمبەر دەفەرموێت: (لا تكذبوا عليَّ، فأنه من كذب على فليج نار) یان دەفەرموێ (من تعمد عليَّ كذباً فليتبؤ مقعده من النار)[357] ئەمە لە لایەك. جگە لەوە دوو رای تر هەیە لە خاڵەکانی سەرەوەدا دیارن:

1- یان ئەوەیە واقدی ئەو هەموو دەست نوسانەی هی کەسانی تر کە کۆی کردونەتەوە، بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردونەتەوە.

2- یان ئەوەیە کە ئەم بڵاوکراوە پڕ حەشوەو گوماناویانە، دەستێکی رەش بە ناوی واقدیەوە بڵاوی کردونەتەوەو، بۆ مەبەستێکی خراپ خستونیەتە پاڵ ناوی ئەو بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەودا، کە خوێندەوار و خاوەن کتێبخانەیەکی گەورەی ناو شاری بغدادە، بیان شارێتەوە. من بۆ ئەمەی دواییان دەچم.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بیڵێین و بیکەین ئەوەیە:

یەکەم: بە دوای ئەو مەغازی و فتوحاتانەدا بچین کە بەناوی واقدیەوە بڵاوکراوەتەوە بزانین هەتا چەندە

---

[352]. المجموع في الضعفاء والمتروكين: الامام البخاري، ص484.

[353]. معجم الادباء: ياقوت حموي، ج18ص288.

[354]. المجموع في الضعفاء والمتروكين: نسائي – دارقطني – بخاري – دراسته و تحقيق الشيخ عبدالعزيز عزالدين السيروان، بيروت، دارالقلم1985.

[355]. شذرات الذهب: ابن عماد حنبلي، ج1ص18.

[356]. فتوح سواد العراق: (نخستين تأريخ فتوحات اسلامي در كردستان) به روايت محمد بن عمر واقدي، تصحيح وتعليق نادر كريميان، تحشية و ترجمة عبدالعزيز واعظى سردشتى، ل90–91 تهران 1374 ه

[357]. رواه البخاري في كتاب العلم رقم 110 ج1ص244. فتح الباري، دار الريان 1986.

راستیان تیا دیاره!

دووەم: بزانرێ لە کوێوە ئەو باسە گومانیاویانە خراوەتە ناو بەرهەمەکانی واقدیەوەو کێ کردوونی و، بە چ مەبەستێك کراوە!

ئێمە لێرەدا هەر لەسەر ناوچەی هەرێمی کوردستان (چیا، شارەزوور، جەزیرە) دەوەستین، چونکە باسەکانمان تەنها لەو سنورانەدایە.

لە بەشەکانی پێشوی ئەم کتێبەدا، باس لەوە کرا کە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، جگە چەند شەرێکی کەم کە سوپای فارسی گێڕایان بە سوپای ئیسلام نەك کورد! هیچی وا روی نەداوە. شایەتیشم بۆ ئەوە، ئەو هەموو سەرچاوانەیە، کە روداوەکانم لێوە هەڵ گۆزیون، وە هەموویان لەسەر یەك ئاستی راستی دەڕۆن و یەك باس دەگێڕنەوە و زۆر لانادەن. لەناو هەمویاندا تەنها (واقیدی) باسی کۆمەڵێك شەڕی خوێناوی نێوان سوپای کورد و سوپای ئیسلامی گێڕاوەتەوە، جێی سەیرە و هەقی تێڕامانە، بۆچی تەبەری‌و ئیبن کەسیرو ئیبن ئەسیرو ئیبن خەلدون‌و ئیبن ئەعسەم‌و خزری بەگ‌و ئەوانی تر. کە کاکڵەی مێژووی ئیسلامیان نووسیوە، ئەو رووداوانەیان باس نەکردووە، بەڵام واقدی بە تاقی تەنیا هێناویەتی.

ئەوە بە جۆرێ دەسەلمێ، کە لە روداوەکان و، لە ژیانی سەرکردەکان و راستی هاتنیان بۆ کوردستان و کۆن و تازەیی ئەو شارانەی کە ناوی بردون بکۆڵرێتەوە، ئەگەر دەرچوو، ئەوا راستە، ئەگەر دەرنەچوو، ئەوا رووداوەکانیش بە درۆ دەکەونەوە، بۆ نموونە واقیدی و ملا رەئوف سلیم و زۆری تر، کە لە واقیدیان گێڕاوەتەوە دەڵێن قەعقاع و عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لە جەنگی کوردستاندا کوژراون. بەڵام قعقاع بە مردنی خوایی لە دمشق دەمرێ و، عەبدوڵڵاش بە مردنی خوایی لە شاری مدینە کۆچ دەکات. بۆ نزیکەی (20) سەحابە ئاوا دەکەوێتە هەڵەوە، جگە لە دەیان شتی تر کە لە شوێنی خۆی دا باسیان دەکەین.

واقیدی خۆی ئەو پیاوە کەم سقەیە، کە قسەی زاناکانم لەسەر هێناوە نەگبەتیەکەی لەوەدایە لە کاسبی گەنم دا ئیفلاسی کرد و شاری مدینەی جێهێشت و گەیشتە بغداد. لە بغدادیش مرد، دوای خۆی هەرچی کتێبێك بۆ فێڵ یان بۆ بڵاوکردنەوەو دروستکردنی گومان لەناو موسوڵماناندا، یان تاوانبارکردنی کەسێك یان میللەتێك بوو بێت، بە ناوی ئەو داماوەوە بڵاویان کردۆتەوەو، جێشی گرتوە، یەکێك لەو دەیان کتێبانە باسی فەتح کردنی کوردستان دەکات لە لایەن سوپای ئیسلامەوە کە پڕیەتی لە بوختان و تاوان و، دروست کردنی حقد و رق و قین لە دڵی کوردا بەرامبەر ئیسلام، جگە لە کوشت و کوشتار و تاڵانی و وەحشی گەری، کە سوپای ئیسلام لە هیچ غەزا و فتوحاتێکی دا، لە هەموو جیهاندا شتی وای نەکردوە، ئەو کتێبەی واقدی ناوی (فتوح سواد العراق)ە. نازانرێ چۆن کەوتوەتە ناو کتێبخانەی بنەماڵەی (مەلا سەمەدی مەرگەیی). پاشان هەر لەوێ مامۆستایەك بەناوی (مەلا عبدولعەزیز واعیزی سەردەشتی) بە تکای کەسێکی تر، ئەو دەست نووسە عەرەبیە وەردەگێڕێتە فارسی، بەڵام بۆی نارەخسێ بە چاپی بگەیەنێ هەتا ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی، ساڵی (1374)ی ئێرانی کەوتە بازاڕ، بەڵام کەسێکی کوردی عێراق بەناوی (مەلا رەئوف سەلیم حوێزی) ساڵی 1970 لە چاپخانەی جامیعە کتێبێکی بڵاوکردەوە کە کت ومت لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەو کتێبەیە و، بە ناوی خۆیەوەو بە ناوی (کوردستان و ئایینی ئیسلام) چاپ کراوە، کە دوو بەشە، بەشی یەکەم لە لاپەڕە (7) هەتا لاپەڕە (76) بە شیعر و هۆنراوە داڕێژراوە، بەشی دووەم لە لاپەڕە (77) هەتا (132) بە پەخشان نووسراوە بەو نیازەی وەك جاری جارانی شانامە، لە دیوان و قاوەخانەکان بخوێندرێتەوە (کە رەنگە ئێستاش خوێندنەوەی بەهن ساو قەڵای خەیبەر و رۆستەم و زۆراب و.هتد) هەر باوی بێ.[358]

358. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جەمیل رۆژبەیانی، چاپی یەکەم، ل2 ، سلێمانی 1997.

ڕۆژبەیانی دەڵێ: کە ئەم سیپارەیەم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت ئەمە هەر کتێبەکەی (فتوح سواد العراق) لای مەلا سەمەدە، مەلا ڕەئوف کردویەتی بەهی خۆی. بە ڕاستی لەم کارە سەرم سوڕ نەما، چونکە زۆر کەس بە دزێتی بەرهەمی خەڵك بون بە خێوی گەواهی نامەی بەرزی ماجستێر و دکتۆرا.

بەڵام لەوە سەرم سوڕما، ئایا ڕۆشنبیرێکی مەزنی وەك کاك مەسعودی جەلیزادە، یا مەلایەکی وریا، یا مێژووزانێکی شارەزای مێژوو، ئەم کتێبەی نەدیبوو، نەخوێندبوۆوە، کە ڕەخنەی لێ بگرێ و، خوێنەری گەنجی سادە تێگەێنێ، کە هەم کتێبەکە هی مەلا ڕەئوف نیە و هەم بنەڕەتەکەشی جێی گومانە و نابێ باوەڕی پێ بکرێ و، تاوانە ڕێ بدرێ بە کوردستاندا بڵاوبێتەوە. واعیزی ناوی کتێبەکەی ناوە (فتوحات سواد العراق) مەلا سەمەد ناوی ناوە (فتح العراق)، بەڵام مەلا ڕەئوف ناوەکەی گۆڕیوە بە (کوردستان و ئاینی ئیسلام) ئەمەیان بۆ هەڵبەستەکە، بەڵام پەخشانەکەی ناوناوە (غەزەواتی سەحابان لە بەشی سەروی کوردستان) وا دیارە مەلا ڕەئوف ئەم هەڵبەستەی (مەولەوی) نەمری نەبیستوە:

بیگری‌و بیدزی و، کلکی هەڵپاچی لە دەست خاوەن ماڵ هەرگیز دەرناچێ

ئایا مەلا ڕەئوف حوێزی[359] ئەم کتێبەی لە کوێ وە هێناوە و، ئازایانە بە ناوی خۆیەوە چاپی کردوە، ئەم کتێبە ڕێکوپێك لە (فتوح سواد العراق)ەکەی (عەبدولعەزیز واعیزی سەردەشتی)[360] دەچێت، کە بە تەکلیفی خەڵك و زەحمەت و شەونخونی زۆر لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر فارسی. جارێ با بزانین جیاوازی نێوان کوردی و فارسیەکە چەندە، ئەوسا دەچینەسەر ئەوەی ئەم کتێبە چەندە لە ڕاستییەوە نزیکەو ڕوداوەکان ڕاستن، یان لەم دواییەدا دروست کراون و، دەستێکی چەپەڵ چاندویەتی بە فێڵ، فرێی داوەتە کوردستان و هەتا بچێتە کتێبخانەی کوردی و، کوردەکان بزانن کە ئیسلام بۆچی باووباپیرانی ئەوانیان قەتڵ و عام کردوە، بەوە ڕق و قین و گومان لە دڵی کوردا بەرامبەر ئیسلام دروست بکەن. درۆ بەری کورتە، بڕ ناکات. ئەم دوو نووسەرە واعیزی و حوێزی هەردوکیان خەڵکی شاری (کۆیسنجق)ن وە لە دایك بوی ساڵانێکی لە یەك نزیکن. حوێزی ساڵی 1908 لە دایك بوە، واعظی ساڵی 1914 لە دایك بوە. کەواتە هەردوکیان لەیەك سەرچاوەوە، یان نزیك بە یەك دەستیان کەوتوە، یەکیان دەیلێ و ئەوی تریان دەیشارێتەوەو بە ناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە.

نوسخەی فارسی و کوردیەکە جیاوازیان کەمە، زۆربەی باسەکانیان لە یەکەوە نزیکن، هەردوکیانمان لەبەردەستایە، وەك کاك (ئەحمەدی شەریفی) دەڵێ کەس ناکەین بە دز ئێمە خاڵەکان دەڵێین با خوێنەر خۆی دادوەر بێت.

لە مەتنی فارسیەکەدا هاتوە کە نوسخە عەرەبییەکە لە لای (مەلا عەبدولسەمەد نامی) لە (مەرگە) بوە، مەلا

359. ملا رۆوف سلیم حویزی: ساڵی 1908 لە کویسنجق لە دایك بوە، ساڵی 1926 زانستە ئیسلامیەکانی تەواو کردوە، ساڵی 1940 کەوتەڕێ بەرە وهندستان بۆ فێرکردنی عیلم و زانست، بە زمانی فارسی وانەی دەوتەوە لە حەوزەی علمی یعقوبیەی هندستان و شەشە مانگ لەوێ مایەوە، بەڵام مانەوەی شەش مانگ هەر لە یەك تێ ناگەن نەك بەخشینی علومی صرف و نحو و تجویدی قران. پاشان گەڕایەوە بەسرە و بغداد و لە (کەمپی جبلەمەر) حەوت ساڵ مایەوە، پاشان گەڕایەوە شاری کۆیە، ساڵی 1960 لە لایەن ئەوقافەوە کرایە ئیمامی مزگەوتی کۆن لە کۆیە، ساڵی 1970 ئەم بەرهەمەی خستە بازاڕ (کوردستان و ئاینی ئیسلام) بەڵام دوای (25)ساڵ دەرکەوت هی خۆی نیە.

360. عبدالعزیز واعظی سەردەشتی: ساڵی 1895 زاینی لە شاری کۆیسنجاق لە دایك بوە، صرف و نحو اداب و منطق و حکمت و بلاغت و فقە و حدیث و تفسیر هەر لەوێ تەواو کرد، لە ساڵی 1333 کۆچی کۆچی کرد بۆ سەردەشت، لە خانەقای بیارەی سردشت بویە (امام) سەر خەتمەی خانەقا. لە سەردەمی رضا خاندا توشی راونان و گرتن بوە، بەربەرەکانی زۆری حکومەتی فاسدی پەهلەوی کرد و بە کافری حسێی کرد لەبەرئەوە بەردەوام لە گرتن و راونان دا بوو، لە 18ربیع الاول 1399ی کۆچی لە پاڵ یەکێ لە پایەکانی مز گەوتی دارالسلام لە نوێژی نیوەڕۆدا مرد، تەمەنی 86ساڵ بوو. واعظی (67) بڵاوکراوەی هەیە لە زانستە ئیسلامیەکان و شعر و ئەدەبیات و سەفەرنامە و مێژوو لەوانە : (بیانمبهمات قرآن – مفردات قرآن – رسالە قرآن شناسی – رسالە تجوید قرآن – الاحادیث الصحاح – رسالە الامام والمأموم – ترجمەی نور الیقین – شرح گوناهان کبیرە).

عەبدولعەزیزواعزی دەستی گەیشتوەتێ و وەری گێڕاوەتەسەر فارسی، بەڵام لە مەتنی نوسخە وەرگێڕاوە کوردیەکەدا کە مەلا رەئوف سەلیم حویزی ساڵی1970 لە بەغداد چاپی کردوە، ناوی (مەلا عەبدولسەمەد)ی تیا نیە بەڵکو لە لاپەڕەی کۆتایی دا نووسیویەتی:

تەواو بوو ئەم غەزواتە بە عنایەتی خدای تبارك و تعالی، بە دەست خطی ملا علی مؤذنی مزگەوتی مەلا جامی بۆ ماموٚستام مەلا رؤوف سلیم ئاغا غفرالله لنا ولجمیع المسلین آمین.

1- بە گوێرەی پێشەکی هەردوکیان، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح سەرکردەی سوپای شام، دوای ئەوەی کە لە شام بویەوە، نامەی بۆ خەلیفە عومەر نووسی بۆ مەدینە، داوای لێ کرد کە دوای فەتحی شام بەرەو رۆژهەڵات برۆین یان رۆژئاوا.؟ هەردوکیان وایان نووسیوە، بەوەدا دیارە هەردوکیان لە یەك سەرچاوە هێناویانە و وەریان گێڕاوە، ئەوەی جیاواز بێت هەر ئەوەیە کە لە وەرگێڕاوە فارسیەکەدا نووسراوە (قبائل اکراد کوهستان) بەڵام لە کوردیەکەدا ئەمە نەهاتوەو ناوی کورد نەبراوە. ئەمە بۆ جیاوازی دوو کتێبەکە، بەڵام لە ئەسڵدا نامەی وا ئاڕاستەی عومەر نەکراوە، بروانە (رسائل الفاروق) کە نزیکەی (450) نامە و وەڵامی تیایە.[361]

2- لە فارسیەکەدا وەڵامی نامەکە هاتوە لە لاپەڕە (154) ناوی (کورد) هاتوە، بەڵام لە مەتنی نامەکەدا لە کوردیەکەی حوێزی دا لاپەڕە (79) بەم جۆرە هاتوە: (گەلی کورد و شار و دێ و دەشت و دۆڵ و شاخی کوردەکان) هاتوە، بەڵام لە زمانی خەلیفە وە لە فارسییەکەدا ئاوای نوسیوە: (و خبر بە من رسیدە کە در مرجین مرگە.)

3- بەڵام لە کوردیەکەدا ئاوا هاتوە (هەواڵم بۆ هاتوە کە لە هەرێمی کوردان. لە مرجین کە بە کوردی پێی دەڵێن مەرگە پاشایەك هەیە) لە کوردیەکەدا دەڵێ ناوی (فروخ)ە لە فارسیەکەدا دەڵێ ناوی (فروخان خان)ە.

4- لە کۆتایی نامەکەدا لە فارسیەکەدا لاپەڕەی (156)دەڵێ:

أ. در ان موقع اول خزان روز5شنبه بیست روز از ماه جمادی الاولی گزشتە برابر سنه 25بیست و پنج از هجرت خیر البشر بود.

ب. بەڵام لە کوردیەکەدا لاپەڕە (80) دەڵێ: (ئەو کاتە وەرزی پایز بوو رۆژی 5 شەممە بیستەمی جەمادی یەکەمی ساڵی بیستەمی کۆشی بوو).

5- لە فارسیەکەدا لاپەڕە (156) بە کورتی باسی نامەی ئەربیل دەکات. بەڵام لە کوردیەکەدا لە لاپەڕە (86)دا بە درێژی باسی قەڵای هەولێر و پاشاکەیان ناوی (جاتلیس) بوو، شەڕی خەڵکی بەرامبەر سوپای ئیسلام و خەڵکی هەولێری بە ناوی (کوردان) ناو بردووە، بەڵام لە فارسیەکەدا شتی وای تیا نیە!

لە فارسیەکەدا پێش ئەربیل سوپای ئیسلام چون بەرەو ناوچەی (ئەرموتە) ئەو ناوچانەیان فەتح کردوە، بەڵام لە کوردیەکەدا دەڵێ: (ئەرموتە) دێیەکە لە نزیك کۆیە)، باسی شەڕی توندی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکات و باسی راهیبێك دەکات کە سواری ولاخێك بوەو بەرەو سەربازگەی موسوڵمانەکان دێت و، ئەوان بە عیسی سوێند دەدا کە ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن و واز لە خەڵکی ناوچەکە بهێنن و پاشای ئەو ناوچەیەی بە (بەتروس باوکی کرمایس) ناو بردووە کە لە جەنگدا دەکوژرێ و کوردێك بەناوی (کولاوەکون) سوپایانی ئیسلام ئاگادار دەکات کە سەرچاوەی قەڵاکە لە کویایە، پێش گرتنی ئەو قەڵایە خەڵکی دێهاتی ناوچەی (کوجار) دێن بۆ لای سوپایانی ئیسلام و جزیە قبوڵ دەکەن، خەڵکی ئەو ناوە بە (کورد) ناو دەبات، بەڵام لە فارسیەکەدا ئەم باسە نیە.

6- وشەی (منجوران) لە لاپەڕە 89 ی کوردیەکەدا ناوی ناوچەیەکە، لە فارسیەکەدا هاتوە بە (منجورات).

---

[361]. بوانە رسائل الفاروق عمر بن الخطاب: عبداللطیف اسماعیل عیسی، 1990، الشرکة العراقیة للطباعة الفنیة المحدودة. کە نزیکەی 450 نامەو وەڵامی تیایە.

7- خالید کوڕی وەلید فەرماندەی سوپای ئیسلام نامەی نارد بۆ مەلیك (فرخ پاشا شیدر) کە لە کوردیەکەدا لاپەڕە (90) باسی دیاربکر و موسڵ و عێراق دەکات، بەڵام لە فارسیەکەدا لاپەڕەی (160) باسی ئەو ناوانەی تیا نیە.

8- لە لاپەڕە 166ی فارسیەکەدا دەڵێ: واقدی دەڵێ لە شاری مرجین (مرگە) زانایەکی دانشمەندێکی هۆشیار هەبووە بە ناوی (بیرون کوڕی بارام). بەڵام لە کوردیەکەدا لاپەڕە (96) دەڵێ ئەو زانایە بەناوی (پیروت کوڕی بارام)ە.

9- لە فارسیەکەدا لاپەڕە (171) دەڵێ: ئەو کەسەی کە (عەمر کوڕی عودەی) کوشت ناوی (برابك) بوو لە کوردیەکەدا لاپەڕە (101) دەڵێ ئەو پیاوە کوردە ناوی (باربگ)ە.

10- لە جەنگێکدا کە لە ناوچەی (قمان - لە فارسیەکەدا) و (دوگومان - لە کوردیەکەدا) رویداوە، عەبدوڕڕەحمان لە سەردارەکانی سوپای ئیسلام پەلاماری فیروزانی دا و کوشتی. ئەمە لە فارسیەکەدا لاپەڕە (174)، بەڵام لە کوردیەکەدا لاپەڕە 103 ناوی فیروزان نەهاتوە.

11- لە کوردیەکەدا لە باسی رزگارکردنی (دوگمان)دا و کوژرانی پاشای ئەوان بە دەستی (فەزل کوڕی عەباس) نووسراوە کە سوپای ئیسلام لە روباری زابی بچوك پەڕینەوە هەتا گەیشتنە دەربەندی پشدەر، لاپەڕە (106)، بەڵام لە فارسیەکدا لە لاپەڕە 177دا ناوی روباری زابی بچوك و دەربەندی پشدەر نەهاتوە.

ئەمە جگە لە زۆر جێی تردا وەك لاپەڕە:

(161 ی فارسی و 92ی کوردی) و (171ی فارسی و 101ی کوردی)

(173ی فارسی و 102ی کوردی) و (173ی فارسی و 103ی کوردی)

(176ی فارسی و 103ی کوردی) و (183ی فارسی و 113ی کوردی)

(189ی فارسی و 118ی کوردی) و (193ی فارسی و 121ی کوردی)

(199ی فارسی و 125ی کوردی) و (204ی فارسی و 128ی کوردی)

(205ی فارسی و 129ی کوردی) و (205ی فارسی و 130ی کوردی)

پاشان مامۆستا ئەحمەدی شەریفی مهاباتی دەڵێ:

ئەوەی لەم دوو کتێبەدا هەیە پێویست بە بەراوردکردن و لێکۆڵینەوە دەکات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ جیاوازی لە ناو و شوێنی جوگرافی و هەندێ روداودا کە زۆربەی ناوی شوێنە جوغرافیەکان ناوی تازەن و هی ئەم دواییەن پەیدا بون ئەوە نیشان دەدات کە نووسەری ئەم دوانە (چ کوردی - چ فارسی) نە عەبدوڵلا واقدیە، نە محمد بن عمر واقدیە، بەڵکو دانەری ئەمانە و رێکخەری ئەمانە دەبێ کەسێك بێت لە 60-70 ساڵ پێش ئێستە هەڵی بەستبێ. لە کۆتاییدا چاك وایە بڵێم کە هەندێ ناوی شار و شوێن کە لەو کتێبەدا هاتوە وەك سابلاغ و ئیسماعیل قلی و قرە جولون و قرە بابا و خوشقدم. هەتا دوایی. بەرونی ئاشکرایە کە ئەو ناوانە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا نەبوون.[362]

هەردوو کتێبی (فتوح سواد العراق) و (کوردستان و ئاینی ئیسلام)، راستن یان هەڵبەستراو ؟

جولەکە و دوژمنانی ئیسلام لە سەرەتای ئیسلامەوە زۆر هەوڵیان دا بە ناوی پێغەمبەرەوە فەرمودە دروست بکەن و، بە ناوی خەلیفەکان و یارانەوە روداوی ناجۆر و بڕیاری نەگونجاو دروست بکەن، هەتا ماوەیەکی باشیش بۆیان سەری گرت و هەتا ئەمڕۆش هەزاران فەرمودەو روداویان دروست کردوە و بوەتە گرفت لەبەردەم زانایاندا. بەڵام بەردەوام کۆمەڵێکی زۆر زانا پەیدا بوون لە ناسین و لێکۆڵینەوەی فەرمودەدا و خەریکە زاڵ دەبن

[362]. گۆڤاری ئاوێنە : ژمارە24-25، ژمارەی تایبەت، ساڵی 1375، نگاهی گزرا بە کتاب (فتوح سواد العراق) احمد شریفی - مهابات، ل116.

بەسەر هەموو فەرمودەکاندا و خراپەکانیان جیا دەکەنەوەو پاکەکان گوڵبژێر دەکەن.

هەر بەو شێوە مێژووی ئیسلامیش کەوتەبەر ئەو شاڵاوە دڕندانە و، سەدان روداوی ناجۆر و نەگونجاو و، دەیان کتێبی هەڵبەستراو و پڕ بوختانیان، بە ناوی نووسەری کۆنەوە لە شێوەی دەست نووسدا نووسی و، بە دزیەوە لەماڵی ئەم زانا و ئەو مزگەوت و مۆزەخانەدا بلاو کرایەوەو پاشانیش چاپکران و خرانە سەر خەزێنەی رۆشنبیری ئیسلامی و ماوەیەکی چاك کاریان پێکراو رەواجیان هەبوو. هەتا دووبارە کۆمەڵێك توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوەو مێژوونووس پەیدا بوون و بەراوردیان کردن و لەو دەست نوسانە رامانو لەگەڵ هەمە لایەنەی ژیانی ئەو نووسەرە کۆنانەدا دایان لە تەرازوی مەحەكو دەرکەوت و باشیان لە خراپ جوێ کردەوە، هەرچەندە هەتا ئەمرۆش تارمایی هەرماوە.

یەکێك لەو میللەتانەی کە زۆر خراپ بە مێژووەکەی کراوە و بوختانی زۆری بۆ هەڵبەستراوەو فەرمودەی پێغەمبەریان لە دژ دروست کراوە کوردی بەدبەختە، بەڵکو هیچ میللەتێکی تری ئیسلامی هێندەی کوردی پێ نەکراوە، یەکێ بە زۆڵ لە قەڵەمی داوە، یەکێ دەڵێ ئەسڵیان قەرەجە، یەکێکی تر بە جنۆکە، زۆر کەس بە وەحشی و دڕندە، میجەرسۆنیش روداوێکی دروست کردوە و فەرمودەیەکی هەڵبەستوە کە گوایە پێغەمبەر نەفرینی لە گەلی کورد کردوە کە هەرگیز یەك نەگرن!

ئەمانە و دەیانی تر مێژووی کوردیان شێواندوە، کەسێك کە دەیخوێنێتەوە ماندوو دەبێ، بێزار دەبێ و خێرا وازی لێ دەهێنێ!

دوای ساڵی 1900 دەست نووسێك فڕێ درایە ناو کوردستان، لە بێ ئاگایی زانایانی ئاینی ئەو کاتە " کاری خۆی کردو ئەوەی لای خەڵك دروست کرد، کە کورد بە زەبری شمشێر موسوڵمان بووە و، موسوڵمان بوونی کوردان وەکو (ڤاسیلیڤا) راستی دەکاتەوە جێی بڕوا نیە.

ئەوەی بە مێژوو و کیان و ئاسەوار و کلتور و رۆشنبیری و خاك و کەسایەتی نەتەوەی کورد کراوە، بە دەواری شڕ نەکراوە، هەر میللەتێکی تر ئەوەندەی پێ بکرایە ئێستە تۆزیشی نەمابوو، بەڵام خۆگری و ئارامی کورد بەرامبەر گرفتەکان جێی فەخر و شانازیەتی، هەموو شتی لە دەست دا بەڵام هەر پەیوەست بوو بە ئاینەکەیەوە و سەدان ساڵە وازی لێ نەهێناوە.

خراپترین کتێب کە لەسەر کورد نووسراوە ئەوەی مەلا حوێزیە، کاری خۆی کرد بویە چەکی دەستی دوژمنان. بەڵام با ئێمە بزانین رووداوەکانی ئەو کتێبە چەندە لە راستیەوە نزیکە:

1- بەو (دە) خاڵەی پێشودا سەلماندمان کە ئەو کتێبە هی مەلا رەئوف حوێزی نیە و، بەڵکو هی کەسێکی ترە و ئەو وەری گێڕاوەو بە ناوی خۆیەوە بلاوی کردۆتەوە، ئەمە فێڵێك لە کوردیەکەیدا!

2- بە گوێرەی فارسیەکەی عەبدولعەزیز واعزی سەردەشتی کە (380) لاپەڕەیە و لە کتێبێکی عەرەبی وەری گێڕاوە، خۆی باسی دەکات و لە ماڵی مەلا سەمەدی مەرگەیی دەستی کەوتوە کە عەرەبییەکە لەسەری نووسراوە هی موحەممەد کوڕی عومەری واقدییە.

3- لە ژیاننامە و بەرهەم و هەڵسەنگاندنی واقیدی دا بە گوێرەی زانایانی حدیث و لێکۆڵەرەوان سەلماندمان کە واقدی کەسێکی بڕوا پێکردوو و دەست پاك نەبوە و زانایان مێژوو فەرمودەیان لێ وەرنەگرتووە و رەنگە بەناوی واقدیەوە بلاوکرابێتەوە و واقدیش لێی بێ بەری بێت.

4- بە گوێرەی هەندێ شیکردنەوەی جمیل رۆژبەیانی و مەسعود موحەممەد و ئەحمدی شەریفی مهاباتی کە زۆر لەو ناوانەی کە ئەو کتێبە ناوی بردوون ناوی شار و شوێنە جوغرافیەکان، ئەو شار و جێگایانە لە سەردەمی هاتنی ئیسلام دا نەبون و بەم تازەییە لە سەردەمی قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو و سەردەمی عوسمانی و تورك دا دروست بون و ناوی تازەن وەك (ساوجبلاغ ـ ئیسماعیل قولی ـ قەرە جولون ـ قەرە بابا، خوشقدم)،

بەوانەدا وا دیارە ئەم كتێبە تازە نوسراوەو بۆ دروست كردنی گومان و دژایەتی و ناشرین كردنی هاتنی سوپای ئیسلام هەڵبەسراوە و بڵاوكراوەتەوە.

5- ئەو روداوانەی لەم كتێبەدا هەیە هیچ كام لە مێژوونووسە بڕوا پێكراوەكان باسیان نەكردووە وەك(ئیبن كەسی، ئیبن ئەسیر، تەبەری، ئیبن ئەعسەم، بەلازەری، یاقوتی حەمەوی، ئیبن خەلدون، خزری بەگ، كارل بروكلمان و ویل دیورانت. هتد.

6- ئەو سەحابانەی كە ئەو باسیان دەكات و گوایە هاتونەتە كوردستان و شەڕیان كردووەو شەهید بوون، راست نیە هیچیان نە هاتونەتە كوردستان و زۆربەیان بە شەهیدیش نەڕۆیشتون و ساڵەكانیشی راست نین

7- ئەو پاشایانە یان ئەو حكومەتە كوردیانەی كە ناویان هاتوە، هیچ مێژونوس و مێژویەك باسیان ناكات و ناویان نەهاتوە جگە لەو كتێبەدا.

8- ئەو نامانەی بۆ عومەر نێرراوەو وەڵامەكانیان، هیچیان لە كتێبی (رسائل الفاروق عمر بن الخطاب) دا نەهاتوە كە نزیكەی (450) نامەی خەلیفە عومەری تیایە.

بەمانەدا دیارە، كە ئەم كتێبە ئەسڵی نیە و هەڵبەستراوە:-

1- ئەو كتێبە (كوردستان و ئاینی ئیسلام) مەلا رەئوف دەڵێ: ئەبوعوبەیدە كوڕی جەراح سەركردەی سوپای شام نامەیەكی بۆ خەلیفە عومەر نوسی كە شام و ئەرمەن و دیاربكر و موسڵ فەتح كرا، لە جەنابت دەپرسین ئایا بگەڕێینەوە بۆ حیجاز یان بەرەو رۆژهەڵات بچین یان بۆ رۆژئاوا.[363] بەڵام لە فارسیەكەی (فتح سواد العراق) دا دەڵێ وتویەتی: ئایا لەشكری ئیسلام بەرەو حجاز بگەڕێتەوە یان روو بكاتە عێلات و خێڵاتی كوردەكان.[364]

ئەم نامەیە لە هیچ سەرچاوەیەكی ترەوە نەهاتوەو هیچ مێژوونوسێكی تر نەیگێڕاوەتەوە، نامەم نەدیوە لە سەردەمی خەلیفە عومەر و عوسمان و علی دا ناوی كورد ببات.

2- حوێزی دەڵێ خەلیفە عومەر ئاوا وەڵامی نامەكەی دایەوە: (خۆتان ساز بكەن. چوار هەزار كەس تسلیم بە خالیدی كوڕی وەلید بكەن و بەرەو قەومی كوردان بكەونە ڕێ. لەگەڵ خالید، زوبیر كوڕی عەوام، فەزلی كوڕی عەباس، میقداد ئەسوەد، عەبدوڕڕەحمان كوڕی ئەبوبەكری سدیق، عەبدوڵڵا كوڕی عومەری كوڕی خەتاب، زراری ئەزوەر. ئەمانە بە دەشت و دەرو شار و دێهاتی وڵاتی كوردەواریدا بڵاو بكەرەوە، من خەبەرم هەیە سێ پاشای بەهێزیان هەیە: یەكیان فەروخ ، دووەم: مالیكی ئەشتەر و سێیەم دانیكور. بۆ سەر ئیسلام دەعوەتیان بكە، ئەگەر نەیان كرد داوای جزیەیان لێ بكە، ئەگەر نەیان دا شەڕیان لەگەڵ بكە. خەبەرم هەیە لە مەرجین كە بە كوردی پێی دەڵێن مەرگە پاشایەك هەیە فەروخ ناو، شورە و قەڵایەكی زۆر محكەمی هەیە، خۆیشی زۆر یاغی و خوێن ڕێژە)[365]

لە فارسیەكەدا دەڵێ: (پاشاكان ناویان فەروخ خان، مالك ئەژدەر، دانی كۆرە.) پاشان دەڵێ: ئەم هێزە لە 20جمادی یەكەم ساڵی 25ی كۆچی لە نەینەواوە روی كردە كوردستان.[366]

لە كتێبی (رسائل الفاروق عمر بن الخطاب) دا كە (450) نامەی خەلیفە عومەری تیایە، گەڕام بۆ نامەیەكی لەم جۆرە، بە هیچ شێوەیەك، نە ناوی ئەو سەحابانە، نە بەرەو روی كوردستان هاتبن، نە ناوی ئەو پاشا

---

363. كوردستان و ئاینی ئیسلام: ملا رؤ وف حوێزی . ل77. بغداد 1970.

364. فتوح سواد العراق: واقدی، وەرگێوعبدالعزیز واعظی سردشتی، ل153 تهران 1374 كۆچی.

365. كوردستان و ئاینی ئیسلام. ل79.

366. فتوح سواد العراق: ل154-155.

کوردانەی تیا بوو.[367] لە مێژووەکانی تەبەری و ئیبن کەسیرو ئیبن ئەسیرو ئیبن ئەعسەم و خزری بەگدا ناوی پاشا و نامەی لەم جۆرە چنگ ناکەوێ!

یەکێکی تر لە هەڵە فەزیعەکان دەڵێ ساڵی (25)ی کۆچی رویان کردە کوردستان کە بە مەرجێ خالیدی سەرکردەیان ساڵی 21ی کۆچی لە شاری حومس مرد[368]. بەڵام لە فارسیەکەدا وەك باسم کرد دەڵێ: ساڵی (25)ی کۆچی عومەر رێگەی دا بچێت بۆ کوردستان، ئەو پێشتر مرد بوو، بەوەدا دیارە بوختان و هەڵبەستراوەو. ابن جبیر[369] و معجم البلدان[370] هەمان رایان هەیە. هەروەها بۆ زیاتر شارەزایی بروانە: طبقات[371] و الاصابة[372] و اسد الغابة[373] و الاستعاب[374] و تأریخ ابي الفداء[375] .

مەلا جمیل رۆژبەیانی لەوەدا کەوتوەتە هەڵەوە کە گوایە واعزی راست دەکات ساڵی (25)ی کۆچی هێرشەکە کراوە، چونکە خالید ساڵی (21) مرد بوو![376] لەم مێژووەدا درۆی شاخ داری لەو جۆرانەی زۆر تیایە!

لە کوردییەکەدا دەڵێ: حاکمی شاری هەولێر ناوی (جاتلیس)[377] بوو. بەڵام لە فارسیەکەدا کە رۆژبەیانی کردویە بە کوردی دەڵێ: ناوی وەها لە مێژووەکاندا نیە و دەبێ هەڵە بێت[378] . جگە لەوە هەولێر لەو کاتەدا سەر بە رۆم نەبوە وەك واقیدی دەڵێ بەڵکو سەر بە فارس بووە .

پاشان دەڵێ: (عەبدوڵڵا کوڕی جەندەل) لە شەڕی هەرموتەدا کوژرا. بۆ ناوی ئەو عەبدوڵڵایە گەڕام لە (الاصابة – الاستعاب – اسد الغابة)دا کە ژیانی زیاتر لە (20) هەزار سەحابەی تیایە، ناوی نەبوو. کابرایەك بە ناوی (کولاه کون) و سەرداریك بە ناوی (جاروسه) لە هیچ مێژوویەکدا ناوی نەهاتوە. لە لاپەڕە 88دا حوێزی نوسیویەتی خالیدی کوڕی وەلید بانگی (ئەبودوجانەی کرد، فەرموی بڕۆ بۆ لای پادشای مرجین کە ناوی فروخ خان بوو.

وتمان خالید نەهاتوەتە کوردستان، دووەم خالید چوار ساڵ پێش ئەم مەوعیدەی کە ئەمان دایان ناوە مردوە، سێیەم ئەبودوجانە کە ناوی ئەسڵی (سەماك کوڕی خەرشەی ئەنساری)یە، تەحقیق کراوە کە ئەو کەسە: (ئەو گۆڕەی لە ماوشانسی دەشتی قەزوێنە و بەناوی ئەبودوجانە، زیارەتگایە، هی ئەو نیە و لە بنەڕەتدا درۆیە، ئەو نەگەیوەتە کوردستان و ئێران. سەیر ئەوەیە کۆلکە مەلا و زەڕەشێخەکان جاران خانمە ئاوسەکانیان هەڵ دەخەڵەتان و نوشتەیەکی چوار مەتری ئەبو دوجانەیان بۆ ئەنووسی بۆ پاراستنیان لە دێو و درنج و جنۆکە، کە منداڵەکانیان لە زگا نەخنکێنن.)[379]

واعزی لە جێیەکی فارسیەکەدا دەڵێ: (خالید داوای کرد لە ئەبودوجانەی ئەنساری کە بچێت بۆ لای فەروخ

---

[367]. رسائل الفاروق: عبداللطيف اسماعيل عيسى، 1990، الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة.

[368]. قادة فتح العراق والجزيرة: اللواء الركن محمود شيت خطاب، دارالفكر، ص168، سنة1977.

[369]. رحلة ابن جبير: ص290

[370]. معجم البلدان: ج3ص340.

[371]. طبقات ابن سعد: ج7ص397.

[372]0 الاصابة في معرفة الصحابة: ج2ص100.

[373]. اسد الغابة: ج2ص96.

[374].الاستيعاب: ج2ص430.

[375]. تأريخ ابي الفدا: ج1ص164.

[376]. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل21، 1997.

[377]. کوردستان و ئاینی ئیسلام: ل81.

[378]. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل21، 1997.

[379]. هەمان سەرچاوە: ل22.

خانی پادشای مەرجین. زۆر دور نەکەوتبویەوە لە وڵاتەکەی کەوتە خوارەوە. زرار کوڕی ئەزوەر چوو بە دەمیەوە. دەبینێ تیری بەرکەوتوە. لاشەکەیان هێنا ناشتیان.[380] ئەمانە دەڵێن ئەبودوجانە لەم شەڕەدا بە دەستی کورد کوژراوە کە ساڵی 25ی کۆچی روی داوە، بەڵام ئەم سەرچاوانە وا نالێن: (واقدی) لە (الردە، ص74) – (ئیبن سەعد) لە (الطبقات الکبیر، ج3ص557) – (بەلازەری) لە (فتوح البلدان) دا و – یەعقوبی لە مێژوەکەی دا ج2ص130، هەموویان لەسەر ئەوەن کە ئەبودوجانە ساڵی (11)یان (12)ی کۆچی لە جەنگی (ئەلردە) دا شەهید بوە. دیارە ئەم کتێبەی واعزی و حوێزی هی واقدی نیە چونکە واقدی لە ئەلردەدا دا وەکو سەرەوە دەڵێت!

هەروەها لە باسی (زرار کوڕی ئەزوەر) دا سەرچاوەکان دەڵێن کە ئەویش نەهاتوەتە کوردستان وەکو: الاصابة في تميز الصحابة: ابن حجر، ج2ص208–209دا دەڵێ: ضرار کوڕی ئەزوەر لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو کە لە دژی ئەبومسلمی کەزاب کردیان. ئیمامی بوخاری لە (تأريخ الكبير) دا دەڵێ: زرار لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکردا شەهید بوو. ئەو کاتە سوپای ئیسلام هەر لە باشوری عێراق بوو. نادر کریمیان لە تعلیقاتی فارسیەکەدا لاپەڕە 248دا دەڵێ: (تمام این اخبار مشوش و قابل تكذيب است، زيرا ضرار بن ازور به قول بيشتر محدثين و مؤرخين به سال 11هجری قمری در واقعه يمامه به شهادت رسيده[381] . کەواتە کوردستانی بە دوو چاو نەبینیوە.

واعیزی لە لاپەڕە (164)ی فارسییەکەداو، حوێزی لە لاپەڕە (94)ی کوردییەکەدا دەڵێن خالیدی کوڕی وەلید بۆ خۆی سوار بو، لەگەڵ باقی سەحابان، وەکو فەزلی کوڕی عەباس و زوبێری عەوام و زراری کوڕی ئەزوەر و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکری سدیق و عەبدوڵڵای کوڕی ئەیوب رۆیشتن بەرەو (مەرجین) مەرگە. لە جێیەکی تردا دەڵێ: خالید هەزار کەسی خستە ژێر فەرماندەی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر و ناردی بۆ شیدەر (پشدەر)، هەروا هێزێکی خستە تەك میقداد و، ناردی بۆ (شهرین) (شارستێن)، کە هەموو وڵاتەکە راماڵن و تالانی بکەن.[382] لە سوپای میقداد تەنها دوو کەس کوژرا بوون لە عێڵی تەی ناویان حارس و عیباد بوو. ئەنجا دەڵێ عەبدوڵڵا کوڕی عومەر کە چوو بووە شیدەر هەموو گوند و ئاواییەکانی تالان کرد بوو!، میقداد بە تالانی شهرینەوە گەڕایەوە، لەو شەڕانەدا فەزل کوڕی عەباس و زوبێری کوڕی عەوام و زۆری تر کوژران.

لە شەڕی فروخدا. عومەر کوڕی عەدی هاوڕێی میقداد کوژرا. مقداد سوپای فروخی تەنگەتاو کرد و زۆری لێ کوشتن، بەڵام لە یارانی دوو کەس شەهید بوون کە ناویان حارس و عباد بوو لە عێڵی تەی[383] . ئەم دوانە لە شەڕی شهرین دا تۆزێ پێشتر کوژرا بوون، بەڵام وەك رۆژبەیانی دەڵێ: وا دیارە بە هیمەتی نووسەری ئەم سیپارەیە جارێکی تر زیندوو بوونەوە بۆ کوشتنی کوردی کافر و تالان کردنیان.[384] بە نیسبەت شەهیدبوونی فەزل کوڕی عەباس و زوبێری کوڕی عەوام کە پێشتر لەو جەنگە نابەرامبەرەدا کوژرا بوون لە جەنگی شیدەر دا.

پاش چەند لاپەڕەیەکی تر دووبارە هەواڵی زیندوبونەوەیانتان بۆ دەگێڕمەوە و دێنەوە ژیان بۆ گیانی کورد و شەڕ دەکەن. (ئەنجا مقداد ویستی لاشەی عومەر کوڕی عودەی بنێژێ. بەڵام لاشەی پێنج کەسی تریان لە یارانی دۆزیەوە بە ناوی سالم، عەبدولقادر، واسیلە، سەعد، جوندوب.). رۆژبەیانی دەڵێ نە لە فەرهەنگەکاندا و، نە لەو کتێبە مێژووییانەدا کەباسی شەڕەکانی وڵاتی چیا (کوردستان) ی تێدا هاتووە ئەم ناوانە پەیدا نەبوو.

---

[380]. فتوح سواد العراق: واعظی، ص158–159. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : ل17–18.

[381]. فتوح سواد العراق: مقدمة وتصحيح وتعليق: نادر کریمیان، ص248.

[382]. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : ل23.

[383]. هەمان سەرچاوە، ل24.

[384]. هەمان سەرچاوە، ل27.

پەتی درۆ کورتە

با ئێستا بزانین ئەو سەحابانەی پێشەوە کە ناومان بردون، راستە هاتونەتە کوردستان یان وەکو ئەوانی تر هەڵبەستراو و بوختان بۆ کراو و درۆن. ئەوە بێگومان بن کە لە هەمان ئەنجامی ئەوانی پێشویان بەدەر نیە::

1. فەزلی کوری عەباس: کوڕی عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم قریشی‌یە، کوڕی مامی پێغەمبەرە (ع) لە زۆرترینی جەنگەکان لە گەڵیدا بەشدار بووە، دایکی ناوی (لبابەی بچوك کچی حارسە) یەکێ بوو لەوانەی پێغەمبەریان شۆرد، لە زوربەی جەنگەکانی شام لە سەردەمی ئەبوبکردا بەشدار بوو، (ئیبن سەکەن) دەڵێ لە جەنگی ئەجنادین لە فەلەستین شەهید بوو، هەندێ تر دەڵێن لە جەنگی یرموك دا شەهید بوو، بەڵام راستترینی قسە ئەوەی ئیمامی بوخاری‌یە، کە دەڵێ لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبکر دا مرد. لە فتوحی بولداندا[385] دا دەڵێ لە تاعونی عەمواس دا لە ساڵی 18 کۆچی دا مرد لە شام. سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: الاصابة فی تمیز الصحابة: ابن حجر العسقلانی، ج3ص208. طبقات الکبیر: ابن سعد، ج4ص37. هیچ سەرچاوەیەك ناڵێ هاتوەتە عێراق یان کوردستان و، لە هیچ جێیەکی کوردستاندا ناوی نەهاتوە.

2. عەبدوڵڵا کوری عومەر هەوڵی دا لە جەنگی (بەدر و ئوحد)دا بەشدار بێ، منداڵ بوو نەیان هێشت، لە فەتحی مەککە بەشدار بوو، موفەسیر و فەقیهێکی گەورە بوو، یەکێ بوو لە شورای شەش نەفەرە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە. (2630) فەرمودەی گێراوەتەوە، لە فتوح سوادی عێراقدا کە واعیزی بە فارسی و، حوێزی بە کوردی گێراویانەتەوە: گوایە عەبدوڵڵا کوردستانی قڕ کردوەو ژن و منداڵی کوشتوەو ماڵیانی بە تاڵان بردووە، پاشان لە کوژرانەکەی دا ئەم درۆ باڵدارانەیان بۆ هەڵ بەستوە کە کورتەکەی ئەمەیە: خالید و عەبدوڵڵا لە کوردستان دەگەڕانەوە، لە بەینی موسڵ و هەولێردا تووشی چەند گرفتێك بوون، پیرەژنێك وەستا بوو، وتی من موسوڵمانم ناوێرم بپەڕمەوە، عەبدوڵڵا پیرەژنەکەی کردە کۆڵی و کە گەیشتنە ناوەڕاستی ئاوەکە ژنەکە لە ژێرەوە چەقۆیەکی دا لەسەر دڵی عەبدوڵڵا و مرد، خالیدیش پیرەژنەکەی کوشت.[386] لە تەحقیق و تەعلیقی نادر کریمیان دەڵێ: ئەو رووداوە (قطعا دروغ است و شدیدا قابل تکذیب می باشد.)[387] صاحب تهذیب الاسماء: ج1ص278 دەڵێ عەبدوڵڵا ساڵی 73ی کۆچی مرد. ئیبن خەلەکان: ج1ص246 دەڵێ وەفاتی عەبدوڵڵا ساڵی 63 بوو لە تەمەنی 84 ساڵی دا مرد. لە طبقات الکبری: ئیبن سەعد، ج4ص138 دا دەڵێ وەفاتی عەبدوڵڵا ساڵی 64ی کۆچی بوو، دوا یاری پێغەمبەر بوو کە لە شاری مەککە مرد.[388] لە (استعاب)دا دەڵێ عەبدوڵڵا لە مەککە مرد ساڵی 73ی کۆچی، لەوەدا خیلاف نیە، وەسێتی کرد کە لە قەبرسانی (الحل) ئەسپەردەی بکەن، بەڵام نەیانتوانی لەبەر شەڕی حەجاج، بەڵکو دفن کرا لە (زی تەوا) لە قەبرسانی موهاجرین.

3. زوبێری کوڕی عەوام کوڕی خویلد، لە عەشەرەی موبەشەرەیە، یەکەم کەس بوو کە بۆ ئیسلام شمشێری هەڵکێشا. کوڕی مامی پێغەمبەر بوو، ساڵی 28 پێش کۆچی لە مەککە لە دایك بوو، بە هەوڵی ئەبوبەکر موسوڵمان بوو، لە جەنگی ئوحد و یەرموك دا بەشدار بوو، ئەندامی شورای شەش نەفەرە بوو بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە، لە شام و عێراق و ئەفریقیا جهادی کردوە، کە عوسمان شەهید کرا، زوبیر لە روداوێکی ئەسەف باردا لە تەمەنی 67ساڵی دا ساڵی 36ی کۆچی شەهید کرا و، ئیمامی عەلی زۆر غەمبار کرد، زوبیر 38 فەرمودەی

---

385. فتوح البلدان: بلاذري، ص202.

386. کوردستان و ئاینی ئیسلام: حوێزی، ل131. فتوح سواد العراق: واعظی، ص207.

387. فتوح سواد العراق: واعظی، ل255.

388. الاصابة: ج2ص350. وفیات الاعیان: ابن خلکان، ج1ص246. تهذیب الاسماء: ج1ص278.

ریوایەت کردوە.[389] گۆڕی لە شاری (زبیر)ە لە نزیك شاری مەککە. ڕۆژبەیانی دەڵێ: ئەم پیاوە کوردستانی نەدیوەو شەڕی تیا نەکردوە.[390] ئەمانە وا دەڵێن، کەچی مەلا حوێزی دەڵێ ساڵی 25ی‌کۆچی لە شەڕێکدا لە کوردستان بە دەستی کورد کوژراوە. بەڵام بە داخەوە ئەو (11) ساڵیش دوای ئەو کوشتنە درۆینەیەی کوردستان هەر مابوو!

4- عەبدوڵڵا کوڕی جەندل: لە لاپەڕە 83 ی کوردستان و ئاینی ئیسلام و، لاپەڕە 156ی فارسیەکەدا دەڵێ لە ئەرموتە عەبدوڵڵا کوڕی جەندل کوژرا. ئەم کەسە بە یەکێك لە یارانی پێغەمبەر (ع) ناونوس کراوە و باس کراوە، بەڵام لە هیچ کتێبێکی سەحابان دا وەك (الاصابە والاستعاب)و ئەوانی تردا ناوی نەهاتووە، بەڵام لە تەبەری دا ج3ص2424دا یەك جار ناوی هاتوە ئەویش بە ناوی راوی نەك سەرکردە یان سەرباز، واتە رووداوی خەڵکی گێڕاوەتەوە نەك خۆی بەشدار بوە. هەروەها یەعقوبیش لە مێژووەکەی دا ج2ص176دا ناوی کەسێکی بردوە بە ناوی (جەنادە کوڕی ئەفیەی ئازدی) کە لە ساڵی 53ی کۆچی دا شاری (ترسوس)ی فەتح کردوە، تەئریخی یەعقوبی ج1ص516 دەڵێ ئەم پیاوە قسە هەر ئەوەیە کە ونە و هەویەی نیە.[391]

5. فارسیەکە لە باسی داگیرکردنی (دوگمان) دا دەڵێ وائلە کوڕی ئەسقەع، کە خۆی لە شەڕەکەدا بوە، گێڕاویەتیەوە کە هەموو دارایی و سامانی کورد بەر تاڵان کەوت. مەلا ڕەئوف حوێزی ناوی یاداشت نەکردوە، تەنها واعزی لە فارسیەکەدا هێناویەتی. ڕۆژبەیانی دەڵێ بە گوێرەی مێژوونوسەکان ئەم کابرایە لە سەردەمی خەلیفەی سێهەم عوسمان دا لە شەڕەکانی ئێران و ئیسلامدا هەبوە پاشان ساڵی 98-105ی کۆچی مردوە، بەڵام لە ساڵانی 18-25 لە شەڕەکانی کوردستاندا نەبوە.[392] واتە حەفتا ساڵێك دوای باسەکەی ئەوان مرد.

6. قەعقاع کوڕی عەمر. واعیزی لە فارسیەکەدا کە مامۆستا ملا جمیل ڕۆژبەیانی کردویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ نوسیوە دەڵێ: خالید چاوەڕوانی قەعقاع بوو کە بە فەرمانی ئەبوعوبەیدە هاتبوو بۆ شارەزوور، ئەوە بوو ئەبوعوبەیدە بە فەرمانی (عومەر) پاش داگیرکردنی شام سوپاکەی بکاتە دوو بەشەوە، بەشێکی لە ژێر فەرماندەیی خالید دا بێت و ئەوی تری بخاتە ژێر فەرمانی قەعقاع. ئەم بڕیارە راست نیەو لە هەموو ژیانی ئەبوعوبەیدەدا بڕیاری وای نەداوە و سوپا بەو شێوەیە نەکراوە بە دوو بەشەوە ئەم باسە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نیە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە قعقاع دوای جەنگی قادسیە ساڵی (15)ی کۆچی ئیتر پەیوەندی بە شامەوە نەما و کەوتە ژێر فەرماندەیی سەعد کوڕی وقاس و سوپای عێراقەوە، جگە ئەو هێڵەی کە هاتە جەلولاو لەوێوە چوو بۆ خانەقین و حەلوان و کرماشان و نەهاوەند و هەمەدان. نە چوەتە کوردستان، قەعقاع فەرماندە نەبوە، بەڵکو هەمیشە سریەی (قوە زاریبە)ی پێ بوە بۆ کاتی پەلە بەکار هێنراوە، وەکو مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێ درۆیە ئەمانە هیچیان لە کوردستانی نێوان دوو زێ دا، واتە نێوان چیای حەمرین و قەندیل لە شەڕا نەبون.[393]

قعقاع هەتا سەردەمی ئیمامی عەلی ماوە ساڵی 40 کۆچی لە کوفە مرد.

لێرەدا لە جێیەکدا سەرم لە مێژونوسی کورد (ڕۆژبەیانی) سوڕدەمێنێ کە لە چەند جێدا ئەم سیپارەیەی (حوێزی و واعزی) ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ درۆ و هەڵبەستە و تەمەنی هەڵبەسراویشی زۆر نیە، کەچی لە زۆرجێی تردا لەگەڵ ڕوداوەکانی باسە درۆکاندا هەڵدەچێ و، هەندێ قسەی ناجۆر دەگرێتە ئیسلام و پێغەمبەر

---

389. الاصابة: ج1ص546. حلية الاولياء: ج1ص189. الاعلام الزركلي: ج3ص43.
390. وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق : ل20.
391. فتوح سواد العراق: تحقيق نادر كريميان، ص245.
392. وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل ڕۆژبەیانی، ل30.
393. وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل ڕۆژبەیانی، ل35.

و سوپایانی ئیسلام و زۆر دوژمن کارانه وەسفیان دەکات. وەکو تەواوی رووداوەکان بە هەڵبەسراو و گوماناوی ناو. ئەمەیان لە چی.؟ بۆ نمونە. لە لاپەڕەی (3)دا گلەیی دەکات لە بابەتەکەی حویزی و دەڵێ (مێژووزانێکی شارەزای مێژوو ئەم کتێبەی نەدیبوو نەیخوێندبوییەوە، کە رەخنەی لێ بگرێ و، خوێنەری گەنجە سادە تێگەیەنێ، کە هەم کتێبەکە هی مەلا رؤوف نیە و هەم بنەڕەتەکەشی جێ ی گومانەو، نابێ باوەڕی پێ بکرێ و تاوانە رێ بدرێ بە کوردستاندا بلاوبیێتەوە.). کەچی هەردوای ئەوە قسەکانی حویزی بە راست دەزانێ و هەڵدەچێ و قسەی نابەجێ بە سەحابەکان و فتوحات دەڵێت. نازانم ئەمە نەخۆشیە یان پیری و لەبیرچوونە؟!

واعیزی لە لاپەڕە (186)ی فارسیەکەدا هێناویەتی، بەلام رۆژبەیانی وای تەرجەمە نەکردوە و دەڵێ: خالید داوای لێ کردن موسوڵمان بن. بەلام ئەوان سەریان دانە هێنا و پەسەندیان نەکرد، خالید دەستوری دا بە سوپا قڕیان تێ خستن. جا هەموویان دایە بەر شمشێر. ئەنجا چونە ناو شارەوە و هەموویان تالان کرد.) بەلام فارسیەکە وانیە رۆژبەیانی هەندێ شتی زیادی وتوە. لە فارسیەکەدا دەڵێ: اسیران را جمع کردند و دینی اسلام را برایشان عرض نمودند نپزیرفتند، همەرا بقتل رسانیدند پس از ان یاران پێغمبر داخل شهر گردیده شروع به تهلیل و تکبیر خداوند عظیم کردند و درود رحمت بر پیغمبر بشیرو نذیر فرستادند.) دەڵێ کە چونە شار تهلیل و تکبیری خوای گەورەیان کرد. بەلام رۆژبەیانی وای تەرجەمە کردوە کە چونە شار هەموویان تالان کرد. هەموو تەرجەمەکە پێویست بە تحقیق دەکات! با بچینە سەر لایەکی تری رۆژبەیانی کە لە پەراوێز بۆ رستەی(هەموویان دایە بەر شمشێر) دا وتویەتی (کوشتنی دیل و منداڵ و پیر و پیاو ژن و پەك کەوتە لە هیچ ئاین و لە هیچ باسێکی مرۆڤایەتیدا دروست نەبوە. بەلام سپایانی عەرەب و جاشەکانیان درێغییان لەم کارە نەدەکرد، وا دیارە لەسەر بنەڕەتی (غەزو) و (انفال) ئەڕۆیشتن.؟؟؟؟؟)[394]

لە پەراویزی ژمارە (2) لاپەڕە (25) دا رۆژبەیانی دەڵێ: ئەم سیپارەیە لە بنەڕەتدا بە دەست هەڵبەستی دەزانم و لام وایە مەلاییێکی کورد لە سەدەکانی ئەم دواییەدا. هەڵیبەستوە.)[395] ئەی ئەگەر هەڵبەستە بۆ لەگەڵ باسەکەدا هەڵدەچی و بە راستی دەزانی و جوێنێك دەدەی کە حویزیش نەیوتووە.

لە جێیەکدا لە فارسیەکەدا هاتوە کە (پیرۆت کوڕی بارام) بە خۆی و دوانزە کەسەوە موسوڵمان بون، بەلام حاکمی کورد لە رقان خۆیان و خاو خێزانی کوشتون چونکە بونەتە موسوڵمان. ئێستە لە ولاتی مەرگە گۆڕەکانیان کراوەتە زیارەت گا و پێ ی دەڵێن (پیرۆتە سوور). رۆژبەیانی تەعلیق لەمە دەداو دەڵێ: وەکو کەوی پێ سور خیانەتیان لە نەتەوەی خۆیان کردوە و، کوڕانی نەتەوەی خۆیان (بە دوژمن) بە کوشت داوە. واتە ئیسلام و دینی پێغەمبەر دوژمنە. پاشان دەڵێ: ئەگەر وانەبێ خەڵك بۆچی دەبن بە جاش، واتە پیروەت کە موسوڵمان بوە، بوەتە جاشی ئیسلام. پاشان قسە بە مەسعود موحەممەد دەڵێ و تاوانباری دەکات کە وەسفی پیرۆتی کردوە دەڵێ: بەلام بە راستی مەخابنە، مامۆستایەکی خاوەن ئەندێشە و بە مێشکی وەکو مامۆستا مەسعود لاپەڕەی کاغەزی سپی، بە وەسفی جاشێکی روڕەشی وەك پیرۆتە سوور، بە قسەی پیرە ژنان و پیرە پیاوانی کوردی ساویلکەی خلەفاو بخاتە لاپەڕەی مێژوو.[396]

رۆژبەیانی لە سەرەوە دەڵێ: (ئەم سیپارەیە لە بنەڕەتدا بە دەست هەڵبەستی دەزانم و لام وایە مەلایەکی کورد لە سەدەکانی ئەم دواییەدا. هەڵی بەستوە.)

کەچی هەر (دە) دێڕ لە خوارەی ئەوەوە ئاوا هەڵدەچێ و چیرۆکەکەی لێ دەبێتە راست و بە چوار دەوردا جنێو و وشەی ناشرین بۆ ئیسلام و کەسێ دەتەقێنێ، کە چیرۆکەکە دەڵێ موسوڵمان بوە. مامۆستا مسعود

---

394. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل34.

396. ولاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل26.

تاوانبار دەكات. بەمەرجێ لەم لێكۆڵینەوەیدا سودی زۆر لە مامۆستا مسعود وەرگرتوە! لەم باسەدا رۆژبەیانی لە خەڵەفاو دەچێت.

هەر (دوو) دێڕ لە خوار ئەو بڕگە توندەوە دەڵێت (وا دیارە نووسەری ئەم سیپارە داستانییە درۆیە.)[397] بە راستی حەیفە بۆ مامۆستا و بیر تیژو مێژوونوسێكی گەورەی كوردی وەك مەلا جەمیل رۆژبەیانی بە تایبەتیش كە مەلا بێت، بەو جۆرەیە بە رەنگاری ئیسلام و هاتنی ئیسلام بكات بۆ كوردستان. بە تایبەت تر كە ئەو بە هۆی ئیسلامەوە فێری خوێندەواری و ناسراو بوە و، لەو سەرچاوەیە ئاوی سازگاری خواردوەتەوە، ئەگەر وانە بێ، ئەوسا چ جیاوازیەك لە نێوان مەلا جەمیل خاوەنی لێكۆلینەوە و، مەلا رەئوف حوێزی هێنەری ئەو هەموو بوختانە هەڵبەسراوانەدا هەیە، خۆ هەردووكیان (مەلان). من پێم باشە بە نوسراوەكەدا بێتەوە و ئەو هەڵانەی چاك بكاتەوە كە سەریان لە بێ بڕواییەوە دەردەچێت. جگە لەوە كە ئەم بابەتەی رۆژبەیانی دەست نووسی شەستەكان بووە، ئایا ئێستەش رای وایە، یان خۆی رازی بوە بە چاپ كردنی ئەو دەست نوسەی كە ئەو كاتە خۆی ئامادە نەبوو.؟ چونكە ئەم دوو جۆرە قسەیە كە پێچەوانەی یەكن بۆ نووسەری گەورە ناگونجێن، تۆ كە بڕوات بەو كتێبە نیە، توڕە بوون و بۆ هەڵچوون یانی چی.؟

لە جێیەكی تردا باسی ئەو كتێبە هەڵبەسراوە دەكات و زۆر جوانی دەهۆنێتەوە: لە بەشی كوردستانی خواروی نێوان دوو(زێ)دا سەدان ساڵە كتێبێكی دەسنووسی پڕ لە درۆ و دەلەسە هەیە بە ناوی (فتوحات سواد العراق)ە و دەنگی داوەتەوە و وەكو شانامەی جاری جاران لە دیوەخانان و لە مزگەوتانیشا بۆ كوردی سادە ئەخوێندرێتەوە، كەس نازانێ كێ نوسیویەتی.؟ كەی نووسراوە.؟ چۆن كەوتوەتە كتێبخانەی بنەماڵەی مەلا سەمەدی مەرگەیی، هەروەك قاوە، گوایە دانراوی (واقیدی)یە، ناواخنەكەی باسی داگیركردنی هەندێ جێی كوردستانە، لە لایەن یارانی پێغەمبەرەوە، ئەو بنەماڵەیە كە ئەم كتێبی (فتوح سواد العراق)ەی لایە وەكو گەنجینە پاراستویەتی، نە بە خواستن بە كەسی ئەدا، نە بە كڕین و فرۆشتن، نە ڕێی ئەدا كەسێك رونوسێكی لەسەر بگرێتەوە، گوایە ئەم كتێبە لە كتێبخانە دەسنوسەكانی میسردا هەیە، بەلآم ئەم باسەی كوردستانی تیا نیە، ئەوەی جێی لێ رامانە ئەوەیە كە شێوەی داڕشتنی ئەم سیپارەیە كوتومت لە شێوەی داڕشتنی (فتوح الشام)ە كەی واقدی دەچێت، بەلآم باوەڕ ناكرێ واقدی خۆی، كە لە بنەڕەتدا خەڵكی شاری مەككەیە، ئەزانێ كە زۆربەی ئەو یارانەی كە ناویان لەم سیپارەیە هاتوە هەر لە شاری مەكەدا مردوون و نەگەییونە كوردستان. جا وەك وتم وا باوە كە سەدەها ساڵە ئەم كتێبە وەك شانامە. بۆ خوێندەوارو نەخوێندەوار و زاناو نەزان خوێندراوەتەوە كوێرانە (تعبدا) باوەڕیان پێ كردوە كەس لیٚ ی نەكۆڵیوەتەوە.[398]

لە جێیەكی تردا دەڵێ (من بڕوا ناكەم ئەم هەموو ئەفسانە نەزانانە هی واقدی بێت، بێ گومان هی مەلایەكی كوردی نیمچە خوێندەوار (كۆلكە مەلا) ئەم مەتەڵانەی رێك خستوە و لە مزگەوت و دیوەخانا بۆ خەڵكی نەخوێندەواری خوێندوەتەوە.)[399]

لە جێیەكی تردا دەڵێ: (لەگەڵ ئەوەدا كە من داستانەكەم هەر لە بناغەوە پێ درۆیە.)[400] بەم جۆرە ئەم دەستنووسە رەتدەكاتەوەو بە درۆ لە قەڵەمی دەدات، كەچی ئاواش لەگەڵ درۆكاندا هەڵدەچێت!

دوای ئەوەی خالید شەهبارە و رەبەتی داگیر كرد، فەرمانیدا بە سوپای ئیسلام بچێ و روبكاتە ساوجبلاغ،

397. ولآتگێری رەشەخاكی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل26.
398. ولآتگێری رەشەخاكی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل1 پێشەكی .
399. ولآتگێری رەشەخاكی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل34.
400. ولآتگێری رەشەخاكی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل35.

رۆژ بەیانی دەڵێ ساوج بلاغ – سوغون بلاق واته کانی سارد، ئەم ناوه له دەورانی سەفەوی دا پەیدابوه.)[401] واته (له سەردەمی سوپای ئیسلامدا نەبوه.) لەو حەلەدا پادشای ئەو ناوه ژنێکی جوان بوو گوایه ناوی (ئەرجانوسه) بوو له بنەماڵەی (بەرداس) بوو که به بنامەڵەی سەرداری ساو جبلاغ و موکریان بون، گوایا باوکی کابرایەکی داوێن پیسی ستەمکار وخراپه کار بوه. حەنزەله ناوی پێغەمبەر بوه لەو ناوچەیه، ئامۆژگاری زۆری کردوه که واز له چەپەڵی بهێنێ سودی نەبوه، شەرێکی خوێناوی له نێوان سوپای ئیسلام و خەڵکی ئەم ناوچەیه روی دا له ئەنجامدا ئەرجانووسه به دیل دەگیرێ. (2500) کەسیان له کورد به دیل گرت، پاشان کەوتنه تالان و راوڕوتی وڵات و ناو شاری سابلاغ، خودی خالیدیش فەرمانی دا به کوشتنی ئەو دیلانه و ئەرناجوسەیان به دیلی هێنایه لای خالید، له جوانی ئەو سەری سوڕما، کەوته دڵدانەوەی و پێشنیاری کرد که موسوڵمان بێت، ئەرجانوسه موسوڵمان بوو، ئەنجا خالیدیش سەرپشکی کرد لەناو سەردارانی ئیسلام یەکێك هەڵبژێرێ و شوی پێ بکات، ئەرجانوسه چاوی گێڕا قعقاعی هەڵبژارد و شوی پێ کرد.)[402]

لەم بڕگەیەدا ئەم قسانه هەیه:

أ – ساوجبلاغ ناوێکی تازەیه و سەردەمی هاتنی ئیسلام نەبوه، شای ئێران سابلاغی ناونا (مەهاباد) به ناوی پێغەمبەرێکی کۆنەوه که لەو ناوەدا بوه.

ب – برداس پاشای ئازربایجان بوه زۆر پێش ئیسلام، حەنزەلەی کوڕی سەفوان پێغەمبەرێك بوه بۆ گەلی ناوچەی ئەردەن هاتوه پێش میلاد. لەگەڵ برداس دا بوه به شەڕیان و پێغەمبەریان کوشتوه ئەم روداوه له سەردەمی ئیسلامدا نەبوه[403] مامۆستا رۆژبەیانی دەڵێ: ناوی بنەماڵەی وەهامان له فەرهەنگەکانا و له مێژوودا دەست نەکەوت.

ج– ئەرجانوسه وەکو رۆژبەیانی دەڵێ: له فەرهەنگەکان و مێژوەکاندا پەیدا نەبوو، قەعقاعیش ژنی بەم ناوه وه نەبوه، جگه لەوەی که قەعقاع نه گەیشتوەته کوردستان، ئەم باسه دروست کراوه. وه له کوردیشدا پاشا نەبوه به ناوی ئەرجانوسەوه.

دوای ئەوه خالید کوردستان و ئازربایجانی داگیر کرد، سوپای ئیسلام هەموو له ئورمانی – ئورمیه – کۆبونەوه، سوپای کورد و عەجەمیش له دەوری (خۆش قەدەم)ی پاشای ئورمانی کۆبونەوه، ئەو سەردار و پاشاو پیاو ماقوڵانەی که له هەموو کوردستانەوه هەڵهاتبون خۆیان دابوه پەنای خۆش قەدەم، ئەم وتارێکی بۆ هەمویان دا، خالیدیش وتارێکی بۆ سوپای ئیسلام دا که عەبدوڵڵا و مقداد و زرار و قەعقاعی تیابوو. کەوتنه رێ بۆ شەڕ پاشای مازندران به چل هەزار سوارەوه گەیشتنه فریای خۆشقدم، ئەبوعوبەیدەش سوپایەکی نارده فریای خالید. شەڕ گەرم بوو ئەنەسی کوڕی مالك هەڵی کوتایه سەر خۆش قەدەم و کوشتی و سوپاکەی ورەیان بەرداو بڵاوەیان لێ کرد، سوپای ئیسلام وڵاتەکەیان تالان کرد)[404]

لەم بڕگەیەدا ئەم قسانه هەیه:

أ– له هیچ سەرچاوەیەکدا خالید نەهاتوەته کوردستان و ئازربایجان، بەڵکو سەرکردەی رزگارکردنی ئەو دوانه، ئەوانه بوون که له بەشەکانی پێشودا به درێژی و به بەڵگەو سەرچاوەی بڕوا پێ کراوه وه رونمان

---

[401]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل38.

[402]. فتوح سواد العراق: واعظی، ص194–195. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : رۆژبەیانی، ل36–37. کوردستان و ئاینی ئیسلام: مەلا رؤوف حۆزی، ل121.

[403]. فتوح سواد العراق: ص290.

[404]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : ل40. فتوح سواد العراق: ص200–201. کوردستان و ئاینی ئیسلام: ل127

کردەوە.

ب – سەرکردەی فارسەکان لە ئازربایجان و ئورمیە ناوی خوشقەدەم نەبوو، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ بەشەکانی پێشتر بە درێژی باسم کردوە.

ج– عەبدوڵڵا و مقداد و زرار و قعقاع لە هیچ سەرچاوەیەکدا نیە کە هاتبنە کوردستان جگە ئەم چیرۆکە دروست کراوەی واقدی و حوێزی و واعزی.

د– لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی تالان و بڕو و کوشتنی خەڵکی بێ گوناحیان نەکردوە، بەڵکو هەموو خەلیفەکان داوایان لە سەربازان دەکرد خۆیان لەو جۆرە ڕەفتارانە بپارێزن و، لێ پرسینەوەی هەر سەربازێکیان کردوە کە شتی وایان کرد بێ!

ھ– پاشای مازندران کە لە شەڕی (ڕەی) دا دەشکێ، ئیتر پەیمان دەدات بەرەنگاری سوپای ئیسلام نەبێت، نەك چل هەزار بنێرێ بۆ یارمەتی خۆش قەدەم. مێژوو باسی ئەو چل هەزارە و پاشایەتی خۆش قەدەم ناکات.

و– ئەنەس کوڕی مالك: لە سەرەتادا لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) دا کاری دەکرد، دە ساڵی ڕەبەق لەو ماڵەدا ژیا، دوای ئەوەی کە سنوری دەسەلاَت فراوان دەبێ، کۆچ دەکات بۆ بەسرە و لەوێ دەمرێ. ئەم پیاوە هەروەکو ئەبوهورەیرە، بەوە ناسراوە کە فەرمودەکانی پێغەمبەر بۆ خەڵك بگێڕێتەوە، (6) هەزار فەرمودەی لەبەر بوە، هەرگیز نەگەیشتوەتە کوردستان و داستانەکەی لە بنەڕەتدا درۆیە. لە جەنگی ئوحد و بیئریمەعونەو خەیبەر و هەوازندا بەشدار بوو.[405]

کەچی رۆژبەیانی دەڵێ ئەنەس پیاوی شیر و تیر نەبوو[406] . بەلاَم ئەنەس یەکێك بوو لە تیرەندازەکان، ساڵی (93)ی کۆچی مرد.[407]

بانەیی ئەسحابە کوژ

دوا باسی ئەو سیپارە هەڵبەسراوە باس لە تاوانێکی تر دەکات کە دەرحەق بە خەڵکی بانە کراوە، کابرای خەتابارو بوختان چی لێ نەگەڕاوە هەتا دوو تاوانی تر بداتە پاڵ کورد، هەر وەك چۆن پێشتر کۆمەڵێك تاوانی دایە پاڵ سوپای ئیسلام، دەیەوێت کوردو ئیسلام لای یەکتری ناشرین بکات، هەتا لە ئایندەدا کورد و ئیسلام بە یەك نەخۆن، بەلاَم درۆ پەتی کورتە ئەگەر سەدەیەکیشی بەسەردا بڕوات.

بە خەڵکی بانە دەڵێن (بانەیی ئەسحابە کوژ) تەمەنی ئەم قسەیە سەد ساڵێکە، دەنا خەڵکی پاك و خۆش ڕەفتاری بانە هی ئەوە نیە ئەو پەڵەیان پێوە بنرێ، من لە هەموو مێژوی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان دا ناوی یەك سەحابەم نەدیوە کە لە کوردستاندا کوژرابێ، ئەگەر هەبوایە ون نەئەبوو یەکێك باسی دەکرد، بونی مەرقەدی ئەبوعوبەیدە لە دێی عەبابەیلێ لە نزیك هەڵەبجە و، بونی مەرقەدی ئەو هەموو شەخس و سەحابەو، ئەو هەموو قەبرسان و گردە بە ناوی دۆڵی شەهیدان و دۆڵی ئەسحابان و گردی سەحابان و ئەسحابە سپی ناو شاری سلێمانی و دەیانی تر لە کوردستاندا بلاَوە هیچیان هی کۆن و سەرەتای ئیسلام نییە، مێژوو هیچیان ناسەلمێنێ، کوردی سادەی چاخە تاریکەکانی کوردەواری خۆیان بۆ خۆیان دروستیان کردوە، یان مەرقەدی کەسێکی ئاینی یان ناوداری کورد بون وەکو بت و پیرۆزی بۆ خۆیان هەڵبەستووە لە تەنگانەدا بۆیان چونەتەوە و پەنایان بۆ بردون، هەمیشە خەیاڵ و ترس و پێویستی لەناو کۆمەڵگەی نەزان و نەخوێندەوار و سادەدا ئەو بابەتانە دروست دەکات، شتی بچوکیان تیا گەورە دەبێت، چیرۆك زۆرە لە بارەی شێوەی دروست بونی ئەم جۆرە

---

[405]. طبقات الكبير: ابن سعد، ج7ص7. صفة الصفوة: ابن جوزي: ج1ص298.

[406]. ولاتگیری رە شەخاکی عیراق : مەلا جمیل رۆژبەیانی، ل29.

[407]. صفة الصفوة: ابن جوزي، ج1ص299.

ئەفسانانەوە قەبری کەسێك هەبوە، پێشتر خۆی لە ژیاندا بوە هیچی وای نەبوە، کە دەمرێ هەندێ کەرامات و سەخاوەت و رەفتاری سەیری بۆ دروست دەکەن، کەسە نەخوێندەوارەکان وردە وردە بۆ لایان دەکشێن پەنایان بۆ دەبەن و داوای منداڵ و چاری نەخۆشی و گرفت و قەرزاری سەریان لێ دەدەن، کە وردە وردە مێژووی دور دەکەوێتەوە، بە مروری زەمان دەیکەنە سەحابە یان وەلی و هەزار و یەك شتی بە دەوردا کۆ دەکەنەوە، کە خاوەنی ئەو مەرقەدانە لەو هەڵبەسراوانە بەرییە!

مێژوو باسی ئەوە ناکات، خەڵکی کوردستان داوایان لە موسوڵمانان کردبێ، بێنە کوردستان فێری رەوشتی ئاینیان بکەن و هاتبن و بە نهێنی کوشتبێتیان، لە عەرەبستان دوو حاڵەتی وا هەبوە کە یەکێکیان دەگێڕمەوە، مەلا حەوێزی و واعزی کە بە درۆ لە واقیدیەوە هێناویانە، دوو روداوی لەو جۆرەشیان بۆ کورد دروست کردوە بۆ مێژوو، هەتا شایەت بێ، کە ئەی عەرەبەکان، هەر ئێوە نەبون واتان کردوە، بەڵکو کوردی براشتان لە ئێوە خراپتری کردوە، یەکێك لە روداوەکانی عەرەبستان کە ئیمامی تەبەری دەیگێڕێتەوە بەم جۆرەیە، جا بزانە چەند جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لای خۆشمان:

ساڵی چوارەمی کۆچی خەڵکی (بیئرلمەعونە)، بەرائی کوڕی عامر کە گەورەی بەنی عامر بوو ناردیان بۆ لای پێغەمبەر (ع) بۆ مدینە و دیاریشیان بۆ هێنا بوو، پێغەمبەر فەرموی وەری ناگرم، من دیاری موشریك وەرناگرم، ئەگەر دەتەوێ وەری بگرم موسوڵمان ببە، پاشان باسی ئیسلامی بۆ کرد، ئەویش وتی ئەم قسانە جوانن، ئەگەر پیاوانێکت بناردایە بۆ لای خەڵکی (نەجد) بانگیان کردینایە، رەنگە وەڵاممان بدانایەتەوە، پێغەمبەر فەرموی ئاخر دەترسم توشی شتێك ببن، ئەبوبەرا وتی خۆم پەنایان دەدەم و لای خۆم دەبن، پێغەمبەریش مونزیری کوڕی عەمر لەگەڵ چل کەسی هەڵبژاردەی نارد و گەیشتنە نزیك بیئرلمەعونە لەسەر ئاوێك هەڵیان داو (حەرام کوڕی ملحان) یان بە نامەی پێغەمبەرەوە نارد بۆ لای (عامر کوڕی توفەیل) کە هات سەیری نامەکەی نەکرد و صحابەکەی کوشت، خێڵەکانی تری کۆکردەوە و هاتن چوار دەوری سەحابەکانیان داو لەسەر کانیەکە هەموویان شەهید کردن، جگە یەکێکیان یان دوان کە بریندار بوون پێیان نەزانیبوو، دوو کەس لەوێوە رۆیشتن قەل و داڵێکی زۆریان بە ئاسمانەوە بینی وتیان ئەمە شتێکە کە نزیك بونەوە سەحابەکانیان بینی لە خوێنی خۆیاندا گەوزابوون، بە بریندارەکانیشیان زانی یەکێکیان کوشتن، ئەویان ناسراو بوو بەریان دا پاشان هەواڵەکە گەیشتە مەدینە.)[408]

ئەم روداوە دەتوانی لە سەد سەرچاوەوە بیهێنی و دەیان جۆر گێڕدراوەتەوە، هەر ئەوەندەیە لە هەندێکیاندا دێڕێك یان دوو دێڕی زیاد بێ یان کەم بێت، بەڵام ئەو روداوەی کە لەم روداوە دەچێت بۆ شاری بانە هەڵبەسراوە و هیچ سەرچاوەیەك پاڵپشتی ناکات، جگە لەوەی واقیدی و حەوێزی، ئەو سەرکردانە هیچ سەرچاوەیەك نایسەلمێنێ کە ئەو سەحابانە هاتبنە کوردستان، جگە لەوە، ئەنەسی کوڕی مالك کە رۆژبەیانی دەڵێ: (ئەنەس پیاوی شیر و تیر نەبوە) [409] وانییە، بەڵکو یەکێك بوە لەوانەی کە چوە بە دوای سۆراغی ئەم شەهیدانەدا گەڕاوە، جگە لەوەی لە جەنگی ئوحد دا چوار مانگ پێش ئەم روداوە بەشدار بوو، ئیتر بۆ پیاوی ئیرو تیر نەبوو!

بانەیی ئەسحابەکوژ لە چییەوە هاتوە؟

واعیزی لە لاپەرە (205) دا، رۆژبەیانی لە لاپەرە (40) دا بەکورتەیەك ئاوای دەگێڕنەوە: (شاری باینج) واتە (بانە) لەگەڵ سوپای ئیسلام رێك کەوتن، پاشان کوردان داوایان کرد بیست کەس لە یاران (ئەسحاب) بنێرن لەوێ بمێننەوە فێری ئاینی ئیسلامیان بکەن، کە گەیشتن خەڵکی بانە هەر بیست یارەکەیان کوشت، کە هەواڵ

---

[408]. تأريخ الطبري، المعروف بتأريخ الامم والملوك: للامام ابي جعفر محمد بن جرير الطبري، ج2ص219، مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت.

[409]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : ل29.

گەیشتە خالید غەمگین بوو، بەپەلە بەشێکی سوپاکەی لەگەڵ ئەنەسی کوڕی مالك لە نزیك ئورمیە بەجێهێشت و بەشەکەی تری بەرەو بانە نارد بە فەرماندەی (قەعقاع و عەبدوڵلا و مقداد و زرار) فەرمانی دا هەر هەموو خەڵکەکە بکوژن و ماڵەکانیان تالان بکەن، پاشان گەڕانەوە بۆ عەرەبستان بەسەر سماقوڵی دا ڕۆیشتن، خەڵکی سماقوڵی کە بیستیان سوپای عەرەب بەرەو سماقوڵی دێت، خۆیان لەناو باخ وباخات و دۆڵ و جەنگەڵەکاندا حەشاردا، هانی ژنانیان دا کە روت و قوت لەسەر ڕێیان بوەستن، چونکە بیستبویان کە موسوڵمانەکان خاوێن و دڵ و داوێن پاکن و لایان گوناهە و ناڕوایە کە ژنان بە روتی ببینن، کە سوپای ئیسلام گەیشتن و ئەوەیان بینی، چاوی خۆیان داپۆشی. خەڵکی سماقوڵی ئەوەیان بە هەل زانی، هێرشیان بردە سەریان و (150) موسوڵمانیان کوشت؟ سوپای ئیسلام ناچار بوون سەرپۆشیان لادا و کەوتنە بەرەنگاری (300) کەس لە کوردەکان کوژرا و تۆڵەی سەردارەکانی خۆیان کردەوە، لەو جەنگەدا ئەمانە کوژران (زرار، قەعقاع، مقداد، وائیلە) زۆری تر. خالید لەم کارەساتە شڵەژا و کەوتە پاڕانەوە لە خوا کە هەرگیز کوردان پیرۆز نەکات و بە مەبەستیان نەگەیەنێت، ئەنجا لەوێوە نامەی نووسی بۆ سەرانی ئیسلام کە هەرگیز لە فڕوفێڵی کورد و عەجەم بێ ئاگا نەبن و نەخەڵەتێن.

ئەنجا خالید و عەبدوڵلا کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بەم خەم و خەفەتەوە روویان کردە نەینەوا، لە نێوان و هەولێر و موسڵ دا تووشی روبارێك هاتن و دەیانویست بیپەڕنەوە، لەم کاتەدا پیرەژنێك لە کەناری روبارەکە دا مابوو، داوای لە عەبدوڵلا کرد بیکاتە کۆڵ و بیپەڕێنێتەوە، عەبدوڵلا سواری پشتی خۆی کرد کە گەیشتە ناوەڕاستی روبارەکە پیرەژنەکە تۆزێکی ژەهراوی کرد بە لوتی عەبدوڵلا دا، کە گەیشتنە ئەوبەری ئاوەکە، عەبدوڵلا رەنگی زەرد بوو مرد، خالید بە کارەساتەکەی زانی پیرەژنەکەی دایە بەر شمشێر و لەت و پەتی کرد. ئەنجا یاران کۆبوونەوە عەبدوڵلایان نوێژ کرد و ناشتیان، پاشان چونەوە بەرەو شام پاش ئەوە خالید لە شاری حومس مرد، ئەمە ساڵی 21ی کۆچی بوو، ئەو ساڵە کە ئیمامی عومەریش کۆچی دوایی کرد.)[410]

ئەمە ئەوەی مامۆستایان رۆژبەیانی و واعز بوو.

لەوەی حوێزی دا هەندێ جیاوازی هەیە:

(کە گەیشتنە دێی ئیسماعیل قوڵی کە ئێستا پێی دەڵێن سماقوڵیان.) باسی شەڕەکە دەکات، بەڵام باسی ئافرەتە روتەکان ناکات، پاشان دەڵێ: (خالید و عەبدوڵلای کوڕی عومەر زۆر دوعایان لە ئەهلی سماقوڵیان کرد، فەرمویان یا رەبی خۆم، هەقی ئەم شەهیدانە بکەیتەوە لەم خەڵکە. پاشان خالید نامەی بۆ سەرانی ئیسلام نووسی فەرمووی هەرگیز لە مەکر و حیلەی کوردان ئەمین نەبن وەکو دڕندە وان بۆ شەڕ) (پیرەژن وتی من موسوڵمانم ئەمەوێ لەم ئاوە بپەڕمەوە. پیرەژنی سەگ، چەقۆیەکی ژڵی لە باخەڵی دەرهێنا لەسەر دڵی عەبدوڵلا رای کێشا و. عەبدوڵلا مرد. خالید لە نزیك ئاوەکەوە تەسلیمی کرد، ئێستاش مەرقەدی عەبدوڵلا مەشهورە بە سولتان عەبدوڵلای عەرەبی.[411]

لەم بڕگەیەدا دەتوانین ئەم خاڵانە لێك بدەینەوە:

أ – رۆژبەیانی دەڵێ: لە کتێبە جوگرافی و مێژوویییە کۆنەکاندا ناوی (بانە)مان دەست نەکەوت، بێ گومان دامەزراندنی ئەم گوندە –ئەم شارۆچکەیە –ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتی ئەردەلا ن و موکریان.[412] واتە زۆر کۆن نییە.

ب – وەکو پێشتر باسمان کرد ئەنەسی کوڕی مالك نەگەییۆتە کوردستان و لە بەسرەوە باتر نەهاتووە لەوێ

---

[410]. فتوح سواد العراق: ص. وڵاتگیری رەشەخاك، ل41.

[411]. کوردستان و ئاینی ئیسلام: ل130–131.

[412]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق : ل41 پەراوێز .

مردوە. وە هەرگیز ئورمیەی نەبینیوە و بۆی نەچوە.

ج – دەڵێ فەرمانی دا بەو چوار سەرکردەیە کە هەموو خەڵکی بانە بکوژن و ماڵەکانیان تالان بکەن. لە بەشەکانی پێشودا بۆمان دەرکەوت کە خەلیفە عومەر چەند توندوتیژ بوە بەرامبەر ستەم و زوڵم کردن و کەس نەی ویراوە خوێنی بە ناهەق برێژێ، ئیتر هەرکەس بوو بێت.

د – دێی سماقوڵی: ئەم ناوە تورکییە هی دەورانی پاش سەلجوقییە و هی دەوڵەتی تورکمانەکانە.

هـ – دەڵێ لە شەڕی سماقوڵی دا زرار و قەعقاع و مقداد و وائلەی فەرماندە دەکوژرێن، بابزانین وایە:

1– قەعقاع کوڕی عەمر تەمیمی یەکێك بوو لە پاڵەوانەکانی ئیسلام لە یرموك و دمشق و شام و باشوری عێراق بەشدار بوو، پاشان هاتە جەلەولا و چوو بۆ خانەقین و نەهاوەند، ئیتر دوای ئەو خەتە گەڕایەوە لە کوفە دانیشت، هەتا جەنگی سەفینی سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەستی پێ کرد، دایە پاڵ ئیمامی عەلی و نەهاتوەتە کوردستان هەر لە کوفە ساڵی (40) کۆچی مرد.[413] نەك ساڵی 25ی کۆچی لە بانە بکوژرێ وەکو ئەو کتێبە هەڵبەسراوانە باسی دەکەن.

2– زرار کوڕی ئەزوەری کوڕی ئەوس کوڕی خەزیمە، لە شەڕی یەرموك دا بەشدار بوو، ئەویش نەهاتوەتە کوردستان سەیری (الاصابة) بکە دەڵێ ئەزوەر لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو، کە لە دژی موسەیلمەی کەزاب کردیان، ئیمامی بوخاری لە (تأريخ الكبير) دا دەڵێ زرار لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکردا شەهید بووە، واتە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا. نادر کریمیان لە تعلیقاتی فتوح سواد العراقی فارسیەکەدا، ل248 دا دەڵێ (تمام این اخبار مشوش و قابل تکذيب است، زيرا ضرار بن ازور به قول بيشتر محدثين و مؤرخين به سال 11هجری قمری در واقعه يمامه به شهادت رسيده.)، ئەمە دوەم جارە لەم کتێبانەدا زراریان دا بە کوشت، بەڵکو خۆی پێش (13) ساڵ پێش ئەم روداوە شەهید بووە!

3– مقداد کوڕی ئەسوەدی کەندی هاوڕێی پێغەمبەر(ع) ساڵی 37 پێش کۆچی 587ی زاینی لە دایك بوە، پێغەمبەر بە کوڕی خۆی دای نا بوو، ئەم و ئەبوبەکر و عەمار و دایکی و سوهەیب و بیلال، بە پێغەمبەرەوە حەوت کەس بون کە ئیسلام بونی خۆیان بە ئاشکرا راگەیاند.[414] لە جەنگی بەدر پاڵەوانترین کەس بوو، ئەم بوو کە بە پێغەمبەری وت ئێمە وەکو گەلی موسا ناڵێین خۆت و خوا برۆن شەڕ بکەن ئێمە لێرەوە سەیر دەکەین، بەڵکو دەڵێین لە پێش و پاش و بەرو پشتەوە شەڕ دەکەین و دەت پارێزین. ئەم قسەیە دەم و چاوی شیرینی پێغەمبەری روخۆشی ئەوەندەی تر گەشاندەوە، بوخاری ئەم فەرموودەیەی لە سەحیحی خۆی لە ئەبونعیم هێناوە.[415] لە جەنگی مریسع و غابەو حودەیبییەو خەیبەر و قوبری بەشداری کرد. هاوڕێی معاویە بوو.[416] (28) فەرمودەی ریوایەت کردوە، لە ساڵی 33ی کۆچی 653ی زاینی لە شاری مەدینە لە سەردەمی خەلیفە عوسمان دا وەفاتی کرد لە تەمەنی70ساڵیدا. کەچی لەو کتێبە درۆینە هەڵبەسراوانەدا دەڵێ هاتوەتە کوردستان لە دۆڵی هیران و سماقوڵی و کەپکی حەمەد ئاغا شەهید بوە! بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە الاصابة: عسقلاني، ج3ص454. صفة الصفوة: ابن جوزی، ج1ص167. حلية الاولياء: ابن نعيم الاصفهاني، ج1ص172.

4– وائلە کوڕی عەمرو یەمەنی: کەسێك بەو ناوە لە هیچ کام لە کتێبی ژیان و مێژوو نەهاتوەو نیە جگە لە (اصابة[417])دا هاتوە بە ناوی وائلە کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەمر لەیس کە باوکی ئەبی تفەیل عامر بوو، لە تایفەی

---

[413]. الاصابة في تميز الصحابة: ابن حجر العسقلاني، ج3ص239.

[414]. دلائل النبوة: البيهقي، ج1ص274.

[415]. دلائل النبوة: البيهقي، ج2ص234.

[416]. فتوح البلدان: بلاذري، ص223.

[417]. الاصابة في تميز الصحابة: ج3ص627.

کنانە و لەوە زیاتر هیچی لەبارەوە نیە، بەڵام رۆژبەیانی دەڵێ: بە گوێرەی مێژوەکان ئەم کابرایە لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسماندا ژیاوەو ساڵی 98–105ی کۆچی لە شام مردوە، بەڵام لە ساڵانی 18 –25 دا لە شەڕەکانی کوردستاندا نەبوە.[418]

و– دوعای خالید لە کورد و خەڵکی بانە شتێکی راست نیە، خالید چی ویستبێ بەهێز کردویەتی، پێ ناچێ دوعای ناهەق لە خەڵکی بێ تاوان بکات و بەو جۆرە خراپ ناویان ببات، ئەوان وەك پیرو ژن و منداڵ و حەیوانیان نەکوشتوە و، دار و باخیان نەبڕیوەو، کانیان پڕ نەکردوەتەوە، دوعای خراپیشیان لێ نەکردون، ئەو نەهاتوەتە کوردستان، کە هاتوو هێنایان، چی بوختانی تریشە بۆیان هەڵدەبەستن.

ز– ئەگەر سوپایەك لە جەنگدا بێت، ئامادەیی هەموو فێڵ و تاکتیکێکی هەیە، نەك ئافرەتی روت ببینن بە سەرپۆش و چەفتە سەری خۆیان داپۆشن و ئەوانیش بێن وەکو مریشك بگرن ئاوا بیانکوژن. ئەمە بوختانێکی هەڵبەستراوە.

ح– کوژرانی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر لەو جێیەدا درۆیەکی روتە، عەبدوڵڵا مردوە، شەهید نەبوە، لە مەدینە ناشتویانە نەك لە قەرەچۆغی کوردستان، ساڵی (64)ی کۆچی نەك ساڵی 25ی کۆچی لە سەردەمی ئەمەویەکاندا دا نەك لە سەردەمی عومەری باوکی دا. وە خەلیفە عومەر ساڵی 23یکۆچی وەفاتی کرد نەك 21ی کۆچی. ئەمە کوێی راست بوو.

لە بڕگەیەکدا ئەم هەموو هەڵەیە چۆن دەکرێ. دیارە ئەمە نووسینی کەسێکی ساکار و سادەیە، یان هی کەسێکی زۆرزانە ویستویەتی بۆ ماوەی سەدەیەکیش بوە خەڵکی بەو درۆ و دەلەسانە بخەڵەتێنێ، هەم دڵی کوردان لە سوپای ئیسلام رەش بکات کە ئەو هەموو کوردەیان قەتڵ و عام کردبێ و ماڵ و سامانیان تاڵان کرد بن، هەم دڵی موسوڵمانان لە کورد زویر بکات کە بۆچی نەهاتوون بە دەم سوپای ئیسلامەوە.

بەڕای من ئەم سپاردەیە دەستنووسە (فتوح سواد عیراق)، نووسراو بوختاننامەی سێ کەسە، سەرسەخترین دوژمنایەتی ئیسلامەو فەتحی کوردستانیان کردووە لە لایەن سوپای ئیسلامەوە کە ئەوانیش (مێجەرسۆنی بەریتانیو حسێن حوزنی موکریانیو مەلا سەعیدی سنەیی کە دواتر دەبێتە گاورو ناوی خۆی دەنێت میرزا سەعیدو پاشتر دەبێتە دکتۆر سەعیدو زاوای قەشە شەمعون لە هەمەدانو پاشتر شیعری هورمزگان دەنووسێتو دەڵێت ئەمە شیعری سەردەمی یەکەمی ئیسلامەو پاشتر بە یارمەتی حسێن حوزنی موکریانیو مێجەر سۆن کتێبی فتوح سواد عراق دەنووسنو بە ناوی واقدیەوە دەیخەنە دیوەخانی مەلا سەمەدی مەرگەییو لەسەر پەڕە کۆنی وا دەینووسن کە گومان نامێنێت ئەمە زۆر کۆن نەبێت، کاتێك ئەو کتێبە لەلایەن سێ کەسەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبیو فارسیو کوردیو دەیان هەزاری لێ بڵاودەکرێتەوە، هەر خۆیان نوسخە ئەسڵیە سپپارەکەی ماڵی مەلا سەمەد دەفەوتێنن، ئەو سێ کەسە کاری زۆریان دژی ئیسلام هەیەو لە یەك سەردەمدا ژیاون. بڕوانە مەلای خەتێ، حەسەن مەحمود حەمە کەریم، ل 86 ـ 89.

---

[418]. وڵاتگیری رەشەخاکی عێراق، ل30.

بەشی هەشتـەم

أ- کوژرانی یەزدگورد پادشا و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی فارس

* یەزدگورد بەرەو خۆراسان هەڵدێت
* شاری ئەســتەخــڕ
* شاری کرمـــان
* هەرێمی خۆراسان
* شاری مــــەرۆ
* نامەی یەزدگورد بۆ خاقانی تورك و چین
* کۆتایی پاشای کڵــۆڵ

ب- شەهیدکردنی خەلیفە عومـەر

* گێژەڵۆکەی شەڕو هەڕەشـــە
* مـژدەی شـەهیدی
* پلانێک ی سێ لایەنە
* چۆن لە خەلیفە عومەر درا
* سیاسەتێکی سەیر بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە

یەزدگورد بەرەو خۆراســـان هەڵ یێت

سەیرترین ژیانی پادشایەك ژیانی یەزگوردی پاشای ئێران بوو، منداڵێکی (21) ساڵە بوو کردیانە پادشا، بە مەرجێ سەدان پاشاو ئەمیر و پیاو ماقوڵ و سەرکردەی سوپای وەك رۆستەم و فەیرۆزان و هورمزانیان هەبوو، بەلاَم ئەو سەرکردانە بە قسەی فارسەکان خوێنی خوایەتی لە رەگەکانیاندا نەئەسوڕایەوە، زۆر گەڕان، وەکو لە شوێنێکی تردا بە درێژی باسم کردوە[419]. زۆر گەڕان بۆ کوڕە پاشایەك، هەتا ژنە شایەك وتی من کوڕێکم هەیە لە خاڵوانی شاردومەتەوە، بەلاَم منداڵە. وتیان بیهێنە قەیدی نیە، بە مەرجێ ئەو خوێنە لە رەگەکانیدا بسوڕێتەوە، هێنایان. کردیانە پادشای یەك ئیمپراتۆری حەوت مەملەکەتی. ئەو هەموو پیاو ماقوڵ و سەرکردە و ئەمیرانە کەڵکیان نەخوارد، (باز) بەسەر ئەم منداڵە عەقڵ منداڵەوە نیشتەوە، کە لە لەلە و رەحم و سۆزی باوك و دایکی دوور بوە، کەسێکی توڕە و کەللە شەق و خۆ فەرزکەر دەرچوە. ئەمەیان کردە پادشا، ئێستە شارە و شار رادەکات، چەند هەزار کەس و سەدان ماین و بارهەڵگری خەزێنە و زەخیرەیەکی زۆری مجوهرات و جل و بەرگ و کەلوپەلی پێیە، ماقوڵانی کۆشکی شا و پیاوە ئاینیەکان و ژنانی پادشایان و ماڵ و منداڵ و ئەمیر و خێزانەکانیانی لەگەڵە و دەیان پارێزێو هیچ زەویەك لەخۆناگرێ. لە (مەدائن) بردنیە (حەلوان)، لە حەلوان هەڵهات بۆ (رەی) و پاشان (هەمەدان) و پاشان لە (ئەسفەهان) جێگیر بوو، هەموو راکردنێکی زۆری لەوانەی پێیەتی لەگەڵی بوو کەمی دەکرد. زۆر نیە لە ئەسفەهانەوە، لە شکستی جەنگی نەهاوەند (فتح الفتوح)دا هەڵهاتوە و، رای کردوە بۆ شاری ئاینی (ئەستەخڕ)[420] بەڵکو بیپارێزن.

شاری ئەستەخڕ

شارە ئاینیەکان لە مێژوودا درەنگ دەگیران و خەڵکی خۆیان بۆ دەدا بە کوشت. فارسەکان زۆر زۆر بون موسوڵمانەکان (17) هەزار بون.

ئەبوموسای سەرکردە وتی: با هەمووومان چەند جارێك بە دەنگی بەرز هاوار بکەین (الله اکبر)، هەر دووجار بوو، هەر ئەوەندەیان زانی ئەو سوپا زۆرە وردە وردە و تیپ تیپ خۆیان لە شاردا ون کردو لەو دیوی شارەوە هەڵهاتن. چی هەیە بەرامبەر الله اکبر بوەستێ.

شاری کرمان

یەزگورد وتی: بەڕای من دوورترین شار (کرمانە). کەچی لەوێش خۆی نەگرت، بیری لە خۆراسان کردەوە.

ئیبن ئەعسەم دەڵێ: (کە لە کرمان بوو، یەکێك لە ماقوڵانی شار کە ناوی بندوە کوڕی سیاکوس بوو ناودارترین پیاوی شار بوو، هاتە لای یەزدگورد، سەلامی لێ کرد و دوو قسەی لەگەڵدا کرد، یەزدگورد وەلاَمی

---

[419]. سوپای ئیسلام دەگاتە سنوری کوردستان: حسن محمود حمەکریم. ل16. 1997.

[420]. ئەستەخڕ : ئەم شارە ماڵێکی ئاگری تیا بوو سەدان ساڵ بوو نەکوژابویەوە، هەر ناوچە و شارێك ئاگری تایبەتی خۆی هەبوو، سەرەتای سەدەی سێیەمی میلا دی ولاَتی فارس و میدیا لە فەوزاو شۆڕن و ئاژاوەدا بوو، هەر شوێە و کەسێ دەیبرد بەڕێوە، گرنگترین ناوچە ئەمارەتی شاری ئەستەخڕبوو، خێزانێکی کۆن پاشایەتیان دەکرد . (ساسان) کە ژنێکی لە خێزانی پادشایان هێنا بوو، بویە پادشا، پاشان کوڕەکەی (بابك) هات دوای خۆی (ئەردەشێری) کوڕی دانا بە پادشا، ئەمە ساڵی212 ی زاینی بوو، ئەردەشێر سنوری فراوان کرد، هەرێمی کرمانی فراوان کرد هەتا لێواری کەنداوی (عەرەب – فارس) هێنای، پاشان هێرشی کردەسەر خاکی (بابل) و (میدیا) و (همدان) ـ کوردستان ـ ی گرت، پاشان چوە سەر ئازربایجان وئەرمینیا و میسان وحیرە، بەم جۆرە شاری (ئەستەخڕ) بویە پایتەختێکی ناودار و بەناوبانگ و خۆش بوو، بو بە شارێکی پیرۆز لە مێژووی ساسانی دا، بو بە ئیمپراتۆریەتێکی فراوان و بەرامبەر ئیمپراتۆریەتی رۆم (بیزنطی) وەستا، ئەستەخڕ دوور بوو، پایتەختیا ن گواستەوە بۆ شاری (مدائن)، سەرەتا ولاَت چوار ویلایەت بوو، دوای سەدەی پێنجەم حاکمی ولایەتەکان نانونرا (مەرازبە) کە بە (شاه) ناو دەبران، هەمویان لە خێزانی شاهەنشاه بوون، تەنها شاهەنشاه دەیتوانی دایان نێ و لایان بات، وردە وردە ئەمیر و منداڵ و خێزانی ساساذ یەکان بونە دەرەبەگ و مالیك و هەموو زەویە بەراو و ئاودارەکانیان دابەش کرد بەسەر خۆیاندا و، جوتیاران بونە وەرزێر و خزمەت کاری ئەوان .

نەدایەوە، لە خەفەتی گیرانی شاری ئەستەخر، بەڵام (بەندوە) پێی ناخۆش بوو، تورە بوو، وتی: ئەی پاشا، قسەت لەکەڵ دەکەم، وەڵام نادەیتەوە، تۆ سەیر نیت، ئێمە سەیرین شتی وەك تۆمان کردوەتە پادشا، دەستی کێشا بە قاچی داو لەسەر کورسیەکەی رای کێشایە خوارەوە بۆ سەر زەوی. ئەمە یەزگورد و ئەوانەی دەورو بەر و خاوخێزانەکانی هێنایە گریان. یەزگورد وتی مەگرین گریان بۆ ژنە، موسیبەت تەنها توشی پیاو دەبێت، دەبێ سەبرمان هەبێ هەتا دەرومان لێ دەکرێتەوە. ئەنجا داوای کرد ماینەکەیان بۆ ئامادە کرد، هاواری کردە هاوڕێ و هاوکارەکانی و خزمانی و دەست وپێوەندی، سوار بوون و، دەرچوون بەرەو خۆراسان.[421]

(بروکلمان) دەڵێ (یەزدگورد) روی کردە کرمان، بەڵام چونکە مەرزبانەکەی لوت بەرز دەبێ، یەزدگورد خۆی تێناگەیەنێ. مەرزبانەکەش تورە دەبێ و فەرمان دەدات کە بە هەردوو قاچی رای کێشن و پێی وت: (تۆ هی ئەوەنیت کوێخایەتی دێیەکت بدەنێ، نەك پاشایەتی مەملەکەتێك. ئەگەر خوا بیزانیبایە چاکەت تیا هەیە، بەم دەردەی نەدەبردی.) یەزدگورد بە سوك سەیرکردنەکەی شاری (رەی) بیر کەوتەوە، بۆیە کەوتەڕێ بۆ (سجستان)[422] پاشای ئەوێ رێزی لێ گرت و خزمەتی کرد، کەچی لەوانیش داوای باج و خەراجی کرد، ئەویش نەیدایە و رقی هەڵسا. ناچار روی لە خۆراسان کرد.

هەرێمی خۆراســان

خەڵکی خۆراسان هەرچەندە بە خۆشیەوە پێشوازیان لێ کرد بەڵام یەك کەسیان وەڵامیان نەدایەوە بۆ جەنگ.[423] خۆراسان دورترین هەرێمی ئێرانە، بەرەو شاری (مەرۆ) رۆیشتن، خەڵکی خۆراسان هەندێ پێشوازیان لێ کرد، بەڵام هەر زوو پشتیان بەردا. یەزدگورد رێك وپێك ئەو دەردەی بەسەر داهات کە (دارا)ی پاشای ئێران پێش نزیکەی هەزار ساڵ لە وەوبەر بە سەری‌دا هاتبوو. ئەویش (ئەسکەندەری مکدۆنی) شار بەشار هەر لە شامەوە راوی نا هەتا لە نزیك خۆراسان بە کوشتی دا.[424]

ئێستا یەزدگورد چوار هەزار ئەسپ سواری لەگەڵدایە، بەڵام هیچیان بۆ جەنگ ناشێن. ناتوانن بەری کاروانێکی جەردە بگرن. هەموی نووسەر و چێشتکەر و نۆکەر و ژن و خێزان و منداڵ و پیرو گەورانی ساسانیەکان بوو، تەنانەت خواردنی تەواو و پێویستیان لەگەڵ نەبوو بەشیان بکات. هەرچی خەزێنە و مجوهرات و پول و پارەی هەزار ساڵەی پاشاکانی ساسانیە باری کردوە و رایان دەکرد، موسوڵمانەکانیش لە بەرەو پێش چون دان، لە شاری کرمان نزیك بونەتەوە.

شاری مەرۆ

ئیبن ئەعسەم دەڵێ: یەزدگورد کرمانی بەجێ هێشت، روی کردە خوراسان، بەرەو شاری (مەرۆ)ی پایتەخت کەوتەڕێ. (مەرۆ) و (شاهجان) دوو شاری گەورەی خۆراسانن و پایتەختی هاوین و زستانەن. کە خەڵکی شار ئەو هەواڵەیان بیست، هاتنە رێگەی، نەیان هێشت بێتە شار و پێیان وت: (تۆ شومیت. نەگبەتیت بە دواوەیە.) پاشان نامەیان بۆ پاشای (توران) کە ناوی (تەختاخ) بوو نووسی بەم جۆرە: (پاشای عەجەم هەڵهاتوە بۆ لامان بەڵام ئێمە پێویستمان پێی نیە، تۆمان لا بەرێزترە، حەز دەکەین تۆ بێیت و بیکوژیت، بۆ تۆ باشترە لە کۆڵمان بکەیتەوە و وڵاتمان لێ بحەوێنیتەوە) تەختاخ بە سوپایەکی زۆرەوە هات بۆ (مەرۆ) " کە یەزدگورد ئەوەی

---

[421]. کتاب الفتوح: ابي محمد احمد بن اعثم الكوفي،المتوفي سنة 314ه. ج2ص74. بيروت، دارالندوة الجديدة.

[422]. سجستان: دەکەوێتە خوا روی شاری هیرات لە ئەفغانستانی ئەمڕۆ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە معجم البلدان .ج5ص37، و اثار البلاد واخبار العباد: القزويني، ص201.

[423]. تأريخ الشعوب الاسلامية: كارل بروكلمان. ص104، الطبعة السابعة، بيروت، دارالعلم للملاين 1977.

[424]. شەڕەکانی ئەسکەندەری مکدۆنی: پلوتارك، ورگێڕانی لە روسیەوە جلال تەقی .ل12-30، 1973.

بیست، به تەنها به شەوی تاریك هەڵهات و ماڵ و منداڵی هەڵنەساند. وتی با ئەوان بەبێ من تاوێ بۆ خۆیان بحەوێنەوە. کەسی نەبرد، خۆی گەیاندە ئاشێکی قەراغ چەمێکی خوڕ، پیاوێکی پیری لێ بوو، یەزدگورد کە گونیەیەکی پێ بوو، پێی وت: ئەمشەو دەمەوێت لات بمێنمەوە، بەڵکو بمشاریتەوە و نەهێڵی کەس پێم بزانێت، پارەت دەدەمێ، ئەو سوپایەی کە دەڵێن هاتوە، بە دوای مندا دەگەڕێن. ئاشەوان جێی کردەوە و بردیە ژوورێکی پشتەوە داینا. ماوەیەك بۆ خۆی خەوت.[425]

خزری بەگ دەڵێ: (یزدگورد چوو بۆ خۆراسان، لە مەرۆ جێگیر بوو ئاگری فارس مەجوسی و ئاگر پەرست، ئەو ئاگرەی کە لە شاری رەی لەگەڵ خۆی هێنابوی، بەردەوام شارە و شار دەی گێڕا، هێنایە مەرۆ، هەتا هەستی مەجوسیەکانی پێ بجوڵێنێ و شەڕی بۆ بکەن. لەوێوە نامەی نووسی بۆ ئەو پارچانەی کە ماون و تەسلیمی موسوڵمانەکان نەبوون، لە دەوری کۆببنەوە.)[426]

ئیبن مەسکویە دەڵێ: (عەبدوڵڵا کوڕی عامر لە بنکەی سەربازی سەرەوە دەرچوو بۆ رزگارکردنی خۆراسان، شاری نیسابور و طوس و نسای گرت و گەیشتە سرخس، پێشەنگی سوپاکەی ئەحنەف کوڕی قەیسە[427] تەبەری‌و ئیبن ئەسیر دەڵێن: ساڵی 22 کۆچی خۆراسان فەتح کرا.[428] یەزدگورد دەگەیشتە هەر شارێك خانویەکی ئاگری دروست دەکرد، بەڵام تەواو نەئەبوو راویان دەنا ئێستە لە (مەرۆ) خەریکی دروست کردنی ئەو خانوەیە، نامەی نووسی بۆ خەڵکی فارس و قوهستان یان کوهستان پەیمان بشکێنن و بدەنە پاڵ ئەم.[429] کە بیستی سوپای ئیسلام نزیك بونەتەوە، شاری (مەرۆ)ی بەجێ هێشت و چوو بۆ (مروروز).

نامەی یەزدگورد بۆ خاقانی تورك و چین

خزری بەگ دەڵێ: نامەی نووسی بۆ(خاقانی پاشای تورك و، پاشای مەسعەد و پاشای چین.) ئەحنەف کوڕی قەیس چوو بۆی ، یەزدگورد شاری (مروروز)ی جێ هێشت و هەڵهات بۆ (بەڵخ)، ئەحنەف تیپێکی لە سوپای بۆ ناردن لە قەراغ ئاوی (جەیحون) گەیشتن پێی، پەڕیەوە، ئەگەر سوپای کوفە زوو فریا بکەوتنایە دەیانگرت. ئەحنەف نامەی بۆ عومەر نووسی کە بپەڕێتەوە بۆی، عومەر رازی نەبوو، لەو سەرکەوتنانەدا وەسفی ئەحنەفی کرد کە بەبێ دەنگی زۆر چوەتە ناوەوە و وتی: (هو سید اهل المشرق، المسمى بغير اسمه) عومەر نامەیەکی بۆ نووسی بەم جۆرە: (كتاب الى احنف بن قيس : اما بعد فلا تجوزن النهر، واقتصر على ما دونه وقد عرفتهم بأي شئ دخلتم على خراسان، فداوموا على الذى دخلتم به خراسان، يدم لكم النصر، واياكم ان تعبروا فتنفضوا.)[430] پاشان دوای فەتح کردنی تەواوی خۆراسان وتی: (لوددت انى لم اكن بعثت الى خراسان جنداً، ولوددت انه كان بيننا وبينها بحرا من نار.)[431] نامەی پێشوتر بۆ ئەوە بوو، نەوەك لەزەت‌و خۆشی سەرکەوتن گێژیان بکات و بچنە ناوەوە بۆ پشتی وڵاتی فارس. ئەحنەف لە قەراغ روباری جەیحونەوە گەڕایەوە بۆ شاری (مەرۆ). عومەر ناهەقی نەکرد، ئەگەر سەیری نەخشە بکەیت زۆر رۆیشتون، هێڵی هاتوچۆ فراوان بوە، سوپا دابەش بوە بەسەر ناوچەیەکی دوور و فراواندا، شام وعێراق و قەوقاز و میسر بۆ سنوری چین و تورکمنستان. عومەریش دووربین

[425]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي. ج2ص75.

[426]. محاضرات في تأريخ الامم الاسلامية: الشيخ محمد خضري بەگ. ج1 ص226. مصر 1969.

[427]. تجارب الامم: ابوعلي مسكوية الرازي. ج1ص253، حققه و قدم له الدكتور ابوالقاسم امامي. دار سروس للطباعة والنشر. طهران 1987.

[428]. تأريخ الامم والملوك: الطبري، ج3ص244، الكامل في التأريخ: ابن اثير. ج3ص12.

[429]. قادة فتح بلاد فارس: اللواء الركن محمود شيت خطاب، ص221.

[430]. رسائل الفاروق: عبدالطيف الجبوري. ص128، رسالة رقم 230.

[431]. قادة فتح بلاد فارس. ص223.

بوو، دەیزانی ئەمە وا ناڕوات. یەزدگوردیش دەیویست جەنگ فراوان بکا و سنوری زیاد بکات، گەورە کردنی جەنگ ماوە بە یەزدگورد دەدا زیاتر بژی. دەیویست دەستی چەند میللەتێکی تریشی تێ بگلێنێ و لە موسوڵمانەکانی هان بدات، فارسەکان جەنگیان بۆ نەکرد، نەخوازەڵا تورك و چین کە باوەڕیان بە جەنگەکە نەبوو، دواتر ڕووداوەکان دەری دەخات کە عومەر چەند زیرەك و ووردبین بوو، پشتی ئەم فراوان بونەی دەبینی، کە ئەگەر میللەت دانەمەزرێنێ چی بە دواوەیە! خاقان سوپای هێنا بۆ یاریدەی یەزدگورد، بەڵخیان بڕی و هاتنە ئەمبەری ڕوبار، سوپای کوفە لە خۆراسان ناچار بوون بکشێنەوە بۆ (مروروز). خاقانی چین بە یەزدگوردی وتبوو لە نامەیەکدا. (پێویستی سەر شانی پاشایانە کە بەدەنگ هات و هاواری پاشایانەوە بچن، کاتێ کە پێ دەگیرێن. من وا لە تۆ تێ گەیشتوم کە باسی کەمی ئەوان و زۆری خۆتانم بۆ دەکەیت! ئەو کەمەی کە لە زۆریاندا ناگەنە نیوەی ئێوە!! لەوە دەچێ چاکی ئەوان و خراپی ئێوە بێت، بیستومە ئەوانە پەیمان بەجێ دەهێنن، بانگتان دەکەن بۆ یەکێك لەو سێ شتە یان چونە ناویان، یان باج و جزیە، یان شەڕ. ئەوانە دڵسۆزترین کەسن بۆ سەرکردەکانیان، ئەوانە گەلێکن هەرگیز لەناو ناچن، من دەتوانم سوپایەکت بۆ بنێرم، کە سەرێکی لە مەرۆ بێت، سەرێکی لە چین، بەڵام ڕەوشتی ئەو نەتەوەیە جۆرێکە، ئەکەر بیانەوێت کێویش لەبن دەهێنن و، ئەگەر دەستەیەکیان بێنەسەرم، منیش لە ناو دەبەن. لەبەرئەوە باشترین شت ئەوەیە لەگەڵیان ڕێك بکەویت، هەر بە ئاشتی لەگەڵیان بگونجێ. هێرش مەکە سەریان. با هێرش نەکەنە سەرت.)

لە بەڵخەوە سوپای چین و یەزدگورد بەرەو (مروروز) هاتن. ئەحنەف ناچار بوو بە سوپاکەوە لە شار دەرچێ و لەو دەشتە هەڵبدەن. بۆ بەیانی کۆی کردنەوە و پێی وتن: (ئێوە کەمن، وە دوژمنەکەتان زۆرن. ئەوە نەتان ترسێنێ. (کم من فئه قليلة غلبت فئه كثيرة باذن الله والله مع الصابرين). چاك ئێرەش بەجێ بهێڵن و، بچن پشت بنێن بەو شاخەوە، با ئەم ڕوبارە لە نێوان ئێوە و دوژمنەکەتاندا بێت. لەیەك ڕووەوە لێیان بدەن.)[432] ئەم فکرەیە لە شەوێکی گەڕانی ئەحنەف بەناو سوپاکەی دا دەستی کەوت، کە گوێی لێ بوو دوو کەس لە سوپاکەی خەریکن ئالف و کاوجۆ دەدەن بە وڵاخەکان، یەکیان بەوی تریانی وت: (ئەگەر ئەمیر پشتی بەو کێوەوە قایم بکردینایە، ئەوسا ڕوبار دەکەوێتە نێوان ئێمە و ئەوان، ئەوسا لە یەك ڕووەوە شەڕمان بۆ دەکراو، لەو بڕوایە دام خوا سەرمان دەخات.) ئەحنەف گەڕایەوە و کاری بەو فکرەیە کرد. سوپای ئەحنەف (20) هەزار بون، (دە) هەزاری کوفە و (دە) هەزاری بەسرە بوو، تورکەکان بە ڕۆژ وردە پەلاماریان دەدا و بە شەو دەگەڕانەوە، ئەحنەف خۆی و کەمینی تر دەردەچون بۆ دەورووبەری دوژمن و، وردە شەڕ و کوشتار دەبوو دەگەڕانەوە، زیانی گیانی زۆریان لە تورك دا. ئەحنەف گەڕایەوە سەربازگەکەی و، سوپاکەی، ئامادە کرد و، دابەشی کردن بۆ شەڕ، تورکەکان کە بەوەیان زانی، وایان بە چاك زانی کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، جگە زەرەر هیچ قازانجێکیان نەکرد دەشیان زانی کە سەرکەوتن لەگەڵ ئەوانەدا گرانە. بە تایبەت کە بیستیان خەلیفەکەیان داوای لێ کردون نەپەڕنەوە بۆ وڵاتی ئەوبەر ئاو، واتە بۆ تورك و چین. ئەمە یەکەم شەڕە کە یەزدگورد هەردوو دەوڵەتی تورك و چین دەعوەت دەکا و، هەر لەم جەنگەشدا بەشداری دەکەن، پاشان وازی لێ دەهێنن.

کۆتایی پاشای گڵۆڵ

کە یەزدگورد بیستی خاقان گەڕاوەتەوە بۆ (بەڵخ) و نیازیەتی تەواو بکشێتەوە لە وڵاتی فارس بۆ وڵاتی خۆی. ویستی خەزێنەکانی هەڵگرێ و بگات بە (خاقان). ئەو کاتە خەزێنەکانی لەو نزیکانە بوو، بەڵام فارسەکان نەیان هێشت، وتیان دەتەوێ چی بکەیت؟ وتی: (دەمەوێ بگەم بە خاقان و بچم بۆ چین.) وتیان ئەوە ڕایەکی خراپە. وتیان: (دەچیت بۆ لای گەلێك لە وڵاتەکەیاندا و، واز لە خاك و گەلت دەهێنی.؟ ئەی بۆچی نامان بەیت

432. طبري: ج3ص246، ابن اثير: ج3ص14.

بۆلای گەلێك لە وڵاتی خۆماندا، یا لەگەڵیاندا رێك بکەوین.؟ دوژمنێك لە وڵاتی خۆماندا، چاکترە لە وڵاتێکی دوژمن، کە ئێمە بچینە وڵاتیان، ئاینیان نیە و، نازانین وەفایان چۆنە بۆمان).

نە یەزدگورد بە گوێی میللەتی کرد، نە میللەتیش چون لەگەڵیدا. میللەت وتیان خەزێنەکان بەجێ بهێڵە با لە وڵاتی خۆمان بێت، مەیبەرە وڵاتێکی تر. لە وڵات دەریان مەکە. یەزدگورد بە گوێی نەکردن لەسەر رای خۆی سور بوو، ئەوانیش شۆڕشیان لە دژی کرد، زۆریان لە دەست و پێوەند و پارێزگارەکانی کوشت، زاڵ بون بەسەر خەزێنەکەدا، یەزدگورد رای کرد بۆ بەڵخ بگات بە خاقان، بەڵام نەگەیشت، ئەو زوتر گەڕابویەوە، ئەویش بەدوای دا چوو هەتا گەیشتە (مزغانە) پایتەختی تورکستان لە پشتی روباری جەیحونەوە، موسوڵمانەکان وتیان دوای بکەوین، ئەحنەف وتی وازی لێ بهێنن ولێرە مەجوڵێن. خەڵکی فارس و خۆراسان هەر هەموو رێکەوتن لەگەڵ موسوڵمانەکان هەموو خەزێنەکانی کسرایان تەسلیم کردن، ئەحنەف نامەی سەرکەوتنی بۆ عومەر نووسی.[433]

خەلیفە عومەر خەڵکی مەدینەی کۆکردەوەو وتارێکی بۆ خوێندنەوە بەم جۆرە: (ئەوا خوا دەسەڵات و موڵکی مەجوسی لەناو برد، پەرت و بڵاوی کردن، ئێستە لە وڵاتیان بەك بستیان بە دەستەوە نەماوە کە زەرەرمان پێ بگەیەنن، خوا ئێوەی کردۆتە وارسی خاك و موڵك و ماڵیان، هەتا بزانن ئێوە چی پێ دەکەن.؟ خوا کاری خۆی دەکات، پەیمانی خۆی بەجێ دەهێنێ. لە دین لا مەدەن، دەنا خوا ئێوەش هەڵدەگەڕێنێتەوە، یان بارودۆختان لێ تێك دەدات، کەسانی ترتان بەسەردا زاڵ دەکات، من ترسی ئەوەم نیە هیچ کەس بتوانێ زەفەر بە ئێوە بەرێت. بەڵکو ترسی ئەوەم هەیە لای خۆتانەوە زەرەرتان پێ بگات.)[434] شیت خەتاب دەڵێ: (لە پەلامارێکدا ئەگەر یارمەتی کوفە زوو بگەیشتایە، یەزدگورد دەگیرا، کە یەزدگورد چوە ئەوبەری روبار، یارمەتی زۆری بۆ هات، ویستیان مەرۆ بگرنەوە، ئەحنەف چوو بۆیان، هەموو ترسان‌و چونەوە ئەبەری روباری جەیحون. دووبارە یەزدگوردیان بەجێ هێشتەوە).

عومەر نامەی نووسیەوە: (خۆزگە ئەوان وایان نەکردایە، خەڵکانم نەناردایەتە سەر خۆراسان، خۆزگایە لە نێوان ئێمە و ئەواندا دەریایەك لە ئاگر هەبوایە.)[435] عومەر حەزی نەدەکرد ئەگەر یەزد ورد بیهێشتایە هەتا ئێرە بهاتایە. حەزی نەدەکرد لە عێراق تێپەڕ بێ، تەنانەت وەك بەلازەری[436] و مەسعودی[437] دەڵێن: لە جەنگی نەهاوەندا موسوڵمانەکان پرۆژەیەکی ئاشتەواییان خستە بەردەم یەزدگورد، بۆ ئەوەی جەنگی نەهاوەند روونەدات. بەڵام یەزدگـــورد وای ئەزانی ئەو داوایە لە کــــەمی موسوڵمـانان و زۆری ئەوانە بۆیە نەیکرد.

یەزدگورد زمانی گفتوگۆی نە ئەزانی. رازی نەبون. بەڵام کە شەڕ قەوما گەورەترین شکستیان بەسەردا هات، تەنانەت قەعقاع لە پشتەوە چوو بۆ هەمەدان و لە رێگە فیروزانی بینی هەڵدێت. بەری پێ گرت و داوای لێ کرد موسوڵمان ببێ. رازی نەبوو، قەعقاع ملی فیروزانی پەڕاند، کە سەرکردەی(150) هەزار سەربازی فارس بوو لە نەهاوەند.[438] بە ڕاستی جەنگی نەهاوەند چارەنووس ساز بوو، دوا رۆژی دەوڵەتی ساسانی دیاری کرد، ئەگەر یەزدگورد ژیر بوایە، بەوە وازی دەهێنا و، ئەم رۆژەی بەسەر نە دەهات، یەزدگورد هەمیشە ئاشتیەکانی موسوڵمانانی بە لاوازی دەزانی، بە عەقڵیەتی تاك رەوی خۆی بەرەنگاری دەبویەوە.

---

[433]. قادة فتح بلاد فارس: ص225.

[434]. طبري: ج3ص242، ابن اثير: ج3ص13.

[435]. قادة فتح بلاد فارس: ص243.

[436]. فتوح البلدان: بلاذري، ج1ص295.

[437]. مروج الذهب: مسعودي. ج2 ص323.

[438]. البداية والنهاية: ابن اثير. ج7ص116.

عومەر دەیزانی ئەگەر بپەڕنەوە ئەوبەری جەیحون، دەبێ هەمان شەڕوهەرا ئەمجارە لە نێوان (ئیسلام و چین) یان (ئیسلام وتورك) دەست پێ بكاتەوە، ئەوانیش بە هەمان شێوەی یەزدگورد خاوەنی هێز و سوپای زۆر و چەك و جبەخانە بوون، كە هێشتا بەكارنەهاتبون، ئەوان لە گەرمەی ژیان و گەنجی و دەوڵەت داری دا بون، سوپای چین و توركیش بە قسەی پاشاكانیاندا دیارە ژێر بوون، موسوڵمانەكانیان ناسی بوو، حەزیان نەدەكرد خۆیانیان پێ تاقی بكەنەوە، هەرچەندە خاقان ماوەیەك وەك هاوڕێیەك و، برایەتی دوو میللەت و ماڵی دراوسێ هاتن بەدەم یەزدگوردەوە و، لە ئاوی جەیحونیش پەڕینەوە، بەڵام كە دۆخەكەیان هەڵسەنگاند، زانیان كاری یەزدگورد تەواو بوە و لەگیانەڵڵادایە، میللەتەكەی خۆیشی لەگەڵی نیە، تەنانەت ئەوەندە زۆر بوون، سوپای كوفە لەبەردەمیاندا كشانەوە بۆ شاری (مروروز)، بەڵام خاقان گەڕایەوە و، داوای لە یەزدگورد كرد چاك ترین و دواترین هەل لەبەردەمیدا ئەوەیە لەگەڵ موسوڵمانەكان رێك بكەوێت و لە دەستی نەدات. ئەو گەنجینە و زێڕانەی یەزدگورد لە مەرۆ و شاهجانەوە هێنابونی، سامانێكی زۆری مەزنی دانیشتوانی فارس بوو، یەزدگورد ویستی هەڵیان بگرێ و خۆی بگەیەنێتە خاقانی چین، لەوێ پێكەوە بەیەكەوە بژین، بەڵام ئەو فارسانەی كە لەگەڵی بوون وتیان: رازیمان نیە، ئەمە كارێكی باش نیە، باش وایە بچینە لای ئەو موسوڵمانانە و لەگەڵیان رێك بكەوین. ئەوانە خاوەنی ئاین و پەیمانن، بۆ وڵاتەكەمان باشترن، یەزدگورد رازی نەبوو، ئەوانیش چی گەنجینەی پێ بوو لێیان سەند و وتیان رازیمان نیە ئەم هەموو شتە بەریتە وڵاتێكی بێگانە، وازیان لە یەزدگورد هێنا، نامەیەكیان بۆ ئەحنەف سەرداری ئیسلامی ناوچەكە نووسی. ئەحنەف رازی بوو، ئەمان بە سەلامەت هاتنەوە و ئەحنەف پێشوازی لێ كردن. یەزدگورد لە روبار پەڕیەوە و چوە (فرغانە). لە شاری (فرغانە) مایەوە و ژیانی پەناهەندەیی دەست پێ كرد لە خاكی چین دا، پاشان نوێنەری نارد بۆ لای (خاقانی چین).

ئیبن مەسكەویە دەڵێ: كە خاقان لە روبار پەڕیەوە، هەموو دەوروبەر و خزمان و خێزانی پاشاكانی ئال كیسرای لەگەڵدا پەڕیەوە، نوێنەری یەزدگورد چوو بۆ لای پاشای چین، كە گەڕایەوە یەزدگورد وتی چیت كرد.

وتی: كە دیاری و نامەكەم پێش كەش كرد، ئەویش ئەم سوپایەی نارد كە دەیبینی. پاشان پێی وتم: پێویستە لەسەر پاشایان فریای پاشایانی هاوڕێیان بكەون لە كاتی تەنگانەدا، بەڵام بۆم باس بكە هەندێ لە رەوشتی ئەو گەلە كە هاتونە سەرتان و، دەریان كردوون لە وڵاتتاندا. من دەبینم باسی زۆری خۆتان و كەمی ئەوان دەكەن، بەڵام ئەو كەمیەی ئەوان، دەگاتە ئاستی زۆری ئێوە و بە خێری ئەوان و زەرەری ئێوە تەواو دەبێ.

وتم: چی دەپرسی وەڵامت دەدەمەوە.

وتی: ئەگەر پەیمانێكیان داو بەستیان، وەفایان هەیە بۆی.؟

وتم: بەڵێ.

وتی: پێش ئەوەی پەلامارتان بدەن چیتان پێ دەڵێن.

وتم: بانگمان دەكەن بۆ یەكێك لەم سیانە: یان بچینە ناو ئاینیان، ئەگەر كردمان وەك ئەوانمان لێ دێ، یان جزیە دان و بمان پارێزن لە هەموو خراپەیەك. یان شەڕ.

وتی: ئایا گوێ رایەڵن بۆ سەركردە و ئەمیریان.

وتم: گوێ رایەڵ ترین میللەتن بۆ سەركردەكانیان.

وتی: حەرام وحەڵاڵیان چی‌یە.؟

بۆم باس كرد هەمووی.

وتی: ئەو گەلە هەرگیز نافەوتێن. مەگەر خۆیان بگۆڕێن!

ئەنجا ئەم نامەیەی بۆ تۆ نووسی. واتە بۆ یەزدگورد.

(هیچ مەنعم ناکات لەوەی سوپایەك بنێرم بۆ یارمەتیت، ئەوەڵەکەی لە مەرۆ بێت و کۆتاییەکەی لە چین. بەڵام ئەو گەلەی نوێنەرەکەت بۆی باس کردم، ئەگەر لە کێو بنەون دەیدەن بە زەوی دا، کۆمەڵێکیان بێنە سەرم لە ناوم دەبەن، مادام لەسەر ئەو رەوشتانە بمێنن. لەگەڵیان رێك بکەوە، هێرش مەکە سەریان با هێرش نەکەنە سەرت.)[479]

یەزدگورد لەگەڵ ماڵ و منداڵی لە شاری (فرغانە) بوو (نیزك ترخان) پاشای (سجستان) رێزی زۆری لە یەزدگورد گرتبوو کاتی خۆی، نامەیەکی بۆ یەزدگورد نووسی و خوازبێنی کچەکەی لێ کرد. یەزدگورد بۆی نوسیەوە: تۆ کۆیلەیەکی لە کۆیلەکانی من، چۆن وێرات خوازبێنی کچەکەم لێ بکەیت.؟

پاشان یەزدگورد بە نهێنی گەڕایەوە بۆ دەوروبەری (مەرۆ)، هەوڵیدا یارمەتی ئەو لێپرسراو و ئەمیرو و سەرکردە و پاشا هەڵهاتوانە بدات کە لە دەوری کۆبونەتەوە، بەڵکو ولاتەکەی بۆ بستێننەوە، ئەوانیش سەیریان لە بۆچوونی ئەم پاشایە دەهات، هەتا ئیمپراتۆرێکی بە دەستەوە بوو هیچی بۆ نەکرا، ئێستەکە بستێکی بە دەستەوە نەماوە بە تەمای چییە.؟ زۆر رقیان لێی هەستا. لەسەر ئەوە پێك هاتن بانگی بکەن وبیکوژن. سوکە سوپایەکیان کۆکردەوە، (نیزك ترخان) بۆ خۆی موسوڵمان دەبێ و پاشایەتیەکەی دەپارێزێ و لە یەزدگورد ئاقڵ تر دەبێ، شەوێك کلکی ئەسپەکەی یەزدگورد دەبڕن. تەواو شێت و هار دەبێ. لەگەڵ سوپای هەڵهاتوەکان و ئەوانەی خۆیدا هێرشێك دەکەن. زۆر خراپ تێك دەشکێن، لەپێشەوە هەڵگەڕاوەکانی هاوڕێی تیا دەچن. ئەوانەی دەوری خۆشی ئەوەندەی تر لاواز دەبن و دەوری چۆڵ دەکەن، یەزدگورد خۆی دەرباز دەکات. کەسی بە دەوردا نامێنێ. بەتاجە زێڕینەکەیەوە خۆی دەکات بە شاری مەروەدا بەڵام حاکمی شار (ماهویە) ڕازی نابێ کەس پێشوازی لێ بکات. ناچار تاجەکەی لا دەبات و دەیخاتە گونییەیەك و خۆی دەگەیەنێتە ئاشێکی ئاو لە قەراغ روبارێك. داوای خواردن لە ئاشەوانەکە دەکات و بایی (چوار) درهەمی دەداتێ، بەڵام بەشی پشیلەیەك دەکات. یەزدگورد بە ئاشەوانەکە دەڵێت: بە خوا راستیان کرد وتیان رۆژێك دێت خواردنەکەت بایی چوار درهەم دەبێ و بەشی پشیلەیەك دەخۆیت! ئاشەوانەکە بە بۆن و بەرامی دا زانی کە ئەمە کەسێکی ئاسایی نیە. بۆ شەوێ خۆی بە شەراب مڕ کرد، سەری وا گەرم ببوو بە ئاشەکەی وا دەزانی دیوەخانەکەی جاران و شاری مەدائنە. تاجەکەی لە گونیەکەدا دەرهێنا و نایە سەر سەری و دەستی کرد بە وڕێنە کردن. ئاشەوانەکە بەخەبەر هات، چوو لە پەنجەرەکەوەسەیری ژوری پشتەوەی کرد، دەبینێ کە شەوقی چراکە لە هەموو لایەکی تاجەکەوە بریق و باقی دێ. ئەو مجەوهراتە ئاشەوانەکەی هار کرد. ئارامی لێ بڕا. دەچێتە ژورێك و تەور و هەسانەکە دێنێ و چاك تیژی دەکات. تەورێك دەماڵێ بە گازەرەی پشتی ملی داو تاجەکە دەکەوێتە خوارەوە. دەیشارێتەوە، لە تەمەنی (38) ساڵیدا یەزدگورد دەکوژرێ. کە دەکاتە ساڵی 31 کۆچی 672 زاین. لاشەکەی فڕێ دەداتە ناو روبارەکەی پاڵ ئاشەکە و ئاو دەیبات! یەزدگورد دوو کوڕی لە دوا بەجێ دەمێنێ بە ناوی (بارام) و (فەیرۆز)، وە سێ کچی لە دوا بەجێ دەمێنێ بە ناوی (ئەدروج) و (شابانو) و (مەرداوەند)ەوە. هەر هەموویان لە چین دەمێننەوەو مێژوویان ون دەبێت.[440]

ئیبن ئەعسەم دەڵێ: (خەڵکی خۆراسان ناردیان بە شوێن تەختاخ پاشای تورکدا کە ئەو بێت یەزدگورد بکوژێ. تەختاخ بە سوپاکەیەوە هات. یەزدگورد کە خۆی شاردبویەوە لە ئاشێکی ئاودا، ئاشەوانەکە کوشتی، لاشەکەی فڕێ دابویە ناو روبارەکە، سوپای تورك زۆر گەڕان نەیان دۆزیەوە، لە ئاشەوانەکەیان پرسی وتی نازانم، سەربازێك لە ئاوەکەدا لاشەیەکی بینی خەبەری دا دەبینن خۆیەتی. ئاشەکە گەڕان تاج و گونیە و هەندێ

---

[479]. تجارب الأمم: ابوعلي مسكوية الرازي. ج1ص258.

[440]. مجلة (العربي) الكويتي. العدد 264.

کەل وپەلیان دۆزیەوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئاشەوانەکە کوشتویەتی، ئاشەوانەکەیان کوشت. پاشای تورکان بۆ یەزدگورد گریان، پاشای نیوەی جیهان پەنای بۆ ئاشەوانێك برد بێت، ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینی، شارێك کە جێی لە دایك بونی (ئاریە). شاری (مەرۆ). کەچی جێی پاشای ئاریان نەکردەوە. پاشای تورك داوای کرد، کفنی شاهانەیان بۆ هێنا، لە ڕێ و ڕەسمێکی بە شکۆدا، لە گۆڕستانی پاشایانی (مەرۆ) ناشتیان، هەواڵ گەیشتە خەلیفە عومەر ـ ڕەزای خوای لەسەر بێت ـ سوپاسی خوای کرد، نامەی نارد بۆ ئەبوموسا ئەشعەری و ئەحنەف، کە هەر لەو ناوەدا بوون. نامەی عومەر گەیشت تیا هاتبوو: بۆ ئەبوموسای ئەشعەری. نامەتان گەیشت، دەتەوێ دەرچن، بمێنەرەوە لە مەرۆ، جارێ خۆت دامەزرێنە، بۆ هەر وڵاتێك لەوانەی کە گرتوتە، پیاوێکی بڕوادار کە موسوڵمانان پێی ڕازی بن دابنێ و خۆت بگەڕێرەوە بۆ (بەسرە). واز لەو دیو خۆراسان[441] بهێنە، پێویستمان پێی نیە، خۆزگە لە نێوان ئێمە و خەڵکی بوخارا دا شاخێك هەبوایە لە ئاگر.)

عەلی کوڕی ئەبو تالیب وتی: بۆچی؟

عومەر فەرموی: (چونکە ئەو زەویانە دورن، ئێمە هیچ پێویستیمان پێیان نیە.)[442]

بروکلمان دەڵێ: (والیەکانی خۆراسان ئەمیری تورکیان لە یەزدگورد هان دا، بەم جۆرە دوا هیوای سەربازی لە دەست چوو، چوو بۆ مەرۆ ئەوانیش دەرگای شاریان لە ڕوی دا داخست، ناچار پەنای بردەبەر ئاشەوانێك، پاشای خۆراسان[443] ئەوەشی پێ ڕەوا نەبینی، کابرایەکی بۆ نارد لە ئاشەکەدا کوشتی بەو کوشتنە ساڵی 651 زاین سولالەی ساسانی لە ڕەگ هات.[444]

هەندێ پاش وپێش و تێکەڵی لە ڕوداوەکاندا دەبینی، بەڵام دەمەوێت هەموو لایەنی ڕووداوەکە لە هەموو دەقە مێژویەکاندا کۆبکەمەوە تا ڕای هەموویان ئامادەبێت و زۆرتر سوودی هەبێت.

بەم جۆرە کۆتایی بە ئمپراتۆریەتی فارسی ساسانی هات. ئەمە دەبێ چ نهێنییەك بێت کە سوپایەکی ژمارە کەمی چەك ونان و بەرگ، زاڵ دەبن بەسەر ئمپراتۆریەتێکی یەك ملیۆن سەربازی خاوەن چەك و جبەخانە و ئیدارەو پارەو پول و تاکتیکی جەنگی دا، ناویان لەسەر مێژوو دەسڕنەوە. بەبێ گومان تەنها بڕوایە و هیچی تر،

---

441. خۆراسان: یەکێکە لە هەرێمەکانی ئمپراتۆریەتی ساسانی (فارسی)، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵات .. لە مەڵبەندی ئمپراتۆر زۆر دوور بوو، چەند ڕێباز و کۆمەڵی ئ اینی تیا هەبوو، کە لەسەر ئاینی ڕەسمی وڵات نەبوون، خۆراسان ناوچەیەکی بازرگانی پێش کەوتوو بوو، کاروانی بازرگانی لێوە دەچوو بۆ (مەرۆ) و هێرات و نیسابور و لەوانەوە بۆ هەموو جیهان. پیشەسازی چنین و ڕستن و چەك و ئەسڵەحەی تیا بوو، لەبەر پێش کەوتوویی و دەوڵەمە ندی، هێزی زۆر و سەربازگەی یەزدگورد لێوە بوو، زۆر لە سەرکردەو ماقوڵان و میرو پاشا و ئاینیەکان لە ترسی سوپای ئیسلام لێوە کۆبوبونەوە. ایران في عصور الاسلامية الاولى:سیولر،ص207. ادارة خراسان: صالح العلى، مجلة كلية الآداب،ص315، 1972

442. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي. ج2ص75.

443. کوردەکانی خۆراسان: ئیستا لە خۆراسان زیاد لە یەك ملیۆن کورد هەیە زمانی ئاخاوتنیان لە دەست نەداوە، بە کوردی کرمانجی ژورو گفتوگۆ دەکەن، مەزهەبیان شیعەیە، لەم شاروشارۆچکانە دەژین: بنجورد، نەیسابور، سەبزەوار، قوچان، شیروان، دەرگەز، جاجرەم. لە خۆراسان (1600) گوندی کوردنشین هەیە، گەورەترین مەڵبەندی کۆبونەوەی کوردەکان مەشهەدە لە خۆراسان، (5) هەزار خێزانی کوردی دەوارنشینن و بە کۆچەری دەژین. لە ناو ئەم کوردانەدا خەڵکی بە توانای وەك ئەبوموسلیمی خۆراسانی کورد هەڵکەوتوە، دەوڵەتی ئەمەوی ڕوخاند و دەوڵەتی عەباسی دامەزراند کە پێنج سەدە و نیو دەسەڵاتی هەبوو . جگە لە ئەبومسلیم سەردار خوداوێردی خانی کورد کە لە سەرەتای بیستەکاندا دەنگ و هەرایەکی شۆڕشگێڕانەی دژ بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بەرپا کرد و بە یارمەتی بەلشەفیەکانی ڕوسیا توانیان تەنگ بە دە وڵەت هەڵچنن، بەڵام ساڵی 1920 کاربەدەستانی ڕوسیا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لە یارمەتی شۆڕشەکە پەشیمان بونەوەو ڕاپەڕینەکە شکستی خوارد لە کۆتایی دا خوداوێردی (ناسراو بە خدۆخان) و ئەلاوێردی برای لە (کودەسەنگی) مەشهەد لە سێدارە دران بە دەستی باوکی ڕەزا شای دیکتاتۆری تاران. ماڵ و مندڵەکەشی سەرگەردانی ئەوروپا بوون. کوردستانی نوێ: ژمارە 1619 لە 1998/5/25. ئەم کوردانە چۆن کەوتنە ئەم وڵاتانە، یان ئەم وڵاتانەش لە سەردەمێکدا سەر بە خاکی کوردان و حکومەتی کوردی بوە، وەك سەردەمی دەوڵەتی میدیا .

444. تأريخ الشعوب الاسلامية: كارل بروكلمان. ص104.

وەك وەسفی موسوڵمانانیان كرد بۆ هەرقل، وتی: ئەگەر وابن، ئەم جێ قاچانی منە دەگرن. كە وەسفی رەوشتی سەربازانی ئیسلامیان كرد بۆ خاقانی چینی. وتی: ئەو گەلە هەرگیز نافەوتێن، مەگەر خۆیان بگۆڕێن. ئەگەر لە كێو بنەون، دەیدەن بە زەوی دا. عومەر كە دەیناردن، جگە لەوەی كە دەیویست ئیسلام بگەیەنن زیاتر دەیویست نەگۆڕێن و لەسەر بیروڕای خۆیان بەردەوام بن، سەركەوتن بەوەوەیە، ئێستە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لە ئمپراتۆریەتی فارس دووقات فراوانتر بووە، نهێنیەكەی هەر ناواخنی ئەم نامانەی عومەرە كە بۆ والیەكانی دەنارد: (اما بعد، فأني امرك ومن معك من الاجناد بتقوى الله على كل حال، فإن تقوى الله افضل العدة على العدو، واقوى المكيدة فى الحرب، وامرك ومن معك ان تكونوا اشد احتراساً من المعاصي منكم من عدوكم، فإن ذنوب الجيش اخوف عليهم من عدوهم، ولولا ذلك لم تكن لنا بهم قوة،لأن عدونا ليس كعدوهم، ولا عدتنا كعدتهم، فإن استوينا فى المعصية، كان لهم الفضل علينا فى القوة. وان ننصر عليهم بفضلنا، لم نغلبهم بقوتنا. فأعلموا ان عليكم حفظة من الله، يعلمون ما تفعلون، فاستحيوا منهم، ولا تعلوا بمعاصى الله وانتم فى سبيل الله، ولا تقولوا ان عدونا شرّ منا، فلن يسلط علينا، فرب قوم سلط عليهم شرّ منهم، كما سلط على بنى اسرائيل لما عملوا بمساخط الله كفار المجوس (فجاسوا خلال الديار وكان وعداً مفعولاً) واسألوا الله العون على انفسكم كما تسألوه النصر على عدوكم، اسأل الله ذلك لنا ولكم.)[445] كۆمەڵێ وتەی جوان. خاقانی چین و هەرقلی رۆم و سەركردەكانی فارس و رۆستەم بەم شێوە موسڵمانەكانیان ناسیبوو بۆیە گومانیان نەبوو لەسەركەوتن و شكستی خۆیان.

هەمیشە كەمی چاك بەسەر زۆر و بۆردا سەردەكەوێت، خەلیفە عومەر _ رەزای خوای لەسەر بێت _ كەمێكی هەبوو لە هەموو شتێ، بەڵام فارس و رۆم زۆرێكیان هەبوو پڕ بە چەك و سوپا و پارە و توانا و سیاسەت و ئیدارە و هەموو شتێكی تر، كەمی عومەر پاك و تەواو و چاك بوون، بەڵام ئەو زۆرانە لە هەموو شتێك نوقسان بوون.

شەهیدكردنی خەلیفە عومەر

ئەحنەف وەسیەتەكەی خەلیفە عومەری جێبەجێ كرد، لێپرسراوی بڕواداری دانا بۆ ئەو ناوچانەی خۆراسان كە رزگاری كردوە. كەسێك بوون كە موسوڵمانان پێی رازی بوون. ئەبوموسای ئەشعەری ئەمیری بەسرە كە بە (دە) هەزار سەربازی بەسرەوە لە خۆراسان بوو گەڕایەوە بەسرە. سوپای كوفەش كە (دە) هەزار كەس بوون گەڕانەوە بۆ لای (عەماری كوڕی یاسر)ی ئەمیری كوفە. ئەبوموسا هەتا شەهیدبونی خەلیفە عومەر لە بەسرە مایەوە، بەڵام عەماری كوڕی یاسری لا برد و (موغەیرەی كوڕی شوعبە)ی خستە جێی. عومەر لە یاسری پرسی: پێت ناخۆش نەبوو لامان بردی.؟ عەمار وتی: سوێند بەخوا، نە دانانەكەم بە ئەمیر دڵخۆشی كردم، نە لا بردنەكەم خەفەتباری كردم!

موغەیرە سێ ساڵ لە كوفە مایەوە، وڵات گیری زۆری كرد، پاشان لابراو كەسێكی تر خرایە جێی، مغیرە گەڕایەوە مەدینە، غوڵامێكی سنعەتكار و دەست رەنگینی مەجوسی لەگەڵ بوو، ناوی (فەیروز) بوو، لەقەبەكەی ئەبولوئلوئە بوو، كۆن بازرگانێكی شارەزا بوو، ئێستە ئاسنگەرێكی دەست رەنگین[446]. عومەر بڕیاری دابوو، كە نابێ (سەبایا و ئەهلی زیمە) كە لەسەر ئاینی ئیسلام نین بێنە مەدینە پایتەختی ئیسلام و تیا نیشتەجێ بن. بەڵام موغەیرە كە لە فەتح گەڕایەوە ئەبولوئلوئە لەگەڵ بوو. مغیرە چوە لای خەلیفەی موسوڵمانان عومەر و تەكلیف و ئلحاحی زۆری كرد كە ئەبولوئلوئە لە مەدینە بمێنێتەوە و ئیشی بۆ بكات، چونكە زۆر شارەزا و

---

[445]. الخلفاء الراشدون: اعمال و احداث، د. امين القضاة ص53. مكتبة المنار، اردن، الطبعة الثانية 1989.

[446]. طبقات ابن سعد: ج7ص10.

دەست ڕەنگینە و هەموو سنعەتێکی ئاسنگەری و دارتاشی دەزانێ و سودی زۆر بە موسوڵمانان دەگەیەنێ[447]. عومەر موغەیرەی خۆش دەویست چونکە پێشینەیەکی چاکی هەبو لەگەڵ پێغەمبەر (ع) و ئەبوبەکردا. سەرەتا ڕازی نەبوو، ئەوەندەی وتەوە عومەر ڕازی بوو، وردە وردە ئەم ڕەچەیە شکا، بە تەکلیفی ئەم و داوای ئەو، چەند کەسانێك کە موسوڵمان نەبوون، لای ئەم و ئەو جێگیر بون و، کاریان بۆ دەکردن[448]. ڕوژان تێپەڕی ئەبولوئلوئە خەریکی سنعەتکاری بوو بۆموغەیرەو مانگانە شتێکی دەدا بە خاوەنەکەی. ڕۆژێك ئەبولوئلوئە هاتە لای خەلیفە عومەر و شکاتی کرد لە (موغەیرە) کە پارەی زۆری لە سەر داناوە و، مانگانە (سەد) درهەمی لێ دەسەنێ. وتی: من ناتوانم و بۆم هەڵ ناسوڕێ. بەڵکو پێی بڵێی لەسەرم سوك بکات. عومەر (موغەیرە)ی بانگ کرد و پێی وت لە خوا بترسە. بارێکی مەخەرە سەر کە لە توانایدا نەبێت، با بێ بڕواش بێت! چونکە لای من شکاتی لێ کردویت. موغەیرە وتی باشە وادەکەم.[449]

ـه گێژەڵوکەی شەڕو هەوش

ئەبولوئلوئەی فەیروزی، دووسێ جاری تر شکاتەکەی چەند جارە کردەوە، عومەر وتی پێم وتوە. تۆش لە خوا بترسە و گوێ ڕایەڵی مەولات بکە. ئەبولوئلوئە بێدەنگ بوو هیچی نەوت. خەریك بوو بڕوات. عومەر بانگی کردەوە و لێی پرسی: چ کارێکی زۆر گرنگ دەزانی.؟

ئەبولوئلوئە وتی: ئاشی هەوا.

عومەر وتی: بۆچی ئاشێکی هەوا دروست ناکەیت، زۆر پێویستە بۆ ئەم ناوچەیە.

ئەبولوئلوئە کە ڕقی عومەر و موسوڵمانان و شکستی دەوڵەتی فارسی لە دڵدا بوو وتی: باشە ئەیکەم. ئاشێکی وات بۆ دروست دەکەم، کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەنگ بداتەوە!

عومەر ڕۆیشت. بەڵام بە هاوڕێکانی وت، ئەو کابرایە هەڕەشەی لێ کردم و. دەم و چاوی شەڕی لێ دەباری.[450]

هیچ خەلیفەیەك هێندەی عومەر شکستی بە کوفری جیهانی نەهێناو ئەوەندەی خەلیفە عومەر وڵاتی ئیسلامی فراوان نە کرد و، میللەتانی موسوڵمان نەکرد، عێراق وشام و ئێران هەتا ئەفغانستان و چین و هندی ڕزگار کرد، میسر و ئەرمینیا و ئازربایجان و کوردستان و تورکیای ئەمڕۆی پاك کردەوە، دەسەڵاتی گەیشتە ئەودیو ڕووبار و تەرابلوس و بەرقە. عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود دەڵێ: (ڕەحمەت لە عومەر، ئیسلام بونی فەتح بوو، کۆچی سەرکەوتن بوو، خەلافەتی ڕەحمەت بوو.)

پێغەمبەر (ع) دەستی بۆ عومەر ڕاکێشا و فەرموی: (هذا غلق الفتنة. ثم قال: لايزال بينكم وبين الفتنة باب، شد الغلق، ماعاش هذا بين أظهركم.) واتە (بەردەوام لە نێوان ئێوە و فیتنەدا دەرگایەکی داخراو هەیە، توند داخراوە، هەتا ئەوە لە ناوتاندا بێت.) واتە هەر کە مرد ئەو دەرگای فیتنەیە لە ئومەتی ئیسلام دەکرێتەوە. دوای (بیست) ساڵ ئەو دەرگایە شکا. ئەوانەی دەیان ناسی ئاوا وەسفیان دەکرد: ناوەوەی چاکترە لە دەرەوەی.[451]

---

[447]. تأريخ الخلفاء: السيوطي. ص133.

[448]. دکتور ئەمین القضاة: لە کتێبی الخلفاء الراشدون. ص56 دا لەوەدا بە هەڵە چووە دەڵێ : ئەو کاتەی کە مغیرە لە کوفە والی بوو، ئەبۆلۆ لەوێ بوو کاری بۆ دەکرد و مانگانە (100) درهەمی خستبوە سەری، ئەویش لای عومەر شکاتی کرد. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە (مغیرە) لە مدینە بوو لە والیەتی عەزل کرا بوو، ئەبولۆلۆ ی هێنا بوو بۆ مدینە ک اری پێ دەکرد.

[449]. كتاب الفتوح: ابن اعثم الكوفي. ج2 ص83.

[450]. الكامل في التأريخ: عزالدين ابي الحسن علي بن ابي الكرم الشيباني المعروف بأبن اثير. ج2ص209، حققه علي شيري. بيروت 1989.

[451]. عبقرية عمر: عباس محمود العقاد. ص226، بيروت.

ئەبوبەکر دەیوت: (ئەوەی رقی لە عومەر بێت، ئەوە رقی لە خێر و چاکەیە.). عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود دەیگوت: (ئەگەر بزانم عمر سەگی خۆش دەوێ، منیش خۆشم دەوێ.)[452] پێغەمبەر دەفەرموێ:

(ان الشیطان لیخاف منك یا عمر.) یان دەیفەرموو (ان اللـه غیور یحب الغیور. وان عمر غیور.) یان دەیفەرموو (لو کان بعدی نبیاً، لکان عمر بن الخطاب.).

مژدەی شەهیدی

پێغەمبەر پێشتر مژدەی دابوو بە عومەر کە شەهید دەبێ. ئەو رۆژەی کە پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان لەسەر کێوی ئوحد بوون. کێوەکە هاتە لەرزەو شۆکێن، پێغەمبەر بە قاچی لێی داو فەرموی: (ئەی ئوحد دامەزرێ و مەجوڵێ چونکە پێغەمبەرێك و راستگۆیەك و دوو شەهیدت بە سەرەوەیە.)[453]

ساڵی (23) کۆچی عومەر لە حەج بوو، لە (مینا) دانیشتبوو، کۆمەڵێ پوشی کۆکردەوە، جلەکانی دا بەسەریدا و، لە سەری دانیشت و، دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و وتی: (خوایە گیان: تەمەنم زۆر بوە، هێزم لاواز بوە، رەعیەتم بڵاوەی کردوە، حەز دەکەم بمبەیتەوە بۆ لای خۆت بە چاکی، خوایە داوای شەهیدیت لێ دەکەم لە پێناوی خۆت داو، مردن لە شاری مەدینەی پێغەمبەردا.)

خوای گەورە وەڵامی دایەوە، دیاری شەهادەتی پێشکەش کرد، دوای دوو هەفتە کەمتر شەهید بوو. ئەبوموسای ئەشعەری کە لە عێراق دەبێ. خەوێك دەبینێ بە پێغەمبەرەوە (ع) ئەبوبەکری لەگەڵ دەبێت، بە عومەر دەفەرموێ: (وەرە بۆ لامان.) کە ئەبوموسا لە عێراقەوە لە خەو هەڵدەستێ. هاوار دەکات عومەر مرد!

عومەر کە لە حەج گەڕایەوە. لە دوا وتاری رۆژی هەینی دا فەرموی: (من خەوێکم بینی، وا دەزانم ئەجەلم نزیك بوەتەوە. بینیم کەڵەشێرێك دوو دەنوکی لێ دام! خەڵکیش پێم دەڵێن کە جێنیشینێ دیاری بکەم بۆ دوای خۆم. بەڵام خوا ئاینی خۆی زایە ناکات. ئەگەر لەپڕ شتێکم لێ بەسەر هات، ئەوا شورا بکەن لە نێوان ئەو شەش کەسەدا، کە پێغەمبەر وەفاتی کرد و لە هەر شەشیان رازی بوو.)

پلانێکی سێلایەنە

عومەر رازی نەبوو، وە مۆڵەتی نەئەدا کە (سەبایا) لە ناوچە رزگارکراوەکانەوە بهێننە شاری مەدینەی پایتەختی دەوڵەتی خەلافەت، رێی دەگرت مجوسی عێراقی و فارس و گاوری شام و میسر نیشتەجێ ببن لە مدینە، مەگەر موسوڵمان ببن، ئەوە هەڵوێستێکی زۆر گرنگ و ژیرانەی عومەر بوو، چونکە دەیزانی ئەو تێك شکاو و روخاو و ژێردەستانە، رق و قینیان لە ئیسلام و موسوڵمانان دەبێت، لە دڵیاندا هەیە تۆڵە لە موسوڵمانان بکەنەوە و فێڵ لە ئیسلام بکەن. بەڵام هەندێ لە یارانی پێغەمبەر، عەبید و رەقیق و سەبایای گاور و جولەکە و مەجوسیان هەبوو، داوای زۆریان لە عومەر دەکرد، مۆڵەت بە عبید و رەقیقەکانیان بدات لە مدینە بمێننەوە و کار و فرمانیان پێ بکەن، عومەریش ناچار دەبوو دڵیان نەشکێنێ و مۆڵەت بە هەندێکیان بدات، هەرچەندە پێشی ناخۆش بوو، هەتا ئەوە روی دا کە روی دا! هەندێك لەو کەسە هێنراوانە بۆ مەدینە، دەمیان دەگەیشتە یەك و داخ و خەفەتی خۆیان بۆ یەکتری دەڕشت و رێدەکەوتن کە فێڵ و فیتنە و بوختان بۆ موسوڵمانان بنێنەوە، بە یارمەتی دووڕوەکان و جولەکەکانی مدینە، یان تەڵەیەك بۆ عومەر بنێنەوەو بیکوژن. چونکە عومەر وڵات و ئیمپراتۆریەتی هەزار ساڵەی مەجوسی روخاند و رەورەوەی مێژووی وەستاندن و هێزیانی لە رەگ دەرهێنا. شەهیدکردنی عومەر هەرچەندە دوعای خۆی بوو، لە خوای داواکرد! بەڵام خیانەتێکی

---

[452]. صفة الصفوة: ابن جوزي، بتحقیق فاخوري. ج1ص268.

[453]. الخلفاء الراشدون: دکتور صلاح عبدالفتاح الخالیدي. ص80–85، دارالقلم، دمشق 1995.

نەگریس و غادرانە بوو، کە سێ لایەنی جولەکە و گاور و مەجوسی تیایدا بەشداربوون، بەڵام دەوری دوو روەکان دیار نیە، رەنگە لەبەر بێ سقەیی وگرنگی کارەکە پێ یان نەوتبێ! خراپەکاران چوار کەس بووون:

1 – هورمزان: فارسێکی مەجوسی بوو، پاشای کۆنی ئەهواز بوو، یەکێك بوو لە سەرکردە ئازاکانی فارس، کە لە زۆربەی جەنگە گەورەکاندا بەشدار دەبوو، لە قادسیە وجلولادا یەکێك بوو لەسەرکردەکان. لەجەنگی (تستر و ئەهواز) دا شکاو دەستگیرکرا و بە داوای خۆی بە خاوخێزانەوە هێنرایە مەدینە و، موسوڵمان بوو لە مەدینە دانیشت.

2 – کەعبی ئەحبار: یەکێك بووو لە زاناکانی جولەکە، خەڵکی یەمەن بوو، زانا بوو لە تەورات دا، لە سەردەمی عومەردا موسڵمان بوو، لە یەمەنەوە باری کرد و هاتە مەدینە و تیا مایەوە.

3– ئەبولوئلوئی فەیروزی: بەندەیەکی (موغەیرەی کوری شوعبە) بوو لە جەنگی نەهاوەندا دەستی کەوت، فارسێکی مەجوسی بوو، ئەم پیاوە ئاسنگەر و دەست رەنگینێکی شارەزا بوو، وردەکاری و شارەزایی لە ئامێری ئاسنیندا دەکرد، مغیرە داوای لە عومەر کرد کە ئەبولوئلوئە مەدینە بمێنێتەوە و کاری بۆبکا و سود بە موسڵمانان بگەیەنێت، عومەر لەبەر موغەیرە مۆڵەتیدا، سودی کاسبی لێ دەبینی.

4– جوفینە: بەندەیەکی گاوری رۆم بوو، لە سەبایای رۆم بوو رزگار کراو کەوتە دەست یەکێك لە موسڵمانەکان.

ئەم چوار کەسە بە نهێنی کۆبونەوە بۆ لە ناوبردنی حەزرەتی عومەر _ خوای لێ ڕازی بێت _.

جارێك کەعبی ئەحبار هەواڵی دا کە ئەجەلی عومەر نزیك بوەتەوە و، بەم زوانە دەمرێ، وتبوی کە لە تەورات دا شتی وا هەیە، (ئوم کەلسوم) کچی ئیمامی عەلی کە ژنی حەزرەتی عومەر بوو، دەستی کرد بە گریان، کە عومەر هاتەوە پرسیاری لە ئوم کەلسوم کرد کە بۆچی دەگریت.؟ وتی: کەعبی ئەحباری جولەکە وتویەتی عومەر لە بەردەم یەکێك لە دەرگاکانی جەهەنم دا وەستاوە، عومەر وتی چۆن، خۆ من بە تەمام لە خوا، کە خوا بە دڵخۆشی دروستی کردبم، عومەر ناردی بە شوێن کەعبدا. هات. یەکسەر وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران پەلەم لێ مەکە. بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئەم مانگی زیلحەجەیە تەواو نابێت، تۆ دەچیتە بەهەشت.عومەر وتی: ئەوە چی‌یە، جارێ دەمخەیتە ئاگری جەهەنم و، جارێ دەمخەیتە بەهەشت، کەعبی ئەحبار وتی: سوێند بە خوا ئێمە تۆمان دیوە لە تەورات دا کە لەسەر دەرگایەکی جەهەنم وەستاویت و ناهێڵی خەڵك بچنە جەهەنم، بەڵام کە مردی، ئەو دەرگایە دەشکێ و هەموو دەکەونە ناوی. ئەنجا وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، چی وەسێتێکت هەیە بیکە و، چی پەیمان هەیە بەجێی بهێنە، تۆ دوای سێ رۆژی تر دەمریت، عومەر بە سەرسوڕمانەوە وتی: چۆن دەزانی.؟ کەعب وتی: لە تەورات دا بینیومە. عومەر وتی: ئەڵلا ئەڵلا ئایا ناوی عومەر لە تەورات دا هەیە.؟ کەعب وتی: نەخێر. بەڵام کار و کردەوەتم لە تەوراتدا بینیوە، بینیومە تیایدا کە تەمەنت لێرە دا تەواو دەبێت و، ئەجەلت هاتوە. بۆ رۆژی دواتر کەعب هاتەوە و وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، رۆژێکت رۆیشتوە و دوو رۆژت ماوە، رۆژی دواتر وتبوی دوو رۆژت رۆیشتوە و یەك رۆژت ماوە، بۆ نوێژی بەیانی چوار شەممە، درایەبەر خەنجەر، لە کاتی نوێژدا و لە میحرابی پێغەمبەرداو مرد.[454]

مێژوونوسان دەڵێن: ئەم زانینە وردەی (کەعب) نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە ئاگای لە تەنینی ئەوداوە هەبوە بۆ کوشتنی عومەر، واتە ئەویش دەستی بوە و بەشدارە، تەنانەت سەعاتی سفرو جێبەجێ کردنیشی زانیوە. دەیەوێ وای لە عومەر و موسوڵمانان بشێوێنی کە لە تەورات هەیە. جارێکی تر پێش موئامەرەکە ئەبولوئلوئە

[454]. الکامل في التأريخ: ج2ص215–228، تأريخ الامم الاسلامية، خضري بەگ. ج2ص20–24. عبقرية عمر: العقاد، ص227. عمر نظرة عصرية جديدة: بقلم د.محمد الطيب النجار، ص171، 1978.

هات بۆ لای عومەر و شکاتی لە (موغەیرە)ی گەورەی کرد بوو کە ڕۆژانە چوار درهەمی لێ‌ی دەوێت بەرامبەر بەو شتانەی کە دروستی دەکات لە دەساڕ و ئارد هاڕ و ئامێری تر، داوای لە عومەر کردبوو کە پێ‌ی بڵێ لە سەری قورس نەکات، عومەر وتی: چی دروست دەکەیت، ئەبولوئلوئە وتی: ئاسنگەری و دارتاشی و نەخش کاری. عومەر وتی: بە موغەیرە دەڵێم داوای پارەی زۆرت لێ نەکات، تۆش لە خوا بترسە و لەگەڵیان باش بە. عومەر بە تەما بوو بە موغەیرە بڵێ ئاگای لێی بێت، بەڵام ئەبولوئلوئە بە توڕەییەوە ڕۆیشت و وتی: دادپەروەری عومەر هەموو کەسی گرتۆتەوە جگە من. لەگەڵ مندا دادپەروەر نەبوو!

ئەبولوئلوئە زۆر حاقد و دڵ بە کینە بوو، بە تایبەت بۆ عومەر، چونکە لە سەردەمی ئەمدا ئیمپراتۆریەتی هەزار ساڵەی فارس ڕوخا، لێ‌ی دەگێڕنەوە کە ئەبولوئلوئە کاتێك کە بە منداڵی بەندکراو و گیراو و بەندە و کویلە و سەبایا فارسەکانی مەجوسی ناو مەدینە دەگەیشت، دەستی دەهێنا بە سەریاندا و دەگریا و دەیگوت: عومەر جەرگی خواردم!

دوای ئەو وتووێژەی لەگەڵ عومەردا، بڕیاری کوشتنی دەدات. لەوانەیە لەوە و پێش جولەکەکان زۆر هانیان دابێ. ئەبولوئلوئە خەنجەرێکی دوو سەرەی دروست کرد، زۆر تیژ بوو، ڕۆژێك چوو بۆ لای هورمزان و، خەنجەرەکەی نیشان دابوو، لێ‌ی پرسی بوو: ئەم خەنجەرە چۆن دەبینی.؟ هورمزان وتبوی: بەمە لە هەر کەس بدەیت لە گیانی دەخەیت!

ڕۆژێك عومەر بە مەدینە دا دەگەڕا، ئەبولوئلوئەی بینی و پی ی وت:(بیستومە وتوتە ئەگەر بمەوێ ئاشێکی باراش دروست دەکەم، بە ئاو ئیش بکات.) ئەبولوئلوئە بە قینەوە وتبووی: ئاشێکت بۆ دروست دەکەم عالەم باسی بکات!

عومەر بە هاوڕێکانی وت: ئەو بەندە، هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم.

ڕۆژێك ئەو سیانە، هورمزان و ئەبولوئلوئە و جفینە[455] لە جێ‌یەك دانیشتبون، مشاوەرەیان دەکرد، ئەو خەنجەرە بە دەستی ئەبولوئلوئە بوو، عەبدوڕڕەحمان کوڕی ئەبوبکری سدیق، بەویا تێپەڕی، کە بینیان، ترسان و پەشۆکان و هەڵسانەوە و خەنجەرەکە لە دەستیان کەوتە خوارەوە، ئەو خەنجەرە دوو سەری هەبوو لە ناوەڕاستدا دەگیرا، هەر ئەو خەنجەرە بوو کە درا لە عومەر. وا دیارە پێشتر بیستبویان کە عومەر باسی کرد بون و، قسەی ئەحبار و خەوەکانیان گێرابویەوە. بەیانی ڕۆژی چوار شەممە 26ی زیلحەججە23 کۆچی لێ‌ی درا.[456]

چۆن لە خەلیفـــە عومەر درا!

عەمری کوڕی مەیمونی ئەودی) دەڵێ: نوێژی بەیانی بوو، لە ترسی هەیبەتی عومەر نەمدەوێرا لە ڕیزی یەکەمی پشتی عومەرەوە نوێژ بکەم، دەچومە ڕیزی دووەم، ڕێك لە پشتی عومەرەوە و، تەنها (ئیبن عباس) لە پێشمەوە بوو، نوێژی بەیانی دەستی پێ کرد، عومەر پێش نوێژ لای دەکردەوە و خەڵکی ڕێك دەکرد و، لارەکانی ئاگادار دەکردەوە، کە ڕێك بوەستن لە ڕکاتی یەکەم دا سورەتی (یوسف) یان (نەحلی)ی دەخوێند، هەتا کۆ دەبونەوە. ئەو ڕۆژە (عەبدوڵڵا کوڕی عەباس) و (عەبدوڕڕەحمان کوڕی عەوف) لە پشتیەوە بوون، ئەبولوئلوئە لە ناوەڕاستی ڕیزەکانەوە هات سێ خەنجەری بەهێزوتوندی لێ دا، یەکێکیان لە شانی و دوانیش لە ناوك و سکی، ئەوانەی سکی جێ‌ی خراپیان گرتبوو، عومەر وتی (ئەو سەگە کوشتمی) یان وتی (ئەو سەگە خواردمی).

لە توند لێدانەکە، عومەر کەوتە سەر زەوی، بە لێشاو خوێنی لێ دەهات، ئەو کاتە لە سورەتەکەدا گەیشتبوە (وکان امر اللە قدراً مقدوراً). دوای لێدانی عومەر، ئەبو لوئلوئە ویستبوی دەربچێ، بە ڕاست و چەپدا بە خەنجەر

---

455. جفینە: خەڵکی ئەنبار بوو، گاور بوو، مەیلی بۆ فارسەکان هەبوو . لە جەنگێکی شام دا گیرا .

456. عبقرية عمر: عباس محمود العقاد. ص228.

(سیانزه) کەسی تری پێکا، کە پاشان (حەوتیان) شەهید بوون. کە عەبدوڕڕەحمان ئەوەی بینی، زیرەکانە بورنوسێکی بۆ هەڵدا و ئەبولۆلۆ کەوتە ناوی و گیرا و ناچار بە خەنجەرەکە خۆی کوشت و، یەکسەر مرد. عومەر دەستی برد بۆ عبدالرحمن پێش کەویٚ و نوێژەکە تەواو بکات، ئەویش پێش کەوت و ئەوانەی پشتەوە نوێژەکەیان بڕی، بەڵام دوورەکان نەیان زانیبوو چی ڕوی داوە،، زوو زوو دەیان وت (سبحانه الله)، (سبحانه الله) واتە هەڵە کراوە. عەبدوڕڕەحمان پێش کەوت، نوێژێکی زۆر کورتی بۆ کردن. عومەر بورایەوە و خەریك بوو خۆر دەکەوت، وایان زانی مردوە، یەکێك وتی نوێژت کردوە. عومەر هاتەوە هۆش و وتی: (نعم الصلاة والله، ولاحق ولاحظ لمن ترکها.) ئەنجا روی تێ کردن و فەرموی: نوێژتان کرد؟ وتی: بەڵێ. وتی: (لا إسلامَ لمن ترك الصلاة.) ئاویان بۆ هێنا لە میحرابەکەدا دەست نوێژی گرت، نوێژی کرد، هەر خوێنی لیٚ دەچۆڕا، بە (ئیبن عباس) ی وت: بچۆ بزانە کێ بوو منی کوشت.؟ وتی: (دوژمنی خوا ئەبو لوئلوئی مەجوسی لیٚ ی دایت و خۆی کوشت) وتی: خوا بیکوژێ، خۆ من چاکەم لەگەڵدا کرد. سوپاس بۆ ئەو خوایەی مردنی منی نەخستە دەستی یەکێکی موسوڵمان و سوپاس بۆ خوا بکوژم ناتوانێ لە قیامەتدا بە سوجدەیەکی بەربەرەکانیم بکات کە بۆ خوای بردبێ! ئەنجا بە ئیبن عەباسی وت: تۆ و باوکت زۆر هەوڵتان دا ئەو فارس و ڕۆمە سەبایانە بێنە ناو مەدینەوە! وتی: ئەگەر بفەرمویت هەر هەموویان دەکوژین.

وتی: جا ئێستە دەیان کوژن، دوای ئەوەی کە بە زمانی خۆتان قسە دەکەن، نوێژی ئێوە دەکەن و، حەجی ئێوە دەکەن. ئەنجا بردیانەوە بۆ ماڵەوە. عەبدوڵڵا کوڕی عومەر وتی: باوکم دەترسا ئەوە موسوڵمانێك بێت و لە داخی تاوانێکی باوکم وای کردبێت، هەموو موسوڵمانەکان دەگریان و دەیان وت: خۆزگە خوا لە تەمەنی ئێمەی بخستایەتە سەر تەمەنی عومەر. وایان دەزانی تا ئێستە مصیبەتی وایان بەسەر نەهاتوە، دکتۆرێکیان بانگ کرد. دەنکە خورمای نەرم کراوی لەگەڵ شیردا دەدایە، لە ڕیخۆڵەکانیەوە دەهاتە دەرەوە، دکتۆر زانی خەنجەرەکان کاری خۆیان کردوە، وتی: ئەی ئەمیری موسوڵمانان چیت بڕیار داوە بیکە، چونکە دەمریت، عومەر وتی: دکتۆر ڕاستی لە گەڵمدا کرد، کە ئەوەیان بیست دەست کرایە گریان. عومەر وتی: هەر کەس دەگری بچێتە دەرەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە هەواڵەکەی بیست، شڵەژا، وەك شێر دەرپەڕیە دەرەوە، کە قسەکەی عەبدوڕڕەحمان کوڕی ئەبوبەکری بیست، ئەو سێ تاوانبارەم پێکەوە بینی بوو، بەو خەنجەرەوە، زانی پلانێکی مەجوسی مەسیحی جولەکەیە و ئەوسیانە جێبەجێیان کردوە، ئەبولوئلوئە خۆی کوشت، بڕیاری دا ئەو دوانەی تر بکوژێ. شمشێرەکەی هەڵگرت و ڕای کرد بۆ ماڵی (هورمزان)و کوشتی، چو بۆ ماڵی (جفینە) و ئەویشی کوشت، چو بۆ ماڵی ئەبولۆلۆ، کچێکی بچوکی لە ماڵ بوو ئەویشی کوشت. ویستی بکەوێتە هەموو فارسەکان و ڕۆمەکانی ناو مدینە. بەڵام موسوڵمانەکان لێی کۆبونەوە، شمشێرەکەی خوێنی لیٚ دەتکا. عومەری کوڕی عاص هات، ئەوەندەی قسەی بۆ کرد، بە نەرمی دوانەی هەتا شمشێرەکەی لیٚ سەند، پاشان عەبدوڵڵایان گرت لە هەقی ئەوەی دوو پیاو و کچێکی کوشتوە، تەنانەت ئەگەر دەرکەوێ دەستیان تیا هەیە، نابێ کاری وا بکات، چونکە ئەوە مافی خەلیفەیە و، ئەو مافی خەلیفەی زەوت کردوە. هەندێ سەحابە وتیان: دەبێ بکوژرێتەوە، هەندێ تر وتیان: دەبێ عەفو بکرێ، هەندێ وتیان: بۆ هورمزان و جفینە نەفرەتی خوایان لیٚ بێ قەینا کات، بەڵام بۆ ئەو کچە منداڵە دەبێ تۆڵەی لیٚ بسەنرێتەوە، هەندێ تر وتیان: دوێنێ باوکی کوژراوە، دەتانەوێ ئەمرۆ ئەمیش بکوژن. ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بهێڵرێتەوە لە بەندیخانەدا هەتا خەلیفەی نوێ هەڵدەبژێرن. کە خەلیفە عوسمان هەڵبژێرا، (عەمری کوڕی عاس) وتی: کە عەبدوڵڵا ئەو سیانەی کوشت تۆ خەلیفە نەبویت و، لە سەردەمی تۆدا نەبوەو تۆ لێی بەرپرسیار نیت. چاك وایە عەفوی بکەیت. (عوسمان) بڕیاری دا بەری بدات. بڕیاری دا لە ماڵی تایبەتی خۆی پارەی کوژرانی ئەو سیانە بدات.

عومەر عەبدوڵڵای کوڕی بانگ کرد، وتی: قەرزەکانم بژمێرن بزانن چەندە.؟ کۆیان کردەوە دەبینن (86) هەزار درهەمە، پاشان وتی ئەگەر مردم ئەو قەرزانە لە ماڵی (ئال عومەر) بدەرەوە، ئەگەر تەواوی نەکرد، لە ماڵی (ئال عدی) ئەگەر هەر تەواوی نەکرد لە ماڵی (قوڕەیش). (عەبدوڕڕەحمان کوڕی عەوف) وتی: ئەی بۆچی لە بەیتولمال نەیداتەوە، عومەر وتی: پەنا بە خوا ئەگەر شتی وا بکەم. هەتا تۆ و هاورێکانت نەیکەنە بڕوبیانووی قسەوباس و دەلیل بۆ شتی تر.

بەڵام (عەبدوڵڵا) وتی: من خۆم زامنم و دەیدەمەوە، کە عومەر ئەسپەردە کرا، عەبدوڵڵا لە بەردەم شورا و موهاجرین و ئەنساردا ئاشکرای کرد کە هەموو قەرزەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی و ئەو دەیداتەوە، دوای هەفتەیەك هەموو قەرزەکانی دایەوە و عوسمانیش شایەتی دانەوەی بوو.

سیاسەتێکی سەیر بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە

زۆر داوایان لە خەلیفە کرد جێنشینێك دیاری بکات، عومەر وتی: دەبینم هاورێکانم لەسەر شتێکی خراپ سورن، من جێ نیشین جێ دەهێڵم بۆ ئەو شەش کەسە کە پێغەمبەر مرد، لێیان رازی بوو.

ئەگەر یەکێك لەو دوو پیاوە بمایە: (سالم مەولای ئەبی حوزەیفە) و (ئەبوعوبەیدەی جەراح) دەمکردنە جێنشینی خۆم،ئەم بارەم دنایە سەرشانیان، ئەگەر خوای گەورەش پرسیاری لێ بکردمایە بۆ (ئەبوعبیدە) دەمگوت: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (إنه أمين هذه الامة)، لە بارەی (سالم)یشەوە دەمگوت: لە پێغەمبەرم بیست دەفەرموو (ان سالماً شديد الحب لله).

بۆ رۆژی دوایی کۆمەڵێك هاتن، لە ناویان دا (موغەیرەی کوڕی شوعبە)ی تیابوو، موغەیرە وتی: عەبدوڵڵای کوڕت بکە بە جێنشین، عومەر فەرموی: خوا بتکوژێ، سوێند بە خوا لەبەر خوا ئەو قسەیە ناکەیت، ئەگەر خەلافەت چاك بێ، ئەوا پێوەی بوین، ئەگەر شەڕ بێت با هەر من لە سەری محاسبە بکرێم.

عومەر کاری خەلافەتی دا بە شورا، شورا ئەو شەش کەسە بوون کە مژدەی بەهەشتیان پێ درابوو کە بریتی بوون لە: (عثمان کوڕی عەفان، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عەبدوڕڕەحمان کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، تەلحە کوڕی عەبدوڵڵا، زوبێر کوڕی عەوام) بەڵام حەوتەم کەسی تێنەخست کە مژدەی بەهەشتی پێ دراوە و ناوی (سەعید کوڕی زەید)ە، چونکە خزمی خۆی بوو، بۆ ئەوەی ئەمارەت لە خزمانی خۆی دوور بخاتەوە، عومەر ئەو هەڵبژێراوانەی کۆکردەوە، چون بۆ لای پێی وتن:

(سەیری خەڵکیم کرد ناکۆکیم تیا نەبینین، ئەگەر ببێت ئەوە لە ئێوەوەیە) خێڵەکانتان حەز دەکەن یەکێ لەو سیانە (عوسمان و عەلی و عەبدوڕڕەحمان) ببێتە جێنشین، ئەگەر بوون، هیچ کەس لە عەشیرەت و خزمانتان دامەنێن بەسەر گەردنی خەڵکەوە.

پاشان وتی: ئەو شەشەتان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی یەکێکتان هەڵبژێرن،با عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش ئامادەبێت، بەڵام هیچی بە دەست نەبێت، ئەگەر (سەعد)تان کرد، ئەوا باشە، دەنا مشاوەرە بە خەلیفە بکەن، من لەبەر لاوازی و خیانەت عەزلم نەکردوە لە سەرکردایەتی سوپای عێراق، با (سوهەیب کوڕی سفان) واتە صهیبی رۆمی. نوێژتان پێ بکات ئەو سێ رۆژە. ئەنجا بە تەلحەی ئەنساری وت: بە خۆت و (50) کەس لە گەلەکەت واتە (ئەنسار) لەگەڵ ئەو شەش کەسە بن (خاوەنانی شورا)، پاشان لە ماڵێکدا سێ رۆژ کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیاندا یەك کەس هەڵبژێرن، خۆت و ئەو پەنجا کەسە لە بەر دەرگاکەیان دا بوەستن، سێ رۆژ مەهێڵن کەس بچێتە ژورەوە بۆ لایان، نەهێڵن ئەو شەش رۆژە تیپەڕێ یەکێکتان هەڵبژاردبێ بە ئەمیری خۆتان.

ئەنجا بە (میقدادی کوڕی ئەسوەد) ناسراو بە (فارس رسول الله)ی وت: سێ رۆژ بەسەر سەری ئەو شەش کەسەوە لە ئەهلی شوراوە بوەستە، چاودێریان بکە، ئەگەر پێنجیان رازی بون بە یەکێکیان، دانەیەکیان رازی

نەبوو، بدە لە ملی ئەو دانەیە. ئەگەر چواریان ڕێکەوتن و بە یەکێکیان ڕازی بون، دوانیان ڕازی نەبوو، بە شمشێر بدە لە سەری ئەو دوانە. ئەگەر سیان ڕازی بوون بە یەکێکیان و، سیان بە یەکێکی تریان ڕازی بوون، لەوێدا (عەبدوڵڵا کوری عومەر) بکە بە حەکەم. با لایەکیان هەڵبژێرێ، ئەگەر بە حوکمی عەبدوڵڵا ڕازی نەبوون، لەگەڵ ئەوانەیان بە کە عبدالرحمن کوڕی عەوفیان تیایە و ئەوانی تر بکوژە. مادام ڕازی نین بەوەی کە خەڵکی پێی ڕازیە. ئەگەر سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، بۆ ڕۆژی چوارەم کەسیان هەڵنەبژارد بوو هەر شەشیان بکوژە. ئەنجا عومەر وەسیەتی بۆ جێنشینی دوای خۆی کرد کە هێشتا هەڵنەبژێردرابوو بەم جۆرە: (وەسیەت بۆ جێنشینی دوای خۆم دەکەم کە لەگەڵ موهاجرین و یەکەمەکاندا، ئەوانەی سەرەتا موسوڵمان بوون. مافی خۆیان بداتێ و کاروباریان بپارێزێ، لەگەڵ ئەنسار دا باش بێت، ئەوان بون ماڵ و ئیمان و بڕوایان بۆ مسۆگەر کردن و بۆیان دابین کردن، چاکەکانیان وەربگیرێ و، لە خراپەکانیان ببورن، لەگەڵ خەڵکی ئەنساردا چاك بن، ئەوانەیپشت و پەنای ئیسلام بوون لە تەنگانەدا، ئەوان دارایییان بۆ ئیسلام کۆکردەوەو، چقڵی چاوی دوژمن بوون.

لەگەڵ ئەعراب کە ڕەگەزی عەرەبن باش بن، ئەوان مادەی ئیسلامن، لەگەڵ ئەهلی زیمە باش بن، ئەوانە لە پەنای خواو پێغەمبەردان، پەیمانەکانیان بپارێزن زیاد لە توانای خۆیان تەکلیفیان لێ مەکەن.)

عومەر سێ ڕۆژ مایەوە، چوار شەممە 26 زیلحەجەساڵی 23 کۆچی لە نوێژی بەیانی لێی درا، پێنج شەممە و هەینیو شەممە مایەوە، لەو ڕۆژانەدا سوهەیبی ڕۆمی نوێژی بە موسوڵمانان دەکرد، بۆ شەوی یەك شەممە حەزرەتی عومەر وەفاتی کرد کە دەکاتە یەکەمی موحەرەم ساڵی 24 کۆچی.

وەسیەتی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی کرد: (ئەگەر مردم وەرم گێڕە ڕووە و قیبلە، چاوەکانم بنوقێنە، دەست بە کفنەوە بگرن، دەست بە قەبرەوە بگرن. با ژن لەگەڵ جەنازەکەمدا نەیەت، بە قسەیەك باسم مەکەن کە تیامدا نەبێ، خوا چاکتر دەمناسێ، کە هەڵتان گرتم خێرا بم بەن.)

لە کاتی گیان دان دا عوسمانیان بانگ کرد، دەبینێ سەری لە باوەشی عەبدوڵڵای کوڕی دایە، عومەر وتی سەرم بخەنە سەر زەوی، کە خستیان گوێیان لێ بوو وتی: (وەیل بۆ خۆم و دایکم ئەگەر پێم خۆش نەبێت خوایە گیان.) ئەنجا گیانی پیرۆزی دەرچوو _ ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت _ هەر ئەو شەوە عەبدوڵڵای کوڕی شۆردی بە (ئاوی سیدر)، بە سێ بەرگ کفنیان کرد، دوای نوێژی بەیانی بە ئیمامەتی سوهەیبی ڕۆمی نوێژیان لەسەر کرد، ئەنجا بردیان بۆ ماڵی عائشە و لە پاڵ پێغەمبەر و ئەبوبەکر دا ئەسپەردەیان کرد.

عائیشە دەفەرموێ: پێش ئەوەی عومەر بهێنن، سەرپۆشم لادەبرد و جلی هەروام لەبەر دەکرد دەم وت مێردەکەم و باوکمە. بەڵام کە عومەر دفن کرا خۆم دەپاراست سەرپۆشم دەکرد و جلی تەواوم لەبەر دەکرد، چونکە عومەریان لەگەڵ بوو.

تەمەنی عومەر 63 ساڵ بوو، هەر وەك تەمەنی پێغەمبەر و ئەبوبەکر _ خوا لە هەموویان ڕازی بێت _، عومەر 10 ساڵ و شەش مانگ و چەند ڕۆژێك خەلیفە بوو.

کە عومەر مرد فیتنە هاتە ناو میللەتی ئیسلام و، هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە. جێ نشینی عومەر بەربەستێکی بەهێز بوو، عومەر دەرگایەکی داخراو بوو بەرامبەر فیتنە، لە ژیانی خۆی دا توندوتۆڵی بارودۆخی ڕاگرت و فیتنە ئاسەواری نەبوو، کە عومەر شەهید کرا ئەو بەربەستە نەما و دەرگا شکا و دوای ئەو فیتنە وەکو لافاو هات.

(حوزەیفە یەمانی) دەڵێ: ڕۆژێك عومەر وتی. کێ فەرموودەکەی پێغەمبەری لەبەرە لە بارەی فیتنەوە؟ وتم: من، وتی: تۆ ئازای ئادەی بیڵێ. من فەرموودەیەکم وت. عومەر وتی ئەوەنا، ئەو فەرمودەیەی کە باسی فیتنە دەکات کە وەك دەریا شەپۆل و مەوج دەدات. عومەر وتی: لەویا دەرگاکە دەشکێ یان دەکرێتەوە. حوزەیفە وتی: دەشکێ. عومەر وتی: مادام دەشکێ کەواتە داناخرێ هەتا ڕۆژی قیامەت!

عومەر دەیزانی ئەو دەرگایە خۆیەتی و دەشکێ، دەرگایەکی داخراوی بەهێزە بەرامبەر فیتنە، کە شکا فیتنە لافاو دەکاتە ناو کومەڵگەی ئیسلامی تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێ. عومەر دەیزانی کە مادام دەرگاکە دەشکێ، کەواتە عومەر دەکوژرێ.[457]

خەلیفە عومەر لە لەش و لاردا و، لە سروشتی دەرونی و، راوبۆچووندا زۆر لە خەلیفەی پێشوو (ئەبوبەکر) _ ڕەزای خوای لێ بێت _ جیاواز بوو. عومەر بالآبەرز بوو، چوار شانە و، دەفەی ناوشانی پان و سروشتی دەرونی توند بوو، سەری چاکسازی بوو، چەپ لەر بوو، ریشی رەش و، بۆیەی دەکرد، لە هەموو ڕووداو و ئەزموونێك شتێکی وەردەگرت، جگە لەوەی کە ئیسلام و دوو مامۆستاکەی پێشووی زۆر شتیان فێر کرد بوو، نەیدەهێشت هیچ روداوێکی بەبێ وانە و لێ فێر بوون بەسەردا تێ بپەڕێ، تێکەڵیەکی سەیری هەبوو لە وردی زەین و، تیژی سروشت و، توانای بەسەر دەسەلآتی حوکم دا، لە هەمان کاتدا لەبەردەم میللەت و ڕووداوەکاندا هێمن و لەسەرخۆ بوو، سەیری هەموو لایەکی دەکرد ئەوسا بڕیاری دەدا، زۆر بەسرا بوو بە ئاینەوە، ئایەتەکانو روداوەکان دەیانگریاند، داوای دەکرد کە نابێ ئەوەندەی تاڵە مویەك ببینم یان ببیستم کەس لە ئاین لابدات، هەمیشە دارێکی پێ بوو، هەر کەس لای دایە بەوە لێی دەدا، کوڕەکەی عارەقی خوارد بوو، بانگی کرد و لەبەردەم خەڵکیدا جەڵدی لێدا، کراسێکی هەبوو، لەگەڵ سەرجلێکی پینەدارادا، زۆربەی جار خورما و زەیت و نانی جۆ خواردنی بوو، هەموو مەبەستی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و ئاشتی بوو نەك شەڕ.[458] پێغەمبەر دەیفەرموو: (ما طلعت الشمس على رجل خير من عمر.)[459]

ئازایەتیەکی سەیری هەبوو، چیرۆکی موسوڵمان بوونی مەشهورە، یەکسەر ئاشکرای کرد، کۆچ کردنی وەکو کۆچ کردنی کەسی تر نەبوو، کە موسوڵمان بوو، ئیسلام ئاشکرا بوو. عەبدوڵلا کوڕی مەسعود دەڵێ: لەوڕۆژەوە عومەر موسڵمان بوو بەردەوام سەربەرزین، لە جێیەکی تردا دەڵێ: (عومەر یەکەم کەس بوو، بە ئاشکرا باسی ئیسلامی کرد و، رایگەیاند.) لە بازاڕی عوکازدا پاڵەوانی دەکرد، لاشەی گەورە و بالأی بەرز بوو، بەخۆوە بوو، لە کاتی رۆیشتندا خێرا بوو، سوارچاکێکی شارەزا بوو، بە تەواوی ماناوە سەربازێکی تەواو بوو، هەمیشە وای هەست دەکرد، بارێکی قورسی بەسەر شانەوەیە، ئەوەندە هەستی بە لێپرسراوێتی دەکرد، بە ئاشکرا رای خۆی دەوت، کە بوو بە خەلیفە یەکسەر خالیدی لابرد، کە سەرکردەی سوپای شام بوو، کە باس هەر باسی خالید بوو، لە گەرمەی شەڕدا نامەیەکی نارد و لای برد، وتیان بۆچی؟ فەرمووی با خەڵك نەزانێ سەرکەوتنەکان لە خالیدەوەیە. با بزانن لە خواوەیە! خالیدیش ئەوەندەی غیرەتی عومەر بە غیرەت بوو، شەهامەتی وا بوو، یەکسەر خۆی خستە ژێر سەرەپەرشتیو بڕیارەکانی ئەبوعوبەیدەوە، هەرگیز وای نیشان نەئەدا لێی کەم کراوەتەوە، فەرمووی من سەربازم لە هەر جێیەکدا بێت، حیکمەتی ئەبوعبیدەش وابوو لە هەموو بچوك و گەورەیەکدا مشاوەرەی پێ دەکرد و بە گوێی دەکرد، ڕا، ڕای خالید بوو، ئەبوعبیدە جێبەجێی دەکرد! وەلای نەنا، هەتا بچوك ببێتەوەو نەبێتە مونافسی وەك ئەمڕۆ باوە!

زۆرجار قورئان پاڵپشتی لە راکانی عومەر دەکرد، لەبەرئەوە خەڵکی زۆر بە گوێیان دەکرد، خەڵکی دەوری حوشترێکی نەخۆشیان دابوو، نەخۆشیەکەی دیاری بوو، بەڵام لە ناوەوەی بوو، عومەر دەستی کرد بە سکیا لە دواوەوەی و وتی: دەترسم خوا لێم بپرسێ ئەوەچی بوو لە ناو سکیدا!

---

[457]. الخلفاء الراشدون: دكتور صلاح عبدالفتاح، ص75–102.

[458]. قصة الحضارة: ول ديورانت. ج13ص75.

[459]. الترمذي: باب (17) ص46.

عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود دەیوت: (كان اسلام عمر فتحاً، وهجرته نصراً، وامارته رحمة) ئەوەندەی حەز لە شورا و راوێژ بوو، پرس و ڕای بە دۆست و دوژمن دەکرد، منداڵی دەبینی پرسی پێ دەکردن و دەیفەرموو ئەمانە بیریان تیژە، لە مەسەلەیەکی جەنگیدا پرسی کرد بە (هورمزان) پاشای ئەهواز کە تازە گیرا بوو. بە گوێشی کرد و سەرکەوتنی لە ئەسفەهان بە دەست هانی. پێیان دەوت: ئەوە چیتە ئەو گەورە سەحابانە ناکەیتە والی.؟ دەیفەرموو: حەز ناکەم ئەوانە بەو کارانە پیس بن.[460]

وەرزی حەجی کردبوە کاتی پرسو راو لێپێچینەوەی ئەمیرە دوورەکان و، وەرزی بەخۆداچوونەوەی بوو، داوای کرد بوو لە کاتی حەجەکاندا هەموو والی و لێپرسراوان و ئەوانەی گلەییان، یان شکاتیان هەیە بگەنە مەککە و، هەواڵی ویلایەتەکانو والیو لێپرسراوەکانی لە حاجیەکان دەپرسی، ئەو چاودێرانەش بە راپۆرتەکانیانەوە دەهاتن کە بڵاوی کردبونەوە بە هەموو ویلایەتەکاندا بۆ چاودێری کردنی والی و ئەمیر و فەرمانبەرەکان.

زۆر سوور بوو لەسەر نویشت و چارەنووسی سوپای ئیسلام، دەیپاراستن، دەترسا خوا لە هەموو نکوڵیەکی بپرسێتەوە، هەر بۆیە ئەمیش محاسبەی هەموو نکوڵیەکی دەکرد و لە هیچ کەس نەئەترسا. لە غەمی میللەت و، ترسی محاسبەی خوادا دەیگوت: سوێند بەخوا لەو رۆژەوە ئەم بارەم دراوە بە شاندا. ناتوانم نوێژ بکەم و سوجدە بەرم، دەست بە سورەتێك قورئان دەکەم، نازانم لە سەرەتادام یان لە کۆتایی دا لە لە غەمو خەفەتی خەڵکدام.[461]

کە شەڕێك دەبوو، دنیای لێ دەهاتەوە یەك، هەتا دەکەوت بە بارێکدا، کەسێکی زۆر پاك بوو، پێغەمبەر (ع) دەیفەرموو: (قد كان يكون في الأمم قبلكم محدثون، فإن يكون في أمتي منهم احد، فإن عمر بن الخطاب منهم) محدثون واته ملهمون.[462] واتە خاوەن ئیلهامو دڵی خەبەری دەدا.

کە عومەر رایەکی دەبوو، لەسەر ئەو رایەی ئەو، ئایەت دەهاتە خوارەوە، هەمیشە راوبۆچوونەکانی راست دەردەچوو، موافقی قورئان بووە. لە بۆچونی هەموو یەکێکی تر لە قورئانەوە نزیکتر بوو، فیراسەیەکی سەیری هەبوو، کە هەمیشە خۆی پشتی پێ دەبەست و دەیپێکا. دەیگوت: (من لم ينفعه ظنه، لم تنفعه عينه.)، نمونەی زۆرە، لەو بارەیەوە ناوی دەرکردبوو، خەڵکی باسیان دەکرد، شتی زۆریان لێ بینی بوو. یەکێك لە بۆچونەکانی و، دووربینی و ییرتیژیەکانی ئەوە بوو کە خاکی (سەواد) رەشە خاکی عێراقی دابەش نەکردبوو، خەراجیشی لەسەر دانا بوو بە هونەرێکی سەیر. وە خاکی میسریشی دابەش نەکردبوو، هەتا خەراجەکەی بۆ عامەی خەڵك بێ نەك بۆ ئەفرادی تاك. ئەوە لە بەرژەوەندی جوتیاران بوو. نامەی نووسی بۆ عەمری کوڕی عاسی والی میسر و فەرمویی: (لا تقسمها وذرهم يكون خراجاً و فيئاً للمسلمين و قوة لهم على جهاد عدوهم.) بەو کارە وای کرد بوو کە خەراجی زەوی وزار و (جزیە) و ئەوانی تر کە لەو شێوەیەن، بوو بویە مەواریدی نەگۆڕ و بەردەوام بۆ دەوڵەت، ئەمیش خەرجی دەکرد لە خزمەتی ئاین و بەرژەوەندی گشتی دا، لەوە معاشی والیەکان و قازیەکان و ئەهلی فتواو زانایان و سوپا و چاکردنی رێگا و مزگەوت کردنەوەو خۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد و پردو رێکخستنی روبارەکان.

بەوە پارەی بڕی بویەوە بۆ سوپا. سەرباز کە لە دوور ولاتەوە جیهادی دەکرد، ئەگەر ژیانی خاوخێزانی بە باشی مسۆگەر نەکرایە، غەمی ماڵ و منداڵ نەیدەهێشت جیهاد بکات. ئەوەی بۆ دەبڕینەوە، زۆر چاك پێی دەژیان و لێیان دەمایەوە.

---

[460]. طبقات ابن سعد: ج3ص283.

[461]. تأريخ عمر: ابن جوزي. ص52.

[462]. صحيح مسلم: ج7ص105. فتح الباري بشرح البخاري: ج7ص40.

نەخشەیەکی بۆ داهاتوو هەبوو ئەگەر بمایە دەنگێکی گەورەی دەدایەوە، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا. دەیفەرموو (ئەگەر مام. زیادەی پارەی دەوڵەمەندەکانم کۆدەکردەوەو دابەشم دەکرد بەسەر هەژاران و کۆچ کەراندا.)[463] واتە هەژارەکانم دەبردە ریزی دەوڵەمەندەکان و دەستیانم دەخستە ئیش، هەتا هەموو میللەت لە کار و ئیشدا بن.

لە جێیەکدا دەفەرموێ: (ئەگەر بم زانیبایە کەسێکی تر لە من باشترە بۆ ئەم کارە، داوام لێ دەکرد، بدات لە ملم پێم باشتر بوو هەتا من والی ئەوان بم)[464]

463. المحلي: ابن حزم. ج6ص158.

464. تأريخ عمر: ص41.

بەشی نــۆیــەم

* شێوازی دەوڵەتداری لە شارستانیەتی ئیسلامیدا
* بنچینەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا
* رواڵەتە گشتیەکانی سیستەمی سیاسی ئیسلامیی
* شێوازی دەوڵەت داری لە سەردەمی خولەفادا
* دەوڵەتی عومـــــەر

1- بەردەوامی لە فتوحاتی ئیسلامیدا

2- بنیات نانی دەسەڵاتی حوکم

أ- خەلیفایەتی

ب- ولایەت

ج- بەیتولمال (مالیە)

د- جزیە و ئەهلی زیمە

3- گەشە پێ کردنی زانست و زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانایان

* عومەر لەبەردەم گرفتەکاندا
* دروست بوون و روخانی شارستانیەکان
* هۆی روخانی ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆم
* هۆی شکستی شارستانیەتی فارس و رۆم

بنچینەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا

پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) هەندێ بنچینە و بناغەی پتەوی بۆ حوکم دانا، کە نەك لە ڕژێمی سیاسی شارستانیەکانی پێشو (فارس و ڕۆم) نە ئەچوو، بەڵکو لە وانیش لە پێشتر بوو، گەورەترین ویست و مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی ئەوە بوو کە خۆشبەختی و خۆش گوزەرانی زۆرینەی خەڵکانی میللەتەکەی بهێنێتە دی. لەو بنچینانە:

1. بەیعەت کردن: پێغەمبەر ئەم شێوازەی بەکار دەهێنا بۆ دوو کات:

أ- بۆ کۆمەڵگەیەك کە موسوڵمان بوونایە، بەیعەتی لێ وەردەگرتن، کە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر بن، بڕوا بە تاکی خوا، پێغەمبەرایەتی محمد، قورئان، واز هێنان لە خوڕەوشتی نەفامی پێشوو، دەست گرتن بە ڕەوشتی جوان. ئەمە لە بەیعەی یەکەم دا لەو کۆمەڵەی وەرگرت کە لە دەوری کۆبونەوە، بۆ ساڵی داهاتوو کە دوبارە کۆبونەوە، هەندێك خاڵی تری بۆ زیاد کردن، بە گوێرەی فراوانبوونی سنوورو بەرەوپێش چوونی دەعوە و زیادبونی ئەندامانیان وەکو: پشت گرتنی پێغەمبەر لە شەڕ و ئاشتی دا لە دژی دوژمنانی ئایین، گوێڕایەڵی لە چاکەدا، هەق وتن.[465]

ب – بەیعەی دووەم بۆ کاری سیاسی بوو، کە حکومەتی ئیسلامی دروست بوو، واتە بەیعەت دان بۆ هەڵبژاردنی کەسێك بۆ سەرکردایەتی و بەیعەت دان بە گوێ ڕایەڵی کردن بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی و پشت گرتنی.

2. شورا: خەلیفە دوای پێغەمبەر بە شورا هەڵدەبژێردرا، شێوازێکە کە موسوڵمانان بۆ ئەنجام دان و بڕیاردانی هەموو کارێك بۆی دەگەڕێنەوەو بیروڕای تیا دەگۆڕنەوە و دوعای خێر بۆ یەکتری دەکەن. (وشاورهم في الامر)، (وامرهم شورى بينهم).

3. ئازادی بیروڕاو ڕاگۆڕینەوە رادەربڕین، بەبێ ئەمە نرخ بۆ شورا نامێنێ. کەس ئەوەندەی پێغەمبەر ڕێزی ڕای بەرامبەری نەگرتووە، هەرچەندە پێویستی بە ڕای کەس نەبوو چونکە (وەحی) پاڵپشتی بوو، بەڵام جیاوازی لە نێوان کاری خۆی وەك مرۆڤێك و کاری پێغەمبەرایەتی دای دەکرد، ئەوەی خوا فێری دەکرد بە ناوی خواوە ڕای دەگەیاند، ئازادی بیروڕاو ڕاگۆڕینەوەشی سەرپشك کردبون و گوێی لە هەموو کەس دەگرت.[466]

4. دادپەروەری (عەدالەت). قورئان خاڵەکانی دادپەروەری هەموو دیاری کردبوو، موسوڵمانان لە نێو خۆیان و لە دەسەڵاتی سیاسی دا جێبەجێیان دەکرد، ئایەت و فەرموودە لەو بارەیەوە زۆرە. (احب الخلق الى الله، الامام العادل).

5. کامڵی و تەواوی ڕژێمی ئیسلامی دینی و دنیایی: پێغەمبەر یەکەم دەوڵەتی لە مەدینە دروست کرد، دەسەڵاتی دینی و سیاسی (دنیایی) پێکەوە گرێ داو کۆی کردنەوە، مەبەستی ئەوە بوو ئاینی ئیسلام ئاینی دنیا و، قیامەتە.

ڕواڵەتە گشتییەکانی سیستەمی سیاسی ئیسلامیی

ئیسلام بەوەی کە تەواوکەری ئاینە ئاسمانیەکانی پێش خۆیەتی و، هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی گەلان و میللەتان و لەڕووی بیروڕاو ڕەوشتەوە ڕاست کەرەوەی هەڵەی میللەتانە. کۆمەڵێ سیماو ڕەوشتی تایبەتی هەیە:

1.. نامەی ئیسلام جیهانیە، ناوەڕۆکەکەی مرۆڤایەتیە، ئیسلام سنوری ڕەگەز و ڕەنگ و زمانی تێپەڕاندوەو، هیچ جیاوازیەك نابینێ لە نێوان تاکەکاندا و وەك یەك بۆ هەموان هاتوە (يا أيها الناس اني رسول الله اليكم

465 سيرة ابن هشام: ج2ص35. تاريخ الأمم الأسلامية: خضري بك. ج1 ص79.

466. مفاهيم اسلامية حول الدين والدولة: ابوالاعلى المودودي. ص97، الكويت 1977

جميعاً)[467] (و ما ارسلناك الا رحمه للعالمين)[468] بەڵام یاسا ئەوروپییەکان دوای چەرخی (18) بە پلەی یەکەم ڕەگەزو و زمان و مێژووی هاوبەش دەخوێننەوە.

2ـ لە ئیسلامدا دەسەڵاتی یەکەم بۆ خواو قورئان و پێغەمبەرو سوننەتەکانییەتی، هەتا ئەمر و نەهی و بڕیاری ئەوان هەبێ، کە دەسەڵاتی بەرز و پیرۆزن و لە سەروی بڕیاری مرۆڤەوەن کە دەبێت لە ژێر سێبەری بڕیارە بەرز و پیرۆزەکاندا کاروباری دنیایی خۆیان ڕێك بخەن.

بەڵام لە دەستورە دانراوە زەمینیەکاندا کە تەنها بەرهەمی عەقڵ و زەینی مرۆڤە و، نرخ بۆ دەسەڵاتی باڵا دانانێ. بڕیاری چەسپاوو نەگۆڕیان نیە، هەر بۆیە ساڵانە لە گۆڕانکاری و کەمو زیادکردنو دەستکاریکردنیدان.

3ـ گونجاندن و پەیوەست کردنی بیروڕای ئیسلامی بە قیەم و ڕەوشتی مرۆڤەوە، واتە سستەمی سیاسی ئیسلامی پایەیەکی بەرزی بۆ ڕەوشتو داب و نەریتی مەردم داناوەو، جگە هەندێکی نەشیا و و نەگونجاو، ئەوانی تر ڕێز دەگرێ و دەیهێڵێتەوە.

4ـ یەکسانی: ئیسلام بە یەك چاو سەیری هەموو کەسێك دەکات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا جیاوازی لە نێوان تاك و کۆدا نیە، هەر ڕەنگ و زمان و پلە و پایەیەکی هەبێت، بەرز لای خوا هەرئەوەیە کە خۆی دەفەرموێت (ان اکرمکم عند الله اتقاکم)[469]، (و اذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل)[470]

5ـ دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی کەفالەتی ئازادی تاك مسۆگەر بکات، بە مەرجێ لە شەرع لا نەدات و بگونجێ، دەبێ سەرو ماڵو ناموسیان پارێزراو بێتو جێ و گوزەرانیا ن دابین بکات، بە گومان کاری تاوان نەدات بەسەر کەسدا، مافی هەموو کەس بپارێزێ، تاکەکان ئازاد بن لە عەقیدە و بیروباوەڕیاندا[471]. (لا اکراه فی الدین).[472]

شێوازی دەوڵەتداری لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا

ئیسلام (چواردە) سەدە حوکمی زۆرترین خەڵکی سەر زەوی کرد. ئەم ماوە دوورو درێژە بێ گومانین کە باش و خراپی تێ دەکەوێت. ئینساف نییە کە خاڵێکی لار و خراپ لەو هەموو ساڵانەدا هەڵ گۆزی و بیخەیتەڕوو هەزار و چوار سەد ساڵی پێ ناشرین بکەیت!

ئەگەر یەکێك خراپەی چواردە سەدە کۆبکاتەوە لە مێژووی نەتەوەی ئیسلامدا و بیەوێت موسوڵمانانی پێ ناشرینو تاوانبار بکات، ئەوە دەتوانێت و زۆریشی بۆ کۆدەبێتەوە. تەنها ساویلکەکانی پێ دەخەڵەتێ، بەڵام مرۆڤی ژیر با بێبڕواش بێ وەکو (ویل دیورانت) و (کارل بروکلمان) و دەیانی تر بە شکۆوە چەند بەرگی هەزار لاپەڕەییان لەسەر شارستانی و دادپەروەری سەردەمەکانی ئیسلام تۆمار کردوە، هەندێ لاوازی باس دەکەن، بەڵام بە ئینسافەوە وەك ویل دیورانت مێژوونوس و لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی لە باسە درێژە (33) بەرگەکەیدا بە ناوی (قصة الحضارة)دا دەڵێ: (. لەگەڵ ئەوانەدا، ناچارین تەسلیمی ئەوە بین و بڵێن، کە خەلیفە سەرەتاییەکانی ئیسلام، لە ئەبوبەکرەوە هەتا مەئمون. یاسای چاك و ڕێك وپێکیان داناوە، کە بە ئاسانی بگونجێ بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لە پارچەیەکی فراوانی ئەم جیهانەدا. ئەوانە لە بەڕێزترین و بە تواناترین

[467]. القرآن الكريم: سورة اعراف، آية 158.
[468]. القرآن الكريم: سورة انبياء، آية 107.
[469]. القرآن الكريم: سورة حجرات، آية 13.
[470]. القرآن الكريم: سورة نساء، آية 58.
[471]. الثقافة الاسلامية: د.محمد محمود ربيع، ص455. ط1، 1989 الكويت.
[472]. سورة (بقرة) آية 256.

دەسەڵاتدارانی هەموو مێژووی سەر زەوین. ئەوانە دەیان توانی هەموو شت بەرن بۆ خۆیان، یان هەموو شت کاول بکەن، وەك هێرشە دڕندەکانی تەتەر و مەغۆل و مەجەر و ئەوانەی باکوری ئەوروپا کردیان. بەڵام هیچ خراپ کاریەکیان نەکرد، جگە ئەوەندە کە باج و خەراجیان لەسەر خەڵك دانا. لە سەردەمی عومەردا کە میسر رزگار کرا، (زوبێر) وتی با هەموو زەویە بەپیتەکان دابەش بکەین بەسەر ئەو سەربازانەی رزگاریان کرد. عومەر وتی با هەر بە دەست میللەتەوە بێت و بەرهەم بدات. لە سەردەمی خولەفای راشدین دا زەوی دابەش کرا دەوڵەت تۆمارگەکانی خۆی پاراست، رێگاوبانێکی زۆر کرایەوە، جۆگە ئاودێریەکان چاك کران، پردو بەنداوی گەورە دروست کران بۆ گلدانەوە و بەربەست کردنی ئاوو لافاوی روبارەکان بۆ کشتوکاڵ.

عێراق پێش فەتحی ئیسلامی بیابانێکی روت و قوت و ووشك بوو، دوای فەتح بوو بە باخ و باخات و شینایی فراوان، زۆر لە خاکی فەلەستین پێش فەتح لم و چەو و بەرد و چۆڵ بوو، پاشان گۆڕا بە خاکی بە پیت و بەرەکەت و دەوڵەمەند و قەرەباڵغ و پڕ لە خەڵك، حکومەتی ئیسلام سودی لە شارەزا و بەهێز و پسپۆڕەکانی وەرگرت، میللەتانیان ئەمین کردەوە و ژیانی ئارامیان بۆ رەخساندن و هانیان دان بەرهەمی دەستی خۆیان بچننەوە، باری رەخساند بۆ خاوەن داهێنانەکان و خێروخۆشیان بڵاوکردەوە، بۆ ماوەی شەش سەدە میللەتانیان لە بەستەڵەك و نەهامەتی پێشو رزگار کرد، هیچ سەردەمێك ئەو میللەتانە ئەوەندە خێروخۆشی و ئاوەدانی وایان نەدیبوو، ئەمەش بە هاندان و یارمەتیدان و دەست گیرۆیی کردن بوو، زانست بڵاوەی کرد و گەشایەوە، زانست و ئەدەب و فەلسەفە و کارە هونەریەکان پێش کەوتن بە جۆرێك کە ئاسیای رۆژئاوا بۆ ماوەی پێنج سەدە، پێشکەوتوترین هەرێمەکانی جیهان بوو لە رووی شارستانیەوە.[473]

ئەوانەن فەیلەسوفی شارەزا و بە ئەمەك کە لە بەرامبەر راستیەکاندا بە شانازیەوە وەستاون و چەند بەرگیان لە مێژوویان هۆنیوەتەوە.

مێژووی موسوڵمانان ئەو ژیانەیە کە رایان بواردوە، ئەو روداوانەیە کە دروستیان کردوە، بە تاك بێ یان بە کۆمەڵ، دەوڵەت بێ یان حکومەت، حاکم بێ یان مەحکوم.

ئەو چواردە سەدەیەی مێژووی ئیسلام، خێر و شەڕ و هەڵە وپێکان و تاریك و رونی تیایە. تیایەتی پیاو شەرم دەکات باسی بکات، لاپەڕەی سپی وایشی تیایە کە سەربەرز دەکاتەوە، غیرەت دەهێنێتەجۆش، روداوی وای تیایە کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی بگرێ و نەگری و موی راست نەبێتەوە. لە هەمان کاتدا لاوازی و سەری نەوی و ترس و بیم و گوێ پێنەدانیشی تیایە. ئا ئەم ژیانەی ئەمرۆ گەلانی موسوڵمانانی جیهانی تێ کەوتوە و توشیان هاتوە، لاپەڕەیەکی رەش و تاریك و نزمیە و مێژوش شایەتە. موسوڵمانانیش مرۆڤن وەك هەموو مرۆڤێکی تر، چاك دەکەن و خراپ دەکەن، راست دەکەن و هەڵە دەکەن، لا دەدەن و دێنەوە سەر رێ، لاواز دەبن و بەهێز دەبن.

توندوتۆڵی خەڵك بە ئیسلامەوە مێژویانە. گەر لاواز بون، ئەوا مێژویان لاواز بوە. مێژوی ئیسلام هەموی هی موسوڵمانانە، بە چاك و خراپ و بەهێز و لاوازیانەوە.

ئەگەر یەکێك دەستی دایە قەڵەم، وەفا بۆ قەڵەم وایە کە لەسەر چاك و خراپ بنوسێ و بە تەنها هیچیانی لێ هەڵنەبژێرێ، دەبێ هەردووکیان باس بکات و هەڵبسەنگێنرێ و شی بکرێنەوە، هەموو مێژووی موسوڵمانان پیرۆز نیە و مەقبول نیە، هەروەکو چۆن هەموو کردەوەکانی مرۆڤێك پیرۆز و وەرگیراو نیە!

سەردەمی خولەفای راشدین، زێڕینترین سەردەمەکانی ئیسلامە. فتوحات، بڵاوبونەوەیەکی فراوانی بە خۆیەوە بینی، لە کەمترین ماوەدا زۆرترین خاك و، گەلانی ناوچەکەیان گێڕایەوە ژێر سایەی ئیسلام، لەبەرئەوە بە پیرۆزترین قۆناغەکانی حوکمی ئیسلامی دادەنرێت، ئەوەی ئەنجامیان دا، نمونەی ئاوێنەیەکی بەرز و پاکە بۆ

---

[473]. قصة الحضارة – ول ديورانت – ج13ص275.

نەوەكانی دوای خۆیان. پێشەنگن بۆ موسوڵمانان هەتا زەوی لە خولانەوە دابێت!

خولەفای راشدین (30) ساڵ حوکمیان کرد[474]، ئەوەندەیان تیا ئەنجام دا، کە زۆرتر لە کاری موعجیزە و ئەفسانە دەچێت.

ئەبوبەکر	دوو ساڵ و هەشت مانگ و سێ ڕۆژ حوکمی‌کرد.
عومـــەر	دە ساڵ و شەش مانگ و نیو بوو.
عوسمان	دوانزە ساڵ و دە ڕۆژ بوو.
عەلی کوڕی ئەبی تالب	پێنج ساڵ بوو.

بە ماوەی هەموویانەوە پێشبینی فەرمودەکەی پێغەمبەریان هێنایە دی کە فەرموی (الخلفاء بعدی ثلاثون سنة، ثم تكون ملكاً.) واتە: (خەلیفایەتی جێنیشینی دوای من سی ساڵە و پاشان دەبێتە پاشایەتی.) یان لە جێیەکی تردا فەرموی (خلافة النبوة ثلاثون سنة ثم يؤتى الله الملك او ملكة من يشاء.)[475]

ئەوە بوو ڕێك وا دەرچوو، بەڵكو دوای خولەفا دەسەلآت کەوتە دەست (بەنی ئومەییە) و بە زۆر پچڕاندیان بۆ خۆیان و، پایتەختیان لە مەدینەوە گواستەوە بۆ (دیمەشق)، وە سستەمی شورا کە ئایەتی لەسەر بوو، گۆڕیان بۆ پشتاوپشت بەڵکو لە باوکەوە دەمایەوە بۆ کوڕ و برا. دوای سی ساڵەکە (معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) بویە پاشا. وەك خۆی هەموو جارێك دەیگوت: (أنا أخر الخلفاء واول الملوك)[476].

ئەوەی لەو سی ساڵە دا کرا مێژونوسان و لێکۆڵەرەوان دەستەوسانن لەبەردەمیدا. دوو ئیمپراتۆریەتی زلهێزی جیهانی ئەو کاتەیان بە چۆکا هێنا. دەوڵەتی ئیسلامی سوپایەکی جەربەزەی هەبوو، سوار چاکێکی شارەزا بوون، فارس و ڕۆم نەیدەگرتنەوە، هیچ کەس بەرگەی ناڵە و نرکە و نەعرەتە و دەنگ وهەرای نەدەگرتن. هاتوچۆی خێرا و جوڵە سەیرەکانیان، بەرامبەرەکانی هێنا بویە لەرزە و گەشکەو حەشۆکە، زۆرجار حەزیان دەکرد، لە دورەوە سەیری جوڵەو بزاوتی موسوڵمانان بکەن. سوپای ئیسلامیش زۆر تامەزروی ئەوە بوون دابەزنە مەیدانی جەنگ و، خۆیان بۆ بێبڕواکان بنوێنن و، دڵسۆزیان بۆ خوا دەربخەن. کارەکانیان خێرا بوو، زەوی لە ژێر قاچیاندا دەهاتەوە یەك. ساڵی 635 زاینی دیمەشق و ساڵی 636 ئەنتاکیە و ساڵی 638 شاری قودس ڕزگار کرا، هێشتا ساڵی640 نەهاتبوو، کە هەموو شام ئازاد کرا، کە گەیشتە 640 ئمپراتۆریەتی فارس روخا و، وڵآتی میسریش ئازاد کرا، بەترياركی قودس (سفرو نیوس) وتی کلیل نادەم هەتا خەلیفەتان نەیەت، عومەر هات، سادەیی پێوە دیار بوو، ئەوە فەخرتر بوو لە فەخامەت و گەورەیی و دەست و پێوەند، کیسەیەك خورما و دۆڵیانێك ئاوی پێ بوو، کە خالید و ئەبوعوبەیدە چوونە پێشوازی، تورە بوو کە جل و بەرگە سەیرەکان و، گوڵنك و شاخ شاخە و کورتان و زینی عەجایەبی وڵآخە ڕازاوەکانی بینین! مشتێ قوڕ و خۆڵی بۆ هەڵدان. وتی: ئا بەم جۆرە پێشوازیم لێ دەکەن. بەڵآم کە قسەی لەگەڵ (سفرونیوس) کرد، پڕ بوو لە لوتف و موجامەلەی شیرین، جگە جزیەیەکی زۆر کەم، هیچی لەسەر ئەو هێزە شکاوە فەرز نەکرد. ئەمینی کردن کە کەنیسەکانیان پارێزراوە و ناڕوخێ و، داگیر ناکرێ، بێ ترس بەندایەتی خۆتان بکەن، مێژوونووسە گاورەکان دەڵێن: لەگەڵ بەترياركی قودس دا بە شاردا گەڕان، دە ڕۆژ مایەوە، جێگەی مزگەوتێکی دۆزیەوە، پاشتر بە ناوی خۆیەوە ناونرا. خەڵکی مەدینە ترسان عومەر قودس بکاتە پایتەخت و نەگەڕێتەوە! کە عومەر هەستی کرد، دەست بەجێ خۆی پێچایەوە و گەڕایەوە پایتەختە بچکۆلەکەی ناو بیابان. عومەر نەیدە هێشت عەرەبەکان کۆچ بکەن بۆ

---

474. فتوح الاسلام: ابن حزم. ص353.

475. رواه ابوداود في سننه، رقم الحديث (4646). رواه الترمذي في سننه، رقم الحديث (2326).

476. الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف والاستشهاد: د.صلاح عبدالفتاح الخاليدي. ص294. دارالقلم، دمشق1995

دەرەوەی نیوەدورگە و زەوی بکڕن. لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ساڵی 642 زایینی نیو ملیون کەس لە نیوەدورگەوە کۆچیان کرد بۆ دەرەوە، عومەر حەزی دەکرد لە دەرەوەی نیوە دورگە کۆمەڵێك سەباز هەبێت، دەوڵەت یارمەتیان بۆ بنێرێ و پێویستیان دابین بکات، رەوشتی سەربازی خۆیان بپارێزن. بەڵام دوای مردنی پشت گوێ خرا، عومەر 5\1 ی داهاتی لە سوپادا خەرج دەکرد.[477]

ئەبوبەکر لەسەر رێ و ڕەسمی پێغەمبەر دەچوو بەڕێوە و، وەسیەتەکانی ئەوی جێبەجێ دەکرد، بەڵام خەلیفە عومەر برەوی دایە دەقەکانی ئەوان و بەشێوەیەکی پێشکەوتوتر کاری کرد کە لەگەڵ واقعی سەردەمەکەی‌دا و فراوانی سنورەکەی‌دا بگونجێ، مەبەستەکانی ئەوانی دابەش کرد و بەڕێوەبەرایەتی تری لێ جیا کردەوە.

دەوڵەتی عومەر

لە نێو خولەفای راشدین دا خەلیفە عومەر زۆرترین ماوەی حوکمی برد و، گەورەترین کاری تیا ئەنجام دا دەوڵەتێکی یاسای پڕ لە دام ودەزگای پێك هێنا کە دۆست و دوژمن باسی دەکەن. خەلیفە عومەر کارەکانی کرد بوو بە سێ بەشەوە بەم جۆرە:

1- **بەردەوامی لە فتوحاتی ئیسلامیدا:**

أ – بەرەی جەنگی فارس، کە پاشان کردیە حەوت بەرەی جەنگی، بەرەو قارەی ئاسیا.

ب – بەرەی جەنگی رۆم، بەرەو قارەی ئەوروپا.

ج – بەرەی جەنگی میسر بەرەو قارەی ئەفریقیا.

ئەم بەرانەی بە گەرمی ئیدامە دەدا و، دەسەڵاتێکی تەواوی کردبوو بەسەریاندا و سەرپەرشتی هەموویانی دەکرد، نامەو نوێنەر بە گەرم و گوڕی لە هێنان وبردنی هەواڵ دا بوو، بەردەوام خەریکی ناردنی یارمەتی و داڕشتنی نەخشە و دابەش کردنیان بوو، کەموکورتی لایەکی بەوی تر پڕدەکردەوە، پارسەنگی تەواویانی راگیر کرد بوو، هەمیشە لە هەر سێ بەرە کەدا بە گەرمی جەنگ هەبوو. دوو ئیمپراتۆریەتی زلهێزی جیهانی ئەو کاتەی (فارس و رۆم)ی شپرزە کردبوو.

2- **دامەزراندنی سیستەمی دەسەلات:**

رێکخستنی کاروباری دەوڵەت و میللەت، سیاسەتی کارکردن و تەگبیر، هەر لەخۆوە دروست نابێت. بەڵکو پێویستی ژیان و گوزەران، ئەو جۆرە شێوازی سیاسەت و بەڕێوەبردن و رێکخستنانە دەهێنێتە بەرهەم، هەر کات ئیشێك هاتە پێشێ، دەبێ سیاسەتێکی بۆ رێك بخرێت بۆ راپەڕاندنی، ئەو دەوڵەتداریەی لە سەردەمی عومەردا گوڕێکی بەهێزتری پێ درا لە پڕ پەیدا نەبوو، بەڵکو لە پێویستاتی رۆژ و هاتنە پێشی روداوەکانەوە، وەبەرهەم هات کە لەسەر ئەم بناغەیە بەڕێوە دەچوو:

أ – **خەلیفایەتی:** یەکەم کەس کە ناونرا خەلیفە ئەبوبەکر بوو دوای پرس وڕا بە سەحابە و ئەهلی (حەل و عەقد) بڕیاری دەدا. بەڵام عومەر شتی نوێ تری داهێنا. کار و سنوری دەست رۆیشتنی خەلیفەی دیاری کرد، چۆنیەتی پەیوەندی نێوان خەلیفە و رەعیەی رێکخست، کە ئەوانەشی لە سیرە و سونەتی پێغەمبەر و ئەبوبەکرەوە وەرگرتبوو، گرنگترین ئەو دەسەڵات و یاسایانە ئەمانە بوون:[478]

خەلیفە سوڵتەی دینی و دنیایی بە دەستەوە بوو، واتە ئەمارە و ئیمامەی کۆکردبویەوە.

سوڵتەی خەلیفە لە گەل و ئومەی ئیسلامیەوە وەردەگیرێ، چونکە نوێنەریانە، لەبەرئەوە پێویستە میللەت لە

---

[477]. قصة الحضارة: ول ديورانت، ترجمة محمد بدران. ج13ص76–80. الادارة الثقافة في جامعة الدول العربية.

[478]. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە کتێبی كتاب الدولة الاموية " د.يوسف العش. ص7. مطبعة جامعة، دمشق.

خەلیفە رازی بن، ئەوسا بەیعەتی بدەنێ. پێویستە میللەت هەڵەی خەلیفە دیاری بکات و ئاگاداری بکاتەوە، خەلیفەش پرس وڕا و مشوەرە بە میللەت بکات.

خەلیفایەتی پشتاوپشت نییە، بەڵکو ساڵح ترین و گونجاوترین و چاکترین و لەبارترین کەس بۆ بەرژەوەندی دین و میللەت، ئەوە دەکرێتە خەلیفە.

ب- ولایــەت: عومەر یاسای ولایەت (ئەمارەت)ی داهێنا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەرێمەکان، بەڵام ئەبوبەکر ئەو کارەی بەو سەرکردانە دەسپارد کە هەرێمەکانیان فەتح دەکرد، هەر ئەوان سەرپەرشتی ناوچەکەیان دەکرد و کاروباریان رێك دەخست.

عومەر دەوڵەتی ئیسلامی دابەش کرد، سەرپەرشتیاری ناوچەکانی ناونا (ئەمیر) پاشان کردیە (والی) پاشتر کردیە (عامل). یەکەم کەس کە ناوی (ئەمیر)ی نا (مغیرەی کوڕی شعبە) بوو، کە سەردەمێك والی (کوفە) بوو، یەکەم کەس کە خەلیفەی ناونا (ئەمیرولموئمنین) ئەبوموسای ئەشعەری بوو کە نامەیەکی بۆخەلیفە عومەر نووسی و ناوی نابوو (امیر المؤمنین) ئیتر لەوێوە وشەی امیر المؤمنین داهات.

لە سەرەتاوە (ئەمیر) یان (والی) دەسەڵاتی خەلیفەی هەبوو، واتە هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەبوو، (تەشریعی) و (تەنفیزی) (قەزایی).بەڵام خەلیفە عومەر ئەو سیانەی لەیەك جوێ کردەوە. تەنها دەسەڵاتی تەنفیزی و ئیمامەتی نوێژی مزگەوتی دا بە ئەمیر، سوڵتەی قەزایی لێ سەندەوەو، قازی تایبەتی دانا بۆ هەرێمەکان، پاشان باج و خەراجیشی لێ جیا کردەوە و فەرمانبەرێکی تایبەتی دانا بۆ وەرگرتنی.

والی و قازی و فەرمانبەرەکان لە دەوڵەتی عومەردا، دەبوایە مەرجەع و گەڕانەوەیان خەلیفە بوایە. هەر ئەو دای ئەنان ولایدەبردن، ئەم یاسایە هەتا دوا خەلیفەی راشدین بەردەوام بوو، ئەم رژێمە عومەریە، چاکە و ئیجابیاتی هەردوو رژێمە ناسراوەکانی کۆکردبویەوە کە وڵاتانی ئەمڕۆ کاریان پێ دەکەن، واتە حکومەتی عومەر ئیجابیاتی هەردوو رژێمی (مرکزی) و (لامرکزی) تیابوو.

عومەر ئەو شێوازە نوێیەی داهێنا، هەتا هەندێ دەسەڵاتی والی بگێڕێتەوە و ستەمی پێ نەکات، لە هەمان کاتدا هەندێ سەربەخۆیی لە سنوری خۆی دا بداتێ و تەنها هەر شتی بەسەردا فەرز نەکرێ، بەو کارە یەکێتی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی وڵات دەپارێزێ.

عومەر وڵاتی کردە، چوار ولایەت، بۆ هەر ولایەتێك ئەمیرێك عامل -والی یەکی دانا، راستەوخۆ پرسیان بە خەلیفە دەکرد. عومەر وتارێکیدا فەرموی: (ئەی خەڵکینە، سوێند بە خوا من عامل نانێرم لێتان بدات، دارکاریتان بکات، باج و خەراجتان لێ بسەنن، من دەیان نێرم هەتا ئاین و سوننەتتان فێر بکەن، هەر کەس جگە لەمانەی کرد، خەبەرم بدەنێ، بەو کەسەی گیانی عومەری بە دەستە، تۆڵەی لێ دەکەمەوە.)

کە خەڵکی هەرێمەکان دەهاتن بۆ حەج - عومەر حەجی کردبوە جێی وتوێژ و کۆبونەوەی والیەکان و ئەوانەی شکات و داواکاریان هەیە، عومەر لێ ی دەپرسین ئەمیرەکەتان چۆنە.؟ لەگەڵ لاوازتان دادەنیشێ و گوێیان لێ دەگرێ.؟[479]

ئەگەر عاملێکی دابنایە بە والی هەرێمێك، پەیمان نامەی (تعهد)ی پێ پڕدەکردەوە، کە راستگۆو دادپەروەر بێت، هەتا کۆمەڵێك لە موهاجرین و ئەنسار بۆیان مۆر نەکردایە، نەیدەکردە والی. مەرجی بۆیان ئەوە بوو: سواری کەر ببێت، خۆی بەشت نەزانێت، زۆر نەخوات، خۆش خۆر نەبێت، نەرم لەبەر نەکات، دەرگا بۆ ئەوانە بکاتەوە کە پێویستیان هەیە، تەنانەت ساڵێك پێش وەفاتی فەرموی: (ئەگەر مام، ساڵێکی تر دەچم بۆ بەدواداچوون و گەڕان بەسەر ویلایەت و هەرێمەکاندا، من دەزانم خەڵکانێك هەیە پێویستیان بە رۆیشتنی خۆم

---

[479]. تأريخ الطبري: ابن جرير الطبري. ج5ص20.

هەیە. بە خۆم نەبێت کاریان جێبەجێ نابێت، دەزانم عاملەکانم پێم ناگەیەنن! دەچم بۆ شام، بۆ جزیرە کوردستان، بۆ میسر، بۆ کوفە، بۆ بەسرە. هەر یەکە دوو مانگ دەمێنمەوە، چاکترین حولە ئا ئەو متابعە کردن و گەڕانەیە.)

میللەتان، گەل و هۆزە کورد و فارس و بلوچ و ئازەر و ئەرمەن و تورك و ئالانی و قبتیەکان، ئەو قسانەیان دەبیست، رەفتار و کردەوەکانیشیان دەبینی، بەراوردیان دەکرد و رایان دەگۆڕا، بە تایبەت کە ستەمی سەختی فارس و رۆمیان بینی بوو[480] ، ئەو گەل و هۆزانەی پێشتر خاوەنی هیچ نەبون، خاوەنی خۆیان و ماڵ و منداڵ و ناموس و سامان و خاك و ئاو و وڵاتیان نەبوون، کە ئیسلام هات بە تەواوی مانا ئازاد بوون، بوونە خاوەنی هەموو شتێك، سروشتی مرۆڤ وەها یە ئولفەت لەگەڵ خۆشیەکدا دەگرێ کە دڵی بیگرێ، بە تایبەت کە سێبەری ئیسلام فێنك بوو، مافی هەموو کەسی دەدا بەبێ جیاوازی. کە (شابانو) کچی یەزدگوردی پاشا، لە جەنگی جەلەولادا گیرا، مارەیان کرد لە (حوسێنی کوڕی عەلی) هەتا ببێتە بوکی کچەزای پێغەمبەر (ع). نەك بیدەن بە سەربازێك و بچێتە ماڵی کەسێکی دور و بێ حاڵ، هەتا لە نزیك ماڵی سەرکردەکانەوە بژی و، زۆر لێ ی نەشێوێ. ئەم دەستور و یاسایانەی عومەر، هەموو کەسی دەگرتەوە و، مافی کەسی ون نەئەکرد.

کە والیەکی دادەنا، لە پێشەوە سەرژمێری موڵك و ماڵی دەکرد، بۆ ئەوەی بزانێت پاشتر چی زیاد دەکات! چاودێری بە سەرەوە دادەنا، تا هەواڵی بۆ بهێنێتەوە، تەنانەت والیەك لە هەرێمێك بوایە، لە نزیکترین کەسی خۆی دەترسا، لەبەرئەوە نەیدەوێرا زوڵم و ستەم بکات. عومەر داوای کردبوو، ئەگەر والیەك لە هەرێمی خۆیەوە، بۆ سەردان و کاری رەسمی بگەڕایەتەوە، دەبوایە بە رۆژی نیوەڕۆ بهاتایەوە بۆ شار و ماڵی، نەك بە شەو! هەتا خەڵك چاوی لێ ی بێت و بزانێ چی‌یان پێ‌یە! عومەر چاودێری لەسەر رێگاکان دانا بوو، هەتا لێپرسراوەکان ببینن. لە وەرزی حەج دا هەموو والیەکانی بانگ دەکرد بۆ لێپرسینەوە، شایەت و شکات کەری بانگ دەکرد. هونەرێکی بەکاردەهێنا بۆ دۆزینەوەی تاوانبار، کە (معاویە) منداڵ بوو، بانگی کردو وتی: دوێنێ باوکت (ئەبوسوفیان) گەڕایەوە، چی هێنایەوە بۆ ماڵەوە.؟ معاویە وتی: دە (10) هەزار درهەم. پاشان ئەبوسوفیانی بانگ کرد، وتی مستیلەکەت داکەنە و بمدەرێ. پاشان یەکێکی بانگ کردو وتی ئێستە بچۆ بۆ ماڵی ئەبوسوفیان و بە (هیند)ی ژنی بڵێ ئەبوسوفیان دەڵێ ئەمە مستیلەکەمە، چیم هێنایەوە ئێوارە، هەر هەمویم بۆ بنێرە. ئەویش شتەکان و (دە) هەزار درهەمەکەی بۆ نارد، عومەر خستیە بەیتولمال. میللەتەکان ئەمانەیان دەبیست، دەیانگوت ئەمانە داگیرکەر نین. بەڵکو رزگارکەرن، پیاوانی دین و دنیان، پەیامێکیان بۆ هاتووە بڵاوی دەکەنەوە. هەر بۆیە زۆربەی جار موسوڵمان دەبون بێ شەڕ.

عومەر جارێکیان بە هاوڕێکانی وت: دەست نیشانی کەسێکم بۆ بکەن بیکەم بە والی (عامل). وتیان شەرتت چی‌یە؟ فەرموی (کەسێك بێت، ئەگەر لەناو کۆمەڵێکدا بێت، ئەمیریان نەبێت، بەڵام وا خۆی راگیر کردبێ و رێزی خۆی پاراستبێ، وەك ئەمیر سەیری بکەن و پرس و رای پێ بکەن. وە ئەگەر ئەمیریان بوو، ئەوا خۆی وەك یەکێك لەوان نیشان بدات.) کێ بوە شەرتی وردو دروستی وای بوبێت؟ پرسی بە هەموو کەس دەکرد، هەتا رای جوان و دروستی دەست بکەوێت، پرسی بە منداڵ و گەنج دەکرد و دەیگوت ئەمانە بیریان تیژە و شت دەپێکن. نەك هەر ئەوە بەڵکو بۆ جەنگی نەهاوەند کە گەورەترین جەنگی موسوڵمانان بوو پرسی بە بێ بڕوا کرد، پرسی بە (هورمزان) پاشای هەرێمی ئەهواز کرد کە ئەسیر کرابوو وتی: لە پێشەوە پەلاماری کام لەم سێ جێ‌یە بدەین. ئەویش راستی وت! ئەمانە هەمووی هۆ بون بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسلام نمونەیی بێ و گەلان چاوەڕوانی بکەن. لە هەموو رویەکەوە لە دەوڵەتانی ئەوسا جیاواز بوو بە شێوازێکی سادە و ساکار کارەکانی ئەنجام دەدا،

[480]. الاحكام السلطانية: الماوردي. ص125.

عەقیدەیەکی ئاسان و دوور لە ئاڵۆزی هەبوو.

ج- بەیتولمال(مالیە): یەکەم کەس کە ماڵێکی دانا بۆ کۆکردنەوە و سەرپەرشتیکردنی پول و پارە و داهات.عومەر بوو. ئەوەی کە دەهات، لە زەکات و جزیەی ئەهلی (زیمە) و (خومس)ی غەنائم و، میراتی ئەو مردوانەی کە کەسیان نەبوو، عومەر سجیلی (تۆمارگە)ی داهێنا بۆ ناونوسی ئەوانە و، دابەش کردنی داهات بەسەر موستەحەقدا، یان بۆ ئەوانەی یارمەتیان بۆ دابین کرابوو[481](وەك دیاری دەدرا بە هەندێ کەس بۆ رێزلێ نانیان)

د- جزیە و ئەهلی زیمە: جزیە لەسەر پیاو دانرا بوو، منداڵ و ژن عەفو کرابون، دەبێ ئازاد و باڵق و عاقڵ بێت، لەسەر جولەکە و گاور و مەجوسی و سائبە و سامرە دانرابوو[482]. لە هەژار و دانیشتوو و نابینا و کەمئەندامو بێکار و عابید و راهیب و زێوان و خادمی پەرستگاکان وەرنەدەگیرا.[483] ئەم کارانە کاریگەریان هەبوو، میللەتان هەستیان هەبوو، دەسەڵاتەکانی پێشویان بینی بوو، لەگەڵ سەردەمی نوێدا بەراوردیان دەکرد.

لە سەردەمی ئیسلامدا ئازادی بیروڕا و ئاین هەبوو، دەستیان نەدا لە ئاگردان و پەرستگاکانیان، بەڵکو دەیان پاراستن، ئەمە لە بەرامبەر پارەیەکی کەمی رەمزی بە ناوی (جزیە)، کە تەنها لەو کەسانە دەسەنرا کە توانای جەنگیان هەبوایە و رازی نەبونایە ببنە موسوڵمان، لە هەژار و نەدار و ژن و منداڵ و نەخۆش و پیر و زێوان و زانا ئاینیەکان وەرنەگیرا، ئەمە بەرامبەر ئەوە بوو کە نەدەچوون بۆ خزمەتی سەربازی (بەدەل سەربازی) کە موسوڵمان دەبون، ئەوەشیان لەسەر لادەچوو.

(ویل دیورانت) پرۆفیسۆری ئەمریکی هەرچەندە بڕوایەکی سەیری بە بونی خوا و بونەوەر هەبوو بەڵام راست گۆیانە دەڵێت:(ئیسلام یەکەم ئاین و رژێمە لە مێژوودا کە مرۆڤ و میللەتانی لە نێوان سێ خاڵدا سەر پشك کردبێ، لە نێوان موسوڵمان بون، یان جزیە دان، یان شەڕ.). پێش ئیسلام و ئێستەش کە هێزێکی زەبەلاح پەلاماری هێزێکی لاواز دەدات، هەموو داواکاریەکی خۆی بەسەردا فەرز دەکرد، بە ژێردەست خستن و، باج لەسەر دانان سەرشۆڕیان دەکردن، بە جۆرێك کە هەموو هێزێکی سەربازی و ئابوریان لێ دەچنین، هەتا جارێکی تر هەڵ نەدەنەوە. بەڵام سوپای ئیسلام وانە بوو، کە چونەتە بەردەم دوژمن، سەرپشکیان کردون لە نێوان سێ شتدا یان موسوڵمان بن و وەك ئەمانیان لێ دێ، هەموو مافێکیان پارێزراوە یان نابنە موسوڵمان دەبێ جزیە بدەن و، لەسەر ئاین و رەوشتی خۆیان بمێننەوە و سوپای ئیسلام دەیان پارێزێ، یان شەڕ. کە خالیدی کوڕی وەلید چوە حیرە، خەڵکەکەی وتیان ئێمە موسوڵمان نابین، خالید وتی کەیفی خۆتانە، سەرۆکی وەفدی حیرە ناوی (ئیاس کوڕی قبسەی تائی) بوو، خالید وتی: (من بانگتان دەکەم بۆ لای خوا و بۆ ئیسلام، ئەگەر وەڵامتان دامەوە، ئەوا ئێوەش وەك ئێمە موسوڵمانن، چی بۆ ئێمە هەیە، بۆ ئێوەش هەیە، ئەگەر نەتان کرد، دەبێ جزیە بدەن، ئەگەر نەتان دا، ئەوا گەلێکم بۆ هێناون، سورن لەسەر مردن، وەك چۆن ئێوە سورن لەسەر ژیان، شەڕ دەکەین هەتا خوا دەیخات بە لایەکدا.[484] ئیاس وتی: ئێمە پێویستیمان بە جەنگ نیە، لەسەر ئاینی خۆمان دەمێنینەوە و جزیە دەدەین. خالید رازی بوو.) کە جزیەیان دەدا دەبونە (ئەهلی زیمە) پێغەمبەر (ع) لە حەجی ماڵئاوایدا فەرموی (اخفظوني في ذمتي) یان فەرموی: (ليس فى أموال اهل الذمة الا العفوا) ئەوان زەکات و سەدەقە نادەن، تەنها ئەو جزیەیە دەدەن، کە لە چاو زەکات و خێر و سەدەقەی موسوڵمانان هەر هیچ نیە. لەوان

481. طبقات ابن سعد: ج3ص296. ابن اثير: الكامل في التأريخ " ج2ص502، مطبعة الازهرية. مصر 1301ه

482. الاحكام السلطانية: الماوردي، ص137.

483. كتاب الام: الامام الشافعي. ج4ص97، كتاب الخراج: ابويوسف، ص146.

484. كتاب الخراج: ابويوسف. ص17.

زەکات وەرناگیرێ، چونکە باوەڕیان پێ ی نیە، جزیە قەرز نیە، ئەگەر زیمیەك مرد، قەرزار بوو، لێی ناسەنرێ و لە وەرەسەی داوا ناکرێت، جزیە لەسەر عاقڵ و ئازادی لەش ساغە، کە بتوانێ بیدا، لە کوێر و شێت و. وەرناگیرێ.

جزیە لە جەزاوە هاتوە، واتە لێیان دەسەنرێ لە جەزای ئەوەی بیان پارێزن و سەربازی نەکەن، جەزای سەربازی نەکردنە، عومەر چوو بە کۆلانێکدا، سواڵکەرێکی بینی، لە پشتەوە دەستی خستە سەرشانی و وتی: لە چ ئاینێکی؟ وتی: جولەکەم. وتی: بۆ سواڵ دەکەیت.؟ وتی بۆ(جزیە).عومەر بردیە ماڵی خۆیان و شتێکی دایە و ناردی بۆ لای بەیتولمال کە پارەی بۆ ببڕنەوە!

ئەو کاتەی کە خەریك بوو جەنگی قادسیە روبدات عومەر داوای لە سەعد کرد وەفدێك بنێرێ بۆ لای (یەزدگورد)ی پاشا، هەندێ وتووێژ بکەن، وەك پێشەکیەك بەڵکو رودانێکی تر روبدات و نەرمی و رێکەوتنێك و هودنەیەك و ئەو جەنگە رونەدات، سەرۆکی وەفدەکە ناوی (نیعمان کوڕی موقرین) بوو، (18) نەفەر بوون.

یەزدگورد وتی: بۆچی هاتونەتە سەرمان.؟ نیعمان وتی: (خوا پێغەمبەرێك و ئاینێکی بۆ ناردوین، داوای لێ کردوین بیگەیەنین بە هەموو گەلانی تریش، لەبەرئەوە ئێمە بانگتان دەکەین بۆ ئیسلام، کە ئیسلام داوا دەکات چاکە بکەین و خراپە نەکەین، ئەگەر موسوڵمان بون، ئەوا نوسراوی خواتان بۆ بەجێدەهێڵین حوکمی پێ بکەن، ئێمە لاتان چۆڵ دەکەین و دەچین بۆ جێیەکی تر. ئەگەر نەتان کرد ئەوا لە شەڕ باشتر ئەوەیە جزیە بدەن، دەتان پارێزین و لەسەر ئاینی خۆتان بمێننەوە، ئەگەر نەتان کرد شەڕ دەکەین.) یەزدگورد زۆری پێ ناخۆش بوو، چونکە پاشای دووەم ئیمپراتۆریەتی جیهان بوو بەلایەوە قورس بوو، تورە بوو، هەڕەشەی کرد.

هەموو سەرکردە موسوڵمانەکان پێش شەڕکردن، ئەو گەل و خێڵ و سوپایانەیان سەرپشك دەکرد کە بە کەیفی خۆیان یەکێك لەو سیانە هەڵبژێرن. ئەنجا دوو رۆژ یان زیاتر ماوەیان دەدانێ و لێیان دووبارەو سێ بارە دەکردنەوە، ئەوسا ئەوەی دەکرا بڕیار دەدرا.

تەبەری لە مێژووەکەی بەرگی 3 لاپەڕە 235 دەڵێت: ئەو کاتەی کە عوتبەی کوڕی فەرقەد چوە سنوری ئازربایجان. سەرپشکیان کردن لە نێوان ئەو سیانەدا، ئەوانیش وتیان لەسەر ئاینی خۆمان دەمێنینەوە و جزیە دەدەین، عوتبەش بانگی کردن و رێکەوتنیان مۆر کرد کە زۆر لوتف و سۆز و رێزی بۆ بەرامبەر تێدا بوو، وەکو دوژمن سەیریان نەدەکردن، ئەمەش دەقی رێکەوتنەکەیە (بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. ئەمە ئەوەیە کە عوتبەی کوڕی فەرقەد فەرمانبەری عومەر کوڕی خەتاب ئەمیری بڕواداران بەخشیە خەڵکی ئازربایجان، بە دانیشتوانی شاخ و دەشت و دەر و سنورەکانی، بە هەموو میللەتەکانیەوە، هەر هەموو ئەمین بن لە خۆیان و ماڵ و گەل و ئاینیان، لەسەرئەوە جزیە بدەن بە گوێرەی بون و توانایان، وە لەسەر منداڵ و ژن و نەخۆشی بەردەوام نیە پارە بدەن ئەوانەش کە هیچیان نیە و، ئەوانەش خەریکی خوا پەرستین و کاسبیان نیە و، ئەوانەش کە لەگەڵیان دەژین نایان گرێتەوە.)

خالید کوڕی وەلید دوای رێکەوتنەکەی لەگەڵ خەڵکی حیرە، لە وەلامی پرسیارێکدا دەڵێ:(کە چومە حیرە نوێنەر لە ماقولان هاتن بۆ لام. یەکەم جار بانگم کردن بۆ ئیسلام و بۆ لای خوا. نەهاتن. پاشان وتم دەبێ جزیە بدەن. یان شەڕ. وتیان شەڕمان ناوێ، بەلام وەك چۆن لەگەڵ خاوەن نامە ئاسمانیەکاندا رێکەوتی، ئاواش لەگەڵ ئێمە رێك بکەوە و جزیە دەدەین. منیش سەرژمێرم کردن دەبینم حەوت هەزار کەسن لە پیاوان، جیام کردنەوە، دەبینم هەزاریان نەخۆش و پەك کەوتەن، لەو حیسابە لام بردن و شەش هەزاریان جزیەیان کەوتەسەر، لەسەر شەش هەزار رێکەوتین، پەیمان و وەفام لێ وەرگرتن کە پەیمان شکێنی نەکەن، یارمەتی دوژمنمان نەدەن، هەواڵ و نکوڵی ئێمە نەبەن بۆ ئەوان و جاسوسیمان لەسەر نەکەن، ئەگەر مخالەفەیان کرد ئەوا (زیمە) یان لەسەر نامێنێ و نایان پارێزین. ئەگەر دوای ئەوەش پیاوێك پیر بوو یان دەوڵەمەندێك هەژار کەوت، ئەوانەش جزیەیان لەسەر نامێنێ بەڵکو لە بەیتولمالی موسوڵمانان یارمەتییان بۆ دەبڕینەوە، هەتا لە سنوری دارلئیسلامدا بن،

ئەگەر لە خاكی ئیسلام دەرچون بۆ جێیەكی تر ئیتر ئێمە جزیەیان لێ وەرناگرین، بەڵام نەفەقەی ماڵ و منداڵیان دەكێشین.) پێغەمبەر لەسەر دەمی خۆی دا جزیەی لەسەر خەڵكی (ئەكیدەر) و (دومەتولجەندەل) و مەجوس (هجر) و هەندێ لە (یەمەن) وەردەگرت. بەلام هەندێ لە رۆژهەلات ناسە گومان دروست كەرەكان وا بلاودەكەنەوە كە گوایە جزیە لەسەرەتاوە نەبوو، بەڵكو لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم دا داهات، گوایە موسوڵمانان بۆ كۆكردنەوەی پارەوپول و سەرانە دایان هێناوە. بەلام وا نیە، ئەوەتە پێغەمبەر (ع) لە سەردەمی خۆی دا كردویەتی. (دانیل دینت) لە كتێبی (الجزية في الاسلام) دا لاپەرە (29)دا بوختانەكانی (فلهاون) و (بیكر) و (جروهمان) و (كاتیان)ی هێناوە بۆ ناشرین كردن، بەلام نەچوە ئایەت و فەرمووده بهێنێت بزانێ چی دەڵێن. خوای گەورە لە چەندین جێداو، پێغەمبەری ئازیز لە چەندین فەرمودەدا باسی جزیەیان كردووە. پێش ئیسلام جزیە بۆ ژێردەستەو شكاوی جەنگی دەبوو، كە بۆ تۆڵە و دژایەتی و خۆفەرزكردن دەسەنرا. بەلام ئیسلام ئەو بیرۆكەیەی لابرد و، دای نا بۆ پاراستن و پارێزگاری و پاراستنی گیان و كەرامەت و پارە و ماڵ و عەقیدە و خاكیان، كە پێكەوە لەگەڵ موسوڵمانان بژین وەك یەك لە ئازادی بیروڕاو كاسبی و هەڵس و كەوت دا، ئەویش پارەیەكی كەم بوو.

د. مستەفا سەباعی دەڵێ: (دەوڵەمەندەكان 48 درهەمیان دەدا، چینی ناوەڕاست 24درهەم، كرێكار و دەست رەنگینەكان 12درهەم یان دەدا، كە هەر 24درهەم یەك دیناری عێراقی دەكرد، كە لە چاو زەكات دا هەر هیچ نەبوو، كە دەبوایە موسوڵمان بیدایە. زەكات هەر لە چل دینار دینارێك دەدرا بۆ ساڵێك، ئەوان هەر سەری ساڵانە ئەوەیان دەدا، لەگەڵ ئەوەی موسوڵمان پارەبەخشین و خێر و قوربانیشی هەبوو، ئەمان هەر ئەوە بوو)[485]

پێش ئیسلام (جزیە) لە میللەتە ژێردەستەكان و شكاوەكان دەسەنراو، بە زۆر راپێچی جەنگیشیان دەكردن و لە پێناوی خۆیاندا دەیاندان بە كوشت، بەلام ئیسلام نەی دەبردن و لە شەڕی خۆی و لە خزمەتی سەربازی عەفوی دەكردن. بەلام ئەگەر بچونایە بۆ شەڕ بە كەیفی خۆیان، ئەوا جزیەیان لەسەر لائەچوو.

پێغەمبەر (ع) كە عەبدوڵڵای كوڕی ئەرقەمی كرد بە والی بەسەر ئەهلی زیمەوە پێی فەرموو: (هەر كەس ستەم لە پەیمان دارێك بكات، یان كارێكی بدات بەسەردا توانای نەبێت، یان شتێكی لێوەربگرێ پێی ناخۆش بێ، یان بە كەم سەیری بكات، من لە قیامەتدا یەخەی دەگرم.)

عومەر دەیگوت: (ئامۆژگاریتان دەكەم كە دوای خۆم لەگەڵ زیمە باش بن، وەفاتان بۆ پەیمانەكانیان هەبێ، لە دوای ناوچەی ئەوانەوە جەنگ بكەن، شتێك مەدەن بەسەریاندا لە توانایاندا نەبێت.)

ئەوان لەسەر ئەو رێڕەوانە حكومەتی خۆیان دەبرد بەڕێوە، (زیمە)شیان بە یەكێك لە یەكە یەكەی دەوڵەتەكەیان ناونووس كرد بوو، عومەر حكومەتێكی هاوچەرخی دامەزراند، جگە دیوانی قەزاو و دیوانیتۆمارو سەرژمێری و خەراج و لێپرسینەوەكە پێش خۆی نەبوون، بەرید و بەیتولمال و مەرابیتو سغورو كارگەی سكە لێدانی پارە و گرتوخانەی بۆ حكومەتی ئیسلامی دروست كرد، هەتا هەموو شت لە جێی خۆیدا بێ و كار بە رێكی بڕواو تێكەڵی و بێ سەروبەری روونەدات، لێپرسراویەتی ولاتە رزگاركراوەكانی دەدا بە خەڵكی خۆیان، خۆیان فەرمانبەر بن، بە زمانی خۆیان، نەیدەهێشت خەڵكی عەرەبیان بەسەرەوە بێت، یاسای (جزیە)ی دانا، بە گوێرەی ولات و میللەتان دەیگۆڕی (بنی تغلب) لە شام ئازاد كران كە جزیە نەدەن، نەوەك بچنە لای رۆم، لە باتی جزیە شتێكی تری لەسەر دانان وەك سەدەقە. زەوی دەدا بە خاوەنە بنەڕەتیەكانیان، لە دەرەبەگ و میرە زۆردارەكانی دەسەندەوە، تەنانەت نەشی دەهێشت موسوڵمانەكان دەست بگرن بە سەریاندا، زەوی دابەش دەكرد بەسەر خەڵكی ناوچەی خۆیاندا، بۆ ئەوەی بەروبومی خۆیان بۆ خۆیان بێ و پێی بژین و

[485]. نظام السلم والحرب في الاسلام: د.مصطفى السباعي، ص35.

سەرقاڵی کاری خۆیان بن. رەشە خاك (السواد)ی عێراقی دایەوە بە خاوەنە ئەسڵەکان، کە ماوەیەکی زۆر بوو میرە فارسەکان زەوتیان کرد بوون، خاوەنەکانیان کردبوە وەرزێر و سەپان و خزمەتکار. هەوڵی دەدا هەژار نەمێنێ. دەیوت ئەگەر مام، چی زیادەی خەڵکە لای دەوڵەمەندەکان، لێیان دەسەنمەوەو دەیدەم بە هەژارەکان.[486]

زەوی وزار لە دەرەبەگ و میرو ستەمکاران دەسێنرایەوە، دەدرا بە وانەی کە توانای کێڵانیان هەبوایە، هەر کەس بوایە. خۆی دەیوت: زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ. ئەمە وتەیەکی ناسراوو بڵاوی عومەرە.

عومەر یەکەم کەس بوو رژێمی سیاسی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دانا، ئەگەر خەلیفە عومەر زیاتر بمایە، کەسێتیەکی بە ویقار و لێهاتووی وابوو، کە دەیتوانییەکیەتی گەلانی ئیسلامی بەهێز بکات و ئەو جەنگە ناوخۆییانەی دوای خۆی ئاوا بە ئاسان دروست نەبێت.

3- **گەشەسەندنی زانست و زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانایان:**

عومەر هەوڵی دا زانست و زانیاری بە هەموو هەرێمەکاندا بڵاو بکاتەوە، بە تایبەتی زانستە قورئانی و فقهیەکان. بۆ ئەو مەبەستە زانایانی بۆ هەرێمەکان نارد.

داوای کرد لە ئەبوموسای ئەشعەری کە خەڵکی بەسرە فێری قورئان بکات، ئەویش رۆیشت و کۆی کردنەوە و پێی وتن: ئەی خەڵکی بەسرە، عومەر ناردومی هەتا کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرتان فێر بکەم.[487]

(ئیبن سەعد) لە (ئەبی ئەسوەدەی دەئولی)یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ چومە بەسرە، دەبینم (عمرانی کوڕی حسین) لەوێیە کە عومەر ناردبوی خەڵکی بەسرە فێری فقە بکات.[488]

(قەیسی کوڕی ئەبی عاس)ی کردە قازی و ناردی بۆ میسر، ئەمە یەکەم قازیە کە قەزاوەتی کرد لە ئیسلام دا.

شەریح کوڕی حارسی کەندی کردە قازی و ناردی بۆ کوفە. ئەم زانایە 75 ساڵ بەردەوام قازی بوو.

ئەبودەردائی کردە قازی شاری مدینە.[489]

(ویلز) دەڵێ: (ئیسلام خاڵێ بوو لە تەعقیدات و قورسی و ئاڵۆزی، لەبەر ئەوە زاڵ بوو بەسەر گیانی گاورێتی داو هێزی لێ بڕی و چوە دڵی زۆربەی خەڵکەوە.) (مێور) دەڵێ: (پێغەمبەری ئیسلام قسەی رون و، دینی ئاسان بوو، لەبەرئەوە بوو، ئەو کودەتا رەوشتیەی کرد کە لە مێژودا کەس نەیکردوە.) [490]

ئیسلام فکرەیەکی جهانگیری هەبوو، هەرچەند (ولیم میور) لە جێیەکی تردا دەڵێ: (فکرەی عالەمیەت دوای پێغەمبەر دروست بوو، ئەگینا پێغەمبەری ئیسلام هەر بۆ عەرەب نێررا بوو) نازانم ئەم نووسەر و بیریارە رۆژئاواییانە چۆن دەوێرن قسەی وا دەنوسن، بە مەرجێك دەیان ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر باسی عالەمیەتی ئاینی ئیسلام دەکەن. ئەو لێکۆڵەرەوەیە چی دەکات لەم هەموو ئایەتە (ان هو الا ذکر للعالمین)[491] (لینذر من کان حیاً)[492] (لیکن للعالمین نذیراً)[493] (و ما ارسلناك الا کافة)[494] (قل یا أیها الناس أني رسول الله الیکم جمیعاً)[495]

---

[486]. عبقریة عمر: عباس محمود العقاد، ص114. دار الفکر، بغداد.

[487]. حلیة الاولیاء و طبقات الاصفیاء: الاصفهاني، ص256. مدرسة الحدیث في بقسرة: د.امین القضاة، رسالة الدکتوراه في الحدیث، ص36.

[488]. طبقات ابن سعد، ج7ص10. الخلفاء الراشدون، اعمال واحداث: د.امین القضاة،ص48-57، اردن، زرقاء 1989.

[489]. تأریخ الامم الاسلامیة: الشیخ محمد خضري بەگ، ج2ص9، مصر 1969.

[490]. تأریخ الاسلام: حسن ابراهیم حسن، ص204.

[491]. سورة (ص)، آیة 87.

[492]. سورة (یس)، آیة 69.

[493]. سورة (فرقان)، آیة -1-.

[494]. سورة (سبأ)، آیة 38.

(ومن يبتغ غير الاسلام ديناً فلن يقبل منه)[496] و دەیانی تر. دەیان فەرموودەش لەو بارەیەوە هەیە بڕوانە. ئیبن هشام[497] و یەعقوبی[498] و تەبەری[499].

ئەو ڕۆژهەلاتناس و مسیۆنێرە ڕۆژئاواییانە سەیرن و زۆریش سەیرن، بە شان و باڵی هەردوو ئمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم دا دێن، کە دنیایان داگیر کرد بوو بەبێ فکرە، میللەتانیان لە ژێر تیر و شیر و قامچیدا داڕزاند بوو، بە ئارەزووکاری پاشا حوکمیان دەکرد، بەلاّم باسی ئاینی محمد و دەوڵەتی ئیسلام ناکەن کە جیهانی ڕزگار کرد و میللەتانیان حەواندەوەو، زەویان پاك کردەوە لە زۆر و ستەم و بەد ڕەوشتی.

(ولیم میور) لە جێیەکی تردا دەڵێ: (موحەممەد لە غەیری نیوەدورگەی عەرەب شوێنی تری نەدیوەو نەدەناسی و بیری لێ نەدەکردەوە، ئاینی ئیسلام هەر بۆ سنوری نیوەدورگە ئامادە کراوە.) ئەمە هەمووی کەم زانیاری و بەدگومانی نیشان دەدات. پێغەمبەر لە ژیانی خۆیدا دوو جار دەچێتە شام، هەردوو جارەکە مەبەست بازرگانی دەبێ. لە ژیانی خۆی دا زۆر باسی فارس و ڕۆم و پاشایان و، باسی قوستەنتنیەو مەدائن و ڕۆمای کردووە، دەفەرموێ لە ئایندە دا ئیسلامیان دەگاتێ مەدائن و قوستەنتنیە ڕزگار کرا، (ڕۆما)ماوە. لە ژیانی مەککەدا هاوڕێکانی بە نهێنی دەنێرێ بۆ حەبەشە، دەیان نامەو نوێنەر دەنێرێ بۆ پاشایانی جیهان و داوای موسوڵمان بونیان لێ دەکات و زۆری تر. لە قورئانەکەی دا باسی هەموو شتێکی تیایە، ئیسلام تەنها پەیوەست نیە بە نیوەدورگەوە (ونزلنا عليك الكتاب تبياناً لكل شئ)[500] (ما فرطنا فی الکتابَ من شئ)[501] (وما كان الناس الا أمة واحدة)[502] (كان الناس أمة واحدة)[503] ئەو ڕۆژهەلاّت ناسانە، یان بە شێوازێکی تر، ئەو بوختان هەڵبەسانە بۆ میللەتە ڕۆژهەلاّتیەکان دەڵێن: ئیسلام ئاینی شارستانی و زانستی نیە، بەمەرجێ سەدان ئایەت باس لە زانست و زانیاری و زانایان و شارستانی دەکات. یان دەڵێن ئیسلام ئاینی توندوتیژیە، کە هەر هەموو باس لە ڕەحمەت و بەزەیی و سۆز دەکات. ئیسلام عەرەبی یەك خست، یەك باوەڕ و یەك مەبەست و یەك قسەی کردن، پاشان نیەتیان هێنا ببەنە دەرەوەی نیوەدورگە، بۆ ئەوەی جیهانیش، میللەتانی تریش وا لێ بکەن. میللەتان کە بینیان ئەم ئاینە تەواوکەری ئاینەکانی پێشوە و هێنانە دی مژدەکانی نامە ئاسمانیەکانی پێشوە، دوای کەوتن. ئەو کاتە هیچ گەل و هۆزێك بیروڕایەك و ئایینێکی ڕێك وپێکی نەما بوو، هەر هەموو خەڵکی زەوی لە بۆشدا دەخولانەوە، بە ئارەزوی هەواوهەوەسیان ژیانیان ڕایی دەکرد، کە ئیسلام هات هەموو شتێکی چاکی بۆ هێنان، تەپوتۆزی سەر دڵ و مێشك و دەماغ و ناخیانی تەکاند و ئامادەی کردن بۆ وەرگرتنی ئاینی نوێ، کە بینیان ئەم ئاینە نوێیە موافقی عەقڵ و هەست و نەست و ویژدانیانە. دوای کەوتن! هەستیان دەکرد ئەم ئاینە کوشتن و عارەق و دزی و قومار و سوو و تەماعی خراپی یاساغ کردەوە و، هانی‌یان دەدا بۆ برایەتی و خۆشەویستی و کاسبی کردن و ژن هێنان و یەکێتی و یەك خوایی، کۆیلە ئازاد دەکا و دەستی زۆردار و دز دەگرێ و زەویان پێ ئاوەدان دەکاتەوە. نوێژ و ڕۆژو و حەج و زەکاتی لەسەر خەڵك فەرز کرد، هەتا دڵ و دەرون

---

[495]. سورة (أعراف)، آية 158.

[496]. سورة (آل عمران)، آية 85.

[497]. سيرة ابن هشام. ج4ص297.

[498]. يعقوبي. ج4ص279.

[499]. تأريخ الطبري. ج2ص83.

[500]. سورة (النحل)، آية 89.

[501]. سورة (انعام)، آية 38.

[502]. سورة (يونس)، آية 19.

[503]. سورة (بقرة)، آية 213.

و نێوانیانی پێ پاك بكاتەوە، ئاینی نوێ فكریەك بوو عەقڵ دەیبڕی، دەیوت چاك بكە و خراپ مەكە، لەبەرئەوە میللەتان چونە سایە و سێبەری.

بەڵێ: دەوڵەتی ئیسلام لە سەردەمی خولەفادا دەوڵەتێكی سستەمی و دیومكراتی بوو، هەروەكو ویل دیورانت بروفیسۆری ئەمریكی دەڵێ: (حكومەتی ئیسلامی لەو سی ساڵەی دوای پێغەمبەر ε كۆمارێكی دیموكراتی بوو.)[504]

لە جێیەكی تردا لە باسی بەهێزی سستەم و عەقیدەی ئیسلامی و كاریگەرییەوە دەڵێ:

(ئا ئەوە ـ بەبێ ریایی ـ دەڵێم عەقیدەیەكی پاك و بێگەرد و بەهێزی وا بوو كە كۆمەڵێك گەلانی بڵاو وجیاواز لە هەموو روویەكەوەی كردەیەك، كە هەریەكەی لە قاڕەیەكی ئەم سەر زەویەدا بوون، لە هەر هەموویان یەك میللەت و گەلی پتەو و مەزنی دروست كرد، كە ئەمە لە حەقیقەتدا یەك موعجیزە بوو)[505]

ئەمە قسەی كەسێك نیە كە بۆ ئیسلام مرد بێ، بەڵكو كەسێكە پرۆفیسۆرە و بڕوای بە ئیسلام نییە و بۆچونێكی تایبەت و نامۆی لە بارەی بونی خواوە هەیە كە لە بێ بڕواییەوە سەرچاوەی گرتوە!

ئەوە دەوڵەتێك بوو، پیاوانی خوا، پاكانی خوا، سەربازانی نهێنی و ئاشكرای خوا دەیانبرد بەڕێوە، خۆیان دادەگیرسان هەتا میللەتان بەرچاویان ڕۆشن بێت، خۆیان دەتاواندەوە هەتا مرۆڤەكان بەختەوەر بن، خۆیان شەهید دەكرد هەتا هەر هەموو ئازاد بن و ستەمیان لەسەر بڕەوێتەوە. هۆی سەركەوتنی ئەو دەوڵەتە بەسەر هەموو دەوڵەتەكاندا، ئەو سوپایە، بەسەر هەموو سوپاكاندا هەروا بە سەربوردێك باس ناكرێت. ئەوە یەكەم جار بوو جوتیارەكان ببینن، بەڵكو لە پێش (بابل و نینوی)وە، خەڵكی ناوچەی رەشەخاكی عێراق (سواد) نەیان دیوە، خاك و منداڵ و شەرەف و كەرامەتیان پارێزراو بێت، یان گوێ لە شكایەتیان بگیرێ.

كە ئەبوبەكر سوپاكەی نارد بە (ئوسامە)ی سەركردەی وت: (لا تمثلوا، لا تقتلوا طفلاً صغيراً، ولا شيخاً كبيراً، ولا أمرأة) بۆ رووەك وتی: (ولا تعقروا نخلاً، ولا تقطعوا شجرة مثمرة) بۆ گیانداران وتی: (ولا تذبحوا شاة ولا بقرة ولا بعيراً الا لمأكله) ئەمە بۆ پارچەكانی لاشەیان، ئەنجا بە ناخ و نەفس و دەرونیانی وت: (ولا تخونوا ولا تفكوا ولا تغدروا)[506]. لە سەرچاوەیەكی تردا ئەم زیادەیەشی بۆ هاتووە (و سوف تمرون بأقوام قد فرغوا انفسهم في الصوامع، فدعوهم وما فرغوا انفسهم له)[507]

بۆ سوپاكەی بەسۆز و میهرەبان بوو، وەك سەركردەكانی تر نەبوون، سەربازی داماو بدەن بە هەموو چاڵ و چۆڵ و ئاگر و ئاسن و دەریا و رووبارێكدا و، نرخی سەربازەكانیان ئەزانی. عومەر بە نیعمانی وت، كە ناردی بۆ جەنگی نەهاوەند: (كە نامەم گەیشتە دەستت، بە پشتی خوا بڕۆ، بەڵام موسوڵمان مەدە لە قوڕ و لیتە و چاڵ و چۆڵ و، مافیان مەفەوتێنە، چونكە یەك پیاو لە موسوڵمانان لای من لە سەد هەزار دینار خۆشەویست ترە.)[508]

مشوری سەربازەكانی دەخوارد، لێیان ورد دەبویەوە، كە بینی رەنگیان تێك چوەو گۆڕاوە، بە پەلە نامەی نووسی بۆ سەعد: (وەڵامم بدەرەوە بزانم بۆچی رەنگی سەربازەكان گۆڕاوە.)، زانی خەتای هاڵاوی دجلە و فوراتە، بە پەلە نامەی بۆ سەعد نووسی كە شاری مەدائن بەجێ بهێڵن و لە جێیەكی تردا شارێك دروست بكەن. ئەوە بوو (كوفە) دروست كرا، كە ئاووهەوای وەك حجاز وا بوو.

---

504. قصة الحضارة: ول ديورانت. ترجمة محمد بدران، ج13–14 ص145.

505. هەمان سەرچاوە، ص66.

506. من ذاكرة التأريخ الاسلامي: محيالدين اللباد، ص15. جنيف " دار الياس العصرية للطباعة.

507. تأريخ الاسلام: د.حسن ابراهيم حسن، ج1ص216.

508. تأريخ الطبري: ج4،ص234.

پاشایانی فارس و رۆم داوایان دەکرد کە سەری فلان و فیساریان بۆ بهێنن، بەڵام جارێك سەری مشرکێکیان بۆ (ئەبوبەکر) هێنا. توڕە بوو، هەر خێرا بڕیارێکی دەرکرد بۆ هەموو سەرکردەکان و فەرمووی: (لا يحمل اليَّ رأس، و الا بغيتم –أي جاوزتم الحد –ولكن يكفيني الكتاب والخبر). ئیمامی عەلیش وەسیەتی بۆ سەربازەکانی کرد، وتی: (اذا هزمتموهم، فلا تقتلوا مدبراً، ولا تجهزوا على جريح، ولا تكشفوا عورة، ولا تمثلوا بقتيل، ولا تهتكوا ستراً، ولا تدخلوا داراً الا بأذن، ولا تأخذوا من اموالهم شيئاً، ولا تعذبوا النساء بأذى وإن شتمنكم و شتمن امراءكم، واذكروا الله لعلكم ترحمون).

عومەر نامەی نووسی بۆ ئەبو موسا لە عێراق بەم جۆرە: (ئەگەر سەرپشك کران لە نێوان دوو کاردا یەکیان دنیایی بوو، ئەویان قیامەتی، ئێوە قیامەتیەکە هەڵبژێرن، چونکە دنیا فانیە و هەر قیامەتە دەمێنێتەوە و نافەوتێ.)[509]

بەلازەری دەگێڕێتەوە: (خەڵکی وڵاتی سەمەرقەند هاتن بۆ شکات بۆ لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە شکاتیان لە قوتەیبەی کوڕی موسلمی باهلی کرد بوو هاتوەتە شارەکەمان بە غەدر و بێ ئەوەی ئاگادارمان بکات و پرسمان پێ بکات و سوپای ئیسلامی تیا دامەزراندوە، عومەریش نامەی نووسی بۆ والی ئەو ناوچەیە کە دراوسێی بوو، داوای کرد شکاتی ئەوانە بەرز بکاتەوە بۆ قازی، ئەگەر بێ ئاگادارکردن چونەتە شاریان، ئەوا سوپای ئیسلام دەر بکەن لە سەمەرقەند، قازی دادگای دامەزراند و نوێنەری هەموو لایەکی بانگ کرد، جمیعی کوڕی خاتری باجی نارد لێکۆڵینەوە بکات، دەرکەوت کە موسوڵمانەکان بێ ئاگادارکردنەوە و وتووێژ چونەتە شاری سەمەرقەند. لەبەرئەوە داوای کرد دەست بەجێ شارەکە بەجێبهێڵن! کە خەڵکی سەمەرقەند ئەوەیان بینی، بۆیان دەرکەوت، ئەگەر ئەمانە داگیرکەربونایە چۆڵیان نەئەکرد! ئەم جارە سوپای ئیسلام چونەوە قەراغ شار و سەرپشکیان کردن و، سێ ڕۆژ مۆڵەتیان دان، لەبەر ئەو حەقیقەتە خەڵکی شار موسوڵمان بوون.

کە قودس ڕزگار کرا، عومەر بۆ گاورەکانی نووسی، کە خۆیان و ماڵ و منداڵ و ژن و پول و پارەیان سەلامەتە و، کەنیسەکانیان کراوەیە و ناڕوخێ و داگیر ناکرێ!

ئەمە کاری موسوڵمانەکان بووە، هەرگیز بار نەبوون بەسەر میللەتانەوە، ڕەمزی دکتاتۆری نەبوون، وەك فیرعەونەکانی میسر ئەهرامیان بە خوێنی مەردم و بە کەڵەکەکردنی کەللە سەری کرێکار دروست نەکردوە، لە پاڵ ئەهرامەکاندا دۆڵ هەیە پڕە لە کەللەسەری ئەو سەدان هەزار کرێکارەی کە بوون بە ژێر تاشە بەردو دیواری بەرزی ئەهرامەکانەوە، بەڵام ئیسلام ئاسەوارێکی ئاوای لەبەردی تاشراو جێنەهێشتوە، بەڵام سەدان شوێنەواری زانستیی و ڕەوشتیی و شارستانی جێهێشتووە. بەڵکو بێ بڕواکان لە خاکی ئیسلامدا ئازاد بوون عارەق بخۆنەوە، بت پەرستی و خوا پەرستی و شێوازی خۆیان بە پێی ئاینی خۆیان بکەن و زەرەری بۆ موسوڵمانان نەبێ.

جارێك (عومەیر کوڕی ئەسعەد)ی فەرماندە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی چالاکیەکانی خۆی لە بەردەم خەلیفە عومەر دا –ڕەزای خوای لێ بێت –ئاگاداری کرد کە لە نێوان سوپای ئیسلام و ڕۆم دا شارۆچکەیەك هەیە بە ناوی (عەرەب سوس) کە هەواڵ و جموجوڵ و نهێنی ئێمە دەبەن بۆ دوژمنەکەمان کە (ڕۆم)ە، خیانەتیان لێ دەرکەوتوە. عومەری کوڕی خەتاب بە عومەیری وت: کە گەڕایتەوە سەرپشکیان بکە لەوەی کە بیان دەیتێ لە جێگەی مەڕێك دوو مەڕ، لە جێگەی مانگایەك دوو مانگا، هەر شتێك دوو قاتیان بدەرێ، ئەگەر ڕازی بوون ئەوا بیان دەرێ و، بیان گوازەرەوە، ئەگەر نەیان کرد بچۆ بۆ لایان و مۆڵەتی یەك ساڵیان بدەرێ، پاشان جەنگیان لەگەڵ بکە.)

لە جیهانی ئەمڕۆی خۆمان دا خیانەت توندترین سزای هەیە و، دێیەکی وا بە یەك موشەك سەرەوژێر

509. رسائل الفاروق: رسالة رقم (158)، ص95.

دەکەن! بەڵام عومەر تەعویز و مۆڵەتیان بۆ ئامادە دەکات.

لیوا روکن مەحمود شیت خەتاب دەڵێ: (ئەوەی لەمانە روی داوە، هیچ یاسایەکی تر بە یاسا نێو دەوڵەتیەکانیشەوە نەیان گەیشتوەتێ. ئەمانەی ئەمڕۆ ئەگەر شتێکی واشیان نووسی بێ، هەر مەرەکەبی سەر کاغەز بووە.

خەڵکی کوفە شکاتیان لە سەعدی کوڕی ئەبی وقاس کرد کە والی عێراق بوو، عومەر (موحەممەدی کوڕی سەلمە)ی نارد کە سەعد بهێنێ. هەرچەندە لەو کاتەدا سەرگەرمی جەنگێکی قورس بوون. بە عومەریان وت با دوای جەنگ بێت، فەرموی: ئەگەر بە غیابی ئەو دوژمن دێتە سەرتان، دەبێ بێت، ئەوە بوو هێنای و دادگایی کرد.

نامەیەکی بۆ (ئەبو موسای ئەشعەری) والی بەسرە نووسی: (سەر بدە لە نەخۆشیان، لەگەڵ جەنازەیان برۆ، با دەرگات هەمیشە کراوە بێت، بچۆ بەدەمیانەوە، تۆش یەکێکیت لەوان، بەڵام چیيە. بارەکەت قورس ترە. بیستومە ماڵ و خێزان و جل و خواردن و سواریەکەت وەکو هی موسوڵمانان نیە و، جیاوازە. (ئەی ئەبو عەبدوڵڵا) رجات لێ دەکەم نەچیتە ئاستی وڵاخەوە. کە دەگاتە هەر چەم و دۆڵێکی سەوز و پاراو، خۆی تێ هەڵدەسوێ و ورگی لێ پڕ دەکات. وڵاخ تەنها بۆ قەڵەوی دروست کراوە، نرخی ئەو لە قەڵەوی دایە. بەڵام ئەی ئەمیر بزانە ئەگەر غەل و غەشت تێ کەوت، ئەوا رەعیەتەکەشت وای لێ دێ و لە تۆوە توشی خراپە دەبن. وە خراپترین کەس ئەوەیە، کە گەلەکەی لە ئەمیرەکەیەوە فێری خراپە بێن.)[510]

عومــەر لەبــــەردەم گرفتەکاندا

چارەسەری عومــــەر بۆ گرفتەکان: بێ بارانی و برسیەتی

عومەر کە بیری لە چارەسەرکردنەوەی گرفتێك دەکردەوە، هەموو گیانی بۆی دەهەژا لێی نەدەگەڕا هەتا چارەسەرێکی بنچینەیی بۆ دەدۆزیەوە، ئەمە نمونەیەکی بەرزە کە عەقڵیەتی خەلیفە عومەر نیشانەدا کە چۆن بەرامبەر گرفتەکان دەوەستا.

ساڵ (18)ی کۆچییە. ناوچە حیجاز و دەوروبەری شاری مەدینەیە، گرفت برسێتییە. ساڵەکەی نەهات بوو، باران نە ئەباری، هەموو شت روو لە کزی و لاوازی و وشك بوون بوو ئەو ساڵەیان ناونا بە ساڵی رەمادە

ئیمامی تەبەری ئاوا وەسفی دەکات: (ان الارض كانت تسفى إذا ريحت تراباً كالرماد، فسمىَّ ذلك العام عام الرمادة.)، پاشان دەڵێ: (رمادە ـ برسێتییەك بوو توشی خەڵك بوو لە شاری مەدینە و دەورویشتی، وای پێکردن، تەنانەت دڕندەکانی کێو و بیابانیەکان خۆیان خزانە دەورو پشتی شارەکان، پیاو مەڕێکی سەر دەبڕی و لە پیسایی ناوسکی خۆیان تێر دەکرد). (ئیبن سەعد) لە (طبقات الكبرى)دا دەڵێ: (لە ساڵی 18 کۆچی‌دا کە یەکەم ساڵی قات وقڕی بوو، خەڵکی توشی برسێتی و نەهامەتی بوو، بۆ ماوەی نۆ مانگ.) پاشان دەڵێ: (خەڵك تەنگەتاو بوون، وڵات وشك بوو، مەڕومالات تیاچوون، خەڵکی بە دوای کونی مشك و جرج و قرژانگدا دەگەڕاو هەڵی دەکەند و سودی لێ دەبینی. زەوی رەش داگەڕا، وەکو خۆڵەمێشێکی لێ هات.)، (زەوی وشك بوو، خواردن کەمی کرد، کشت وکاڵ نەما، هۆیەکانی پەیداکردنی رزق و رۆزی تیا چوو، پارە نەما. مردن زۆر بوو، نەخۆشی تەشەنەی کرد، هەژاری باڵی رەشی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، خەڵکی دەرەوە رویان کردە شار و جێگە و رێگە نەما).

510. كنـز العمال: ج8 ص209.

لێکۆڵەرەوان هۆی برسیەتیەکە بۆ چەند خاڵێك دەگێڕنەوە.

1- ئەو ساڵە باران نەباری.

2- موسوڵمانان ناوچەکانیان جێهێشت، رویان کردە دەرەوە بۆ جیهاد لە عێراق و ولاتی فارس و شام و میسر. کەس نەما گوێ بدات بە کشت وکاڵ و ئاودێری و حەیوانداری و لەوەڕگا.

3- عومەر جولەکەکانی دورخستەوە لە نیوە دورگەی عەرەب، بە تایبەتی جولەکەکانی خەیبەر، کە بەروبومی کشت وکاڵی زۆریان بەرهەم دەهێنا و، ناوچەیەکی بە پیت و فراوان بوو، بە تایبەت بۆ گەنم و جۆو خورما، کە زۆر ناوچەی نیوەدورگە پشتیان پێ دەبەست، کە دورخرانەوە بوو بە هۆی کەمی بەرهەم هێنان.

4- ئەم قات وقڕیە رێك لەگەڵ بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعونی شام دا یەکی گرتەوە، هەردووکیان لە یەك ساڵ دا بوون.

خەلیفە عومەر هەستی بەوە کرد کە ئەم کاریسەیە ئاسەواری خراپی دەبێت لە داهاتودا، بۆیە دەم ودەست کۆمەڵێك چاکسازی ئابوری ئەنجام دا:

1ـ عومەر خۆی پێشەنگی موسوڵمانان بوو، کۆمەڵێك کاری لەسەرخۆی ئەنجام دا. لە کاتی خواردنیدا هەمیشە چەند کەسێکی بانگ دەکرد لەگەڵیدا نان بخوات،، کابرایەك وتی: من رۆن زەیتم لە زووەوە نەخواردوە، عومەر دەست بەجێ سوێندی خوارد، کە نابێ گۆشت و چەوری بخوات، هەتا خەڵك دەبوژێتەوە و خواردنی تەواویان دەست دەکەوێت. دەیوت: من چۆن هەست بە ئازاریان دەکەم، ئەگەر ئەوەی توشی ئەوان هاتوە توشی منیش نەبێت! لەبەرئەوە خواردنێکی دەخوارد کە عامەی خەڵك بیخواردایە. زۆربەی خواردنی زەیت و نان بوو، تەنانەت کاری کردە سەر تەندروستی و، سکی کەوتە قۆڕە قۆڕ. ئەویش دەستی دەدا لە ورگی و دەیوت: (بێ دەنگ دەبی، یان بێ دەنگ نابی. سوێند بە خوا گۆشت و چەوری ناخۆیت هەتا منداڵی موسوڵمانان تێر نەخۆن.) یان لە جێ‌یەکی تردا دەڵێ: (کەم بقۆڕێنە، لەوە زیاترمان لا نیە، هەتا موسوڵمانان دەبوژێنەوە.) ئەو جۆرە خواردنەشی فەرز کرد بەسەر خاو وخێزانی دا. هەتا هەست بە ئازاری خەڵکی بکەن. جارێك کاڵەکی بینی بە دەست منداڵێکی خۆیەوە وتی: بەخ بەخ ئەی کوڕی ئەمیری بڕواداران، میوە دەخۆن و میللەتی محمد خەریکە تیا دەچن.

2ـ بە پەلە نامەی نووسی بۆ هەموو ویلایەتەکان کە فریای خەڵکی مەدینە و دەوروبەری بکەون، ئەوانیش دەست بەجێ ئەم کارانەیان ئەنجام دا:

أ - کەل و پەل و خواردەمەنی و یارمەتی لە شامەوە هات، کە معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان ناردبوی.

ب - یارمەتی خواردەمەنی لە میسرەوە هات، کە عەمری کوڕی عاس ناردبوی.

ج - والی کوفەش خواردەمەنی لە عێراقەوە نارد.

3ـ عومەریش یەکێك بوو لەوانەی کە لە ناو لیژنەی دابەش کردنی خواردەمەنی دا بوو، بە کۆڵ خواردنی دەگەیاندە برسیەکانی(بەنی مەحاریب) ئەسلەمی مەولاشی لەگەڵدا بوو.

4ـ لیژنەی زۆری دروست کرد بۆ گەیاندنی یارمەتی و خواردەمەنی بۆ خێڵ و هۆزەکانی دەرەوەی مەدینە.

5ـ عومەر خۆی روی کردە خواو دەستی دوعاو نزای بەرز کردەوە. داوای کرد لە خەڵکیش بەشداری بکەن، لە خوا دەپاڕایەوە: (خوایە بە قاتو قڕیو برسیەتی لەناومان نەبەی، ئەم بەڵایەمان لەسەر لابەرە). بە خەڵکی دەوت: (تەوبە بکەنو خێرا دەست بەرزبکەنەوە و داوا لە خوا بکەن دڵمان چاك بکاتو یەکمان بخاتو بەزەیی پێماندا بێتەوەو ئەو بەڵایەمان لەسەر لابەرێت)

6ـ نامەی نارد بۆ هەموو ولایەتەکان کە لە یەك کاتی دیاری کراودا پێکەوە نوێژی باران بارین بکەن. خۆی هەڵسا و بە هاوڕێیەتی عباس کوڕی عەبدولموتەلیب مامی پێغەمبەر، دەستی گرت و بەرزی کردەوە، وتی: (خوای گەورە لەبەر خاتری مامەی پێغەمبەرمان ئەم بەڵایەمان لەسەرلابەرەو بارانمان بۆ ببارێنە) هێشتا نەگەڕابونەوە،

که هەور هەڵی کردو باران داباری و چەند ڕۆژ درێژەی کێشا.

7ـ ئەو قات و قڕیە چەند ئەنجامێکی چاکی دا بە دەستەوە و، موسوڵمانان بینیان کە سیاسەتی شەرعی لە کاتی پێویستدا دەگۆڕێ:

أ ـ لە کاتی برسیەتی دا، چەند دزیەك کرا، عومەر دەستی نەبڕین. بڕیارێکی حەکیمانە بوو.

ب ـ ئەو کاتە زەکاتی دواخست و لێ ی وەرنەگرتن، بەڵام ساڵی داهاتوو باران و بەروبوم زۆر بوو، دوو قاتی لێ وەرگرتن. بۆچونێکی زیرەکانە بوو.

ج ـ دوای داوا لە خوا، داوای لە هەرێمەکان کرد بگەنە فریای بۆ یارمەتی.

د ـ دیوانی عەتا (الجند)ی دروست کرد، لە مانگی محرەم ساڵی 20 کۆچی دا کە ڕێکخستنێکی مالیەی زۆر سەیر بوو بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.

هـ ـ دوای ئەوەی داوای کرد لە عەمری کوڕی عاسی والی میسر کەناڵێك هەڵبکەنێ، ئاوی نیل بگەیەنێ بە دەریای سور، عەمرو هەڵی کەندو ناونرا (کەناڵی ئەمیرولموئمنین) کە دەستکەوتێکی ئابوری زۆر بەهێز بوو.[511]

تەبەری دەڵێ لە دوعاکەدا وتی: (اللهم اياك نعبد واياك نستعين، اللهم أغفر لنا وأرحمنا وارض عنا، اللهم عجزت عنا انصارنا و عجز عنا حولنا و قوتنا وعجزت عنا أنفسنا ولا حول ولا قوة الا بك، اللهم اسقنا وأحي العباد والبلاد)[512]

ئیبن جەوزی دەڵێ: (ئەو ساڵە خەلیفە عومەر ماست و گۆشت و چەوری و خواردنی خۆشی لە خۆی گرتەوە.)[513]

عومەر بیستی کە (فیروزی دەیلەمی) ئەمیری یەمەن بوو خووی داوەتە خواردنی هەنگوین بە نانی سپیەوە (لیباب) دەست بەجێ نامەیەکی بۆ نووسی بەم جۆرە: (أما بعد فقد بلغني انه قد شغلك اكل اللباب بالعسل، فاذا اتاك كتابي هذا، فاقدم على بركة الله فاغز في سبيل الله.)[514]

(فیروز) یەکێك بوو لە ئەمیرە فارسەکان کە حوکمی یەمەنی دەکرد، پاشان موسوڵمان بوو (ئەسوەدی عەنسی) کە داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد، فیروز شەوێك هەڵساو چوو کوشتی ,, پێغەمبەر (ع) لە مەدینەوە فەرموی (قتل الليلة الاسود العنسي الكذاب، قتله العبد الصالح فيروز الديلمي).

دروستبوون و رووخانی شارستانیەکان

مێژوونووس و لێکۆڵەرەوان، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (21) شارستانی زۆر مەزنیان ژماردەکردووە، لەوانە (15) دانەیان لەناوچوون و تووشی خۆکوشتن بوون، ئەوانی تر بە هۆی ترەوە لەناوچوون و داڕوخاون.

دروست بوونی شارستانی هۆی زۆرە. هەروەك هۆی روخاندنیان زۆرە. شارستانی بوە نەهامەتی و برسیەتی و قات وقڕی بناغەی دروستبوون. هەیان بوە بیرۆکەیەك ناوك بوە و پاشان قاڵب و دەوڵەت و شارستانی بۆ دروست بوە. هەیە وای بۆ دەچێت کە پەیوەندی بە جۆری سروشت و ژینگە و بیئە و جۆری زەویەوە هەیە، هەندێکیش دەڵێن پەیوەندی بە هێزی رەگەز (تۆخم)ەوە هەیە، واتە هەموو رەگەزێك ناتوانێ شارستانی بنیات بنێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو رەگەزێك بۆی هەیە دیواری شارستانی هەڵچنێ، چونکە لە

---

[511]. مجلة المستقبل الاسلامي: العدد76. زيد محمد الرماني.

[512]. تأريخ الطبري: ج4ص224.

[513]. تأريخ عمر: ابن جوزي، ص50.

[514]. رسائل الفاروق: عبداللطيف الجبوري، ص136، رسالة رقم (242).

دنیادا ڕەگەز نیە بەرز بێ و ڕەگەز نیە هیچ و نزم بێت! [515] هەیە بەلایەوە وایە تەنها ئابوری دەستی هەیە لە سازدانی شارستانیەکاندا. ئەگەر ڕەگەز و ژینگە تەنها هۆ بونایە، عەرەب لەو بیابانە وشکەدا نەیدەتوانی لەو کاتی نەهامەتی خاك و ڕوشنبیریەوە هەنگاو بۆ شارستانی ئیسلام بنێ و، توخمی عەرەب بۆی نەبوو ڕیادەی عالەم بکات. بەڵام کە بیرۆکەی ئیسلام هەڵدەگرن، سنوری توخم و بیئە و جۆری زەوی دەشکێنن و هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم لەسەر زەوی واقیع دەسڕنەوە. شارستانی بوە لە خاکێکی نشێوی وەك عێراق (میزۆپوتامیا) و میسری فرعەونی دا دروست بوە. شارستانی ئیسلام لە بیابانی نیوە دورگەوە تۆقی و ترۆقی دا بە ژیان، شارستانی هیتی‌یەکان و مەکسیك لە بان و گردۆلکەکانی ئەنادۆڵ و مەکسیکەوە سەرچاوەیان گرت، شارستانی ژاپۆن و یونان دوورگە بوون و چوار دەوریان ئاو بوو، وە هۆیەکی سروشتی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جویێ دەکەنەوە. کەواتە بنیات نانی شارستانی پەیوەست نیە تەنها بە خاك و جۆری زەوی و ئابوری یان توخم (ڕەگەز)ی مرۆڤ و سروشتی شوێن و مرۆڤەکانەوە. بەڵکو پەیوەستە بەو هەلەوە کە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دەڕەخسێ.

لێکۆڵەرەوان، هەمان ئەو هۆیانە و زیاد لەوانەشیان کردوەتە هۆ بۆ لەناوبردنی شارستانیەکان، (توینبی) دەیگێڕێتەوە بۆ هۆی لە ناوچونی وزەی داهێنەری ئەو شارستانیە و لای وایە هەر کات داهێنان و دروست کردن نەما، ئیتر کاری چاولێکردن و دواکەوتنیش نامێنێ، داهێنەران کەسانێکن یاخود چەند دەستەیەکن، ناتوانن بەرەو پێشەوە بڕۆن ئەگەر خەڵکی دەوروبەریان لەگەڵ خۆیان نەبەن. تاکیش بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە ناتوانێ ئاواتەکانی بە تاکی بهێنێتەدی، هەتا لە چوارچێوەی دەوڵەت دا پەیوەندی بەخەڵکەوە نەبەستێت، دەوڵەت تاکو کۆمەڵ دەپارێزێت، ئامانجە ڕەواکانیان دەهێنێتە دی. [516]

کاتێك سەرکردەکان لە داهێنان دەکەون، ناچارن ئەو هێزەی بە دەستیانەوەیە بەخراپە بەکاری بهێنن، ئەوسا جەماوەر دەستەوسان نابێ بەرامبەر ئەو دەست خاڵی و هیچ پێ‌نەماوانە، بەڵکو دەبێتە ئۆپۆزسیون و، ڕاپەڕین دەکاو شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت.

شارستانیەك کە کۆن و پتورکاو بوو، پینە ناکرێ، هەموو دەست تێوەردانێکی ماندوکردنیەتی و لەناوچونی خێراتر دەکات! توینبی دەڵێ عیسا وتویەتی: (کەس لە ئێوە پینەیەکی نوێ لە کراسێکی کۆن نەدات، چونکە نوێیەکە کۆنەکە زیاتر دادەڕزێنێ)[517]

توینبی لای وایە کۆمەڵگا حاڵەتی هەرەس هێنانی بەم شێوەیە دەبێت:

1. کەمینەیەکی کاربەدەست توانای داهێنانی نەماوە و، بە زەبروزەنگ کار دەگێڕێ.

2. چینی خوارەوەی ڕەش و ڕوت (پرۆلیتاریا)، کە هەست دەکەن بەشیان دەخورێ " شۆڕش و ڕاپەڕین دەکەن لە دژی ئەو کەمینەیە.

3. پرۆلیتاریایەکی دەرەوەی دەسەلات لە کۆمەڵگا بچڕاوە و بەرهەڵستی پێوەست بوون دەکات و چاوەڕوانی هەلی پەلامار دانە.[518]

بەڵام هاتنی شارستانی ئیسلامی و سەرهەڵدانی لەو کاتە گرنگەدا، زەرورەتی وەخت بوو، وەڵام دانەوەیەك بوو بۆ داڕوخان و ئیفلاسی شارستانی فارس و ڕۆم ، بۆ هێرشەکەی ئەسکەندەری مکدۆنی (330 – 325پ.ز) کە پێش هەزار ساڵ لەوەوبەر کردی، ئەسکەندەر هەموو ئاسەواری فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و دینی

---

515. التأريخ و كيف يفسرونه من كونفوشيوس الى توينبي: البان. ج. ويدجري، ترجمة عبدالعزيز توفيق، ص231، قاهرة 1972.

516. بحث في التأريخ: ارنولد جوزيف توينبي، دی. سی. سمرفل کورتی کردوەتەوەو طه باقی وەری گێڕاوە بۆ عەرەبی، ج1ص402.

517. انجيل متي ــ 9: 16–17، توينبي: ج1ص405.

518. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە () ل13، د.محسن محمد حسين.

گەلانی ناوچەکەی سوتاند، بۆشاییەکی گەورەی لە فکر و عەقڵیەتی خەڵکی ناوچەکەدا دروست کرد. ئیسلام کە هات ئەو بۆشاییە ئاینی و رۆشنبیری و فەرهەنگیەی پڕ کردەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە شێوەیەکی پاکتر و چاکتر و، بەهێز و بە پێزتر و، لە شێوەیەکی نوێ تردا، کە بە عەقڵیەتی سەردەم بخوات، دای رشت و بە فراوانتر بۆشایی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پڕکردەوە و، مەزنایەتی بۆ رۆژهەڵات و زەین رۆشنی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەر زەوی سەندەوە.

حکومەتی ئیسلامی وەکو حکومەتە خەیاڵاویەکەی ئەفلاتون (کۆماری ئەفلاتون) نەبوو، کە هەتا خۆی لە ژیاندا بوو، جێبەجێ نەبوو، ئەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵە ئەفلاتون مردوەو تیورەکەی بەردەوام مرەکەبی سەر کاغەزە و تەنها لە بەرگی کتێبەکاندایە.

ئیسلام بە خەیاڵ نەژیاوە، ئەوەی باوەڕی پێ ی بوە، پێش ئەوەی لەسەر روپەڕی کاغەز و دەفەی چەرم بینوسێ، لە تەرزی واقیعدا جێبەجێی کردوە، خوای گەورە تیۆرێکی مردوی ناوێت کە بە مرۆڤ جێبەجێ نەکرێت و لە بەشی مستەحیلات بێت، تیۆرو بیرۆکەیەك کەڵکی چیە کە لە چوار دیواری ژورێکی بچوکدا بنوسرێ و توانای هاتنە دەرەوەی ناو خەڵکی نەبێت!

شارستانی ئیسلامی شۆڕشی برسیەکان نیە وەك هەندێ بۆی دەچێ. شارستانی ئیسلامی بە رێکەوت دروست نەبوە، وەك (توینبی) رەخنەی لە کردار یان تیۆری رێکەوت دەگرت و دەیوت: (تیۆری رێکەوت، لە نرخی کردار و ویستی مرۆڤانە کەم دەکاتەوە).

هۆکانی روخانی ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆم

لە ژیانی مرۆڤایەتی‌دا شارستانی زۆر هەبووە، ماوەیەك ژیاون پاشان ون بوون. یان یەکتریان خواردوە. یان خۆیان کوشتوە.

شارستانی ئیسلامی لە کاتێکدا هاتە ژیانەوە، کە هەردوو شارستانی فارس و رۆم بەربووبونە خۆیان، یەکیان دەخوارد و یەکیان کەلەپاچە و شپرزە کردبوو، ماندو بووبون، هیچ بیرۆکەیەکیان لە مەخزدا نەمابوو لە سەری بوەستن، بوو بونە بار بەسەر گەلانەوە. لە گەرمەی ئەو روداوانەدا (محمد) لە بیابانی نیوە دورگە و، هەرێمی وشك و بێ ئاو و بێ رۆشنبیری و شارستانییەوە لە دایك بوو، گەورە بوو، جەنگی فارس و رۆمیش گەورەتر دەبوو، ئایەت و قورئانی بۆ دەبارایە خوارەوە، کە گەلێکی نمونەیی لەو خاکە وشکەدا پەروەردە بکات، توانای ئەوەی هەبێت، ئەو ئاشە گەلان هاڕە بوەستێنێ و، دەستێك بەسەر میللەتانی ماندو و سەرلێ شێواودا بهێنێ. قورئان دابەزی گرۆیەگی زۆری نمونەیی لە دەوروبەری مەککە و مەدینە دا دروست کرد، بەبێ پرسی موحەممەد و ئاینەکەیان دەستیان بە ئاودا نەئەکرد، بەچیپیاندا بدات ئامادەبوون، نیوە دورگەی تەواو کرد، بریاری دا ئاینی نوێ بگەیەنێتە گەلانی دراوسێش، بەڵام ئەو دوو زۆردارە ناهێڵن.

سەرەتا لە خۆیانەوە دەستی پێ کرد (15) نامەی نارد بۆ پانزە پاشا و خستیە ناو کۆشك و ماڵەکانیانەوە، (50) نوێنەری نارد بۆ لای سەرەك خێڵ و عەشیرەت و ناودارانی دەرەوەی نیوە دورگە، نیازی بوو ئیسلام کە خوا داوای لێ کردوە، دەبێ بیدات بە گوێی هەموو میللەتانی جیهاندا. بە ئاشتی و نامە و نوێنەر و رون کردنەوە و شێوازی پاك و شیرین بڵاو بکاتەوە، هەمیشە ئەو شێوازە جێگە زۆرتر دەگرێ و، دامەزراوتر و بەرهەمی باشتر دەدات، قەناعەت کردن بە بەرامبەر، وەك کێو بناغە دادەکوتێ. بەڵام ئەوەی بە شمشێر بیدەیتە بەرامبەر و بە زۆر بیچەسپێنی. بەبێ شمشێر دەیدەنەوە. نامەکانیان هەڵدا و رۆیشت و گەیشتن و وەڵامەکان جیاواز بوون، هەبوو دەیخستە سەر چاوی و خۆی و گەلی موسوڵمان دەبون، هەبوو نامەی وەڵامی دەنوسیەوە و

دیاری و پێشکەشی زۆری دەنارد، هەبوو نامەکەی دەدڕاند و دەیدا بە سەر و چاوی نوێنەردا و بە جنێو دەری دەکرد، هەبوو نوێنەرەکانیان دەکوشت. بەڵام بە هەموویەوە هەنگاوێکی سەرکەوتوو بوو، حوجەی چاکی دەدایە بەرامبەر، هەرچەندە لەگەڵ ئەو قەبارە زۆرەدا بەرهەمی کەم بوو، دابەزین لەسەر کورسی زەحمەتە و، هاتنەوە ئاستی رەعیەت زەحمەت ترە بۆ هەندێك. وایان دەزانی ئیسلام ئەوان نەوی دەکا و دەسەڵاتیان لێ دەستێنێتەوە.، هەرچەند لە نامەکاندا هاتبوو، ئەگەر باوەڕ بهێنن، خۆتان حوکمی خۆتان بکەن و ئێمە نایەین بەلاتاندا. بەڵام سودی نەبوو، وا وردە وردە خەریکە فارسەکان دەست دەخەنە کاروباری نیوە دورگە و فتنەیی دەنێنەوە و سەرەك خێڵەکان لە موسوڵمانان هان دەدەن، هەرقلی رۆمیش سوپایەکی گەورەی کۆکردبویەوە بێتە سەر مەککە و مەدینە. پێغەمبەری خوا دەست پێشکەری کرد و لەسەر شێوازی سەربازی، (کێ یەکەم جار دەستی وەشاند جەنگەکە دەباتەوە.).

دکتور یوسف قەرزاوی لە دیمانەکەیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە وتی: (ئەو نامە و نوێنەرانە بۆ ئەوە بوو کە میر و مەلیك و پاشاکان رێگە بدەن گەلەکانیان گوێ لە پەیامی خوا بگرن. کە ئەوان نەیانهێشتوە شەڕیان لەگەڵدا کراوە، ئەوان قفڵیان دابوو لە دەمی میللەت نەیان دەهێشت کەس وەڵام بداتەوە. موسوڵمانان دەیان وت: ئەرێ خەڵکینە ئێمە گەلێکین پەیامێکمان پێیە، داواتان لێ دەکەین گوێمان لێ بگرن و لێمان وەرگرن، داوا لە دەسەڵاتداران دەکەین رێگریمان نەکەن ئەگەر بە گوێیان کردین ئەوا باشە، دەنا دەبێ بە هەر شێوازێکی تر بوە بگەیەنرێ، ئەمەش پاراستنی سەروەرێتی بەرامبەرە کە پرسی پێ دەکەیت. (ئەرنۆڵد) کە نووسەرێکی ناسراوە بابەتێکی نوسیوە لە بارەی فتوحاتی ئیسلامیەوە دەڵێت: هەرگیز روی نەداوە موسوڵمانەکان بە زۆر دینی خەڵکی بگۆڕن بۆ دینی خۆیان و، بە زۆر خەڵکی موسوڵمان بکەن).

موسوڵمانەکان ناچار بوون ئەو دەستە لابەن کە بەری ئاینی خوا دەگرێت. ئەو بەر گرتنە فیتنەیە، (وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة)، بۆ رزگار کردنی ئەو گەلانەیە کە چاوەڕوانی مژدەکانی ئنجیل و تەورات و ئاوێستا بێتە دی، ئەوا هاتوە و دەسەڵاتدارەکانیان رێگە نادەن پێیان شاد بن. لەبەرئەوە بوو کە حیوار و وتووێژی هێمنانە شکستی هێنا، سوپا کۆکرایەوە و نێررا، لە ماوەی (25) ساڵدا هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆم کە دوو شارستانی بون و بەرەو خۆکوشتن و خۆخواردن و پوکان دەچون لە ناو بران و، شارستانیەکی تر، بە هێز و گوڕ و بیر و ئاینێکی نوێ وە هاتە گۆڕێ، کە هیچی لەوانەی پێشو نە ئەچوو.

(ویل دیورانت) فەیلەسوفی ئەمریکی دەڵێ: (بە ڕاستی سوپای ئیسلام چاکتر بوو لە سوپای فارس و رۆم، لە روی رێکخستنەوە و، باشترین سەرکردایەتیشی هەبوو. راهاتبون لەگەڵ زەحمەت و نارەحەتی و خۆگرتندا. دەیانتوانی بە سکی خاڵی بجەنگێن و پشت بە سەرکەوتن ببەستن، هەرگیز لە جەنگەکاندا درەندە نەبوون.)[519]

ئەم روخان و دروست بونانە، ئەم پوکان و ناو نەمان و سەرهەڵدانانە، هۆیان زۆرە و هەریەکە بە جۆرێك باسی کردوە.

هۆی شکستی شارستانیەتی فارس و رۆم :

1. بێ بڕوایی.
2. تێك چونی کاروباری بەڕێوەبردن.
3. نەبونی سەرکردایەتیەکی ژیر کە بتوانێ وەڵامی ئەو هەموو هەڵە لەبارو نامە و نوێنەر و ئاشتی و دەست پێشخەریانەیان بدایەتەوە.
4. رۆ چون لە هەموو کارێکی خراپ دا.

---

[519]. قصة الحضارة: ول ديورانت، ج13ص66.

5. ئاڵۆزی کار و فرمان و یەك نەگرتنی راو بۆچوونی پاشاو سەرکردەکان

6. لە خۆبایی بوون و گاڵتەکردن بە موسوڵمانەکان، یەزدگورد پاشای فارس بە وەفدی ئیسلامی دەگوت: هیچ گەلێك لە ئێوە نەزان و دواکەوتوتر نیە بۆیە وازمان لیّ هێنا بوون، ئەوەبوو بە کەم سەیریان دەکردن و هێزی سەرکەوتنیان تیا نەدەبینین.

7. هەندیّ لە هۆزە عەرەبەکانی شام، رازی نەبون ببن بە گاور و، بچنە ژێر رکێفی رۆمەکانەوە، ئەوەبوو بەرەنگاری سوپای رۆم بونەوە، نوێنەریان نارد، داوای یارمەتیان کرد لە موسوڵمانەکان، ئەبوبەکر یارمەتی بۆ ناردن، ئەمە یەکیەتی و، کۆبونەوەی هۆزە عەرەبەکانی پێك هێنا. بۆ دوژمنایەتی و رق لیّ بوونی رۆم و سەرخستنی ئیسلام.

8. باج و پیتاك و سەرانە کۆڵی میللەتانی ئەوکاتەی کوتا بوو، بێزار بوو بون لە فارس و رۆم و چاوەڕوانی رزگارکەرێك بوون.

9. گرۆیەکی گاوری کەم لەسەر حوکمی رۆم، گرۆهە گاورەکانی تری دەچەوساندەوەو، بە ئەشکەنجە و راونان و لەناوبردن بێزاریان کرد بوو، بە نزیك بونەوەی سوپای ئیسلام مژدەکانی ئنجیل و تەوراتیان دەهێنایەوە دی و لە رقی رۆم موسوڵمان دەبوون.

10. گەرم و گوڕی سوپای ئیسلام و، بەرزی گیانی جیهاد و تێکۆشان و فیداکاریان لە پێناوی سەرخستنی ئاینی ئیسلامدا، ئەو ورەیە تەکانی پێدەدان بۆ پەلاماردان و چوونە پێشەوە.

11. رەوشت و خوی فارس و رۆم داڕوخا بوو هیچ بەهایەکی مرۆڤی تیا نەمابوو، لەناو سوپای ئیسلامیشدا خۆشەویستی و برایەتی و بۆ یەك ژیان و سەرخستنی یەکتر بە ئاشکرا دەبینرا.

12. روونی ئاینی ئیسلام و سادە و ساکاری و دەرو ناو پاکی موسوڵمانان و، ئاڵۆزی و دەستکاری کردنی ئاینی گاور و تێك چونی باری دەرونی و رەوشتی گاورەکان هۆیەکی گرنگ بوو.

13. موسوڵمانەکان سەرپشکیان دەکردن لە نێوان سیّ خاڵ دا: موسوڵمان بون، جزیەدان، شمشێر کە لە داگیرکردن نەئەچوو، بەڵکو بە رزگارکەریان دەزانین.

14. هەموو فتوحاتێك داوای فتوحات و سەرکەوتنی تری دەکرد، هەموو ناوچەیەك ناوچەیەکی تری فراوان تر و بە پیت تر و، وڵات و میللەتی نویّ تری رادەکێشا. لەبەرئەوە فتوحاتی ئیسلامی لە هەموو فتوحاتەکانی تری مێژووی مرۆڤایەتی خێراتر و دامەزراوتر بوو، لەبەرئەوە فتوحاتی ئیسلامی بە مەزنترین کاری سەرسوڕمان دادەنریّ لە مێژووی جەنگیدا.

15. سوارچاکی سوپای ئیسلام و، خێرایی جوڵەی سەیریان لە هێرش و راونان و پەلاماردا، لەبەرئەوە هەر لە یەکەم پەلاماردا، ورەی بەرامبەریان دەڕوخاند، هیچ جەنگێك نیە سوپای ئیسلام دەست پێش خەری نەکرد بیّ.

ول دیورانت دەڵیّ: جولەکە دڵخۆش بوون کە موسوڵمانان لە دەستی حاکمە زۆردارەکان ڕزگاریان کردن، لە سەردەمی مەئمونندا (11) هەزار کەنیسە هەبوو، ژمارەیە کی زۆر لە هەیکەلی جولەکە و ئاگردانی ئاگرپەرستی هەبوو، جەژنەکانی خۆیان بەدڵخۆشیەوە دەگێرا. بە هەزاران دەهاتن بۆ حەج بۆ فەلەستین. ئەو کەنیسانەی لەژێر دەستی بەتریارکی قوستەنتنیە وئورشەلیم و ئەسکەندەریە و ئەنتاکیادا دەچەوسێنرانەوە، ئێستە لای موسڵمانان ئازادن. زیاد لەوەش لیێرسراوی ئەنتاکیا پاسەوانی دانا بۆ گاورەکان هەتا لەناو خۆیاندا شەڕ نەکەن لەسەر کەنیسە، کە پێشتر شەڕێك بوو بوو، تەنانەت (سرجیوس) و (دا لقدیس یوحەننا دمشقی) خەزێنەداری بەیتولمال بوو لە سەردەمی عەبدولمەلیك کوڕی مەرواندا. لەبەر ئەو رەفتار نەرمیە و لەخۆبوردنە، زۆربەی گاورەکانی سەر زەوی موسڵمان بوون، ژمارەی موسڵمانان لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا بوو بە (350) ملێون

کەس. لە ماوەی سێ ساڵ دوای پێغەمبەر حکومەتێکی کۆماری دیمکراتی پێك هات کە هەموو نێر و مێیەك دەستی لە کاردا بوو و، کاری خۆی دەزانی، شارەکانی شام ئاوەدان بونەوە، گەورە بوون، حەلەب و حومس و شەقامی گەورە و پڕ لە دار و درەخت و ئاو گەیشتبوە هەموو ماڵێك.)[520]

بەڵام لە سەردەمی فارسی ساسانیدا (اورەکان لە سەردەمی شاپوری دووەم دا، یارمەتی رۆم یان دا، لە دژی فارس، لەبەرئەوە شاپور بریاری دا هەرچی گاور لە خاکی فارس دا هەیە سەر ببڕێت، ساڵی 341 زاینی تەنها لە زاناکان (16) هەزار زانا و راهب و قسیسی گاوریان سەر بڕی. جوتیار زۆر داماو بون، ئارامی گیانیان عیبادەت بوو کە کەمێك دەرونیانی دەحەواندەوە، چونکە ئەوەندەیان دەچەوساندنەوە و کاریان پێ دەکردن، هەر کۆمەلێك ئەمیر و دەرەبەگێکیان بەسەردا زاڵ کردبوو، جگە لە باج و خەراج و دیاری و شتی تر. هەر یەکەیان دەبوایە 6\1 یان 3/1ی بەرهەمیان بدایە بە ئاغاکەیان، چەندین سوپاو فەیلەقیان لە جوتیار و وەرزێر و پاڵە و کرێ گرتەکانیان ئامادە کردبوو بۆ کاتی شەڕ. خەزێنەکانی دەوڵەتی فارسی هەمیشە پڕ بون لە پارەی باج و خەراج و سەرانە و نەورۆزانە و میرگان، لە رۆمەکان زیاتریان کۆکردبویەوە، ساڵی 626 زاینی لە خەزێنەی کسرای تەبروێزدا (460) ملیون دۆلاری بە پارەی ئەمڕۆ تیا بوو. (مۆسیقا و گۆرانی تێکەڵ بە نان و ئاهەنگ و پێشوازیان بوو بوو، مۆسیقای قیسارە و نای و مزمار و قرن و تەپڵ. (برباد) گۆرانی بێژی تایبەتی کسرای تەبروێزی بوو، (360) گۆرانی دانا بوو، هەر شەوە گۆرانیەکی بۆ دەوت بۆ ماوەی ساڵێك.

پاشاکان دەیانوت ئێمە هێز لە خواوە وەرئەگرین، ئێمە جێگری ئەوانین، دەیانوت خوێنی خوایەتی لە رەگی ئێمەدا دەسورێتەوە، ئێمە وەك خەڵکی ترنین، دەبێت کڕنوش بۆ ئێمە ببرێت و خزمەتکاری بۆ ئێمە بکرێت، خۆیان ناو نابوو پاشای پاشاکان، پاشای ئاری و غەیرە ئاری، گەورەی بونەوەر، کوڕی خوا.) شاپوری دووەم ئەوەی بۆ زیاد کرد کە (برای مانگ و خۆر و هاوڕێی ئەستێرەکانن.[521]

فارس و رۆم دوو پیر بوون، پەکیان کەوتبوو، ئەوەندەیان پەلاماری یەك دابوو، یەکیان لە پەل وپۆ خستبوو، کە ئیسلام وەك گەنجێکی پێ کەوتە هاتە مەیدان. لە بەردەمی‌دا دوو پیر و نەخۆش هەبوون. بوو بونە بار بەسەر میللەتانەوە، نە ئەوە بوون بمرن، نە ئەوە بوو چاك ببنەوە، ئیسلام پەلی گرتن و، لەسەر میللەتانی ناوچەکان لایبردن، ئەگەر خوا کارێکی بویت هەل دەرەخسێنێ، ئەو دوو شارستانیەتە فاسدە و پیر و بارە قورسەی سەر گەردنی میللەتانی بە یەکتر تەنك کرد، یەکیان ماندو کرد ئەوسا ئیسلامیان لێ پەیدا بوو، لەگەڵ ئەوەدا، هێشتا فارس و رۆم یەك ملیون سەربازی بێ تاقەت و بێ حەوسەڵە و بێزاریان هەبوو رەنگە یەکی چەند جار فیراریان کردبێ و بەر رەشبگیر کەوتن و هاتنەوە، ئەوانە بەرامبەر (50) هەزار کەسی بێ چەك و بێ بەرگ و خواردن و جبەخانە وەستان و شکان و لە ناوچون. گەنجێك بەرەو پێگەین و گەشە دەڕوا و، دوو پیر بەرە و کلۆر بون و داڕوخان و پوکانەوە و مردن دەڕۆن، هەرچەندە لە چەند جەنگێکدا بونە یەك و، بەرامبەر ئیسلام وەستان، بەڵام هەر شکان. بۆ نمونە لە جەنگی قیرازدا لە نزیك رومادی فارس و رۆم بونە یەك و لە بەرەیەکی جەنگیدا نەخشەیەکیان دارێژا. بەڵام مێژوونووسان دەڵێن گەمارۆدران و یەك نەفەریان دەرنەچوو کە هەواڵی ئەو نەخشە دوو سەریەیان بگێڕێتەوە[522]، ئەوانەی لە شارستانیەتەکانیان کۆڵیوەتەوە دەڵێن: هەموو شارستانیەك لە مانایەکی سەرەتایی رۆحی پاکەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە سەرەتا کەم بایەخی بە دەرەوەی خۆی دەدا و ناخی پاکە. پاشان کۆتایی دێت بە رواڵەتێکی گەورە و پڕ لە دیکۆرات و نەخش ونیگار، بەڵام ناخی ئاڵۆز و پوچ و تێك

---

[520]. هەمان سەرچاوە. ج13، ص131.

[521]. قصة الحضارة: ول وايريل ديورانت. مجلد6، بەرگ 11-12، ص275-282. دارالفكر، بيروت.

[522]. لە مدینەوە بۆ مدائن: حسن محمود حمە کریم، ل42.

چوە، هیچ مانایەکی رۆحی تیا نەماوە، دوای پاشا بەهێزەکانی فارس، کورە لاوەزەکانیان هاتنە سەر دەور، بە شتی زۆر لاواز و هیچەوە خۆیان خەریك دەکرد، فیتنە و شەڕو فەسادیان دەنایەوە، ساڵی وا هەبوو سێ پاشایان دەکوشت و دەگۆڕا، جاری وا هەبوو منداڵی بیست ساڵە حوکمی ئەو ئیمپراتۆرەی دەکرد، کوڕ باوك و، باوك کوڕانی خۆی دەکوشت، پەرویز هات، ئەردەشێری کوڕی کوشتی، پەروێز (36) کوڕ و برای خۆی کوشت، نەبا تەماع بکەنە کورسیەکەی. ئەردەشێریشیان کوشت، کوڕیان نەما کچیان کردە پاشا، دوا پاشایان یەزدگورد بوو کە منداڵێکی 19–20 ساڵە بوو، ئەمە لە ناو کۆشك دا. لە خوارەوە سوپای ئیسلام نزیك بوو بویەوە، لە رۆژئاواشەوە رۆمەکان هێرشیان هێنا بوو. شەلەل و هەژاری و فەسادی ئیداریو رەوشتیو شەڕوهەرا چۆکی پێ دادابون، کورە زادەکان لە رابواردن و ئارەزوبازی و راووشکار و کەیف و سەفای خۆیان نە دەکەوتن.

رۆمەکانیش بە هەمان شێوە لە جەنگی ناوخۆیی خەستی مەزهەبیدا بوون، کە بەردەوام خوێنیان لێ دەچۆڕا، عەرەبەکانی شام هەمیشە راپەڕین و شۆڕشیان لە دژی رۆم دەکرد، متمانەیان بە فارس و رۆم نەما بوو، لە لایەکیشەوە دڵیان بۆ ئیسلامی برا عەرەبەکانی حجازیان لێی دەدا، لە نامەکەی (مجیتیوس)دا لە زانستی جەنگیدا نووسیبوی دەڵێ: یاسای جەنگی رۆمان پێش محمد بە دوو سەد ساڵ خەلەل و نکولی روی تێ کردبوو، عەرەبەکانی خواروی شامیان لێ هەڵگەڕا بوونەوە و دڵیان لای عەرەبەکانی هاوزمانیان بوون. رۆمەکان شارێکیان دەگرت ماڵ و منداڵ و کەل ویەلیان دەدزی و، دەست درێژیان دەکردە سەر ئافرەتانیان، سەرکردەیەکی رۆم وەسفی موسوڵمانانی دەکرد بۆ هەرقل و دەیگوت: (ئەوانە بە شەو خوا پەرستی دەکەن و، بە رۆژ سوار چاکن، ئەگەر کوڕی پاشاکەیان دزی بکات دەستی دەبڕن و زینا بکات رەجمو بەردبارانی دەکەن.) قەیسەر هەرقل وتی (ئەگەر راست بکەیت ناوسکی زەوی – مردن – چاکترە بۆ ئێمە، هەتا بەرامبەر بە ئەوان بوەستین.) سەرکردەکانی فارس و رۆم هەستیان کرد بوو کە نهێنیەك هەیە لە سەرکەوتنی موسوڵمانەکاندا و باسیان دەکرد، بەڵام رۆژێك پاشای فارس بیری نەکردەوە لەو نهێنیە بکۆڵێتەوە!

هەندێ لە عەرەبە قەومیەکان دەڵێن، هۆی گرنگی دروست بونی ئمپراتۆریەتی ئیسلامی ئەوە بوو کە عەرەب بوون. خۆ لە خاکی ئەو دوو ئمپراتۆرەدا (فارس و رۆم) عەرەبێکی زۆر هەبوو، هەر یەکە بە هەوای لایك دەشەکانەوە و، زانیاریان چاکتر بوو، چەك و جیەخانەیان لەوانەی حجاز زۆرتر بوو، وە نزیکتریش بوون لە شام و عێراقەوە هەتا موسوڵمانانی حجاز. بەڵکو ئەو عەرەبانە بە پشت و پەنای فارس و رۆمەوە پەیتا پەیتا لەبەردەم موسوڵمانەکاندا دەشکان، بەڵکو هۆی سەرکەوتنی موسوڵمانان تەنها پاك و پتەوی عەقیدە و یەکیەتی و یەکریزییان بوو.

سەرکردەیەکی رۆم بە ناوی (جۆرج) بە خالیدی وت: راستە دەڵێن خوا لە ئاسمانەوە شمشێرێکی دابەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرتان و داویەتی بە تۆ، بۆ هەر گەلێکی بەرز بکەیتەوە دەشکێ؟

وتی: نەخێر، جۆرج وتی ئەی بۆ ناونراوی شمشێری خوا؟

خالید وتی: (من دوای کەوتم، واتە دوای پێغەمبەر (ع)، رۆژێك پێی وتم تۆ شمشێرێکی هەڵکێشراوی خوایت بۆ سەر بت پەرستەکان. پاشان دوعای سەرکەوتنی بۆ کردم. لەوەوە ناونرام شمشێری خوا. ئێستە من توندترین موسوڵمانم بۆ بت پەرستان. بەم جۆرە بە هەڵە هەواڵی سەرکردەیەکی موسوڵمانان گەیشتبوە هەموو ناوچەیەك، ئەفسانەی ئاوایان بۆ دروست کردبوو.[523] خالید خۆی هەڵنەنا بەو قسەیە، بەڵکو راست و رۆشن و بۆی راست کردەوە حەقیقەتەکەی پێ وت، کۆمەڵێك حەقیقەتی ئاوا بویە بناغە بۆ شارستانی ئیسلامی و سەری خستن!

[523]. عبقرية خالد: عباس محمود العقاد، ص130. دارالهلال، قاهرة 1952.

بەشی دەیەم

* مەزاری ئەسحابان لە کوردستاندا
* وتەیەك
* گۆڕی ئەبودوجانە لە رانیە
* گۆڕی عوکاشە لە کامیاران
* گۆڕی میقداد لە رانیە و شارەبان
* گۆڕی ئەباعوبەیدە لە عەبابەیلێ
* گۆڕی ئەسحابەدرۆ لە دێێژە
* گۆڕی ئەسحابە عەبدوڵڵا لە سەرچنار
* گۆڕی عەبدوڵا کوڕی عومەر لە زۆر جێگە
* مزگەوتەکانی عەبدوڵا کوڕی عومەر لە کوردستان

وتەیەك

خاك وخەڵكی كورد پێكهاتەیەكی هێندە بە نرخ ودەوڵەمەندو مەزنە، هەڵدەگرێت لە هەموو ڕویەكیەوە چەندین لێكۆڵینەوەو بەدواداچونی لەسەر بكرێت و، توێژەر پەكی نەكەوێت لەنەبونی كەرەستەو سەرچاوەو پێویستیەكانی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژوە كۆن و دورو درێژەی كە لە سەرخاكەكەی بەسەر بەرزانە ڕایبواردوەو جێ وڕێی‌خۆی كردوەتەو خۆی سەلماندوە.. یەكێك لەولایەنەگرنگانەی كە دەكرێت بخرێتە بەر توێژینەوە، ئەو هەموو گۆڕومەزارو مەرقەدوشەخسانەیە، كە بەناوی گۆڕی ئەسحابان سەراپای خاكی كوردستانی گرتوەو، هیچ ناوچەو شارو لادێ ودەشت و شاخێك نیە یەكێك یان چەند دانەیەك لەومەرقەدانەی بە ناوی كەسێكی ناودار یان سەحابە بەڵام لە ڕاستی دا نادیارو ئەفسانەیی بەسەرەوە نەبێت. بەدوادا چونی ئەو كارە لە هەندێ لایەوە ئاسانە، چونكە سەرچاوەیەكی زۆر و زەبەندەمان لە بەردەست دایە و، ناوی سەحابەكانیش هەتا ئاستێكی باش هەیە، دەتوانرێت گەڕان بەدوایاندا بكرێت، بزانرێ ئایا سەد دەرسەد تەواوە ئەو سەحابانە هاتونەتە كوردستان ولە سەرخاكەكەی تێكۆشاون ولەناوچون ولاشەكەیان جێماوە و، پاشتر بوەتە گۆڕو بە پیرۆز ڕاگیراوەو پارێزراوە.. یان نا؟ دوای خوێندنەوەی زۆری سەرچاوە ئیسلامیەكان لەسەر فەتحی كوردستان، دەركەوت كە گۆڕی هیچ سەحابەیەك لەو ناوداروناسراوو دیارانە ... ئەوانە ناڵێم كەناویان نیەو ڕەنگە لە شەڕیان لە گەڵ فارس كوژرابن وبێناونیشا ن ئەسپەردە كرابن ... لە خاكی كوردستاندا نیە، چ بە مردن بێت یان كوژران، وەكو بە هەڵە مەلا ڕەئوف سەلیم حوێزی لە كتێبەكەیدا باسی دەكات[524]، كە گوایە كۆمەڵێك سەحابە هاتونەتە كوردستان وشە هید بون، دوای لێكۆڵینەوە دەركەوت ڕاستی تیانیەو هەڵبەستراوە، لەوانە ناوی فەزلی كوڕی عباس وعەبدوڵڵای كوڕی عومەرو زوبێری كوڕی عەوام و عەبدوڵڵای كوڕی جەندل ووائلەی كوڕی ئەسعەل وقەعقاع كوڕی عەمر وزۆری تری بردوە. كە دەكریۆ ئاسانە بەدواداچونی لەسەر بكرێت، بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، داخۆ پێمان خۆش بێت گۆڕی سەحابەیەك لە ناو خاكی كوردا هەبێت؟ یاخود بترسین و بەرگری بكەین و بڵێین نەخێر، سەد شكور بۆ خودا كە دەستی هیچ كوردێك لە باپیرانمان، لە خوێنی‌سەحابەكاندا نیەو، دەستی كورد پاكەوخاكمان پاكتر، كەخوێنی سەحابەكانی پێغەمبەری تیا نەڕژاوەو! بەڕاستی خەڵكی كارێكیان كردوە نەوێرین هەندێك شت بڵێین، بەمەرجێ گەر باپیرانی ئێمە بەرگرییان كردبێت و، هەزاران سەحابەشیان كوشتبێت، چاكەو خراپە بۆ ئەوان نوسراوەو، بەهیچ جۆرێك ئێمە بەر پرس نین لە هەڵوێست وكارو كردەوەی ئەوان، تەنها بۆمان هەیە بخوێنینەوەو بنووسین ولەمێژومان بكۆڵینەوە، بڕوانە ئێمە چ فەخرو شانازیەك دەكەین كە خودا لە قورئاندا دەفەرموێت كەشتیەكەی نوح پێغەمبەر سەلامی خوای لێبێت، لەسەر شاخی جودی لە كوردستان نیشتوەتەوە، بریا لەو دیاریە خوداییانەمان زۆر دەبو، سەدبریا پاشماوەی كەشتیەكە ئەمڕۆ لەكوردستاندا بمایە و، كەناڵەكان وگەشتیاران ڕۆژانە بهاتنایەتە سەیریو زیارەتی ئاسەواری باپیرە گەورەیانو، ماوەیەك لە گەڵ چیرۆكی ئەو تۆفانە مەزنەدا بژیانایە، خۆزگە كوردستان ببوایەتە عەنتیكەخانەی شوێنە پیرۆزەكان، جا بزانە ئەمڕۆ چ سودێكمان دەبینی، بڕوانە میسر چ شانازی دەكات كە گۆڕی ئەسكەندەری مەكدۆنی لەخاكیاندا هەیە و، ملیۆنان دۆلاری خەرج كرد هەتا لە كەناری دەریا لە ئەسكەندەریە دۆزیانەوە، ئەسكەندەر لەشارەزوری كوردستان توشی نەخۆشی مەلاریا بوو، چوە بابل لێی پیس كردو مردو ناشتیان، پاشان سەركردەكانی گواستیانەوە بۆ شاری ئەسكەندەریەی میسر، ئێستە بوەتە خێرێكی ئابوری بۆ میسر، بە مەرجێ كەئەسكەندەر دەیان هەزار كەسی لە خەڵكی شام ومیسر كوشت، شاری سورو غەزەی لەگەڵ خاكدا یەكسان كرد، خەڵكەكەی كوشتن یان كردنیە كۆیلە، ئەوان ئەو بونەیان پێ خۆشە وشانازی

---

[524] كوردستانو ئاییتی ئیسلام ـ مەلا رەئوف سەلیم حوێزی ـ 1970ـ بەغداد.

پێوەدەکەن، بەمەرجێ ئەسکەندەر ساڵی 332پ.ز بوە هۆی لەناو بردنی دەوڵەتی فیرعەونی تەمەن سێ هەزار ساڵەی میسرو، دەوڵەتی بابلی دوو هەزار ساڵە لە عێراق و، ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشینی فارسیو، دەوڵەتی باکتیری لە ئەفغان و، ئیمپراتۆریەتی هیندی، وە بە گوێرەی سەرچاوە مێژوییەکان یەك ملیۆن ونیو لە خەڵکی ئاسیای کوشت، پانزە هەزار وڵاخی بارکرد بە سێ جار لە ئاڵتون ومجەوهەرات ونەختینەی پاشایان وکۆشکەکانی فارس و میدیا وناردنیەوە بۆ مەکدۆنیاو یۆنان، بەقسەی خۆی تۆڵەی سەدان ساڵەی جەنگی (تەروادە) ی نێوان ئاسیاو ئەوروپادەکاتەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕی سەحابەیەك لەخاکی کوردا دەربکەوێ، لێمان دەکەنە هەرا، گوایە ئەوانە هاتون بۆتالآنی وکوشتن وئەنفال کردن ولەناو بردنی دەوڵەتی کورد، گۆڕی بیست وپێنج هەزار سەحابە لە ولآتی سوریە دایەو، دەیان شەڕی قورس رویداوە، هەر جێی شانازیانە، بڕوانە شاری مەککەومەدینە چ شان و شەوکەتێکیان هەیە لەجیهانی ئیسلامیدا بە هۆی شوێنە پیرۆزەکانیەوە، سالآنە دەیان ملیۆن حاجی سەردانی دەکەن، ئەوە قودسی پیرۆز و، مەرقەدەکانی پێغەمبەران ئیبراهیم وموساو یەعقوب وسلیمان و زۆری تر، سەلامی خوایان لێ بێت، لەئاستیئیسلام و گاورو جولەکەی جیهاندا ناوی هەیە، ئیمامی عەلی وئیمام حوسەین لە نیوە دورگەوە دەرچون ولە نەجەف وکەربەلا ئەسپەردە کراون، ئەمڕۆ بە گەورەترین ئاسەواری ئیسلامی دادەنرێن لە عێراق داو ڕۆژانە هەزاران کەس سەردانی دەکەن، بەمەرجێك لەجەنگی جەمەل وسەفیندا کە ئەوان کردیان حەفتا هەزار کەس کوژراوە، پاشان بە ستەمێك سەری ئیمام حوسەینیان بردە دیمەشق وئەسپەردەکرا، ئەوکارەساتە دڵتەزێنە بوەتە خێروبێر بۆئەمڕۆی سوریەو سالآنە سەدان هەزار سەردانی دەکەن، بڕوانە شاری موسڵ، بەهۆی نەبی شیت ونەبی یونسەوە چەند ناودارو مەزن بوە، ئەمڕۆ ئێمە لەکوردستاندا قەبرستان وگۆڕی سەحابەی زۆرو زەبەندە دەبینین، دۆڵی سەحابان، دۆڵی شەهیدان، ئەسحابە سپی وئەسحابە درێژو ئەباعوبەیدەو بانەیی ئەسحابە کوژو زۆری تر، وا دەردەخەن ئاسەواری شەڕێکی قورس ودژوار بوبێ لەناوچەکەدا، گومانی نیە شەڕو هەرای زۆر بوەولە شەڕیشدا هەرخراپە دە کەوێتەوە، لە گەڵ ئەوەدا خۆزگە گۆڕی دەیان سەرکردەوسەحابە لە سەر خاکی کوردا دەبو، هەتا زوتر ناوی شارو ناوچە کوردیەکان دەچوە ناومعجەمی بولدانو مونجیدو قاموسی موحیتەوە، ئیسابە فی تەمیز سەحابەو ئوسدولغابەو ئەوانی تردا ناوی شوێنە کوردیەکان دەبراو، ئێمە ئەمڕۆ مێژوویەکی کۆنتریمان دەزانی، زوتروزیاتر گوێ بەشارو ناوچە کوردیەکان دەدرا، مێژویان نادیار نەدەبوو، جگە لەوەی کە ڕەنگە مزگەوتی گەورە بەسەرگۆڕی ئەو سەحابانەوە بکرایە، ئاسەواری گرنگ بۆ ئەمڕۆی کورد جیّدەماو کوردستان ئاواچۆڵ و خاڵی نەدەبو لە کارو هونەری پێشینەکانمان.

بیرۆکەی ئەم نوسینە لەوەوە سەرچاوەی گرت، لەم شەوانەدا چومە ماڵی زانایەکی ئایینی، بۆی گێڕامەوە لەم ڕۆژانەدا چون بۆ تەعزیە بۆ قەرەداغ، لە ڕێگە لایان داوەتەسەر مەرقەدی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لە نێزیك ئاوایی دێلێژەو فاتیحایان داداوەو زیارەتێکی پڕ بەدڵی خۆیان کردوە، مامۆستاکە وتی هەست وسۆزێکی بەرز دڵ ودەرونی داگرتم، کە بەخزمەت ئەو سەحابە ناودارەو خۆشەویستی پێغەمبەری ئازیزمان گەیشتم..بەڵام ئەو زانا دڵسۆزە لە بیری نەبوە کە سەعد خاڵی پێغەمبەر بوە، دەنا زیاتر دەتاوایەوەو دەیلاواندەوەو هەستی دەجۆشا، ئەوە مافێکی پیرۆزی خۆیەتی، خوای گەورە بەنیەت ودڵی خۆی لێی قبوڵدەکات، ئەگەر ئەوە گۆڕیئەو خۆشەویستەش نەبێت، بریا خاکی کوردی ئێمەش ببوایەتە بێشکەو جێنزرگەی گۆڕی دەیان سەحابەی ناودارو بەرز، ئیتر کەیفی خۆیان بوو ناحەزان چیان دەچنی ودەوت! بابەتەکە هەڵدەگرێت بۆچونی تایبەتی لەسەربوترێت ولەشوێنی خۆیدا بە سانایی قسەی لەسەر بکرێت، هەتا لای خوێنەری کورد ئاشکرابێت کە ئەو پیرۆزیانەی بەدەورو پشتیەوە هەیە چین وکێن و، چۆن ئەو ئەفسانەو ناوەیان بۆ هەڵبەستراوە؟ بۆ نمونە زۆر هەوڵم دا بزانم شەخسی ئەسحابە سپی لە شاری سولەیمانی هی کێیە، کەس نەبو بزانێ. ئەسحابە درێژی

دێلێژە لە قەرەداغ، گۆڕەکەی چواردە مەتر درێژە، کە لە گۆڕی سەردەمی ئیسلام وپێشتریش ناچێت، ئەسحابە درێژیش لە دێی دەرەشیش لە هەڵەبجە و، لە سەنگاو لەدێی سێگۆمەتان هەیە چوار پێنج مەتر درێژە، هەر لەوێ شێخ زەردو شێخ ڕەشیش هەیە خەڵکی ناوچەکە نازانن هی کێن. زۆرچیرۆك وئەفسانەی سەیر دەوری هەندێ لەم شەخسانەی داوە، کە سەری لە گوناهەوە دەردەچێ، ئیسلام پیرۆزیەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندوەتەوە ئیتر هەرچیەك بێت، بۆ نمونە قازی بەنێ لە دێی نەوتی لە نزیك دێی میر یاسی لە قەرەداغ شەخسێکەو ڕون نەبوەتەوە چ کەسێکە، دەڵێن جۆرێکی لەخۆگرتوە، ئەو ژنەی دەچێتە سەری بۆ داوای منداڵ، دەبێ لە گەڵ پیاوێکی نامەحرەم دا بچێت، نابێ مەحرەم بێت، دەنا نیازی حاسڵ نابێت ومنداڵی ناداتێ! هەفتانە ژمارەیەکی زۆر سەری لێ دەدەن.. مەرقەدی ئەبوعوبەیدە لە هەڵەبجەو، ئەسحابە سپی لە سلیمانی و، ئەبودوجانەی ئەنساری لەڕانیەو ناوچەی قەسری شیرین و، ئەسحابە عەبدولاّ لە سەرچیاو، میقدادی ئەسوەد لە شارەبان ومیقدادیەو، عوکاشە لە کامیاران و، ئەنەس لە تەبرێز و، عەبدولاّی کوڕی عومەر لە ناوچەی ڕانیەو نێوان هەولێرو موسڵ و، زۆری تر گۆڕو مەرقەدیان هەیە، ئەمەجگە لە گۆڕەکانی سوڵتانی ساق وپیرداودو پیر ئەلیاس وپیر خدرو پیرانی تەریقەت و پیری شەوکێل وپیر وەتێ وپیرەمەگرون و پیرنەوەزوکۆسەی هەجیج و زۆری تر کە ڕەنگە زانایان وپیرانی ئاینی زەردەشتی بوبن کە ئاینی پێش ئیسلامی کوردەکان بوەو گۆڕەکانیان تائەمڕۆ بەپیرۆزی ڕاگیراوەو ماونەتەوە.

لێرەدا مەبەستمان نیە تەشەر لەگۆڕی ئەو سەحابەو پیرانە بدەین و لە نرخیان کەم بکەینەوە، یان سەردان وزیارەتکردنیان بەهیچ بزانین ودوعاگۆییان لێ داوانەکرێت، ئەوە هەموو کەس ئازادەو کەیفی خۆیەتی چۆن و چی دەکات و چۆن بیردەکاتەوە، بەڵکو دەمانەوێ بزانین ئەم گۆڕانە چین وکێن وچۆن پەیدابون وچۆن باس و ناویان هاتوەتە کوردوستان ومێژوی ژیانیان چۆن بوەو بۆچی مردون یان کوژراون و پیرۆز ڕاگیراون، کە بەمە چمکێکی باش لە مێژووی ونی کورد ئاشکرا دەبێت و، خزمەتێك بە مێژووی شەخس وگۆڕەکان و ژیانی کورد دەکەین، هەتا بزانین ئەم پیرۆزیانە کێن کە کورد لەتەنگانەدا پشتیان پێدەبەستێ و داوایان لێدەکات. بریا لیستێکی تەواو لەناوی شەخس ومەرقەدو گۆڕو قەبرستانی ئەسحابان لە کوردستاندا هەبوایە، شوێنی جوگرافیای، لە کوێوە نزیکە، چ چیرۆك وئەفسانەیەکی لەسەر هەیە، هەتا بەدوادا چونی لەسەر بکرێت بگەینە ئەنجامێك کە سود بەمێژووی کوردی ئیسلامیمان بگەیەنێت....

واچاکە ژیانی کەسەکان بەدورو درێژی بگێڕرێتەوە، هەتا لای خوێنەر ڕون بێت چۆن ژیانی گوزەراندوە، هیچ گومانێك نەمێنێ لە ژیان ومردنیو ڕاستی گێڕانەوەکە.. واچاکە گۆڕی هەندێ ئەسحابە_لە ئەسحابێکی زۆر کە لە کوردستاندا ناویان هەیە_ هەڵبدەینەوە، بزانین ڕاستە هی ئەوانە، چونکە ئێمە لە باسی فەتحی کوردوستاندا پێشتر سەلماندمان کە شەڕلە نێوانی کوردو سوپای ئیسلامدا ڕوی نەداوە، بەتایبەت مەزاری ئەسحابان ودۆڵی ئەسحابان ودۆڵی شەهیدان لە شوێنێکدان لەکوردوستاندا کە هەرگیز شەڕ تیایاندا نەقەوماوە و، باسیان لە هیچ سەرچاوەیەکی بڕواپێکراودا نەهاتوە.

من وادەزانم ئیتر ئەو قەبرستان و گۆڕانە بوونەتە ئەفسانەو لە ناخ ومێژوی کوردا چەسپیوەو ڕەگی داکوتاوە، چاك نیە بە باس و بەکردەوە هەوڵی لە بەینبردنیان بدرێت، چونکە میللەتانی تر لە هیچی خۆڕایی مێژوو ئەفسانە بۆ خۆیان دەتاشن، ئێمەی کورد کەشتێکمان هەیە، بۆ لە خۆڕا لە بەینیان بەرین ولە مێژومانیان دابڕنین، هیوادارم بگەینە ئەنجامێك وکەس لەم توێژینەوانە پەست ونیگەران نەبێت..

گۆڕی ئەبودوجانەی ئەنـساری لەناو چەی ڕانیە

پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە داوام کردبوو کە هەرکەس لەناوچەی خۆی لە سنووری کوردستان گۆڕو مەرقەدی سەحابەیەك شك دەبات با ناوی تەواوو چیرۆك‌و روداوو شوێنەکەیم بۆ رەوانە بکات تا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکەم، هەر بەو دواییە نامەیەکم بۆ هات لە قەزای ڕانیەوە باس لە گۆڕی سەحابەیەك دەکات و دەڵێ:(خەڵکی ناوچەکەو دەورو بەر و، بگرە زۆر وتار خوێن لە وتارەکانیاندا بڕوایان پێیەتی و باس دەکەن و، لە لای خەڵکی (متەواتر)ی وەرگرتوە و، دەڵێن فلأن گۆڕ گۆڕی (ئەبو دوجانە)یە، دەڵێن کاتێ لە شکری ئیسلام هاتە کوردستان و گەیشتە (کێلەبۆرێ) کە دەکەوێتە خوار ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بەقەزای ڕانیە، گوندەکە ئێستە بوە بە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکانەوە، ئەوکاتە لە شکرەکە ڕێگەی لێ دەگیرێ بە هۆی بە فرێکی زۆرەوە، لە کاتێکدا ئەوان دەیانەوێ شەڕلەگەڵ (فەروخی مەرگەیی) بکەن، بۆیە وەفدێك دەنێرن بۆلای فەروخ بۆ مەرگە، بەڵأم لە ڕێگا دوو کەس پیێ دەگەن وشەهیدی دەکەن، ئەویش ناوی (ئەبودوجانەی ئەنساریە).دەڵێن پێش ئەوەی بگاتە سنجان واتە سێناجیانی ئێستا لە سەر زێی دەربەندی بیتوێن شەهیدی دەکەن)[525]. پاشان نوسەری نامەکە داوا دەکات لێکۆڵینەوەیەك لە سەر (دۆڵی ئەسحابان)و(دۆڵی کافران)بکرێت کە هەر لەو ناوچەدایە.

ئەم چیرۆکانە لە کتێبەکەی مەلا ڕەئوفی حوێزیەوە سەرچاوەی گرتوە، دەنا لە واقیع دا هیچ بنەڕەتێکی لە ڕوداوو سەرچاوەکاندا نەبوە، مەلا ڕەئوف بەکورتە ئاوای داڕشتوە:(کاتێك سەحابەکان وڵأتی شام وئەرمەن ڕزگار دەکەن، ئەبوعوبەیدە نامە دەنوسێ بۆ خەلیفە عومەر داوا دەکات بەرەو کوێ بڕۆین، ئەویش وەڵأم دەداتەوە کە خالید بنێرێ بەرەو ڕۆژ هەڵأت بۆ وڵأتی کوردان، بە چوار هەزار جەنگاوەرەوە کەوتنە ڕێ بە کۆمەڵێك سەرکردەوە کە ئەبو دوجانەش لە ناویاندابوو، هەولێریان گرت وچونە هەرمۆتەو دێی ڕۆستەم وخەڵکەکە موسوڵمان بون، بەفرێکی زۆر باریبوو شەولەوێ مانەوە بەیانی چونە سەر زێی بچوك لە ڕۆژ هەڵأتی میرزاڕۆستەم، خالید بانگی ئەبو دوجانەی کرد فەرموی بڕۆ بۆلای پادشای مەرجێن (مەرگە)و بانگی بکە بۆ سەر ئیسلام، ئەبو دوجانە سواری وڵأخ بوو ڕۆشت، لە چاو ون نەبووبوو، دیتیان لە وڵأخ کەوتە خوارەوە، زراری کوڕی ئەزوەر لەو وەختەدا چاوی لێ بوو، چوو بۆلای خالید فەرموی بینیم ئەبو دوجانە لە وڵأخ کەوتە خوارەوە، وابزانم سەرما زۆر کاری تێکردوە، خالید فەرموی بڕۆ بزانە چیە، کەڕۆیشت دەبینێ خوێن لە لاشەی دەڕوات، ئەبو دوجانە وتی تیرێکیان لێدام، تەواو لە قسە نەبوەوە وەفاتی کرد.. ئەبو دوجانەیان بە بەرگی خۆیەوە تەسلیمی خاك کرد)[526]. ئەمە کورتەی نوسینەکەی مەلا ڕەئوفە، بابزانین سەر سەرچاوەکانی فتوحات و پیاوناسان (الرجال) چۆن باسی ژیان وهەوڵ ومردنیئەبو دوجانە بەساڵ وبەروار دەکەن.

ژیاننامەی ئەبودوجانە

ناوی سەمماك کوڕی ئەوس کوڕی خرشە کوڕی لوزان نازناوی زی مەشهەری ئەنساری سەر بەهۆزی بەنی ساعیدە، یەکێکە لە یارانی پێغەمبەر، لە جەنگی بەدرو ئوحدو غەزاکانی تری لە گەڵ پێغەمبەردا بەشدار بوە، لە جەنگی ئوحددا پێغەمبەر شمشێرێکی بەو بەخشی، کە جێی فەخری بوو، هەرگیز لە پێغەمبەر جوێ

---

[525] دەقی ئەو نامەیە لەلایەن کاك ئیبراهیم ئەحمەد بەرزنجیەوە لە بەرواری (2002/1/8) پێم گەیشتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتی گۆڕی ئەبودوجانەی ئەنساری.

[526] کوردستان وئاینی ئیسلام، مەلا ڕەئوف سەلیم حوێزی لا77ـ90 چاپخانەی جامعە 1970 بەغداد.

نەدەبویەوە، لە بەر ئەوە پێغەمبەر دوعای خەیری بۆ کرد[527]، مەحمود شاکر دەڵێ: سەرکردەیەکی جەنگی ئوحد بوو، پێغەمبەر شمشێرەکەی دەرهێناو فەرموی کێ ئەم شمشیرە هەڵدەگرێت، چەند پیاوێك هەستان، لەوانە زوبێرو عومەری کوڕی خەتاب وعەلی کوڕی ئەبوتالیب، بەڵام نەیدانێ، هەتا ئەبو دوجانە هەستاو وتی من، وەری گرت، وتی هەقی ئەم شمشێرە چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموی پێی بدە لە دوژمن هەتا دەچەمێتەوە، ئەبو دوجانە وتی من هەقی خۆی دەدەمێ، ئەبو دوجانە پیاوێکی ئازابوو، لە جەنگدا گەرم دەبوو، کە شمشێرەکەی وەرگرت پارچە قوماشێکی سوری دەرهێناو بەستی بە سەریەوە، لە نێوان دوو ڕیزەکەدا خۆی پێوە هەڵدەکێشا، پێغەمبەر فەرموی ئەم خۆهەڵکێشانە ڕەوشتێکە خوا ڕقی لێیەتی ئەگەر لەم جێگایەدا نەبێت، کە جەنگ گەرم بوو ئەبو دوجانە چاك دەجەنگا، کەسێکی ئازای بینی بەرگی جەنگی پۆشیبوو، خەریك بوو لێی بدات، کەسەکە پاڕایەوە، دەبینێ ژنە، شمشێرەکەی بەسەریەوە لابرد[528]. پارەزانی دەڵێ: بینی یەکێك خەریکە بەناو کوژراوو بریندارەکاندا ئەگەڕێو لەتیان دەکات، بۆی کشاو هەڵی کوتایە سەری، کە چاوی پێیکەوت قیژانیو هاواری کرد، بینی هیندی ژنی ئەبوسوفیانە، گەڕایەوە وپێی ناخۆش بوو بە شمشێری پێغەمبەر بدات لە ژن[529]. کە تێك هەڵپرژان دروست بوو، زوو زوو پەلاماری پێغەمبەردەدرا، ئەوە هەر ئەبودوجانە بوو کە پشتی کردبویە سوپەر و دەیدایە بەر ڕمی بێبڕوایان کە دەیان گرتە پێغەمبەر، بە پشتی خۆی پێغەمبەری دەپاراست[530]. بەشداری جەنگی یەرموکی کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش هەمان گوێ ڕایەڵی بۆ ئەبوبەکر نواند، کە بڕواکزەکان لە دین هەڵگەڕانەوە، ئەبوبەکر 11 سوپای بۆ ئامادەکردن. خالید وئەبودوجانەی ناردە سەر هەڵگەڕاوەکانی یەمامە کە موسەیلەمەی درۆزن پێشەوایەتی دەکردن[531]، کە موسەیلیمە شکاو پەنای بردە ناو شورای باخەکەوە، ئەبودوجانە ئازایانە موسوڵمانەکانی لێهاندا، بەو هۆیەوە سوپای ئیسلام چونە ناو باخەکەوە، دەڵێن ئەو موسەیلیمەی بریندار کرد، ئەوەندەش جەنگا تا شەهید بوو، هەندێکیش دەڵێن موسەیلیمە ئەوی شەهید کرد، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکان، بە تایبەت کتێبی (در الصحابە)ی شەوکانی - ص522...523) و، واقیدی لە (الردە - ص 74) و، ئیبن سەعد لە (الطبقات الکبری - ج3 ص557) دا، هەموو یەك قسە دەکەن ودەڵێن: ئەبودوجانەی ئەنساری لە ساڵی 11...12ی کۆچیدا لە جەنگی(الردە) هەڵگەڕاوەکاندا شەهید بوە، هەروەها بڕوانە (الاصابە فی تمیز الصحابە)ی ئیبن حەجر- ج4ص58) و، (الاستیعاب فی معرفە الاصحاب)ی ئیبن عەبدولبەر ئەلقورتوبی - هامش ج4 ص58) و، (اسد الغابە) ی ئیبن ئەسیری کوردی - ج2ص352)و (ثمار القلوب - ص68) و، (الاعلام)ی (زەرکەلی - ج3 ص138...139)و زۆری تر)[532]. یەعقوبی دەڵێ: موسەیلەمەی درۆزن سەرەتا موسوڵمان بووبوو، بەڵام لەساڵی 10ی کۆچی دا هەڵگەڕابویەوەو دیعایەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، زیاد لە چل هەزار چەکداری بۆ دژایەتی موسوڵمانان ئامادەکردبوو، ئەبوبەکر خالیدی بۆ نارد، دوای چەند شەڕێکی قورس موسەیلەمەیان خزاندە ناو شورایەك و شەڕی قورس قەوما، هەزاران کەس کوژرا، ئەبودوجانەی ئەنساری شمشێری لە موسەیلەمەدا، موسەیلەمە بە بریندار پەلاماری ئەبودوجانەی داو

[527] فتوح سواد العراق، روایتی محمد واقدی، ترجمة عبدالعزیز واعظی پیاچونەوەی نادری کریمیان، ص156ـ159 وص248 تهران 1995 مرکز پخش.

[528] التاریخ الاسلامی، محمود شاکر ج2ـ1 ص230ـ 242 المکتب الاسلامی طبع 7 بیروت 1991.

[529] ژیانی پێغەمبەر ، عزیز ئەمین پارەزانی، ل336 چاپخانەی کامەرانی سلیمانی 1973.

[530] التاریخ الاسلامی ص240.

[531] ڕۆژبەیانی نەیپێکاوە کە دەڵێ ئەبودوجانە لەو هێزەدابووە کە پێغەمبەر ناردبوی بۆ سەر موسەیلیمەی درۆزن، چونکە ئەبوبەکر سوپای باردە سەر هەڵگەڕاوەکان نەك پێغەمبەر ، ئەو کاتە پێغەمبەر وەفاتی کردبوو .. بڕوانە سیپارەکەی جەمیل ڕۆژبەیانی 22 پەراوێز (وڵاگێری وشە خاکی عێراق چاپی یەکەم 1997 سلیمانی).

[532] فتوح سواد العراق ص156.

شمشێری لە موسەیلەمەدا، موسەیلەمە بە بریندراری پەلاماری ئەبودوجانەی داو شەهیدی کرد، بەڵام دواتر (وەحشی) ئەوەی کە لەجەنگی ئوحددا حەمزەی مامی پێغەمبەری شەهید کرد، دای لە موسەیلەمەو کوشتی ناویان نا(ئەوەی چاکترین کەس و خراپترین کەسی کوشت)[533].

ئەعسەمی کوفی دەڵێ: هۆزی ئەبوحەنیفەو موسەیلەمەی سەرۆکیان، لە ئایین هەڵگەڕانەوە، موسوڵمانەکان هاتن بۆیان وشەڕگەرم بوو، ئەبو دوجانە ڕاپەڕی، جەنگی قورس دەستی پێکرد ئەبو دوجانەی ئەنساری پێشکەوت (لە بنەڕەتدا ناوی حرشنەیە)لە کتێبی(التجرید . ج1ص256)دا ناوی (سەمماک کوڕی خرشە)یە و، دەڵێن ناوی (سەمماک کوڕی خەرشەی خەزرەجی ساعیدی ئەبو دوجانەیە (بڕوانە پەراوێزی الفتوح ..ج 1 ص34)

پاشان ئەعسەمی دەڵێ: ئەبو دوجانە هێرشی کردەوە، یەکێك لە ماقوڵانی بەنی حەنیفە پەلاماری داو شمشێری بۆ ڕاست کردەوە، بەڵام بەری نەکەوت، ئەبو دوجانە هەڵی کوتایە سەری‌و کوشتی‌و پاشان هێرشی کردە سەر کەسێکی تر، لە بەردەستیا هەڵهات، ئەبو دوجانە دوای کەوت لێی داو ئەویشی کوشت،، پاشان پەلاماری لای ڕاست وچەپی دان وخراپی پێکردن، پەلاماری کەسێکی تری دا ئەویش لە حەیبەتان خۆی بە ملی ئەبو دوجانەوە هەڵواسی، ئەبو دوجانە لە خۆی کردەوەوکوشتی، ئەنجا هاواری کرد ئەی ئەهلی ئاین و ئیسلام بۆ لای من وەرن دایك وباوکم بە قوربانتان بێت، هەموو هاتنە لای وپێکەوە پەلاماری موسەیلەمەیان داو زۆریان لێکوشتن، بەڕاستی بەنی حەنیفە خۆگرو ئازابوون، سەحابەی زۆر کوژرا..بەڵام هەر ڕایان فڕاندنە ناو باخەکەوە، کە شورایەکی سەختی هەبوو، ئەبو دوجانە هاواری کرد ئەی خەڵکی ئەنسار بەرزم بکەنەوە، خستیانە سەر ڕمەکانیان و بەرزیان کردەوە هەتا خۆی هەڵدایە بۆشاییەکەی ناو باخەکەوە، وەك شێری تورە پەلاماری برد وبەردەوام دەجەنگا هەتا کوژرا. هەر لەو کتێبەدا لا12 دەڵێ: ئەبو دوجانە بە هاوڕێکانی وت من بخەنە سەر قەڵغانەکانتان و ڕمەکان بەملاو لادا قایم بکەن و بە یەك دەست بەرزم بکەنەوە بۆ سەر دیواری باخەکە، وایان کرد، ئەبو دوجانە خۆی هەڵدایە ناو باخەکە و شمشێری هەڵکێشا و بە تەنها دەجەنگا هەتا کوژرا[534].

ئەبودوجانە لە نیوەدورگەی عەرەب کوژراوە لەساڵی 11 ی کۆچی لە شەڕی هەڵگەڕاوەکاندا، وەك هەموو سەرچاوە کان باسی دەکەن، بەڵام مەلا ڕەئوف حوێزی دەڵێ لە کوردستان لە ساڵی 20 ی کۆچی کوژرا[535]، موحەممەدی واقیدی لە ڕیوایەتەکەی دا کە مەلا عەزیزی واعزی سەردەشتی تەحقیقی بۆ کردوە دەڵێ ساڵی 25ی کۆچی لە کوردستان کوژراوە[536]، کتێبەکەی مەلا ڕەوف و مەلا واعزی لە یەك دەست نوس وەر گیراوە کە لە ماڵی مەلا سەمەدی مەرگەیی بووە.

بەلازەری دەڵێ: موسەیلەمەی درۆزن کوژرا لە باخەکەدا، هەندێك دەڵێن خەداش کوڕی بەشیر کوشتی، یان ئەبودوجانەی سەماك کوڕی خرشە، یان عەبدولاکوڕی زەیدی عاسیم، یان وەحشی کوڕی حەربی حەبەشی، یان معاویە کوڕی ئەبو سوفیان، زۆربەی مێژوونوسان لەسەر ئەوەن کە هەموویان پێکەوە کوشتیان، بەلازەری ناوی دەیان کەسی بردوە کەسەرکردەبون لەو شەڕەدا دژی یەمامەو موسەیلەمە جەنگاون، دەڵێ یەکێك لەوانە ئەبو دوجانە سەمماك کوڕی ئەوس کوڕی خرشە کوڕی لوزانی ساعیدی لە خەزرەجیەکان بەشداربوەو لەوێ کوژرا[537].

---

[533] تاريخ اليعقوبي، احمد بن ابى يعقوب، موسسة الاعلمى للمطبوعات، ، تحقيق عبد الامير مهنا، ج2 ص16 بيروت 1999.

[534] كتاب الفتوح، للعلامة ابن محمد احمد بن اعثم الكوفى ج 1 ص34ـ36 دار الندوة الجديدة، بيروت يوليو 1968.

[535] کوردستانو ئایینی ئیسلام، ل80.

[536] فتوح سواد العراق، ص156.

[537] فتوح البلدان، امام ابى الحسن البلازرى، مراجعة رضوان محمد رضوان، ص 98ـــ 101دار الكتب العلمية، بيروت 1978.

مەحمود شاكر دەڵێ: موسەیلەمەی كەزاب ساڵی 11 ی كۆچی كوژرا[538].

جگە لە گۆڕەكەی ناوچەی ڕانیە، گۆڕێكی تر هەیە لە ناوچەی قەزوێن لە باكوری ئێران، هەرهەمان ناوی ئەبو دوجانەی ئەنساری بە سەرەوەیە، گوایە لە جەنگی دەیلەم دا كوژراوەو لە نزیك شاری ماوشانسی دەشتی قەزوێن ئەسپەردەكراوەو زیارەتگای هەیە، ئەوەش هەرهەڵەیەو ڕاستی تیانیە، ئیبن ئەسیری كوردی لە (الكامل فی التاریخ) دا دەڵێ: ئەو سەماك كوڕی خەرشەیە كە چوەتە شەڕی دەیلەم، كابرایەكی ترە سەحابە نیە، لەقەبی ئەبو دوجانە نیە و، ئەبودوجانەی یاری پێغەمبەر نیە، ئەبو دوجانە نەگەیشتوەتە كوردستان وئێران، وە ئەو نوشتە چوارمەتریانەی هەندێ كەس بەناوی ئەبو دوجانەی كوردستانەوە دەیكەن بۆخانمە دووگیانەكان و بۆ پاراستنیان لەجنۆكە ودێوودرنج، كەمنداڵەكانیان لە زگدا نەخنكێنن ولەبار نەبەن، دورە لە كارو هەوڵ ودوعای ئەبودوجانە[539]. موحەممەد كوڕی جەریری تەبەری هەواڵێك لە باسی فتوحاتی سەردەمی خەلیفە عومەر دەگێڕێتەوەو دەڵێ سەیفی كوڕی عومەری تەمیمی باسی كەسێك دەكات بەناوی سەماك كوڕی خرشەی ئەنساری كە لە فەتحی هەندێ ناوچەی ئێراندا بەشدار بوە[540]، بەلاٌم ئەم سەماك كوڕی خرشەیە، نازناوی ئەبو دوجانەی نیەو، ڕیوایەتەكەی سەیفی كوڕی عومەر زۆر لاوازە ودەكرێ بەدرۆ لە قەڵەم بدرێ[541]. هەروەها لە شەهادەتی خەلیفە عوسمان و فیتنەی سەردەمی ئیمامی عەلی دا كەسێكی تر هەیە بە ناوی سەماك كوڕی مخرەمەی ئەسەدی، كە خۆی پەنا داوە لەو فیتنەیە، بە شداری كەسیانی نەكردوە، سەیری بەلازەری بكە[542]. یان سماك كوڕی خرشەی جعفی كە (نەسر كوڕی موزاحیم منقری) لە ڕوداوی (سەفین ل375) دا ناوی ئەوی بردوە، ئەوە بوە هۆی ئەوەی كەهەندێ گومان بەرن كە ئەو لە جەنگی سەفین دا بەشداری كردوە، دەنا لە مێژودا شتی وا ڕوی نەداو![543] ئەم ناوانەی باسمان كرد هیچیان نازناوی ئەبودوجانە وئەنساریان پێوەنیەو، هاوڕێی پێغەمبەر نەبون..درودی خوای لە سەر بێت..گۆڕێكی تر بەناوی ئەبودوجانەی سەحابی لە دێی ڕێژاوە لە ناوچەی ئەنزل لە سەرپێڵی زەهاو گومان وایە ئەبودوجانەی سەحابیە، بەلاٌم وەك وتمان ئەبودوجانە پێش فەتحی عێراق وشام ئەو لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەكردا لە نیوە دورگە شەهیدبووە.

بەمانەدا دەر دەكەوێت كە گۆڕی هیچ كەسێك بەناوی ئەبو دوجانە لە كوردوستاندا نیە، ئەوەی لە ڕانیەیە شتێكی دروست كراوە.

دەبێ هەمیشە لە سەر دەرخستنی ڕاستی مێژومان سوربین، نەهێڵین ڕاستیەكان بن بەژێرەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەك تارمایی لەسەر شتێك هەبوو، مانای وانیە كە نییەو بەو تاریكیەوە سەردەنێینەوە، كەس نیە هێندەی كورد هەق پەرست وشەیدای ڕاستیەكان بێت، با لە سەر خۆشیان بكەوێ، كورد هەمیشە ئالودەی ڕاستیەو پێچ وپەنای لاقورسە، لە تارمایی بێزارەودەیەوێ دونیای ڕۆشن بێت.. بۆ فەتح كردنی كوردستان لە لایەن سوپای ئیسلامەوە باسی زۆر هەڵبەستراوە، كە هیچ ڕەگ وریشەیەكی مێژویی نیە..مەرقەد وگۆڕی ئەسحابان سەرخاكی كوردی داپۆشیوە، ئەمانە هەموی لە دڵپاكی ودڵسوزی كوردی شەیدای پیرۆزیەكان دەچێت، تەنانەت چیرۆك وئەفسانەشیان بۆ دروست كردون، بێئەوەی لاشەی كەسێك لەوانە هاتبێتە سەر خاكی كورد، كورد بەسادەیی

---

538 ـ التاریخ الاسلامی، محمود شاكر المكتب الاسلامی، تبع 7ج 3 ص72 بیروت 1991.

539 وڵاتگیری و شەخاكی عێراق، مەلا جمیل ڕۆژبەیانی كردویە بە كوردی وپەراوێزی بۆداناوە 23 سلیمانی 1997 چاپی یەكەم.

540 التاریخ الرسل والملوك، محمد بن جریر الطبري ـ ج3 ص583، ج4 ص148.

541 ئەمە ڕای نادری كەریمیانە

542 لە كتێبی(فتوح البلدان ج2 ص348)و (دارقطنی ة المؤتلف والمختلف ج 1 ص312ـ314).

543 فتوح سواد العراق، واعظي، ل247.

یان نەزانی ماوەیەکی زۆرە لە پەرستش و زیارەت و بەرزڕاگرتنی ئەو مەرقەدانەدا بوە، داوای دوعاو جێبەجێکردنی پێویستیەکانی لێکردوە، لە تەنگانەدا پەنای بۆ بردوە، بێ ئەوەی گیان ولاشەو هیمەتی ئەو مەردانە (سەحابان)ە لەوێدا حازربوبن، زۆر چاکە ئەگەر ئێمە بە شوێن ئەسڵ وفەسڵ و ژیان وتێکۆشانی ئەوانەدا بگەڕێین، هەتا لێمان ڕون ببێتەوە کە ئایا ئەوانە هاتونەتە کوردستان یان نا، بۆچی لە خۆڕا مەرقەد وگۆڕیان بۆبونیاد ناون؟ ئایا کورد ساویلکە بوەو خەڵکی بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەڵەتاندویانن؟ یان دڵپاك ومەزڵوم وبێ‌پەنا بوەو حەزی کردوە لاشەی پیرۆزێك لەیارانی پێغەمبەرەکەی لێوەی نێزیك بووبێت؟ یان مەرقەدی پیرۆزان وموغ وموبەزان وزانایانی زەردەشتین و، لە ترسی لەناوبردن و لەبیرچونەوەیان ناوی ئەو سەرکردانەیان پێوە لکاندبن، تا پیرۆز بمێنن ومانەوەیان مسۆگەر بێت!

گۆڕی عوکاشە لە کامیاران

شارۆچکەی کامیاران دەکەوێتە نێوان شاری کرماشان و شاری سنە (سنندج)، بڕواناکەم هیچ کوردێکی عێراقی هەبێت ناوی ئۆردوگای (شەهرەك و وەرمەهەنگ)ی نەبیستبێت، کە بەردەوام لەکاتی ڕاونان و دەربەدەریدا پەناگاو لانەی حەوانەوەو خۆپەنادانیان بوە، لە نزیك ئەو شارەوە گۆڕێك هەیە وا نابراوە کە گۆڕی سەحابەی پێغەمبەر عوکاشەیە.جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان وجیهاد ومردنی بکرێت، هەتا دەربکەوێت ئەو کەنەهاتوەتە عێراق وکوردستان، دەبێ ئەوەگۆڕی کێبێت وچۆن بەو ناوە ناونراوە!

عوکاشە کوڕی موحسن کوڕی حورسان کوڕی قەیس کوڕی موڕە کوڕی کبیر کوڕی غەنەم کوڕی دودان کوڕی خوزەیمەی ئەسەدیە، کونیەی (ئەبا میحسەن)ە، هاوپەیمانی بەنی عەبد شەمس بوو لەبەنی ئومەیەیە لە گەورەکانی ئەوانە لە (سابقین الاولین)ی ئیسلامە[544]، عوکاشە لە گەڵ کۆچبەرانی خزمی لە بەنی غەنەم کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە[545]، لە مەدینە نیشتەجێ بوو، پێغەمبەر کردیە برا لە گەڵ مەجدەر کوڕی زیادی بلوی هاوپەیمانی ئەنسار[546]، یەکێك بوو لە سریەکەی عەبدوڵا کوڕی جحشی ئەسدی)[547]، یەکەم سریە بوو لە ئیسلامدا کە دەست کەوت وئەسیرو کوشتاریان لە دوژمن کرد[548]، بەشداری غەزای بەدری کرد، شمشێرێك لە دەستی دا شکا پێغەمبەر شمشێرێکی تری دایە، فەرماندەیی دوو سریەی پێغەمبەری کردوە[549]، بەشداری غەزای ئوحدی کردوە، سەرەتا ڕمی هەڵدەدا پاشان تیروکەوانێکی هەڵگرت وتی تیرەکانی ناگات، پێغەمبەر فەرموی ماوەی بدەرێ دەگات[550]، لەگەڵ پێغەمبەر بەشداری خەندەق وغەزاکانی تری کرد[551]، لە غەزای بەنی قورەیزە و زی قیرەد لە ڕێی مەدینە بۆشام نزیك بە خەیبەر بەشداری کرد، یەکێك بوو لەوانەی کە بەدەم داواکەوە چوو بۆ سەندنەوەی حوشترە ئاوسەکەی پێغەمبەر کە بردبویان[552]، هەمیشە لە پێشی سوپای

---

[544] (اسد الغابة، عزالدين ابوالحسن ابن الاثيرو ج4ص2، تهران 1377 ه)(الاصابة فى تميز الصحابة، ابن حجر العسقلانى، ج4ص256، القاهرة 1325 ه) (الاستيعاب فى معرفة الاصحاب، ج3ص1080تحقيق على محمد البجاوى، القاهرة)(طبقات ابن سعد ج3ص52 القاهرة)

[545] (سيرة ابن هشام، ابو محمد ابن هشام، ج2ص80 تحقيق محمد محى الدين، القاهرة 1356 ه)، (جوامع السيرة، تحقيق الدكتور احسان عباس والدكتورناصرالدين الاسد، مراجعة محمود محمد شاكر، القاهرة).

[546] (الدرر فى اختصار المغازى والسير، ابو عمر يوسف ابن عبد البر، ص100 تحقيق الدكتور شوقى ضيف القاهرة 1386)

547 (كتاب المغازى، محمد بن عمر الواقدى، ج اص19و تحقيق الدكتور مارسدن جونس، اوكسفورد 1966).

548 سيرة ابن هشام ج اص238.

549 (انساب الاشراف، احمد بن يحى البلاذرى، ج اص301 تحقيق الدكتورمحمد حميد اللة القاهرة 1959).

550 مغازى الواقدى ج اص152.

551 (تهذيب الاسما واللغات، ابو زكريا محى الدين النووى، ج اص338 دمشق).

552 الدرر ص19.

ئیسلامەوەبوو بۆ هەواڵزانینی دوژمن، پێغەمبەر عوکاشەو چل سواری نارد بۆ غەمەر لە سەر ڕێی مەدینە بۆ سەر ئاوی بەنی ئەسەد، کە گەیشتن دەبینن خەڵکەکەی هەڵهاتون، ئەمە لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی شەشەمی کۆچی دا بوو، داواکانی پێغەمبەریان جێبەجێ کرد و، بەسەلامەت گەڕانەوە بە دەسکەوتی زۆرو ترساندنی دوژمنەکەیان[553]، ساڵی شەشەمی کۆچی بە سریەیەکەوە بە سەرکردایەتی عوکاشە چون بۆ ئەجناب لە بەنی قوزاعە ڕەنگە بۆ کەشو هەوا سازدانی بانگەوازەکەیان بوبێ، کە ساڵی11ی کۆچیدوای وەفاتی پێغەمبەر هۆزەکانی نیوە دورگە جگە قورەیش وسەقیف هەموو هەڵگەڕانەوە، خەلیفە ئەبو بەکر 11 لیوا وسوپای دروست کردو ناردیە سەریان، لیواکەی خالید کەبۆ سەر تەلیحە ی کوڕی خوەیلد لە هۆزی (تەی) وئەسەد بوو لە نەجد لە نیوە دورگە، عوکاشە لەو سوپایەدابوو، خالید عوکاشەو سابیتی کوڕی ئەقرەمی لەبەنی تەی لە قوزاعە نارد وەك چاوساغ، لەوناوەدا چاویان کەوت بە حبال برای تەلیحەو کوشتیان، کە تەلیحە ئەوەی بیست خۆی و سەلمەی برای چون بۆیان وعوکاشەو سابتیان کوشت و هەواڵەکەیان بلاوکردەوە[554]، پێشەنگی سوپای خالید بە 200 سوارەوە گەیشت بە سەرکردایەتی زەیدی کوڕی خەتاب، کە لاشەی عوکاشەو سابتیان بینی تێك چون، پاشان خالیدیش بە سوپاکەیەوە گەیشت، ڕوداوەکەیان بینی نارەحەت بون، خالید داوای کرد هەردوکیان بە جل وبەرگی خوێناویەوە لەجێی خۆیان ئەسپەردەکرد[555]، خراپ بە لاشەی عوکاشە کرابوو[556]، سوپای خالید بەو دڵگەرمیەوە هێرشێکی تۆڵە ئامێزیان کرد، زیانی گیانی وماڵی گەورەیان لێدان، تەلیحە هەرئەوەندەی پیکرا نەواری خێزانی خستە پاشکۆی ئەسپەکەی و تیێ تەقاند بەرەو شام غاریداو پشتی لە هۆزەکەی کرد، خۆی گەیاندە بەنی کەلب، پاشتر کەبینی هۆزەکەی لە ئەسەدو غەتەفان موسوڵمان بون، ئەمیش موسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند، لەوێمایەوە هەتا ئەبو بەکر مرد وعومەر بویە خەلیفە، ئەنجاهاتە مەدینە وبەیعەتی دایە خەلیفە عومەر، عومەر وتی، مادام تۆ بکوژی عوکاشەو سابیت بیت من هەرگیز تۆم خۆش ناوێت. .تەلیحە وتی ئەی خەلیفەی موسوڵمانان، بۆ خەفەت بۆ دوو کەس دەخۆیت کە خودا بە دەستی من ڕێزو فەزڵی گەورەی بەوان بەخشی، وەمنی سەرشۆڕنەکرد وبەدەستی ئەوان نەیکوشتم، واتە گەر ئەوان ئەوکاتە بیان کوشتمایە من بەکافری دەچوم، عومەر بەیعەتی لێ وەرگرت. .ئەویش گەڕایەوە ناو هۆزو کەس وکاری، مایەوە هەتا لەگەڵ هۆزەکەیدا پێکەوە چون بۆ جیهادی عێراق[557]. شەهید بونی عوکاشە ساڵی 11ی کۆچی بوو(بەرامبەر 632ی زاینی)[558]، پێغەمبەر باسی حەفتا هەزار کەس دەکات کەبەبێحیساب دەچنە بەهەشت، عوکاشە داوای لە پێغەمبەر کرد دوعای بۆ بکات لەوانەبێت، ئەویش فەرموی لەوانیت..! کەسی تریش داوایان کرد دوعایان بۆ بکات، فەرموی عوکاشە پێشتان کەوت، ئەوەیە بوەتەمەسەل بۆ یەکێك داوای شتێك بکات دەڵێن(سبقك بها عكاشه)[559] کە پێغەمبە وەفاتی کرد عوکاشە 44 ساڵان بوو، دوای ئەو بە چەند مانگێك شەهید بوو، واتە ڕۆژی بوزاخە ساڵی 11ی کۆچی، هەر لەو ساڵەدا مرد کە پێغەمبەری تیا وەفاتی کرد، واتە تەمەنی 45 ساڵان بوو دوای پێغەمبەر بەچەند مانگێك کوژرا، کە هێشتا نیوە دورگەی عەرەب ڕزگار نەکرابوو، وەهێشتا فتوحاتی شام وعێراق باسی نەبوو، ئیتر چۆن هاتە کوردستان وتیا شەهید بوو! ! ئەباسەنانی برای کە دوو ساڵ

553 طبقات ابن سعد ج1ص84.

554 (اسد الغابة، ابن اثير ج2ص346).

555 (طبقات ابن سعد ج3ص93 ـ اسد الغابة ج4ص3 ـ الاصابة ج4ص256 ـ تهذيب الاسماْواللغات ج1ص338).

556 الكامل فى التاريخ ابن اثير ج2ص347 بيروت 1385 ه).

557 ابن اثير ج2ص348.

558 (العبر وديوان المبتدا والخبر، عبدالرحمن بن خلدون ابن خلدون ج1ص13 القاهرة1384) (تاريخ خليفة، ابن خياط ج1ص67).

559 (الاصابة ج4ص256ـ الاستيعاب ج3ص1081).

لە عوکاشە گەورەتر بوو، لە گەمارۆی بەنی قورەیزەدا مرد ساڵی پێنجەمی کۆچی. وە سەنان کوڕی ئەبی سەنان کوڕی محسن، کە عوکاشە مامی بوو، لەنێوان سنان وباوکی دا 20 ساڵ هەبوو، سنان غەزای بەدرو ئوحدو خەندق وحودەیبەی بینی، یەکەم کەس بوولە ڕۆژی بەیعەی ڕیزواندا بەیعەتی بە پێغەمبەردا، ساڵی 23 ی کۆچی مرد[560]، ئوم قەیس کچی محصن خوشکی عوکاشە یەکێ بوو لەو ژنانەی کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر[561].

گۆڕی میقداد لە ڕانیەو شارەبان

هەندێ سەرچاوە وانیشان دەدەن، کە میقداد کوڕی ئەسوەد هاوڕێی پێغەمبەرمان ـ درودی خوای لە سەربێت ـ لە کاتی فەتحی عێراق وکوردوستاندا بەشداربوە، لە چەند جەنگ ورِوداوێکی گرنگدا ناوی هاتوە، پاشتر لەخاکی کوردوستان کوژراوە، دوو مەرقەدی بۆ کراوە، یەکیان لە ڕانیەو ئەوی تریان لە شارەبان، ئەوەبوو حکومەتی عێراقی لە پرۆسەی پاکسازی نەژادی وپیادەکردنی هەڵمەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردیەکاندا، شاری شارەبانی کوردی ناونا مقدادیە.. گوایە مقداد هاتوەتە عێراق وشاری مقدادیەی دروست کردووە یان لەوێ ئەسپەردە کراوە..

گۆڕی میقداد لە ڕانیە

ڕانیە یەکێکە لە شارەکانی کوردوستان، دەکەوێتە ناوەند دەشتی بیتوین وزنجیرە چیای کێوەڕەش لەڕۆژهەلاتی کوردستانی بەشی عێراق، نزیك بە سنوری ئێران، یەکێکە لە قەزاکانی سلیمانی.. ناوچەی ڕانیە مێژویەکی کۆنی هەیە، هەرچەند فتوحاتی ئیسلامی ڕوی لەم ناوە نەکردوە، بەلاّم لە هەڵبەسراوێکدا زۆربەوردی باسی کراوە.

مەلا ڕەئوف حوێزی لە کتێبەکەیداو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیلە سیپارەکەیدا و، مەلا عەبدولعەزیزی واعیزی سەردەشتی لە وەرگێڕاو بۆفارسیەکەیدا، وا دەردەخەن کە هەرسێکیان لە دەست نوسێکی واقیدیان وەرگرتووە، باسی تەواوی هێرشی سوپای ئیسلام دەکەن بۆکوردستان بەهەموو وردەکاریەکیەوە، کە تەنانەت لەگەڵ دوری و ونی و ئالۆزی شوێنەکەیدا، ناوی زۆر لە دێهات وشاخ وملە ودۆڵ وکانیاوو چەم وپاشا و زانا و شوان و باخەوانی کوردیان بردوە، هەر ئەوە جێی گومانە، ئەو وردەکاریە نابینیلە باسیفەتحی شام و عێراق و تەنانەت یەمەن و نیوە دورگەی عەرەبیشدا.

لێرەدا کورتەی ئەو بەشداریانەی میقداد دەگێڕینەوە کە لەکتێبەکەی مەلا ڕەئوف داهاتوە، ڕۆژبەیانی ومەلا واعیزیش هەر بەوجۆرەیان باس کردووە: دوای فەتحی شام و ئەرمینیەو دیاربەکر لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، ئەبوعوبەیدەی جەڕاح سەرکردەی سوپای شام، نامە بۆ خەلیفە عمر دەنوسیێ، داوا دەکات دوای ئەوە چی بکەن؟ خەلیفە وەلاّمی دایەوە: لازمە چوار هەزار کەس تەسلیم بە خالید بکەی وبەرەو قەومی کوردان بەڕێیان بکەی، زوبێر وفەزڵ ومقدادی کوڕی ئەسوەد وچەند سەرکردەی تر بە شار و دێهات و شاخی کورداندا بلاّوبکەنەوە. سوپای خالید گەیشتە هەولێر، مقدادی ناردە سەر دێی شەهرێن(شەهرستێن) گرتی وگەڕایەوە مەرگە، هێرشی کردە سەر فەروخ پاشای مەرگە و شکاندی. پاشان عەبدوڵلاّی کوڕی عومەرو میقداد چوونە سەرکێوی دەربەندی پشتدەر وحەملەیان بردە سەر مەلیك فەروخ کە بەتەمابوو هەڵبێت بۆلای پاشای دۆگمان، مقداد فەروخی کوشت و، تا پشتی مەرگە سوپاکەی ڕاونان، پەلاماری ئەو کوردەیدا کە عەمری کوڕی عودەیەی شەهید کردبوو، کوردە

[560] طبقات ابن سعد ج3ص94

561 (المحبر، ابو جعفر محمد ابن حبیب البغدادی ص 408 تحقیق الدکتورة ایلزة لیختن شتیتر بیروت 1361) (قادة النبی، اللواْ الرکن محمود شیت خطاب، ص242ـ251 دار القلم دمشق 1999).

ڕای کرده پاڵ بەردێك، میقداد لە هەر لاوە بۆی دەچوو، ئەو بەدەوری بەردەکەدا هەڵدەسوڕا، میقداد ماندو بوو بەشمشێرەکەی وت: ئەی شمشێر بە خوای گەورەت سوێند دەدەم لەو بەردەت ڕادەکێشم دەبێ بیبڕیت دەنا لای خوا شکاتت لێدەکەم، ئەنجا وەك هەوری بەهار گرماندی وشیری لەبەردا، بەردەکە وپاڵەوانە کوردەکەی لەودیو بەردەکەوە شەقار کرد، ئەنجا چوە باخێك پیرە مێردێکی پیری لێبوو، میقداد وتی چی دەکەیت؟ کابرا وتی پاسەوانی باغی مەلیك فەروخم، میقداد وتی من فروخم کوشتوە، تۆ بەرامبەر ئاینی ئیسلام چی دەڵێیت؟ کابرا ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو وتی ئەگەر قوەتی گەنجیم دەبوو، هەزاری وەك تۆم لە تۆڵەی مەلیك فەروخدا دەکوشت، هانای بۆ ڕۆژ بردو وتی من ئەو نورە دەپەرستم و دینی خۆم تەرك ناکەم. میقداد ئەمری کرد پیرە کوردەیان کوشت. ئەنجا لاشەی پێنج شەهیدەکەیان هەر لەوێدابە خاك سپارد کە ناویان عەمری کوڕی عەدی وسالم وعەبدولقادرو وائلی عەمری یەمەنیو سەعدی ساعیدی قورەیشیو جەندەلەی عەبدولاَی عەلی مەککی بوو.

خالید داوای کرد هێرش بکەنە سەر مەلیك دانیکوری پاشای پشدەر، میقدادو فەزڵی کوڕی عەباس سوپایان بردو شەڕ قەوما، میقداد پەلاماری دانیکۆری دا، دوای ماندوبون دانیکۆر هەڵهات وسوپاکەیان شکا، پاشتر دانیکور کوژرا، ناوچەکە موسوڵمان بون.. پاشان چونە سەر شەهبارە کە پاشاکەیان ناوی جاسومە بوو، میقداد کوشتی وشاری شەهبار گیرا.. پاشای ڕەزائیە ناوی خۆش قەدەم بوو، سوپای ئیسلام ڕوی کردە ولاَتەکەی، میقداد فەرماندەیەك بوو، شەڕی قورس قەوما وچل هەزار لە سوپای مازیندەران هاتن بەدەم خۆش قەدەمەوە، ئەنەس کوڕی مالیك خۆش قەدەمی کوشت، سوپاکەی هەڵهات وڕەزائیە گیرا..ئەنەس کوڕی مالیك لە ڕەزائیە وەفاتی کرد0، ئێستە مەرقەدی لە وێ یە□□□ _ئەم بۆچونە هەڵەیە_□□□ . پاشان میقداد وفەرماندەکان گەمارۆی شاری بانەیان دا گرتیان. .دوای ئەوە بەرەو عەرەبستان گەڕانەوە بە ڕێ‌ی دۆگماندا دەچون، نزیك دێ‌ی‌ئیسماعیل قولی (سماقوڵیان) نزیك شاری کۆیە، لە ناو دارو بەردو دەوەنەکانی ئەو ناوەدا کوردەکان خۆیان حەشاردا بوو، لە هەرچوارلاوە پەلاماری سوپای ئیسلامیاندا و سەدوپەنجا سەحابەیان کوشت کە ئەغلەبیان سپەسالار بوو وەك میقدادکوڕی ئەسوەدی کەندیو وائیلەی ئەسقەفیو قەعقاع وزرارو زۆری تر□□□ .

گۆڕی میقداد لە شارەبان

شارەبان مەڵبەندی قەزای میقدادیەیە لە پارێزگای دیالە، شارەبان ناوێکی مرەکەبە لە دوو وشە پێك هاتوە(، شار یان شەهر)واتە شار وە(بان یان بانو)واتە ژن یان دروستکەر یان گردو بان، لای هەولێر بە ژنی ماڵەوە دەڵێن کابانی ماڵەوە، لە سلیمانی دەڵێن کەیبانوی ماڵەوە، بە هەموی واتە شاری ژن، کە دور نیە ناوی ئەمیرەیەك یان شاژنێکی بە ناوبانگ بێت، هەندێك دەڵێن بەناوی ئەو شیرینە جوانەوە بوە کە کیسرای پەروێزعەشقی بوەو لەوێ کۆشکی بۆکردوە، ڕۆژبەیانی دەڵێ مەبەست شهربانو کچی یەزگوردە کە لە جەنگی جەلەولادا کەوتە دەستی سوپای ئیسلام وئیمام حوسەین مارەی کردو زەینولعابدینی لێ بوو، یان ڕەنگە لەبەر زۆری گرد لە ناوچەکەدا ناونرابێت شەهرەبان، ڕاستیەکەی ئەو شارە هەبوە لە پێش یەزدگورد، لە سەردەمی

---

562 کوردستان وئاینی ئیسلام، مەلا ڕەئوف سلیم حوَزی .ل79ـ115چاپخانەی جامعە بغداد 1970.. ئەمە قسەی مەلا ڕەئوفە، ڕاستی تیا نیە، ئەنەسی کوڕی مالیك دە ساڵلە خزمەتی پێغەمبەردا لە ماڵیان ژیا وکاری دەکرد، لە جەنگی ئوحد وبیئر مەعونەو خەیبەر وهەوازن دا بەشدار بوو، پاشان کۆچ دەکات بۆ بەسرە وتیا دەمێنێتەوە وتیا دەمرێت، شەش هەزار فەرمودەی گێڕاوەتەوە، هەرگیز نەگەیشتوەتە کوردوستان وئێران .

563 (طبقات ابن سعد ج7ص7)(صفة الصفوة.ابو الفرج عبد الرحمن ابن جوزی.ج1 ص167 وص298الهند، حیدر اباد 1355قمری)(مجمع الزوائد.ابن حجر هیثمی.ج9ص306 سنة 1352قمری).

564 کوردستان وئاینی ئیسلام، مەلا ڕەئوف حوَزی .ل129ـ130.. فتوح سواد العراق ڕوایتی محمد عومەری واقیدی، ترجمە بۆ فا رسی لە لایەن مەلا عەبدولعەزیز واعزی سردشتی تهران 1374 هەتاوی. مرکز پخش تهران نادرکریمیان پێشەکی وتەعلیقاتی بۆ نوسیوە، لا 219، 2 0 3، 206)(ولاَتگیری ڕەشەخاکی عێراق، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، لا 43).

ساسانیەکاندانای شەرەبان بوە، یان گەڕاوەتەوە بۆ خوای ڕزق ورۆزی کە ناوچەکە زۆر ناودارە بەرزق ورۆزی [565] تۆفیق وەهبی دەڵێ وشەکە ئاویستاییە مەبەست پارێزگاری شاران ولادێکانە، پاشتر ناونرا میقدادیە بەناوی میقداد کوڕی ئەسوەدی کندی یاری پێغەمبەر گوایە گەیشتوەتە ئەوێ لە کاتی فتوحات داو ڕەنگە گۆڕی لەوێ بێت، یەکێ تر دەڵێ شارەبان گۆڕا بە میقدادیە چونکە گۆڕی سەرکردە میقداد لەوێیە [566]، یەکێتر دەڵێ ناوی شارەبان لە دوو وشە پێك هاتوەشەهر واتە شار، بان واتە پارێزگار، واتە حاکمی شار وپارێزگاری شاران، یاقوتی حەمەوی ومستەوفی باسیان کردوە، ئەمیرە کل ... بان دروستی کردوە، 42 کیلومەتر لە بەعقوبەوە دورە، دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی 2400پ.ز. لە کتێبێکدا هاتوە کە مەرقەدی میقدادی لێیە [567]، یەکێ تر دەڵێ مقدادیە مەڵبەندی قەزایە سەربەپارێزگای دیالەیە، ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی پێغەمبەر مقدادی کوڕی ئەسوەدی کندی کە ساڵی 33ی کۆچی مرد [568]، لە مونشییە بغدادی داهاتوە شارەبان بە ناوبانگە بە قرە مختار. عەباس عەزاوی دەڵێ نەزانراوە کە میقداد لە عێراق وەفاتی کردبێت، کەچی ئەو ناوە لەو ناوچەیەدا هەیە [569]. پێشتر شارەبان بە ناوبانگ بوو بە چاکترین جۆری هەنار [570].

لەجێیەکی تردا هاتوە هەبوونی گۆڕی ئەسحابان وپیاوچاکان لە شاری شارەبان زۆر دەبینرێت وەك گۆڕی میقدادو ئیمام وەیس، بەو مەبەستە حکومەت ناوی شارەبانی گۆڕی بەناوی میقدادیە، شارەبان ڕوباری سیروانی پیادەڕوات نزیك زنجیرە چیای حەمرین، لە کۆنداشارەبان هاوینە هەواری پاشایانی ساسانی بوە، ئەمڕۆ ناوەندی قەزای میقدادیەیە 40 کیلۆمەترلە باکوری شاریبەعقوبەوەیە، تا جەنگی جیهانی یەکەم زۆربەی دانیشتوانی کورد بون،، پاشتر بەعەرەبکراوە، ئێستەش نیوە زیاتری شارکوردن یان باوو باپیرانیان ناویان کوردی بوە، بەلاّم ئێستە لە ترسدا هەموو بەعەرەبی قسە دەکەن، هۆزی سورەمیری و زەرگوشی وباجەلان وخەتاوی وخەیلان وگۆران وزەنگەنەو عەنتەر، هەموو هۆزی کوردن لەو شارە ژیاون..حکومەت ناوی گەڕەکە کوردیەکانی گۆڕیوە بە عەرەبی، لە سەرەتای جەنگی عێراق ئێرانەوە بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی کورد نزیك بە هەزارو پێنجسەدکوردی فەیلی ئاوارەی ئێران کرد [571]. مێژوونوسان تەنانەت گەورەکانیش وەك بینیمان بێئەوەی لێکۆڵینەوە لە ژیان وناوی میقداد بکەن، کەوتونەتە ئەم هەڵە زەقانەوە تەنانەت لە بنەڕەتی ناوی شارەبانیشدا، بە زۆر میقدادیان گەیاندوەتە کوردوستان وداویانە بە کوشت، لێنەگەڕاون لە جێیەك، بەڵکو لە دوو جێدا گۆڕیان بۆ هەڵبەستوە، لە بەر زیادە ڕێزیش لە بەختی کورد شارێکی کوریان بەناوەوە ناو ناوە. بەلاّم کە دەچینە بنج وبنەوان و ژیان وگوزەرانی ڕاست ودروستی میقداد، دەبینین ئەوانە هەر هەموو بوختان وهەڵەن ودژایەتی کوردیان پێکردووە، جگە لەوەی ستەمێك دەرهەق بەو سەحابە بەرێزە کراوە، دەیخەنە هاوکێشەیەکەوە کە هەرگیز ئەو نەیکردوە، میقداد نەهاتوەتە عێراق وکوردوستان وناوچەی فارس و تیدا شەهید نەکراوە!

---

565 مذكرات مامون بيك. ترجمة ۆبيانى وشكورمصطفى .مطبعةالمجمع العلمى العراقى.ص50.

566 رحلة المنشىء البغدادى. محمد السيد احمد الحسينىج6ص4، 1948 شركة التجارة والطباعة بغداد.

567 العراق الشمالى، ص128 محمد هادى الدفتر وعبدالله حسن، بغداد 1955 مطبعة شفيق.

568 اصول اسماْ المدن والمواقع العراقية، المحامى جمال بابان ج1ص186 بغداد، مطبعة الاجيال1989 الطبعة الثانية ص186.

569 رحلة المنشىء البغدادى. محمد السيد احمد الحسينىج6ص4، 1948 شركة التجارة والطباعة بغداد.

570 اصول اسماْ المدن.ص282.

571 ڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە 115 (شارەبان لە نیو سەدەدا)عەباس سلیمان سمایل.

ژیانی میقداد

میقداد کوڕی ئەسوەدی کەندی کوڕی عەمرو کوڕی سەعلەبە کوڕی مالیك کوڕی ڕەبیعە کوڕی عامر کوڕی مەترود بەهرانی حەزرەموتیە. میقداد لە هۆزی حیمەیر قوزاعەیە، کونیەی ئەبو مەعبەد یان ئەبو عەمرە بوو. ساڵی 37ی پێش کۆچی بەرامبەر 587 ی زاینی لە یەمەن لە دایك بوە، پێش ئیسلام لە حەزرەموت لە یەمەن دەژیا، کێشەیەك لە نێوان میقدادو ئیبن شەمری کندی سەرەك خێڵدا ڕوی دا، میقداد بە شمشێر لەوی دا و ڕای کرد بۆمەککە، کە ئیسلام سەری هەڵدا، میقداد موسوڵمان بوو، یەکێك بوو لەو حەوت کەسەی کە ئیسلامبونی خۆیان ئاشکرا کرد، کە بریتیبون لە ئەبوبەکرو عومەرو عەممارو سومەیەی دایکیوسوهەیب و بیلال ومیقداد[572]. پێغەمبەر زۆری خۆش دەویست کچێکی ئامۆزای خۆی دایە[573]. میقداد لە جەنگی بەدردا بەشدار بوو، ئازایەتی زۆری نواند[574]. میقداد بوو لە جەنگی بەدردا بە پێغەمبەری فەرموو: ئیمە بۆ تۆ وەك گەلی موسا نابین کە پێیان وت تۆو خوات بچن بۆشەڕو ئێمەش لیرە دانیشتوین، بەڵکو دەڵێین تۆو خوات بڕۆن بجەنگن ئێمەش لە ڕاست و چەپ وپێش وپاشتانەوە دەجەنگێین، ئەم وتەیە ڕوی پێغەمبەری گەشاندەوە.لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا لە غەزوەی مورەیسیع دابەشدار بوو. لەجەنگی غابەدا ساڵی شەشەمی کۆچی بەشدار بوو. لە غەزای حودەیبیەدا خۆی وبیست نەفەر بونە پێشەنگ وڕێیان بۆ سوپای پێغەمبەر پاك دەکردەوە.لە جەنگی خەیبەردا هاوکاری گەرمی هەبوو.ساڵی 28 یان 29ی کۆچی لە جەنگی قوبروسدا هاوڕیٚی معاویەی سەرکردەبوو. لە سحاحدا 48 فەرمودەی ئەوی تیایە کە لە پێغەمبەرەوەی گێڕاوەتەوە، بە کۆی هەموو شارەزایان لە ژیانی ئەلرجالدا واتە (پیاوناسان) ومێژوونوسان دەڵێن میقداد ساڵی 33ی کۆچی بەرامبەر 653ی زاینی لە شاری مەدینە لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا وەفاتی کردو هەرلەویٚ ئەسپەردەکرا[575]. ڕۆژبەیانی دەڵیٚ میقداد لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەفاندا هەبوەولە جەنگی میسردا هاوبەشی کردوەو لەویٚ مردوە، تەرمەکەیان هێناوەتەوەبۆ مەدینەو خەلیفە عوسمان نوێژی لە سەرکردوە، ئەمە ساڵی 33ی کۆچی بوو، ئەو گۆڕەی کە لە شاری شارەبانەو بەوهۆیەوە ناوی شارەبان گۆڕاوە بە میقدادیە، ئەو گۆڕە هی کابرایەکی شێخ میقداد ناوە لەم ساڵانەی دوایدا ژیاوە، دەنا میقدادی ئەسوەدی سەحابی نەهاتوەتە کوردوستان[576]. ئەی دەبیٚ ئەم هەموو گۆڕو مەرقەدانە هی کێبن کە شارو دیٚو چەم ودۆڵی کوردستانی گرتوە؟ یان کورد هەر بۆ پیرۆزی سەحابەکان بە خەیاڵ پیرۆزی بۆخۆیان داتاشیوە، کورد بەهۆی نەهامەتیەکانی ژیانیەوە.چونکە پاڵپشت وپەنایەکی جگە لە خوا نەبوە، پیرۆزی زۆری بۆخۆی چاندوە، هەتا پەنای بۆ بەرێت و هانایان بەخوا بگەیەنیٚوناخی پیٚئارام بکات.. یان جێی بڕوایە کە گۆڕی زاناومەزنانی زەردەشتی بوون و لەترسی ئەوەی نەبادا گۆڕەکانیان لە ناوبەرن ناوی ئەو سەحابانەیان لێناوە تا پارێزراوبن وبە پیرۆزی بمێننەوە!

572 الفصول الفخرية.جمال الدين احمد بن عتبة.ص45.تهران.شركت انتشارات علمى وفرهنكى 1363 شمسى، ودلائل النبوة.البيهقى ج1ص274.

573 ولاٚگیری ڕەشە خاکی عێراق، ڕۆژبەیانی، لا18 پەراوێز، چاپی یەکەم سلیمانی 1997.

574 دلائل النبوة.ابو بكر احمد بن حسين البيهقى، ج2 ص224ـ230تهران انتشارات علمى وفرهنكى 1361 شمسى.

575 (فتوح سواد العراق.محمد عمر الواقدى، ترجمة بۆ فارسى عبد العزيز الواعظى سردشتى.ص256)(الاصابة فى تميز الصحابة.شهاب الدين ابن حجر العسقلانى. ج3 ص455 بيروت.دار احياءالتراث العربى 1328 قمرى) (در السحابة فى مناقب القرابة والصحابة.محمد بن على شوكانى.امام الشوكانى.فى مناقب مقداد بن اسود.ص381 دمشق دار الفكر 1984).

576 ولاٚگیری ڕەشەخاکی عێراق، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لا18 پەراوێز .چاپی یەکەم، سلیمانی 1997).

گۆڕی ئەبوعوبەیدە لە دێ ی عەبابەیلێ لە هەڵەبجەی شەهید

مەگەر خوا بزانێت، خەڵکی هەڵەبجەو شارەزووڕو هەورامان، چەندە شانازی بە بونی گۆڕو مەرقەدی عەبابەیلێ وە دەکەن، کەگوایە گۆڕی سەحابەیەکی پیرۆز لە خاکی ئەواندا هەیە، نێزیك وموشەرەفن بەو بەرەکەتە مەزنە، لەزۆر کۆنەوە ئەو مەرقەدە

جێ زیارەتگاهی خەڵکانی نەخۆش وکەساسە، ژنی نەزۆك داوای منالێ و، کچان داوای مێردکردن وبەخت بەربون وشتی تر دەکەن، زیارەتکردن چوار شەموان وهەینی بوە، بەرد لکاندن بەکێلەوە باوبوو، کەلابەردێکی گەورە هەبوو لەسەر بەردێکی تر دەخولێنرایەوە، پێنج شەش بەردی شێوە جۆراوجۆر هەبوو هەرکەس بیخستنایەتە سەر یەکتر گوایە مەقسەدی حاسڵ دەکرد، ژنان بەتانی وپەڕۆو گونێیان بە مێلوە دەگرتەوە لەژێرد ارەکاندا دەمانەوە، هەتا مێروو زیندە جانەوەرێك، یان هیچ نەبێت پەڕێ ڕیقنەیەکی تێبکەوتایە، دەبوو بیخۆن و بەمەیلی خۆیان دەیانگوت نیازی دڵمان جێبەجێ بووە و منداڵمان دەبێت، ئەوەی نیەتی زیارەتی‌ناو مەرقەدی هەبایە، دەبوو ڕوبەڕو بچوایەتە ژورەوەو بەپشتا بهاتایەتە دەرەوە، منداڵ نەبوو لە هەڵەبجەدا پەڕۆیەکی سەوزی عەبابەیلێ‌ی بۆ تەبەڕوك بە مەچەك و یەخەوە نەبێت، یان خۆڵی عەبابەیلێ‌ی نەخواردبێ، لەزۆر دورو لە دەرەوەی وڵاتیش خەڵکی دەهاتنە زیارەت و چەند شەو دەمانەوە، وەقفە دارێکی زۆر و کانیاوی ساردو سازگار، ئەو سەیرانگاو زیارەتگایەی خۆشکردبوو، لەبیرمە لەسەرەتای شەستەکانەوە هەتا ناوەڕاستی‌حەفتاکان دەیان جار بەماڵەوە دەچوین و سەیران وزیارەتی خۆمان دەکرد، ئەولاپاڵ وبەرکێوی شنروێ و زەلەکێ‌یە لێوان دەبوو لەخەڵك، هەتا دەمی ئێوارە دەماینەوە، لە سەروی مەرقەدەکەوە گۆڕێکی تر هەیە بەناوی ئیمام قاسم ولە ڕۆژئاواشیەوە گۆڕێکی نەناسراوی تر هەیە، ئیمام قاسم یەکاویەکە بۆ کۆکەرەشەو شێتی، نەخۆشیان لە خسنەکەیدا دەبەستەوە دەخەوت کەبەیانی هەڵدەستا عەلەمی تیا نەدەماو دەبوو بە گوێزی ساغ، لەزوەوە خەڵکی سەر لەوە دەکەنەوە کەداخۆ ئەو مەرقەدە کێبێت، زانایان وخەڵکی تر دەیانزانی کەئەوە ئەبوعوبەیدەی جەڕاح نیە، دودڵ بون نەیان دەویست ناوی سەحابەیەك کە چەندین سەدەیە لە ناوچەکەدا هەیە دابڕنن، لە نێوان جەڕاح و ئەبوعوبەیدەی سەقەفی ئەنساری هێشتویانەتەوە. لەسەر ڕێگەی هەڵەبجە بۆ عەبابەیلێ کۆمەڵە بەرد دانراوەو هەرچی لەوێوە گوزەر دەکات بۆ زیارەتی عەبابەیلێ، وایان ڕاهێناون کە دەبێ بەردێك هەڵبدەنە ناو کۆمەڵەخڕکە بەردەکەوە، هەندێ واپاگەندە دەکەن کە ئەوە گۆڕە جولەکەو کافرانەو دەبێ بەرد باران وڕەجم بکرێن، بێئەوەی ئاسەواری قەبرستان ولاشەیەك لەوناوەدا هەبێت، بەڵکو ئەوە هەر فێڵێکی جوتیارانو خەڵکی ئەو دەڤەرەیە بۆ کۆکردنەوەی خڕکە بەردی ئەو ڕێ وبانەیە کە ناوچەکەی گرتووەکاری زیارەتکەران وجوتیارانی شپرزکردوە، ناوچەی جێڵەو عەبابەیلێ بەناوبانگە بە خڕکە بەرد، ئەوە هۆیەکی چاکە بۆ کۆکردنەوەیان، ئەو شێوازە لەزۆر ناوچەی بەردەڵانی کوردستاندا هەیەو مەبەست تەنها کۆکردنەوەو ڕزگاربونە لێیان، حەکیمان وزانایانی ناوچەکە ئەو شێوازەیان داهێناوە بەجۆرێك ئەوەی دەچێت بۆ زیارەت بۆ هێنانەدی نیازی دڵی وای پێ باشە ئەو داوایە جێبەجێ بکات، دەڵێن گوایە ڕێگەی بۆ نزیك دەبێتەوە.

لە ناو کوردا لە سەر عەبابەیلێ و مەرقەدەکەی ئەم باسانە هاتووە:

1ـ خەڵکی ناوچەکە بە ئەفسانەیەك دەگێڕنەوە کەلە دێرزەماندا شەڕێکی قورس لە نێزیك دێی عەنەب لە شانی خوارەوەی شاخی شنروێ کە بیست دەقیقەیەك لە عەبابەیلێوە دورە، لە نێوان سوپای ئیسلام وکافراندا ڕوی داوە، موسوڵمانەکان شکاون وئەبوعوبەیدەی سەرکردەیان ملی پەڕیوە، سەرولاشە بەجیا بەلنگە فرتە گەیشتونەتە عەبابەیلێ، لەوێ ئەسپەردە کراوەو بوەتەمەرقەد، دێ کۆنەکە بەناوی ئەو سەحابەوە بەمروری زەمەن لەئەبوعوبەیدەوە کەبۆ زمانی کوردی قورسە بوەتە عەبابەیلێ.

2ـ مەردۆخی لە کتێبەکەیدا باسێکی هێناوە ناوی سەرچاوەیەکەی نەبردوە دەڵێ (ساڵی 18ی کۆچی سوپای ئیسلام بە فەرمانی خەلیفەی دوەم و لە ژێر فەرمانداری ئیمام حەسەن وعەبدوڵای کوڕی عومەر لە عێراقەوە بەرەو ئێران دەڕۆن عەبدوڵای کوڕی عومەرو ئەبوعوبەیدوڵای ئەنساری لەگەڵ پێنج هەزار سواردا بەرەو شارەزور ئەکەونە ڕێ وچەند شەڕ ڕوودەدات، ئەبوعوبەیدولاَ دەکوژرێ ولە دێی عەبابەیلیٚ دەنێژرێ.ئەوانەی مانەوە بونە موسوڵمان و وازیان لێ هێنان، عەبدولاَ مانگێك لەو ناوچانەمایەوە، تاوەکو لە جێگای پەرستگاکان چەند مزگەوتێکی دروستکرد یاساو فەرمانەکانی ئیسلامی لە خەڵکەکە گەیاند، پاشان ڕوەو هەورامان کەوتنە ڕێ و لەنزیك پاوە شەڕو کوشتار ڕویدا، عەبدوڵای کوڕی عومەر لە شاری پاوە مزگەوتێکی دروستکرد، پاشماوەیەکی کەم توانی هەموو ولاَتی کورد بخاتە ژێر چاودێری ئیسلامەوە، لەبری ئاگرو پەرستگاکان مزگەوتی دروستکردیاساو فەرمانی خوای بلاَو کردەوە[577]. لێرەدا مەردۆخی لە ئەبوعوبەیدەوە کردیە ئەبو عوبەیدولاَ وە دوو هاوڕێی تری بۆ زیاد کرد یەکەم: ئیمام حەسەنە کە هەتا ئیستە باسی نەبوە کە ئەو لە فتوحات وجەنگەکانی نەك کوردوستان بەڵکو لە دواتریشدا بەشداری کردبێ، ئەو پیاوی سوڵح وئاشتی بوە درێژکراوەی جەنگی سەردەمی باوکی لە گەڵ معاویەدا کۆتایی پیٚهێنا، دوەم: عەبدوڵای کوڕی عومەر دواتر لە باسی دا بە درێژی ڕونی دەکەینەوە کە ئەویش هەرگیز نەهاتوەتە کوردوستان وهیچ مزگەوت وگۆڕێکی لە کوردوستاندا نیە، کەچی دوو گۆڕو سیانزە مزگەوتی لە کوردوستاندا بە ناوەوە بۆ هەڵبەستراوە..

3ـ هەروەها هەمان هەواڵ لە دەستنوسێکدا هاتوە..لەو دەست نوسەشدا نەهاتوە کەلەچ سەرچاوەیەك وەرگیراوە، ڕەنگە هەر ئەوەی مەردۆخی بێت[578].

4ـ مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان چەند جار فەرمویەتی لە حاشیەی کتێبێکی گەورەدا باسی شەهید بوونیم لەم دێیەدا دیوە، منیش زۆر هەوڵم داو پرسیارم کرد ئەوەم دەست نەکەوت. ڕەنگە ئەویش هەر ئەم کتێبەی مەردۆخی بوبێت[579].

5ـ جارێکی تر لە هەڵەبجە لە باسی گۆڕی ئەو سەحابانەو ئەبو عوبەیدە باس وخواسمان بوو، حاجی محمد کۆکۆیی وتی ساڵی 1965لە کەرکوك سەرباز بوین لە سەردەمی عەبدوسەلام عارفدا، ئەو کاتە قائد فرقەی دوو ناوی ئیبراهیم فەیسەڵ بوو، هاتە هەڵەبجەو لە گەڵ قوێخا عەلی کۆکۆیی وتی بابچینە زیارەتی باپیرمان لە عەبابەیلیٚ، ئێمە ئەنسارین لە نەوەی ئەم شەخسەین، ئەمە جەراح نیە ئەنساریە، تابیعی تابیعیە..نازانم ئەویش ئەم باسەی لە چ سەرچاوەو شەجەرەی نەسەبێك هێناوە[580].

6ـ برادەرێك وتی فلاَن مامۆستا لەهەڵەبجە گێرانەوەیەکی لەسەر ئەبوعوبەیدەی سەقەفی لەلایە دەیسەلمێنیٚ کە مەرقەدی عەبابەیلیٚ خۆیەتی. منیش چومە هەڵەبجە بۆخزمەتی، چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە وتی: ئەو سەحابەیە لە جەنگی جسردا لەسەر فورات لەباشوری عێراق شەهید بوە ، لاشەکەیان بردوە نیشانی پاشای فارسی بدەن، پاشان سوپای ئیسلامی چوە ناوچەکەی گرتوەو لاشەکەیان لە دێی عەبابەیلیٚ ئەسپەردە کردوە، وتم سەرچاوەت چیە؟ فەرموی هیچم نیە هەرخۆم دەڵیم، مادام ئەم قەبرە هەیەو خاوەنی نیە، کەواتە هەردەبیٚئاوا بوبێت، پاشان وتی وابزانم لە کتێبی مجمع تەواریخدا دیومە. جگەلەوە نیوانی دێی عەبابەیلیٚ،

---

577 مێژوی کوردو کوردوستان . محمد مەردۆخی کوردوستانی، وەرگێڕ لە فارسیەوە عەبدولکەریم محمد سەعید . لا 186 بغداد 1991.

578 بەناوی (القضية الكردية من منظور اسلامى).موضوع (الاكراد قبل وبعد الاسلام) ص9ــ11.

579 مامۆستا حەسەن شێخ عەبدولاَعەبابەیلێی بۆی گێڕامەوە کە مەرحومی مامۆستا سەید نەجمەدینی مزگەوتی ئوسامەلە هەڵەبجە جاڵێ کتێبێکی نیشاندام کەباسی شەهید بونی ئەبوعوبەیدەی کردوە بەڵام لەبیرم نەماوە چ سەرچاوەیەکە .

580 لە دانیشتنێکدا مانگی 5 ساڵی 2002 لە دوکانی حاجی محەمەد کۆکۆیی لە هەڵەبجە بۆی باس کردم .

بۆشوینی جەنگی جسر لە خوار شاری کوفەوە، زیاد لە هەزار کیلۆمەتر دەبێت، جگە لەوە پاشای فارس ئەوهەموو شەڕو شکستیەیان بەسەر هاتوە، لاشەی کوژراوێکی بۆ چی‌یە؟ جگە لەوە جەنگی نێوان پاشایانی فارس لە نێوخۆیاندا، ئاگایان لە شەڕی باشور نەمابوو، نەیان دەزانی سەرکردەکان چی دەگوزەرێنن، بەتایبەتتر کە ئەو کاتە بوران کچی کسرا بوبویە پادشاو، چەند ئافرەتی تر بونە پاشا ئافرەت بە تەبیعەتیحاڵ خۆی لە لاشەی کوژراوو پیاو دەبوێرێ، جگە لەوە ئەو کاتە پایتەختی ساسانی مەدائن بووە نزیك بە خوار شاری بەغدادی ئەمڕۆ، پاشا لەوێ بوە نەك لە عەبابەیلێ، کە پێنجسەد کیلۆ مەتر نێوانیانە[581].

7ـ جەمال بابان دەڵێ (ناوی دێیەکە وەك دەڵێن بەناوی سەرکردەی ئیسلامی ئەبی عوبەیدەی ئەنساری ناونراوە کە کاتی فتوحاتی ئیسلامی گەیشتە ئەو ناوەو لە دێیەکە مەزارێکی کۆنی هەیە، پارچە بەردێکی نوسراوی تیا دۆزراوەتەوە کە ناوی سەلیم پاشای بابانی بەسەرەوەیە کە ساڵی 1160ی کۆچی ئەو مەزارەی دروست کردوە.)[582].

8ـ لە هەفتەنامەی ئەلئیتحاددا هاتوە (لە بەردەم دێی عەبابەیلێدا دوو گۆڕی سەحابەی ـ ئەبو عوبەیدەو ئیمام قاسمی ـ لێیە)، لە جێیەکی تردا دەڵێ(ئیمام قاسمی سەقەفی یەکێکە لە سەرکردە ئیسلامیەکانی فتوحاتی ئیسلامی)[583]، نازانم نوسەر ئەم زانیاریانەی لە کوێ هێناوە، بە مەرجێ لە ناو سەحابەکاندا کەسێك نیە ناوی ئیمام قاسمی سەقەفی، یان دەڵێ (شەڕی قورس لەو ناوە قەوما) ئەوەش هەر ناسەلمێ و هیچ سەرچاوەیەکی مێژوی فتوحات نیە کە ناوی عەبابەیلێ ببات بڵێ لەوێ شەڕ بوە.

جێی خۆیەتی ئێمە بکۆڵینەوەو بزانین ئایا لە سەرچاوەی فتوحاتە ئیسلامیەکاندا لەسەحابەکان یان دوای ئەوان کەسێك بەناوی ئەبوعوبەیدە یان جۆرەکانی ئەوناوە هاتونەتە عێراق وفارس وهەرێمی چیا (کوردستان)و شەهید بون، ئەوەش ئاسانە چونکە سەرچاوەکانی مێژوی ئیسلام هەموی ڕێکخراوەو ئاسان دەدۆزرێتەوە بۆکەسێك مەبەستی بێت بگاتە ئەنجامێك..بە تایبەتتر کە ژیان ومردنی ئەبو عوبەیدەی جەڕاح وئەنساری سەقەفی لە هەموکەسی تر زیاتر ڕونەو سەرچاوەی زۆرەو هیچ گومان ناهێڵێتەوە.

کتێبی (الاصابە)و (الاستیعاب)و (اسد الغابە) لە باشترین کتێبەکانە کە زۆرترین ناوی سەحابەی تیایە، لەو سێ کتێبەدا ژیانی زیاتر لە 20 هەزار سەحابە هەیە، لەو کتێبانەدا تەنها ئەم ئەبوعوبەیدانە هەیە.

1ـ ئەبو عبیدە کوڕی عامر کوڕی محسن، لە بئری مەعونە شەهید بوە لە خاکی حیجاز، ئەوەبو پێغەمبەر لەگەڵ دەیان سەحابەدا ناردی خەڵکی ئەو ناوە فێری ئیسلام بکەن لە سەر داوای خۆیان، بەلاَم بە غەدر هەموویان شەهید کردن، ئەمە لە سەردەمی پێغەمبەردابوە[584].

2– ئەبوعبیدە کوڕی عەمارە کوڕی وەلیدی مەخزومی، لە فەتحی شام دا بەشدار بوو، لە جەنگی ئەجنادین دا شەهید بووله خاکی فەلەستین، نزیك بەخاکی حیجاز[585].

3– ئەبو عبیدەی جەڕاح ناوی تەواوی ئەبوعوبەیدەی عامری کوڕی عەبدوڵای جەڕاحی قوڕەیشی فەهرییە[586]، ساڵی 584 ىزاینی واتە 40 ساڵ پێش کۆچ لەدایك بوە، لە یەکەمین دە کەسەکەیە کە موسوڵمان بون، لە دەکەسەکەیە کەمژدەیان پێدرا بە بەهەشت، دوو ساڵ پێش کۆچ ، کۆچی کرد بۆ حەبەشە، ساڵی یەکی

581 وتووێژ لە گەڵ‌مامۆستا مەلا شێخ محەمەد سازانی لە ملّی خۆیان مانگی 10 ساڵی 2001.

582 اسماء المدن والمواقع العراقية، المحامی جمال بابان، ج1 ط2ص9بغداد 1989مطبعة الاجيال.

583 هەفتەنامەی(الاتحاد) ژمارە 452 بەروار 21ـ12ـ2001 لا16 بابەتێك بەناوی ئەبوعبیدە .. نوسینی کاروان ئەنوەر.

584 الاصابة فی تميز الصحابة _ابن حجر العسقلانی _ج4 ص131 دار احیاْ التراث العربی بيروت ط1 1348ه.

585 هەمان سەرچاوە.

586 (طبقات ابن سعد ج3 ص409 ابن سعد دار بيروت 1376 ه).

کۆچی کۆچی کرد بۆ مەدینە، ساڵی دووی کۆچی لە جەنگی بەدردا بەشدار بوو، ساڵی سێی کۆچی لە جەنگی ئوحددا بەشدار بوو، ساڵی شەشی کۆچی سەرکردایەتی سریەی زی قیسەی کرد[587]، ساڵی هەشتی کۆچی بەشداری جەنگی زات سەلاسیلی کرد، دوای گرتنی قودس کە خەلیفە عومەرچوو بۆ شام هەموو سەرکردەکان هاتنە پێشوازی، عومەر فەرموی کوا براکەم وتیان مەبەستت کێیە.؟ فەرموی: ئەبوعوبەیدە، وتیان ئێستە دێت، کەهات بەسەر حوشترێکی بێکورتان تەنها گوریسێکی پێوەبوو، سڵاوی کرد عومەر بە خەڵکی وت:لامان لاچن. وتی: بابچین بو ماڵی خۆتان، ئەبو عوبەیدە وتی ماڵی منت بۆ چیە یان دەتەوێت بەسەیری ماڵی من چاوت بگوشیت.؟ کە عومەر چوە ژورەوە هیچی نەدی جگە شمشێرو قەڵغان و لبادێك وقاپێکیشکاو، وتی کوا کەلوپەل وخواردنت؟ چوو زەمیلەیەکی هێنا چەند لەتە نانێکی تیا بوو، عومەر گریا، ئەبو عوبەیدە وتی: نەمگوت هاتوی بە ماڵی من چاوت بگوشیت، هەر ئەوەندەمان زاد دەویٚ تا دەمان گەیەنێتە مەنزڵ، عومەر فەرموی: دنیا هەمومانی گۆڕی جگە تۆ[588]، کاتی خۆی خەڵکی نەجران داوایان لە پێغەمبەر کرد کەسێکیان بۆ بنێرێت فێری ئیسلامیان بکات، ئەویش فەرموی کەسێکی بەهێزتان بۆدەنێرم، ئەبوعوبەیدەی بۆ ناردن و، فەرموی (لکل امە امین وامین امتیابو عبیدە)، پاشتر خەڵکی یەمەنیش داوای شتێکی وایان کرد، هەر ئەبوعوبەیدەی بۆناردن[589]، مەعازی کوڕی جەبەل دەیگوت: ئەبو عوبەیدە چاکترین خەلقی خوایە لەسەر زەوی دا[590]، کە پێغەمبەر وەفاتی کرد خەڵکی هاتن بەیعەت بەو بدەن، ئەبوعوبەیدە وتی بەیعەت دەدەنە من کە(ثالث الثلاثة) تان تیایە مەبەستی ئەبوبەکر بوو لە ئایەتی (لاتحزن ان اللە معنا)، پاش ئەویش بەیعەتی دا بە عومەر، عومەر کردیە سەرکردەی سوپای شام لەجێی خالید، جەنگی دیمەشق وفحل ومروجی رومی کرد، ئەنتاکیاو لازقیەو شارەکانی کەنار دەریای گرت و هەموو شامی لەدەست رۆم رزگارکرد، ساڵی 18ی کۆچی نەخۆشی تاعون لە شام بلأوبویەوە 15 هەزار لەسەربازی ئیسلامی کوشت، هەر لە بنەماڵەی خالیدی کوڕی ولید 40 کەس ولەبنەماڵەی حارسی کوڕی هیشام 70 کەسی کوشت، لەسەرکردەکان مەعازی کوڕی جەبەل ویەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان وسەهل کوڕی عەمر وشەرحەبیل کوڕی حەسەنەو زۆری تری کوشت، خەلیفە عومەر ویستی بەجۆرێك ئەبوعوبەیدە بانگ بکاتەوە وتوشی ئەو پەتا نەگرسە نەبێت، نامەیەکی بۆ نارد بەم جۆرە: (سەلامت لێبێت کارێکی تۆیان پیٚ گوتوم، دەمەویٚ بەدەمی خۆت بدوێنم، ویستم بێمە لات، بەلأم هەر کەنامەکەت خوێندەوە، دایمەنیٚ هەتا دەگەیتە لام..) بەلأم ئەبوعوبەیدە تێگەیشتبوو عومەر چی دەوێت، هەر بۆیە نامەیەکی بۆ نوسیەوە:(لەئیشەکەت بەمن حاڵی بوم، من لە گەڵ سەربازەکانی خۆمدام، دەرونم حەزناکات لێیان جوێببمەوە، وازم لێبێنە بالایان بمێنمەوە..) ئەبوعوبەیدە لەویٚ بەو نەخۆشیە لەتەمەنی 58 سالیدا لە فەحلی عەمواس لەئەردەن مرد، لە گۆڕستانی بیسان ئەسپەردە کرا[591].

عومەر هەمیشە دەیگوت:خۆزگە پڕ ژورێك پیاوی وەك ئەبوعوبەیدەم دەبوو، گەر بمایە لە جێی خۆم دام دەنا، گەر پرسیارم لیٚبکرایە بۆچی؟ دەمگوت ،ئەمینی خواو پێغەمبەرم داناوە. ئەبو عوبەیدە دەیگوت خۆزگە مەڕێك بومایە و خزمان سەریان بریمایە، گۆشتەکەیان بخواردمایەو جگەرەکەیان سورکردمایەتەوە[592]. ئەوەبوو کورتەی ژیانی ئەبوعوبەیدە، بریامەرقەدی ئەو کەسایەتیە مەزنە بەهەڵوێست وپاك وخۆنەویستە لە خاکی

---

587 الاصابة فی تمیز الصحابة، احمد بن علی العسقلانی، ج4ص11 مطبعة دار السعادة، مصر 132 ە.

588 (اسد الغابة، ابن اثیر، ج3 ص86 المطبعة الاسلامیة بطهران 1377 ە).

589 (الاستیعاب ـ ج2 ص793).

590 (ابو عبیدة بن الجراح ص7).

591 (الیرموك وتحریر الشام، اللواْ الركن شاكر محمود، ط 1 ص206 السنة 1986 بغداد).

592 (ابو عبیدة بن الجراح ، مشاهیر قادة الاسلام ، بسام العلی، دار النفائس، الطبعة الرابعة ، بیروت،1982).

کوردان دا بوایە، هەتا چیرۆك وداستان و ڕەوشتە جوانەکانی لە یادی خەڵکی کوردستاندا، لە باس وخواس وگێڕانەوەیاندا بوایە، بەڵام سەد مەخابن..

4ـ ئەبو عبید کوڕی مەسعود کوڕی عەمر کوڕی عومێر کوڕی عەوفی سەقەفی ئەنساری[593]، ئەم سەرکردەیە لە کتێبی ئەسحابەکاندا بە سەحابی تەواو نەهاتوە، بەڵکو لە ناو منداڵەکاندا ناوی هەیە، لە سەردەمی پێغەمبەرو ئەبوبەکردا ناوی نیە، چونکە درەنگ موسوڵمان بوو، ئەو کاتەی کە پێغەمبەر لە دوا غەزایدا لە تەبوك دەگەڕایەوە بۆ مەدینە، لە مانگی ڕەمەزان لەساڵی نۆی کۆچی، لەوکاتەدا وەفدێك لەخێڵی سەقیف هاتن موسوڵمان بونی خۆیان ڕاگەیاند[594]، شەرەفی سەحابی بەرکەوت بەڵام شەرەفی جیهادی بەرنەکەوت چونکە دوای تەبوك موسوڵمان بوو، وەتەبوك دوا غەزای پێغەمبەر بوو[595]، بەڵام کەموسەننا پەلاماری فارسەکان دەداو، لە بابلەوە هەتا مەدائن ڕاویان دەنیٚ، لە داخدا شهریار پاشای ئەوکاتەی فارس سەکتە دەکاو دەمرێت، ناکۆکی دەکەوێتەوە ناو سەرکردایەتی فارس، موسەننا دەیەوێت سود لەو هەلە وەربگرێت، داوا لە ئەبوبەکر دەکات بۆ یارمەتی، بەڵام ئەبوبەکر دەمرێت، عومەر دەبێتە خەلیفە، موسەننا دەگاتە مەدینە وداوای سوپا دەکات، ئەو کاتە ئەرمیدخت کچی کیسرا دەبێتە پاشای فارس و، سابوری پادشای پێش خۆی دەکوژێت، فارسەکان هەندیٚ شوێن لە باشوری عیراق دەگرن، لە بەر ئەوە سەربازە موسوڵمانەکان حەزناکەن بچن بۆشەڕی فارس و، بەتایبەت تر کەخالید لەویٚ نەماوە، خەلیفە عومەر موسوڵمانان کۆدەکاتەوە، هەرچی داوا دەکات نایەن بە دەمیەوە، بڕیار دەدات هەرکەس زوو وەڵام بداتەوە، دەیکاتە سەرکردەی سوپای عێراق، لەوێدا ئەبوعوبێد کوڕی مەسعودی سەقەفی، کە کوڕێکی گەنجی ئازاو دیار بوو خۆی ناونووس کرد، عومەر پەیمانی بردە سەر، لە گەڵیدا هەزار کەسی نارد بۆ عیراق، بە ئەبوعوبیدەی وت: گویٚ لە هاوڕێکانی پێغەمبەر بگرە، لەجەنگ وڕاگۆڕینەوەدا مشاوەرەو بەشداریان پیٚ بکە..هەتا لێت ڕون نەبێتەوە لەخۆتەوەخێرا بڕیار نەدەیت، ئەمە جەنگەو جەنگیش بۆ کەس باش نیە، بۆ یەکێك نەبێت کە لە بۆسەدابێت بۆ هەل وفرسەت قۆسینەوە، لە پەلەکردن لە جەنگ دا لە ناوچون نێزیکە. عومەر ڕەشبگیری ڕاگەیاند، ئەبوعوبیدەی کردە سەرکردەی سوپای عێراق و، موسەنناش فەرماندەیەکی بوو، ئەبوعوبێدە لەجەنگی ئەلنەماریق نزیك کوفەو جەنگی سقاتیە نزیك شاری واست سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا[596]، لەو کاتەدا بوران کچی کیسرا بوە پاشای فارس، ڕۆستەم وەزیری بەرگری فارس سوپایەکی بۆ جالینۆس ئامادە کردو، بەرەو خواروی عێراق ناردی، فیلێکی زۆری لەگەڵ نارد، هەردوو سوپا لە خواروی حیرەوە بەرامبەر یەکتر وەستان، تەنها ئاوی فورات لە نێوانیاندا بوو، فارسەکان نامەیان نارد: بێینە ئەوبەر یان دێنە ئەمبەر..سەرکردە موسوڵمانەکان وتیان بائەوان بپەڕنەوە، بەڵام ئەبو عوبیدە ڕازی نەبوو، گوێی لە ڕای سەحابەکان نەگرت، بەگوێی عومەری نەکرد، کە وتبووی: بەپرس و ڕا کاربکە، وتی: ئێوە لە مردن دەترسن، کەس لەئێمە ئازاتر نیە بۆ مردن، پردێکیان دروست کرد وهەمویان پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، جەنگێکی قورس ڕوی دا سوارەکانی موسوڵمانان جەنگێکی ئازایانەیان کرد، بەڵام فیلەکان ترسناك بون و لەبەریان هەڵدەهاتن، فیلەکان دریان بە سوپای ئیسلامی داو هەرایان پیٚکردن، ئەبو عوبید هاواری کرد پەلاماری فیلەکان بدەن و، پاڵۆدەسرازەکانیان بپچڕن، فارسەکان بەسەر فیلەکانەوە سەنگەریان بەستبوو، تیریان لێوە هەڵدەدایە خوارەوە، ئەبوعوبێد پەلاماری فیلێکی داو بەشمشێر شفرەکەی قرتاندو پاڵوەکەی پچڕاند، سەنگەرەکان کەوتنە خوارەوە، بەڵام لەجاریٚ تردا، ئەبوعبیدی سەقەفی بوو بەژێر فیلێکەوەو پلیشایەوەو مرد، یەك لەدوای یەك نۆ

593 (الاصابة، ج4ص131).

594 (عيون الاثر، ابن سيد الناس، ج2 ص228، قاهرة 1356ه)(طبقات الكبرى، ابن سعد، ج1ص316، بيروت 1376ه.

595 (التاريخ الطبرى، الامام الطبرى، ج2ص404).

596 (قادة فتح العراق والجزيرة، اللوا الركن محمود شيت خطاب ص243، دارالفتح بيروت 1965م).

سەرکردەی سەقەفی شەهید بوون، هەتاگەیشتە سەرەی موسەننا، خەریك بووبیان پەڕێنێتەوە، بەڵام سەحابەیەك کەبینی هەموو سەرکردەکان شەهید بون، پەلاماری پردەکەی داو پچڕاندی و، وتی ئێوەش بکوژرێن لەپێناو ئەوەی ئەوانی لە پێناودا کوژران، بارەکە زۆر خراپ بوو زۆریان خۆیان هەڵدایە ناوئاوی فورات، موسەننا هاواری کرد ودەیپاراستن دەیگوت: مەترسن و پەلەمەکەن، پردێکی هەروای بۆکردن و پەڕاندنیەوە. لەو جەنگەدا چوار هەزار موسوڵمان شەهید بوون، فارسەکان ویستیان بیپەڕنەوە بۆیان، بەڵام ناکۆکی ناو مەدائنی پایتەخت وشۆڕش لە دژی ڕۆستەم نەیهێشت. خەلیفە عومەر نەیپێکا لەوەی کە هەربەوەندەی ئەبوعوبێدی هەڵبژاد، کە یەکەم کەس بووهاتە دەرەوەو ئامادەیی نیشاندا بۆ جەنگ، بەڵێ ئازابوو، بەڵام بەوە ئازانەبوو کە گوێی بە فەرمانی خەلیفە نەدا کە داوای لێکرد بە پرس وڕای سەحابەکان کار بکات..هەروەها عەبدوڵا بە پچڕانی پردەکە پەنێکی خراپی پیادان، هەڵەیەکی سەربازی گەورەی کرد نەخشەی موسەننای تێکدا، هەرچەند نمونەیەکی بەرزی فیداکاری تیا بوو.. خەلیفە عومەر بیستی دڵی تەنگ بوو، فەرموی: ڕەحمەت لە ئەبوعوبێد، ئەگەر خۆی بگرتایەو گوێی بۆ ئێمە شل بکردایە..لەجێیەکی تردا دەڵێ:خوایە من پاڵپشتی هەموو موسوڵمانێکم، هەمویان لەکۆمەڵی منن، خوا ڕەحم بە ئەبو عوبێد بکات، ئەگەر گوێی بۆ شل بکردمایە، دەبومە پشتگیری ئەویش..دواتر لە جەنگی قادسیەدا قەعقاع هاواری دەکرد: وەرن تۆڵەی ئەبو عبێدەو جەنگی سەلیت وسەحابەکانی جەنگی جسر بکەنەوە [597]، برۆکلمان دەڵێت: عومەر بە سەرکردایەتی ئەبوعبیدی سەقەفی یارمەتی نارد بۆ عێراق دژی فارس و لە نزیك قەوسی ناتف نزیك حیرە گەیشتن بەیەك لەوێدا ئەبوعبید لە فورات پەڕیەوە بەسەر پردێك کە لە بەلەم دروست کرابوو، شەڕ قەوما و موسوڵمانان شکان و ئەبوعبیدە کوژرا) ئەوەتە یەك وشە ناوی سەلمان پاکی نەبردوە [598]. ئەمەڕاستی ڕوداوەکەیە بەڵام هەفتەنامەی (ئیتیحاد) بە هەڵە باسێکی کارڵ بروکلمانی هیناوە کە کارڵ لە هیچ جێیەکدا شتی وای نەوتوە، ئیتیحاد دەڵێ (اما المستشرق الالمانی کارل بروکلمان فیقول فی کتابە ـتاریخ الشعوب الاسلامیة ـ:قتل القائد الاسلامی ابو عبیدة الثقفی فی منطقة سلمان باك الحالیة) [599]، برۆکلمان نوسینی وای نیە.. لە باسی ئەبوعوبێدی سەقەفی لە جێیەکدا زیادەیە هەیە: (عبر الفرات الی نهروان فقطعوا الجسر خلفە فقتل) [600]، ڕەنگە باسەکەی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان لەم حاشیەدا بوبێت، پێم سەیرە نەهرەوان ناوچەی بەعقوبە دەگرێتەوە، چونکە جەنگی جسر لە خوار شاری کوفە لە باشوری عێراقە ڕوی داوە، یان ڕەنگە لەوێش نەهرەوان هەبێت چونکە ناوچەکە یەك پارچە زەلکاوو لقە ڕوبارە..

5ـ ئەبو عبیدە کوڕی عەبدوڵا کوڕی مەسعودی هەزلی، ئەم کەسە شەوی جەنگی دوجەیل [601]، شەهید بون پێکەوە لەگەڵ ئیبن ئەشعەس وعەبدوڵلا کوڕی شەداد کوڕی هادی لیسی کە کوڕی خاڵی خالیدی کوڕی وەلید بوو [602]. لەدوجەیلی نزیك شاری کوت شەهید بوە [603].

597 قادة فتح العراق والجزیرة، ص246.

598 تاریخ الشعوب الاسلامیة کارل بروکلمان.ترجمة نبیە ئەمین و منیر بعلبکیت7 دار العلم للملاین بیروت 1977ص96.

599 اسبوعیة (الاتحاد)العدد 452 المؤرخ 21ـ12ـ2001 لا16.

600 بڕوانە (الاستعاب) لە حاشیەی (الاصابة ج4 ص134).

601 لقە ڕوبارێکی بچوکە لەڕوباری دیجلە دەبێتەوە لە باشوری شاری کوت.

602 (سیر اعلام النبلاء، للزهبیج4ص313)و (تقریب التهزیب، لابن الحجر ج2ص448) وە بڕوانە (شذرات الذهب فی اخبار من ذهب، لابن العمد الامام شهاب الدین ابی الفلاح عبد الحی بن احمد بن محمد العکری الحنبلی الدمشقی، اشرف علی تحقیقەو خرج لحادیثة عبدالقادر الارناؤوط، حققة وعلق علیة محمود الارناؤوط، ج1 ص333 ت1دار ابن کثیر دمشق بیروت 1986.

603 وەلە شارەزوریش نزیك هەڵەبجەو عەبابەیلێ ناحیەیەك هەیە ناوی دوجەیلەیەو (سیروان) یشی پێ دەڵێن، بەڵام ناوی لەهیچ کتێبێکا نەهاتوەو، نازانرێ ناوی لە چیەوە هاتوە، جگە لەوە لەشانی عەبابەیلێ شدا دێیەك هەیە ناوی جلیلەیەو نازانرێ ناوی ئەویش لە چیەوە هاتوەو ناوی لە هیچ کتێبێکی معجم البلدان و اسماء المدن دا نەهاتوە، کەواتە دوجەیلەو جلیلەی شارەزور دوو ناوی نوێن وشوێنی تازە دروست بون.

6- ئەبو عبێدەی مەولای ئەبی ڕاشدی ئەزدی. .ژیان ومردنی دیارنیە[604] .
7- ئەبو عبێدەی دئلی.. ژیان ومردنی دیار نیە[605] .

بەم جۆرە ڕون بویەوە کە لە سەحابەکان کەسێك بە ناوی ئەبوعوبەیدە نەهاتوەتە کوردستان و شەهید نەبوە، ئەوەش کە لە دێی عەبابەیلێ وشوێنی ترە، یان ەبێت کەسێك بێت لە سەردەمی ئەمەوی وعەباسیدا کوژرابێت لە شەڕی هەڵگەڕاوەو خەواریجەکان کە هەمیشە کە شکستیان دەخوارد، پەنایان دەبردە بەرکوردستان، کوردیش هەر لە خۆوەو بێئەوەی قازانجێك بکەن پەنایان دەدان وشەڕیان دەئالأندە ماڵی خۆیان، من لەو بڕوایەدام زۆربەی گۆڕەکانی کوردستان بەم جۆرەیە، کە پێش کوژرانیان خۆیان بە نەوەی پێغەمبەرو ئیمام عەلی نیشان داوە، کوردیش عاتیفانە پشتیان گرتون.یان گۆڕی زانایانی زەردەشتین ولە ترسی لەناوچون ولەبیرچون هەوادارانیان ناویان گۆڕیون وکردونیان بە سەحابەو ناویان ناون بە ناوی گەورەو سەرکردەی ئیسلامی.

گۆڕی ئەسحابە درێژ لە دێی دێلێژە لە شارەزوور

نێزیك بە کونە کۆتر، لەسەر ڕێگەی دێلێژە لە قەرە داغ، گۆڕێکی چواردە مەتری هەیە بە ناوی ئەسحابە درێژ، چومە سەر گۆڕەکە وبە مەتر پێوام، هەر لە دێر زەمانەوە بەوەناسراوە کە گۆڕی سەعدەو، لە سەر گۆڕەکەش بە عەرەبی نوسراوە (ئەمە گۆڕی تێکۆشەری ڕێی خوا سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسە کە لە ساڵی 50 کۆچی شەهید بووە)، لە بەر ئەوەی ناوەکەی ئاشکرایە، ئاسانە بەدواداچوون لە ژیانی بکرێت، بە تایبەت کە سەرچاوەکان پشتگیری شەهید بونی ناکەن لە کوردستاندا.

ژیاننامەی سەعد

دوای شەڕێکی سەخت لە سەر کورسی لە نێوان پاشایانی مەدائندا، یەزگورد کرایە پاشای فارس، یەکەم کاری ئەوەبوو، سوپایەکی زۆری کۆکردەوە بۆ سەندنەوەی باشوری عێراق لە موسوڵمانەکان، ڕۆستەمی کردە سەرکردەی سوپاکەی وە ڕەوانەی باشوری عێراقی کرد، لەو کاتەدا موسەننا سەرکردەی سوپای ئیسلامی بوو لە عێراق، بەلأم بریندارو نەخۆش بوو، لەبەر ئەوە خەلیفە عومەر، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، خاڵی پێغەمبەری کردە سەرکردە لە جێی موسەنناو، بەسوپایەکی زۆرەوە ڕەوانەی عێراقی کرد، موسەننا کۆمەڵێك وەسیەتی بۆ سەعد نوسی، پێش گەیشتنی سەعد موسەننا مرد، ساڵی 15ی کۆچی جەنگی قادسیە ڕوی داو ڕۆستەم کوژراو فارس شکا[606] . پاشان سوپای سەعد پەلاماری مەدائنی پایتەختی ساسانیەکانیدا لە ڕۆژئاوای دجلەوە لە سەر ڕوباری شیر نزیك مەدائن[607] ، یەزدگوردی پاشا هەڵهات ومەدائن گیرا، ئەمە لە مانگی سەفەر ساڵی 16ی کۆچی بەرامبەر ئازاری 637ی زایینیبوو، دوای ئەوە سەعد هێرشی کردە سەر جەلەولا وخانەقین وحەلوان _ لە خاکی کوردستان و _ لە فارسەکانی سەندەوەو لەوێش یەزگورد هەڵهات[608] ، فەتحی جەلەولا لە زیلقەعدەی ساڵی 16ك بوو، لە نێوان ئەوو مەدائن دا 9مانگ بوو[609] ، عومەر ڕازی نەبوو زیاد لەوە سوپای ئیسلامی بچێتە ناو جەرگەی ولأتی عەجەمەوە، هەر بۆیە داوای لە سەعد کرد لەوە زیاتر نەڕوات و، فەرموی شارێك دروست بکە لە ڕۆژئاوای

---

604 الاصابة فی تمیز الصحابة، احمد بن علی العسقلانی، ج4ص11 مطبعة دار السعادة، مصر، 1323.

605 (الاستیعاب _ج2 ص793).

606 تاریخ ابی الفداء المسمی المختصر فی اخبار البشر. الملك المؤید عماد الدین ابی الفداء.المتوفی سنة 732هج1ص224دار الکتب العلمیة بیروت 1997 محققة.

607 الکامل فی التاریخ. ابن اثیر البوتانی الکردی ج4 ص356.بیروت.

608 تاریخ ابن الوردی. زین الدین عمر بن مظفر الشهیر بابن الوردی. توفی سنة 749ه ج1ص138ـ140.

609 تجارب الامم ابو علی مسکویة الرازی ج1ص215ـ226 دار سروش للطباعة والنشر طهران 1987ط1.

فوراتەوە، با لەنێوان من وئێوەدا ڕووبار نەبێت، من حەزناکەم سوپامان لەوە زیاتر بڕوات[610]، سەعد بەڕاوێژی فەرماندەکانی ساڵی 17ك نەخشەی کوفەیان داڕێژا، ناوچەی کوفەیان هەڵبژارد وکردیانە شارو بنکەی سەربازی ومەڵبەندی ویلایەتی عێراق، خانویەکیان بۆ سەعد دروست کرد لە دار دەرگایەکی لە سەر مزگەوت ودەرگاکەی تری لە سەر بازاڕبوو[611]، پاشان خەڵکی عێراق ئاژاوەیەك بۆ سەعد دەتەنن، ئەوە یەکەم فیتنەی ناوخۆ دەبێت لە مێژووی ئیسلامدا، خەلیفە عومەر ناچار دەکەن بانگی کاتەوە بۆ شاری مەدینە، دەیکاتە ئەندامی ئەهلی حەل وعەقد، بۆ مشوەرەت وپرس ورا لە پێشهاتە گرنگەکاندا، لەڕیزی عوسمان وعەلی وتەلحەو زوبەیرو عەبدوڵای کوڕی عومەردا، عومەر حەزی نەدەکرد گەورەکان وهاوڕێ زۆر نێزیکەکانی پیغەمبەرلە مەدینە وپایتەختی ئیسلامی دور بکەونەوە، لەو کاتەدا فارسەکان لەشاری نەهاوەند کۆبوبونەوە بۆ هێرش هینانە سەر مەدائن، کاتەکە ناجۆر بو، بەلاّم عومەرلە جێگەی سەعد، نیعمانی کوڕی موزنی کردە سەرکردەو ناردی بۆ نەهاوەند، فارسەکانیان شکاند، کە خەلیفە عومەر لە مەدینە شەهید دەبێت، عوسمان دەکرێتە خەلیفە، عوسمان ناچارە سەعد بنێرێتەوە بۆ سەرکردایەتی عێراق، چونکە لە کاروباری ناوچەکە شارەزایە، دوبارە فیتنەچیان لە عێراق بوختان بۆ سەعد دەنێنەوە وجارێ تر بانگی دەکەنەوە بۆ مەدینە، بەلاّم عوسمان ناچار جارێتر دەینێرێتەوە بۆ عێراق بۆ بەرنگاری یەزدگورد کە هەر وازی نەدەهێنا، بەلاّم خەلیفە عوسمان بەو فیتنەیەی کە لە عێراقیدا سەرچاوەی گرتبوو لە مەدینە شەهید دەبێت، ئیمامی عەلی دەکرێتە خەلیفەی موسوڵمانان، عەلی عەزم جەزم دەکات کە تۆڵە لە بکوژانی خەلیفە عوسمان بکاتەوە، دەچێتە عێراق و تیانیشتەجێ دەبێت، ئاژاوەو هەراو کوشتارێکی زۆر لە نێوان موسوڵمانەکاندا ڕودەدات، هەر دوای شەهید بونی خەلیفە عوسمان، سەعد خۆی لە فیتنە دەشارێتەوە، دەچێت لەشاری ئیبلە نیشتەجێ دەبێت، بەپێی ئەو فەرمودەی کەدەفەرموێ(ان تکون الفتنه، خیر الناس فیها الخفی التقی)، پاشتر دەچێت بۆ دێی عقیق لە 10 میل دوری شاری مەدینەوە، لەو کاتەدا تەمەنی گەیشتبوە هەشتا ساڵەو، هەتا شەهید بونی ئیمامی عەلیش دە مێنێ، سەعد بەرگە جەنگیە خوێناویەکەی سەردەمی جیهادی شاردبویەوەو هەر مابوی، وەسیەتی بۆ کوڕەکانی کردبوو کە ئەگەر مرد ئەو بەرگە خوێناویە بکەنە کفن، سەعد لە عقیق مرد[612]، کوڕەکانی هێنایانەوە بۆ مەدینەو لە مزگەوتی پێغەمبەر- درودی خوای لەسەربێت - نوێژیان لە سەر کرد، خێزانەکانی پێغەمبەریش نوێژیان لە سەر کرد و، پاشان بردیان بۆ گۆڕستانی بەقیع لەشاری مەدینە لەناو هاوڕێکانیدا بەخاکیان سپارد[613]، سەعد دوا ئەندامی شورا بو کە وەفاتی کرد.

ئەمە جیهادو ژیانی سەعد بوو لە عێراق و پاشان گەڕایەوە بۆمەدینەو لەوێ مرد[614]، هەموو سەرچاوەکان لەدرێژەی ئەمە زیاتریان نەنوسیوە، ئیمە دەبێت ڕاستیەکانی مێژوو بنوسین، پێم سەیرە کە گۆڕێکی چواردە مەتری لە کوردستاندا لە ناوچەی قەرەداغ، ناوی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی لە سەر نوسرابێت و، خەڵکی بەناوی ئەو سەحابە پیرۆزەو خاڵی پێغەمبەرمانەوە زیارەتی بکەن[615]. بریا ئەوە گۆڕی ئەو بوایەو، گۆڕی چەند کەس لەو کەسایەتیە مێژوییانە لەخاکی کورداندا هەبونایە، هەتا زۆرترمان لەسەر شارو شوێنەواری کوردیمان هەبایە، بەلاّم مەخابن! بەڵێ سەعد هەتا نزیك جەلەولاو حەلوان لە کوردستان دێت، ڕەنگە بە سوپاکەیەوە بەدوای

610 التارخ الطبری ج5ص247 الامام الطبری .بیروت.

611 تاریخ لبی محنف.لوط بن یحی بن سعیدالغامدی الازدی الکوفی. المتوفی سنة 156 ج 1ص57دار الرسول الکرم ط 1بیروت 1999محققة.

612 بطل الفدا والاخلاص سعد بن ابی وقاص.محمد عبد الجواد السکری.ص85ـــ127 الدار القومیة للطباعة والنشر 1964

613 رجال حول الرسول.خالد محمد خالد.ص125 دار الفکر.بیروت ,بغداد.مطبعة متین.1985.

614 تاریخ الیعقوبی,احمد بن ابی یعقوب ,تحقیق عبد الامیر مهنا,ج 2,ص31ــــ44 بیروت 1993 مؤسسة الاعلمی, الطبعة الاولی.

615 کوردستان وئاینی ئیسلام. مەلا رەئوف سلیم حۆێزی , لا77ـ 131 چاپخانەی جامعە 1970بەغدا.

فارسەکاندا هەتا نزیك قەرەداغ هاتبێ و ئەو جێیە لە دێلێژە جێنزرگەی ئەو بێت، لەوێ ماوەیەك هەڵی دابێت پاشتر گەڕابیتەوە بۆ کوفە، هەرچەند سەرچاوەکان ئەو باسەیان نەکردوە، لەلایەکی ترەوە گۆڕێکی چوارده مەتری لە مەزەنەی عەقڵدا نیە، چونکە ئەوانیش مرۆڤێك بون لە بالأو لەش ولاردا لە مرۆڤی ئەمڕۆ گەورەتر نەبون، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە ئاینەکانی پێش ئیسلامی کوردەوە هەبێت، لە ترسی لە ناوچون لەژێر ئەو پەردەیەدا شاردبێتیانەوە، بە تایبەت گۆڕی زانایان وپیرانی زەردەشتی هەمیشە لە شوێنی بەرزو پەنا دابوە وەك پیرە مەگرون وپیر ئیلیاس وباوە نەوەزو پیری شەوکێڵ وپیر شالیارو زۆری تر.

گۆڕی ئەسحابە عەبدوڵا (عەبدوڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری) لە گوندی سەرچیا لە ڕانیە

نامەیەکم بۆ هاتوەپوختەکەی دەڵێ (لە بەرامبەر قەڵادزە چیایەکی گەورەو بێرەزا هەیەپیێ دەڵێن ئاسۆس، گوندێکی لە سەرە بەناوی (سەرچیا) قەبرێکی لێیە بەناوی (ئەسحابەعەبدوڵا) بەبێ خیلاف ئیجماعی لەسەرە کە ئەمە هاوڕێی پێغەمبەرە (سەحابیە) ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبوئەیوبی ئەنساریە، لە جەنگێکدا شەهید بوە لەسەر ئاوەکە، کە گۆڕەکەشی هەر لەوێدایە، ساڵانە دەیان کەس زیارەتی دەکەن و، خێرو مەولودی بۆ دەکەن، بە تایبەت ژنان داوای منداڵبونی لێدەکەن، زیاتر لە هەزار داری قەزوانی پیری هەیە، کەس ناوێرێ بە وشکیش بیان بڕێ، دەڵێن تەمەنیان سەدان ساڵ دەبێت، ساڵانە هەزاران دیناری قەزوان وبنێشتی لێ بەرهەم دەهێنرێت، هەر لەو ناوەدا، لە سەرشوێن ولوتکەبەرزەکان ڕەبایەی گەورە هەیە پێی دەڵێن (قۆنگر)، بە بەردی گەورە دروست کراوە، زۆریان قورسیان چەندین تەن دەبن، خەڵکی دەڵێن ئەمە سەنگەری سەردەمی کافرو موسوڵمانانە، ئەو ناوە هەتا ئیستەش سەیارەی بۆ ناچێت)[616].

بە پێی هەندێ سەرچاوەی لاواز باسی کوژرانی سێ عەبدوڵا لە دەوروبەری هەمان شوێندا کە نامەکە ناوی دەبات هاتوە، کە ئەمانەن:ــ عەبدوڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری، عەبدوڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵای کوڕی جەندەل.

عەبدوڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری

نووسەری نامەکە دەڵێ: خەڵکی ناوچەکە بێ خیلاف وبە ئجماع دەڵێن وگومانیان وایە کە سەحابەیەو ناوی ئەسحابە عەبدوڵایەو گۆڕی عەبدوڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساریەو لە شەڕی کافرو موسوڵماناندا لەناوچوە.

لە کتێبی (الاصابە ی ابن حجر العسقلانی بەرگی دووەم و سێیەم) تەنها 743 ناوی عەبدوڵای تیایە، زۆر هەوڵمدا ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبوئەیوبی ئەنساری تیا نەبوو، کە ئەبو ئەیوب ناوی خالد کوڕی زەید کوڕی کلیب لەبەنی نەجارە، لەقەبی ئەبو ئەیوبە نیسبەتی بۆ ئەنسار دەگەڕێتەوە، لە سەحابە بەرزەکانە[617]، پێغەمبەرـ درودی خوای لە سەر بێت ـ کە کۆچیکرد بۆ مەدینە، ماڵی ئەوی بۆ هەڵبژێررا تیا نیشتەجێ ببێت، حەوت مانگ تیا مایەوە، جارێك پێغەمبەر ئەبوبەکرو عومەری برد بۆ ماڵی ئەبوئەیوب لەبێستان تا برسێتیان بشکێ، لە

[616] ئەمە تەواوی وتەی مافناس عەباس هەمزە خدرە، وردە کارانە باس وخواسی مەرقەدو شوێنەکەی کردوە، وەك کەسێك خۆی لەوێبێت ..لە ژمارە 359 ی ڕۆژنامەی یەکگرتودا، لە بابەتی (ئەسحابە درۆ دەبێ کێیت؟) دا، داوام کردبوو، هەر کەس گۆڕی ئەسحابەیەك شك دەبات لە سەر خاکی کوردستان، با ناوو باس و شوێنی جوگرافیەی دیاری بکات و، ڕەوانەی ڕۆژنامەی یەکگرتوی بکات، هەتا من لە باتیان بەدوای ژیان و گوزەران و مردنیاندا بگەڕێم و، ڕوداوەکانی کوردستان بزانین ..یەکەم کەس کە هات بەدەم داواکەمەوە، مافپەروەرعەباس هەمزە خدربوو، خوا پاداشتی بداتەوە.

[617] (الاصابة فی تمیز الصحابة.ابن حجر العسقلانی. ج1، 3دار احیا التراث العربي بیروت ط 1/ 1348هـ).

سەردەمی پێغەمبەرەوە تا سەردەمی معاویە بەردەوام لە غەزادابوە[618]، کە ئیمامی عەلی چوو بۆ عێراق لە جێی خۆی لەسەر مەدینە داینا، کە پاشان ئەبوئەیوب دایە پاڵیو چوو بۆلای، لە گەڵیدا جەنگی خەوارجی کرد[619]، دوا غەزای، کە معاویە سوپای کۆکردەوە بۆ گرتنی قوستەنتەنیە، ئەو کاتە ئەبو ئەیوب پیر بوو هەشتا ساڵ دەبوو نەخۆش کەوت، یەزیدی سەرکردەی هات وتی کارت هەیە؟ وتی سەلاُوم بگەیەنە بە سەربازان، وە کە مردم تا دواخاڵتان لە خاکی دوژمن بمبەن، لە ژێر پێی سەربازەکانتدا لە نزیك شورای قوستەنتنیەوە ئەسپەردەم بکەن، لە نێوان ساڵانی 50ـ51ـ52ی کۆچی مرد، وایان بۆ کرد کە وتی، باسی ئەبائەیوب زۆرە، هەر لە زادلمیعادا (16) جار باسی هاتوە[620]، ئایا ئەبا ئەیوب کوڕی هەیە ناوی عەبدولاَ بێت؟ وە لە سەردەمی خەلیفە عومەردا لە فەتحی کوردستاندا بەشدار بوبێ وشەهید بوبێت؟ ئەوە هەڵەیەکی مێژوییە، دوای گەڕانی زۆر، بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەبو ئەیوب کوڕی نیە ناوی عەبدولاَبێت، تەنها ئیبن سەعد کاتبی واقیدی دەڵێ: ئەبو ئەیوب کوڕێکی هەبو بەناوی عەبدولڕەحمان وەچەی نەماوە[621]، واتە ئەبوئەیوب تەنها کوڕێکی هەبوو ناوی عەبدولڕەحمان بووە نەك عەبدولاَ، وە لەناو سەحابەکاندا لەکونیەی ئەبو ئەیوبەکان وئەنسارەکان کەسیان کوڕیان بەناوی عەبدولاَ نیە ونەهاتوە..لەبەرگی دووەمی (الاصابەدا لە لاپەڕە (273ـ 386)ەوە لە ژمارە (4518ـ5062) دا ناوی (544) عەبدوڵلاَی تیایە، کە بە گەورەیی پێغەمبەریان دیتوە، جیهاد و غەزایان لەگەڵکردووە، بەلاَم ئەو ناوەیان تیانی‌یە، وە لەبەرگی سێیەمدا لەژمارە (6160ـ6197)دا ناوی(37) سەحابەی بردووە و وە لەژمارە (6296ـ6361) ناوی (65) عەبدوڵلاَی بردووە وە لەژمارە(6572ـ6669) ناوی(97) سەحابەی بردووە، بەهەموویەوەلە بەرگی سێیەمدا دەکاتە (199) سەحابە و بەوەی بەرگی دووەمەوە کە 544 سەحابەیە، هەمووی دەکاتە 743 دانە ناوی عەبدوڵلاَ سەحابی، بەلاَم لەهەر هەموویدا عەبدوڵلاَی کوری ئەبو ئەیوبی ئەنساری تیانی‌یە[622].

ناوی مەرقەدی ئەسحابە عەبدولاَ لەچیەوە هاتوە؟ لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو باسەی دروست کردوە ئەو دەست نوسە هەڵبەستراوە بوە کە حوێزی وپاشتر واعیزی لێیان وەرگرتوە و تەرجەمەیان کردوە بۆ کوردی وفارسی وپاشانیش ڕۆژبەیانی هەندێ شتی لەسەر وتوە، هەرسێکیان بە کورتە بەم جۆرەیان باس کردوە کە فەتحی شام وئەرمەن وموسڵ تەواو بوو، ئەبو عوبەیدە نامەی بۆ خەلیفە عومەر نوسی: ئایا بەرەو ڕۆژهەلاَت بچین یاخود بەرەو ڕۆژئاوا؟ عومەر وەلاَمی دایەوە، چوار هەزار سەرباز تەسلیم بە خالید بکە بەرەو قەومی کوردان بیان بات، ئیسلام بگەیەنێتە کێوەکانی کوردان، کات پایز بوو، ڕۆژی پێنج شەمە بیستی جیمادی یەکەم ساڵی بیستی کۆچی، ئەبو عوبەیدە لە گەڵ خالیددا سوپایەك وئەم سەرکردانەی نارد:فەزلی کوڕی عەباس وزوبێری کوڕی عەوام ومقدادی ئەسوەد وعەبدولاَی عومەرو عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکری سدیق وزراری ئەزوەر وئەبو دوجانەو عەبدولاَی کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری و گەلێکی تر، ڕۆیشتن تا گەیشتنە هەولێرو، فەتح کرا، لەوێوە عەبدولاَی جندلی بەرەو ئەرموتە نارد، بەلاَم عەبدولاَشەهید کرا[623]، پاشان خالید عەبدولاَی کوڕی عەمەری نارد بۆ شیدەر (پشدەر)، خالید خۆی و سەحابەکان کە عەبدولاَی ئەبو ئەیوبی لەگەڵ بوو، چون بۆ مەرجێن

---

618 (صور من حياة الصحابة، د.عبدالرحمن رافت الباشا.جزْ الاول.ص117_130 مطابع الوطن السعودية 1991ميلاد).

619 (الاصابة ج1ص405).

620 (زاد المعاد، ابن قيم الجوزية، مؤسسة الرسالة، ط13 ج3_4 بيروت 1986).

621 بڕوانە (ابن سعد کاتبی واقدی لە الطبقات الکبری دا ج3ص484).

622 الاصابة فی تميز الصحابة.ابن حجر، بەرگی دوەم لەلاپەڕە (273ـ 386)ەوە لەژمارە(4518ـ5062)دا ناوی(544) عەبدوڵلاَی تیایە، هەروەها بڕوانە بەرگی سێیەم ژمارە (6160ـ6197)ژمارە (6296ـ6361) ژمارە(6572ـ6669).

623 (کوردستان وئایینی ئیسلام، مەلا ڕەئوف سلیم حۆیزی، لا 77ـ 104چاپخانەی جامعە، 1970 بەغداد).

شیدەر (پشدەر)، خالید خۆی و سەحابەكان كە عەبدولاّی ئەبو ئەیوبی لەگەلّ بوو، چون بۆ مەرجێن (مەرگە)[624]، پاشان چونە سەر پاشای دوگمان، وە عەبدولاّو مقداد چونە سەر كێوی دەربەندی پشدەر و، مقدادو عەبدولاّحەملەیان برد، پاشان ئەسوەدو عەبدولاّ عومەرو عەبدولاّ ئەبو ئەیوب وزراری ئەزوەر ومقداد پەلاماری مەلیك فەروخیان داو كوشتیان، سوپای كورد شكا[625]، مالكی ئەشتەر زانی مەلیك فەروخ كوژراوە داوای یارمەتی لە كوردان كرد، پاشان منجوران پاشای سێویسنان كە سۆسەن پاشای ناوبوو، پاشای ڕەبت كەناوی قیروان بوو، پاشای پشتدەر و، پاشای دوگمان فەیروزی كوڕی نارد بۆ مەرگە[626]، بۆ تۆلّەی مەلیك فروخ، گەیشتنە دێی ئەزمرە (بردەشان)، كەخالید زانی لەشكری پاشای دوگمان كە 15هەزار كەسە بۆ تۆلّەی فروخ هاتوە ترسا، خالید وتی:یاڕەبی زەلیلی دەستی كوردانمان نەكەی. شەڕی بێوێنە قەوما پاشای ڕەبت ومجوران و فیروز كوژران سوپاكەیان هەلّهاتن، سوپای ئیسلام دوایان كەوتن، تا ئاوایی قرە بانە (قەرەتەپە)ڕاویان نان، دێیەكی باخات وئاوداربوو، گەورەی دێ ناوی قرەبابا بوو كوژرا، خالید وتی من شەڕی زۆرم كردوە، لەم قەومە ئازاد ترو حیلە بازترم نەدیوە، یاڕەبی دلّی ئەم قەومە یەك نەگرێ. پاشان هێرشیان كردە سەر دێیەك عەبدولاّی ئەبو ئەیوب كوژرا، خالید گریا چونكە لە گەورانی ئەنساری بوو، سەحابەكان غەمناك بون.)[627]

لە فتوح سواد عیراقی واعیزی دا بەفارسی دەلّێ: تیرێك هات دای لە سینەی عەبدولاّی ئەبوئەیوبی ئەنساری ومرد[628]، بڕوانە پەراوێز كە نادری كریمیان بەفارسی بۆی نوسیوە[629]، هەروەها بڕوانە ڕۆژبەیانی[630] ئەمانەی كەهێنامەوە هەموی هەلّبەسراوەو هیچ لەو سەحابانە لەژیانیاندا نەهاتونەتە كوردستان، دوژمنانی كورد ئەودرۆیانەیان هەلّبەستوە، بەلاّم نەیان زانیوە داوەكان چۆن بتەنن، كەوتونەتە هەلّەی مێژوویی زۆرەوە.

عەبدولاّی كوڕی عومەر

دوبارە ئەو سێ سەرچاوەیەی پێشوو هەلّبەستراوو درۆیان دروست كردوە كە زۆر لە باسی ئەو نامەیە دەچێت كە بۆم هاتووەو ناوچەكەشیان لێك نێزیكە، حوێزی دەلّێت :(دوای گرتنی سابلاّغ وئەسیر كردنی مەلیكە ئەرجانوس، چونە جەنگی خۆش قەدەم پاشای ڕەزائیەی ئەرمەنی لە ئازربایجان، ڕەزائیە گیراوخۆش قەدەم كوژرا و، پاشان خالید بۆ ولاّتی عەرەب گەڕایەوە لەڕێی بەدگومانەوە چون بۆ دێی ئیسماعیل قولی (سماقولّیان) نزیك كۆیە، خەلّكی ئیسماعیل قولی پەلاماری كاروانی سەحابەكانیان دا و زۆربەیان كوشتن، خالید وعەبدولاّی كوڕی عومەر بەرەو شام گەڕانەوە، لە نێوان موسلّ و هەولێر توشی چەمێك بون، پیرەژنێك لە سەر ئاوەكە بوو، وتیان چیدەكەیت؟ وتی من موسولّمانم ناتوانم بپەڕمەوە، هەرچی خالید وتی هەقت نەبێت، بەلاّم عبدولاّ كردیە كۆلّ وپەڕاندیەوە، لە ناوەڕاستی ئاوەكەدا پیرە ژن چەقۆیەكی دەرهێنا و دای لە سەردلّی عەبدولاّو كوشتی، خالیدیش پیرەژنەكەی كوشت، خالید زۆر گریا، هەرلەویا جەنازەی عەبدولاّی لە نێزیك ئاوەكە تەسلیم بە خاك كرد، ئێستاش مەرقەدی عەبدولاّ مەشهورە بە سولّتان عبدولاّی عەرەبی، خالید گەڕایەوە بۆ حومس)[631].

---

624 هەمان سەرچاوە، ل 94.

625 هەمان سەرچاوە ، ل100.

626 هەمان سەرچاوە، ل102.

627 هەمان سەرچاوە، ل104.

628 (فتوح سواد العراق، وەرگێڕانی بۆ فارسی استاد عبدالعزیز واعظی سردشتی لاپەڕە 207 چاپ اول 1374 تهران).

629 هەمان سەرچاوە، ل260.

630 ولاّتگێری ڕەشەخاكی عێراق، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (لاپەڕە 23)چاپی یەكەم سلیمانی 1997).

631 (كوردستان وئایینی ئیسلام، مەلا ڕەئوف سلیم حوێزی، چاپخانەی جامعە، 1970 بەغداد).

هەروەها واعیزی دەڵێ پیرەژن تۆزێکی ژەهراوی کرد بەلوتی عەبدوڵادا کە گەیشتە ئەو بەری ئاوەکە عەبدوڵا ڕەنگی زەرد بوو [632]، باسەکەی ڕۆژبەیانی و واعیزی لە گەڵ ئەوەی حوێزیدا کەمێك جیاوازی هەیە..

کوژرانی عەبدوڵای کوڕی عومەر لەو جێیەدا درۆیەکی ڕوت وشاخدارە، عەبدوڵا مردوە شەهید نەبوە، لە مەدینە ناشتویانە نەك لە قەرەچوغی کوردستان، ساڵی 64ی کۆچی نەك ساڵی 21ی کۆچی، لەسەردەمی ئەمەویەکاندا نەك لەسەردەمی عومەری باوکیدا، وەخەلیفە عومەر ساڵی 23ی کۆچی شەهید بوە، نەك ساڵی 21ی کۆچی وەك حوێزیو واعیزی وڕۆژبەیانی باسیان کردوە، لە بڕگەیەکی ئەو سێ نوسەرەدا ئەم هەموو هەڵەیەکرابێت، دیارە ئەمە نوسینی کەسێکی ساکارو سادەیە، یان هی کەسێکی زۆرزانەو، ویستویەتیبۆ ماوەی سەدەیەکیش بوە بەو درۆو دەلەسانە خەڵکی بخەڵەتێنێ.

بەڵام با ئێستە ڕاستی ژیانی عەبدوڵای کوڕی عومەر باس بکەین. سەرەتا ویستی لەجەنگی بەدرو ئوحوددا بەشداربێت، بەڵام منداڵ بوو نەیانهێشت، لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو، موفەسیرو فەقیهێکی گەورە بوو، یەکێك بوو لەشورای شەش نەفەرە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە، (2630)فەرمودەی گێڕاوەتەوە، لەکتێبەکەی حوێزی داو، ئەوەی واعیزی بە فارسی و ڕۆژبەیانیدا دەڵێن عەبدوڵا کوردستانی قڕکردو، ژن ومنداڵی کوشت وماڵیانی تالان کرد، ئەو وتانە هیچ سەرچاوەیەك پاڵپشتی ناكات، بۆ مردنیشی کە مەبەستەکەی ئێمەیە لە تەهزیبدا دەڵێ عەبدوڵا ساڵی 73ی کۆچی مرد [633]، ئیبن خەلەکان دەڵێت وەفاتی عەبدوڵا ساڵی 63ی کۆچی بوو، لە تەمەنی 84 ساڵیدا مرد [634]، ئیبن سعد دەڵێت وەفاتی عەبدوڵا ساڵی 64ی کۆچی بوو، دوا یاری پێغەمبەر بوو لە مەککە مرد ساڵی 73ی کۆچی [635]، لەمردنی دا لە نیوەدورگە خیلاف نیە، خیلاف لە ساڵی مردنیدا هەیە، وەسێتی کرد کە لە قەبرستانی (ئەلحەل) ئەسپەردەی بکەن، بەڵام نەیان توانی لەبەر شەڕی حەجاج، بەڵکو دفن کرا لە (زی تو ی) لە قەبرستانی موهاجرین! ! [636]

عەبدوڵای کوڕی ج ەندەل

باسی ئەمیش بەپێی وتە هەڵبەسراوەکەی حوێزی زۆر نێزیکە لە ناوچەی قەڵادزەوە، گوایە هەواڵەکەی لە واقیدی وەرگرتوە، بەڵام ناڵێت لە کوێ ولە چ سەرچاوەیەکی وەرگرتوە، دەڵێن: لە ئەرموتە کوژرا [637]، بەڵام هەموو سەرچاوەکان گەڕام، کەسێکی بەو ناوە تیا نەنووسراوە سەحابە بێت یان موجاهد بێت یان هاتبێتە کوردستان وعێراق، بەڵام لە (تەبەری)دا یەك جار ناوی هاتوە بە ناونیشانی ڕاوی، نەك سەرکردە یان سەرباز [638].

خۆزگە خەڵکی تریش قسەی هەبوایە وبەهەموومانەوە بگەشتینایەتە ڕاستیەك، کە سود بە مێژووی کوردی بگەیەنیت، باش بوو ئەگەر دەلیلێکی تر هەبیۆ لە سەرچاوەکاندابیۆ من پێم نەزانیبێ، دژی ڕاکەی منیش بێت هەرباشە بنووسرێت، یان ئاگادار بکرێمەوە..من هیچ مەبەستێکم لەم بابەتانە نیە، جگە گەڕان بەدوای ڕاستی هەواڵ و ڕوداوەکانی مێژوی کوردا، پڕ بەدڵ پێم خۆش دەبوو ئەگەر گۆڕی چەندین لەو سەحابا پیرۆزانە لە خاکی کورداندا هەبونایە، وەك دورین لە گۆڕی پێغەمبەرەوە، با گۆڕی چەند دانەیەك لە هاوڕێکانی ببوایە،

---

632 (فتوح سواد العراق، وەرگێڕانی بۆ فارسی استاد عبدالعزیز واعظی سردشتی لاپەڕە 207 چاپ اول 1374 تهران).

633 صاحب تهذیب الاسماء، ج1، ص278.

634 ابن خلكان، ج1، ص264. ئەو دەستنووسەی حوێزی ئەگەر لە سەردەمی ئیبن خەلەکاندا هەبووایە باسی دەکرد، کەواتە هەڵبەستراوە ناوچەی شەڕەکە نزیکی خەلەکانە .

635 (الطبقات الكبرى، ابن سعد ج4ص138).

636 بۆ زیاتر زانیاری ڕوانە ژیانی عەبدوڵاڵە باسی دواتردا .

637 ڕوانە (لاپەڕە 83) ی کوردستان و ئاینی ئیسلام ی حوێزی و، (لاپەڕە 156)ی واعزی لە فارسیەکەدا.

638 تأريخ الطبري، الامام الطبري، ج3، ص242.

چیرۆك و ڕوداوو ئەفسانەیان دنیای پڕبکردایە، لە تەبەری و ئیبن کەسیرو ئیبن ئەسیرو ئەو هەموو سەرچاوە عەرەبیانەی تر کە زۆری مێژووی کوردیمان لەوەوە دەست کەوتووە ناوی زیاتری کورد ببرایە، گەر گۆڕی دوو سەرکرەی ئیسلامی لەخاکی کوردا هەبوایە، ئەوا لە باسی ژیانی ئەو سەرکردەیە دا، ناوی کوردستان وشەڕەکان و تەرەفی شەڕکەر و، شوێنی شەڕەکە لەچەند شوێن وچەند سەرچاوەی جیاجیادا دەبراو دەوتراو دەوترایەوەو، ناوی کوردستان دەبراو لەو سەرەتای مێژوەوە لەو قۆناغە دورانەوە ڕوداوەکانی کوردستان باس وخواسی دەبوو، مێژوی کورد ی پێ دەوڵەمەند دەبوو، تێکەڵ بەباس و خواسی دراوسێکان دەبوین، پەیوەندی زیاترمان دەزانی، ناوی سەرکردە کوردیەکان وجۆری شەڕو چەك و وباری کۆمەڵایەتیمان و داب ونەرێتی پێشینانی خۆمان زۆرتر دەزانی، ئاسۆی مێژومان لە بەر چاو ڕوتر دەبوو. بەڵام مەخابن ئەگەر ئەو سەحابانە لە کوردستاندا بکوژرانایەو ئەو شەڕانە هەبووایەو ئەو باسەی حوێزی و ڕۆژبەیانی و دەستنووس هەبووایە، هەڵبەت لە کتێبخانەی ئیبن خەلەکاندا دەبوو ئەو باسی دەکرد، چونکە ناوچەی شەڕەکە لە خەلەکانەوە نزیك بوو. بەڵام دیارە دوای سەردەمی ئیبن خەلەکان هەڵبەستراوە.

گۆڕی عەبدوڵای کوڕی عومەر لە زۆرێگە

هیچ سەحابەیەك نیە هێندەی عەبدولاّی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب دەنگ وباسی لە هەڵبەستراوی لە خاکی کوردا هەبێت، هەر لە بەشداریەکانی جەنگ وجیهادو شەهید بونیەوە، کە دوو مەرقەدی لە کوردستاندا هەیە، هەتا دروست کردنی زیاتر لە دە مزگەوت بە ناوی ئەوەوە لە شارو دێهاتەکانی کوردوستاندا، دەڵێن گوایە عەبدولاّ خۆی دروستی کردون بە مەبەستی کۆبونەوەو نوێژکردن وفێرکردنی یاسا ئاینیەکان، یا پارەی ناردبێ وەك سەدەقەیەکی جاری بۆیان دروست کردبێ، یان ڕەنگە کوردەکان خۆیان لە خۆشی ئیمان وتەقواو نزیکی ئەوەوە لە خواوە دروستیان کردبێ، ڕەنگە زانایانی کورد ویستبێتیان مزگەوتەکانیان پیرۆزتر بکەن بۆ وەقف و مەسرەف بۆکردنی مزگەوت وحوجرەو مەلاو، ڕوتێکردنی زیاتری خەڵك وفەقێ و زانایان و زیادە ڕێزلێگرتنی. بەڵام کە دەچیتە بنج وبنەوان وبەدوای باسەکەدا دەچیت، دەبینی هیچی وانیە، ئەو نەهاتوەتە کوردستان، کەسیکی دنیا نەویست بوە سامانی نەبووە تا مزگەوت بکاتەوە، ئەی دەبێ ئەو سەرچاوانە لەکوێوە هاتبن وکێ نوسیبێتی یان لە چیان وەرگرتبێ؟ ئەوەی ئەم باسانەی دروست کردوە ئەو دەست نوسە عەرەبیە بوە بە ناوی فتوح سەواد لعراق کە مەلا ڕەئوف کردویە بە کوردی.

1.. گۆڕی عەبدولاّ کە گوایە لە نێوان هەولێرو موسڵدا شەهید بوە وئەسپەردە کراوە. مەلا واعزی بەم جۆرەی گێڕاوەتەوە: خالیدو عەبدولاّی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بەم خەم وخەفەتەوە.. واتە خەفەتی کوژرانی سەحابەکان لە سماقوڵیان .. ڕویان کردە نەینەوا، لە نێوان هەولێرو موسڵدا توشی ڕوبارێك هاتن دەیانویست بپەڕنەوە، پیرە ژنێك لە کەناری ڕوبارەکە دامابوو، داوای لە عەبدولاّ کرد بیکاتە کۆڵ وبیپەڕێنێتەوە، عەبدولاّ سواری پشتی خۆی کرد، کە گەیشتە ناوە ڕاستی ڕوبارەکە پیرە ژنەکە تۆزێکی کرد بە لوتی عەبدولاّدا، کە گەیشتە ئەو بەری ئاوەکە، عەبدولاّ ڕەنگی زەردبوو مرد، خالید بەکارەساتەکەی زانی پیرە ژنەکەی دایە بەرشمشێرو لەت وپەتی کرد. .ئەنجا یاران کۆبونەوە عەبدولاّیان نوێژکردو ناشتیان، پاشان چونەوە بەرەو شام، پاش ئەوە خالید لە شاری حومس مرد، ئەمە ساڵی 21ی کۆچی بوو، ئەو ساڵە کەئیمامی عومەریش کۆچی دوایی کرد[639].

2.. گۆڕی عەبدولاّ لە قەرەچۆغە بە عەبدولاّی عارەبی بەناوبانگە کە مزگەوتەکەشی لەسەرە[640]. کوژرانی عەبدولاّی کوڕی عومەر لەو جێیەدا درۆیەکی ڕوتە عەبدولاّ مردوە شەهیدنەبوە، لە مەدینە ناشتویانە (نێوان

639 (فتوح سواد العراق، وەرگێڕانی بۆ فارسی استاد عبدالعزیز واعیزی سردشتی لاپەڕە205 چاپ اول 1374 تهران).

640 ولاّتگیری ڕەشەخاکی عێرا ق، ڕۆژبەیانی، ل19.

مەككەو مەدینە) نەك لە قەرەچۆغی كوردستان ساڵی 64ی كۆچی نەك ساڵی21 یان 23 یان 25ی كۆچی، لە سەردەمی ئەمەویدا بوو نەك لە سەردەمی عومەری باوكیدا. لە دوای باوكی مردوە نەك لەپێش یەوە، خەلیفە عومەر لە ساڵی 23ی كۆچیدا شەهید بوو نەك 21ی كۆچی، لە بڕگەیەكدا ئەم هەموو هەڵەیە چۆن دەكرێت دیارە ئەمە نوسینی كەسێكی سادەیە، یان زۆر زانە ویستویەتی گەر بۆ ماوە یەكیش بوە خەڵكی بەو درۆو دەلەسانە بخەڵەتێنێ.

بەشداری عەبدوڵا لە كتێبەكەی مەلا ڕەئوف حوێزی بخوێنەرەوە، ڕۆژ بەیانی و واعیزیش بەوجۆرەیان باسكردوە بە هەندێ جیاوازی كەمەوە[641].

مزگەوتەكانی عەبدوڵای كوڕی عومەر لە كوردستان لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا .1

كۆمەڵگای كوردەواری لە ژیانی خۆیدا گیرۆدەی كۆمەڵێك داب ونەریتی داهێنراوی نەشیاوی كوشندەبووە كە بەتەواوی كۆڵی كوتاوەو ناوكرۆكی خواردوە، دەستیگیراوە لەوەی بیرێكی نوێ بكاتەوەو خۆی لەو هەموو نەهامەتیە ڕزگاربكات كە تێیكەوتوە.. زۆر جارپەنا هێنانی كورد بۆ دروستكراوێكی ئەفسانە ئامێز بە زەینی خۆی بەمەبەستی داوای ڕزگاری بوە، هەتا ئاهێكی بە بەردا بێنێتەوەو دەرونی ئارام بێت بەرامبەر ئەو ئاگرە ڕەشەی بەبەردەوامی مێژوو لە ماڵی ئەودا كوژانەوەی نەبوە.. بەزۆری شەڕی ئیمپراتۆرو زلهێزان لە خاكی ئەوان هەڵ گیرساوە تەراتێنیان تیاكردوە، یان شەڕی ناومیرو میرنشینە كوردەكان لە خاكی خۆیان لەسەر دەسەلات وشتی هیچ خۆكوژی وخۆخواردن بوە..كورد كە بەشی شەڕبوە، لەو بێ پشت وپەنایەدا ناچار بوە كۆمەڵە هێزیكی پەنهانی بۆ خۆی دروست بكات هەتا لە تەنگانەدا پەنای بۆ بەرێت، ئەوەیە ناوكرۆكی خواردوە، چوار پەلی بەستوە لە قاوغی خۆیدا تەك وجمی نەماوە، نەیهێشتوە وەك گەلانی دی دور لە هێزە پەنهان وئەفسانەییەكان پشت بە خۆی ببەستێ و گوڕێ بداو هەنگاو هەڵبنێ و بگاتە ئاستی خەڵكی و گەلان.

لەسەر خاكی كورد كۆمەڵێك گۆڕو شەخس ومەرقەدی پیران وسەحابان هەیە، كە كورد لەكاتی وەیشومەكانی ژیان وپێویستیەكانی زیارەتی كردوەو هانای بۆ بردوەو داوای لێ كردوە، پاشتر وای گومان بردوە دوعای جێبەجێبوە كە ئەوە ئەوپەڕی نەفامیە. بێئەوەی ئەو سەحابانە هاتبنە كوردوستان لێرە مردبن یان كوژرابن، ئەوە گۆڕی ئەوان نیە كورد بە خەیاڵ و نەزانین بۆ خۆی دروستكردوە، كاتی زیارەتی بەزۆری چوارشەموان وهەینیان داناوە، هەر شەخسە شتێكی لە خۆگرتوە لە كاتی زیارەت پێشكەش كراوە، زیارەت بەمەبەستی نەخۆشی وداوای منداڵ وشوكردن وباران وڕزق وڕۆزی و پاراستن لە شەڕ داواكانی ناوناخی بوە!

لە كوردستاندا ژمارەیەكی یەكجار زۆر مزگەوت بەناوی عەبدوڵای كوڕی خەلیفە عومەرەوە هەیە، گوایە ئەوسەحابەیە هاتوەتە كوردستان ودروستی كردون یا پارەی ناردبێ وەك سەدەقەیەكی جاری بۆیان دروست كردبێ، یان ڕەنگە كوردەكان خۆیان لە خۆشی ئیمان وتەقواو نزیكی ئەوەوە لە خوا، دروستیان كردبێ..یان ڕەنگە زانایانی كورد ویستبێتیان بەو جۆرە مزگەوتەكانیان پیرۆزتر بكەن بۆ وەقف ومەسرەف بۆكردنی مزگەوت وحوجرەو مەلاو ڕوتێكردنی زیاتری خەڵك وفەقێ و زانایان و زیادە ڕێزلێگرتنی بێت.

هیچ سەحابەیەك نیە هێندەی عەبدوڵا دەنگ وباسی لە كوردوستاندا هەبێت، هەرلە بەشداریەكانی جەنگ وجیهادو شەهید بونیەوە، هەتا دروست كردنی مزگەوتەكانی، زیاتر لە دە مزگەوت بە ناوی ئەوەوە لە شارو دێهاتەكانی كوردوستاندا هەیە، دووگۆڕومەرقەد گومەزەداری بۆ دروستكراوە گوایە لە كوردوستان كوژراوەو نێژراوە، ئەوەی زیاتر ئەم باسانەی دروستكردوە ئەو دەستنوسە عەرەبیە بوەبەناوی فتوح سەواد عیراق كە مەلا

641 كوردستانو ئایینی ئیسلام، مەلا ڕەوف حوێزی، ل94– 132.

ڕەئوف کردویە بە کوردی وپاشتر مەلا عەبدولعەزیزی واعیزی کردویە بە فارسی، پاش لەوان مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بە کوردیەکی پاکتر بەهەندێ پەراوێزەوە بلاّوی کردەوەتەوە.جگە لەو زانیاریە ناڕاستانەی مەردۆخی لە کتێبەکەی دا داویەتی لە باسی فەتحی کوردستاندا..

ئەو مزگـەوتـانە ناوی عەبدوڵایان لە سەرە

مەردۆخی دەڵێ: ساڵی 18ی کۆچی سوپای ئیسلام بە فەرمانی خەلیفەی دووەم و لە ژێر فەرمانداری ئیمام حەسەن و عەبدولاّی کوڕی عومەر لە عێراقەوە بەرەو ئێران دەڕۆن عەبدولاّی کوڕی عومەرو ئەبوعوبەیدوللاّی ئەنساری لەگەڵ پێنج هەزار سواردا بەرەو شارەزور ئەکەونە ڕێ وچەند شەڕ ڕوودەدات، ئەبوعوبەیدولاّ دەکوژرێ ولە دێی عەبابەیلێ دەنێژرێ. ئەوانەی مانەوە بونە موسوڵمان و وازیان لێ هێنان، عەبدولاّ مانگێك لەو ناوچانەمایەوە، تاوەکو لە جێگای پەرستگاکان چەند مزگەوتێکی دروستکرد یاساو فەرمانەکانی ئیسلامی لە خەڵکەکە گەیاند، پاشان ڕوەو هەورامان کەوتنە ڕێ و لەنزیك پاوە شەڕو کوشتار ڕوی‌دا، عەبدولاّی کوڕی عومەر لە شاری پاوە مزگەوتێکی دروستکرد، پاشماوەیەکی کەم توانی هەموو ولاّتی کورد بخاتە ژێر چاودێری ئیسلامەوە، لەبری ئاگرو پەرستگاکان مزگەوتی دروستکرد یاساو فەرمانی خوای بلاّو کردەوە[642].

هەروەها ڕێم لە دەستنوسێك کەوت[643]، بابەتێکی هێناوە ڕەنگە هەر لەو سەرچاوەی وەرگرتبێ کە مەردۆخی لێی وەرگرتوە، کەمێك جیاوازیان هەیە.بەلاّم دیار نیە ئەو سەرچاوە چی‌یە کە ئەوان لێیان وەرگرتوە. چونکە ناکرێ باسیك ئەو هەموو هەڵەیەی تیابێت کە دواتر باسی دەکەین، عەبدولاّ نەهاتوەتە کوردوستان، ئەبوعوبەیدەش لەشارەزور نەکوژراوە. چاك وایە بێینە سەرباسی مزگەوتەکان کە ناوی عەبدولاّیان لەسەرە.

1.. مزگەوتی دێی گەرموکە لە ناوچەی کۆیە تایەر ئەحمەد حوێزی لە کتێبەکەیدا باسی کردوە کە عەبدولاّی کوڕی عومەردروستی‌کردوە.

2.. مزگەوتی کۆنە جومعە لە گەڕەکی هەواو لە کۆیسنجەق، لە هەموو مزگەوتەکانی کۆیەکۆنترە. دەڵێن ئەمەش وەکو مزگەوتی گەرموك دێرەبوە (کەنیسە)و کراوە بە مزگەوت، بە مزگەوتی ئیبن عومەر ناسراوە دەڵێن عەبدولاّی کوڕی ئیمام عومەر کردبێتیە مزگەوت، بە مزگەوتی عەبدولاّ عومرانیش ناسراوە، سەردەمێ مەلا ڕەئوف سەلیم ئاغا حوێزی ئیمامی، ئەم مزگەوتە بوە ساردااوێکی هەبوە هەتا کۆنە قەلاّت چوە بە بەردی زۆر گەورە کراوە[644].

3.. مزگەوتی گەورەی ناحیەی خورماڵ لە دەشتی شارەزور لە بەردەم چیای هەورامان ناسراوە بە مزگەوتی عەبدولاّ هەر لە کۆنەوە وا باوە کە عەبدولاّ هاتوە و خۆی دروستی کردوە. مەلا عەبدولکەریمی مدرس دەڵێ وامەشهورە مزگەوتی خورماڵ لە سەردەمی هاوڕێیانی پێغەمبەر دروست کراوەکە کوردستانیان گرتوە[645]، ناحیەی خورماڵ سەر بەقەزای هەڵەبجە دەکەوێتە سەر سنوری ئێران. لە دیوانی پیرەمێردا هاتوە، لە خورماڵ هەندێ زەوی وزار هەیە کە وەقفی مزگەوتی خورماڵە و ئەبێ هەموو ساڵێك خێرو بێری ئەو زەویانە لە مزگەوتەکەدا خەرج بکرێ، پیرە مێرد لە 31 ی ئابی 1941دا چاوی بە مزگەوتەکە کەوتوە و بە چاوی خۆی دیویەتی کە مزگەوتەکەی عەبدولاّ چەند پەرپوت ولێی نەپرسراوەتەوە، بۆی دەرکەوتوە کە واریداتی ساڵانەی

---

642 مێژوی کوردو کوردوستان . محمد مەردۆخی کوردو ستانی، وەرگێڕ لە فارسیەوە عەبدولکەریم محمد سەعید . ل186 بغداد 1991.

643 دەستنوسی بۆتی عەبدولاّتایەر بەناوی (القضية الكردية من منظور اسلامى).موضوع (الاكراد قبل وبعد الاسلام) ص9ـ11.

644 مێژوی کۆیە . بەرگی دوەم. بەشی یەکەم.طاهیر احمد حوێزی ل283 مطبعة نمیر بغداد 1984.

645 یادی مەردان مەلا عەبدولکەریمی مدرس ل 399 بەرگی دوەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد 1983

ئەو زەوی و زارانە هەموی دەچێتە گیرفانی شێخەکانی بیارەی ئەو سەردەمە و هیچی بۆ مزگەوت خەرج ناکرێ، پیرەمێرد خۆی پێنەگیراوەو بیزاری خۆی بەم هەڵبەستە دەربڕی:

چومە مزگەوتی خورماڵ بەگریان
ئاخ ڕۆژی ڕەش و وێران وعوریان
تەهلیلە بوە بە چەکە و کەوان
ڕیزی بەستوە ئەسپیێ مریدان
هەر ماڵی خوایە ئەبرێ بە تالآن
ئاساری کۆنی ئیسلام ڕوخاوە
بە جاڵجاڵۆکە مینبەر تەنراوە
زمانی میحراب کولەکەی ئاوە
پێخەفی کۆنی تیا هەڵچنراوە
خەڵك لەبەر بیگار هاتونە ئامان
دەوری ئەسحابان سێ مزگەوت کران
یەکیك لە (نگڵ) دوەم لە (کرمان)
سێهەم لە(خورماڵ) سەرچاوەی کوردان
هەرسێ ئاساری (ئەولأی هۆمەران)
ئاساری فەخرە بۆ دەوری ئەوان
سوڵتان سەلیم گۆی شاهی بردەوە
قوبە و منارەی تازەکردەوە
قەلأیەکی کرد بەو سەر گردەوە
سەربەرزی خستە قەومی کوردەوە
شێخ بوو بەواریس بۆ موڵکی ئەوان
کە شێخان تۆبەی مرید دادەدەن
دەڵێن دەست زەنی ماڵی کەس مەکەن
بەلأم کە خۆیان مرید ڕوت ئەکەن
مەکەیان بۆ نیە سواڵکەری مەکەن
موڵکی خواو سوڵتان کەوتە دەست ئەوان[646]

4. مزگەوتی عەبدولأ لە دێی (نگڵ) نزیك بە مەریوان لە کوردستانی بندەستی ئێران، وەك پیرەمێردی نەمر لە شیعرێکی دا ناوی بردوە:

دەوری ئەسحابان سێ مزگەوت کران یەکیك لە نگڵ دوەم لەکرمان
سێهەم لە خورماڵ سەرچاوەی کوردان هەرسێ ئاساری ئەولأی هۆمەران[647].

646 دیوانی پیرەمیردی نەمر، ل318 ـ320 بەغداد 1970 محمد ڕەسول هاوار چەکەو کەوان وادیارە هەلاج لە مزگەوت ئیشی کردوە لۆکەی شیکردوەتەوە.

647 هەمان سەرچاوە ی پێشوو .

5. مزگەوتیگەورەی پاوە ناو نراوە مزگەوتی عەبدولا بەو قسەیەی کە گوایە عەبدولا لە کاتی فتوحاتدا گەیشتوەتە ئەو ناوەو بۆ بلاَوکردنەوەی ئاینی ئیسلام وکۆبونەوەی موسولَمانان دروستی کردوە. قەزای پاوە سەر بە پارێزگای کرماشانە لە کوردستانی بندەستی ئێران.

6. مزگەوتی گەورەی تەوێلە بەقسەی خەلَکی ئەو ناوە عەبدولاَی کوڕی عومەر گەیشتوەتە ئەویَ ودروستی کردوە. ناحیەی توێلە سەر بە قەزای هەلَەبجەیە.

7. مزگەوتی بیارە: مەلاعەبدولکەریمی مدرس دەلَیَ متەواترە کە مزگەوتی ناودێی بیارە دەسکردی ئەو یارانی پێغەمبەرەیە کە لە سالَی 18 ی کۆچی شارەزوریان رزگارکردوە لە ناو کوردا بەوجۆرە مزگەوتانە دەلَێن عەبدولاهی واتە عەبدولاَی کوڕی عومەر دروستی کردون، لە مێژودا نەماندیوە عەبدولا فەرماندەی سوپا بوبێت، بەلَیَ عەبدولا لەو سوپایەدا بوە کە هاتن ئەربیلیان گرت وبەرەو خۆشناوەتی وپشتدەر سەرکەوتن [648]. مامۆستا مودەریس لێرەدا کەوتۆتە هەلَەوە، دیارە ئەویش بڕوای بە قسەکانی حوێزیو واعیزیە بۆ ناوچەی هەولێر. بەلاَم پاشتر دەری دەخەین کە عەبدولا لەوسوپایەشدا نەبوە

8 . مزگەوتی دێی پالانیا لە شارەزور سەربە هەلَەبجە، ئەویش وابآوە کە عەبدولا گەیشتوەتە ناوچەکەو دروستی کردوە .

9ـ مزگەوتی دێی ڕوان لە نێوان ئۆردوگای سەریاس وناحیەی باینگان سەر بە قەزای پاوە، لە بەشە کوردوستانی دیوی ئێران، مزگەوتێکی زۆرکۆنە گوایە عەبدولا گەیوەتە ئەویَ وئەوکارەی ئەنجام داوە [649].

10. مزگەوتی عەبدولاَی عومران لە دێی هەلاَوێژە.چۆنیەتی دروست بونی بەم جۆرەیە: حوێزی لە باسی فەتحی کوردوستاندا لەکتێبەکەیدا دەلَیَ (ئەنجا سوپای ئیسلام بە دەم زێی بچوکدا هاتنە خوارەوە تا گەیشتنە دەربەندی پشدەر، لە زیَ پەڕینەوە وگەیشتنە دوگمان، بەرامبەر سوپای کورد وەستان، عەبدولاَی عومەر لای ڕۆژئاواوە دامەزرا، شەڕ قەوما پاشای کورد مالیکی ئەژدەر کوژرا، کوردان هەلَهاتن ودوگمان وناوچەکە گیرا، پاشان ڕویانکردە پشدەر کە قەلاَیەکی قایمی هەبوو پاشایەکی ئازای هەبوو بەناوی دانیکور دوای شەڕی قورس قەلاَگیرا ومەلیك دانیکور هەلَهات بەلاَم شەو لە دێیەك کوشتیان، چونە ناو قەلا وخەلَکی کوردموسولَمان بون، مزگەوتێکیان لەو دێیەی کە دانیکوری تیا کوژرا دروست کرد، ئیستە دێیەکە ناوی هەلاَویژەیە، ئەو مزگەوتە ئێستا مەشهورە خەلَقی پیَی دەلَێن مزگەوتی عەبدولاَی عومران گوایا عەبدولاَی ئیمامی عومەر دروستی کردوە [650].

11. مزگەوتی عەبدولا لەدێی بیجورە. چۆنیەتی ئەفسانەی دروست بونی بەم جۆرەیە: حوێزی لە نوسراوەکەی دا دەلَیَ (لە سنوری سیوسێنان وهیولان کە ئیستە پێی دەلَێن ئالانیان ئالان، لەدامێن ئەوکێوە دێیەکی بچوکی لێبوو ئەهالی دێیەکە ترسان، پیاوە گەورەکانیان نارد داوای موسولَمان بونیان کرد وچەندکەسێك بێن فێری ئیسلامیان بکەن، خالید دوو سەحابەی لەگەلَ ناردن بەناوی بەشرو سەعد، خالید سوێندیدان کە خیانەتیان لەگەلَ نەکەن، چون بۆئاوایی بیجورە نەسیحەتیان کردن چوار ڕۆژ لەویَ بون شەوی پێنجەم ئەهالی بێجورە چونە سەریان وکوشتنیان ولە سەلوێنگاکەدا شاردنیانەوە، عەبدولاَی ئیمامی عومەر ئەو شەوە خەوی خراپی دیت، فەرموی خەلَکی بیجورە خیانەتیان لە سەحابان کردوە، خالید وتی ئەی کوڕی

648 بنەماڵەی زانیاران مەلا عەبدولکەریمی مدرس لا421 چاپی یەکەم چاپخانەی شەفیق بغداد 1984.

649 دوای وتووێژ لە گەڵهەندێلە خەڵکی ناوچەکە بەم زانیارانە گەیشتم .

650 عەبدوڵلا لە نزیك ئاوەکەوە تەسلیم بەخاك کرد، ئیستاش مرقدی عەبدولا مەشهورە بە سوڵتان عەبدوڵلا عەرەبی (کوردستان وئاینی ئیسلام. مەلا رەئوف سلیم حوێزی، لا 107ـ113 چاپخانەی جامعە 1970بەغدا).

خەلیفە تۆ لە گەڵ پێنجسەد نەفەر بڕۆ، چون دەوری دێیاندا داوای سەحابەکانیان کرد، وتیان هەڵهاتون، عەباس سەیری سەلوێنکیکرد دیتی نور بەرز دەبێتەوە، بانگی عەبدوڵایکرد، هەڵیاندایەوە هەردوو لاشەکە دەرکەوتن، ئەنجا بەربونە خەڵکی دێکەو زۆریان لێکوشتن، ئەنجا لاشەی دوو سەحابەیان لەویٚ بەخاك سپارد، عەبدوڵا لەسەرخاکی ئەوان مزگەوتێکی دروستکردکە ئێستاش ئاساری قەبری ئەو دوو سەحابەیەماوە ئەکەونە ڕۆژهەلاتی مزگەوتەکەوە. ئەفسانەی لاشەی سەحابە لەسەلۆنێكو دروستکردنی مزگەوت لە سەر سەلۆنێك دروستکراوی دەستی دوژمن بە ئیسلامە پاشان روونی دەکەمەوە.

12. گۆڕی عەبدوڵای کوڕی عومەر کەبوەتە مزگەوت وگوایە لە نێوان هەولێرو موسڵدا شەهید بوە ولەوێدا ئەسپەردەکراوە. مەلا واعزی بە درێژی ئەوەی بەم جۆرە گێڕاوەتەوە: خالیدو عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بەم خەم وخەفەتەوە. واتە خەفەتی کوژرانی سەحابەکان لە سماقوڵیان ـ ڕویان کردە نەینەوا، لە نێوان هەولێرو موسڵدا توشی ڕوبارێك هاتن ودەیانویست بپەڕنەوە، لەم کاتەدا پیرە ژنێك لە کەناری ڕوبارەکە دامابوو، داوای لە عەبدوڵا کرد بیکاتە کۆڵ و بیپەڕێنێتەوە، عەبدوڵا سواری پشتی خۆی کرد، کە گەیشتە ناوە ڕاستی ڕوبارەکە پیرە ژنەکە تۆزێکی کرد بە لوتی عەبدوڵادا، کە گەیشتە ئەو بەری ئاوەکە، عەبدوڵا ڕەنگی زەردبوو مرد، خالید بەکارەساتەکەی زانی پیرە ژنەکەی دایە بەرشمشێرو لەت وپەتی کرد..ئەنجا یاران کۆبونەوە عەبدوڵایان نوێژکردو ناشتیان، پاشان چونەوە بەرەو شام، پاش ئەوە خالید لە شاری حومس مرد، ئەمە ساڵی 21ی کۆچی بوو، ئەو ساڵە کەئیمامی عومەریش کۆچی دوایی کرد.)[651]

13. ڕۆژبەیانی دەڵێت گۆڕی عەبدوڵا لە قەرەچۆغە بە عەبدوڵای عارەبی بەناوبانگە کە مزگەوتەکەشی لەسەرە[652]. لەوەیمەلا ڕەئوف حوێزیدا هەندێ جیاوازی هەیە، کوژرانی عەبدوڵای کوڕی عومەر لەو جێیەدا درۆیەکی ڕوتە عەبدوڵا مردوە شەهید نەبوە، لە مەدینە ناشتویانە نەك لە قەرەچۆغی کوردستان ساڵی 64ی کۆچی نەك ساڵی 21 یان 23 یان 25ی کۆچی، لە سەردەمی ئەمەویدا بوو نەك لە سەردەمی عومەری باوکیدا. لە دوای باوکی مردوە نەك لەپێش یەوە، خەلیفە عومەر لە ساڵی 23ی کۆچیدا شەهید بوونەك 21ی کۆچی، لە بڕگەیەکدا ئەم هەموو هەڵەیە چییە؟ دیارە ئەمە نوسینی کەسێکی ساکارو سادەیە، یان هی کەسێکی زۆر زانی وەك مێجەرسۆنو حوزنی موکریانیو دکتۆر سەعیدخانی کوردستانیە کە پێکەوە شیعرەکەی هورمزگانیشان نووسیو فڕێیان دایە ناو کتێبخانەی کوردیو لەشێوەی دەستنووسێکی کۆندا بۆ سەرلێشێوانی خەڵكو ناشیرینکردنی فتوحاتی کوردستان، ویستویانە گەر بۆ ماوە یەکیش بوە خەڵکی بەو درۆو دەلەسانە بخەڵەتێنن[653].

لێرەدا کورتەی ئەوبەشداریانەی عەبدوڵای کوڕی عومەر دەگێڕینەوە کە لەکتێبەکەی مەلا ڕەئوفدا هاتوە، ڕۆژ بەیانی[654] و واعیزیش هەر بەوجۆرەیان باسکردوە بە جیاوازی کەمەوە[655]، هەتا بزانین ئەم مزگەوتانە بۆ بەناوی عەبدوڵاوە ناونراون و ئەو گۆڕو قەبرانە هی کێن وا ناوی عەبدوڵای عومەریان بە سەرەوەیە، حوێزی دەڵێ (ڕاوی ئەڵێ وەختێك یارانی پێغەمبەر (د.خ) وڵاتی شام و ئەرمەن و تەرەفی موسڵ وهەرچی مابوو لە وڵاتی رۆم فەتحیان کرد، قائدی جەیشی مسوڵمانان ئەبوعوبەیدەی جەڕاح، هەموو سەحابەی کۆکردەوە وتی چۆنە بەرەو

651 هەمان سەرچاوە، ل117– 118.

652 وڵات گیریی ڕەشەخاکی عێراق . ڕۆژبەیانی ل19.

653 فەتواکەی مەلای خەتێ حسن محمود حەمەکەریم، 2006، ل86.

654 وڵات گیریی ڕەشەخ اکی عێراق . ڕۆژبەیانی ل41.

655 فتوح سواد العراق. محمد بن عمر الواقدی.ترجمة الی الفارسیة ملا عبدالعزیز الواعظی ص205-207طهران 1374 ایرانی).

شەرق برۆین یان بەرەو غەرب، سەحابان فەرموویان پێویستە نامەیەك بۆ خەلیفەی موسوڵمانان عومەر بنوسین، ئەبوعوبەیدەی جەڕاح سەرکردەی سوپای شام نوسیو داوا دەکات دوای ئەوە چی بکەن؟ خەلیفە وەڵامی دایەوە: لازمە چوار هەزار کەس تەسلیم بە خالید بکەی وبەرەو قەومی کوردان بەڕێیان بکەی، زوبێر وفەزڵ ومقدادوعەبدوڵای عومەرو. لەگەڵدا بنێری‌و ئەحکامی ئیسلام بە هەموو شار و دێهات و شاخی کوردەواریدا بڵاوبکەنەوە. سوپای خالید هەولێری گرت، دوای چەند شەڕی قورس گەیشتنە دێی سنجان(سیناجیان)، لەدوایدا خالید بانگی عەبدوڵای عومەری کرد ئەمری کرد هەزار سوار هەڵگرەو بڕۆ بۆ سەر ڕێگای شیدەر(یەعنی پشدەر). خۆیان ڕۆیشتن بەرەو مەرجێن (مەرگە) (لا 94) فەروخ شا ڕای کرد، عەبدوڵا بەسوارەکانەوە کوردەکانی شکاندو ماڵیانی تالانکرد، ئەنجا عەبدوڵاو مقداد هێرشیان بردە سەر سوپای فەروخ شا. مقداد فەروخی کوشت و سوپای کوردان شکان وعەبدوڵای عومەر شوێنیان کەوت بەرەو ئەزمیر(ئەزمڕ). شکاندنی و غەنیمەتی زۆری لێگرتن، (لا 101) خالید هەواڵی زانی کوردەکان لە دێیەك نزیك زێی بچوك بەرەو ڕوی پشدەر لەشکرێکی زۆریان کۆکردوەتەوە چوو بۆیان شەڕی قورس قەوما گەمارۆی سوپای ئیسلامیاندا. عەبدوڵای کوڕی عومەرکەبەوەی زانی هەواڵی بۆخالید نارد.هاتن وشەڕکراو نەجاتیان بوو.(لا 105) ئەنجا سوپای ئیسلام بە دەم زێی بچوکدا هاتنە خوارەوە تا گەیشتنە دەربەندی پشدەر. لە زێ پەڕینەوە وگەیشتنە دوگمان بەرامبەر سوپای کورد وەستان. عەبدوڵای عومەر لای ڕۆژئاواوە دامەزرا، شەڕ قەوما پاشای کورد مالیکی ئەژدەر کوژرا. کوردان هەڵهاتن و دوگمان وناوچەکە گیرا.(لا 107) پاشان ڕویان کردە پشدەرکە قەڵایەکی قایمی هەبو پاشایەکی ئازای هەبو بەناوی دانیکور دوای شەڕی قورس قەڵاگیرا ومەلیك دانیکور هەڵهات. بەڵام شەولە دێیەك کوشتیان وچونە ناو قەڵا وخەلکی کورد موسوڵمان بون، مزگەوتێکیان لەو دێیە کە دانیکوری تیا کوژرا دروست کرد.ئیستە دێیەکە ناوی هەڵاویژەیە، ئەو مزگەوتە ئێستا مەشهورە خەڵقی پێ‌ی دەڵێن مزگەوتی عەبدوڵای عومران گۆیا عەبدوڵای ئیمامی عومەر دروستی کردوە. (لا 113) ئەنجا خالید نامەی بۆخەلیفە عومەر نوسی فەرمووی وڵاتی مەرگەو پشدەر ودوگمانمان فەتح کردوە پادشاهانمان کوشتوە وڵاتەکە موسوڵمان بون.، ڕۆژی نوسینی ئەم کاغەزە 12ی زیلقەعدەی ساڵی 21ی کۆچی، لە سنوری سیوسێنان وهیولان کە ئیستە پێی دەڵێن ئالانیان ئالان دێیەکە والە دامێنی ئەو کێوە. دێیەکی بچوکی لێبوو ئەهالی دێکە ترسان. پیاوە گەورەکانیان نارد داوای موسوڵمانبونیان کرد وچەند کەسێك فێری ئیسلامیان بکەن، خالید دوو سەحابەی لەگەڵ ناردن بەناوی بەشرو سەعد، خالید سوێندی دان کە خیانەتیان لە گەڵ نەکەن، چون بۆئاوایی بیجورە نەسیحەتیان کردن چوار ڕۆژ لەوێ بون شەوی پێنجەم ئەهالی بێجورە چونە سەریان وکوشتنیان ولە سەلوێنگاکەدا شاردنیانەوە، عەبدوڵای ئیمامی عومەر ئەو شەوە خەوی خراپی دیت، فەرموی خەڵکی بیجورە خیانەتیان لە سەحابان کردوە، خالید وتی ئەی کوڕی خەلیفە تۆ لە گەڵ پێنجسەد نەفەر بڕۆ، دەوری دێیان دا داوای سەحابەکانیان کرد، وتیان هەڵهاتون، عەباس سەیری سەلوێنکی کرد دیتی نور بەرز دەبێتەوە، بانگی عەبدوڵای کرد، هەڵیاندایەوە هەردولاشەکە دەرکەوتن، ئەنجا بەربونە خەڵکی دێکەو زۆریان لێکوشتن، لاشەی دوو سەحابەیان لەوێ بەخاك سپارد، عەبدوڵا لەسەرخاکی ئەوان مزگەوتێکی دروستکرد کە ئێستاش ئاساری قەبری ئەو دوو سەحابەیە ماوە ئەکەونە ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکەوە (لا 117ـ118) ئەنجا چونە سەر شارەزورو قەڵاچوالان، دێی شوربەو ڕەبتیان گرت، پاشان هێرشیان کردە سەر ساجبلاخ کە ژنێك پاشایان بوە بەناوی ئەرجانوس سەر بەدەوڵەتی ئازربایجان بوە شەڕی قورس قەوما پاشان عەبدوڵاو مقداد هێرشیان کرد ئەرجانوسیان ئەسیرکردو سوپاکەی هەڵهاتن تا سەر بەحری خوی ڕاویان نان، شاری سابلاخ گیراو ناوچەکە موسوڵمان بون وئەرجانوس موسوڵمان بوو شوی کرد بە قەعقاع (لا 123) ئەنجا ڕویانکردە ڕەزاییە(ئورمیە ـ ورمێ ـ ئەرمانی) کە پاشاکەیان ناوی خۆش قەدەم بوو، خالید هێرشی کرد عەبدوڵاش سەرکردەیەك بوو، ئەنەس خۆش قەدەمی کوشت سوپاکەی هەڵهات و

ڕەزاییە گیرا چەند مزگەوتیان تیا دروست کرد، ئەنەس لە ڕەزاییە مردو لەوێ ئەسپەردەکراو ئیستە گۆڕەکەی لەوێیە.(لا 129)، ئەنجا چون بۆ گرتنی باینج (بانە) داوای بیست نەفەر سەحابەیان کرد تا ئیسلامیان فێر بکەن، کە هاتن هەموویان کوشتن، خالید هێرشی کردە سەربانە وعەبدولای عومەری لە گەڵ بوو خراپترین تۆڵەیان لێکردنەوە، کەفەتحی کوردوستان تەواوبوو، ئەنجا بەڕەبتدا بەرەوعەرەبستان گەڕانەوە بەڕێی دوگمانذا چون تاگەیشتنە دێی ئیسماعیل قولی کە ئیستا پیێ دەڵێن سماقولیان لە نزیك کۆیە، ئەهلی ئیسماعیل قولی لەناو دارودەوەنذا کەمینیان دانا چاوە ڕێی هاتنی ئیسلامانیان دەکرد، کەهاتن لە پڕێکا لەهەر چوارلاوە تیرەبارانیان کردن سەدوپەنجا لە ئەسحابە شەهید کرا کە ئەغڵەبیان سپەهـ سالاربوو وەك مقدادو وائیلەو قەعقاع و زرارو زۆری تر، خالیدو عەبدولا زۆرگریان ودوعایان لە ئەهلی سماقولیان کرد، (لا130) خالیدو عەبدولای عومەر بە غەموو حەسرەتەوە گەڕانەوە. لە بەینی موسڵ وهەولێر توشی چەمێك بون لەدەم ئەم چۆمە پیرەژنێکی لێبوو لێیان پرسی تۆ چی دەکەی لێرە؟ گوتی من موسوڵمانم ئەمەوێ لەم ئاوە بپەڕمەوە بەڵام ناوێرم، عەبدولا پیرە ژنی هاویشتە پاشکۆی خۆی خالید فەرموی لە مەکری پیرەژنان ئەمین مەبە، عەبدولا فەرموی قەیدی ناکات، وەناو ئاوەکە کەوتن هەتا گەیشتنە قولایی ئاوەکە، پیرە ژنی سەگ چەقۆیەکی زلی لە باخەڵی دەرهێنا لە سەردڵی عەبدولای ڕاکێشا، عەبدولا ڕەنگی زەرد بوو وتی پیرە ژن کوشتمی خالید عەبدولای پەڕاندەوەو شیرێکی لە پیرەژن داوکوشتی، عەبدولا فەرموی بەخالید سەلامم بگەیەنە بە باوکم وهەموو ئەسحابان، خالید زۆری بۆگریا هەرلەوێ جەنازەی عەبدولای لە نزیك ئاوەکەوە تەسلیم بەخاك کرد، ئێستاش مەرقەدی عەبدولا مەشهورە بە سوڵتان عەبدولای عەرەبی[656].

ئەمەش کورتەی ڕوداوەکانی عەبدولایە لە وەرگێڕاوە فارسیەکەی مەلا عەبدولعەزیزی واعیزیدا دەڵێ (واقیدی لە زمانی خالیدەوە دەگێڕێتەوە کاتێ تۆڵەمان لە خەڵکی باینج کردەوەو ولاتی عەجەممان تەواو کرد، بە ولاتی کوردا ژوروخواری زۆرمان کرد، ئێمە بەشیدەرو مەرجێذدا نەچوین بەڵکو بە دوقمان و دێی سماقولیدا چوین (لە عەرەبیەکەدا دەڵێ ئیسماعیل قویا)و سەرۆکی ئەم دێیەکە لە باکوری ڕۆژئاوای کۆیسنجەقەوەیە نزیك جێیەکە ناسراوە بە ئەسحابانی ئیسماعیل قولی، ژنانیان تەواو ڕوت کردبویەوە تا سەحابەکان ڕوو وەربگێڕن و سەیریان نەکەن زۆریان شەهید بون، ئێستە بە کوردی بەو دوو دێیە دەڵێن سماقولی وسماقولیە وەگۆڕستانێکی فراوان لەویایە بەناوی دۆڵی ئەسحابان یان دۆڵی شەهیدان خەڵکی لە وەرزی بەهاراندا بۆ زیارەت بۆی دەچن شەو لەوێ دەمێننەوە، لە خوار ئەوانەوە دوو سەرچاوە هەیە کە مەترێك لە یەك دورن یەکیان زۆر گەرم ویەکیان زۆرساردە، شاخێکی لێیە ئاوێکی لێدێت گۆگردە.. نەمانزانی ڕێگرەکان بۆسەیان بۆ ناوینەوە لەو ناودارو بەردانەدا، ئێمە بەرەو موسڵ دەچوین ژنان خۆیان ڕوتکردبویەوە بێ جل وبەرگ دەیانزانی عەرەب چاوی خۆی لەو حەرامانە دەگرێ، چوینە ناوەڕاستیانەوە لە پڕ ئێمەیان دایە بەرلێژەمەی تیروکەوان وزۆریان لیکوشتین لە ئەسپەکان هاتینە خوار و پەلامارماندان و ڕاومانان، بەڵام زرارو قعقاع ومقدادو وائیلەو زۆریتر شەهید بون. خالید وعەبدولا بۆیان گریان 150 کەسمان لیکوژرا و لەکوردیش 300مان کوشت، خالیدو عەبدولا دوعایان لە کورد کرد، خالید هەواڵی ئەو ڕوداوەی گەیاند بە ئەمیران، خالیدو عەبدولا زۆر غەم وخەفەتیان خواردو ڕۆیشتن بەرەو موسڵ گەیشتنە ڕوبارێك[657]. ویستیان بپەڕنەوە چاویان کەوت بە پیرە ژنێك هەواڵیان پرسی چی دەکەیت؟ پیرەژن وتی من موسوڵمانم دەمەوێ بپەڕمەوە توانام نیە، عەبدولا ئەوی خستە سەرپشتی خۆی وهەرچەند خالید

656 (کوردستان وئاینی ئیسلام. مەلا رەئوف سلیم حوێزی، لا 77ـ 131 چاپخانەی جامعە 1970بەغدا).

657 ڕوباری غازر (زابی گەورە)نزیك موسڵە، واعزی باسی سەفەرێکی دەکات دەڵێ نزیك موسڵ بوینەوە نزیك ئاوەکە ئیستە گۆڕێك هەیە دوڵی پرسیار وتیان گۆڕی عەبدولای کوڕی عومەرە .. لە نوسخەی دوەمدا نوسراوە نوسەر دەڵێ من خۆم چوم بۆ موسڵ لە ڕوباری غازر پەڕیمەوە چاوم کەوت بە گومەزەیەك پرسیارم کرد وتیان گۆڕی عەبدولای کوڕی عومەرە .

وتی هەقت نەبێ، عەبدولا وتی باوکی سلیمان گرنگ نیە، گێڕەوەکە دەڵێ کە خالیدو عەبدولا گەیشتنە ناوەڕاستی ئاوەکە خالید گومانی لە پیرە ژن بوو، سەیرێکی عەبدولای کردەبینێ ڕەنگی زەرد بوە، خالید بانگی کرد ئەبا فاروق (دەبو بیوتایە ئیبن فاروق یان یا عەبدوڵلا چونکە عەبدولا کوڕی نیە ناوی فاروق بێت بەڵکو عومەری باوکی نازناوی فاروقە) دەنگ وباس چیە؟ وتی ئەبا سلیمان پیرە ژن منی کوشت، تۆ ڕاستت کرد خالید چوە لای ودەستی گرت وپیرەژن لە دواوە بوو، ئەوی پەڕاندەوە ودایبەزاند، خالید پیرە ژنی لەتکرد وخستیە ئاوەکەوە، عەبدولا وتی سەلامی من بگەیەنە بە باوکم، خالید بۆی گریا و دوای ئەوەی ئەسپەردەی کرد، ڕۆشت تا چوە شاری حومس لەوێ مایەوەو لەوێ مرد، گۆڕی لە حومسەو بەناوبانگە[658].

عەبدولای کوڕی عومەر بە دەستی پیرەژن لە کوردوستان لە ساڵی21یان 23 یان 25ی کۆچی لە سەردەمی خەلیفەعومەردا شەهید نەبوە، بەڵکو لە سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویەشدا زیندوبوە، ئەو نامانەش ڕاست نیەو هەڵبەسراوەکە گوایە لە نێوان خەلیفەو سەرکردەکاندا ئاڵوگۆڕکراوە لە کوردوستانەوە، چونکە نامەی وا لە کتێبی نامەکانی خەلیفە عومەردا نەهاتوە[659]، کە هەموو نامەکانی خەلیفە عومەری تیایە، ناوی ساوجبلاغ کە لەو کتێبەدا چەد جار هاتوە سەد دەرسەد تورکیە. لە سەرەتای ئیسلامدا شارێك نەبوە بەوناوە، تورك لە سەردەمە دواییەکاندا کە ئەو ناوچەیان داگیرکرد ناویا نا وەك سەدەها ناوی تر کە لە کوردستاندا هەیە، پاشان باسی گۆگردو شوشەی موسڵ دەکات کە لەکاتی فتوحاتدا ئەم ناوانە بەم جۆرە نەبوون[660].

ژیانی عەبدوڵلای کوڕی عومەر

عەبدولا کوڕی عومەر کوڕی خەتاب کوڕی نوفەیل قورەیشی عدویە، ساڵی سێیەمی پێغەمبەرایەتی، واتە دە ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(درودی خوای لە سەر بێت) بۆ مەدینە لەدایك بوو، لەگەڵ باوکی پێکەوە کۆچیان کردبۆ مەدینە، وە لە گەڵ باوکیدا چون بۆ غەزای بەدر کە ئەوکات 13ساڵ بوو، لە غەزای ئوحددا 14ساڵ بوو، بەڵام پێغەمبەر ڕازی نەبوو بەشدار بێت لە بەرکەمی تەمەنی، بەڵام لە جەنگی خەندەقدا 15 ساڵ بوو ڕێگەی بەشداری کردنی دا[661]، هەروەها لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو، لەفتوحاتەکانی پێش خەلافەتی باوکیدا بەشدار بوو[662]، لە کتێبی تەهزیبدا دەڵێ ئەو بۆ جیهاد گەیشتوەتە یەرموك ومیسرو ئەفەریقیا[663]، 2630 فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە، شەست ساڵ موفتی بوولە ئیسلامدا، بە یەکێك لە موفەسیرو فەقیهە مەزنەکان دەژمێردرێت، لە شورای شەش نەفەرە بوو بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە، سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکەی دەکرد، لە کۆتایی تەمەنیدا کە زیاد لە هەشتا ساڵ بوو وتی بەیعەتم بە پێغەمبەردا تا ئیستە نەم شکاندوەو نەم گۆڕیوە، بەیعەتم بە خاوەنانی فیتنە نەداوەو هیچ بڕواداریکم ڕانەچڵەکاندوە (لقد بایعت رسول الله صلی الله علیه وسلم فما نکثت ولا بدلت الی یوم هذا وما بایعت صاحب فتنة. ولا ایقظت مؤمنا فی مرقده) بەهاوڕێیەتی باوکی خێری زۆری توش بوو، وە بە هاوڕێیەتی باوکی لە خزمەتی پێغەمبەردا هەموو خێر فێر بوو، هەمیشە بە دوای جێبەجێکردنی سونەتەکانی پێغەمبەردا دەچوو، پێغەمبەر لە کوێدا نوێژی بکردایە، ئەویش دەچوە هەمان جێ و وەك ئەوی دەکرد، پێغەمبەری دەدی بە پێوە یان دانیشتنەوە دوعای دەکرد ئەویش دەچوە هەمان جێو بەهەمان شێوەی ئەوی دەکرد، جارێك بە ڕێگادا پێغەمبەر لەوڵاغەکەی دادەبەزێ ودوو ڕکات

[658] فتوح سواد العراق. محمد بن عمر الواقدی.ترجمة الی الفارسیة ملا عبدالعزیز الواعظی ص207،205.

659 رسائل الفاروق عمر بن الخطاب. عبداللطیف اسماعیل الجبوری.بغداد 1989

660 فتوح سواد العراق. ترجمة الی الفارسیة ملا عبدالعزیز، مقدمة وتصحیح الاستاد نادر کریمیان ص133.

661 قادة فتح الشام ومصر.اللواْ الرکن محمود شیت خطاب.ص37 بیروت دارالفکر، قادة النبی.محمود شیت خطاب.بیروت الدار الشامیة. ط2 1999.

662 سیر اعلام النبلاء ج3ص117.

663 تهذیب الاسماء واللغات، ج1، ص279.

بەهەمان شێوەی ئەوی دەکرد، جارێك بە ڕێگادا پێغەمبەر لەولاغەکەی دادەبەزێ ودوو ڕکات نوێژ دەکات، هەموو جارعەبدولا لە سەفەریدا کە بەو جێیەدا دەچوو وای دەکرد، عائیشە دەیفەرموو کەس نیە هێندەی عەبدولا لاسایی پێغەمبەر بکاتەوەو جێ پێی هەڵبگرێ، وەزیفەی قازی بووکە بەرزترین پلە بوو لە دەوڵەت وکۆمەڵگەدا کە ماڵ و سامان ورێزو پیرۆزی بەخاوەنی دەدا، بەڵام عەبدولا هیچیانی نەدەویست، ڕۆژێك خەلیفە عوسمان بانگی کرد بیکاتە قازی، بەڵام نەیکرد، عوسمان زۆری لێکرد، ئەو هەر سور بوو لەسەر ڕاکەی، عوسمان وتی بێگوێییم دەکەیت؟ وتی نەخێر بیستومە قازی سیانن: ئەگەر بە نەفامی حوکم بدات لە ئاگردایە، بە هەوا حوکم بدات لەئاگردایە، ئەوەشی هەوڵبدات بە هەق بیکات هەر نەخێری دەستگیر دەبێ‌و نە شەڕ، داوات لێدەکەم لەبەر خوا عەفوم بکە، عوسمان عەفوی کرد بەڵام سوێندی دا لای کەس نەیگێڕێتەوە، ترسا خەڵکی تریش وابکەن.

چەند جار خەلافەتیان دایە نەیکرد، هەڕەشەیان لێکردگەر وەری نەگرێ دەیکوژن، ئەو زیاتر ڕەدی دەکردەوە[664]، ماڵەکەی بایی سەد درهەم نەدەبووو، دەیگوت دەترسم مخالەفەی هاوڕێکانم بکەم و پێیان نەگەم، .زۆر لە باوکی دەچوو، عومەر کاتێك بوو وێنەی زۆر بوو، بەڵام عەبدولا کاتێك هەبووکە وێنەی نەبوو، هەیە گلەیی دەکات بۆ خەلافەتی وەرنەگرت؟ بەڵام فیتنە گەورە بووبوو نەیدەتوانی چاری بکات، فیتنە لەوگەورە تر بوو، نا چار پەنای لێگرت، بەڵام دڵی لەگەڵ عەلی بوو، لە دوا ساڵانی تەمەنیدا وتی داخم ناچێ کە پشتی عەلیم نەگرت دژی فیئەی باغیە، تەمەنی درێژبوو، گەیشتە سەردەمی معاویەو یەزیدی کوڕی معاویە ومعاویەی دوەم کوڕی یەزید، ئەوکاتە تەواو پیر بووبوو، مەروان چوو بۆ لای وتی دەستت بێنە بەیعەتت بدەمێ، نەیکرد، ڕۆژێك وتی سەیرە شمشێریان هەڵکێشاوەو یەکتری دەکوژن و دەڵێن دەست بێنە بەیعەتت بدەینێ، هەرمایەوە لە نێوان پشتگیرانی عەلی ومعاویەدا پەنای لە فیتنە گرتبوو، کەوتنە بیانوو لێی ویستیان بیکوژن، حەجاج لە قەرەباڵغیدا وتی ئیبن زوبێر قورئانی تێك داوە، عەبدولا سێ‌جار پێی وت درۆ دەکەیت، حەجاج هەڕەشەی لێکرد، عەبدولا وتی هەرچی بکەیت عەجایەب نیە چونکە تۆ خوێنرێژی و خۆسەپێنی[665]، لە فیتنەی دژی عوسماندا کە تێکدەرەکان دروستیان کرد، عەبدولا خێر خوایەك بوو[666]، دوای شەهید بونی حەزرەتی عوسمان گەورەکان ڕازی بون لە بەر زوهدو خواپەرستی خەلافەت بەو بسپێرن، ڕازی نەبوو، ئەو چەند ساڵە لەو هەموو ناکۆکیە ناوخۆییەدا بەشداری هیچ تەرەفێکی نەکرد، دەستی خۆی بە خوێنی براکانی سور نەکرد، بوو. عەبدولا لە کەسانێك بوو کە لە دەوری خەلافەتی معاویەدا هاوڕێی ئیمام حوسەین وعەبدولای کوڕی زوبێر بوو، تەنانەت معاویە نامەی نوسی کە بەیعەتی دەداتێ ببێ بە خەلیفە، قبوڵی نەکرد، معاویە داوای لێکرد بەڵکو بەیعەت بداتە یەزیدی کوڕی، بەڵام ئەو بە ئاشکراو نهێنی بەرپەرچی دانەوەو بەکەم وبە زۆر مەیلی نەدانێ، معاویە لە وەسیەت نامەکەیدا بۆ یەزیدی کوڕی داوای لێدەکات عەبدولا زویر نەکات و نەیڕەنجێنێ، لە ئیمامی شەوکانی هەواڵی ڕاستی بەرامبەر عەبدولا وتووە[667]، بەڵام لە (فتوح سەواد عیراق) وئەوانی تردا بۆ مردنەکەی هەواڵی هەڵەی تیایە گوایە بەدەستی پیرە ژنێك لە سەر ڕوباری خازر لە نێوان ئەربیل و موسڵدا کوژراوە یان دەرمانخوارد کراوە، کە وەك نادری کەریمیان بەدەقە فارسیەکە دەڵێ: قطعا دروغ است وشدیدا قابل تکذیب میباشد[668]، لە تەهزیبدا دەڵێ ساڵی 73ی کۆچی‌مرد، پێش سێ مانگ لە کوژرانی عەبدولای کوڕی زوبەیر(واتە دوای شەهید بونی

---

664 رجال حول الرسول، خالد محمد خالد، ص133 دار الكتاب العربي ط2 بيروت 1973.

665 التنبة والا شراف. المسعودي ص276.

666 الفتوح.ابن الاعثم الكوفي ج2ـ3 ص363.

667 در السحابة، امام الشوكاني، ص436.

668 فتوح سواد العراق.واقدي، ترجمة واعظي، تعليقات الاستاد نادر كريميان، ص255.

خەلیفە عومەر وعوسمان وعەلی و تەواو بونی خەلافەتی ڕاشیدی وهاتنی دەوڵەتی ئەمەوی ولە هەموو سەردەمی معاویەو یەزیدی کوڕیدا مابوو)[669]. ئیبن خەلەکان دەڵێ وەفاتی ئەو لە ساڵی 64ی کۆچی دا بوو کە ئەوکات 84 ساڵ بوو. ئەو دواهەمین سەحابەی پێغەمبەر بووکە گەیشتەوە شاری مەککەو لەوێ مرد)[670]. (لە ڕوداوەکانی ساڵی 74 دا دەڵێ مالیك وتی کوڕی عومەر گەیشتە تەمەنی 86 ساڵی پێش مردن وتی گەرمردم بە شەو بمنێژن با حەجاج نوێژم لە سەر نەکات پاشان ئەسپەردەکرا لە (زات ئەزاخر)، هەندێ تر دەڵێن ئەو لە سەر کێوێکە بە سەر بێستانێکدا دەڕوانێ لە دەرەوەی شاری مەککە بەرەو محسب)[671]. ساڵی 74ی کۆچی لە خەلافەتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا، لە تەمەنی 84 ساڵیدا[672]. (حەجاج لەکاتی حەجدا داوای لە پیاوێکی کرد کە دەمی خەنجەرێکی ژەهراوی بکات بە قاچی عەبدولاّدا، زۆر ڕقی لێی بوو، کاتێك لە عەرەفە گەڕایەوە پیاوە وای کرد دوای چەند ڕۆژ نەخۆش کەوت وحەجاجیش دەچێت بۆ سەردانی، عەبدولاّ پێی وت تۆ بویتە هۆی ئەم نەخۆشیەم، لە سەرە مەرگدا وەسیەتی بۆ سالمی کوڕی کردکە لە دەرەوەی حەرەمی مەککە بینێژن)[673]. (سالم وتی باوکم وەسیەتی بۆکردم کە ئەسپەردەی بکەم لە دەرەوەی حەرەمی مەککە، نەمانتوانی ناچار لەحەرەم لە فخ لە گۆڕستانی موهاجرین بەخاکمان سپارد[674]. (هەندێ دەڵێن کوڕی عومەر مرد ساڵی 73ی کۆچی لە فخ نێژرا، لە تەمەنی 84 ساڵیدامرد،[675]. (کوڕی عومەر دوای وەفاتی پێغەمبەر بە شەست ساڵ کۆچی دوایی کرد تەمەنی87 ساڵ بوو.. لە بابەتی هەواڵی ڕوداوەکانی ساڵی حەفتاو چواری کۆچیدا دەڵێ: لەو ساڵەدا پیاوی مەزن وگەورەو زاهیدو عارف ئەبو عەبدولڕەحمان عەبدولاّ کوڕی عومەرکوڕی خەتابی عەدوی مرد، پیاوێك بوو دیاری کرا بۆ خەلافەت ڕۆژی تەحکیمەکەی دوای مردنی باوکی. کە ئەوکات گەورە سەحابی وەکو عوسمان وعەلی و ئەوانی تری تیابوو. پێغەمبەر لەبارەیەوە فەرموی عەبدولاّ پیاوێکی ساڵح وچاکە[676]. دفن کرا لە زات ئەزاجر نزیك مەککە لەنێوان مەککەو مەدینەدا. ئەسپەردەکرا لە سەروی دێی عابیدەوە لە سەر شاخێك نزیك بە بێستانێك لای ڕاستی مەککەوە لە نێوان مەککە ومینا، ناوچەکە هەر چەوو لمە بەو ناوچە دەڵێن محسبم[677] جۆرە هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن کەعەبدولاّ دوای ئەو ژیانە دورو درێژە کە ڕاییواردوە نەهاتوەتە کوردستان، کە فیتنەش کەوتەوە خۆی لێ پەنا دەگرێ ولەشاری مەککە وەفات دەکات وهەر لەوێ بە خاك دەسپێررێت. ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە ئەوەیەکە ئەو کتێبەی مەلا حوێزی و واعیزی چۆن

669 تهذیب الاسماء واللغات، ج1، ص279.

670 ئەنەسی کوڕی مالیك دوا سەحابە بوو، لە بەسرە مرد ساڵی91 ی کۆچی یان هەندێك پێیان وایە ساڵی 90 بوە.(الاصابة فی تمیز الصحابة ج2ص347، الاستیعاب.ابن عبدالبر القرطبی(هامش الاصابة ج2 ص341، الطبقات الکبیر.ابن سعدکاتب واقدی ج4ص105. وفیات الاعیان. الاعلام الزرکلی ج4ص108)(معجم الصحابة ج3 ص468ـ481 ابی القاسم عەبدوڵاّ بن محمد بن عبدالعزیزالبغوی .توفی سنة317ه دراسة وتحقیق محمد الامین بن محمود احمد الجکنی.دولة الکویت ط1 مکتبة البیان 2000.

671 شذرات الذهب.للمؤرخ الفقیه الادیب ابی الفلاح عبدالحی ابن العماد الحنبلی المتوفی سنة 1089 ج1ص81 دار احیاء التراث العربی.بیروت.

672 رواة ابن سعد.الطبقات ج4ص187.

673 عەبدوڵای کوڕی عومەر . زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر ژمارە32 حبیب محمد سعید چاپخانەی ژین.لا 78 ساڵی 2000.

674 رواة ابن سعد الطبقات ج4ص188 عن محمد بن عمر بسندة ونصة..والذهبی.السیر ج3ص231، وفخ واد بمکة یقال هو واد الزاهر.

675 اخرجة ابن عساکر ص110عن البغوی.

676 الطبرانی عن یحی بن بکیر.المعجم الکبیر ج12ص258 ونقلة الحافظ عن البخاری. الاصابة ج2 ص349). (شذرات الذهب فی اخبارمن ذهب.لابن العماد الامام شهاب الدین ابی الفلاح عبد الحی بن احمد بن محمد العکری الحنبلی الدمشقی.ج3 ص310ـ311ط1 دار ابن کثیر تحقیق وخرج احادیثه عبدالقادر الارناؤط، حققه وعلق علیه محمود الارناؤط، دمشق.1986.

677 (معجم مااستعجم للکبری ج1ص128)و(القاموس المحیط ج2ص35) (تاج العروس ج11 ص364).

دروست کرا، چۆن ئەو هەموو زانیاریە هەڵەیە خرایە ناو حوجرەکان و بەردەم زاناو شارەزایانی کوردوستانەوە؟ ئەو دەست نوسە دەبێ کێ نوسیبێتی وخستبێتیە ناو کتێبخانەو دیوەخانی مەلا سەمەدی مەرگەییی‌یەوە؟ ئەی ئەوگۆڕو مەرقەدانە بەناوی عەبدولاوە دەبێ هی کێبێت؟ ئەو مزگەوتانە بۆ ناونراون بەناوی عەبدولاوە، نەك مزگەوتێك، بەڵکو چەندین مزگەوت ولە چەندین شوێنی دورلەیەك جێی لێکۆڵینەوەیە. وە بۆ ئەوەش کەگوایە چوەتە عێراق وشام ومیسر بۆ جیهاد جێی گومانە بەم جۆرە: لە کتێبی (قادە فتح العراق والجزیرە)و (قادە فتح الشام ومصر)و (قادە فتح بلاد فارس)کە ناوی هەموو سەرکردەکان بە ژیان وجیهادو چۆنیەتی مردنیانەوە بە پشت بەستن بە سەدان سەرچاوەی زۆر گرنگ، باسی هێرشەکان و سەرکردەکان. سەرکردەی گشتی وسەرکردەی بەشەکان وسەرکردەی لای چەپ وڕاست ودواوەو ناوەڕاست ویەدەك و زۆر وردەکاری تری کردوە، بە هیچ جۆرێك عەبدولای کوڕی عومەری تیا نیە، خۆ ناکرێ ئەو سەربازیکی سادە و ون بێت ناوی نەبێ وکەس نەیناسێ، ئەو کوڕی خەلیفەیەو یەکێکە لە سەحابە مەزنەکان وفەقیە وموفەسیرو زانایەکی گەورەی ئیسلام بوو، شەست ساڵ قازی وموفتی بوو، یەکێك بوو لە ئەهلی حەل وعەقد، کە عوسمان شەهید بوو ئەو دانرا بە خەلیفەو نەیکرد، پاشان معاویەش داوای لێکرد ببێتە خەلیفەی ئەمەوی ونەیکرد، گەر چوبێت بۆ عێراق و شام ومیسرو فارس بۆ جیهاد، چۆن دەبێت ون بێت باسی نەبێت؟ ئەوە هەڵەیەکی مێژویی گەورەیە بۆ هەرکەس بڵێ دەرچوەبۆ جیهاد بۆ ئەو شوێنانە! بۆ نمونە لە (الفهارس الاعلام)دا لاپەڕە 378 لە (قادة فتح الشام ومصر)دا لە حەوت جێدا ناوی عەبدولا هاتوە بەم جۆرە.لاپەڕە 37، 44، 151، 186، 211، 214، 306، لە یەکەمیادا دەڵێ پێغەمبەر نەیهێشت عەبدولاو چەند کەسی تر بەشداری جەنگی بەدرو ئوحد بکەن لەبەر تەمەن کەمیان، ئیتر لەباقی لاپەڕەکانی تردا تەنها باسی خۆلادانی عەبدولایە لەو فیتنەیەی کە کەوتە نێوان موسوڵمانەکانەوە دوای عوسمان، هەر بەو جۆرەش لە دوو کتێبەکەی شیت دا کە ناوم بردن باسی دەکات[678]. هەروەها لەکتێبی(قادە النبی)دا ناوی 31 سەحابە براوە کە سەرکردەی سوپاو سریەو مەفاریز بون و کاری پێغەمبەریان بەجێهێناوە، بەڵام ناوی عەبدولای عومەری تیانیە، دەبێ هۆی چی بێت کە پێغەمبەر ئەوی ڕانەسپاردوە ببێتە سەرکردە، ڕەنگە حیکمەتەکەی ئەوەبێت زانیویەتی ئەو خۆی بۆ فەرمودەو زانستی قورئان وقازیەتی وموفتیەتی یەکلا بکاتەوە بۆ ئەو تەمەنە درێژە، ئەوخەریکی شەڕو هەرا نەبێت، گەر تێبینی بکەیت لە بەدرو ئوحددا نەیانهێشت بەشدار بێت، لە خەندەقدا ناچار بوو چونکە هەموو شار بە ژن ومندالْ وهەموو شتێکەوە گەمارۆ درابون ناچارن بەرگری بکەن، هەرچەند هیچ چالاکیەکی سەربازی ئەوی تیا دیارنیە، لە فەتحی مەککەدا ئەو بەشدار بوو چونکە هەرهەموو موسوڵمانان چون بۆ عومرە کردن نەك شەڕ، لەوانی تریشدا ڕۆڵ وچالاکی دیار نیە، کەواتە ئەو دانراوە بۆ ئەوەی کەدوایی دیار بوو، ڕۆڵی گەورەی تیا دیت، هەر بۆیە ناوی نەهاتوە[679]. کەواتە ئەو نەهاتوەتە کوردوستان.ئەی ئەو هەموو مزگەوتە بۆ بەناوی ئەوەوە لە کوردوستان ناونراوە؟ ئەوەش جێی گومانە، چونکە دەرکەوت عەبدولا نەهاتوەتە کوردوستان تامزگەوت دروست بکات، سەرچاوەکان دەڵێن هەموو ماڵەکەی بایی سەد درهەم نەبوە وەك باس کرا، چونکە دەیوت گەر لە هاوڕێکانم لابدەم لە دونیادا ناگەمەوە بەوان لە قیامەتدا، کەواتە پارەشی نەبوە تا بینێرێ بۆ کوردوستان مزگەوتی بۆ بکەنەوە. وە مزگەوت کردنەوە مافی بەیتولماڵ بوە نەك خەڵکی، کەواتە ئەو ناوانە خەڵکی کوردوستان خۆیان بۆیان داناوە بۆ پیرۆزی وهیچی تر!

678 قادة فتح الشام ومصر.اللواء الركن محمود شيت خطاب.دار الفكر.بيروت ـ قادة فتح العراق والجزيرة.دار الفكر ط3 بيروت 1977ـ قادة فتح بلاد فارس ايران.دار الفتح. ط1بيروت.1965.

679 قادة النبي.اللواء الركن محمود شيت خطاب.الدار الشامية ـ بيروت.دار القلم ـ دمشق.ط2 سنة 1999.

سەرچاوەكان

سەرچاوە عەرەبییەکان

1. القرآن الكريم
2. ابن حجر: شهاب الدين ابوالفضل احمد بن علي بن محمد بن محمد بن الكناني العسقلاني.
فتح الباري بشرح البخاري: القاهرة، 1351هـ
3. ابن اعثم ، ابي محمد بن احمد بن اعثم الكوفي المتوفى سنة 314هـ
كتاب الفتوح: دارالندوة الجديدة، بيروت 1968. الطبعة الاولى
4. الطبري ، ابو جعفر محمد بن جرير الطبري
تأريخ الامم والملوك: دار تراث، بيروت، تحقيق محمد ابوالفضل ابراهيم
تأريخ الامم والملوك:منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات،بيروت1989.الطبعة الخامسة
5. ابن اثير ، ابوالحسن علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن الاثير الجزري الملقب بعزالدين.
الكامل في التأريخ: بيروت1989، حققه علي شيري.
6. ابن كثير ، عمادالدين ابوالفدا اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي.
البداية والنهاية: دار احياء التراث الاسلامي، حققه علي شيري 1988.
7. بگ ، محمد خضري بگ، المفتش بوزارة المعارف
تأريخ الامم الاسلامية: مصر 1969 المكتبة التجارية الكبرى.
8. كارل بروكلمان
تأريخ الشعوب الاسلامية: بيروت 1948ط1،دارالعلم للملايين، ترجمة الدكتور نبيه – منير بعلبكي
تأريخ الشعوب الاسلامية: بيروت 1977 ط7، دارالعلم للملايين
9. حسن ابراهيم حسن (الدكتور)
تأريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي: القاهرة 1957.
10. الواقدي: ابي عبدالله محمد بن عمر الواقدي المتوفى سنة 207هـ
فتوح الشام: الطبعة الثالثة 1954 شركة مكتبة و مطبعة مصطفى البابي الحلبي واولاده بمصر.
11. ابن جوزي: جمال الدين ابوالفرج ابن الجوزي
تأريخ عمر بن الخطاب، القاهرة.
12. ابن جبير ، محمد بن احمد جبير
رحلة ابن جبير، القاهرة 1356هـ.
13. ابو يوسف ، القاضي ابويوسف يعقوب بن ابراهيم صاحب الامام ابي حنيفة.
كتاب الخراج، القاهرة 1346هـ.
14. البلاذري ، احمد بن يحى جابر البلاذري
فتوح البلدان، القاهرة 1959.
15. المسعودي ، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي المسعودي
مروج الذهب و معادن الجوهر: تحقيق محمد محىالدين، القاهرة 1964، الطبعة الرابعة.
16. ابن عبدالبر ، ابوعمر يوسف بن عبدالله بن محمد بن عبدالبر القرطبي
الاستيعاب في معرفة الاصحاب، بيروت 1995.
17. ابن حجر، شهاب الدين ابوالفضل احمد بن علي بن محمد بن محمد علي الكناني العسقلاني.

الاصابة في تميز الصحابة: القاهرة. 1325هـ
18. الحنبلي، المؤرخ الاديب ابي الفلاح عبدالحي ابن العماد الحنبلي.
شذرات الذهب في اخبار من الذهب: بيروت، داراحياء التراث العربي.
19. السحار، عبدالحميد جودة السحار.
صلح الحديبية: فتح مكة، القاهرة 1977، دارمصر للطباعة.
20. ارثـر كرستنسن.
ايران في عهد الساسانيين: ترجمة يحى خشاب، بيروت 1982.
21. فاروق عمر (الدكتور).
تأريخ ايران: بغداد 1989.
22. السيوطي ، عبدالرحمن بن ابي بكر جمال الدين السيوطي.
تأريخ الخلفاء: القاهرة 1351هـ، المطبعة المنيرية.
23. ياقوت بن عبدالله الحموي.
معجم البلدان: القاهرة 1323هـ.
24. ابن مسكوية ، ابن علي مسكوية الرازي.
تجارب الامم: طهران 1987.
25. شاكر محمود راضي (اللواء الركن المتقاعد).
يرموك و تحرير ديار الشام: بغداد 1986.
26. الخطاب – محمود شيت (اللواء الركن).
– قادة فتح العراق والجزيرة: دارالفكر، ط3، بيروت 1977.
– قادة فتح بلاد فارس (ايران)، دارالفتح، بيروت1965، ط1.
– الرسول القائد: بغداد 1972.
27. خطيب البغدادي: احمد بن علي خطيب.
تأريخ بغداد: قاهرة، مطبعة السعادة.
28. ول وايرل ديورانت.
قصة الحضارة: ترجمة محمد بدران، الادارة الثقافة في جامعة الدول العربية.
29. القضاة ، د امين القضاة.
الخلفاء الراشدون: اعمال واحداث، مكتبة المنار، اردن 1989، ط2
30. يوسف العش (الدكتور).
الدولة الاموية: مطبعة الجامعة. دمشق.
31. مصطفى السباعي (الدكتور).
نظام السلم والحرب في الاسلام: دمشق.
32. سير توماس ارنولد.
الدعوة الى الاسلام: ترجمة الدكتور حسن ابراهيم حسن. بيروت.
33. اليعقوبي ، احمد بن يعقوب.
تأريخ يعقوبي. نجف 1358هـ و تأريخ اليعقوبي ـ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات ـ تحقيق عبدالأمير مهنا ـ بيروت 1999.
34. ابن سعد ، ابن سعد البصري الزهري.
طبقات الكبرى. بيروت 1376هـ.
35. جوزي ، جمال الدين ابو الفرج عبدالرحمن بن علي الجوزي.
– صفة الصفوة: حيدر ئاباد الدكن، بتحقيق الفاخوري، 1355هـ.

– تأريخ عمر بن الخطاب: القاهرة.
36. رفيق بگ العظم.
– اشهر مشاهير الاسلام والسياسة: الطبعة الهندية،ط4.
37. احمد امين.
– فجر الاسلام: دارالكتاب العربي. بيروت 1969 ط10.
38. الجبوري ، عبداللطيف اسماعيل الجبوري.
– رسائل الفاروق عمر بن الخطاب. بغداد 1989.
39. مجلة المجمع العلمي العراقي.
– فاروق عمر: طبيعة الدعوة الاسلامية. بيروت 1970.
40. هيكل: محمد حسنين هيكل (الدكتور).
– الفاروق عمر: مطبعة مصر. القاهرة.
41. خصباك ، شاكر خصباك (الدكتور).
– الكرد والمسألة الكردية. بغداد 1959.
42. طالباني ، نوري طالباني (الدكتور).
–منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي. لندن 1995.
43. الواقدي ، محمد بن عمر واقدي.
– فتوح سواد العراق (فارسي) ترجمة ملا عبدالعزيز واعظي. تهران 1374 ايراني.
44. ژان سواژه.
–مدخل تأريخ شرق اسلامي ، ترجمة وتحقيق نوش آفرين انصاري.
45. فؤاد سنزگين.
– تأريخ التراث العربي: ترجمة محمود فهمي حجازي.
46. النجـار ، محمد الطيب النجار (الدكتور).
– عمر: نظرة عصرية جديدة.
47. العقاد ، عباس محمود العقاد.
– عبقرية عمر: دارالفكر للطباعة والنشر بغداد. بيروت.
– عبقرية خالد: دار الهلال. قاهرة 1952.
48. المودودي: ابو الاعلى المودودي.
–مفاهيم اسلامية حول الدين والدولة. الكويت1977.
49. ربيع: محمد محمود ربيع (الدكتور).
– الثقافة الاسلامية. كويت1989 ط1.
50. السباعي: مصطفى السباعي(الدكتور).
– نظام السلم والحرب في الاسلام. بيروت.

سەرچاوە کوردییەکان

51. بدليسى ، شەرەفخان کوڕی شمس الدین بدلیسی.
– شرفنامە: مامۆستا هەژار کردویە بە کوردی. چاپخانەی نعمان، نەجەف 1972.
52. زکی: محمد امین زکی.
– کوردوکوردستان: چاپخانەی دارالسلام. انتشارات سیدیان، مهابات.
53. مردۆخی ، محمد مردۆخی کوردستانی.


– مێژووی کوردوکوردستان: وەرگێڕ عەبدول کریم محمد سعید، مطبعة اسعد. بغداد1991.
54. خەلیقی: حوسێنی خەلیقی (دکتور)
– کۆمەڵناسی کوردەواری: چاپخانەی (حوادث). بغداد 1992.
55. قفطان ، صالح قفطان.
– مێژووی نەتەوەی کورد: مطبعة سلمان الاعظمي. بغداد1969.
56. نەوشیروان مصطفی.
– پەنجەکان یەکتری دەشکێنن: سلێمانی 1998.
57. رۆژبەیانی ، مەلا جمیل رۆژبەیانی.
– وڵات گیری رەشەخاکی عێراق: چاپی یەکەم، سلێمانی 1997.
– مێژووی حەسەنوەیهی و عەیاری: دارالحرية. بغداد 1996.
58. پلوتارك.
– شەڕەکانی ئەسکەندەری مکدونی: و. جلال تەقی. سلێمانی 1973 راپەڕین.
59. حوێزی، مەلا رؤوف سلیم حوێزی.
– کوردستان و ئاینی ئیسلام: چاپخانەی جامعە 1970.
60. حمە کریم ، حسن محمود حمە کریم.
– لە مەدینەوە بۆ مدائن: سلێمانی 1997.
– ئاینی کورد: چاپی سێیەم 1998.
– کابانی کوردی: چاپی دووەم 1998.
61. صاحب: محمد بهاوالدین صاحب.
– پیرشالیاری زەردەشتی: مطبعة شفیق 1968.
62. نەهرۆ: جواهر لال نەهرۆ.
– چاوپیاخشانێك بە مێژووی جیهاندا: وەرگێڕ رؤوف محمد زوهدی.

گۆڤار و رۆژنامە

63. مجلة العربي، العدد(264)، 1980.
64. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە 18–19، بغداد، خانەقین لە مێژوودا، رۆژبەیانی.
65. گۆڤاری هەزارمێرد، ژ/3، سلێمانی1998.
66. المورد. العدد/2،1997، الجهاد في خطابة صدر الاسلام: ناهي ابراهيم العبيدي.العراق.
67. گۆڤاری (رامـان)، ژ/2.
68. گۆڤاری روناکبیری (سوید)، ژ/2.
69. گۆڤاری ئاوێنە، ژ/(24–25) ساڵی1375ئێرانی.
70. کوردستانی نوێ، ژ/1619، 1998/5/25.
71. مجلة المستقبل الاسلامي: العدد/76، زيد محمد الرماني.
72. گۆڤاری رۆشنبیری نوێ: ژ/ ()، د. محسن محمد حسین.
73. کۆمەڵێ سەرچاوەی تر کە لەبەشی دەهەمدا هەیەو لێرەدا ناوەکانمان نەهێناوە.
74. التاريخ الإسلامي ـ محمود شاكر المكتب الإسلامي ـ بيروت ـ 1991 الطبعة السابعة
75. ژیانی پێغەمبەری مەزن ـ عەزیز ئەمین پارەزانی ـ چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی 1973.
76. اسد الغابة ـ عزالدين ابن الأثير ـ تهران ـ 1377.
77. كتاب المغازي ـ محمد بن عمر الواقدي ـ تحقيق الدكتور مارسون جونس ـ اوكسفورد 1966.


78. الدرر في اختصار المغازي والسير. ابو عمر يوسف ابن عبدالبر. تحقيق الدكتور شوقي ضيف. القاهرة 1386.
79. العبر وديوان المبتدأ والخبر. عبدالرحمان ابن خلدون. القاهرة 1384.
80. المحبر. ابو جعفر محمد بن ابن حبيب البغدادي. تحقيق الدكتورة ايلزة ليختن شتيتر. بيروت 1361.
81. مذكرات مأمون بيگ. ترجمة روژبياني وشكور مصطفى. مطبعة المجمع العلمي العراق.
82. رحلة المنشئ البغدادي. محمد اسيد احمد الحسيني. شركة التجارة والطباعة. بغداد 1948.
83. العراق الشمالي. محمد هادي الدفتر وعبدالله حسن. بغداد 1955 مطبعة شفيق.
84. اصول اسماء المدن والمواقع العراقية. المحامي جمال بابان. بغداد 1989. مطبعة الاجيال.
85. رۆژنامەی دەنگی میللەت. ژمارە 115. (شارەبان لە نیو سەدەدا). عباس سلێمان سمایل
86. الفصول الفخرية. جمال الدين احمد بن عتبة. تهران شركت انتشارات علمى 1368.
87. دلائل النبوة. ابوبكر احمد بن حسين البيهقي. تهران. انتشارات علمي 1364.
88. در السحابة في مناقب القرابة والصحابة. الامام الشوكاني. دمشق. دار الفكر 1984.
89. حلية الاولياء وطبقات الاصفياء. ابي نعيم الاصفهاني. مصر 1357 قمري. مطبعة السعادة.
90. القضية الكردية في منظور الإسلامي. عبدالله طاهر. دەستنووس.
91. مێژووی کۆیە. بەرگی دووەم. مطبعة نمير. بغداد 1984.
92. یادی مەردان. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. بەرگی دووەم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
93. دیوانی پیرەمێردی نەمر. بەغداد 1970.
94. بنەماڵەی زانیاران. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. چاپی یەکەم. چاپخانەی شەفیق 1984.
95. فەتواکەی مەلای خەتێ. حەسەن مەحمود حەمەکەریم. سلێمانی. 2006. لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك.
96. رجال حول الرسول. خالد محمد خالد. دار الكتاب العربي. بيروت. 1973.
97. نامەی مافناس عەباس هەمزە خدرکە بۆی ناردوم لەسەر گۆڕی ئەسحابە عەبدوڵڵا.
98. نامەی کاك ئیبراهیم ئەحمەد بەرزنجی لە (2002/1/8) لەسەر گۆڕی سەحابە.
99. صور من حياة الصحابة. عبدالرحمان رافت الباشا. مطابع الوطن السعودية. 1991.
100. زاد المعاد. ابن قيم الجوزية. مؤسسة الرسالة. بيروت 1986.
101. وتەیەکی بەڕێز حەسەن شێخ عەبدوڵڵا عەبابەیلیێی کە لە مامۆستا سید نجم الدین تەهای وەرگرتبوو.
102. وتوێژ لەگەڵ حاجی موحەممەد کۆکۆیی لە هەڵەبجە مانگی پێنجی 2002.
103. وتوێژ لەگەڵ مامۆستا شێخ موحەممەد سازانی لەماڵی خۆیان مانگی دەی 2001.
104. هەفتەنامەی الاتحاد. ژمارە 452 لە 2001/12/21 بابەتێکی کاروان ئەنوەر.
105. ابوعبيدة بن جراح. مشاهير قادة الإسلام. بسام العسلي. دار النفائس. الطبعة الرابعة. بيروت 1982.
106. تأريخ ابي الفداء (المختصر من أخبار البشر). الملك الؤيد عمادالدين ابي الفداء. دار الكتب العلمية. يروت 1997.
107. بط الفداء والاخلاص سعد بن ابي وقاص. محمد عبدالجواد السكري. دار القومية للطباعة والنشر 1964.

نەخشەکان




نەخشەی کوردستان لەزەمانی شەرەفخاندا


نەخشەی ژمارە (1)




نەخشەی ژمارە (2)




نەخشەی ژمارە (3)



نەخشەی ژمارە (4)




نەخشەی ژمارە (5)



نەخشەی ژمارە (6)

وێنەکان























گۆڕی پیر مەنصور لەسلێمانی



گۆڕی ئەسحابە سپی لەسلێمانی

مەرقەدی پیرمەنصور و مەرقەدی ئەسحابە سپی لەشاری سلێمانی



مەرقەدی ئەسحابە درێژ لەدێی دێلێژە لە قەرەداغ



دێژایی گۆڕەکەی ئەسحابە درێژ لەدێلێژە

نـــــــاوەرۆك

تێبینی : ژمارەی لاپەڕەكان بە پێی نوسخە چاپكراوەكەیە نەك ئەم نوسخە ئەلكترۆنییە

پێشەكی 3

بەشی یەكــەم 13
- سوپای ئیسلام تەقە لە سنووری كوردستان دەدات 15
- جەنگی جەلـەولا (گـولاڵـــە) 16
- هەڵوێستی سوپای ئیسلام. 24.
- رزگاركردنی خانەقین و حەلوان و قەسری شیرین 28

بەشی دووەم 35
- وەستاندنی جەنگ (دەست پێكردنی دایەلۆگی میللەتان). 37
- هەڵوێستی كورد و رای مێژوونووسان. 39
- راپەڕینی خەڵكی شارەزوور. 42
- دروست كردنی شاری (كوفە). 48
- پێكهێنانی سێ بنكەی سەربازی. 51
- فارس و رۆم خۆیان ساز دەكەنەوە. 56

بەشی سێیەم 59
- دەست پێكردنەوەی جەنگ. 61
- جەنگی تكریت. 63
- رزگاركردنی موسڵ و نەینەوا. 66
- جەنگی هیــت و قرقیسـیــا 70

بەشی چوارەم 73
- هەرێمی جزیرە. 75
- بۆچی سوپای ئیسلام روی كردە هەرێمی جزیرە؟ 78
- بڕیاری عومەر. 83
- رزگاركردنی هەموو شارە كوردییەكان بە ئاشتی. 89
- شاری رقـە.. 89
- شاری رەهـا و حەڕان.. 92
- شاری رەئس لعیون. 95
- شاری نوسێبیـــن. 102
- ئەنجامی رووداوەكان.. 105
- بارودۆخی شام دوای رووداوەكانی جزیرە.. 108

- خولی دەرچونی ئەفسەر و فەرماندەی سەربازی. 115
- حاکمی شاری رەی پێشوازی لە یەزدگورد دەکات. 117

بەشی پێنجەم 119

جەنگی ئەهواز و نەهاوەنـد 121
- رزگارکردنی هەرێمی خوزستان (ئەهواز). 121
- دەستگیرکردنی هورمزان پاشـا. 126
- جەنگی نەهاوەند (فتح الفتوح). 133
- هەڵوێستی سەرکردەکانی ئیسلام. 136
- عومەر چۆن سەرکردەی شیاو دەست نیشان دەکات؟ . 140
- بەرەو نەهاوەنـد. 142
- فەتحولفتوح . 146
- جەنگی هـەمــەدان. 154
- نەخشــەی دوای نەهـاوەنـد 156
- رزگارکردنی شاری (رەی) و (دەستەنبێ). 157
- نهێنی سەرکردایەتی عومــەر. 160
- جولان بەرەو ئەسـفەهـان. 162
- یـەزدگـورد لە نێوان ئەستەخرِ و کرمان دا. 165

بەشی شــەشـــەم 167
- کوردستان لە نێوان نەخشەیەکی دوو سەرەدا. 169
- موسڵمان بوونی کورد لە پێنووسی مێژوونووسانەوە. 184
- شارە کوردییەکان بە ئاشتی رێـک کەوتوون. 193
- رزگارکردنی باب و ئەرمینیــا. 201

بەشی حـەوتــەم 209
- کوردستان و ئاینی ئیسلام " کتێبێکی هەڵبەسراوە! . 211
- ژیـانـنامـەی واقـیـدی. 216
- واقیدی لە تەرازوی لێکۆڵـــەرەواندا. 217
- هەردوو کتێبی (فتوح سواد العراق و کوردستان و ئاینی ئیسلام) راستن یان هەڵەستراو؟ . 228
- پەتـی درۆ کورتـــە. 236
- بانـەیـی ئەسحابەکـــوژ. 246
- بانـەیـی ئەسحابەکـــوژ، لە چییەوە هاتوە؟ . 249

بەشی هـەشـتـەم 255

- کوژرانی یەزدگوردی پادشا و کۆتایی ئمپراتۆریەتی فـارس 257
- یەزدگورد بەرەو خۆراسـان هەڵدێـت. 257
- شاری ئەســتەخـرٍ. 258
- شاری کرمـــان. 258
- هـەرێمـی خـۆراســان. 259
- شاری مـــەرۆ. 260
- نامەی یەزدگورد بۆ خاقانی تورک و چیــن. 262
- کۆتایی پاشای کلــۆڵ. 264

أ- شــەهیدکردنی خەلیفە عومــەر! 273
- گێژەڵوکەی شـەڕ و هەرەشــە. 275
- مـژدەی شـەهیـدی. 276
- پلانێکی سـێلایــەنـە. 277
- چۆن لە خەلیفـە عومــەر درا. 281
- سیاسەتێکی سەیر بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە. 284

بەشی نـۆیـــــەم

شێوازی دەوڵەت داری لە شارستانیەتی ئیسلامیدا 295
- بنچینەکانی دەسەلاتی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا. 295
- رواڵەتە گشتیەکانی سستەمی سیاسی ئیسلامیی. 296
- شێوازی دەوڵەت داری لە سەردەمی خولەفـــادا. 298
- دەوڵەتی عومـــەر. 303

1. بەردەوامی لە فتوحاتی ئیسلامی دا. 303
2- دامەزراندنی سیستەمی دەسەلات 303
أ- خەلیفایەتی. 304
ب- ولایـــەت. 304
ج- بەیتولمال (مالیە). 308
د- جزیـە و ئەهلی زیمـە. 308
3. گەشەســـەندنی زانســت و زانیــاری و بلاوکردنـــەوەی زانایـــان. 315

عومەر لە بەردەم گرفتەکاندا 324
- چارەسەری عومەر بۆ گرفتــەکـان. 324
- دروست بوون و روخانی شارستانیەکان. 329
- هـۆکـانی روخانی ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆم. 333
- هـۆی شکستی شارستانیەتی فارس و رۆم.. 336

بەشی دەیەم - مەزاری ئەسحابان 343
- وتەیەک. 345
- گۆڕی ئەبودوجانەی ئەنساری لەناوچەی ڕانیە 351
- ژیاننامەی ئەبودوجانە 352
- گۆڕی عوکاشە لە کامیاران 360
- گۆڕی میقداد لە ڕانیەو شارەبان 364
- گۆڕی میقداد لە ڕانیە 364
- گۆڕی میقداد لە شارەبان 367
- ژیانی میقداد 369
- گۆڕی ئەبوعوبەیدە لە دێی عەبابەیلێ لە هەڵەبجەی شەهید 372
- گۆڕی ئەسحابەدرێژ لە دێلێژە 385
- ژیاننامەی سەعد 385
- گۆڕی ئەسحابە عەبدوڵڵا عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری لە گوندی سەرچیا لە ڕانیە. 389
- عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساری 390
عەبدولای کوڕی عومەر 393
- عەبدوڵڵای کوڕی جەندەل 395
- گۆڕی عەبدوڵلا کوڕی عومەر لە زۆر جێگە لە زۆرجێگە 397
- مزگەوتەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە کوردستان. 399
- ئەو مزگەوتانە ناوی عەبدوڵڵایان لەسەرە 400
- سـەرچـاوەکـان. 421
- نەخشەکان 429
- وێنەکان 434
- ناوەڕۆک 443

له بلاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

زنجیره	ناوی کتێب	نووسه ر
1	بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە ؟	فازڵ قەرەداغی
2	نەزانیی و بێئەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن) دا	عومەر کەمال دەروێش
3	ئاشتینامە، وەلامێك بۆ (خوێننا مە)ی زەردەشتی	ئامینە صدیق
4	فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مۆوونووسێك	حەسەن مەحمود حەمەکەریم
5	سەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید
6	بەرەو بەختیاری ئافرەت	جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
7	ئازادیی رادەربرین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
8	بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەکەریم عەبدوڵلا
9	کوردستان لەبەردەم فتووحاتی ئیسلامییدا	حەسەن مەحمود حەمەکەریم